# بەهەشتی رازاوە لە کەلاوە

وتاری ڕۆژنامەوانی

بەدران ئەحمەد حەبیب

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بەهەشتی رازاوە لە کەلاوە

وتاری ڕۆژنامەوانی

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ناوی کتێب: بەهەشتی رازاوە لە کەلاوە
نووسینی: بەدران ئەحمەد حەبیب
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨١٨
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم: ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە١٩١٠ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# بابەتگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی

## با خۆمان ساغ کەینەوە عەلمانین یان سەلەفی

دەسەڵاتی کوردی و ئەزموونی کوردستان تا پێناسەی خۆیان ساغ نەکەنەوە، هەروەک ئێستە لەلایەکەوە زەدەی دەستی تیرۆر و لەلایەکی ترەوە جێی گلە و گازنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەبن. ئێستە پێناسەی ئەم دەسەڵاتە هەندێک جار بەلای ئەوەدایە مۆرکێکی ئیسلامیی پێوە بێ، یاخۆ وەک بیەوێ هەردوو پێناسەی ئسوولییەت و عەلمانییەتی لە دوو ڕوودا هەبێ. هەرگیز ناشێ ئەم دووفاقییە تا سەر بەردەوام بێ و بلوێ. ئەو باجەی ئێستەش دەیدەین بەرهەمی ئەم دووفاقییە و تەماویبوونی پێناسەکەمانە.

لە هەرێمی کوردستاندا، لە دوای راپەڕینەوە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان، پیاوانی ئاین "مەلا و شێخ و دەروێش و مرید"، هەروەها گرووپە چەپەڵ و قێزەونە ئیسلامییە تیرۆریستەکان، باشترین و گونجاوترین هەلومەرجی بەرێوەچوون و ژیان و کارکردن و بەردەوامبوونیان بۆ رەخساوە. ڕۆژ بەڕۆژیش ئەم هەلومەرجە بەرەو گەشەکردن چووە و ئەوانیش بێ سانسۆر پەلوپۆیان هاوێشتووە. هەڵبەتە رەخساندنی ئەم هەلومەرجەش حکومەتی هەرێم و سەرجەم حزبەکانی لە پشتەوە بووە، ئەوان رێخۆشکەر و یارمەتیدەری بوون، با رەوشەکە و بیانووەکەیان هەرچییەک بێ. لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە کوردییە بەئاشکرا و هەر لەسەرەتاوە، بەتایبەتی و بەزەقیش لە دوای ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١وە خۆی خستووەتە بەرەی دژ بەتیرۆر و لە سەنگەری ئەمەریکا و بەریتانیادایە. سەیرە ئەزموونی کوردستان لەلایەکەوە لەگەڵ ئەمەریکادا بێ و لەلایەکی تریشەوە مزگەوتەکان کە دامەزراوەی سەر بەدەوڵەتن، بووبن بەقوتابخانەی پەروەردەکردن دژی ئەمەریکا و حکوومەتی هەرێم و گەلی کوردستان خۆیشی.

راگەیاندنی کوردستان و تەڤگەری ڕۆشنبیری و هونەر، لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەونە بەر لێپێچینەوەی دەسەڵات، نەیانتوانیوە رووی راستەقینەی ئەم توێژە کۆنەپەرست و دامەزراوە گەندەڵانەی کە بەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن،

بخەنە ڕوو. گەف و هەڕەشەی ئەو دامەزراوانە و پیاوانی "بەناو ئاینی" و گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانیش لەولاوە بووەستێ، کە دەستیان بەهەموو شوێنێک و هەموو کەسێک ڕاگەیشتووە هەر کاتێ ویستبێتیان. وتاری ڕۆژانی هەینی لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام لە کاردا بووە دژی ڕۆژنامەکان و نووسەران و گۆرانیبێژان کاتێ وتارێک یان هەواڵێک نووسرابێ یان ئاهەنگێک ساز درابێ، هەروەها دژایەتیکردنی لاوان کاتێ جلوبەرگێکی هاوسەردەمانەیان پۆشیبێ، یان خەڵک بەکافردانان و حەلاڵکردنی خوێنی هەر کەسێک کە پەنجەی تۆمەتی بەرەوڕووی ئەم دامەزراوە گەندەڵە بەناو ئیسلامی و ڕەوتە بناوانگرە تیرۆریستانە درێژ کردبێ، یان بیرێکی هاوسەردەمانەی خستبێتە ڕوو. دامەزراوە گەندەڵەکان لەم کارانەشیاندا هیچ ڕۆژێک کۆسپەیان نەهاتووەتە پێش و دەسەلاتی کوردی چ جارێک لەم ڕەوشەی نەپێچاوەتەوە و بەمانەی نەگوتووە بەری چاوتان کلی پێوەیە. دیارە ئەمەش هەمووی بەسەر یەکەوە کەشوهەوایەکی گونجاو بووە بۆ گەرادانان و زۆربوون و دەسڕۆیشتنی ئەمانە.

زۆرجار بیستوومانە، لاوێک، ڕۆژنامەوانێکی سەرکێش، یان بڵاوکراوەیەک خراوەتە بەر لێپێچانەوە و بانگکردن و چاوسوورکردنەوە و داخستن لەبەرئەوەی ڕەخنەیەکی مەیلەو توندی گرتووە، یان لە داوونەریتێک ڕاپەڕیوە کە ڕەنگە داوونەریتەکە خۆی هێندە دواکەوتوو بێ کەسێک نەیتوانیبێ لەم چاخە پێشکەوتووەدا، بەئاشکرا خۆی لێ بەخاوەن بکات. بەڵام هیچ ڕۆژێک نەمانبیست مەلا و شێخێک بانگ بکرێن یان چاویان لێ سوور بکرێتەوە تەنانەت ئەگەر درێوترین کاریشیان کردبێ یان خراپترین وتاری هەینییان دابێ و بەئاشکرا خەڵکیان بۆ دژایەتیی ئەزموونی کوردستان هان دابێ، کە ئەمەی دواییان بۆ تەواوی میللەتی کورد کوفرێکی گەورە و لە ڕێ لادانێکی ترسناکە. بەپێچەوانەوە زۆرجار لە وتاردانی ڕۆژانی هەینیدا کە زماندرێژییەکی زۆریش کراوەتە سەر ئەزموونی کوردستان و بەئاشکرا داوای جیهادیان کردووە لە دژیدا، زۆر لە کاربەدەستە گەورەکانی حکوومەت

ئامادەبوونە و لە دوای ئەمانەوە نوێژیان کردووە. بەمەش تەزکییە و پاڵپشتیی خۆیان و وتارەکانیان کردوون.

لەم بەراوردەدا بەهیچ شێوەیەک مەبەست ئەوە نییە کە پیاوانی ئاین تێکڕایان بەخراپ و دژوەر لە قەڵەم بدەم. لەناویاندا پیاوی باش و نیشتمانپەروەر و هاوسەردەمانە هەن. هەروەها ناشمەوێ ئەوەی لاوان و ڕۆشنبیران نووسیویانە هەمووی بەباش و گونجاو بژمێرم، ئەوانیش زۆر جار بیروباوەڕی چەوتیان خستووەتە ڕوو. بەڵام ئەوەی ناشارێتەوە ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی و داوودەزگای ڕەسمیی کوردستان بەگشتی و بەشێوەیەکی ئاشکرا، لایەنی ئەم توێژ و دامەزراوە گەندەڵانەی گرتووە و داکۆکیی لێ کردوون و بەخێوی کردوون. وا ئەمڕۆش بەرەکەی دەچنێتەوە. ڕەنگە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردستان گلەییش بکات کە ڕۆشنبیران و نووسەران بێدەنگن، یان کەم دەنووسن، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی ناوەوە.

مەبەست لە دەسەڵاتی کوردیش هەر تەنیا دوو ئیدارەکە و دوو حزبە سەرەکییەکە نییە تا ئەوانی تر بەدەر بکرێن لەم پرسەدا. گرووپگەلی سیاسیی کوردستان هەر هەموویان لە ڕاستەوە تا چەپ، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، ویستوویانە "هەڵبەت بەدرۆ" خۆیان لە پەنا پەچە و چارشێوی ئیسلام بشارنەوە. زۆرن ئەوانەی کە چەپ و خوانەناسن و لە هەناوی گرووپە چەپە ڕادیکاڵەکانیشەوە پێ گەیشتوون، بەڵام بەشێوەی مونافیقانە نازناوی مەلایان بۆ خۆیان کردووە بەچەتر و سەیوان. هەندێک لەمانە لە سەرکردایەتیشدا کاردەکەن و چەندان ساڵە ئەم ئەلقابە مزەیەفانەیان کردووە بەناوونیشان بۆ خۆیان.

من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا نییە. ڕێز لە ئیسلام دەگرم کە ئاینی خۆمە و ڕێز لە ئاینگەلی تریش دەگرم. کێشەکە کێشەیەکی گشتییە و لەگەڵ توێژێکی کۆنەپەرست و مشەخۆر و دامەزراوەیەکی گەندەڵ و بێ سوود و گرووپگەلێکی تیرۆریست و بەدڕەوشتدایە نەک لەگەڵ ئاینەکە و دەشێ ئەم ئاینە لە پێناوی خزمەتی مرۆڤدا وەگەڕ بخرێ.

ئێمە ئەمڕۆ لە بەردەمی دووڕیانێکداین، یان ئەوەتا بهێڵین ڕەوشەکە وەک خۆی بەردەوام بێ و بەمەش پاشەڕۆژی وڵاتەکەمان بدەین بەدەم باوە، یان بەبیروباوەڕێکی نەگۆڕ و چەسپاوەوە خۆمان یەکلا بکەینەوە، ئاخۆ ئێمە پشتی خۆمان دەکەین بەپرد بۆ ئەم توێژە کۆنەپەرست و دژ بەڕووناکییانە تا وڵاتەکەمان وێران بکەن؟ یان ڕووبەڕوویان دەبینەوە لەپێناو ڕزگاریی سەرمان و سەربڵندیمان؟

بەشێک لەو هەنگاوانەی لەم قۆناغەدا پێویستن ئەمانەن:

١- گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکان تێک بدرێن و لە گۆڕەپانی کاری سیاسی بکرێنە دەرەوە. جیاوازی لە نێوانی ئەم گرووپانەدا تەنیا شێوازی کارکردن و تەکتیکی ڕۆژانەیە، ئەگینا هەموویان دوژمنی تاقیکردنەوەی دیموکراسییانەی کوردستانن و چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی گونجاوی خۆیانن. هەمووشیان دارایی و یارمەتی لە دەرەوەی کوردستان و لە دوژمنانی میللەتەکەمانەوە وەردەگرن و خەریکی بنکۆڵن لەم وڵاتەدا.

٢- دامەزراوە ئیسلامییەکان بخرێنە ژێر چاودێری و سانسۆرێکی توندەوە، وەک مزگەوت و بنکە ئاینییەکانی تر. لەبەرئەوەی بەتاقیکردنەوە دەرکەوت، گرووپە تیرۆریستەکان و پیاوانی دەسبڕ و تەنانەت بەدڕەوشتانیش سوودیان لەم شوێنانە وەرگرتووە بۆ مەرامی خۆیان. هەموو ئەمەش لەبەرئەوەی لە چاودێری و سانسۆر بەدەر بوونە، یان بەشێوەیەکی چڕ چاودێری و سانسۆر نەکراون، وەک لە دان پێداهێنانەکانی گرووپەکەی شێخ زانادا دەرکەوت چەند سوودیان لە مزگەوت وەرگرتووە و چۆن مزگەوت کراوە بەبنکەی سەرهەڵدانی بیری کاولکردنی هەرچی بەها و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤانە و کوردەوارییانە هەیە.

٣- وتاری ڕۆژانی هەینی بخرێتە ژێر چاودێریی داوودەزگانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە. لە هەموو سەردەمێکدا، تەنانەت لە دەوڵەتی ئیسلامیشدا "ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی" وتاری هەینی بەبەژن و باڵای

دەسەڵاتیدا هەڵداوە. تەنیا لە کوردستاندا نەبێ کە بەرهەڵداییە و هیچ لێپێچینەوە و سۆراغێک نییە. دەبێ دەزگایەک هەبێت وتاری ڕۆژانی هەینی ئامادە بکات، یان هەر نەبێ بیرۆکەکەی دابەش بکات بەسەر مزگەوتەکاندا تا وتاربێژەکان لێی دەرنەچن. تا ئەمڕۆ هیچ کاتێک، لەم مزگەوتانەوە بەرگری لە فیدرالی و مافەیلی تری کورد نەکراوە. لە کاتی تاوانە تیرۆریستییەکەی ١ی شوبات و تاوانەکانی دواتردا بینیمان چۆن بڵندگۆی مزگەوتەکان قڕوقەپیان کرد. با زانین لەم ڕۆژانەدا و لە کاتی ئاشکرابوونی ریسواییەکانی شێخ زانادا، وتاری مامۆستایانمان چۆن دەبێ!

٤- بڵندگۆی مزگەوتەکان کەم بکرێنەوە لەبەرئەوەی بوونەتە ئامێری پروپاگەندەیەکی زیاد لە پێویست. کەی لە دەورانی ئیسلام و لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا، بڵندگۆ هەبووە تاکو ئێستە بەپیرۆز بزانرێ؟ ئەمانە ئامێری ئازاردان و سەرکوتینەوەی خەڵکن نەک بانگکردن بۆ ڕێی خوا.

٥- وەزارەتی ئەوقاف هەڵبوەشێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم وەزارەتە هەر پیاوانی سەر بەئاین خۆیان تیایدا سەرپشکن بۆیە بەرنامە و کارەکانیشی لەپێناو چەسپاندنی مافەیلی مرۆڤ و ژیانی دیموکراسی و هاوسەردەمانە نییە کە ئەمە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. دوای چواردە ساڵ لە ئەزموونی کوردستان، دەرکەوت ئەم وەزارەتە ناتوانێ سەرپەرشتیی مزگەوتەکان بەشێوەیەک بکات کە لە خزمەتی ئەزموونی دیموکراسیی کوردستاندا بێت.

با وەزارەتی ئەوقاف بکرێ بەبەڕێوەبەرایەتییەک و سەر بەئاسایشی گشتی بێت لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە نەخشە و پلانە تیرۆریستییەکان و ڕێکخستن و هۆناندنەوەی ئیسلامی سیاسی و کولتووری دژ بەژیان لە مزگەوتەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

٦- پێویستە مزگەوت تەنیا بۆ نوێژکردن بێت. بۆ ئەمەش دەبێ هۆڵی پرسە لە مزگەوت جیا بکرێنەوە، یان شوێنی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست

بکرێت. بەکارهێنانی ساڵۆنی مزگەوتەکان بۆ غەیری نوێژ، کارێکی نابەجێیە تەنانەت لە رووی شەرعیشەوە. یان لە کاتێکدا کە قوتابخانە بەرنامەی تێروتەسەلی بۆ پەروەردەی ئاینی هەیە، بۆچی حوجرەی مزگەوت ببێ بەقوتابخانەیەکی تری هاوشان و تەریب؟ کێ رێی بەمانە داوە رێنوێنی بدەن بەخەڵک؟

٧- دەبێ کوردستان مزگەوتی رەسمیی خۆی هەبێت. وەک هەر وڵاتێکی تری ئیسلامی دەبێ وتاری رەسمیی رۆژی هەینی لەم مزگەوتەدا بێت و وتارەکانیش لە تەلەفزیۆنەوە بووەشێنرێن تا خەڵک بەبیروبۆچوونێکی دروستی ئاینی و هاوسەردەمانەوە پەروەردە بکرێن، نەک باسی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەمە کەموکورتییەکی هەرێمی کوردستانە و چەندی زوو چارەسەر بکرێت باشترە.

٨- کۆلیجی شەریعە و قوتابخانە ئاینییەکان، سنووردار بکرێن. ئەمانە لە دوای راپەرینەوە بەشێوەیەکی بەرهەڵدا پەرەیان سەندووە. پێویستە بەرنامە ئاینییەکانی قوتابخانە ئاساییەکانیش سادە و هاوسەردەمانە بن و لەگەڵ ژیانی نوێدا بگونجێن. ئێستا ئەم بەرنامانە پردی سەرەتایین بۆ خلیسکاندنی هەرزە و مێرمنداڵان بۆ باوەشی گرووپە ئیسلامییەکان و لە خشتەچوونیان.

٩- رێگە نەدرێ لە وتارەکانی ئێوارانی مانگی رەمەزاندا، پیاوانی ئاینی و وتاردەرەکان بەم شێوەیە باسی ئازاری گۆڕ و سزاکانی رۆژی حەشر و هەڵسانەوە بکەن. ئەمانە شێوەیەکن لە تیرۆری هەست و هزر. زۆر جێی سەیر پێهاتنە، لەم وتارانە و لە وتارگەلی رۆژانی هەینیشدا، زیاتر جەخت لەسەر سزادان دەکرێتەوە نەک پاداشتدانەوەی کاری چاکە. ئەمە ئەگەر تیرۆر و تۆقاندن نەبێ چییە؟

١٠- خەڵکێکی زۆر لە کوردستان نازناوی "شێخ"یان هەڵگرتووە بێ ئەوەی شێخ بن. هەڵبەتە نازناوی شێخ ناوەرۆکێکی ئاینیی هەیە و زۆر لەوانەی ئەم نازناوانەیان هەڵگرتووە پێوەندییان بەم ناوەرۆکەوە نییە. ئەم نازناوەش

زۆرجار دەبێ بەپردێک بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکی سادە و ساکار، کتومت وەک مەسەلەکەی شێخ زانا. ئاشکرایە شێخایەتی بەوەرگرتنی تەریقەتە بەتایبەتی لە رێبازی نەقشبەندیدا. رۆژانە چەندان ناومان لە راگەیاندندا بەرگوێ دەکەوێ: شێخ فلان و شێخ فیسار، ئەمە بۆ خۆی دەسبرین و هەڵفریواندنی خەڵکی رەشورووتە و نابێ حکوومەت رێگەی ئەمە بدات. ئەم هەڵگرتنی نازناوە، کە بەزاراوەی یاسایی "إنتحال صفة"ی پێ دەگوترێ سزای لەسەرە.

زۆرکەس لەسایەی ئەم لەقەبە ساختانەوە گەیشتوونەتە پلە و پایەی بەرز لە دامەزراوەگەلی کوردستاندا. ئاسانکارییەکی زۆریشیان بۆ دەکرێت لە جێبەجێ کردنی داوا و راییکردنی کاروباریان. ئەمانەش هەمووی لەسەر حیسێبی خەڵکی هەژار و گوزەران و بیرکردنەوەیان. ئەوەی شێخ زانا لە پەنای نازناوە ساختەکەیەوە بەسەر خەڵکی هەولێری هێنا لە رووی رەوشتییەوە، بەعس هێندەی نەکردبوو.

١١- دیاردەیەکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە لە هەموو کۆلێجەکاندا، مزگەوت کراوەتەوە. ئەم دیاردەیە جاری یەکەمە سەرهەڵدەدات و بەر لە راپەڕین شتی وا نەبوو. پێویستە حکوومەت رێگەی ئەمە نەدات چونکە ئەمانە مزگەوت نین، بگرە بارەگای گرووپگەلی تیرۆریستین، شوێنی مزگەوت دیارە.

١٢- لە قوتابخانە و زانکۆ و داوودەزگاکانی حکوومەتدا رێگە بە لەچەک و چارشێوی ئیسلامی "واتە: حیجاب" نەدرێت. خۆ کورد لە دوای راپەڕینەوە نەبووە بەموسڵمان؟ جاران دایکان و خوشکانمان لەچەک و دەسماڵی کوردەوارییان لەسەر دەپێچایەوە، هەم بۆ داپۆشین و هەمیش کولتووری کوردیی خۆمان بوو. وێڕای ئەمەش چییە ئەم هەموو کۆگە و بازاڕی جوببەیە لەناو شاری هەولێردا؟ ئەوە گوایە کوردستان لەبەرەی دژ بەتیرۆریشدا سەنگەری لێ داوە.

لەدوای راپەڕینەوە ئەم جلوبەرگە ئیسلامییە لەگەڵ لێشاوی تیرۆردا رووی

کردووەتە کوردستان و بەژیان و کولتووری میللەتی ئێمەش نامۆیە. دەبێ حکوومەت پێش بەمە بگرێت و چەندی زووش بیکات درەنگە.

١٣- نابێ خێزان، رۆڵە کچ و کورەکانی خۆی وا بەرهەڵدای کۆڵان و مزگەوتان بکات تا بەناوی ئاین و لە پەنای دروشمی ئاینییەوە هەتک بکرێن. لە هیچ سەردەمێکدا خێزانی کوردی وا بێ دەسەڵات نەبووە و وا تەسلیمی بێ ئیرادەیی نەبووە. دەبێ راگەیاندنی کوردستان لەمەدا پاڵپشتی و رێنوێنی بدات بە خێزانگەل. نابێ باوک و دایک چی تر هێندە سادە و ساکاربن بەزۆری زۆرداری جوببە و حیجاب بکەنە بەری کچەکانیان و پێیان وابێ بەمە دەپارێزرێن. پارێزەری راستەقینە رێنوێنی و پەروەردەی دروست و بیری پێشکەوتوو و نیشتمانپەروەرانەیە، کە هەمیشە دەبێ بەمایەی سەربەرزی بۆ مرۆڤ نەک بیری پشت کردنەوە وڵات بەناوی ئاینداریییەوە.

١٤- دەبێ راگەیاندنی کوردستان تۆزێک بایەخ بەپەروەدەی خێزانی و رێنوێنیکردنی خەڵک بدات. لە سایەی سیستەمی دواکەوتووی پەروەردە و خێزانی خەمسارد و مزگەوت و پیاوانی ئاینیی لە جۆری شێخ زاناوە، ئاستی پەروەردەیی لە کوردستان زۆر نزم بووەتەوە. با لە پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆندا، لە تەنیشت شایی و هەڵپەرکێ و گۆرانیی داواکراو و کۆشکی ستران و لاوژەدا ساتێک تەرخان بکرێت بۆ پەروەردەی خێزانی.

١٥- با رۆشنبیرانی کوردستان و لاوانی بیرکراوەش تۆزی تەمبەڵی و سستی بتەکێنن و بکەونە وێزەی ئەو گرووپ و توێژە کۆنەپەرست و دامەزراوە گەندەڵانەی کە کۆمەڵی کوردەوارییان بەم دەردە بردووە، با لەم دەرفەتەدا ریسوایان کەن. ئێستە هەلێکی زێرینە، نە ئەوان بەهۆی ریسوایی و رووڕەشییەکانی شێخ زانا و گرووپەکەیەوە دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، نەدەسەڵاتیش دەتوانێ بیانپارێزێ.

لە کۆتاییدا، داوایەکیش ئاراستەی بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت و سەرکردایەتیی هەردوو حزبە سەرەکییەکە دەکەم، با

چی تر لە بۆنە و بانگەوازەکاندا، داواکانیان ئاراستەی پیاوانی ئاینی نەکەن، لەبەرئەوەی دەرکەوت سوودی نییە و ئەمانە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییان نییە. بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لە دۆڵێک و ئەوان لە دۆڵێکی تردان. با بانگەوازەکان ئاراستەی وەچەی تازە و نەوەی دوای راپەڕین و نەسلی سەرهەڵداوی کوردستان بکرێن کە پاشەڕۆژی گەشی وڵاتیان پێوە بەندە.

هەروەها دەبێ لەم هەلەدا دەسەلاتی کوردستان لە لوتکە و ترۆپکەکانی سەرەوەڕا بەئاشکرا و بەزەقی پێناسەی خۆی ساغ بکاتەوە، ئاخۆ ئیسلامییە؟ یان هاوسەردەم و دیموکراسی و عەلمانی. ئەمە وەرچەرخانێکی مێژووییە، با لە دەستی نەدەین تکایە.

میدیا ٢٠٠ لە ٢٠٠٥/٧/١٩

## شاری بێ کولتوور

نابێ لەم هەلومەرجەدا، هەولێرییەکان بریندار بکرێن
چونکە ئەوان بەرپرس نین

لەم ڕۆژانە و دوای ئاشکرابوونی تۆڕە تیرۆریستییەکەی شێخ زانا و ئەو ریسواییە رەوشتییەی کۆمەڵی کوردەواریی هەژاند و ڕاچڵەکاند، جارێکی تر چەند کێشە و پرسێک سەریان هەڵدایەوە. یەکێک لەمانە: ئاخۆ شاری هەولێر شارێکی بێ کولتوورە لە رووی داونەریتی ژیانی سەردەمانە و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە؟ یان ئەوەتا کۆمەڵی کوردەواری بەهەموو دامەزراوە نەرێتی و هاوسەردەمەکانیەوە، سەرلەبەر دووچاری تەنگژەی بێ کولتووری و بێ بەرنامەیی هاتوون؟ و لە ئەنجامی ئەمەشدا "دیاردەی شێخ زاناکان" نەک لە هەولێر لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا سەر هەڵدەدەن. من خۆم لەو باوەڕەدام کەوا ئەمڕۆ شاری هەولێر کولتوورێکی ناسەردەم باڵی بەسەردا کێشاوە کە زیاتر کولتووری گوندە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەولێر بێ کولتوور

نەبووە، شالاوی کۆچ لە گوندەوە بۆ شار "حەفتا و هەشتاکان" و ئەو هەموو ئاوارە و خەڵکەی لە هەموو لاوە تێی ڕژا و ئەو بێ سەروبەرییەی دوای ڕاپەڕین و لە کاتی ململانەی ناوخۆدا روویان دا، کولتوورە رەسەنەکەی هەولێری راماڵی و بێ کولتووریی تێدا سەپاند.

ناشارێتەوە، ئەم بێ کولتوورییەی هەولێر لە زۆر رووی شارەکەدا خوویا و بەرچاوە: پیس و پۆخڵیی بەردەوام، دیمەنی نێرایەتیی شەقامە گشتییەکانی شارەکە، تێوەگلانی ئەندامگەلێکی خەڵکی ئەم شارە لە رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا، تیزاب بەئافرەت داکردن لە دوای راپەڕینەوە، باڵکێشانی مزگەوت و ئاینداری سەلەفی بەسەر زۆر لایەنی ژیانی کولتووری و داوونەریتی شارەکەدا. بەلام ئەمە پرسێک نییە کە منی هاوولاتیی کورد "وەک هەولێرییەک" بەتەنیا پێی نیگەران ببم، لەبەرئەوەی هەولێرییەکان هەر خۆیان بەرپرس نین لە بێ کولتووری و دواکەوتوویی شارەکەیان. راستە هەندێکیان مێژووی شارەکە و وەچەگەلی کۆن لێی بەرپرسن بەلام رێژە هەرە زۆرەکەی رژێمی بەعس دەگرێتەوە کە ٣٥ ساڵ لێرە حوکمی کرد و کردبووی بەناوەندی خۆی لە کوردستاندا، ئەوەی تریش دەسەلاتی کوردی دەگرێتەوە کە بەرپرسی یەکەمی کولتوور و پەروەردەیە لە ١٤ ساڵ لەمەوپێشەوە.

شێخ زانا، راستە هەولێرییە. بەلام ئەم درندەیە نوێنەری هەولێرییەکان نییە کە مرۆڤگەلێکی دەروونپاک و رێزدارن. هەولێری، بەغەریبنەوازی و پێشوازیکردن لە خەڵکی دەرەوەی شارەکەیانەوە ناسراون، نەک هێنانی گوڵەبەڕۆژەفرۆشێک لە شارێکی ترەوە بۆ سەربڕینی. هەولێری، نێرباز نین وەک ڕۆشنبیرێکی هەل بۆ هەڵکەوتوو دەڵێ ئەمە نەریتێکی دێرینی شارەکەیە. ئەرێ کام سەرچاوەیە وا دەفەرمووێ؟ ئەگەر یەکێک عاقلانە گوێی لە دان پێدانانەکانی ئەندامانی گرووپەکە گرتبێ، دەزانێ ئەمانە بەزەبری حەب و سەرخۆشکردن کاری سێکسییان لەگەڵدا کراوە و پاشان وێنەیان گیراوە بۆ ئەوەی نەتوانن لە ترسی ئاشکراکردنی ئەو وێنانە لەلایەن شێخەوە، خۆیانی لێ جیا بکەنەوە. ئەمەش بۆ خۆی باشترین بەڵگەیە کە ئەم کارە

سووکایەتییەکی گەورەیە لەلای خەڵکی هەولێر بۆیە کەسیان نەیانتوانیوە خۆیان لە "شێخ" راپسکێن و رابکەن لە ترسی ئابڕووچوونیان، ئیتر بەردەوام بوون تا بوونەتە تیرۆریست و نێرباز لە جۆری شێخ خۆی.

شێخ زانا، کوڕی بنەماڵەیەکی شێخی هەولێرییە. نزیک بووە لە هەندێک ناوەندی هەردوو حزبە سەرەکییەکە و کاری بۆ کردوون. نزیک بووە لە دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتانی دراوسێ. شێخ زانا خاوەنی رێکخستنێکی سەر بە ئەنسار بووە، پێش چەند ساڵێش لە کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیدا کاری کردووە و پاشان بەرپرسی کۆمەڵەکەی کوشتووە. من نازانم شێخ پێش راپەڕین چی بووە، بەڵام دەزانم هاوجۆرەکانی ئەو لە کوردستان زۆریان نۆکەر و ئەڵقە لە گوێی بەعس بوون. ئاخۆ هەموو ئەمانە لە کوێ و خەڵکی هەولێر لە کوێ کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە ئەمڕۆ لە گەڕەکە میللییە کەم خزمەتگوزارییەکان ژیان بەسەر دەبەن و بەر لە راپەڕین لەم گەڕەکانەدا پێشمەرگە و رێکخستنی نهێنیی سەرجەم حزبەکان داڵدەیان دەدرا و راپەڕینیش هەر لەلای ئەوانەوە دەستی پێ کرد. نابێ توانج لە خەڵکی هەولێر بدرێ، ئەوان قوربانین نەک تاوانکار. ئەوە خەڵکی هەولێر نییە خۆیان لە دەسەڵاتی کوردی بەدوور گرتووە. نابێ ئەم تۆمەتی نانیشتمانپەروەرییە بدرێتە پاڵ شارێک کە سێ چواریەکە ملیۆن مرۆڤ سەرژماریەتی. ئەوە دەسەڵاتی کوردییە بەنامۆ لە خەڵکی شارەکەی روانیوە و لاتەریکی کردوون. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە راستییەکە، چەندان ساڵە گەورەترین شاڵاوی تیر و تانە و سووکایەتی لە دژی هەولێر و خەڵکەکەی "لە شێوەی نوکتەدا" بەڕێوەیە. ئەرێ ئەمە چ کاردانەوەیەکی دەروونیی هەیە بۆ سەر دەروونی خەڵکی شارەکە؟ بەتایبەتیش کە دیارە شاڵاوەکە بەرنامەڕێژیشە.

کێشەکە تەنیا هەولێر و یەک شێخ زانا نییە. کێشەکە ئەوەیە ئەمڕۆ دوای چواردە ساڵ و نیو لە راپەڕینەوە، تەواوی کۆمەڵی کوردی لە تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا دەژی. ناوبڕەیەک کەوتووەتە نێوانی وەچەی نوێ و داوودەزگا حزبی و حکوومییەکان. دوای ئەوەندە ساڵە ئازادی، وەچەیەک لە

کۆڵان و شەقامەکانی کوردستان دەسووڕێتەوە و قوتابیی زانکۆیە، هاتوچۆی مزگەوت دەکات یان هەوای دەرەوە لە کەللەی داوە، ئەم وەچەیە ئەزموونی کوردستان کارێکی زۆر کەمی لەسەر کردووە یان هەر نەیکردووە. تەنانەت کاتێ یەکێک بیەوێ قسەش لەسەر کێشەی لاوان بکات هیچ بەڵگە و دەستهاوێژ و ئامارێکی لەبەردەستدا نییە. داوودەزگا حکومییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و زانکۆکان هیچ لێکۆڵینەوەکیان لەسەر ئەم کێشەیە و کێشەکانی تر نەکردووە. بێ لەمە، ڕاگەیاندنی کوردیش بەهیچ شێوەیەک لە بابەت و پرسە بنچینەییەکان نزیک نابێتەوە لەبەرئەوەی کەسانی پسپۆڕ لەم دەزگایانەدا کار ناکەن. ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردی وەک دەسەڵاتێکی چاودێر کاری بکردایە دەیتوانی زوو ئەم بابەتانە بورووژێنێ و دەسەڵاتی کوردستان وریا بکاتەوە لە مەترسییەکان. هەر نەبێ پێمان بڵێ ئەوا لەشی مرۆڤێک کراوە بە سەروپێ و لەلای گەراجی باشوورەوە فڕێ دراوە. ئەگەر شێخ زانا خۆی دانی بەمەدا نەنایە کەسمان نەمازانیبوو. ئەمە کۆمەڵێک داوودەزگا لێی بەرپرسە لە پێشەوەیاندا ڕاگەیاندن کە ڕۆشنبیران بەڕێوەی دەبەن.

دوای ڕاپەڕین، دوو جۆر لاو لە کوردستاندا هەبوون. یەکیان ئەوەی کولتووری بەعس تەواو کاری تێ کردبوو و شێواندبووی. ئەوی تر ئەوەیان بوو لە ڕابردوودا بەرگریی کردبوو و خۆی نەدابوو بەدەستەوە. پێش ڕاپەڕین ٣٥٠ فەوجی جاش لە کوردستان هەبوو کە هەریەکەی دەبوو کەمتر لە هەزار ناوی نەبێ، بەگشتی زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک جاشی ڕاستەقینە لە کوردستاندا هەبوو ئەگەر ناوە خەیاڵییەکانی لێ دەربکرێ کە تەنیا بۆ مووچە وەرگرتن ناویان خرابووە لیستەوە. بەعس لە هەشتایەکاندا گەورەترین زەبری لەلاوی کورد دا: بەزۆر ڕاپێچکردن بۆ سەربازی و بەکوشتدان؛ پاڵەپەستۆ دروستکردن بۆ ورە پێبەردان و بۆ هاوکاریکردن و سیخوڕی؛ ناونووسکردن لە ڕیزی جاشایەتیدا. هەموو ئەمانەش لە کوردستاندا بە دەسکیزیی نوێنەرانی ئەو توێژە کۆنەپەرستە دەکرا کە سەرۆک جاش و خائینەکان بوون.

هەروەها ئەمانە پێشڕەوی کردەوەی ئەنفالەکانیش بوون. بەعس لە هەشتایەکاندا، بەکردەوەی ئەنفال کولتوورێکی داوکەوتووی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوپێشی عەرەبی زیندوو کردەوە و لە کوردستاندا پراکتیکی لەسەر کرد. بەشێکیشی هەر بەدەستی کورد ئەنجام دا تا ئەوانیش فێری بن. ئەوەبوو لە ڕۆژانی راپەڕین و لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆدا لەم هەولێرە و شارەکانی تردا چۆن لاوی کورد بوو بە بەتاڵانچی و ئەنفالچی و بەشێک لە سەرکردایەتیی کوردیش بۆ گاڵتە و خۆشی ناوی دەنان هێزی ئارِ ئارِ "واتە: راووڕووت". لە جیاتی ئەوەی بەرنامە هەبێ بۆ سڕینەوەی ئەم کولتووره ترسناکە، کرابوو بە شێوازێکی ململانەی شەڕی ناوەخۆش. لە ناوچەیەکەوە لاویان دەبرد بۆ ناوچەیەکی تر بۆ راووڕووت. ئەرێ ئەمە کولتووری هەولێرییەکان بوو؟

بەشەکەی تری لاوی کوردی ئەو دەمە، کە پەروەردەی سەردەمی بەرخودانی ساڵانی هەشتاکان بوون، زوو بۆیان دەرکەوت کەوا دەسەڵاتی کوردی هیچی بۆ ئەوان پێ نییە، بۆیە شەپۆلێکی گەورەی چوونە دەرەوە دەستی پێ کرد. سەیر بوو، ئەوانەی خەباتیان دەکرد بۆ ئازادیی وڵات، کە وڵات ئازاد بوو بەجێیان هێشت. ئەمە جۆرێک نەبوو لە عەبەسییەت، ئەمە رمانی هیوابوو، لەبەرئەوەی لە دوای راپەڕیندا زوو دەرکەوت بەرهەمی سەرکەوتن کێ دەیچنێتەوە. ئەوانەی باجیان نەدابوو ئەوان خواردیان، کورد گوتەنی "کێ کردی کێ خواردی". بەمە کوردستان بەتاڵ بوو لە دەیان هەزار لاوی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە و نیشتمانپەروەر. لەبیرمە ساڵێک دوای راپەڕین لە رێکخراوێکی ئاوەدانکردنەوەدا، زیاتر لە پێنجسەد ئەندازیار بەشدارییان لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو رێکخراوەدا کرد. بەڵام دەسەڵاتی ئەو کاتەی کورد کە بەرەی کوردستانی بوو هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشاندەوە و سەرکردایەتیی رێکخراوەکەی دایەوە دەستی ئەوانەی پێشوو، کە زۆربەیان بەلای لاوەکانەوە پەسند نەبوون لەبەر رابردوویان و لەبەرئەوەش کە گیرفانیان ئاوەدان دەکردەوە نەک کوردستان. ئەمانەی دوایی هیچیان هەولێریش

نەبوون، ئەمەش ڕۆڵێکی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکە. ئەوەبوو، ئەو دەستەیەی لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتبوون، هەرەسیان هێنا و پاش ماوەیەکی کەم زۆریان چوون بۆ دەرەوە.

حزبی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەردەوام دەڵێ من دوای ڕاپەڕین هاتمە سەر وێرانەیەک. لە ڕاستیدا ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورە نییە مرۆڤ بێتە سەر وێرانەیەک. کێشەکە ئەوەیە چۆن وێرانەکە بنیات دەنێتەوە. کە شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەر وڵاتێکدا ڕوو دەدەن، ئەو وڵاتە دەبێ بە وێرانە. بەڵام حزبی کوردی لەم وێرانەیدا زبڵەکەی هەڵبژارد بۆ ئاواکردنەوە نەک قوڕە پاکەکە. ئەمڕۆ شێخ زاناکان زۆرن لەناو داوودەزگای دەسەڵاتی کوردیدا کە هەر یەکەیان بەجۆرێک سواری میللەتەکە دەبێ و پاشان سەریشی دەبڕێ. ئەمانە زبڵی وێرانەکە بوون کە دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی سزایان بدات، وەری گرتنەوە.

لە سەرەتاوە تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی هیچ بەرنامەیەکی بۆ لاوان پێ نەبووە. بەڕاستی جێی سەیر پێهاتنە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە کاتی خەبات و تێکۆشانی سەختدا، پشت بەلاوان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری دەبەستێ، بەڵام پاش سەرکەوتن، دواکەوتووترین توێژی کۆمەڵ دەکات بەبرا بەشی خۆی. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەوەندەی شێخ و مەلای سەلەفی، ڕێزدار و لە پێشەوە و خاوەن زەبرن، ئەوەندە لاوان کە دەسمایەی وڵاتن، خاوەن ڕێز و پایە نین. دیوەخانانە و تەکیانە و براگەورانە، جۆرێک بووە لە خەرجییەکانی سەربار بۆ داوودەزگای حزبی و حکوومیی هەرێمی کوردستان. ئەم شوێنانە کە هاوکاری مشەیان لە دەسەڵاتەوە وەرگرتووە، ئەگەر بەشێکیان قوتابخانەی تیرۆریش نەبن، شوێنی بڵاوکردنەوەی بیری کۆنەپەرستی بوون. بەڵام بۆ لاوان بەرنامەیەک نەبووە. ڕەنگە پارەوپوولێک هەڵڕژابێ بۆ هەندێک داوودەزگا و ڕێکخراو بەڵام بێ بەرنامە و بێ ئامانج، تەنیا بۆ دەمکوت کردن بووە، داوودەزگا بەدەستی کەسانێکەوە بووە بەردەوام تیز و گاڵتەیان بەتوانای لاوان کردووە.

لەم ڕۆژانەدا بەهۆی کۆڕێکی نووسەری بوێر حەمەسەعید حەسەنەوە کە لە هاوینگەی جوندیان گێڕابووی، مەلاکانی سۆران کەوتنە تەقە لە دەزگای زاری کرمانجی چونکە دەزگای ناوبراو میوانداریی کۆڕگێڕی کردبوو. بەجەخت و متمانەوە دەیانگوت "دەبێ دەزگای زاری کرمانجی دابخرێ، مەرج بێ ئەم دەزگایە بەدەردی بڵاوکراوەی (نوێ) ببەین". ئەم هەڕەشەیە لاوەکانی دەزگای ناوبرای خستبووە ترس و لەرزەوە. نەهەقیان نەبوو بترسن، زۆربەی جار مەلاکان باشتر دەنگیان دەگات بەدەسەڵات و کێشەکان بەبەرژەوەندی ئەوان یەکلا دەبێتەوە.

من گومانم هەیە لەوەی کە مەلای کورد بەرگری لە ئاین بکات، کەچی دەسەڵاتی کوردی بەنوێنەری ئاینی دادەنێ. ئەو بەرگری لە بەرژەوەندێکی تەسکی کەسانی و کولتوورێکی کۆن دەکات کە پارێزەری بەرژەوەندییە کەسانییەکەیەتی. دەبێ دەسەڵاتی کوردی ئەم راستییەی کە گوتم لەبەرچاو ون نەبێ. ئەگەر پرسەکە ئاین بێ ئەوا با دەسەڵات دڵنیا بێ ئاینەکە پارێزراوە و لە مەترسیدا نییە. کەمالیزم لە تورکیا هەشتا ساڵ زیاتر دژایەتیی ئیسلامی کرد بەڵام ئاینەکە مایەوە. لە کوردستان، ترسێک لە ئارادا نییە دژی ئاین.

حزبی کوردی لە دوای راپەرینەوە گۆڕەپانی کۆمەڵی کوردەواریی بەجێ هێشتووە بۆ مەلای مزگەوتەکان و گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان، کە ئەمانەی دوایی بەئارەزووی خۆیان و لەبەرچاوی مەلاکان کە فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن و مووچەی لێ وەردەگرن، مزگەوتەکانیان کردووە بەقوتابخانەی بیری توندوتیژی و نەخشەکێشان بۆ زەبر وەشاندن لە ئەزموونی کوردستان. بەلای حزبی کوردییەوە پرسە چارەنووسسازەکانی وەک کەرکووک و فیدرالی و شەڕی دەستوور گرینگن، بۆیە دەشێ پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کێشەی لاوان و ئافرەتان و منداڵان و مافی مرۆڤ و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری، تەئجیل بکرێن بۆ دوای بردنەوەی ئەم کێشە چارەنووسییانە.

زیاتر له ٢٠٠ مـزگەوت لەنـاو شـاری هەولێـردا وتاری ڕۆژانی هەینیی تێدا دەدرێ و زۆربەشـی لە بەرژەوەنـدی دۆزی کوردسـتـاندا نییـە. مـەلاکانیش وەک گرووپە ئیسـلامییەکـان کار لەسـەر پرسە کۆمەڵایەتییەکـان دەکەن نەک پرسـە چارەنـووسـیـیـەکـان. بۆ نموونـە: کێ گـوێی لـێ بووە وتارێکی ڕۆژی هەینی تەرخـان بـووبێ بۆ مـادەی پرسی ٥٨ و کـەرکووک و گـەڕانەوەی ئـاوەرەکانی و دەرکردنی عارەبی هاوردە و گێڕانەوەی ناوچە تەعریب کراوەکانی وەک شنگار و خـانەقین و مـەندەلی و بەدرە و جەسـان بۆ سـەر کوردسـتـان؟ نەک لە هـەولێر بگرە لە شارەکانی تریش خوتبەی وا نادرێ. گرووپە ئیسـلامییەکان و مەلاکان بەپێـــچـــەوانەی حـــزبی نەتـەوەیی کـــوردییـــەوە هـیـچ کـــارێـک بۆ پرســـە چارەنووسـیـیـەکان ناکـەن و بەکێشـەی خـۆیشـیـانی نازانن. ئەوان بۆ خـۆیان لەناو کۆمـەڵ و لە شوێنێکی بێ مـەترسی و سەرئێشـەدا ئیشی خـۆیان دەکەن. کەسـیش لە هەردوو لایانی نەپێچاوەتەوە. ئێسـتا دوای ئەو کـارەسات و تاوانە زلەی شـێخ زاناش، پرسـەکـە بەوە چارەسـەر نابێ گلەیی و گـازاندەیـان لێ بکرێت، دەبێ ئەمـانە بـخرێنە بەر لێپێـچینەوە و چاودێریی بەردەوامـەوە. نەک بریندارکـردنی هەســتـی خـەڵکی هـەولێـر چونکە ئـەوان بەرپرس نین. ئەوان چییـان لە دەست هـاتبێ بۆ کورد و کوردسـتان کردوویانە و جێ پـەنجەشـیـان بـەســــەر هـەمـــوو بـوارەکـــانی کـــولتـــوور و پەروەردە و ئـاوەدانکردنـەوەی کوردستانەوە دیارە.

ئەمـانەی ڕوویان دا شتێک نین، هـەولێرییـەکان بەتەنیـا لێیـان بەرپرس بن تا بەبۆنەی ڕووڕەشـیـیـەکەی شـێخ زاناوە بکەونە بەر تیـر و توانج و ببن بەبابەتی گـاڵتـە و لاقرتـێ. لەم پرسـەدا بێگومـان هـەولێـرییـەکـان وەک تەواوی خـەڵکی کـوردسـتـان بەشی خـۆیان بەرپرسـیـارەتی هەڵدەگرن و لـە خـەڵک زیـاتریشی هـەڵدەگـرن، بەڵام دەبێ بێـتـەوە بـیـرمـان شـەڕی ناوەخـۆ بەشـە گـەورەکـەی بە هـەولێـر برا. زۆرترین تەقـە و گەورەترین تاڵانکاری و وێرانکاری و ململانەی تەسکی حـزبیـیـانە لـەسـەر سنگی خـەڵکی ئەم شـارەدا ڕوویان دا. ئـەمـەش هـەمـووی دەرفـەتی ڕەخسـاند بۆ تەواوی تەڤگەر و بزووتنەوە ئیسـلامـیـیـەکان

چیی بیانەوێ لەم شارەدا بیکەن. من وەک هەولێرییەک بە شێخ زانا شەرمەزارم، بەڵام شێخ زانا دیارە نوێنەری چ چین و توێژێکە، من ئەو هەڵوێستەم لەبەرچاوە چۆن خەڵکی رەشووڕووتی ئەم شارە لە ساڵی ٨٨ و لە کاتی ئەنفالدا دریان بەشووره مرۆییەکانی جەیش و جاش دەدا و خوێنی خۆیان دەکردە کاسەوە تا هاوکاری بۆ برا ئەنفالکراوەکانیان بەن. نابێ ئەمرۆ رۆشنبیری کورد هێندە کەمزان و کەمزاکیرە بێ ئەمانە هەمووی بسڕێتەوە و توانجی کەم نیشتمانپەروەری لە هەولێر بدات. یان داوای راپەڕین لە هەولێرییەکان بکات. راپەڕین دژی کێ؟

لە راستیدا، من لەو باوەڕەدام کێشە سیاسییەکانی لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کردن و ناوم نان کێشەی چارەنووسساز، هێشتا ئەمانە زیاتر شیاوی دواخستن و تەئجیلکردنن نەک کێشە کۆمەڵایەتییەکان. خۆ دەشکرێ ئێمە لە هەردوو بەرەکەدا کار بکەین، لە کوردستانی ئەمرۆدا توانست و لێهاتوویی هەیە بۆ کارکردن لە هەردوو بەرەدا ئەگەر بێو بەرنامە و سووربوون هەبێ. جگە لەمە، باشە چۆن دەکرێ بە وەچەیەکی لێگۆڕاوی پەروەردەی دەستی شێخ زاناکانەوە، ئێمە فیدراڵی و کەرکووک مسۆگەر بکەین و ململانەی دەستوور بۆ بەرژەوەندیی خۆمان یەکلا بکەینەوە؟ یان پاشان چۆن ئەو دەسکەوتە گرانبەهایانە دەپارێزرێن؟ دەشێ پرسیارێکی تریش بکەم: ئاخۆ شەڕی پرسە چارەنووسییەکان چەند کات دەخایەنێ تا ئێمە شت تەئجیل بکەین بۆ دوای ئەوە؟

دوای رمانی رێژیمی بەعس، داوودەزگای کوردی زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کەوا لە سایەی نەمانی گەمارۆکانی ئابووری و دەست پێکردنی خۆشگوزەرانییەوە زۆر لە کێشە کۆمەلایەتییەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆن. بەڵام ئەمە کەی؟ پاش ئەوەی بەرنامەی تیرۆر کاری خۆیان ئەنجام دابوو. جگە لەمە، کردنەوەی زانکۆی تازە و خۆشگوزەرانیی خەڵک هەرگیز نابن بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بنەبڕبوونی بیری ئیرهابگەری و سەلەفییەت ئەگەر بەرنامەی کۆمەڵایەتیی تێروتەسەل و هاوکاروان رۆیشتنی سەردەم نەبێ.

بەبڕینەوەی مووچەی بندیوارانە کێشەکە چارەسەر نابێ. زۆربەی ئەندامانی گرووپەکەی شێخ زانا نەزان و برسی نەبوون. بۆ نموونە: وڵاتی سعوودییە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هیچ کەموکورتییەکی لە هەبوونی زانکۆ و خۆشگوزەرانی و خۆشبژێویدا نییە بەڵام یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئێستا گەورەترین مەترسیی تێرۆریزم هەڕەشەی لێ دەکات. خواش بکات وێرانی بکات.

کارکردنمان لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەرگیز نابێ بەهۆی لاوازیی بەرەی تێکۆشانی پێناو بەدیهێنانی مافەیلی نەتەوەیی، بەپێچەوانەوە بەهێزی دەکات. لەم ڕۆژانەدا لە جیاتی ئەوەی بەرنامەکانی ڕاگەیاندن تەرخان بن بۆ پرسی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی دەستوورەوە یان بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەم میحنەتەدا، یان بۆ پتەوکردنی ورەی لاوان، زۆربەی بە کاڵ و کرچییەوە تەرخان بوو بۆ پرسی شێخ زانا. ئەوەی لەم بەرنامانەدا زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەبوو دیارنەبوو هۆکار چییە و کێ خەتابارە لەم کێشە گەورەیەدا. ئەم کارەساتە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ریسواییە ساسییە بەهیچ شێوەیەک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد نەقۆزرایەوە. وا بزانم ڕاگەیاندنی کوردی فاشیلترین ڕاگەیاندنە لە هەموو دنیادا، ئەویش ڕاگەیاندنیکی بێ کولتوورە وەک شارە دێرینەکەی من کە عەقلی سەلەفییەت حوکمی دەکات.

میدیا ۲۰۲ لە ۲۰۰۵/۸/۲

## حەماس بە ئاراس تێ ناپەڕێ

لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا ئاین بەکۆمەڵێک تەلبەند دەورە دراوە. ڕێگە نادرێت کەس لەو ڕووداوانە بکۆڵێتەوە کە پێوەندییان بەمێژووی ئاینەوە هەیە. هەرچەندی کە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە بەم یان بەو جۆر، کاریگەرییەکی ئەوتۆشیان نەبێت لەسەر کرۆکی ئاینەکە و شتێک لە شوێنی خۆی نەجوڵێنن.

له ئەنجامی ئەم رەوشەدا ئاین له باوەڕەوە دەگۆڕێ بۆ داوونەریت و مرۆگەل له سەرەتای تەمەنەوە فێر دەبن و را دێن یان ناچار دەبن رێزی لێ بگرن، جا چ بڕوایان پێی پتەو بێت یان شلۆق. ئەم تەلبەند و گەمارۆدانەی ئاینیش، چینە کۆنەپەرست و دەسرۆیشتووەکانی کۆمەڵ دایان هێناوە بۆ ئەوەی درێژە بەدەسەلاتی خۆیان و گێلکردنی چینە دەست نەڕۆیشتووەکان بدەن، نەک بۆ پەپیرۆزراگراتنی ئاین وەک کە بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەوەی لەم چەند هەفتەیەی پێشوودا بۆ بەرتەکدانەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی کران کە وێنەی پێغەمبەری ئیسلامی بەشێوەیەکی نەگونجاو پێشان دابوو، بەشێکە لەم بازرگانیکردنە. زۆربەی ئەوانەی ڕژانە سەر شەقامەکان و پەلاماری باڵیۆزخانەکانیان دا و دیپلۆماتکارانی دانیمارکیان لە هەندێک ولات دەرپەڕاند، رەشەخەڵک بوون و ئەو کاریکاتێرانەیان نەبینیبوو. تەنانەت کەناڵێکی راگەیاندنی عارەبی و ئیسلامی زاتی ئەوەی نەکرد یەک دانە لەو وێنە کاریکاتێرییانە بڵاو بکاتەوە تا بزانرێ ئەو سووکایەتییەی باس دەکرێ و ئەم هەڵلایەی ناوەتەوە چۆنە و چییە؟ نەک ئەوەندە، بگرە لەم هەموو ئاخاوتن و مشتومڕ و نەڕەنەڕە یەکێک ناوی ڕۆژنامە یان کۆوارەکەی نەگوت، نەوەکا هاوولاتیان لە سایتەکەیدا سەیری بکەن و لێی تێ بگەن. تەلەفزیۆنی جەزیرە کە خۆی خاوەن و دنەدەری ئەم بگرە و بەردەیە بوو بۆ یەک جاریش ناوی ڕۆژنامەکەی نەهێنا، گوایە ئەم کەناڵە وەک بەرپرسیارەتی مامەڵە لە تەک ئازادیی راگەیاندندا دەکات. لە راستیدا ئەم ڕووداوەی کاریکاتێرەکان وای کرد خەڵک جارێکی تریش گومان لە زۆر راستوێژی و مسداقییەت بکەنەوە.

بەگوێرەی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٤٨ لە جنێڤ بڕیار دراوە و سەرتاسەری دنیا لەسەری کۆکە، مرۆڤ مافی زانینی هەیە. مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بزانێ ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری ئەودا ڕوو دەدەن و پێوەندییان بەژیانی وییەوە هەیە چین، تا ئەو مرۆڤەش قسەی خۆی هەبێت لەو پرسانەدا. مافی ئازادیی را دەربڕینیش هەر لەسەر ئەم بنەوێیە دامەزراوە و

پارێزراوە. بۆیە دەبوو بەشێک لەو کاریکاتێرانە بخرێنە ڕوو "ناقل الکفر لیس بکافر". ئەگەر کاریکاتێرەکان بۆ ناوزڕاندنی پێغەمبەر بوون، ئەوا پێشان نەدانی لەلایەن ئەوانەی کە قۆستبوویانەوە بۆ ئەم هەڵایە، سووکایەتیکردن بوو بەعەقڵی تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلام.

ئاپۆرەی خەڵک هەست بەم ڕاستییانە دەکەن، بۆیە پرسی ئەم کاریکاتێرانە نەبوو بەکێشەی خەڵک. لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و بچووکدا، مێشکی خەڵک بە پرسە ڕۆژانەییەکانی خۆیەوە گیری خواردووە. ئەم هەڵڵا ڕاگەیاندنییە نەیتوانی مێشک و هزری خەڵک لەم کێشە و گرفتارییانەی خۆی بۆ یەک ساتیش داببڕێ. بەتایبەتیش کە هەست دەکەن ئەو دەسەڵاتەی هەڵڵایەکەی بەرپا کردووە هەر خۆی سۆنگە و سەبەبی ئەم کێشانەیە و هەر خۆشی هۆ و سەبەبی ئەوەیە کە ڕۆئاوا وا سەیری ئاینەکەیان و پێغەمبەرەکەیان بکات، هەر خۆشی تەنگژەیەکی بەم بۆنەیەوە بەرپا کردووە بۆ درێژەپێدانی خۆی یان بۆ تێپەڕاندنی خۆی.

منیش ئەم کاریکاتێرانەم نەبینیوە، بەڵام دەزانم کاریکاتێر جۆرێکە لە توانج و گاڵتە پێکردن، حەیف پێغەمبەری ئیسلام تیر و توانجی تێ بگیرێت یان بکرێت بەبابەتی گاڵتە لە وڵاتێکدا "دانیمارک" کە ئەو ئیسلامانەی تیایدا دەژین زۆربەیان لە ستەمی ستەمکارانەی پەنا چارشێوی ئیسلامی و نیوەئیسلامیی سیستەمی وڵاتەکانی خۆیانەوە هەڵاتوون و لە پەنابەریدا دەژین و چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژێک بێ هەتاوی دیموکراسی لە وڵاتە بنەڕەتییەکانی خۆیاندا هەڵبێ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و سەربەرز تیایدا بژین. نەک هەر پێغەمبەری ئیسلام بگرە هەموو خاوەن پەیامەکانی تر، تەنانەت ئەوانەشیان کە لە ئاسمانەوە بۆیان نەهاتووە، هی ئەوەن مرۆڤ ڕێزیان لێ بگرێت نەک وەبەر توانج و لاقرتێیان بدات. زۆربەی ئەم پەیامدارانە لەسەرووی هەمووشیانەوە پێغەمبەری ئیسلام محەمەد، خاوەنی تەڤگەر و بزووتنەوەیەکی گرینگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی سەردەمی خۆی بووە و یەکێکە لە کەڵەپیاوانی مێژوو. ئەو کاریکاتێرانەی کە نەمانبینیون لەو ڕۆژنامە

دانیـمـارکـییـەی کـە ناوی نازانین، هـەڵبـەت بەر لە هەمـوو شت سـووکـایەتی بەباوەڕی خەڵکانێکە کە لە پەیڕەوکارانی ئەو پێغەمبەرەن لەو وڵاتەدا.

شـەپۆلی نارەزایی و بێزاری زۆر شـوێنی گرتەوە. بەڵام ئەمـە پرسـێک نەبوو بۆ داکۆکی لە ئاینی ئیسـلام و پێغـەمبـەرەکەی. بگرە پرسـێکی دروسـتکراو و هەڵچوونێکی کاتی بوو بۆ داپۆشـینی بەشـێک لەو تەنگژەیەی کە هەندێک هـێز و وڵاتی ئیـسـلامی لەم مـاوەیەدا تێی کـەوتوون. ئێـران کـێـشـەی چەکی نیـوکلیـاریی هـەیە و دووچاری هەرەشـەیەکی نێـودەوڵەتیی گـەورە و رەنگە دەسـتێوەردانی دەرەکیش ببێتەوە ئەگەربێو دەست لە دروسـتکردنی چەکی ناوکـەیی هەڵنەگرێت. حـەماسـیش کـە لە هەڵبژاردنەکـانی فـەڵەسـتین دەنگی هێناوە و دەرچووە، لایەنێکی تیـرۆریسـت و بێـزراو (منبـوذ)ە و کـۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی نفرەی لێ دەکات و تووڕەی دەدات، سووریا تاوانی کوشتنی رەفیق هـەریریی سـەرۆک وەزیرانی پێـشـووی لبنانی دراوەتە پاڵ و دووچاری لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی هاتووە. ئەمە وێڕای هێزگەلی ئیسلامیی بناوانگر یان تیرۆریست کە رۆئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا لە بنەبانی ماڵی خۆیاندا سەری لەدوو ناون و راویان دەنێ و هەموویان لە قەیراندان.

ئەوانەی پرسـی ئەم کاریکاتێرانەیان کـردووە بەبیـانوو بۆ ئەم گەنگەشـە و هەرا و بگرەیە، بچووکـتـریان پرۆگـرامـیـان پێ نیـیـە بۆ چارەسـەری کـێشـە ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانی کـۆمـەڵگەی خـۆیان. تـەنانەت بوونەتـە رێگر و کـۆسپ لە پێش هـەمـوو چارەسـەر و شنەبای دیمـوکراسـیـیـەک کـە لە دەرەوە هەڵی کـردبێ بەسـەر ناوەخـۆی وڵاتەکـەیاندا و هیـوای بووژانەوەیەکی دابێ بەگـەلەکـانیـان. ئەم هـێـزگـەلە کـۆنەپـەرسـتـە، بۆ ئەوەی خـۆی لەبەرامـبـەر گـۆڕانکـارییـەکـانی سـەردەمـدا رابگرێ، بەجـۆری پـەلەقـاژە لەئاسـت هـەمـوو پرسێکدا هەڵسوکەوت دەکات کە بزانێ خێرێکی لێ دەبینێ بۆ مانەوەی خۆی یان بۆ ئەوەی پیایدا بەپەیژەی دەسەڵاتدا بۆ سەرەوە هەڵگەڕێ.

ئەگـەر پرسی ئەم بەرتەک و کـاردانەوە توندوتیـژانە بۆ کـاریکاتێرەکـان، بۆ بەرگری لە ئاینی ئیسـلام و رێبـەرە مەزنەکەی بێت، ئەوا بەدڵنیایی پێچـەوانە

کەوتەوە. هێزگەلی ئیسلامی زۆر ناشارستانانە هەڵسوکەوتیان کرد. پەلامارداني باڵیۆزخانە و راوەدوونانی هاوولاتیانی دانیمارکی کە هیچ دەستەتێکیان لەم کارەدا نییە، یان کە بە سووربوون و جەختێکی لە رادە بەدەرەوە دەیانگوت دەبێ سەرۆک وەزیرانی دانیمارک داوای لێبووردن بکات، ئەمە بۆ خۆی نیشانەی تێ نەگەیشتنی سیستەمی بەڕێوەچوونی دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگەی ئەو ولاتەیە. سەرۆک وەزیران لە ولاتێکدا کە ئازادیی رادەربڕین بەچەندان یاسا پەرژین کرابێ، بۆچی لە جیاتی هاوولاتییەک کە کاریکاتێریستە یان رۆژنامەیەک کە کۆمپانیایەکی ئەهلی دەری دەکات، داوای لێبووردن بکات. ئەو سەرۆک وەزیرانە گوتی من ناتوانم سزای ئەم رۆژنامەیە یان کاریکاتێریستە بدەم چونکە لە ولاتەکەماندا ئازادیی را دەربڕین هەیە. ئەو دەیگوت وەرن با دایەلۆگ بکەین، هێزگەلی ئیسلامی دایەلۆگیان رەت کردەوە، چونکە پێویستیان بەوە نەبوو. ئەوان پرسەکەیان زیاتر بۆ تێپەڕاندنی کێشەکانی حەماس و سووریا بوو کە وا پێ دەچێ تێ نەپەڕن.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم کاردانەوە توندوتیژە نەک هیچ ئامانجێکی نەپێکا بۆ بەرگری لە پێغەمبەر و لە ئاین، بگرە پێچەوانەش کەوتەوە. وەک ئەنجام، من دەڵێم هێزگەلی ئیسلامی دەبێ خۆیان داوای لێبووردن لە گەلانی ئیسلام بکەن کە بەکارە تیرۆریستی و ئاخاوتن و داخویانییە ناسەردەمانییەکانیان بوونەتە هۆی ئەوەی دنیای پێشکەوتوو قێزی لە مرۆڤی موسڵمان هەڵبستێ. ئەوە تیرۆریستەکانن کە بەتیرۆرکردنی منداڵ و خەڵکی شارستانی و بێ خەتا، بوونەتە هۆی ئەوەی وێنەی پێغەمبەری ئیسلام لەبەرچاوی هاوولاتییەکی رۆژئاوایی لەق ببێ. بۆیە دەبێ ئەو هێزگەل و مەلایێلە داوای لێ بووردن لە هاوولاتیانی موسڵمان بکەن نەک غەیرەدینێک. ئەوەی چەند ساڵە لە گۆڕەپانی عێراقدا تیرۆریستان بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن، ئەنجامەکەی ئەم وێنە کاریکاتێرییانەیە کە جگە لە دانیمارک لە زۆر ولاتی تریشدا بلاوکرانەوە و بازاڕیان گەرم بوو. دەبێ لە بیریشمان نەچێ هەر ئەم هەڵلا و بگرە و بەردەیە بوو بەهۆی ئەوەی فرۆشی ئەو رۆژنامە

دانیمارکییە لە کەمەوە بۆ زۆر، بەرز ببێتەوە و لە چەند وڵاتی تریشدا ڕۆژنامەکان بۆ هەمان مەبەست کاریکاتێرەکان بڵاو بکەنەوە.

هەر دوای بردنەوەی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە فەڵەستین، تەلەفزیۆنی جەزیرە پرسی ئەم کاریکاتێرانەی ڕاگەیاند کە پێشی پێنج مانگ "واتە: مانگی ٩/٢٠٠٥" بڵاوبووبوونەوە. جەزیرە سەری باسەکەی کردەوە و گەرمی کرد. دوای ئەمە وردە وردە بابەتەکە تەشەنەی کرد و زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانی گرتەوە. لە هەندێک وڵاتدا باڵیۆزخانەکان ئاگریان تێ بەردرا "ئێران و ئەفغانستان"، لە هەندێکی تریش "پاکستان" پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دانیمارکدا قوت کرا. لە هەندێک شوێنی تریش ئاڵا سووتێنران یان پێوەندیی بازرگانی تێک دران. بەگوێرەی سەربەیەکتربوونی ئەم هێزگەلە، دەبوایە ئەم شەپۆلی تووڕەییە دەسکردە بگات بەکوردستانیش، بەڵام هێزگەلی ئیسلامی لە کوردستان بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان زیاتر پێشان بدەن و هەل لە کیسی خۆیان نەدەن، پرسی کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەییان هێنایە پێشەوە، دوای ئەویش پرسی کتێبەکەی د. جەمال ڕەشید کە ئەمەی دوایی بەر لە ساڵێک دەرچووە. هیچیشیان پێوەندییان بەم کاریکاتێرانەوە نییە.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، هێزگەلی کۆنەپەرست بەچەندان پەرژین و تەلبەند دەوری مێژووی ئیسلامیان داوە و کەس بۆی نییە قسەیەک بکات جیابێ لەوەی لە مێژووی ڕەسمیدا نووسراوە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بەرگری لە بۆچوونەکانی مەریوان و د. جەمال بکەم، کتێبەکەی مەریوانم هەر نەبینیوە و ئەوەکەی تریش خۆی مێژوونووسێکی ناسراوی کوردستانە و هەرکەس بیەوێ بەرپەرچی بداتەوە یان دایەلۆگی لەگەڵدا بکات دەتوانێ پێی بگات. بەڵام ئەمانە دایەلۆگیان پێ لارە، تەنیا زمانی چەقۆیان بەکارە.

پێش دوو ساڵ لە کتێبخانەکانی سووریا چەندان کتێبم بینی لەلایەن نووسەرانی عەرەبەوە نووسرابوون و هەر لەو وڵاتە چاپ کرابوون، هەموویان شرۆڤە و لێکدانەوەی تازەبوون بۆ مێژووی عارەب و ئیسلام. تەنانەت دوو

دەزگـای چاپی "الإنتـشـار العـربي" و "سـينا" زۆربەی بڵاوكـراوەكـانيـان بەم ڕێبـازەدان و لـەو وڵاتەشـدا كـەس نـەيكردووە بە هـەرا و زەنا و ئەم كـتـێـبـانەش نەكــراون بەپرد بـۆ پەڕينـەوەی كــەس لـە تەنگژە. ســاڵی پار لە پێــشــانگەی نێـودەوڵەتيی كـتـێب لە تاران دەيان كـتـێـبم بينی كـە دەزگـاكـانی چاپ و بڵاوكـردنـەوەی عـارەبی هێنابوويانن و دەيانفـرۆشـتنـەوە، ئەمـانيـش هـەر لەو جۆرەبوون كە باسم كردن. مێژوو موڵكی كەس نييە و باسـەوان و لێكۆڵەوانی مـێـژوو و كـۆمـەڵناسی و تەنانـەت ڕۆژنامـەوانانيش دەتوانن هـەر كـەســە و بەگــوێرەی تيــروانينـی نوێ و بەڵگە و دەســتــهــاوێژی تـازەوە ڕووداوگــەل و كەسـايەتيگەلی مێژوو بخـەنە بەر تـيـشكی شرۆڤە و سـەرلەنوێ نوسـينەوەوە. ئەمـە نەريتـێكی زانسـتی و جيـهـانيـيـە و ئێسـتـە بـووە بەنەريتـێك لە زۆر لە وڵاتانی عارەبيشدا. بەڵام لە كوردستان نە زانكۆيەك نە بنكەيەكی زانستی نە تەنانـەت نووســەرانيش لەمــەدا دەنگيـان نييـە. هەمـوولا لـەوە دەترسن تيـرۆر بكرێن. ئەگەر وابێ ئەی ئەم دەسـپـێكەی سـەردەمی ديموكراسی كە گوايە لە ژيانی ئەم وڵاتەدا هاتووەتە گۆڕێ و بەردەوام باسی دەكەين، چييە و بۆ چييە؟

حـەماس لە تەنگژەيەكی گەورەدايە و بە ئاراس و جـەمال ڕەشـيد و مـەريوان هەڵەبجەيی تێ ناپەڕێ. ئەمەش بازرگانييەكی زۆر هـەرزانە كە ئيسلامييەكانی كورد بەبزاڤی ڕۆشنبيـريی تازە سـەرهـەڵداوی كوردسـتـانـەوەی دەكـەن. ئاگر خۆشكردن بۆ تيرۆركردنی كەسانی ڕۆشنبير و ترس و تۆقاندنيان، ئەزموونی ئيـسـلامـی جـەزائيـرمـان دەخـاتـەوە ياد كە جگە لە مـێژووێكی ڕەش و چڵكن شـتـێكی تريان بۆ نەمـايەوە. ئـەوەی بۆ داهـاتوو دەمـێنێـتـەوە بەرهـەمی بيـری هاوسـەردەمانەی ئەمڕۆييیە نەك شـتێكی تر، دەرسی مێژووی ڕابردوو وامـان پێ دەڵێ.

پێش چەند ڕۆژ شاندی حەماس چوو بۆ توركيا بەڵام ميوانێكی ڕێز لێگيراو نەبوو. ڕەنگە ئەمــە دەســپــێكی تێـشكانەكــانی حــەمــاس بێت. كـۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەوە ماندوو بووە تا ئيسـرائيل و فـەڵەسـتـينييـەكانی گەياندە ڕێككەوتن. ئـەو ڕێككەوتـنانـە بەچـاودێريی زلـهــێــزەكــانی دنيــا و نەتـەوە

یەکگرتووەکــان هـاتوونەتە ئاکــام و بەرهــەمی ئێش و ئازاری چەندان لایەنن. حـەمـاس بۆی نییـە ریس لە کـۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە بەخـوری و هـەمـوو شت تێکوپێک بدات. لەم هـەلومەرجەدا، ئیتر وتاری ئاگرینی و خۆتەقاندنەوە و خـۆبەبەرپرس نەزانـین لە ئاست کـێشـە سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتـیـەکـاندا، بەسـەردەچن. هـەندێک کەس لایان وایـە گەلی فەڵەسـتین هـەڵەیەکی مـێژوویی گـەورەی کـرد کـە دەنگی دا بەگـرووپێکی تیـرۆریست و گـەیاندی بەسـەکـۆی دەسـەڵات، لەبەرئـەوەی حـەمـاس تـاقـیکردنەوە و ئەزمـوونێکی نیـیـە لە کـاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی و رەنگە نەتوانێ شـێوازی کار و ئـاخاوتنی زاری خـۆی بگۆڕێ، بۆیە دوور نییە ئەمە ببێ بەمـایەی ئەوەی کە گەلی فەڵەستین دوای ئەم هـەمــوو قــوربانیــدانـە بێ وێنەیە لـە مــێــژوودا، جــارێکی تریش دووچاری قوربانیدانی تریش ببێتەوە. ئەمە بۆچوونێکە.

بەڵام لەوانـەیە ئەم دەنگدانە هەڵەیە بـەخـێـر بۆ گـەلی فـەڵەسـتین و تەواوی گـەلانی ناوچەکـە بگەڕێتـەوە. پێ ناچێ حـەمـاس بتـوانێ بەرگـەی پەسـتـانی نێــودەوڵەتی لەلایەک و بـێ تاقــیکردنـەوەیـی خــۆی لەلایەکی ترەوە بگرێت. پشـتیـوانەکانیشـی لەو جۆرانە نین بتـوانن فریای کێشـەگەلی خـۆیان بکەون چ جـای کێشــەی لابەلای حـەمـاس. بۆیە زۆر لـەوە دەچێ حـەمـاس لە کـۆتاییـدا حەمـاسی نەمێنێ و سـارد ببێتەوە. ئەوەتا هـەر لە ڕۆژی یەکـەمی دەرچوونیەوە حــەز دەکـات فــەتح بهــێنیــتــە نـاو دەســەڵات و بەیـەکـەوە بـەشـداری بکـەن لە کـارگێڕیدا. ئەمـە دەسـپێکی خـاوبوونەوەیە و رەنگە ئەمـەی بۆ ئەوە بێت فـەتح بکات بە چارشێو و رووبەنـدێک بۆ پەسندکردن و پەژراندنی ئەو رێککەوتنانەی لە نیـوان فـەڵەسـتینی و ئیـسـرائیلییـەکاندا کراون. ئەمـە بابەتی ئێرە نییـە تا زیاتر بەتانیدا بڕۆین. ئەوەی بۆ ئێمـە گرینگە ئەوەیە زۆر لەوە دەچێت حـەماس نووچ بدات و مل رابکێــشــێ بۆ ویست و ئیــرادەی نێــودەوڵەتی. ئـەمــەش دەسپێکێکی تازە دەبێت لە ئەزموونی سیاسیی هێزگەلی ئیسلامیی رادیکال و بناوانگر لە ناوچەکەدا و یەکەمین تێشکانی وتاری توندوتیژیش دەبێت.

بەگوێرەی ویستـی کۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ حەمـاس بەر لە هـەمـوو شت

دان بەهەبوونی ئیسرائیلدا بهێنێ. تەنانەت ئەمە مەرجی فەتحیشە بۆ بەشداری لە دەسەڵات لەگەڵ حەماسدا. دوای ئەمە دەبێ حەماس بەهەموو رێککەوتنەکانی پێشوو قایل بێ و لە کوێ وەستاون لەوێ دەستیان پێ بکاتەوە. ئەمەش بەگوێرەی ئاخاوتنی ئاگراویی تا دوێنیی حەماس ئەوەیە مل کەچ بکات بۆ پرۆژەی ئەمەریکی کە پرۆژەی خۆبەدەستەوەدانە نەک شتێکی تر "بەگوتەی خۆیان". مرۆڤ دەتوانێ بڵێ گەلی فەڵەستین کارێکی زۆر چاک و حەکیمانەی کرد کە دەنگی بەحەماس دا. بەمەش حەماسی خستە بەردەم دووڕیانێک: یان ئەوەتا ئەو رێبازە توندوتیژە رادیکاڵەی درێژە پێ بدات و بزانین رێبازی ئاگرین چیی لێ شین دەبێ، ئەویش بەگوێرەی ئەو گوتەیەی دەڵێ: «تەنگژە توندبە دەکرێیەوە». بۆ فەڵەستینییەکان گرینگ ئەنجام و دەرچوونە لەم تەنگەلانە سەخت و ئەستەمە. یان رێگەچارەی دووەم: ئەوەیە کۆڵ بدەن و سەر بۆ ئاشتی دابنەوێنن. لەم بارەشدا گەلی فەڵەستین لەم دووگیانییە رزگاری دەبێت و زگەکەی دادەنێت.

حەماس بەم حاڵەی خۆیەوە لەم تەنگژەیە ناپەڕێتەوە و چار نییە دەبێ کۆڵ بدات. کۆڵیش بدات خزمەتێکی گەورە پێشکێشی مرۆڤایەتی و ئیسلام و فەڵەستینییەکان دەکات. بشیەوێ بپەڕێتەوە، بەکاریکاتێرەکانی دانیمارک و مەریوان هەڵەبجەیی و دەزگای ئاراس ناپەڕێتەوە. کێشەی حەماس هەروەها کێشەکانی تریش کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن زۆر لەوە گەورەترن بەخۆپێشاندان و ئالا سووتاندن و باڵیۆز دەرپەڕاندن چارەسەر ببن. دنیا بەرەو خۆشی و وتاری نەرمونیانی دایەلۆگ و ئازادیی بۆچوون دەڕوات. لەم دنیایەدا تەنیا ئەوانە جێیان دەبێتەوە کە بەکێشە ژیانییەکانی خەڵکەوە پێوەندیدارن.

ئێستە خەڵکی کوردستان زۆر تەنگژە و کێشەیان هەیە، وەک: گرانی و گرانبوونی سووتەمەنی و کەم دەرامەتی و تەنگژەی نیشتەجێبوون. حزبی ئیسلامیی کوردستان و وتاربێژی مزگەوتان ئەگەر لە خەمی ئەم خەڵکەدان بابن بەشێک لە ئێش و ئازارەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و دوو قسەی خێر بکەن،

نەک سەرە ئێشاوەکان زیاتر بئێشێنن. کەیفی خۆیانە ئاگر لە دانیمارک بەر دەدەن یان نا بەڵام با لێ گەڕێن لێرە خەڵک خزمەتی وڵاتی خۆی بکات.

میدیا ٢٢٩ لە ٢٠٠٦/١٠/٩

## نەرمونیانی

مرۆڤ مافی ژیانی هەیە. ئەمە یەکێکە لە برگە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ. بۆ قەبووڵکردنی ئەم بنەمایە دەبێ نەرمونیانیت هەبێ. ژمارەیەک لە وڵاتانی دنیا بەپێی ئەم برگەیە، سزای هەڵواسین و لە داردانیان هەڵگرت. بەم پێیە، تەنانەت ئەگەر یەکێک کارەساتی زۆر گەورەشی نابێتەوە، لەو وڵاتانەدا لە مافی ژیان بێ بەش نابێت؛ هەڵناواسرێ و ناخنکێنرێ و گوللەباران ناکرێت. رەنگە یەکێک پێی وا بێت ئەمە هانی تاوانکار دەدات تاوانی زلتر ئەنجام بدات چونکە بکوژ دڵنیایە لەوەی ناکوژرێتەوە. ئەمە بە رواڵەت و دیمەن وایە بەڵام بەناوەرۆک وا نییە. لەوانەیە مەنتیقی پشت ئەم بنەمایە ئەوە بێ خەڵک رابهێنرێن بۆ تەساموح و لێبوردەیی. سەرکردەگەلی نازییەت ژمارەکی زۆریان کە تاوانبار و درندەی بێ وێنە بوون لە مێژوودا، لە سێدارە نەدران، بگرە لە کونجی گرتیگەی تەنیاییدا رزانەوە تا مردن. ژیان تا مردن. تۆڵەکردنەوە لە تاوانکار ئەوە نییە بیکوژیتەوە، ئەوەیە کولتوورەکەی ریشەکێش بکەیت، لە جیاتی توندوتیژی نەرمونیانی بکەیتە کولتووری باو.

لێبووردن کولتووری شارە. کۆمەڵگەی ئێمەی رۆهەڵاتی کە هێشتا خێڵەکییە، تۆڵەسەندن بنەمایەتی. لە بچووکترین رووداوگەلی ژیاندا تۆڵە دەکرێتەوە. چاوپۆشین و فەرامۆشکردن و نەرمینواندن بەلاوازی و بێ زاتی و بێ زاخی دەژمێردرێن. هەندێک جار لە رێگەی دەرەوەی شار کاتێ بەهۆی پەلەبوون بۆ گەیشتن بەشوێنێک ناچار دەبی ئۆتۆمۆبێلێک بەجێ بهێڵی، زۆر جار هێندە نابات دەکەوێتەوە دوات تا دەتگرێتەوە. تۆ ناشیناسیت بەڵام ئەو وا دەزانێت نێرایەتی و مێرخاسیی ئەوت لەکەدار کردووە، دەیەوێ تۆڵە

بکاتەوە. پیاو بۆ بەرگەگرتنی ئەم پرسە سادەیە وابێ، ئاخۆ بۆ شتی گەورەتر دەبێ چۆن بێ.

کۆمەڵگەی ڕۆئاوا لە دوو شت ئێمەی بەجێ هێشت. یەکیان تەکنیک و ئەوی تر دایەلۆگ و گوێ شلکردن بۆ ئەوی تر. واتە نواندنی نەرمونیانی لە ئاست بەرامبەرەکەتدا کە دەشێ ناحەزیشت بێ. ئێمە یەکەممان لێیان کڕی بەڵام دووەممان نەویست. بەخۆڕاییش پێیان داین هەر نەمانویست. ئێمە نێرین چۆن گوێ لە مێ بگرین؟ بەهێزین چۆن گوێ لە بێ هێز بگرین؟ ئەویش چونکە سەرچاوەی کولتووری ئێمە یان ژیانی خێڵەکایەتیمانە "نێرایەتی و تۆڵەسێنی"، یاخۆ ئاینە "العين بالعين والسن بالسن"، یان کولتووری چەپایەتییە کە ئەویش لە بەکارهێنانی توندوتیژی و سڕینەوەی بەرامبەر و تۆڵەکردنەوەدا، لە وێنەی نییە.

ساڵی پار بە کردەکانی دڕندەیەک بەناوی شێخ زانا و گرووپەکەی ڕاچەنیین. میللەت شۆک بوو. ئەم تێنووەتییە بۆ خوێن سەرچاوەکەی چی بوو ئەگەر مێژووی ئیسلام و خێڵی کوردی و رادیکالیزمی چەپ نەبێ. چەپایەتیش لە کوردستاندا کولتووری خۆی تێک هەڵکێش بەم کولتوورانە کرد و دەوڵەمەندتری کرد. لە ساڵانی شاخدا هونەرمەندێکمان لەگەڵدا بوو، بووبوو بە جەللادی حزب. ئازار و ئەشکەنجەدانی گیراوەکان بەو سپێردرابوو. ئێوارەیەکی پایز بۆی باس کردم چۆن هیچ گومان لێکراوێک لە دەستی ئەو ڕزگاری نابێ و بەساتەوەختێکی کەم هەموو نهێنییەکی لێ دەردەهێنێ. ڕاچەنیم، لەوە ترسام ئەگەر ڕۆژێک بەناحەق گومانم لێ کرا، دەبێ چی بدرکێنم. شێوازەکانی زۆر دڵڕەقانەبوو. پاشان و لە ساڵانی دواتردا زانیمەوە ئەو هونەرمەندە هەر لە شاخدا کوژراوە. نازانم کامیان دڕندەتر بوون ئەو یان جەللادەکانی بەعس. گوتیان قوربانی مۆرکی کەسایەتی و کولتووری جەللاد وەردەگرێ. ژوورە بەتابلۆ نەخشاوەکانی ئەو هونەرمەندە چەپەشم هیچ لە بیر ناچێتەوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەو توندوتیژییەی لە کوردستاندا بینیمان بەر لە

راپەڕینیش هەر وابوو. مەگەر چەندایەتی فەرقی کردبێ. وا دیارە بەتەواوی چووینە کلێشەی جەللادەوە و بووین بە سێبەری ئەو. پار چەند بەدڕندایەتیی شێخ زانا داچلەکیم و راچلەکیم ئەمساڵ ئەوەندە بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دوای خنکاندنی خۆی و هاوەڵە دڕندەکانی. تەنێ جیاوازییەک هەبوو، ساڵی پار فیلمی کردەوەکانی شێخ زانا بە درەنگانی شەو پێشکێش دەکران بۆ ئەوەی منداڵ و نەخۆش و لەش بێ هێزان نەیانبینن و نەبادا پاشانیش شەوێکی خەمبارانە بخەوین. بەڵام ئەمساڵ ڕۆژنامەکان، بەیانی زوو رووی پەنماو و چاوی دەرپەڕیو و ملی رووشاوی شەش خنکاویان چەقاندە چاومان بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەمووومان گەورە و بچووک بۆ خۆمان بەختەوەرانە بژین. گوتم دەبێ تا تەمەنێکی زۆر نەک لە ژیانی خۆمدا بگرە لە ژیانی منداڵ و نەوەکانیشمدا دەست بشۆم لە کولتووری نەرمونیانی.

سەرنووسیاری بەڕێز نووسینی ئەم گۆشەیەی بەملدا هێنام. لە ژمارەی رابردوودا "بەڵێ"یەکی زارەکیی منی کرد بەهەواڵ و بڵاوی کردەوە. منیش نەمتوانی گلەییی لێ بکەم و بڵێم بۆ وات کرد، چوومە ژێر بارەکە و نووسیم. گوتم با بەخشین لێرەوە دەست پێ بکات. ئەو خۆی پیاوێکی نەرمونیانە، با ئەم رەوشتەی لێوە فێربم.

هەرێمی کوردستان ٣٨٣ لە ٢٠٠٦/١٠/٣

## ڕۆژنامەوانیی ئازاد

دیموکراسی گیانلەبەرێکە لەسەر سێ پێ دەڕواتە رێوە. یەکیان: فرەیی "تەعەددودییەت"، ئەو دووەی تر: ئازادیی دەربڕین و دەستاودەستکردنی بەئاشتییانەی دەسەڵات "التبادل السلمي للسلطة". ئەم گیانلەبەرە هەر یەک لەم پێیانەی کەم بێت، شەل دەڕوات. ئەوەکەی لەمەڕ خۆمان وایە، دەشەلێ. ناتوانین بڵێین دیموکراسیی کوردستان لە یەک پێ زیاتری هەیە. تەنیا فرەیی، ئەویش چۆن فرەیییەک؟ ناوی تەوافوقە. واتە رێککەوتن لەسەر ئەو جیاوازییانەی کە هەن، ئەمەش واتە سڕینەوەی دوو بنەماکەی تری

دیموکراسی. دیموکراسی بەشەرتی تەوافوق واتە هەر کەسێ لە ریز بچێتە دەرەوە تێر شەق دەکرێ، وەک بینیمان. من نەمگوتووە ئەمە بۆ کوردستان باش نییە. رەنگە باش بێت چونکە مەترسیی دەستاودەستکردنی دەسەلات تا چەند وەچە و نەوەیەکی تریش سەر دەکێشێتەوە بۆ مەترسیی شەڕی ناوەخۆ. بۆیە چش لەمە، با ئیتیفاق و تەوافوق بێت، من خەمی ڕۆژنامەوانیی ئازادمە کە لەم نێوانەدا بزر بووە.

نەبوونی ڕۆژنامەوانیی ئازاد لە هەر ولاتێکدا واتە نەگەیشتنی زانیاریی راست و رەوان بەخەلک، ئەمەش واتە دروستنەبوونی رای گشتی، ئەمەش واتە بەشدارینەکردنی خەلک لە بڕیارەکانی دەسەلاتدا، ئەمەش واتە هەلبژاردنەکان کۆمیدیا دەبن، ئەمەش واتە پەرلەمان دەبێ بەشوێنی پەیداکردنی نان بۆ مال و خێزان، نەک دابینکردنی مافی میللەتی بەستەزمان.

لە کوردستاندا فرەییی ڕۆژنامە و نۆینگەلی راگەیاندن هەیە بەلام ئازادی نییە. ئازادیی نووسین هەیە بەلام بۆ گەیاندنی راستی نا، بگرە بۆ شێواندنی راستی؛ بۆ ناوزڕاندن؛ بۆ بلاوکردنەوەی زانیاریی درۆ؛ بۆ لیستی دەستکرد لەبارەی هەر شت کە بتەوێ. کەسیش دەنگی نایە لە ئاست ئەم بازاڕە بەهەرا و زەنایەدا. ئەمەش هەر ئیتیفاق و تەوافوقە بەلام لە حالەتی سلبیدا. دەتوانم ناوی دە بەلاڤۆک بژمێرم کە سەر بەتەکەتولاتی حزبی و سەر بەکونی گەورە و بچووکن. لەم بەلاڤۆکانەدا، هەموو شت دەگوترێ، سووکایەتی دەکرێ بەمیللەت؛ بەسەرۆکی میللەت؛ بەحکوومەت و بەسەرۆکی حکوومەت، بازرگانی دەکرێ بەشەهید و ئەنفال؛ بەمافی ئافرەت؛ بەدەنگی رەشوڕووت. هەموو ئەمانەش بەئیتیفاق و تەوافوقێکی نهێنی و کەس پێنەزان و کەس پێنەحەساو لە نێوانی گەورە گەورەکاندا. شەللاتی، نەخوێندەوار و جاشقەلەم ئەوانەی لە کونەکانەوە نان دەدرێن، دەتوانن لەم بەلاڤۆکانەدا هەرچیی بیانەوێ بنووسن و سووکایەتی بەهەر شت بکەن.

ئاخۆ ئێمە خەریکی چین لەم ولاتەدا؟ بنیات دەنێین یان دەڕووخێنین. ئەوەی لە ململانە لەگەل بەغدادا بەدەستمان هێنا و بەدەستی دەهێنین، لە بازاڕی

ناوەخـۆدا هـەراج مـەزاتی دەکـەینەوە، یەک لاو نەمـا لە کـوردسـتـان هیـوای بەپاشـەرۆژی خـۆی و ولاتەکـەی بێت، هەمـووشی لە سـۆنگەی وتاری داخ لەدلانەی مەلا و درۆی رۆژنامەنووسی کاسەلێس.

ئەزموونی کوردستان لە ئەنجامی ئەم بێ بەرنامەییەدا زیانی مەزن دەکات ئەگەر مەچەک و داوێن هەڵنەکات بۆ چارەسەر. ئەم ئەزموونە کە بەهەوەنتە بەدی نەهاتووە، دەبێ هەرسێ پێیەکەی دیموکراسی وەگەڕ بخات بۆ ئەوەی چالاک بڕوا و نەمر بژی. ئازادیی رۆژنامەوانیش کە یەکێکە لەم پێیانە، دەبێ رۆژنامەوانییەک بێ بەپێی هەردوو بنەما راستەکەی رۆژنامەوانی دامەزرابێ، یەکیان شارەزایی و تەخەسوس لە کاری راگەیاندندا و ئەوی تریان هەبوونی کۆمپانیای ئەهلی بۆ ئەم کارە. بێ هەبوونی ئەم دووە، باسکردنی راگەیاندنی ئازاد و رۆژنامەوانیی سەربەخۆ، قسەی پڕوپووچە.

ئەزموونی سالانی رابردوو ئیسپاتی کرد کەوا لە رەحم و هەناوی حزبەوە ئازادیی راگەیاندن سەر ناهێنیتە دەر. بەیانیان کۆمەڵێک رۆژنامە دێنە بەردەستم، لەناویاندا دوانی موعتەبەر هەن لە سەروسیما و لە گەیاندنی هەواڵ، "خەبات" و "کوردستانی نوێ"، کە بەداخەوە هەردووکیان کەوی بەندی قەفەسن، لە پاڵیاندا کۆمەڵێک بەلاقۆک دەبینم زۆریان ناموعتەبەر. بەکورتی، بەزەییت بە ڕەوشەکەدا دێتەوە. لەسەرەوە ئازادی دەدرێت بەوانی تر بەلام نادرێت بەم دووە. بانێکە و دوو هەوا.

کورد دەڵێ قسە هەزارە دوانی بەکارە. بۆ چارەسەری ئەم دۆخە، با دەست لە بژیوی پێدان و دەست لە پشتدانی ئەم میلیشیاتی رۆژنامەوانییە هەڵبگیرێ کە ئەزموونی کوردستانیان ریسوا کردووە، با ئازادی و پاڵپشتی بدرێ بەم دووە بۆ ئەوەی هەندێک رووخساری جوان بکرێ بە بەری کۆمەڵگە و ولاتەکەماندا. لە جێوەش کار بکرێ بۆ رۆنانی بناخەی رۆژنامەوانیی ئازاد و سەربەخۆ کە بێگومان بەبێ یارمەتیی حکوومەتی کوردستان و ئەم دوو حزبە سەرەکییە نایەتە دی. بشبوورن ئەگەر ئەم قسانەتان بەدڵ نەبوو.

هەرێمی کوردستان ٣٨٤ لە ٢٠٠٦/١٠/١٠

## کێشەی هاتوچۆ لە کوردستاندا

باسی گەندەڵی دەبێتە مایەی تەنگەتاویی بەرپرسان و بێ هیوابوونی خەڵکیش لە داوودەزگە فەرمییەکان، بەتایبەتیش ئەگەر ئەم باسە بەشێوەی هەڕەمەیی و بێ هەبوونی دەستهاوێژ بخرێتەڕوو. بەهەمان شێوەش باسی سووتەمەنی و کارەبا. ئەم باسانە خەریکە دەگەنە بنگر و هیچ ئاسۆیەکی رووناکیش بەچاو بەدی ناکرێت بۆ چارەسەر. من بۆ خۆم دەستم شوشتووە لەوەی جارێکی تر کارەبای فوول و بەردەوام ماڵەکەمان بکاتەوە چراخان. ئەم پرسانە کە بەرەوڕووی داوودەزگە فەرمییەکان دەکرێنەوە، چیرۆکی "شیر دا بۆ داپیر دا" دێننەوە بیر. بۆیە لێرەدا خۆم لە فرەپاتەکردنەوەیان دەپارێزم و لە پرسێکدا بەرۆکی داوودەزگای حکوومەت دەگرم کە نەتوانێ بیانوو بدۆزێتەوە یان خۆی بدزێتەوە، ئەویش پرسی هاتوچۆیە. ئەم پرسە ئەمڕۆ بووە بەکێشە، هەموومان ئازاری بەدەستەوە دەکێشین و خەمی لێ دەخۆین. با دەست پێ بکەین:

١. لە هیچ رێگەیەکدا خێراییی ئۆتۆمۆبێل هاژوان دیاری نەکراوە. دەتوانی لەسەر ٨٠ لێ خوڕی، دەشتوانی لەسەر ١٨٠ لێ خوڕی. ٢. رێگەوبانی دەرەوەی شار نیشانە و هێڵ و هێمایان لەسەر نەکێشراوە. واتە هیچ رێنوێنییەک نییە بۆ یارمەتیدانی شوفێر یان رێگرێک هەبێ لەوەی ئازادی و مافی کەسانی تر پێشێل نەکات. ٣. لەدەرەوەی شار هەردوو بەری رێگە خۆش نەکراوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێلی نەرمڕۆی بۆ نموونە وەک تراکتۆر. تەنانەت هەندێک جار لارێ بۆ وەستانی کتوپڕیش گونجاو نییە. ٤. ئاماژە بۆ شوێنی پەڕینەوەی ئاژەڵ زۆر کەمە. لە نزیکی گوند و ئاوەدانی تابلۆی ئاماژکە (لوحە تنویە) نییە یان کەمە. ٥. هەروەها لەناو شارانیشدا زۆربەی شەقامەکان بێ هێڵ و هێمان. ٦. پلانێک نییە بۆ دابەشکردنی قەرەباڵغی لەناو شاردا. ٧. شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێل دیار نییە، لە کوێی بتەوێ دەتوانی بووەستی. ٨. لە زۆر شوێندا رەسیف و پیادەڕۆ نییە و پیادە دەڕژێنە سەر شەقام، یان پیادەڕۆ کراوەتە بەشێک لە دووکان و بازاڕ. ٩. هەندێک لە فرەڕیانەکان لە

رووی نەخشـەی ئەندازەییـیـەوە چارەسـەر نـەکراون و ئەو پۆلیـسانەی لێـیان دەوەستن سەریان لـێ شێواوە چۆن ئاماژە بدەن "شوێنێکی وا هەیە لـە هەولێر ناونراوە یەکـتـربڕ (تقاطـع)ی بەتەمـای خـوا". ١٠. شـوێنی پەڕینەوەی خـەڵک دیاری نـەکـراوە و پرد و تونێلیش لە ئارادا نـین. ١١. لە نزیکی قـوتابخـانەی سەرەتایی و نەخۆشخانەدا پۆلیس نەوەستاوە، هەروەها کۆسپ و بەربەست و ئاماژەکەش نەکراون و هەڵنەواسراون. ١٢. شـوێنی پێچدانەوە لە ڕێگەوبان و شەقامەکاندا واتە گۆڕینی ساید، ژمارەیەکی زۆریان هەڵە و نەگونجاون. ١٣. بەدواداچوون نییە بۆ پرسی چارەسەرکردنی قەرەباڵغی، بۆ نموونە شەقامێک لە خاڵێکدا خنکاوە کە دەگەیتـە سـەری دەبینی نانەواخانەیەکی لێیە و خـەڵک بۆ نانـکڕین ئۆتۆمـۆبـێل رادەگـرن. شـارەوانی چۆن ئەم مـۆڵـەتەی لێـرەدا داوە بەنانەواخانە، یان پۆلیس بۆچی بەیانی و ئێواران کۆنترۆڵی شوێنەکە ناکات؟ ١٤. ئۆتۆمۆبێلی فرەدرێژ "هەندێک جار ٢٥ مەتر" بەڕۆژ لە شەقامە تەسک و تریسکەکاندا دەگەڕێن و هەندێک جـار ١٨٠ پلە پێچ دەکەنەوە. ١٥. شـەوانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا ئۆتۆمۆبێلی بارەبەر و تانکەری سووتەمەنی لە ناو ماڵاندا دەوەستن. ئەمانە سـەرەڕای مەترسییـان، ڕێگەکانیش تەواو دادەخەن. ١٦. لە کـاتی چاککردنەوەی شـەقـامی ناو شـار و ڕێگەوبـانی دەرەوەدا چاڵ و کەندال دروست دەبن بەڵام ئاماژکە و لەمـپـەر دانانرێن بۆ ئاگەدارکـردنەوە. ١٧. ئۆتۆمۆبێلی کۆنە و دووکەڵدار و بێ نەینۆک و بێ کـارکـردنی ڕووناکی و لایتی ئاماژکە یان بێ فسفۆڕ و ئاگرکوژێنەوە، یەکجـار زۆرن. ١٨. تاریکیی شـەقـام و ڕێگەوبان لـە شـەودا، وێڕای نەبوونی بریسکە و ئامـاژکـەی سـادە و ئاسـان. ١٩. کـارنەکـردنی پۆلیـسی هـاتوچۆ لە شـەودا. ٢٠. لێـخـوڕینی بێ مـۆڵەت و وەرگرتنی مۆڵەتی لێخوڕین بەئاسـانی و بەشێوازی نایاسـایی. ٢١. نەبەسـتنـەوەی پشـتـێن و قـایشی ئەمـینی. ٢٢. بـەسـتنـەوەی جـەمـەدانی و دەسـرۆک و هەوری و مـێـزەر لەلایەن هەندێک شـوفـێرەوە دەبێـتە هۆی ئەوەی گـوێیـان لە دەنگی دەرەوە نەبێ. ٢٣. مـۆڵەتی لێـخـوڕینی گـشـتی دەبـێ تا تەمـەنێکی دیاری کراو بێت "بۆ نموونە شەست ساڵ"، شوفێری تەکسی هەیە

زۆر پیره، ڕەنگە سەرەڕای زەغت و سوکەری، نەگوێی کار بکات نەچاوی. ٢٤. پۆلیسی هاتوچۆ دەبێ لە رووی لەشەوە پتەو و چوارشانە و بەهێز بێت، دەبێ بەجۆرێک بێ بتوانێ قۆڵی یاسابەزێنێک بگرێ و بیهێنێتە خوارەوە. ٢٥. پۆلیسی هاتوچۆ مەشقی تەواو نییە، جلوبەرگی ڕێکوپێک نییە، کە ئەم پیاوە نیشانەی دەوڵەت و یاسایە. سەرەڕای مووچەی کەمی. ٢٦. نەبوونی بەرنامەی ڕێوێنیی بەردەوام لە ڕادیۆکاندا، واتە هەموو بەیانیان سەعات حەوت و نیو، ئەو دەمانەی زۆربەی خەڵک بەڕێوەن بۆ سەر کاریان، دەبێ بەرنامە هەبێت تاوەکو ڕێنوێنییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ سەدان جار فرەپاتە بکاتەوە. هانی شوفێر و لێخوڕ بدات ڕێز لەم ڕێنوێنییانە بگرن لە پێناو پاراستنی گیانی خۆیان و خەڵک و لەپێناو ڕێکوپێکی لە ڕۆیشتندا.

ئیتر رای کێشە، تۆ دەتوانی بەردەوام بی لە ریزکردنی چەندان خاڵی تریش، کە هەموو ئەمانە بوون و دەبنە هۆی تیاچوونی گیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک. ڕۆژانە لەناو شاران و لە ڕێگەوبانی دەرەوەدا چەندان کەس دەبنە قوربانیی بێ نیزانی و بێ سیستەمیی هاتوچۆ. برۆ سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکە ئینجا دەزانی. با بیر بکەینەوە ئاخۆ ژمارەی ئەوانەی لەم ساڵانەدا بوونەتە قوربانی چەندە؟ کەمترن لە قوربانییانی شەڕی ناوخۆ یان زیاتر؟ بەداخەوە، داوودەزگای پۆلیسی هاتوچۆ یان تەندروستی ئاماری ورد لەمبارەیەوە نادەنە دەست تا ڕاستیی تەواومان بۆ دەرکەوێ. من بم لە جیاتی بەڕێز کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی کوردستان، لەم خاڵانە تووڕە نابم، دەیگرم بەدەستەوە و یەک یەک جێبەجێیان دەکەم. کێ وەک من راوێژی ئاوا باش بەخۆڕایی پێشکێش دەکات.

هەرێمی کوردستان ٣٨٥ لە ٢٠٠٦/١٠/١٧

## فاشیل

"دەستم دایە پێنووسم نەمزانی چی بنووسم". جاران کە منداڵ بووین یەکسەر بەم ڕستەیە نامە و نووسینەکانمان دەست پێ دەکرد، بەڵام ئێستا کاتێ دێمە

پشت کۆمپیوتەر یەکسەر بیر لە کاک حەمە سەعید حەسەن دەکەمەوە. دوای هەموو نووسینێکی من نارەحەتیی خۆی پێشان دەدات لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی؛ هەرچەندە کەمیش وشەی عەرەبی بەکاردێنم. راستت دەوێ، ئەگەر یەکێک بیەوێ بەکوردی بنووسێ و هیچ وشەیەکی عەرەبی بەکار نەهێنێ، ئازار دەکێشێ؛ رەنگە نەشتوانێ مەبەست و بیر بەتەواوی دەربڕێ. نووسینی کوردی بێ وشەی عەرەبی، وەک شیعری بێ نوختە وایە کە تەنیا قانیع پێی نووسراوە.

بەم بۆنەیەوە هەر جارێک کە باسی گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ لاتینی دەکرێ و خۆشم یەکێکم لە پشتیوانانی ئەم گۆڕینە، داخ لەم شیعرەی قانیع دەخۆم؛ چونکە لە گۆڕینی ئەلفبێیەکەدا نوختەی بۆ دروست دەبێ. بۆ نموونە "مل" کە لە عەرەبیدا بێ نوختەیە، لە لاتینیدا دەبێت بە mil. تەنیا ئەگەر پێشنیازە تازەکەی مامۆستا جەمال نەبەز جێبەجێ بکرێت کە داوا دەکات ئەم i یە هەڵبگیرێ. ئیتر ئەو کاتە کەس زەرەر ناکا و نارەحەت نابێ. مەگەر هەر گیوی موکریانی زەرەر بکات کە ناوی لەم "i "یە ناوە: بزرۆکە.

چۆن فاشیل بکەم بەکوردی؟ کارێکی سەختە. هەزاران فاشیل لەم وڵاتەدا دێن و دەچن و کاریشیان بەدەستەوەیە، بەڵام کەس پەکی نەکەوتووە لەسەر ئەوەی فاشیل کوردیی پەتی نییە. زمانی کوردی زمانێکی سەیرە؛ نیوەی خاکی کوردستانی باکوور کەژ و کێوە، کەچی لە زاراوەی کرمانجیی سەروودا وشەیەک نییە بۆ لوتکەی چیا. ئەوان دەڵێن: سەرێ چیا.

تۆ لە کوردستاندا فاشیل بیت چ کێشەیەکت نییە؛ ئەگەر سەرکەوتوویت حاڵت پەشێوە. بڕۆی بۆ هەر جماتێک پڕە لە فاشیل. جار ئەگەر خۆت یەکێک بیت لە خۆیان بە"فەرموو فەرموو" پێشوازیت دەکەن. ئەگەر یەکێکیش نەبیت لەوان، جێت نابێتەوە. بڵاوکراوە هەیە تاقمێک فاشیل دەری دەکەن، شەش دانەی لێ نافرۆشرێنەوە، بەدیاری دەینێرن بۆ ئەم ئەو. هەندێک جار بۆ ناوبانگ پەیداکردن دێن ناوی ئەم و ئەو دەزڕێنن. خۆم مەعمیلێکی بەردەوامی ئەم بڵاوکراوەیەم و بەردەوام ناوم لەکەدار دەکەن.

مـەلای کـورد خـۆی لە تەک حـافـزی شـیـرازیدا بەراورد دەکـات، بـەڵام لە تاقیکردنەوەیەک بـۆ ڕێوڕەسـمـی حـەج لەسـەر سـەد پازدە وەردەگرێ، ناویشـی زانایـە. سـەد حـزبت پـێ نیـشـان دەم، دووکـانـی پینـەدۆز قـەرەباڵغـتـرە لە بارەگاکانیـان. ئیتر حـاڵ وایە، لە وڵاتێکدا کە فـاشیل تیـایدا دڵـمەندە، دەبێ حاڵی ناجیح چی بێت. بڕیارم دا ئیتر منیش لە نووسیندا پەکم لەسـەر وشەی بیـانی نەکەوێت، لە کوردسـتـاندا: فـاشیل وەزعی باشـە؛ ناجیح وەزعی خـراوە. قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا.

میدیا ٣٦٥ لە ٢٠٠٦/١١/١٤

## حزبی لینینی

چەند ڕۆژ عـەوداڵـی پەیداکـردنی کـتـێـبـێکی لینین بـووم، دەسـتم نەکـەوت. دەمویست بۆ نووسـینی وتارێک سوودی لێ وەرگرم. لە کادیری حزبێکی چەپم پرسی: ئاخۆ حزبـەکەتان هێشـتا لینینییە؟ گوتی نەخێر ئێستا مارکسـیین. «ئەدی باشە ئەم چەکوچ و داسە چییە؟ نەخێر ئێوە هێشتا لینینین. حزبەکانی کـوردسـتـان هـەمـوویان لینینین. نەک تەنیـا ئێـوە و پارتـی و یەکـێـتـی، بگرە یەککگرتوو و بزووتنەوە و کۆمەڵیش هەر لینینین. داڕشـتنی سەرجەم حزبەکانی کوردستان لینینییە» گوتم.

پێش سـەد سـاڵ یان وردتر لـە ١٩٠٥دا لینین کـتـێـبـێکی دانا بـەناوی "هـەنگاوێک بۆ پێش دوو هـەنگاو بۆ دوا". لە بیرم نییـە مـەبەسـتی لەم ناوە چی بوو بەڵام دەزانم لەو کتێبەدا گفتوگۆ لەگەڵ یەکێکی وەک خۆی دەکات لەبارەی شـێـوەی کـاری حـزبایـەتی و لەبارەی ئـەوەی ئەندامی حـزب دەبێ چۆن بێ؟ بەگوێرەی قسەکانی ئەو، ئەندام دەبێ بڕوای بەپەیڕەو و پرۆگرامی حزب هەبێ و لە کۆبوونـەوەدا بەشداری بکات و ئابوونـەی مـانگانەش بدات. پیـاوەکەی تر کە ناویم لەبیر نییـە ئەم سێ مەرجـە ڕەت دەکاتـەوە و دەڵێ: نەخێر ئەندام ئەو کـەسـەیە کـە لە خـۆپێـشـاندانـدا بەشـداری دەکـات و بەس. ئەوی تر هـیـچی مەبەست نییە.

هەڵبەت ئەمڕۆ خۆ پێشاندان بەشێوەی جارانی نەماوە کە خەڵک بڕژێنە سەر جادە و هاوار بکەن: بژی بڕووخێ. ئێستا خۆپێشاندان بێ دەنگانەیە و لەســـەر سندووقی هەڵبـــژاردن روو دەدات، دوای هەڵڕشـــتنی ناوەڕۆکی سندووقەکان ئینجا دەردەکەوێ کێ دەژی و کێ دەڕووخێ.

مێژوو دەری خست لینین چەوت بوو. بۆیەش ئەحزابی لەو شێوەیەی ئەو ویستی، نەیانتوانی پێش بکەون. تەنیا سیستەمی دیکتاتۆرییان لێ بەدی هات و گەلان لێیان رازی نەبوون. ئەوەی بەهۆی شۆڕشەوەش بەدەستیان هێنابوو یان ئەوەی لە ئەنجامی بردنەوەی سۆڤیەت لە شەڕی دووەم دەستیان کەوتبوو، پاش کەمتر لە نیوە سەدە دۆڕاندیانەوە و نەیانتوانی سیستەمی دیموکراسی بنیات بنێن. دەرکەوت دیموکراسی بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی رۆئاوایە و بەحزبی شێوە لینینی نایەتەدی. تەنیا حزبی شێوەی پیاوەکەی دژی لینین دەتوانێ دروستی بکات.

حزبی شێوە لینینی کاتێ دەسەڵات و دەسکەوتی دەکەوێتە دەست، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار تەنیا بیر لەوانە دەکاتەوە کە ئەندام و لایەنگری خۆی بوون. بڕوای بەکەسی تر نییە. لەشکرێکی هەیە لە لق و مەڵبەند و ناوچە و کۆمیتە و رێکخراو. لەشکرێکی زۆر و زەوەند، زۆر و بۆر، زۆربەی جاریش مشەخۆر. بۆ پەرلەمان لیستێک پێشکێش دەکەن مرۆڤ سەری دەسوڕمێ ئەم ناوانەیان بەکام چرای گەنەگەرچەک دۆزیوەتەوە. بۆ پۆستی کارگێری و رۆشنبیری و هەموو شتی تریش هەر وا. دەست لە هەموو شت وەردەدەن. ئیتر لە ئەنجامدا هەمان ئەو رێگەیە دەکوتنەوە کە ئەحزابی لینینی کوتایانەوە و هەمان سەرئەنجامیش دێتەوە ڕێ.

زۆرجار بیرم لەوە کردووەتەوە حزبەکانی کوردستان بەردەوام لە خەمی ئەوەدان یان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا دەیانەوێ لەم وڵاتەدا دیموکراسی بنیات بنێن، بێ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بیر لەوە بکەنەوە هەر خۆیان کۆسپن لەسەر رێگەی گۆڕانکاریی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بێگومان بەم کەرەستە و ئامێرەی ئەوان هەیانە دیموکراسی نایەتەدی. دەبێ خۆیان بگۆڕن

بۆ شێوەی ڕێکخستنی حزبی ڕۆئاوایی. حزبی سووکەڵە و کەم مەسرەف، کارا و کاریگەر.

وەک لە ڕاگەیاندندا دەبیستین حزبە سەرەکییەکانی کوردستان، پارتی و یەکێتی دەیانەوێ لەم نێزیکانەدا کۆنگرە ببەستن. بۆیە ئەم پێشنیازە دەخەمە بەردەست: وا چاکە بەگوێرەی گۆڕانەکانی سەردەم بەخۆیاندا بچنەوە. ئەگینا پاشەڕۆژیان بەدڵ نابێ.

هەرێمی کوردستان ٣٨٩ لە ٢٠٠٦/١١/٢١

## قەومی کورد

پێش چەند ساڵێک وتارێکم بۆ ڕۆژنامەیەک نووسی، بەم شێوەیە دەستم پێ کرد: «میللەتی کورد ئەگەر لە مێژووی خۆیدا هیچ شانازییەکی نەبێ، ئەو شانازییەی هەیە کە ماوە». یەکێک پێی گوتم: «دەبوایە دوای ئەم رستەیە بنووسی: بەڵام خۆزگە لەناوبچوایە». وام زانی ئەم بۆچوونەی لە سۆنگەی ژیانی ئەورووپا و بەکەم زانینی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ کە تازە گەڕابووەوە، بۆیە لە نووسینێکی تردا بۆچوونەکەم بەم شێوەیە تەواو کرد: «...بەڵام ئەگەر یەکێک سەیری ئەو مێژووە بکات دەزانێ باجی ئەو مانەوەیە چەند بووە».

ساڵی ١٩٨٥ کە تازە خوێندنی زانکۆم تەواو کردبوو، چووم بۆ بەغدا. ڕێکەوتی هاوپۆلێکی خوێندنی ئامادەییم کرد. گوتی: حەز دەکەی بچین بۆ کوێ؟ گوتم: دەمەوێ مەسعوود محەمەد ببینم. گوتی: ئەمە کێیە؟ بۆم باس کرد کێیە. هەر ئەو شەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەیمان دۆزیەوە و پێوەندیمان پێوەی کرد. گوتی: ئێوە کێن؟ ئەمجارە نەمزانی بڵێم چی؟ ئێمە کێین؟ کەس، هیچ، لاوین دەمانەوێ بتانبینین؟

بۆ بەیانی چووین بۆ سەردانی، بەگەرمی پێشوازیی کردین. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە لە بیرەوەریدا کاڵ نابێتەوە. لە بەردەم نووسەرێکی گەورەدا دانیشتین. برادەرەکەم کە دوێنێ نەیزانیبوو مەسعوود محەمەد کێیە، ئەمڕۆ لە من زیاتر

قسـەی دەکرد. من تەنیـا گـوێم گـرتبـوو، چاکـتـر بڵـێم خـەونم دەبینـی. ئەو دەیگوت: «هـەندێک جـار بەخـەیاڵ دەوڵەتی کـوردی دروسـت دەکـەم. وەزارەتی پیشەسازی بە مـقاوەلات دەدەم بەکۆمپانیایەکی فرەنسـی. وەزارەتی کشتوکاڵ دەدەم بەکۆمپـانیایەکی ژاپۆنی. وەزارەتی تەندروسـتی دەدەم بـەکۆمـپانیـایەکی ئەڵمـانی، ئیـتـر بەم شـێوەیە.... بەڵام کـاتێ دەگـەمـە سـەر وەزارەتی بـەرگری دەزانم خـەیاڵـەکـە بێ بناغـەیە، دەسـتی لێ هـەڵدەگـرم ...». ئەو ڕۆژە لـە ناخی خۆمـدا لە دژایەیەتییـەکدا بووم، ئەندامی حزبێکی چەپ بووم و ئەوپەڕی بڕوام بەتوانـا و لێـهـاتووییی مـیللەت هـەبوو، پێم وابوو ئـەگـەر مـیللـەت دەرفـەتی بۆ هەڵکەوێ دەتوانێ گەشاوەترین ژیان لەسـەر خـاکەکەیدا بنیـات بنێ، لەبەرئەوە لە دڵی خـۆمـدا دەمگوت دەبێ هۆی چـی بێ ئەم پیـاوە بیـریار و تێگەیشـتـووە بڕوای بەکورد نییە؟

ئەم دڵەڕاوکـەیە هـەر لەگەڵمـدا ژیا. ئاخـۆ کورد مـیللەتێکی بێ کەڵکە؟ بۆچی شـەرەفـخانی بەدلیسـی لە شـەرەفنامـەدا بە "خـۆخـۆر" ناوی دەبات. پاش چەند ساڵ جـارێکی تر هـەر لە مامۆسـتا مەسـعوود مـحـەمـەدم بیست دەیگوت: «ئێـمـە خاکەکەمان لەخۆمان پیاوتر بووە.» جا بەڕاستی کوردستان پیاو بووە. هـەوای خـۆش و ئاوی زۆر و زەویی بەبڕشت و ژێرزەوینی پڕ لە کـانزا، چیـاوچۆڵی ڕژد و سـەخت لە گشت لاوە حەشـاری داوین، بەڵام وڵاتێکە، دواکـەوتوو و بێ بـار و ژێردەسـتـە. هـەرچیـی بەسـەری هـاتبێ بەهـۆی زەمـتـەیی و نەکـارەییی کـوردەوە بووە.

ئیمـەی کورد کە جاران هـەمـیشە گلە و گـازنمان لە بەختی ناپوختی خـۆمان بوو، ئێسـتـا بیانوومان نەماوە، کوردسـتـان ئازادە و داگیرکـەر تیایدا ناخوێنێ، دەوڵەتی کـوردی هـەیە، ئـەو گـرێیـەش نـەمـا کـە مـامـۆسـتـا مـەسـعـوود مـحـەمـەد باسـی دەکـرد و دەیگوت وەزارەتی بـەرگری، هـیـچ بەڵێندەر و مـقـاویلێک وەری ناگـرێ لەبەرئەوەی پێـمـان دەڵێن دەبـێ کـوڕانی وڵات بەرگـری لە نیشـتـمـانی خـۆیان بکەن. ئەوەتا سـوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا وا لەسـەر خـاکی عـێـراقـدا بەرەنگاری ناحـەز و دوژمنـان بووەتەوە و خـوێنی خـۆی لە پێناو

داهاتووی گەشی ئێمەدا بەخت دەکات. بەڵام ئێمە لە بنیاتنانی وڵاتی خۆماندا سست و نەکارەین. دەمی هەر کێ دەکەیتەوە چاکەی حکومەتی کوردی ناڵێ. ئەمڕۆ ئازایەتیی و بوێریی هەر کەس لەوەدایە زیاتر حکومەت و دەسەڵاتی کوردی ریسوا بکات.

پێش چەند ساڵێک شاندێکی ڕۆشنبیرانی عەرەب بۆ یادی "وابزانم" جەواهیری هاتبوون. ڕۆشنبیرێکی کورد خۆی پێ گەیاندبوون و گوتبووی: «بڕوایان پێ مەکەن کە دەڵێن کوردستان ئازادییە و لە پێشکەوتندایە. هەمووی گەندەڵییە و چەوساندنەوە و دەم داخستن». کابرای عەرەب هەواڵەکەی بەهەندێکی تر لە ڕۆشنبیرانی کورد گەیاندبووەوە.

جاران بەس شاعیر هەبوون. بەڵام ئەوانیش لەگەڵ کورددا راستگۆ نەبوون، زۆریان پەسنی کورد دەدا کە لە جێی خۆیدا نەبوو، وایان کردبوو زیاتر لە خۆی بایی ببێ. بۆ نموونە یەکێکیان گوتبووی: «قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین – میللەتێکی قارەمانن، هەر دەبێ سەربەست بژین». جا کەی ئەمە وایە؟ کەس دەتوانێ ئیسپاتی بکات کورد هەر قارەمان بوون و هەر بەسەربەستیش ژیاون؟

جێی خەم و پەژارەیە بەگوێرەی قسەی هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، کورد هەموویان شاعیرن. ئەمە منیشی گرتووەتەوە هەرچەندە هیچ ڕۆژێک نەمتوانیوە "خەیاڵێک بخەمە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەوە". برادەرێکم لەسەر بناغەی ئەو قسەیەی ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێ: تۆ کوردی بۆیە نابێ بڵێین تۆ شاعیر نیت، دەبێ بڵێین تۆ فاشیلترین شاعیری کوردی.

وایە، ئەگەر شاعیر بوایەم دەمتوانی ئەو راستییە بەشیعر بهۆنمەوە: «ئەوە کوردستان بووە کە هەمیشە کوردی پاراستووە نەک بەپێچەوانەوە. ئەوە خاکەکەمان بووە لە خۆمان پیاوتر، ئەوە ئێمەین ناتوانین رێز لە دەسەڵات و وڵاتی خۆمان بگرین کە سالانی ساڵ خوێنیشمان بۆی داوە».

میدیا ٢٦٦ لە ٢٠٠٦/١١/٢١

## ئەی بەرپرسیار هەی ریسوا

ریسواکردنی بەرپرسیار کارێکە سووک و سانایە، تەنانەت ئەگەر رابردووی گەش و ژینامەی پاکیشی هەبێ. لە جڤات بێ یان ڕۆژنامە یان لە هەر کوێدا، هەر کەس دەتوانێ بەئارەزووی خۆی بۆی بهۆنێتەوە، کەس بەرگریی لێ ناکات تەنانەت ئەگەر واش نەبێ. دوای ئازادبوونی کوردستان لە ٩١ زۆربەی ئەوانەی بەرپرسیارەتییان وەرگرت، شۆڕشگێڕانی دوێنێ بوون؛ لە شاخ و ئاوارەییدا خەباتیان کردبوو. هەیانبوو یەکەمین فیشەکەکانی دوای نسکۆی تەقاندبوو، یان چەندان کەس لە بنەماڵەکەیدا بووبوون بەقوربانی. بەڵام لەو ساتەوە رەوشی ناوبانگیان ملی رێگەی سەرەولێژی گرتووە.

بیری لێ دەکەمەوە ئاخۆ سیستەمەکەیە بووە بەهۆی ریسوابوونی بەرپرسیار، یان پێچەوانەکەی راستە؟ ئاخۆ بەرپرسیاران بوونەتە مایەی گەندەڵی، یان میللەت خۆی هاندەری ئەمەیە؟ هەندێک جار لەبەر ئاڵۆزیی رەوشەکە مرۆڤ سەری لێ دەرناچێ. بۆ نموونە هاووڵاتی سکاڵا دەکات لە نەبوونی کارەبا. بەرپرسیاریش گلەیی دەکات کە میللەت دەستی پێوە ناگرێ. شار پیسە و هەرکەس گلەیی دەکات لە شارەوانی، شارەوانیش دەڵێ کەس هاوکارمان نییە. ئاوەڕۆ لێ دەدرێ، پاش ماوەیەکی کەم دەگیرێ، میللەت دەڵێ هۆی ئەمە گەندەڵییە، بەرپرسیار دەڵێ نەخێر بێ کولتوورییە کە میللەت پارێزگاریی لێ ناکات. هێلکە لە مریشکە یان مریشک لە هێلکە، کەس نازانێ. هەرچییەک بێت، من لەو باوەڕەدام هەر بەپرسیار بەرپرسە لە هەموو شتێک جا چ بێ سیستەمیی داوودەزگا بێت یان بێ کولتووریی میللەت.

با بگەڕێینەوە سالآنی پێشوو، ئاوەکە لەوێوە ڕژا. کوردستانی دوای راپەڕین، وڵاتێک بوو شەلاڵ لە دواکەوتوویی؛ خنکاو لە تەنگەلآنی ئابووری؛ نقوم لە بێ سیستەمی. ململانەی تەسکی حزبایەتیش کێشانە و پێوانەیەکی وای هێنایە کایە، نەکارە و فاشیل لێی سوودمەند بن؛ خاوەن لێهاتووییش بێ بەش لە هەل و دەرفەتی رەخساو. سەنگەرگۆڕین بوون بەباو و مۆدەی ئەو

دەم. شەڕی ناوەخۆ تالآن و بڕۆی کرد بەکولتوور. تەزکیەی حزب بۆ دامەزران لە گشت کارێک تەنانەت کاری ئاساییی وەک: بەردەست، چایچی، پاسەوانی شەوانەی پڕۆژەیەکیش، بوو بەمەرجی بێ چەند و چۆن. خەرجی بڕینەوە بۆ براگەورە، بۆ خاوەنی تەکیە و خانەقا و دیوەخان، هەموو ئەمانە و دەیان مۆدەی تر رووالەتی کۆمەڵی کوردەوارییان بەرەنگێکی کرێت نەخشاند، کولتووری میللەتیان گۆڕی. زۆر لەمانە تا پاریش مابوون، ئێستاش ماون. مووچەی بەلاش بۆ لایەنگر و بۆ دۆستان، بۆ خزم و کەس. ئەمە داوونەریتێکی تازەی هێنایە بەرهەم. ئەرێ ئەمە کولتووری کێ بوو: خۆمان یان بەعس؟

بەرپرسیار لە ژیانی کەسایەتیی خۆیدا گوێی نەدایە هەستی خەڵک، کەشوفشی بێ پاساو، سامان کۆکردنەوە، تاسە و کۆسپەی بەردەرگەی ماڵ، کۆلآن گرتن، کارەبای فوول، خانوو و بەرە و باخ و بێستان، پاوانکاری لە هەموو شتدا، بەڵێنی زۆر و کاری کەم، گشت ئەمانە بوونە پەردە و دادرانەوە بەسەر خەباتی دوێنێدا. تەنانەت بوون بەرووبەند بۆ شاردنەوەی سەرجەم ئەو پێشکەوتنانەی روویان دەدا لە: پێشوەچوونی باری سیاسی، ئاوەدانکردنەوە، بزاڤی رۆشنبیری و خوێندن، تەندروستی، باری بژیو... هتد.

چەپڵە بەیەک دەست لێ نادرێ. ئەگەر میللەت نەیویستایە زۆربەی ئەمانە نەدەبوون. بەلآم ئەویش شان بەشانی ئەم رەوشە، رێز لە رێنوێنیی گشتی ناگرێ، یاسای بەلاوە فشەیە. هەرچی بکەی رازی نابێ. تەنیا گەندەڵکاریی دەوێ: "کوڕەکەم دامەزرێنە بندیوار بێ. براکەم لە پۆلیسی هاتوچۆی داوە نەگیرێ. پیاوەکەم پۆلیسێکی کوشتووە بەری دەن. دایکم نەساغە بینێرن بۆ دەرەوە. پارچە زەوییەکی ترم دەوێ بەئیستیسنا. ئامۆزاکەم کاتی رژێم تێن تیی پێ گیرا، هێشتا گیراوە ئازادی کەن. برازاکەم تلیاکی پێ گیرا با حوکم نەدرێ. کچەکەم لە تاقیکردنەوە پلەی نەهێناوە یا لە کۆلێجی پزیشکی یان ئەندازە وەربگیرێ. ئۆتۆمۆبێلێکم هێناوە مۆدێلەکانی لە خوارێیە با ژمارەی لێ بدرێ. ناوی کوڕەکەم لە دەزگای شەهید تۆمار کەن". هەزاران داوای تری بێ بنەما. بەرپرسیار بیکات گەندەڵکارییە نەیکات ریسوا.

جا کە ڕەوشەکەمان وایە ئەو بەرپرسانەی بەهەر بیانوو و پاساوێک دەستی یارمەتی درێژ دەکەن بۆ ئەو خەڵکەی بە هەر ناوێک داوای کاری نایاسایی دەکەن، با لەمەولا دەست بەیاساوە بگرن، دڵنیابن ئەو کاتەش هەر ریسوا دەکرێن بەڵام ئەویان باشترە لەمەی ئێستا، هەر نەبێ بە کوردایەتی حیساب دەبێ.

هەرێمی کوردستان ٣٩٠ لە ٢٠٠٦/١١/٢٨

## کەرکووک لەم پێچدانەوە تیژەدا

ساڵی ١٩٧٢ رێژیمی عێراق هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی دا. بارزانی، ئەو دەمە بەداخ و پەژارەیەکەوە گوتی: «دەزانم شەڕ هەر دەست پێ دەکاتەوە بەڵام با لەسەر کەرکووک بێت». ئەوەبوو یەکێک لە هۆیەکانی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردستان دووای ساڵ و نیوێک، کێشەی کەرکووک بوو. سەرکردەی شۆڕش هەرچەندە دەیزانی دان پێداهێنانی ئەو رێژیمە بەکوردستانیبونی گەرمیان پرسێکی نێزیکە لە مەحاڵ، ئەمەش کوردی دەخستە بەردەم هەڵبژاردنی رێی هات و نەهات، بەڵام نەشیدەویست بە دەست هەڵگرتن لێی، خۆی و بزووتنەوەکەی بخاتە بەر لێپرسینەوەی مێژووی میللەتەوە. لە ماوەی چوار ساڵ ١٩٧٠ – ٧٤ دانووستاندن لە نێوان سەرانی شۆڕش و حکوومەتی عێراقدا بەردەوام بوو، بەڵام لە ئاست ئەم پرسەدا هیچ هەنگاوێک بەرەوپێش هەڵنەهات، هەنگاوەکان هەر بەرەو پاش بوون.

کەرکووک بۆ کورد گرینگ و پیرۆزیشە. جگە لەوەی دەوڵەتە خەیاڵییەکەی کوردستان بێ نەوتی باوەگوڕگوڕ لاواز دەبێ، زۆریشمان خوێن لە پێناوی کەرکووکدا داوە. ئەم شارە بووە بە گرێکوێرەی دەروونی بۆمان. تەنانەت بێ پرسی نەوتیش، کورد دەڵێ کەرکووک کوردستانە و ناشێ دەستی لێ هەڵگرین. ساڵی ١٩٩١ جەلال تاڵەبانی لە کاتی وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و رێژیمی سەدامدا گوتی: ئەگەر کوردی عێراقیش دەست لە

کەرکووک هەڵگرێ، کوردی پارچەکانی تر رازی نابن. سەرچاوەکان دەڵێن لەو وتووێژانەدا سەدام گوتوویەتی دوور نەبوو ساڵی ٧٤ دانمان بەمافەکانی کورددا بنایە ئەگەر پاڵەپەستۆی وڵاتانی عەرەب و ناوچەکە بیانهێشتایە.

لە ئیستای عێراقدا، تەنیا هەبوونی مادەیەک لە دەستوور کە رێخۆشکەرە بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک، بەس نییە. ئاخۆ چەندان پەیمان و بەڵێن لە مێژوودا کە مافی کوردیان تێدا هاتووە، پێخوست نەکراون؟ ئەمەریکا گەرەنتیی جێبەجێبوونی ئەو دەستوورەیە و وا دەنگۆی کشانەوەی ئەویش لە عێراق لە راگەیاندنی عەرەبیدا گوێ کاس دەکات. سەرکردەگەلی سوننەی عەرەب ئەم دەستوورە بەداسەپاوی ئەمەریکا دەزانن، بۆیە دوای ئەم کشانەوەیە "ئەگەر رووی دا"، ئەویش دەکەوێتە مەترسییەوە. حکوومەتی عێراق و ئەمەریکا لە پرسی دابینکردنی ئەمینی و ئاسایشدا نووچیان دا، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر هەموو شت هەبووە. ئەوەتا دوای سێ ساڵ و نیو لە رزگاربوونی عێراق، لە پرسی کەرکووکدا هیچ پێشکەوتنێک رووی نەداوە. "ئەمرۆ نا سبەی وەرەوە" سەرئەنجام دەستەوئەژنۆ دانیشتن و کات بەسەرچوون ماڵ وێران دەکات. دەبێ باشتر خەم لە حاڵی خۆمان بخۆین.

کەڵە رۆژنامەنووسی عەرەب محەمەد حەسەنێن هەیکەل لەم رۆژانەدا گوتی: ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا سەر هەڵبدات، تورکیا پلانی ئامادەی هەیە و دەمودەست دەیرووخێنێ. هەڵبەت ئەگەر ئەمە روو بدات، ئەوا تورکیا بەبریکاریەتی بۆ سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە دەیکات، ئەویش لە حاڵەتی پاشەکشەی ئەمەریکا، وەک گوتمان. راستە بەرپرسانی دەسەڵاتی ئێستای عێراق دەڵێن کەرکووک کاروبارێکی عێراقییە، بەڵام ئاخۆ چ شتێک لە عێراق ماوە کاروباری ناوەخۆی عێراقییەکان بێت تا بە کەرکووک رابگات؟

دەپرسن ئەرێ تا چ رادەیەک شیانی ئەوە هەبووە لە بەهاری ٢٠٠٣دا کورد بەزەبری هێز کەرکووک وەربگرێتەوە؟ دیار نییە، ئەگەر هەلیش هەبووبێ، لە دەست چوو. ئەمرۆش ئەم کارە یاریکردنە بەئاگر، رەنگە ئەوەی بەدیشمان هێناوە بیدۆڕێنینەوە.

بۆیە باشترین حاڵ بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی کوردستان هەر پشت بەستنە بە مادەی ١٤٠ لە دەستوور، ئەمەش لە بارێکدا ئەگەر باردۆخی ئێستای عێراق نەختێک بەرەوباشی بڕواتەوە. بەگوێرەی ئەمە، گەڕانەوەی کەرکووک بەڕیفراندۆم دەبێ، واتە بەدەنگی خەڵکی شارەکە کە زۆربەی بریتییە لە کورد و تورکمان ئینجا ئەوانی تر. بەبۆچوونی من، نێزیکبوونەوەی زیاتری کورد لە تورکمان باشترین چارەسەرە بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە.

دەستووری کوردستان لەم ڕۆژانەدا نێزیک دەبێتەوە لەو ساتەی دەخرێتە بەردەم دەنگدانی گەلی کوردستان، هەبوونی ئاماژەی دڵخۆشکەر لەم دەستوورەدا بۆ مافی سیاسیی تورکمان و مەسیحییەکان یاریدەرمان دەبێت بۆ گەڕانەوەی پارچە زەوتکراوەکانی کوردستان و دابینکردنی داهاتوویێکی گەش و رازاوە لەم نیشتمانەدا. ئەگینا دەبێ دواجار پەنا ببەینەوە بۆ قومار، ئەمەش واوەیلا لە ئەنجامەکانی.

مێژووی کورد، رەنگە مێژووی زۆربەی مرۆڤایەتی بریتی بێت لە قوماری سەرکردە مێژوویییەکان. کورد جاران کە قوماری دەکرد هیچی نەبوو لە دەستی بچێت، نەدەترسا لە دۆڕان. با لەپێناو پاراستنی ئەوەی هەمانە زیاتر دابنەوێنین بۆ مافی ئەوانەی لەگەڵماندا دەژین. پێچدانەوەی ئەمجارەی مێژوو زۆر تیژە.

کۆواری کانیاو ١ تشرین (٢) ٢٠٠٦

## ئەو چوو ئێمە ژیاین

لە منداڵییەوە هەستم بەخۆشیی جەژن نەکردووە. نەک ئەوەندە، بگرە ڕۆژانی جەژنم زۆر گران بەڕێ کردووە. وەک منداڵانی تر نەچوومەتە شوێنی کەیف و شادی. نایەتەوە بیریشم جلم بۆ جەژن کڕیبێ. ئەمە هەر لەبەرئەوە نەبووە کە خێزانەکەمان لە خێزانە هەژارەکان بوو، بۆ نموونە خوشک و براکانم وەک من نەبوون، ئەوان جەژنیان وەک خەڵکی تر پێشوازی دەکرد و بەڕێ دەکرد. بەڵام

سـەیر لەوەدایە هیـچ جـارێ بیـرم لەوە نەدەکـردەوە بۆچی خـۆشـی لە جـەژن نابینم، تا ئەم جەژنەی دوایی کە نهێنییەکەم بۆ دەرکەوت.

جـەژنی ئەمـسـاڵ، تێکەڵ بوو بـەکـریسـمس و جـەژنی سـەری سـاڵی نوێ. ڕێکەوتی مـێژووش داهـێنانی خـۆی کردبوو، بەرەبەیانی ڕۆژی یەکەمی جەژن سـەدامی دیکتاتۆر بەردارەوە کرا. دەتوانم بڵێم ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم. لە سـەعات سێی دوای نیوەشەوەوە بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتم. هەواڵەکان لەم جۆرەبوون:

– بەرپرسێکی ئەمەریکی گوتی سەدام هێشتا لای ئێمەیە.
– بەرپرسـێکی عـێـراقی گـوتی بەر لە نوێژی سـبـەینەی جـەژن، سـەدام هەڵدەواسین.
– قـازییـەکی عـێـراقی گـوتی داوایان لـێ کـردووم تـا چەند سـاتی تر بـۆ لە سێدارەدانی سەدام ئامادەبم.
– بەرپرسێکی ئەمەریکی گوتی وا لە نێزیک باڵەفڕگەی بەغدا سـەدام دەدەین بەدەستی عێراقییەکانەوە.
دواجار یەکێکیان لەم دڵەڕاوکەیەی ڕزگارکردم و مژدەی دا، گوتی:
– سەدامەمان هەڵواسی.

«ئۆخـەی ئەوە سـەدامـە هەڵواسـرا و منم مـاوم». گـوتم: «دەبوایە من هەڵبواسرێم و ئەو بژی». هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمدەتوانی ئەو ڕۆژە خۆشـە بهێنمـە بەرچاوی خەیاڵ کە سەدام لە دار دەدرێ و وێنەکەی پێشـانی گەلانی عێراق دەدەرێ. هەرچەندە زۆر لەمێژە دڵنیـابووم چارەنووسی ئەم دیکتـاتۆرە ملهوڕ و خوێنڕێژە لە چارەنووسی دیکتـاتۆرەکانی تری مێژوو باشـتر نابێ و هەر ڕۆژێک دێت ملی خۆی و هاوەڵەکانی بەپەتەوە ببینێ.

خـەم و داخ ئەوەیە سـەدام لەسـەر تاوانی هەڵەبجـە و ئەنفـال و ئەنفـالی بارزانییەکان هەڵنەواسرا، لەسـەر ڕەشـەکوژییـەکەی دوجـەیل هەڵواسرا کە تا ئەمڕۆ ئاشکرا نییە ئاخۆ سەدام بەڕاستی لەو شوێنە تەقەی لێ کرابوو یاخۆ

هەر بیانوویەک بوو بە دانیشتوانی بەستەزمانی ئەم شارۆکەیەی گرت. تاوانی رەشەکوژیی خەڵکی دوجەیل نەک ناگاتە ئاستی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەنفالی بارزانییەکان، بگرە لە خوارەوەی قڕکردنی خەڵکی بالیسان و شێخ وەسان و گۆپتەپە و سێوسێنانیشە. هەرچۆن بێ سەدام و رژێمەکەی و حزبەکەی بەمافی خۆیان گەیشتن. بەگوێرەی ماف بێ دەبوایە سەدام سەدان جار هەڵبواسرێ، بۆ دوجەیل و بۆ ئەوانی تر. بەڵام خەمی دووەمم ئەوەیە سەدام بەئیمزای کورد نەچووە بەر پێی دار.

ئەمانە هەمووی بەلایەک. ئەوەی نارەحەتی کردم ئەوەبوو خەڵکێک بۆی نیگەران بوون. عارەب کەیفی خۆیانە گوندێکی لە میسر بەناوەوە بنێن یان بۆی بگرین، یان فەڵەستینییەکان بەکەڵەپیاوی مێژووی بژمێرن. کۆشک و باڵەخانەکانی ئەو گوندە بەپارەی مفتی عێراق و کوردستان دروست کراون، هەر بەپارەی کوردستان و عێراق کۆشک و تەلار بۆ هەزاران عارەبی فەڵەستینی و مۆریتانی و جەزائیری و یەمەنی دروست کراوە. بەڵام کوردێک گوندە وێرانەکەی خۆی لە بیر بچێتەوە و هەناسە بۆ مردنی سەدام هەڵبکیشێ، دەبێ لەمەدا گلەیی لە راگەیاندنی کوردی بکرێت کە رووداوەکەی بەباشی نەقۆستەوە و تەنیا بەشایی و چۆپی کێشان بەسی کرد. تەلەفزیۆنی کوردسات باشی کرد هەندێک دیمەنی گوللەبارانکردنی چەند گەنجێکی کوردی لە ساڵی ١٩٨٨ لە هەولێر خستەوە بەرچاومان. ئەوی تر گشتی جەژن و خەنەبەندان بوو.

دەبوایە لەو ڕۆژەدا بۆ کارەساتەکانی خۆمان و بنەماڵەی شەهیدان خەمێک دابگرین. زاکیرەی کورد بەرەنگێکی کاڵ نووسراوەتەوە، وەک ئەوەی بەتەباشیر نووسرابێ بە پارچە لبادێک دەسڕێتەوە. ئێمە لە سێ ملیۆن سەر مرۆڤی ساڵانی هەشتا، زیاتر لە چوارەکە ملیۆنێکمان بەدەستی ئەم رژێمە چوو، واتە نێزیکەی ١٠٪ی سەرژمێری هەموو خەڵکی کوردستان. نابێ وا زوو ئەم قوربانییانە وێنەیان لە هزر و خەیاڵدا کوێر ببێتەوە.

راستە سزای لە سێدارەدان لە زۆر شوێنی دنیادا هەڵگیراوە. ئەم سزایەش

چارەسەری هیچ کێشەیەک ناکات و تەنیا توندوتیژی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەڵام کێ دەڵێ کێشەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە بەبێ توندوتیژی یەکلا دەبنەوە. وێڕای ئەمە ئەو بیرۆکەیەی لە پشت هەڵواسینی سەدامەوە بوو ئەوەبوو زۆر کەس و لایەن بەهیوابوون سەدام و دار و دەستەکەی بگەڕێنەوە و جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرنەوە دەست، ئەمە بێهیواکردنی ئەو تیرۆریستانە بوو. هەرچۆن بێ من ئەمساڵ جەژنی خۆمم کرد. ڕۆژانی جەژنم بەدیار شین و شەپۆڕی ئەوانە بەسەر برد کە نەیانهێشت ئێمەی منداڵانی وەچەیەک تام لە جەژن بکەین، تەنیا خەم و بێ هیوایی بەشمان بوو.

شێوازی هەڵواسینەکەش لەوپەڕی ڕێکیدابوو، من لەلایەنی خۆمەوە هیچ گلەییەکم نەبوو. تەنیا ئەوە نەبێ کە حەزم دەکرد کوردێکیش لەوێ بێ، یان ئەم پەت خستنە ئەستۆیە بە ئیمزای خۆم بێ.

میدیا ٢٧٢ لە ٢٠٠٧/١/٩

## با بچینە بەغدا

بەرپرسانی کۆمپانیایەکی بیانی خۆشحاڵ بوون بەوەی لە یاسای وەبەرهێناندا مافی ئەوە دراوەتە وەبەرهێنی دەرەکی تاوەکو بێ مەرجی پەیداکردنی هاوبەشی خۆماڵی، کاربکات لە کوردستاندا. گلە و گازنی ئەوەیان دەکرد کە هاوبەشی خۆماڵی "واتە کوردی" تەنیا لە کاتی دابەشکردنی قازانجدا ئامادەیە، وەکو تر دیار نییە. لە کاتێکدا لەبەرئەوەی خەڵکی ئەم وڵاتەیە و تێیدا شارەزایە، دەبێ بەردەوام لەلایەنی خۆیەوە ئاسانکاری و ڕێنوێیی پێویست پێشکێش بە هاوبەشە بیانییەکەی بکات. ئەمە لە ئابووریدا. لە سیاسەتیشدا حاڵ هەمان شتە. کورد دەڵێ من هاوپەیمانی ئەمریکا بووم لە شەڕی رزگاریی عێراقدا، بۆیە پێویستە وەک هاوپەیمان مامەڵەم لەگەڵدا بکرێ و نابێ لە هیچ بڕیارێکدا پشتگوێ بخرێم. دواجار ئەوەبوو لە راپۆرتی بیکەر - هامیلتۆندا بەباشی نەخوێنرابووەوە و بۆیەش

کورد گلەمەندیی هەبوو. بەڵام سەیر ئەوەیە خۆی وەک هاوپەیمان هەڵسوکەوت ناکات.

شەڕەکە هێشتا نەبڕاوەتەوە. پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو هێشتا وا سەرسەختانە شەڕ دەکەن و دەیانەوێ جارێکی تر دەسەڵات بگرنەوە دەست. ڕۆژانە سەربازی ئەمەریکی کە لەو سەری دنیاوە هاتوون، لەسەر خاکی عێراق و لە پێناو داهاتووی دیموکراسی لەم وڵاتەدا دەکوژرێن. کورد وەک ئەوەی لە سینەما دانیشبێ، بێباکانە تەماشا دەکات. لە کاتێکدا ئەنجامی ئەم شەڕەی وا دەگەڕێ، دەستێکی بەهێزی دەبێت لە دیاریکردنی داهاتووی دۆزی ئێمەدا. هەر ئێستاش ئەم شەڕە وا ژیانی ئێمەی لە زۆر ڕووەوە تاڵ کردووە.

کورد بیانوویێکی بەدەستەوە نییە ئەگەر نەیەوێ بچێ بۆ بەغدا. ئەگەر داوای لێ کرا، پێویستە بچێ. نەک هەر ئەمە بگرە دەبێ پێ دابگرێ تا بچێ و لەو شەڕەدا بەشداری بکات. راگەیاندنی عارەبی کردوویەتی بە بنێشتە خۆشکە کەوا ئەم شەڕە شەڕی تایەفەگەریی نێوان شیعە و سوننەیە. ئەم قسەیە، شەو و ڕۆژ هێندە کاوێژ دەکرێتەوە کاری لە هزر و بۆچوونی ئێمەش کردووە. لە بیرمان دەچێتەوە کەوا حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا حکومەتێکە بەهەڵبژاردنێکی دیموکراسییانەی سەرتاسەری هاتووەتە سەر کار. گشت لایەکیش تێیدا بەشدارن. کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، کە هەموو تایەفە و نەتەوەکان جێیان تێدا گرتووە، متمانەی داوە بە حکومەتی مالیکی. لەم کۆمەڵەیەدا تەنانەت کۆنە بەعسی و پیاوی پشتیوانیکەری تیرۆریستانیش هەن کە هەندێکیان هەڵاتوون و دادوەری وا بەدوایاندا وێڵە. ئەگەر راستت دەوێ، لە عێراقدا کەس لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیدا نییە.

بەعسی و نەتەوەچییە عارەبەکان دەیانەوێ رەنگی تایەفەگەری لە ململانەی ناوخۆی ئێستا بسوون. هەڵبەتە دان بەوەدا نانێن کە ئامانجی ئەم شەڕەی ئەوان دژ بەداهاتووی دیموکراسییە و ناڵێن ئێمە هەوڵ دەدەین تەنایی و جێگیری لەم وڵاتەدا نەیەتەدی. ئەگەر نا کوشتنی دەیان قوتابیی کوڕ و کچ لە ڕۆژی ١٦ کانوون (٢) ٢٠٠٧ لە زانکۆی موستەنسرییە، چ ناوێکی لێ دەنرێ؟

کام تایەفە دژی کامی تر کردی؟ بەقسەی بەعسی و ئیسلامییەکان بێ حکوومەتی مالیکی لەبەردەستی شیعەکانە و شیعە دەیانەوێ بەغدا پاک بکەنەوە لە سوننە. بەڵام وەک سەرۆک تاڵەبانی گوتی ٦٠٪ی ئەوانەی تا ئێستا لە عێراق کوژراون سەر بە تایەفەی شیعەن. ساڵی ٢٠٠٦ سی و پێنج هەزار هاووڵاتیی بێ خەتا لە عێراقدا کوژراون. لە بەعس و تیرۆریستی ئیسلامی بەولاوە کێ ئەم کارە دەکات؟ ئەم دیمەنە کارەساتاوییە کورد بانگهێشتن دەکات بۆ بەغدا تا ڕۆڵی مێژوویی خۆی ببینێ.

ڕاستی بڵێم کورد بیانوویەکی بەهێزی بەدەستەوە نییە لەوەی پێشمەرگە نانێرێ بۆ بەغدا. بمانەوێ و نەمانەوێ کۆنە بەعسی و ئەلقاعیدە و ئەنسارولسوننە و چی و چیی تر، هەموویان کورد بەدوژمنی باوک کوشتەی خۆیان دادەنێن. دەستیان لە شیعە بەربێ سێ و دوو لە ڕەشەکوژیی خەڵکی کوردستاندا ناکەن. کردووشیانە و بەردەوامیشن، ئەوەتا نایەڵن بەم سەرماوسۆڵەیە سووتەمەنیی پێویست بگات بەخەڵکی کوردستان. هەموو ڕاگەیاندنی وڵاتانی عارەب کە زۆربەی زۆری، پشتیوانی لەم ڕەوتە توندڕۆیەی دژ بەمرۆڤایەتی دەکات، بچووکترین قسە بۆ خێری کورد ناڵێ. کەواتە بۆچی دەستەوئەژنۆ دانیشین؟ بیانوو چییە؟ بەرپرسێکی سەربازیی کوردستان گوتبووی پێشمەرگەی کورد چی بکات لە بەغدا؟ سەدا نەوەتیان عارەبی نازانن. وەک بڵێی سەربازە ئەمەریکییەکان باش عارەبی بزانن.

دەنگی کورد لە بەغدا نێر نییە لەبەرئەوەی ئێمە لەوێ نین. نوێنەرمان لەوێ هەیە بەڵام هێزی سەربازیمان نییە تا لە جیاکردنەوەی بەرژەوەندییەکاندا خاوەن قسەی یەکلاکەرەوە بین؛ مافەکانمان پێشێل دەکرێن. لە بیست ملیار دۆلاری ئەمەریکی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەدیاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان کرابوو، تەنیا شەش سەد ملیۆن دۆلار دراوە بەکوردستان. حکوومەتی فیدراڵ لە پرسی کەرکووک و ناوچە کوردنشینەکانی تری دەرەوەی هەرێمدا خاوەخاوە دەکات. بودجەش بەڕێکوپێکی نادەن و بەردەوام تەنگژە لە نێوانی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لە پرسگەلی سەر

بەدارا ییدا هەیە.

هەستێک لەلای هاوولاتیی کوردستاندا دروست بووە کەوا ئێمە لە دەرەوەی عێراقین و کوردین و بۆچی خۆمان بۆ خەڵکی تر بەکوشت بدەین. ئەگەر وایە بۆچی داوای بودجــەیان لێ دەکــەین؟ یان بۆچی لە پرسی راپۆرتی بیکەر – هامیلتۆندا خۆمان بە بەشخوراو دەزانین؟ ئەم هەستە هەستێکی هەڵەیە و کوردستانی دابڕیوە لە دنیای دەرەوە، کە دەرگاکەی بۆ ئێمە بۆ سەر دنیا تا ئێستا لە بەغداوە دەکرێتەوە. یەک کونسوڵییەتی هیچ وڵاتێک لە کوردستان نەکراوەتەوە.

ئەم داخراوییەی کوردستان لە ئەنجامدا وای کردووە ئێمە لە راگەیاندنی ناوەخۆدا هیچ دەردێکمان نەبێت جگە لە دەنگۆی زیادبوونی مووچە و کێشەی نەبوونی کارەبا و سووتەمەنی، کە راستت دەوێ هەموو ئەم تەنگژانەش هەر بەهۆی بزری و نەبوونی کوردە لە بەغدا، یان بوونی رێگای هاتوچۆیە لە بن دەستی تیرۆریستاندا. بەکورتی، دەبێ دەستی کورد دەستێکی کارابێ لە نووسینەوەی رووپەڕی مێژووی ئەمڕۆی عێراقدا، ئەگەرنا لە مێژووی سبەیدا کەس بەڕبەی ناپێوێ.

کورد لە زۆر کێشەی چارەنووسی لە عێراقدا خۆی نەبان دەکات. ئەمەش بێگومــان کـاردانەوەی نەرێنیی دەبێ بۆ داهاتوومــان. هەڵواسینی ســەدام رووداوێک بوو نەدەبوو ئیمزای کوردی لەسەر نەبێ، ئەمە خوێندنەوەیەکی هەڵەبوو بۆ بارودۆخی ناوەخۆی عێراق. با بیر لەوە بکەینەوە سەرۆک وەزیران مالیکی کە بەتەنیا خۆی ئیمزای لەداردانی سەدام و بەرزان تکریتی و عەواد بەندەری کرد، ئەمانە لە دۆزی رەشەکوژییەکەی دوجەیلدا سزای لەداردانیان بۆ دەرچووبوو، ئەگەرهاتوو لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا نووری مالیکی لە پرسی هەڵواسینی عەلی کیمایی خۆی دایە لا و گوتی ئەمەیان کاری کوردانە لەبەرئەوەی کردەوەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دژی ئەوان کراوە، ئەو کاتە بڵێین چی؟ خۆ دنیا گاڵتە نییە. مالیکی دەتوانێ وا بڵێ چونکە کاری عێراق تەوافوقییە. با ئەوەش بزانین ئەوەی رەنج نەدات پاشان لە

خێروبێری تەوافوق بێبەش دەبێت. هێشتا ماوە کورد خوێنی تر لە عێراق پێشکێش بکات.

داخ ئەوەیە، ئێمە بەرووبەرێکی زۆر فراوان کەوتووینەتە بەر راگەیاندنی کۆنەخوازانەی عارەبییەوە کە داکۆکی لە سەدام و رژێمە هەڵوەشاوەکەی دەکات. لە زۆر هاوولاتیی کوردستانم بیستووە دەڵێ ئەمەریکایی و شیعەکان بۆیە پەلەیان کرد لە هەڵواسینی سەدام لەبەرئەوەی لە پرسی هەڵەبجە و ئەنفالدا سەدام دان پێداهێنانی گرینگی لەلا هەبوو. هەڵلا هەڵلا لەم ساویلکەییە. هەر کەسێ ئەم قسەیە بکات، بەبێ ئاگەداریی زەینی خۆی، بەرگرییەک لە سەدام و شەللاتییەکانی تر دەکات و هەوڵێکی کرچ و کاڵی رووسپیکردنەوەیان بۆ دەدات لە تاوانێکی ئەوتۆ زلدا، کە هەتا هەتایە مووچڕک و تەزین بە لەشی مرۆڤدا دێنێ و هەست دەتاسێنێ. ئەم جۆرە قسانە هەمووی لەوەوە دێت کورد لە دەرەوەی رووداوەکانە.

کەواتە با بچین بۆ بەغدا تا لەم پارچە زەوییە داخراوەدا تووشی کێشە و ململانەی ناوەخۆ نەهاتووین. کورد دەڵێ دانیشتن ماڵ وێران دەکات. وێڕای ئەمەش کێ دەڵێ لەشکر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چ حاڵێکدایە، با ئەزموونێک بکرێت.

میدیا ٢٧٤ لە ٢٠٠٧/١/٢٣

## حیجاب

وەک پرەنسیپ و بناوان، ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردستاندا هەنگاوی بەرچاوی بڕیوە. مافی خوێندن، مافی کارکردن، مافی هەڵبژاردن، مافی خۆپالاوتن، هەموو ئەم مافانە یەکسان و بێ جیاوازین لە نێوانی نێر و مێدا. راستە کاردانەوەی خراپ هەیە و کۆمەڵگە وا سووک و سانا خۆی بەدەستەوە نادا، بەلام کاردانەوەکان نیشانەی بێ هیواییی کۆمەڵگان لە رێگەگرتن لەو ئازادییانەی کەوا زۆر بەفراوانی پەرەدەسێنن. ئەوەی مرۆڤ نیگەران دەکات

کاردانەوەکان نین، کە وەک گوتم نیشانەی دوا هەناسەکانی کۆمەڵگەی کۆنن، بگرە ئەوەیە رەوتێکی بەرەودواڕۆ بەتەریبی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی ئاماژکەمان بۆ کردن، ئافرەت بۆ مەرامگەلی خۆی بەکاردێنێ. حیجاب کراوە بە لافیتە بۆ نیشانەی ئەم تەوژم و رەوتە. حیجاب ئەمڕۆ دیمای هەموو داوودەزگا و قوتابخانە و کۆلێجەکانی کوردستانە.

هەندێک کەس لە نووسیندا لەچەک لە برێتی حیجاب بەکاردێنن. بە بیری من لەچەک نەریتێکی کوردەوارییانەی جوانە، پێوەندیشی بەئاینەوە نییە بۆیە ناشێ ببێ بە حیجاب. حیجاب نەریتی گوند نییە کە کۆمەڵی کوردستان زۆربەی گوندییە. ئافرەتی گوند بۆ سەلاری و خاتوونی لەچەک و دەسماڵ و دەسرۆک دەپۆشن نەک بۆ ئاینداری. وەک چۆن پیاویش کڵاو و جامانە و مشکی لەسەر دەنێن. لەبەرئەمە دەبێ حیجاب سەرپۆش بێ نەک لەچەک. بێکەس دەڵێ: "سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە". دوور نییە وشەی سەرپۆشیش بۆ حیجاب زێدە بێ.

پێش چەند هەفتەیەک وەزیری ڕۆشنبیریی میسر فارووق حوسنی، بۆمبێکی لە وڵاتەکەیدا تەقاندەوە کە گوتی: «حیجاب نەریتێکە لەگەڵ رەوتی شارستانەتی و پێشکەوتندا ناگونجێ». ئیسلامامووییەکانی ئەو وڵاتە بەجۆرێک هەڵچوون و داچوون، کابرا ناچاربوو ماوەیەک لە ماڵەوە دابنیشێ و نەچێتە سەر کار. رەنگ بوو لە رێگەی هاتوچۆی نێوان ماڵ و وەزارەتدا بیکوژن. ئەندامانی ئەنجوومەنی گەلی میسر، ئەوانەی سەر بە رەوتە ئیسلامییەکانن داوای دەست لە کارکێشانەوە و سەندنەوەی متمانەیان لەو وەزیرە کرد، یان دەیانگوت دەبێ پاشگەز ببێتەوە و داوای لێبووردن بکات. ئاخۆ ئەمە ئەوەندەی دەهێنا؟ کابرا تەنیا بۆچوونێکی دەبڕیوە، ئەویش لە وڵاتێکدا کە میسرە. واش ناسراوە کە ئەم وڵاتە پێشڕەوی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانە لە ناو عەرەبدا. بەڵام تیرۆرکردنی وەزیری ڕۆشنبیری لە میسر لەسەر بۆچوونەکانی، بووەتە ئاوخواردنەوە. پێش چەندان ساڵ فەرەج فۆدەش هەر بەدەستی ئەمانە تیرۆر کرا.

بگەڕێینەوە بۆ حیجاب. حیجاب دیاردەیەکی دزێو و خوازراوەیە و دەستکردی ئیسلامی سیاسییە. مەبەستیش لێی گێڕانەوەی کۆمەڵگەیە بەرەودوا. ئەم نەریتە بۆ کۆمەڵی کوردەواری تازەیە، لە کاتێکدا کورد زۆر لە زووەوە هاتووەتە سەر ئەم ئاینە بێ ئەوەی حیجاب و بورقوع و جوببەی پۆشیبێ. ئێستا ئەم کولتووره نوێ و نامۆیە وا ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەسێنێ و سەرئەنجام مۆرکێکی بیانی بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەنێ. گرینگ بۆ ئیسلامی سەرەڕۆ سەندنەوەی پێناسەی کوردییە لە کورد. ئەمە کاری ڕێکخراوگەلی ئافرەتانە لەم پرسەدا بەدەنگ بێن، کە کوردستان پڕە لێیان، زۆر و بۆر.

کێشەی کوردستان، کێشەی ناکارامەیی ڕێکخراوگەلی کۆمەڵگەی شارستانییە کە لە بەرامبەر رەوتە سەرەڕۆکاندا بێ بەرنامەن. حکوومەتی کوردستان لە سالانی پێشوودا هەلوێستی بێ چەند و چۆنی خۆی لە ئاست ئازادیی ئافرەتدا نواندووە، بەلام یاسا و ڕێنوێنیگەل لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرنامەی ئەم هێزگەلە توندڕۆ و بناوانگرانەدا خۆیان بەتەنیایی بینیوەتەوە.

ڕاستە ڕۆژانە زۆر قسە لەبارەی دۆزی ئافرەتانەوە دەگوترێ بەلام ڕاستیی کەم تێدا بەدی دەکرێ. گەلێک کەس لەوانەی دەڵێن و دەنووسن، ڕوواڵەتبازییان ئەوە پێشان دەدات کە پرسەکان بۆ بازرگانی وەرگیراون نەک بۆ گۆڕین. ترسناکترە بازرگانی بەدۆزی ئافرەتەوە بکرێ لەوەی بازرگانی بەئافرەت خۆیەوە بکرێ.

هەرێمی کوردستان ٣٩٧ لە ٢٠٠٧/١/٢٣

## متمانە

"خۆی لێرە نییە خوای لێرەیە". ئاخاوتنێکە بۆ بەرگری لە کەسێک بەکاردێ کە خۆی ئامادە نەبێ و ناوی بەدزێوی لە پرسێکدا هاتبێ. "بەعس نەماوە بەلام کولتوورەکەی لەناومـاندا دەژی". ئەمەش چەندان ساڵە بووە بەباوی سەر

زاران. هەموو کولتوورێکی نەرێ دەدرێتەوە پاڵ بەعس، ئەمە تەواو راستە. بەعس لە هەموو رووێکەوە وڵاتی کاول کرد بەڵام میللەتیش لە هەمبەر رەشەبای کولتووری ئەودا، چەسپیو و خۆڕاگر بوو. خۆی بەدەستەوە نەدەدا، تا راپەڕین و رزگاریی کوردستان نەهاتن، ئیتر ئەو کاتە ورەی بەردا و بەلادا هات.

ئەنفال ساڵی ٨٨ رووی دا. بەگوێرەی سوورەتی ئەنفال، سەر و ماڵی "ئەنفالکری" حەڵاڵە بۆ ئەنفالچی. رێژیم رێگەی واز کردبوو بۆ جاش و جەیش تا لە گوندەکانی کوردستاندا چییان بوێ تاڵانی بکەن. ئەوانیش وایان کرد. بەڵام هەر ئەو ساڵە لە "جێژنیکان"ی نێزیک هەولێر جەماوەری شار دڕی بەگەمارۆ و ئابڵووقەی جەیش و جاش دا و لەگەرمەی هاویندا نان و پێخەف و پێخۆر و هەموو شتێکی پێویستی بۆ ئەنفالکرییان برد و گوێی نەدا ترس و سام. ئەمە کولتووری شۆڕشی کوردستان بوو. سێ ساڵ دوای ئەمە، هەر ئەم جەماوەرە لە راپەڕین و پاشان لە شەڕی ناوخۆدا خۆی بوو بەپاتاڵخۆر و ئەنفالچی.

کە منداڵ و رواڵ بووین، شۆڕشی کوردستان زۆر چیرۆکی و سەرهاتی سیحراویی لە مێشک و هزری ئێمەدا رواندبوو. دەیانگوت لە شەڕێکدا گوللەی دوژمن سینگی پێشمەرگەیەک دەنگێوێ و گیان لە دەست دەدا. بەڵام هاوەڵەکانی نایانەوێ لاشەکەی بکەوێتە بەردەستی دوژمن نەوەکا یاریی پێ بکات، یەکێک و دووان و سیان لە هاوەڵەکانی، تا دەگاتە دە کەس لاشەیان بەسەر ئەودا کەڵەکە دەبێ لەبەرئەوەی نایانەوێ بەجێی بێڵن. بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا پێشمەرگە دەستکاریی گوێ و لووت و کوێ و کوێی تری پێشمەرگەی کرد. ئەمەش کولتووری بەعس بوو.

کولتووری شۆڕشی کوردستان و کولتووری بەعس زۆر جیاوازن. نە وتار و نەگۆشەی رۆژنامەوانی و نەکتێب فریای داپۆشینی ئەم بابەتە گرینگە ناکەون، بەڵام من دەمەوێ لەم دەرفەتە تەنگەبەرەدا ئەو جیاوازییە لە یەک وشەدا کورت بکەمەوە، ئەویش وشەی "متمانە"یە. شۆڕشی کوردستان متمانەی دەدا بەڵام بەعس متمانەی دەبرد. لەم رۆژانەدا، لە راگەیاندندا گوێم

لە سکاڵای هاووڵاتیـان دەبێ لەبارەی تەنگژەی سـووتەمـەنی و کـارەباوە. ئاخاوتنەکان بەجۆرێکن وەک بڵێی کەس بڕوای بەبیانووی بەرپرسان نەبێ لە دەسـتـەوەتانی و نـەکـارەییی داوودەزگـای حکوومـەت لـە چارەسـەری ئەم گرفتانەدا. خەمی گەورە لێرەدا بەردەست نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە ژیوارییانە نییە هێندەی نەمانی متمانە، کە لە نەوت و گازوایل و تەزووی کارەبا گرینگترە. لە نێوان هەر دوو کەس یان دوو لایەنیکدا متمانە بناخەی پێوەندی و بەردەوامییانە. جا ئەم دوو کەس یان دوو لایەنە هەر کێ بن و پێوەندییان هەر چییەک بێت.

نموونەیەکی گرینگ، لە کتێبی "نەتەوەیەک لە دابڕاویدا"، نووسینی جۆناسان راندل، دەڵێ لە کاتی شەڕی هەندرێن ساڵی ١٩٦٦ هەواڵیان بۆ بارزانی برد گوتیان هێندە سەت کەسمان لە سوپای عێراق کوشتووە. بارزانی نارەحەت بوو و بەری کرد بەو لاوە. دووبارەیان کردەوە: ئەزبەنی ئەوەندەمان لێ کوشتوون، سوپا فریا ناکەوێ تەرم بکێشێتەوە. ئەمجارە بارزانی رووی گرژی وەرگێڕایەوە و گوتی: «لە هەموو ژیانی خۆمدا بەئاواتی ئەوەم سوپا مل بۆ ویستی میللەتی من لار بکات بەڵام هەرگیز حەزناکەم هێندەیان لێ بکوژرێ». ئەمە کولتووری شۆڕشی کوردستان بوو. بابزانین کولتووری بەعس چۆن بوو.

لە ٣١ی ئاداری ١٩٩١ کاتێ رێژیم چەپاوی کوردستانی کردەوە، تەواوی میللەت، ورد و درشت، ساغ و نەساغ، خاو و خێزان، بەریان چۆڵ و چیاوە نا. تەنانەت سەرباز و جاش و بەعسیش لە تەک ئەم خەڵکەدا رایان دەکرد. کەس متمانەی نەبوو ئاخۆ ئەگەر بەردەستی رێژیم کەوت هیچ شتێک هەیە پاکانەی بۆ بکات. فەلسەفەی بارزانی لێرەدا دەرکەوت، متمانە نەک تەنیا لەگەڵ دۆست بگرە لەگەڵ دوژمنیشدا پێویستە. هەر ئەم کولتوور و متمانەیە بوونەتە باکگراوندی ئەوەی ئەمڕۆ "قەرەزاوی" یان هەر کەسێکی تر داوا دەکەن سەرکردەکانی کورد بکەونە نێوانەوە و کێشەی ناوەخۆی عێراق بەلایەکدا بخەن.

کاتێ زۆر لە ڕۆژنامەکانی کوردستان دەبینم، ڕۆژنامەکانی عودەیم دێنەوە بیر. عودەی بۆ ماوەی چەندان ساڵ ڕۆژنامەی بابلی بۆ ریسواکردن و پۆرت شکاندنی وەزیر و گەورە بەرپرسانی بەعس بەکار دەهێنا. کەسیان متمانەی بەخۆی نەمابوو. خوویەکی تریشی هەبوو، بەدرێژاییی ئەم ساڵانە مێژووی بێ بڕوایی و ناحەزیی نێوان شیعە و سوننەی بڵا دەکردەوە و کولتوور و تۆوی ئەم دووبەرەکییانەی ئەمرۆی دەچاند.

ڕۆژنامەکانی کوردستان بێ متمانەیی لە نێوان دەسەڵات و میللەتدا بڵاو دەکەنەوە. ئەمە کولتووری سەدام و کوڕەکەی و ڕێژیمەکەیەتی نەک کولتووری شۆڕشی خۆمان. ئەم کولتوورەی بەعس تا ڕاپەڕین و رزگاریی کوردستان نەهاتن، نەپەڕینەوە ناومان، ئەویش لە ڕێگەی دەسەڵاتی کوردییەوە، کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، توانا و هێزی خۆی بۆ گواستنەوەی ئەم کولتوورە مەترسیدارە بەکار هێنا.

هەرێمی کوردستان ٣٩٨ لە ٢٠٠٧/١/٣١

## خراپی کەن با چاک بێ

ئەمە بووە حاڵی عێراق، وەک ماڵی بێ پەرژین با لە کیهە لاوە هەڵبکات تێی دەسرەوێنێ. لە کۆنی کۆنەوە وا بووە، وڵاتانی دەوروبەر کەی هەلیان هاتبێتە پێش، دەستیان لە کاروباری ناوخۆی ئەم وڵاتە وەر داوە و کردوویانە بەگۆڕپانی خۆیان. دەرفەتیان لەوە هێناوە سێ توخمی جیاوازی تێدا دەژین کە بەیەکەوە هەڵناکەن. لە کەیەوە شیعە و سوننە ناحەزی یەکترن؟ لەو ڕۆژەی پەیدابوون پێش١٤٠٠ ساڵ. لە کەیەوە کورد ژێردەست و زەلیلە؟ مێژووەکەی لەوەی پێشوو کەمتر نییە.

دەڵێن ئەوە گەلان نین ناتوانن تەبابن، سیستەمەکان خراپن. بەڵێ ڕاستە، بەڵام سیستەمەکانیش لە داوونەریتی گەلانەوە هەڵقوڵیون. بابڵێین ئەمە وا نییە ئەی خۆ پێچەوانەکەی ڕاستە، مەگەر گەلان بە هزری سیستەمەکانیان

گۆش نەکراون؟ کەوابێ هەمان شتە و هەموو ڕێ دەچنەوە بانە. ئێستە یان داهاتوو ئەم توخمانەی عێراق پێک دێنن دەبێ جیا ببنەوە، ئەگینا ئەم مێژووە هەر کارەسات دووبارە دەکاتەوە.

باشە عێراقییەکان چی بکەن؟ خۆشیان بیانەوێ، دراوسێکان دەرفەتی گۆڕانی کولتوور لەم وڵاتەدا نادەن ئەگەرنا بەهاتنی ئەمەریکا زەوینەی دیموکراسی ساز بوو. بەڵام ئاخۆ گەلانی ئەم وڵاتە دەشێ تا کەی ببنە قوربانی کەیف و میزاجی دراوسێ؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڵێ دەبێ عێراقییەکان بەیەکەوە بژین چونکە وڵاتانی هەرێمی نایانەوێ عێراق دابەش بکرێ، باشە، بەڵام ئەمانە ناهێڵن ئێمە بەیەکەوەش بژین.

دوو هەفتەیە، ژمارەی قوربانی و کوژراو لە عێراقدا لە دەیانەوە هەڵدەکشێ بۆ سەدان. جاران گۆڕەپانی شەڕ تەنیا بەغدا و دەوروبەری بوو، ئێستە ڕەشەبای شەڕ بەرەو باشوور و باکوریش هەڵی کردووە. کەرکووک لە ڕۆژێکدا یازدە تەقینەوەی تێدا روو دەدات، ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدارە. عەرەب گوتەیەکیان هەیە دەڵێ: "تەنگژە توندبە دەکرێیەوە." ڕێگەچارەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا سەری نەگرت، دواجار شەڕی ناوەخۆ یەکلای دەکاتەوە. دەبێ دانی پێدا بنێین، شەڕی ناوەخۆ کە دڵسۆزێک نییە بیەوێ ئەنجامە خراپەکانی ببینێ، هەورە ڕەشەکەی وا بەڕێوەیە و نێزیک دەبێتەوە.

قسەیەکی پاشوەڕۆیانە لە شێوازی گاڵتەدا، دەڵێ: "چاکی مەکە با خراپ نەبێ". وا دەڵێ چونکە نایەوێ چاک ببێ. من دەڵێم چاکی کە با خراپ ببێ، خراپی کە و پاشان چاکی کەوە. سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست سەری گەلانی ناوچەکەیان خوارد. چاکی کەن با خراپ ببێ. خراپی کەن با چاک ببێ. هەر جۆرێکی بڵێی راستە.

ئەم شەڕە ناوەخۆییە لە رواڵەتدا دیمەنەکەی هەرچییەک بنوێنێ، لە کرۆکدا شەڕی نێوان تیرۆر و دیموکراسییە. وەنەبێ سوننە تیرۆریست و شیعەش دیموکراسی بن، یان کورد دیموکراسی بێ. شیعەش گرووپگەلی تیرۆریستیان

زۆرە. کوردیش ناوبەناو خۆی تەقاندووەتەوە. ولآتانی هەرێمی کە ئەم ئاگرە و سەرجەم ئاگرەکانی ڕۆهەلآتی ناوەڕاست خۆش دەکەن، دەیانەوێ مۆری تایەفەگەری و نەتەوەگەری لە ناوچەوانی ئەم شەڕانە بدەن. بەخەیاڵی خۆیان ئاگر لە ژێر پێی ئەمەریکادا دەکەنەوە. بەڵام ڕاستت دەوێ ئەمانە ئاگر لە ژێر پاشەڵی خۆیاندا دەکەنەوە. عاقڵ کە ماڵی لە شووشە بێ نابێ شەڕە بەرد بکات. تەنیا تورکیایە تا ئێستە دوورپارێز وەستاوە. ئەویش ناوبەناو غەریزەی مێژوویی هانی دەدات پەنجەیەکی تێوە بژەنێ. هەرچۆن بێ دواجار تەنیا ئەوانە سەلامەت دەبن، کە دوور لە کوورەی ئاگر وەستاون و گوێیان بۆ دەنگی هزر شل کردووە.

سەرکردایەتیی ئێران و سووریا وەک سەرکردایەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ کە کوێتی گرت، ئەمەریکا بانگهێشتن دەکەن بۆ شەڕ. ساڵی ٢٠٠١یش ئەلقاعیدە ئەمەریکای بانگهێشتن کرد بۆ ڕۆهەلآتی ناوەڕاست. سەرکردایەتیی ئێران وا دەزانێ دنیای جارانە، وەک سەدەکانی پێشوو بیر دەکاتەوە، بەردەوام دەستێکی لەناو عێراقدا دەگێڕێ وەک چۆن مرۆڤ بەمافی خۆی دەزانێ گیرفانی خۆی بپشکنێ. هەست بەمەترسیی ئەم گەمەیەی ناکات. ئێران و سوریا، یەکیان بەئاشکرا هانی شیعە و ئەوی تریان هانی سوننە دەدات، بەنوێژی نیوەڕۆ و لەبەرچاوی دنیادا، ئەمانە کە هاوپەیمانی یەکترن دووبەرەکییەکی گاڵتەجارانەیان ناوەتەوە. لەولاشەوە تورکیا بیر دەکاتەوە چۆن بەبیانووی تورکمانەوە کورد پەلکێشی شەڕ بکات. ئەمانە چی دەکەن؟ دەیانەوێ رووبەری شەڕەکە فراوانتر بکەن.

هەمووەدەم ئەوانەی ئاگری شەڕ دەنێنەوە مێژووی دوێنێیان لە بیر دەچێتەوە. لە بیریان دەچێتەوە کەوا شەڕە گەورەکان لە ئەنجامدا لە کۆنترۆل دەردەچن. ئەوانەی لەلاوە وەستابوون و باوەشێنیان دەکرد، دواجار خۆشیان پێوەی دەسووتێن. لەم شەڕانەدا کتوپڕی چاوەڕوان نەکراو زۆرن، کە سنوور و نەخشەکان خراپ دەکەن و پاشان چاکیان دەکەنەوە. بۆیە بەدڵنیایی، ئەگەر

ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بتەقێتەوە ئیران و سووریا و تورکیا وەک ئێستە خاوەنی قسە نابن تیایدا. خەڵک زۆر دەبن بۆ قسەکردن.

میدیا ٢٧٦ لە ٢٠٠٧/٢/٦

## داهاتووی کورد لە چیدایە؟

هەر شتێک زۆر بگوترێتەوە دەڵێن بوو بەبنێشتە خۆشکە. ئەوەی لە هەموو بنێشتە خۆشکەکان زیاتر گوێی مرۆڤ کاس دەکات ئەوەیانە بەرپرسانی دەسەڵات دەیلێنەوە. دوای راپەڕین بۆ پاساودانی فریا نەکەوتن بەکاروباری خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە، دەیانگوت "ئێمە هاتینە سەر وڵاتێکی وێران". یان دەیانگوت "بە دوو گەمارۆ دەورەدراوین". ئەمانە هەموو بەسەرچوون بەڵام سستی وەک خۆیەتی. چەندان ساڵ تێ پەڕین کەچی بزاوت و گەڕ نەکەوتە ناو ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریمانەوە. ڕۆژێک دێ بنێشتە خۆشکەی تیرۆریستان و نائارامیی عێراقیش تەواو دەبن، ئاخۆ ئەو کاتە ئۆباڵ بخەینە ئەستۆی کێی تر؟ کەواتە بنەڕەت و ماکەی نەساغییەکە لە چیدایە تا زووە بەدوایدا بگەڕێین و چارەسەری بکەین؟

حزبی بەعس ٣٥ ساڵ حوکمی کرد، هەرچەندە حزبێکی نەتەوەییی شۆڤینیست بوو، بەڵام سیستەمی سۆسیالیزمی لە وڵاتدا ئاواکردبوو. هەموو شت پاوانی دەوڵەت بوو، لە دانانی کارگە و فابریکەیەکەوە بگرە تا تۆمارکردنی گۆرانییەک. ئەم جۆرە سیستەمانە تا نەڕووخێن نازانرێ چ کارەساتێکیان بۆ داهاتوو ناوەتەوە: وڵاتێکی وێران و گەلێکی مشەخۆر. راپەڕینی کوردستان هاتە سەر ئەم سیستەمە و لەسەری ڕۆیشت، بگرە دەوڵەمەندیشی کرد. حزبی شۆڕشگێڕ دوای وەرگرتنی دەسەڵات بەرنامەیان نییە، ئەگەر بۆیان بلوێ گەلێکی مشەخۆر بەخێو بکەن لارییان نابێ لە دەسەڵاتەکەی، چونکە کارێکی ئاسانە و هیچی تێ ناچێ، بەتایبەتیش دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام ساڵی ٢٠٠٣ هەلومەرج بۆ ئەم سیستەمە خۆشتر بووە.

ئەمڕۆ گەلێکی ٣ ملیۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، نێزیکەی یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار مووچەخۆری هەیە. واتە نێزیکەی نیوەی دانیشتوان. نیوەکەی تر منداڵن و رواڵن، دەرفەتیان نییە بۆ ئەم دەسکەوتە بێ هاوتایە. لە سیستەمی سۆسیالیزمدا مووچەخۆر و مشەخۆر لە ناوەرۆک و رواڵەتدا دوو رووی دراوێکن. ئەمانە دەبنە تەوقی عەزازیل بە گەردنی دەوڵەتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ولات دووچاری مەندیی ئابووری دەبێ، نەک هەر ئابووری بگرە تەواوی سەرخانی کۆمەڵگەش لە: داوونەریت، یاسا، رۆژنامەوانی، رۆشنبیری و هونەر، هەمووی دووچاری مەندی و قەتیسبوون دەبن و هیچ شتێک بەرەوپێش ناچێ. وەک ئۆتۆمۆبێلێک لە قوڕ چەقیبێ چەندی تەکانی پێ بدەن زیاتر دەچەقێ.

ئەم بابەتە قووڵ و درێژە. دەبێ خەڵکی شارەزا و پسپۆڕی ئابووری و سیاسی و کارگێڕی قسەی تێدا بکەن، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئێمە زیاتر لەسەر ئەم سیستەمە بڕۆین ئەوا نەک ١٧٪ی بودجەی عێراق بەشمان ناکات، بگرە ئەگەر ١٠٠٪یشمان پێ بدەن هەر فریا ناکەوین و دەنگی میللەت لە نارەزاییدا رۆژ بەرۆژ زوڵاڵتر دەبێ. لەبەرئەوەی بازێر ئازاد و کراوەیە، تۆ بەهەر رێژەیەک مووچە زیاد بکەیت نرخی کەلوپەل و کرێی خانوو دوو هێندە زیاد دەبێ. بۆیە چارەسەر لە گۆڕینی سیستەمەکەدایە نەک بۆیەکردنی. بەهیچ شێوەیەک ناشێ لە ولاتێکدا بازاڕ ئازاد بێ و سیستەمی دەوڵەت سۆسیالیزم بێ و کۆمەڵێک حزب بەتەوافوق نەک بەئاڵوگۆڕی دەسەڵات، حوکمی تێدا بکەن. ئەمە چێشتی مجێورە. ئەمە سیستەمی بخۆ و بڕۆیە کە قسەیەکی کوردەوارییانەی بێ سەروبەرە و داهاتووی گەشی نییە. راستە لە هەندێک کەرتدا گۆڕین رووی داوە بەرەو سیستەمی سەرمایەداری بەڵام زۆر بوار هەیە خۆی نەگۆڕیوە.

لێرەدا حەز دەکەم لە لایەنی رۆشنبیریی ئەم کارەساتە بدوێم، بەتایبەتیش دوای ئەوەی دەردە دڵەکانی بەرێز وەزیری رۆشنبیریم لە ژمارەکانی پێشووی "میدیا"دا خوێندەوە. وەزیر کێشەکانی وەزارەتەکەی خۆی زۆر بەروونی و

راشکاوی خستووەتە روو، بەڵام لە دەستنیشانکردنی چارەسەردا کورتی هێناوە و نیشانی نەپێکاوە. بۆچوونەکانی وەزیر پێوەندیی بەهەمـوو ئەو کەسانەوە هەیە کە لە بواری ڕۆشنبیریدا کاردەکەن لەبەرئەمە دەمەوێ لەم هەلەدا یارمەتییەکی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی بدەم بەپێشکێشکردنی بۆچوونەکانی خۆم لەپێناو دەرکردنی وەزارەت لە تەنگژەکانی.

ئەوەی مێژوو ئیسپاتی کرد ئەوەیە داوودەزگای بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری و هونەر و راگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا کە کەرتی دەوڵەتییە، هەرچی بودجەیەکیان بۆ تەرخان بکرێ ناتوانن پێشبرکەی داوودەزگای کەرتی تایبەت بکەن. دەزگای ئاراس مانگانەکەی تەنیا ٧٠ ملیۆنە بەڵام کاری وەزارەتێک ئەنجام دەدات. ئەمەش گۆڕانێکی باشە بۆ کوردستان. کاک فەلەکەدین خۆی لە پێشانگەی کتێبی ئاراس لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ لە ئاخاوتنێکی تەلەفزیۆنیدا پشتیوانیی خۆی بۆ ئەم رەوتە تازەیەی ڕۆشنبیریی کوردی دەربڕی. بەڵام لەوە دەچێ بیری گۆڕیبێ، هەروەها دەسکاریی وەزارەتەکەی خۆی بەپێی پیشکەوتنی دنیا نەکرد هەرچەندە دوو جار بەختی هەبوو بۆ لەیستنی ئەم ڕۆڵە مێژووییە گرینگە. ئاخۆ ئێستا چ شتێک دەست و پێی ئەوی گرتووە لە گۆڕینی سیستەمی وەزارەتەکەیدا؟ بەتایبەتیش وەک خۆی دەڵێ ئەو وەزیرێکی سیاسییە لەم حکوومەتەدا. دەرفەتیشی هەیە گۆڕانکاریی گەورە ئەنجام بدات، ئەوەی بۆ ئەو دەلوێ بۆ کەسانی تر نالوێ، ئەزموونیشی زیاترە لە خەڵکی تر.

بەخوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی داچڵەکیم، خەمباریش بووم. کەسایەتییەکی ڕۆشنبیریی وا گەورەی کوردستان کە نەوەی دوای ئەو، بەمامۆستای خۆیانی دەزانن، منیش یەکێکم لەوانە، بەدەست ئەوە نارەحەت بێ نەزانێ چۆن شێوازی کاری وەزارەتێکی پەرێشان بگۆڕێ. کە لە خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکە بوومەوە لە دڵی خۆمدا گوتم: «کاک فەلەک یان دایخە یان بەلایەکیدا بخە».

بۆ بیرۆکەی داخستن، پەسند ناکرێ، لەبەرئەوەی حکوومەتی کوردستان لەم

دەورەیەدا فرە وەزارەتە. بەڵام بۆ بەلایەکدا خستن، کارێکی سووک و سانایە. مـن وای بـەبـاش دەزانم وەزیـری بـەڕێز چـاو لـە ئـەزمـــــــوونـی ئـەوروپـای سەرمـایەداری و ئەمـەریکا بکات. کاری ڕۆشنبیری بۆ خـاوەن سەرمـایە بەجێ بهێڵێ و ئەرکی وەزارەت و وەزیر تەنیا سەرپەرشتی و ڕێکخستن بێ. بەمەش سوپایەک مووچەخۆر و مشەخۆر لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە. نەک ئەوەی ئێستا دەیڵێ کە داوای داخستنی هەندێک دەزگا دەکات. هەڵبەت قسەکەی راستە کە دەڵێ وەزیر و وەزارەتی ڕۆشنبـیـری زۆرن لـەم وڵاتەدا، باشـە کێ دەڵێ ئەمـە خراپە؟ ئەمە زۆر باشە و دەبێ پشتی بگیری نەک پێشی. دەبێ سیستەمی بۆ دابنرێ نـەک داخی لـێ بخــورێ. هـەڵبــەتـە ناوی وەزیر لێــرەدا وەک توانج بەکارهاتووە ئەگینا وەزیر هەر کاک فەلەکەدین خۆیەتی نەک ئەوانی تر.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کە تەواو دەرەنگی بەسەردا هاتووە، بەبۆچوونی من دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبـیـری بـەلایەنی کـەمــەوە سـێ هەنگاو ئـەنجـام بدات لەپێناو تەکاندان بەبزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا:

یەکەم: دەست بکێشێتەوە لە کاری بەرهەمهێنان. ئەمە سیستەمی سۆڤیەت و وڵاتانی بـلۆکی سـۆسـیـالیـزم بوو کـە بەرهـەمـهـێنـانی کـارە کـولـتـووری و هونەرییـەکـانیـان بۆ خـۆی پاوان کـردبوو. لە ئەنجـامـیـشدا ئەو سـیـستـەمـە خراپترین هەرەسی خـوارد. لە دنیای هاوسـەردەمدا، کـاری بەرهەمـهـێنانی کولتوور بووە بەکاری کۆمپانیا تایبـەتـیـیەکان نەک کاری دەوڵەت. ئێـستـە وەزارەتی ڕۆشنبیریی خۆمان گرووپی میوزیک و هەڵپەڕکێ و دەزگای شانۆ و سـینـەمـا و تەلەفـزیۆن و رادیۆ و کـۆواری منداڵان و ئـەدەب و کـۆمــەڵایەتی و هەموو شتی هەیە. بەرنامەشی هەیە بۆ فراوانکردنی ئەمانە.

دووەم: راستە کۆمپانیای کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە هێشتا لە کـوردســتــاندا تەواو دروست نـەبووە، بـەڵام دەبێ حکوومــەت یارمــەتیی دروسـتـبـوونی بدات. سـەرەتای هـەمـوو کـارێکیش وایە. حکوومـەتی هەرێم چەندان یاسـای داناوە بۆ وەگـەڕخستنی سـەرمـایە و پرسگەلی تر و هـەمـوو هاوکارییـەکیش پێشکێش دەکات. هەڵبـەت بۆ کـاری ڕۆشنبـیریش دەیکات و

ئەرکی خـــۆیەتی. وەزارەتی ڕۆشنبـــیـــری لە ســـەریەتی پرۆژە بدات بە سەرۆکایەتیی حکوومەت بۆ تەرخانکردنی بودجەی ساڵانەی شایان بۆ کاری ڕۆشنبـــیـــری و ڕاگەیاندن و هونەر لە هەرێمی کـــوردســـتـــاندا و خـــۆشی سەرپەرشتیی دابەشکردنی بودجەکە بکات بەسەر دەزگاکاندا.

یان وەک چۆن ئێستا وەزارەت یارمەتیی دەیان سەنتەری ڕۆشنبیریی لاوان دەدات و لە سلێمانی جاران تەرخانیان هەبوو بۆ ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ. ئەمانە هەمووی کاری بەجێ و پڕ بەپێستن. دەستخۆشییان لێ دەکرێ.

سێیەم: دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری چەندان یاسا گەڵاڵە بکات و پێشکێشی پەرلەمانی بکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆشنبیری لە کوردستاندا. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینرێ ئاژاوەی ڕۆشنبیرییە نەک ڕۆشنبیری خۆی. هیچ تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەک مۆڵەتیان نییە و هیچ یاسایەکیش بۆ ئەمە دانەنراوە. یاسای ڕۆژنامەوانیمان نییە، هەندێک ڕێنوێنی هەیە لە یەک لاپەڕەدا ناوی یاسای چاپەمەنییە. کاری وەزارەتە کە یاسای ڕۆژنامەوانی ئامادە بکات بەڵام نایکات. هەر ئەم بۆشاییییە وای کرد سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یاسا دابنێ و پێشکێشی پەرلەمانی بکات، تەنانەت لە وەرگرتنی مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەشدا لە یاسایەکەدا ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پشتگوێ خستووە. وایە، تۆ کاری خۆت نەکەی خەڵکی تر دەیکەن و فەرامۆشی ڕۆڵی تۆ دەکەن.

پرسێکی تر، لە هەرێمی کوردستاندا هەموو لایەک بە وەزارەتی ڕۆشنبیریشەوە بەدەست کێشەی دابەشکردن (توزیع)ەوە دەناڵێنن. ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێر دەردەچن بەتەواوی ناگەن بەهەولێر خۆشی چ جای شارانی تر و کۆمەڵگەکان، گوند هەر هیچ. دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری خەمی دانانی کۆمپانیای دابەشکردن بخوات.

زۆر شتی تر هەن دەبێ لە پێناو دەرکردنی باری ڕۆشنبیری لەم تەنگژە و دۆشدامانەی ئێستەیدا، ئەنجام بدرێ. بەشێکی زۆریان ئەرکی وەزارەتی

ڕۆشنبیرین. هەڵبەت وەزیری بەڕێز بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە و چەندان کاری تر پێویستی بەشارەزا و پسپۆڕی تایبەتمەند هەیە، نەک تەنیا خۆیی بگرە بیانیش.

ئەم بۆچوون و پێشنیازانەی سەرەوەم لە بیری دڵسۆزانە و خەمخۆریمە بۆ وڵاتەکەم، تکا دەکەم مامۆستای هێژا کاک فەلەکەدین کاکەیی بەسینگێکی فراوانەوە وەری بگرێت. وەک خۆی دەڵێ وەزارەتەکە بێ کەڵک بووە و هیچی بەسەر هیچەوە نییە، جا یان دەبێ دایخات یان بەلایەکیدا بخات. من لە چاوپێکەوتنەکەدا خەمم لەوەش خوارد کە دەڵێ داهاتووی کورد لەگۆرانی و هەڵپەڕکێدایە، وامزانی دەڵێ داهاتووی کورد لە سیستەم و نەزم و نیزامی هاوسەردەمدایە. راستت دەوێ ئەوەی ماڵی کوردی وێران کردووە گۆرانی و هەڵپەڕکێیە.

میدیا ٢٧٧ لە ٢٠٠٧/٢/١٣

## هەی بەنەفرەت بن

بەمنداڵی سرووده کوردییەکان هەستی ئێمەیان دەبزواند. لەناویاندا، تەنیا "داری ئازادی" مایەی نارەحەتی بوو. پەڕەی هەستی منی دەژاکاند. ئەمە چییە دارێک بەخوێن ئاو بدرێ؟ چ شاعیرێکە ئەم بێکەسە وا ئەم هەستە زبرەی هەیە؟ ئەی ناڵێن گوایە شاعیران هەستیان ناسکە؟ پاشان کە گەورەتربووم، زانیم داری ئازادی بەناوبانگترین سرووودی کوردییە لە سەدەی بیستەمدا، یان یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکان. ئەزموونی ژیان تێی گەیاندم، مرۆڤ بەهەستی ناسکەوە لە دایک دەبێ بەڵام بەدڵی رەقەوە دەمرێ. ژیان مرۆڤ دڵڕەق دەکات، بەتایبەتی ئەگەر دڵڕەقان مامەڵە و هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن.

میخائیل شۆلۆخۆف چیرۆکێکی هەیە بەناوی "فێری رق بن". باسی سەربازێکی رووس دەکات کە لە شەڕی گەورەی دووەمدا بەدیلی دەکەوێتە

دەست سوپای ئەڵمانیای نازی. دەرد و کوێرەوەری دەبینێ، پاشان دەرفەت دێنێ و هەڵدێ، لەم چیرۆکەدا شۆلۆخۆف لەسەر زاری ئەو سەربازەوە جەور و ستەمی نازییەکان دەگێڕێتەوە کە چۆن دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ گیراوەکاندا کردووە. کاک فەلەکەدین کاکەیی ئەم چیرۆکەی کردووە بەکوردی و دووجار بڵاوبووەتەوە، جارێک لە شاخ و جارێک لە "شین"، بەڵام ناوەکەی گۆڕیوە بۆ رق هەڵگرتن یان فێری رقت دەکەن. وا دیارە ویستوویەتی تۆزێک لە زبریی ناونیشانەکە کەم کاتەوە.

زۆرن سەرچاوەکانی کولتووری دڵڕەقی لەم کاولبووەی ئێمەدا. هەر تەنیا کولتووری حزبی بەعس و شەڕە زۆروزەوەندەکانی نەبوون بە سەرچاوەی ئەم کولتوورە، یان ململانەی ناوەخۆی کوردستان، یان زەبروزەنگی دوای کەوتنی بەعس. ئێستا سەرچاوەکان پەرەیان سەندووە و هەموو شوێنێکیان تەنیوەتەوە، هاتوون لە ناو ماڵ لەگەڵماندا دەژین. شەو و رۆژ لێمان جیا نابنەوە. بۆ کوێی دنیا دەڕۆین لەگەڵمان دێن.

کولتووری دڵڕەقی بەدەر لە هەموو زیانێکی تری، دەبێ بەمایەی بێ هیوایی و فرینی زەردەخەنەی لێوانیش. هەندێک جار دەپرسم بۆ وا خەمبارم چی رووی داوە؟ کێشەم چییە؟ دەبێ هەر من وابم؟ دەبینم خەڵکی تریش وان، دەبێ هۆکارەکە فرەیی ئەزموون و تەمەن بێ؟ نا نەخێر، هەندێک جار لە هەرزە و رواڵانیش دەپرسم، دەبینم ئەوانیش وان، لە کاتێکدا دەبێ ئەوان گەش بن. هەبێ و نەبێ هۆکار هزر و کولتووری دڵڕەقییە. لاوان بەلێشاو روویان لە هەندەران کرد، زۆر کەس پێیان دەڵێن مەڕۆن، یان دەڵێن بۆچی دەڕۆن؟ خۆشیان نازانن بۆچی دەڕۆن. ئەوە توومەز دڵڕەقی بێ هیوای کردوون.

ئێواران دەکەومە بەر شاڵاوی راگەیاندنی عەرەبی، جەزیرە و عەرەبییە. ئەو کەناڵانەی شەڕی چەکی گەورە و بچووک بە شەڕە بەردیشەوە لە هەموو چرکەیەدا دەگوازنەوە و لە هیچ شتێک خافڵ نابن. حەماس و فەتح، سۆماڵ و دافۆر، حزبوڵڵا و نەسروڵڵا. ئێوە لە شەڕ و دڵڕەقی زیاتر چیتان هەیە هەی

بەپەندی دنیا بن. ئاخۆ ئێوە "باشترین نەتەوە" بوون بۆ مرۆڤایەتی هاتن.

باشە چۆن لەم مەینەتییە رزگار بین؟ چۆن دەمارە کرژەکان خاو کەینەوە تا جارێکی تر زەردە بکەوێتەوە سەر لێومان؟ تا هەستمان لەمە زیاتر زبر نەبێ تا لاوان گەلەکۆچ نەکەن؟ ژیان بەم جۆرە ناچێتە سەر ئێمە هەر دیل و کۆیلەی راگەیاندنی بەعس و قاعیدە بین. ئەمە ئەرکی کێیە کاری بۆ بکات؟ ئەرکی راگەیاندنی کوردستانە بەهەموو جۆرەکانی دیتەنی و بیستەنی و نووسەنییەوە. ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە، ئەرکی وەرزش و لاوانە، کە بەرنامەی بۆ دارێژن. دەشزانم کەس نایکات بەلام قسەیە و دەیکەم. پێشبڕکەی "بیگ برازەر" لە بەریتانیا رۆژانە ملیۆنان خەڵک بەدوایدا دەچن. چەندان بەرنامەی بۆ ساز دەدرێ، ئەوان لەوێ دەماری خۆیانی پێ سست دەکەنەوە. منیش لێرە رۆژانە کولتووری دڵڕەقی لەناوم دەبات. هەی بەنەفرەت بێ ئەم شوێنە پیسەی دنیا.

هەرێمی کوردستان ٤٠٠ لە ٢٠٠٧/٢/١٣

## کەرکووک ڕۆییوە یان ماوە؟

کەرکووک ڕۆییوە یان ماوە؟ تۆ بڵێ ماوە، من دەڵێم ڕۆییوە. لەم ساڵانەی پاشیندا خەم و خولیا بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک وردە وردە داویەتیە کزی. هاووڵاتیی کورد لەناو سەدان دەنگوباسی ڕۆژانەی خۆیدا، ئەگەر لابەلا ئاماژەیەک بەپرسی کەرکووک بدات، بەلای خۆیەوە زۆری کردووە. گومانی تێدا نییە کێشەی کەرکووک بۆ خەڵکی کوردستان، لە کۆنەوە کێشەیەکی جەماوەری بووە. دەبێ وەک پرەنسیپ ئاگامان لێ بێ، هەر کات کێشەی کەرکووک لەناو جەماوەری کوردستاندا کێشی نەما، نیشانەی ئەوەیە گڵۆڵەی کێشەی ئەم شارە کەوتووەتە لێژی.

ئەم ساڵانەی پاشی، کێشەی کەرکووک بۆ سەرکردایەتیی سیاسی بەجێ هێڵراوە و تەنیا لە بەرنامەی کاری ئەودایە نەک بەرنامەی جەماوەر. ئەویش

زۆربەی کات دوور لە ئاگاداریی جەماوەر یان بێ پاڵەپەستۆی هێزی جەماوەر لەپێناو بەهێزکردنی تای تەرازووی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، کاری بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوک کردووە. راستت دەوێ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەم ساڵانەدا تەنیا ئەو کاتانە پەنا بۆ هێزی جەماوەر دەبات کە کێشەیەک بکەوێتە مەترسیی مان و نەمانەوە، ئەگەرنا تەنیا بەهێزی دیپلۆماسیی خۆی دەچێتە گۆڕەپانەوە.

لە کۆتای ئەم ساڵەدا راپرسی بۆ کێشەی کەرکوک دەکرێت. دەبێ تا ئەو کاتە عەرەبی هاوردە گشتیان یان زۆربەیان رۆیشتبن ئەگینا مانەوەیان کار لە ئەنجامی ریفراندۆمەکە دەکات و چارەنووسی کەرکوک وا نابێت، کە لە خەون و خەیاڵی کورددایە. بەمەش هەڵەی سەرکردایەتیی سیاسی دەبێ بەدوو، یەکیان سوودی لە هێزی جەماوەر وەرنەگرت بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوک، ئەوی تریان متمانەی خۆی لەناو جەماوەردا بەئەنجامی ئەم راپرسییەوە بەستەوە. هەڵبەتە لەبارەی کێشەی کەرکوک، گومانێک لە بیر و هۆشی خەڵک لە ئاست دڵسۆزیی سەرکردایەتیی سیاسی کوردستاندا نییە، بەڵام پرسیارێکە و دەکرێ: ئاخۆ تەنیا پشت بەستن بەمادەیەک لە دەستوور بەس بووە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووکی گرینگ؟ یاخۆ پشتبەستن بەیاسا لە ناوچەیەکی جیهاندا کە هەموو شتی تێدا بێت یاسای تێدا نییە، کاریکی ساویلکانە نییە؟ ئەی ناڵێن یاسا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەرەکەبی سەر کاغەزە و تەنانەت نرخی ئەو کاغەز و مەرەکەبەشی نییە کە پێیان نووسراوەتەوە؟

ئەگەر کێشەکانی ناوخۆی عێراق تەنیا کێشەی عێراقییەکان خۆیان بوایە، ئێستا لەمێژبوو، تەبایی و تەنایی باڵیان کێشابوو. ئەگەر تەوافوق دیموکراسیشی لێ شین نەبوایە، خۆ ئەوەی لێ شین دەبوو کە ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە لای دایکی خۆیان. کەواتە کێشەکان تەنیا کێشەی ئێمە نین. رێژیمگەلی هەرێمی لە کورد زیاتر کێشەی کەرکوک بەپێوەندیدار و چارەنوسسازی خۆیان دەزانن. راستە سێ ساڵە کەم دەستیان لەم کێشەیە

وەرداوە و زیاتر خۆیان بۆ ئاژاوە لە بەغدا تەرخان کردووە، بەڵام هەر کات بۆ کورد هەنگاوێکی ئەرێ لە کەرکووک هاتبێتە هاوێشتن، کێچ کەوتووەتە کەوڵیان و زیڕەیان لێ هەڵستاوە.

کرژی لە کەرکووک لە هەڵکشاندایە. تەقینەوەکان زۆر بوونە و زۆر دەبن. ئەمە دەست تێوەردانی دەرەکییە، نیشانەی ئەوەیە خەریکە شت بەلای کورددا دەشکێتەوە. بێدەنگیی چەند ساڵەیان نیشانەی ئەوە بووە کورد لە کەرکووک باری لەنگ بوو. بەلای منەوە ژمارە و چەندیەتی هیچ نییە لە بەرامبەر هێزی چۆنایەتیدا، کورد لە کەرکووک رەش و رووتە، هیچی بەدەستەوە نییە. داوودەزگای میری، دادگە، پەروەردە، زانستگە، باژێڕ، بازرگانی، چەک، هەمووی بەدەستی ئەوانی ترەوەیە کە بۆ دژایەتیی کورد بەکاریان دێنن. کێشی کورد لە کەرکووکدا کەمە. لە قوڵاییی کەرکووکدا کورد لاوازە، رەحیماوە بەهەولێر حسێبە.

زۆرجار پڕوپاگەندەی ناحەزانی کورد کارمان تێ دەکەن و بەرەو گەشبینیمان دەبەن، ئەمانە دەڵێن: «کورد کەرکووکی داگیر کردووە، لە هەموو لاوە کوردیان بۆ کەرکووک هێناوە»، دەڵێن تەنانەت لە پارچەکانی تری کوردستانیشەوە کوردیان هێناوە و لە کەرکووک نیشتەجێیان کردوون. خۆزگە وابوایە بەڵام وا نییە، راستی ئەوەیە کەرکووکییەکان خۆشیان نەگەڕاونەتەوە، تەنیا ڕەشوڕووتەکە نەبێ کە لە ئاوارەییی هەولێر و سلێمانیدا تاڵاوی ڕۆژگاری چێشتبوو. گەڕایەوە گوتی با لەوێ بمرم باشترە. بەکورتی، کورد بایەخی بەکەرکووک نەداوە، جگە لەوەی لە دەستوور چەسپاوە، شتێکی تر نەبووە. بەڵام خۆ دەستووری عێراق لە ١٩٥٩ەوە شتی باشی بۆ کورد تێدا هەبووە، لە کاتێکدا ئەوەی لەم وڵاتەدا بەسەرمان هاتووە شتێکە لە گێڕانەوە نایەت، مەگەر لە داهاتوودا هونەری سینەما فریامان کەوێ.

هیچ کات، زۆر و بۆر مرۆگەلێکی بەهێز نەکردووە، مەگەر لە کاتی دەنگدان و سەرژمێریدا. حەشامات لە کاتی هەڕەشە و مەترسییەکاندا، خۆڕاگر نییە و بە بایەک هەڵدەکەنێ. بۆ بەهێزی، لەم چاخەدا خۆشگوزەرانی یەکەمین بەردی

بناخـەیە. ئەگەر خـۆشگوزەرانی نەیەتە دی، چینی سـەرەوەی کۆمـەڵایەتی لە کەرکووکییەکان کە هێشتا لە هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن، بیر لە گەڕانەوە ناکـەنـەوە. هـەر ئەوانیـشـن لە داهاتوودا کـاتێ کـەرکـووک گـەڕایـەوە باوەشـی کـوردسـتـان، تـای تەرازووەکـە دەشکێننەوە بەلای کـوردسـتـاندا. ئەگـەرنا کـەرکـووک بـشـگەڕێتـەوە هـەر ڕۆییـوە و بەم حـاڵی ئێـسـتـا، کـورد تێـیـدا ناحەسێتەوە.

میدیا ٢٧٨ لە ٢٠٠٧/٢/٢٠

## باخی گشتی

کـورد لـە مـێـژووی خـۆیدا هیـچی نەبێ شـاعـیـری زۆرە. وەک نەریت، کـورد بەگشتی حەزدەکەن ببن بەشاعیر. "کەڵەشاعیر" ناسناوێکی کەم نییە بۆیان. منداڵ بووین لە قـوتـابخـانەی ناوەندی، قـوتـابیـانی پۆلەکـەمـان بەتێکڕایی بڕیارمـان دابوو ببین بەشـاعـیـر، تەنیـا یەکـێکمـان نـەبێ. سـەرەڕای دەور و دەرسی ڕۆژانە، سەرگەرمی کاری شیعر هۆنینەوەش بووین. مامۆستاکانیش هـاندەربـوون بۆ ئەمـــە. تـازە شـــۆڕشـی ئەیلـوول لە ئاداری ١٩٧٥ نـسکۆی هێنـابوو، ئەو دەمـە شـیـعـر نووسین جـۆرێک بـوو لە چەکی ڕووبـەڕووبوونەوە، "شیعر دەنووسـم کەواتە من هەم، کوردیش هەیە". تەنیا یەکێکمان نەهاتبووە ریزی ئەم تێکۆشینە پیرۆزەوە، ئێمەش لەگەڵیدا کەوتینە دانوستاندن، سوودی نەبوو، ئەو یـاخـیـیـە سـەری نەدەهـێنایە بەر ئەوەی وەک ئێـمـە ببـێ بەشـاعـیـر. دەیگوت: «ئێـوە کـارێکی پووچ دەکـەن، شـیـعـر هـەمـووی گـوتراوە». چۆن؟ هـەر بابەتێکم پێ بڵێن، پێتان نیشان دەدەم کێ پێش ئێوە شیعری لەسەر گوتووە.

شـیـعـرەکانمان کـوردایەتی بوون، مێرمنداڵ و هـەرزە کـەیفـیـان بەشـیـعـری ئەویندارى نایەت. شـاعـیـر بـەلایانەوە دەبێ نیـشـتـمـانپـەروەر بێ. حـاجی قـادر چاکی پێ گوتبوون: «باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو – نەبڕایەوە بووە تڕی خوسرەو». یان ئەحمەد موختار: «شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵف و

چاو بکەن - ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسوتاو بکەن». بەڵام لە تافی هەرزەییی ئێمەدا، شیعر نەئەویندارییەکەی ما و نەنیشتمانییەکەی. ڕێکخراوەکەی ئێمەش بڵاوەی کرد و کەس ئاگای لە شیعر نەما، ئەویش لەوانەیە لە سۆنگەی ئەوەی بازاڕ و باوی شیعر دابوویە کزی. مۆدەیەک لە شیعری نوێ سەری هەڵدا کەس تێی نەدەگەیشت. لەمەوە وردە وردە کەس هیوای بە شاعیر نەما لەوەی چارەسەری کێشەی میللەتی داماو بکات. عەین عەین یوسف "ئاو" و "لم نیازمە"ی بڵاوکردەوە، هەر بەجارێک وێرانی کرد. ئیتر لە جێی پووکانەوەی شیعر "جەوی شاعیری" پەیدابوو.

هەفتە نییە چەند دیوانێکی شیعر بەنیازی چاپکردن، بەرەوڕووم نەبنەوە. دەکەومە هەڵوێستی سەغڵەتی، نازانم چۆن خۆم لە وەڵامی راست و ڕووبەڕوو ببوێرم و ڕێز لە هەستی بەرامبەر بگرم. وشەی نەرم داد نادات، زۆر جار مامەڵەکە رووکارێکی چەوت وەردەگرێ. ناتوانی بڵێی: «باوەڕم بەبڵاوکردنەوەی شیعر نییە، خوێنەران نایەنە پیرتانەوە، ئیتر بۆچی ماندووبوونی بێ واتا و خەرجکردنی بەخۆڕایی». پێش چەند ساڵ، پرسیارێکیان ئاراستەی نەزار قەبانی کردبوو، ئاخۆ ئەم ناوانەی خوارەوە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟ لە بەرامبەر ناوی عەبدولوەهاب بەیاتیدا گوتبووی: «بەڕێوەبەری پۆلیس بوایەم فەرمانی گرتنی ئەمەم دەدا لەبەرئەوەی زبڵ فڕێ دەداتە باخی گشتییەوە».

من لە هیچە بەرۆکی شاعیرانم گرتووە. رەنگە شاعیر جگە لە خۆی و ژن و منداڵی، زەرەری بۆ کەسی تر نەبێت. بەڵام چەندن ئەوانەی لەم وڵاتە سبەینە و ئێوارە زبڵ فڕێ دەدەنە باخی گشتییەوە، نەک تەنیا لە بواری شیعر بگرە لە بواری چیرۆک و دانان و ڕۆژنامەوانیشدا، کوردستان بووە بەزبڵدانی نووسین. لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەڵدەیتەوە تەژییە لە بابەتی نووسین و گۆشە و تیر و توانج لە گەندەڵیی بەرپرسان و دەسەڵات بەگشتی و نەبوونی سیستەم و پلان، بەڵام چاویان ئەوە نابینێ هەر ئەم ڕۆشنبیرییە خۆی بەرهەمی گەندەڵییەکە و لوتکەشیەتی. سیستەمی گەندەڵ ژێرخانی وڵات وێران دەکات

بەڵام ڕۆشنبیریی گەندەڵ دەبێتە هۆی رووخاندنی بیر و مەژی.

یاخییەکەی هاوپۆلان کە نەیویست ببێ بەشاعیر، بوو بە ئەندازیار. دەبێ ئێستا لە کوێ بێ؟ رەنگە لە شوێنێکی ئەم وڵاتەدا بەشداری بکات لە ئاوەدانکردنەوە یان پاککردنەوەی لە زبڵ. باش بوو نەبوو بەڕۆشنبیر و شاعیر، کێ دەڵێ ئەویش لە جیاتی تەگبیر لە حاڵی قەومی دڵسووتاو، ئەمڕۆ زبڵی فڕێ نەدەدایە باخی گشتییەوە؟

هەرێمی کوردستان ٢٧٩ لە ٢٠٠٧/٢/٢٧

## ئاژانسی دەنگوباس، هەنگاوی یەکەم

ئەوانەی لە بواری راگەیاندنی کوردیدا کاردەکەن، زۆربەیان ئامانجێکیان لە پێش چاوی خۆیاندا نیشانە کردووە، ئەویش دانانی پایەکانی راگەیاندنی ئازادە لە کوردستان. بەڵام تەنیا دیاریکردنی ئامانج بەس نییە، ئەوەش گرینگە مرۆڤ چۆن و بەچ رێگەیەک بۆ گەیشتن بەئامانج کار بکات و هەنگاوی راستی بۆ بنێ. ئەوەی لەم بوارەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نییە جێ چاو بێت، زیاتر بایەخ بەراگەیاندنە رەسمییەکان دراوە کە راگەیاندنی حزبین، واتە تەنانەت دەولەتیش نین. نەک ئەوەندە، بگرە هەندێک جار هەنگاوی هەڵە و پێچەوانەی ئاراستەش هەیە وەک بایەخدان بەراگەیاندنی بێ متمانە.

دنیای سەردەم ماوەیەکی کەم نییە دەستی لە راگەیاندنی رەسمی هەڵگرتووە چ حزبی و چ دەولەتی. ئەم جۆرە راگەیاندنە لە گەیاندنی زانیاری بەخەڵکدا سەرکەوتوو نەبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەلایەکەوە خەڵک بەدوای سەرچاوەی تری هەواڵ و زانیاریدا بگەڕێن کە رەنگە هەندێک جار ئەم سەرچاوانە لەلایەن ناحەزانی وڵاتەوە پاڵپشتی بکرێن، لە لایەکی تریشەوە راگەیاندنی رەسمی راگەیاندنێکی مشەخۆرە بەسەر ئەو لایەنەی بەڕێوەی

دەبات. تەنیا خەرجکردنێکی بەفیڕۆیە و هیچی نایەتەوە شوێن.

کەواتە بۆ دانانی راگەیاندنی ئازاد لە کوردستاندا و بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە چەند هەنگاوێک پێویستن، یەکەم: دەبێ راگەیاندن هی خەڵک بێت واتە ئازاد بێ لەکۆتوبەندی سیاسی. ئەمەش بۆ ئەوەیە سەربەخۆ بێ و راستوێژیی خۆی لە گەیاندنی راستییەکاندا بپارێزێت. دووەم: خەڵکی پسپۆڕ کاری تێدا بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە سایەی شارەزاییەوە بێلایەنیی خۆیان رابگرن، تەنیا کاری پسپۆڕانەیە دەتوانێ بەبێلایەنی چارەسەری کێشەیەک بکات. ئاشکرایە لەم سەردەمەدا خەڵک قایل نین هیچ کالایەک لە دەستێکی ناپیشەیی و ناپسپۆڕ بکڕنەوە، واتە لە دەستی نەزان.

بەدیهاتنی ئەم دوو هەنگاوە لەم قۆناغەدا، هەردووکی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. ئەوەی دەیبینین، لەم وڵاتەی ئێمەدا هیچ پارەدارێکی ئەوەندە خێرەومەند نییە سەرمایەی خۆی بخاتە خزمەت پرۆژەیەکی نیشتمانییەوە کە رەنگە سالانی ساڵ زەرەری تێدا بکات. بۆیە هەر حکومەتە دەتوانێ سالانە رێژەیەک لە بودجەی گشتیی خۆی وەلا بنێ بۆ کاری لەم جۆرە، یان پشتەوانی لە دروستبوونی کۆمپانیای هاوپشک (مساهم) بکات. هەمان شتیش بۆ پرسی پیشەیی و پسپۆڕی، زانستگە و پەیمانگەکانی وڵاتەکەمان کە شێوازی سەرەکیی پێگەیاندنی لێهاتوویی و پسپۆڕین، هەموویان دەولەتین، کەواتە ئەوەش ئەرکی دەولەتە بایەخ بەبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنیان بدات و خەم بۆ دۆزینەوەی سیستەمی هاوچەرخانە بخوات. بەڵام سەرەتا و بۆ چارەسەری بەپەلە، حکومەتی هەرێم دەتوانێ لە رێگەی هێنانی مامۆستای پسپۆڕی بیانییەوە یان ناردنە دەرەوەی قوتابی و مامۆستایانی خۆیی بۆ فێربوون و دنیادیتن لە دەرەوە کار بکات، ئەگینا ئەوەی هەیە لەم بوارەدا، تا ئێستا مایەی پشتگەرمی نییە و ئاسۆی رووناکی لێوە نابینرێ.

لەم قۆناغەی کوردستاندا، دانانی ئاژانسێکی دەنگوباس دەتوانێکی

کەڵەمبازێکی جۆری بێت لەپێناو گەیشتن بەسیستەمێکی ڕاگەیاندنی ئازاد و بێلایەندا، واتە ئەوەی ئێمە دەمانەوێ. ئاژانسێکی وا کە کاری خۆی بەشێوەیەکی پیشەیی و پسپۆڕی ئەنجام بدات. بێگومان ئەم ئاژانسە دەتوانێ ببێ بەسەرچاوەیەکی گرینگی هەواڵ بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوەخۆ و دەرەوە. بارودۆخی ئێستا ئەوەیە هەواڵەکانی کوردستان لە ڕێگەی ئاژانسە هەرێمییەکانەوە دەگەنە دنیای دەرەوە، واتە لە فلتەر دەدرێن، لە کاتێکدا کورد لەبەرئەوەی دۆزێکی ڕەوا و سەردەمییانەی هەیە، زۆر پێویستی بەوەیە دەنگ و ڕەنگی خۆی بەشێوەیەکی دروست و لە کەناڵێکی ڕاستگۆوە بنێرێتە دەرەوە. کەسایەتیی کوردستان و یەکدەنگیی کورد لە کێشە سیاسییەکانی خۆی و پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا تەنیا لە ڕێگەی کەناڵێکی واوە دەشێ بپارێزرێن. زۆرجاری وا بووە، ڕاستیی ڕووداوەکانی کوردستان بەشێواوی گەیشتوونەتە دەرەوە یان تەنانەت ناوەوەش، تا پاشان ڕاست کراوەتەوە زۆری پێ چووە، زۆرجاریش وەک خۆی بەشێواوی ڕۆیشتووە.

لە دنیای سەردەمدا، هەواڵ کاڵایە و ئاژانسیش بازاڕ. کوردستان ئەمڕۆ گۆڕەپانێکی گرینگی ڕووداوە کاریگەرەکانی دنیایە، بگرە لە جەرگەی ڕووداوەکاندا دەژی. هەبوونی کەناڵێکی سەربەخۆ و خاوەن پیشەی وەک ئاژانس دەتوانێ کوردستان ببەستێتەوە بەبازاڕە گرینگەکانی وەک ڕۆیتەرز و ئێف پی ئەی و ئەوانی تر. ناساندنی کورد بەپێی پێویست وا نەبێت نابێت. دەنگوباسی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و دادگە و ناوەندە ڕۆشنبیری و چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان، بەشێوەیەکی پیشەیی و دروست تەنیا لە ڕێگەی بازاڕێکی واوە دەگەنە کڕیارەکانی. جگە لە ڕۆڵی گرینگی ئەم کەناڵە مەزنە لە بەرەوپێشبردنی دۆزی کوردیدا.

ئاژانسی دەنگوباسی پیشەیی ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لە چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی و فرەڕەنگیی نەتەوەیی و فرەدەنگیی حزبی و جیاوازیی بیروباوەڕ لەنێوان هاووڵاتیانی کوردستاندا. هەروەها دەبێ بەدەنگی

دیموکراسییانەی کورد بۆ چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی و گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی خۆی. ئاژانسی دەنگوباسی سەربەخۆ ڕێبەرێکی بێلایەنانەی باشە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و بەرگری لە کێشەکانی ئافرەت و منداڵ و مافی مرۆڤ لە کوردستان. وێڕای ئەمانەش بازاڕێکی بەهەرمێنە لە دنیای سەردەمدا کە دنیایەکی بچووکە لە سایەی تۆڕە نوێباوەکانی پێوەندییەوە. هەواڵی کوردیش دەشێ بکرێ بەکاڵایەکی پڕ بەها لەو بازارەدا ئەگەر بابەتییانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت. دەزگا کوردییەکان لێیان داوا دەکرێ بەشداری بکەن لە دانانی یەکەمین بناخەکانی ئەم پرۆژەیە کە وێڕای ئەوەی دەبێ بەیەکەمین بەردی بناخەی ڕاگەیاندنی ئازاد لە کوردستاندا، لە هەمان کاتیشدا بازێک بەدۆخی کوردی لە رووی سیاسییەوە دەدات.

میدیا ٢٧٩ لە ٢٠٠٧/٢/٢٧

## مەلا شوکور

هەژاری نابێ بەمایەی ئەفراندن و داهێنان جاربەجارێک نەبێ. وەک بنکە، خۆشگوزەرانی و خۆشحاڵی مەرجی ناچارین بۆ ئەفراندن. مرۆڤی هەژار بەدوای پڕکردنەوەی مەشکەی زگدا دەگەڕێ نەک پڕکردنەوەی کاسەی مێشک. مەلا شوکری خۆمان یەکێک بوو لەم ڕێکەوتە "جاربەجارە"ی مێژوو. هێشتا شیرەخۆرە دەبێ باوک دەمرێ، دایک شوو دەکاتەوە، منداڵێکی بێ دایباب لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هیچ دەستەبەرێکی نییە بۆ فراژیبوون و پێگەیینی ئاسایی، بەڵام شوکری سێوی، بۆ لەبیرکردنی ئەم ژینە تاڵە خوو دەداتە فێربوون، دەیگرێ و بەری نادا تا دەبێ بەو کەڵەپیاوەی ناسیمان.

مامۆستای خۆمان ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەمجار لە دوای ڕاپەڕین هاتە هەولێر. هاوەڵێک پێی گوتم مەسعوود محەمەد و مەلا شوکورم لەلایە بۆ نایەی؟ چۆن نایەم؟ پێشتر مامۆستا مەسعوودم ناسیبوو، بۆ مەلا شوکور

ئەمە جاری یەکەمم بوو. وەک یەکێک لە وەچەی خوێندەوارانی سالآنی حەفتا بەختەوەربووم بەفێربوون لە بەرهەمە بیرییەکانی مەسعوود محەمەد و زمانە بێ وێنەکەی شوکور مستەفا. ئەم دوو مێرخاسە لەو سالآنەدا سەرقافلّەی ڕۆشنبیریی تازەی کوردی بوون.

لەو دانیشتنەدا، دەمانویست زۆرترین شتیان لێ ببیستین. هاوەڵەکەم گوتی: تێ ناگەم؟ ئەمانە بۆ بەدوو شێوەی جیا بیر لە یەک ئامانج دەکەنەوە: سەربەخۆیی؟ گوتم: یەکەمیان ئەریستۆکرات و دووەمیش زەحمەتکێشێکی کوردە. گوتی: ڕاست دەکەی. لە بۆنەیەکی تردا مەسعوود محەمەد گوتی: خاکەکەمان لە خۆمان پیاوتر بووە، مەلا شوکور بەرێزگرتنێکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە: بەخوا قوربان خۆشمان پیاوین بەڵام دوژمنان نەیانهێشتووە دەرفەتمان ببێ. بەکورتی مەلا شوکور تا ژیا دڵ و گیانی بەلای هەژارانەوە بوو، پێی وابوو ئەوانن هێزی گۆڕینکاری لە مێژوودا، بەپێچەوانەی مەسعوود محەمەدەوە کە باوەڕی وابوو ئەو شتەی پێی دەگوترێ پرۆلیتاریا کەمێک لەملاوەی ئاژەڵە.

لەگەڵ مامۆستا شوکوردا چووین بۆ دهۆک، لە ڕێگەدا دەنگی بەجۆشی شڤان پەروەر لە ستڕانی "قمل"دا دەنگی دەدایەوە، مامۆستا شوکور هەرچەندە دیالەکتی کرمانجیشی باش دەزانی بەڵام لە واتای ئەم ستڕانە نەگەیشت، بۆم باس کرد چییە، ئینجا جارێکی تر بەیەکەوە گوێمان لێ گرتەوە، ستران دەیگوت: «ئیسالژی تەنە نەهات، قمل خوار و داوی هات، زاروزێچ تەڤ برچی مان، خەلا بسەر مەدا هات، هات قملێ رۆهلات، گەنم خوار و داوی هات، من خواستیبوو بزاڤا بم، قەلەنێ بووکێ دەرنەهات، حەمەد وەلی بەر ببایە، قمل هاتە برەڤایە، تەڤدە لگەنم بەلابوون، گەنم خوارن مایی کایە، هەی لۆ ئاپۆ لۆ کۆکمۆ، وەی لۆ ئاپۆ لۆ پشتخوارۆ، وێ چاوا ببە حالێ مە فەقیرییە».

قمل واتە ئەسپێ، بەڵام لەم سترانەدا لەوانەیە مەبەستی سن و کیسەڵە بێ کە لە کۆتای بەهاردا لە دەغل و دان دەدەن و سفری دەکەن، دەڵێ: ئەمساڵیش

دانەوێڵـە نەهاتە بەر، سن و کـیسـەڵە لە گـەنمی دا و هـەمووی خـوارد، منداڵ برسی مـانەوە، گرانیـمان بەسـەردا هات، دەمـویست ببم بەزاوا بەڵام خەرجیی بووکم پێ دەرنەهات، هەی لۆ لۆ ئاپۆ لۆ پشتـخوارۆ، باشە چی بکەین حاڵی ئێمە فەقیرییە؟

مـەلا شـوکور لەگەڵ ئەم گۆرانییـەدا دەسـتـی کردە گریان، هۆڕ هۆڕ گریا، گوتی: کاکە ئەمە ٤٠٠ ساڵە حـاڵی کورد وایە. نەمزانی مەبەسـتی لەم ژمارەیە چی بوو، پرسیـاریشم نەکرد، ئێستا بیردەکەمەوە رەنگە مـەبەستی ئەوەبووبێ تا دوای رێککەوتنی عـوسـمـانـی و سـەفـەوی لە سـاڵی ١٦٣٨، کـوردسـتـان ئارامـیـی بەخـۆیەوە نەبینی، زۆربـەی خـێـڵانی کـورد بەهـۆی هێـرش و پەلامـارەکـانی مـەگـۆل و تەتەر و سـەفـەوی و تورکـەوە دەسـتـیـان لـە ژیانی نیشتـەجێی هەڵگرتبوو و وەک رەوەند بەچیـایانەوە دەژیان. ئەم بەسـەرهـاتە هی ئەو دەمانەیە کە خێڵانی کورد نیشتەجێ بوونەتەوە.

نەمـدەزانی ئەم سترانەی قمل، بەسـەرهات و چیرۆکی زۆرتری هـەیە. سـاڵی ١٩٥٩ مـووسـا عـەنتـەر کۆوارێک بەزمـانی تورکی لە دیاربەکر دەردەکـات. لە ژمـارە دوو یان سـێـدا ئەم هەڵبـەسـتـە فۆلکلۆرییە بڵاو دەکاتەوە. چیکڵدانەی رێژیمی تورک بەرگەی ئـەمە ناگرێ، کۆوارەکە دادەخات و مـووسـاش دووچاری لێـپـێـچـینەوە دەبێت. مـووسـا عـەنتـەر سـاڵی ١٩٩٣ تیـرۆر کرا لـەبەرئەوەی دەیویست ئەو ژیانە بگۆڕی کە سترانی قمل باسی کردبوو.

ئەم کـەڵەپیـاوانـە یەک لەدوای یەک رۆیشتن و لە کـەل ئاوابـوون، ئاواتیـان لەسەربەخـۆییی کوردستان و خـۆشبوونی ژیانی هـەژاران نەهاتەدی، ئێستا وا بەرەبەرە رەنگ و وێنەیان لە بیـرمـانـدا کاڵ دەبێـتـەوە، بـەڵام هـەرگـیـز و هیچ رۆژێک لـە رۆژان گـریانـەکـەی مـەلا شـوکـرم بۆ هـەژاران لـەبیـر نـەچووەوە، بەردەوام لە گوێچکەمدا زرینگەی دێ.

هـەرێمی کوردستان ٤٠٢ لە ٢٠٠٧/٢/٢٧

## دەردە کورد

بۆ پیری موغان: مەحموود زامدار

پێش چەند ساڵ ویستمان کۆمەڵە ئامێرێک لە دەرەوە بکڕین، دەیان کەس لێمان بوون بەشارەزا و پسپۆڕی ئەم بوارە. لە گشت لاوە گەمارۆیان داین، پاڵەپەستۆیان داین، تا پاشان بەهەزار ناری عەلی لە بن دەستیان دەرچووین. تۆ بتەوێ هەر شتێک بکەیت کوردستان پڕە لە پسپۆڕ و تایبەتمەند و شارەزا. هەمووشی فشەیە، کێشەی ئەم هەرێمە نەبوونی شارەزایییە. سەیری کارەکانی حکوومەت بکە، گریانت دێ لەم بێکەسییە.

شاندە بیانییەکە بەر لەوەی بچن بۆ لای هەر کەسێک، لە منیان دەپرسی: تۆ ئەمە دەناسی؟ بەڵێ دەیناسم، نەخێر نایناسم، بەڵێ دۆستێکی نێزیکمە، ئێوارەکیان لە بەرامبەری یەکتر دانیشتبووین، گوتیان: تۆ گوتت فلانە کەس دۆستی منە وا نییە؟ گوتم: بەڵێ. گوتیان: زۆر دۆستی تۆیە؟ گوتم: بەڵێ. گوتیان: تۆی خۆش دەوێ؟ گوتم: وابزانم. دایانە قاقای پێکەنین. واقم وڕ ما، سەرم سڕ ما، چی بووە؟ گوتیان: ئەم دۆستەت لە سەرەتای دیمانەکەوە تا کۆتایی تەنیا لە خراپەی تۆ دوا. هەی شەرم و شوورەیی. ئەو ساتە لە شەرمەزارییانە کونێک نەبوو خۆمی تێدا بشێرمەوە.

ڕۆشنبیر دێ بۆ لات سەت قسەی خۆشت بۆ دەکا تا کارەکەی رایی دەبێ، کە لە دەرگاش چوو بەودیودا سەت نفرِ و جنێو بەپوولێ. هیچ چارەسەریشت نییە و دەبێ ڕۆژانە ئەم ڕێوڕەسمە دووبارە بکەیەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵگەیەدا سەربکەوی، بەر لە هەموو شت نابێ قسە بکەی. تکایە نهێنیی کارەکانت مەڵێ. پڕۆژەکانت ئاشکرا مەکە. باسی هەر پلان و پڕۆژەیەکی خۆت بکەی، لێی دەکەونە پارێزەوە، تا تێکی نەدەن دەست هەڵناگرن. زمان بووەستێ پڕۆژە پارێزراوە.

هەژار خوا هەژاری کردووە یان کۆمەڵگە؟ ئەگەر خوا هەژاری کردووە با

دەست لە کاری خوا نەدات. ئەگەر ستەمی کۆمەڵگەشە با هەوڵ بدەین ستەم نەمێنێ. هەژاری ستەمی سیستەمە، ئیمامی عەلی گوتوویەتی ئەگەر هەژاری پیاوێک بوایە دەمکوشت، بەڵام پیاوێک نەبوو سیستەمێک بوو، لەناو نەچوو و لەناویش ناچێ، تەنیا گۆڕانی بەسەردا دێ. خەڵک مافی خۆیانە داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکەن بەڵام مافیان نییە داوای یەکسانی بکەن. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. دەبێ هەوڵ بدەین خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی کۆمەڵگە بێتەدی، بەڵام یەکسانی سیستەمێک بوو هەرەسی هێنا. ئیتر لەسەر زەویدا یەکسانی نایەتە دی.

بێزم لە راگەیاندنی کوردستان دەبێتەوە. گەورەترین پرۆژە و چالاکی ئەنجام دەدەیت نایکات بەهەواڵ و بایەخی پێ نادات، چاوی بەکاری باش هەڵنایە، بەڵام لە ناکاو تەلەفۆنت بۆ دەکات، دەڵێ: ئەرێ کێشەکەت لەگەڵ فەرهاد پیربالدا بوو بەچی؟ ئاخۆ ئەمە نەزانییە یان ناپاکییە لە پیشە.

ئەگەر سەرۆ قادر بەکوردی گوتبێ سەگ، راستی نەگوتووە. ئەگەر گوتبی گوندییەکانی کوردستان سەربەرز نین هەڵەی کردووە. بەڵام ئاخۆ ئەم گەلەکۆمەکییەی دەویست؟ ئەگەر راگەیاندنی کوردستان وا بوێرە بۆچی لە پرسی لێ خۆشبوون لە فایلدارەکان بەدەنگ نەهات، ئەوانەی چەپڵەیان بۆ لێ درا. جنێو بەکورد بدەی گەورەترە یان ناپاکی لە دۆزە رەواکەیدا بکەیت کە دەیان هەزار شەهید و قوربانیی بۆ داوە. سەرۆ قادر رۆشنبیرە، پیاوێکە پەنجەی بەخوێنی کەس سوور نەبووە، راگەیاندن بەئاسانی پێی دەوێرێ و ریسوای دەکات، بەڵام هەر ئەم راگەیاندنە خۆی لە ماڵی پیاوکوژ و فایلدار نان وەردەگرێ. ئەوەی لەم دوو هەفتەی پێشووەدا بەسەر سەرۆ قادریان هێنا، هەموومانی داچڵەکاند. من بۆ خۆم توانای نووسینم بەجارێک دابەزی و رەنگە تا ماوەیەک دوور بکەومەوە لەم زبڵخانەیە.

دەڵێن دوو قرژاڵ بکەونە چاڵێکەوە هیچیان ناتوانن بێنە دەرەوە. هەر کامەیان هەوڵی هاتنە دەرەوە بدات، ئەوی تریان لە دواوە پاشووی دەگرێ و دەیکێشێتەوە. ئەمەیە کتومت کورد. سەرکەوتنی هەر کەس لە ژێرکەوتنی

ئەوانی تردایە. بەرۆکی یەکتـرمـان گـرتووە، مـانی خـۆمـان لە نـەمـانی ئەوی ترمـاندا دەبیـنین. بەڵام لە دەرەوەی ئەو چاڵەی تێـی کەوتووین چی روو دەدات؟ ئەمە لە ساڵانی داهاتوودا دەیزانینەوە.

هەرێمی کوردستان ٤٠٣ لە ٢٠٠٧/٣/٦

## پێوەنان لـە ژمارەی کوردیدا

شتێک نییە لەسەر زەویدا بەو رادەیە پیرۆزبێ مرۆڤ نەتوانێ خۆی لێ بدا یان ناوی بێنێ. کابە بەر لەوەی ببێ بەرووگەی مـوسـڵـمـانان شـوێنی بتپەرسـتیی جـاهیلییـەکان بـوو. ئێسـتا رۆژانە لە مـەسـجید ئەقسـا لایەنگرانی دوو ئاین بەرۆکی یەکتر دەگرن و دەسدرێژی روو دەدات. پێت دەڵێ ئەوەی بۆ تۆ پیرۆزە بۆ من پیـرۆز و قـەدەغـە نییـە، ئەوەی لـەسـەر زەویدا هـەیە، ژیار و مـێـژووە نـەک دابەزیو لە ئاسـمـانـەوە، دەسکردی مـرۆڤ خـۆیـەتی و بۆچوونی جـیـاوازی لەسـەرە. بەڵام دەبێ رێزی لێ بگیرێ، بێگومـان ئەمـە راسـتـە، لەبەرئەوەی هـەر یەک لەم شـوێنە پیرۆزانە بەندن بە کەسایەتی و رووداوی مێژوویی گرینگ و وەرچەرخانی گەورەوە.

رۆشنبـیـریی کـوردی نرخـی ژمـارە و ئامـار و لیسـتی ناو نـازانێ. بۆ زل پێشـاندانی هەر پرسێک پەنا بۆ گەورەکردنی ژمارە دەبا کە ئەمـە نەریتێکی خێڵەکییانەیە. دووبارەبوونەوەی ئەم ژمـارانە بۆ ماوەی بیست ساڵ یان زیاتر لە راگەیاندن و نـووسـراوە کوردییـەکاندا وای کردووە لە هۆشـیـاریی خـەڵکدا پلەیەک لە پیرۆزی وەربگرن، ئیتر کەس نەوێرێ خۆیان لێ بدا یان بڵێ چەوتن. سـەردەمی ئـەمـڕۆ سـەردەمی ژمـارە و بەڵگە و دەسـتـهـاوێژی بڕوا پێکراوە، ژمـارەی چەوت و لە خـۆوەگـوتـراو لە ڕادەی راسـتـوێژیی مـرۆڤ دادەبـەزێنێ. ئێـسـتـا کاتی ئەوە هاتووە ژمـارە چەوتەکـان دەسکاری بکرێنـەوە، هـەرچەندە ئەگەر پیرۆزیش بن و باسکردنیان کابە لار بکات.

گلەییمان کرد بۆچی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال لەدار نەدرا، تاوانی ئەنفال

گەورەتربوو لە تاوانی دوجەیل. بەڵام هیچ جارێک لە خۆمان نەپرسیوە ئاخۆ ژمارەی ئەوانەی بەر ئەنفالەکان کەوتن چەند بوو؟ کوا لیستی ناوەکانیان؟ ئەو ژمارەیەی بیست ساڵە بووە بەویردی سەر زار "١٨٢ هەزارەکە" کێ دایناوە و لەسەر چ بناخەیەک نووسراوە و گوتراوە؟ ئاخۆ ژمارەیەکی ورد و دروستە یان نا! کوا بەڵگە و دەستاوێژ بۆ ئەمە؟ یان هەر نەمانپرسیوە ئاخۆ ئەگەر ژمارەکە کەمتر بێ هیچ شتێک لە هەقیقەتی دۆزەکە دەگۆڕێ؟ سەدام لەسەر تاوانی دوجەیل هەڵواسرا کە تەنیا ١٤٨ قوربانی ناویان هەبوو، باشە ئەگەر کردەوەگەلی ئەنفالیش تەنیا ١٤٨ کەسیان راپێچ و بێ سەروشوێن بکردایە، بەشی ئەوەی نەدەکرد سەدام و هاوەڵ تاوانبارەکانی لەسەر ئەمە لە دادگە بدرین و هەڵبواسرێن؟ پێوەنان لە ژمارەدا چ نرخێکی هەیە لە کاتێکدا هەموو لا دەزانن ژمارەکە دوورە لە راستییەوە.

یاخۆ پرسی ئەو کچانەی گوایە بۆ میسر نێردران تاوەکو لە سەماخانەکانی ئەو وڵاتەدا کار بکەن تا چەند راستە؟ نەمانپرسیوە ئاخۆ ئەو بەڵگەنامەیەی ئەمە ئیسپات دەکات تەواوە یان دەسکرد؟! ئاشکرایە لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنیکدا دروستکردنی بەڵگەنامەی قەڵپ زۆر سانایە. خۆمان بینیمان لە دوای راپەڕینەوە هەموو جۆرە بەڵگەنامەیەک لە کوردستان دروست دەکرا. گوێمان لێ دەبێ ئێستا لە بەغدا هەموو جۆرە بەڵگەنامەیەکی دەسکرد دەست دەکەوێ. لەم دنیایەدا پارە دروست دەکرێ بەدۆلاری ئەمەریکیشەوە، ئیتر چۆن بەڵگەنامەیەکی سادە و ساکار بۆ رەوانەکردنی ئەم کچانە دروست ناکرێ؟

تۆ لەمانە گەڕێ، پرسیارێکی تر بکە، ئاخۆ ئەمە هیچ خزمەتێکی بەرژەوەندی کورد دەکات؟ کوردێک کە ئەم هەموو چەرمەسەرەی بەسەر هاتووە و وڵاتەکەی وا وێران بووە ئاثاری بەسەر پاتارەوە نەماوە، هەمووشی وا بەرچاوی دنیایە و ئاشکرایە، بەگۆڕی بەکۆمەڵیشەوە، چ پێویستییەکی بەوە هەیە سیناریۆی ناردنی ١٨ کچی گەرمیانی بهۆنێتەوە، ئاخۆ کارەساتەکانمان بەشی ئەوە ناکەن مەزڵوومییەتی ئێمە پێشانی دنیا بدەن؟ من لەو باوەڕەدام

ئەمە یان کاڵفامییە یان پێکەنینە بەریشی خەڵک. بیرمان نەکردووەتەوە ئەگەر رۆژێک بێ و دەرکەوێ ئەم بەڵگەنامەیە دەسکرد بووە ئاخۆ ئەو رۆژە راستگۆییمان ناشێوێ، یان وەڵاممان چی دەبێ بۆ خەڵک؟ رەنگە هەندێک کەس بەم قسانە قەڵس ببن، بەڵام وەک لەسەرەتاوە گوتم هیچ شتێک وا بەپیرۆز نییە نەتوانین نێزیکی ببینەوە. راگەیاندن هۆی گەیاندنی راستیگەلە بە خەڵک، ئەوەی راستی دەشێوێنێ یان چەواشەی دەکات دەبێ نیازێکی تری هەبێت. بەڵام با دابنێین پرسی بردنی ئەم کچانە بۆ میسر راستە و کارکردنیان لەو سەماخانانە رووداوێکە رووی داوە، باشە بۆچی ئەم پرسە ناخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسییەوە تاوەکو کاری لەسەر بکەن و بڕیاری بۆ دەربکەن؟ من سەرم لە رۆشنبیری کوردستان سوڕ ماوە، جارێک داکۆکی لە ئافرەت دەکات کە لە سۆنگەی پرسی پاراستنی ئابڕوو و دەمارگیراویی خێڵەکییانەوە دەکوژرێ، جارێکیش دەماری خێڵایەتیمان دەبزوێنێ لە پرسی کچە جوانەکانی گەرمیان کە نێردراون بۆ سەماخانەکانی میسر.

جگە لەمە، ئەوەی زانراوە قڕکردنی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ هەشت هەزار کەسی گرتووەتەوە. بەڵام ئێستا ژمارەی ناوەکان کەمترە لەو ژمارەیە، نیوەشی نابێ. مرۆڤ دەتوانێ پرسیارێک بکات ئاخۆ هەبوونی لیستێک بە ژمارەی ٣٨٠٠ ناو بە وێنەی کەسی و هەموو بەڵگە و ئیسپاتێکەوە باشتر خزمەتی کێشەکەمان ناکات لە ژمارەیەکی خەیاڵی؟

ئەو کاتەی کردەوەی قڕکردنی بارزانییەکان و هەڵەبجە و ئەنفالەکان روویان دا، کەس فریای ئەوە نەکەوت ژمارەی دروست بەدەستەوە بدات، جگە لەمەش راگەیاندنی شۆڕش زیاتر پەنای بۆ زیادەبێژی دەبرد و وای دەزانی ئەمە کاریگەریی زیاتری هەیە بەسەر جەماوەری کوردستان و رای گشتیی دنیاوە. بەڵام ئەمڕۆ دوای تێپەڕینی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر هەندێک لەو رووداوانەدا، دەبێ ژمارەی ورد و دروست لە راگەیاندندا بەکاربێن نەک ژمارە هەڕەمەکییەکان. گەورەیی کارەسات بەزۆریی ژمارەی قوربانییەکانی نییە،

پەند لە جۆری ستەمەکەیە نەک لە رادەکەی. بێگومان ژمارەش گرینگە بەڵام بێ پێوەنان.

من وەک هاووڵاتییەکی کوردستان دەبێ ورد بزانم چەند کەس لە هەڵەبجەدا بەر کەوتن بەقوربانی و برینداروەوە. چەند گوند لە ساڵانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، یان لە هەشتایەکانی سەدەی رابردوودا وێران کران. فەیلییەکان کە رێژیمی بەعس بەر شاڵاوی دان چەند بوون و چ زیانێکیان لێ کەوت. وەک چۆن حەز دەکەم بزانم چەند ئافرەت لە دوای راپەڕینەوە لەسەر پرسی ئابڕوو ئازار دراون یان تیرۆر کراون. چەند لاو، چەند شارەزایی روویان لە هەندەران کردووە؟ ئەمانە هەمووی کاری رێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانییە کە ناویان هەیە و ناوەڕۆکیان دیار نییە.

ئامار و ژمارە و زانیاریی دروست و بەڵگەدار بنەمای کارکردنە لەم سەردەمەدا، جا ئەو کارە هەرچییەک بێت. ئەم داخوازەش تەنیا بەرۆکی پەرلەمان و داوودەزگای حکوومەت ناگرێتەوە، زیاتر بەرۆکی داوودەزگاکانی کۆمەڵگەی شارستانی دەگرێتەوە کە بێ ژمارن بەڵام خۆیان هیچ ژمارەیەکیان بۆ هیچ شتێک لەبەردەستدا نییە. دەبێ بزانین نەمانی رێژیمی بەعس واتای ئەوە نییە دۆز و داواکانمان لەم پرسە گرینگانەدا بەکۆتا هاتن، پێویستە لە داهاتوودا دۆز لە دژی دەولەتی عێراقی بەرز بکەینەوە و داوای قەرەبووی زیانە گیانی و واتایی و مایەکییەکانی خۆمان بکەین، بەڵام بە لیست و ژمارەی دروست و بەڵگە نەک زیادەوێژی و زلکردن.

میدیا ٢٨٠ لە ٢٠٠٧/٣/٦

## رای گشتی

کوردستان هەنگاو دەنێ بەرەو جڤاکی دیموکراسی، گومان لەوەدا نییە کە هەنگاو دەنێ و بەرەوپێش دەچێ، بەڵام هەنگاوەکان رێک و خێرا نین،

هەنگاوی شل و خاون، بە لارەلار دەڕوات بەرێگەدا. لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستە کاتێکی زۆر تێ پەڕیوە و وزەیەکی زۆر لەبەر ڕۆیشتووە، بەڵام گۆڕینی جۆری لە ژیانی کۆمەڵگەدا کەم بووە. گۆڕین رووی داوە، بەڵام زیاتر لە رواڵەت و شێوەدا بووە نەک لە ناوەڕۆک و بنەمادا. دەشێ دابنیشین و قسە لەسەر ئەم بابەتە زۆر بکەین و زیاتری لێ بکۆڵینەوە تا بەدوای هۆیەکاندا بگەڕێین، بەڵام دوای هەموو قسە و شرۆڤە و لێکۆڵینەوەیەک دەگەینەوە هەمان ڕاستی، ئەویش ئەوەیە کە بنەمای کارکردن لە کوردستاندا هەر وەک خۆی ماوە و نەگۆڕاوە، ئەویش: بەشداریی گەل لە دەسەڵاتدا کەمە، لە کوردستان دەبێ سەرەوە بڕیار بدات و ژێرەوە گوێ ڕایەڵ بکات. لەو کاتەی کە بنەمای دیموکراسی تەواو پێچەوانەی ئەمەیە.

دەبێ بزانین، بۆ کوردستان جگە لە دیموکراسی ڕێگەچارەیەکی تر لەبەردەمدا نییە. کورد لە مێژووی خۆیدا گەلێکی بێ پێناس بووە، وا ئەمرۆ لەم کۆتاییەدا بەدوای پێناسدا دەگەڕێ. تاکە پێناسی دان پێداهێنراوی سەرتاسەریش لەم سەردەمەدا دیموکراسییە. بەتایبەتیش بۆ ئەم شوێنە دواکەوتووەی دنیا کە بیری ئاینی، هەڕەشەی گەڕانەوەدوای بۆ سەر سیستەمی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوپێشی لێ دەکات.

بەڵام ئەو هێزگەلەی چارەنووسی لەم کۆمەڵگەیەدا بەدەستەوەیە، جڵەو بۆ ڕەوت و ڕۆیینی دیموکراسی شل ناکات، بگرە توندی دەکات، ڕێگەی بۆ تەخت ناکات کۆسپی دەخاتە سەر. لێرەدا مەبەستم لە لووتکەی دەسەڵات نییە، لووتکەی دەسەڵات بیانووی ئەوەی هەیە کەوا لەبەر کارکردن و سەرقاڵی لە بەرەی شەڕی سیاسیدا فریای بەرەی کۆمەڵایەتیی ناوەخۆ ناکەوێ. ئەزموونی سیاسیی کوردستان بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی ناوەخۆی عێراق و هەڕەشەی هەرێمی و تەنانەت هەڕەشەی پەشیمانبوونەوە و پشت تێکردنی نێودەوڵەتیشدایە، بۆیە لووتکە ئەگەر شەو و ڕۆژی خۆی بۆ ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە تەرخان بکات هێشتا کات بەشی ناکات.

لە ژێر ئەم لووتکەیەدا، شاخ و کێوی گەورە و ناقۆڵا هەن کە چارەنووسی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دیاری دەکەن. پیاوانی گەورەی سیاسەت، کاربەدەستانی گەورەی حکوومەت، پەرلەمانتاران، بازرگانان و خاوەن پرۆژە زلەکان، مشەخۆرانی ئاین، مشەخۆرانی رۆشنبیری و تا دوایی... زۆربەی ئەمانە ئەمڕۆ پاشقول لێگری بزاوتی دیموکراسین. ئەمانە وڵات لە پشتی پەردەدا دەبەن بەڕێوە، دەیانەوێ خۆیان لە پێشەوە بڕیار بدەن و میللەت لە پشتەوە خۆی رایەڵ بکات، لە بچووکترین بەرژەوەندییەوە تا گەورەترینی، بۆ خۆیان پاوان دەکەن. بەڵام بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەمە رووبدات وەک چۆن دیموکراسی دەیخوازێ، واتە ژێرەوە بڕیار بدات و سەرەوە گوێ رایەڵ بکات، واتە پەرلەمان هەڵبژاردەی گەل بێت و بەفیکەی گەل هەڵسووڕێ نەک لەیستک و دەسگەمەی دەستی دەسەڵات بێت، پێویست بەوە دەکات رای گشتییەکی هۆشیار و کارا لە وڵاتدا هەبێت. تەنیا رای گشتیی کارایە دەتوانێ هێزە ناقۆڵاکان لە سنووری خۆیاندا بووەستێنێ.

راگەیاندنی ئەمڕۆی کوردستان، بەهەردوو جۆریەوە: رەسمی و نارەسمی، لە خزمەتی ئەو توێژە دەسەڵاتدارەدایە. یەکەمیان ناشیرین جوان دەکات و دووەمیان جوان ناشیرین دەکات. هەردووکیشیان بێ هیوایی بڵاو دەکەنەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ دوای شازدە ساڵ زیاتر لە ئازادیی کوردستان، لاوان بیر لە بەجێ هێشتنی دەکەنەوە. دوای ئەم هەموو خوێن و قوربانییە، کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان کێشەی لووتکەی دەسەڵاتە نەک بنکەی وڵات.

لە راپەڕینەوە تا ئێستە کاتێکی زۆر تێ پەڕیوە و وزەیەکی زۆر لەبەر رۆیشتووە، بەڵام گۆڕینی جۆری لە ژیانی کۆمەڵگەدا کەم بووە. دیموکراسی دروشمە، دروشمێکی ورشەداریشە، هەموو کەس بەرزی دەکاتەوە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش بەرزیان کردەوە. گرینگ دروشم نییە، گرینگ کارکردنە بەپێی بنەمای دیموکراسی کە یەکەمین بنەما لەو بنەمایانە: راگەیاندنی ئازاد و رێزدار و هێمن و راستگۆیە، ئەو راگەیاندنەی گۆشە تاریکەکان رووناک

دەکاتەوە و پەنجە دەخاتە سەر شوێنە ئیشاوەکان.

ئێمە هەنگاو بۆ ئەمە دەنێین، بەڵام با بزانین لەناو ئەم زەوییە پڕ درک و داڵەدا چیمان پێ دەکرێ.

بزاو ١ لە ٢٠٠٧/٦/١٠

## کوردستان ئارام نییە

زۆر جار لەگەڵ خۆمدا هەمان پرسیار دووبارە دەکەمەوە: ئاخۆ کوردستان ناوچەیەکی ئارامە وەک لە راگەیاندنی ناوەخۆدا بانگەشەی بۆ دەکەین؟ بۆ ئەم پرسیارە دڵەڕاوکێ دروستکەرە، وەڵامی جیاجیا بەخۆم دەدەمەوە: بە ئا و بە نا. بێگومان بۆ هەریەکەشیان بیانوو هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی یەکلا ببمەوە، زۆرجار لەگەڵ دەوروبەریشدا هەمان پرسیار دەورووژێنم، هەیە دەڵێ: بەڵێ بەدڵنیاییەوە کوردستان ئارامە. هەرچەندە ساڵ دوو ساڵ جارێک، تەقینەوەیەکی گەورە هەوای ئارامی دەشڵەژێنێ و دەمانتاسێنێ، بەڵام کوردستان بەگشتی ناوچەیەکی سەقامگیر و تەنایە. لەچاو زۆر دەڤەر و وڵاتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بووە بە مێرگی سەقامگیری و تەناهی. کورد سەرەڕای بێ ئەزموونییان لە راوکردنی تۆرگەلی تیرۆریستیدا، توانیویانە ئەزموونەکەیان بپارێزن.

نکووڵی لەمەی سەرەوە ناکرێ، بەڵام ئەمە دیمەنی دەرەوەیە. ناوەڕۆک شتێکی ترە، هاوڵاتیی کوردستان بەڵگەیەکی تری پێیە، وەک بەزاراوەی خۆی دەڵێ "بازار وەستاوە"، زەوی و خانووبەرە کڕین و فرۆشتنیان لەسەر نییە. پارەداری ئاسایی سەرمایە دادەکات بەرەڵای ناکات. دەڵێ: دەسەڵاتی کوردستان ئارامیی پاراستووە بەڵام نەیتوانیوە گەرەنتیی بەردەوامبوونی بدات. چارەنووسی کەرکووک ئەگەری شەڕی هەیە، تورکیا هەڕەشە دەکات و تۆش بەهەمان زمان وەڵامی دەدەیەوە، ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا

جـرتوفـرت و تەڕاتێن دەكـات. راسـتت دەوێ، سـەرمـایەگـێـڕی بیـانـی بەم دەنگوباسـانە شـۆک دەبێ و روو لە كـوردسـتـان وەردەگێـڕێ. بۆ سـەرمـایەگێڕ كـوردسـتـان ناوچەیەكـی ئارام نیـیـە. بۆ خـۆت بیكە بـەنەریت، بەڵگەی بوونی ئارامی لە هەر ناوچـەیەكدا، قسـەی سیـاسـەتوان و پیاوانی راگەیاندن نیـیـە، قسەی سەرمایەگێڕانە.

راسـتە لە رۆهـەڵاتی ناوەڕاسـتـدا كارێكی ئاسان نییە ئـارامیی ژیانی خـۆت بپـــارێزیت، لەبـەرئەوەی هـەر چوارلات نـائـارامــیت پێـــشكێش دەكــەن. لەم ناوچەیەدا كـەس دۆسـتی كـەس نییـە و هیـچ بنەمـایەكی شـارسـتـانی، قـەوارە مـرۆڤـیـیـەكـان بەیەكـەوە نابەسـتـێ. ئەم ناوچەیە شـتـێكە بەزاراوەی گـەلێـری "كەربازاڕی"ی پێ دەگوترێ. بەڵام نموونەش هـەیە سەركەوتوو. ئوردن، ئوردنی پاتشـانشینی و دیموكراسی بەخـۆوەنەدیوی جـاران و دەسـەڵات نەگۆڕ، ئەمرۆ لە جـوانتـرین تەمـەنی گـەشـەی ئـابووریی خـۆیدا دەژی، سـەرمـایەی دەرەكی لە هـەر چـوار لاوە تێـی دەڕژێ، تەكـــان دەدات بـەرەو ســـەردەمی دیمـوكـــراسی، وڵاتێكی ئارام، نەتیرۆر پێشكێش دەكات و نەوەری دەگرێ.

سێ رۆژ لەو وڵاتەدا مامەوە، كەسم نەدەناسی، بۆیە هیوایەک نەبوو شتێكی لەبـارەوە بزانم زیاتر لـەوەی دوور بەدوور دەمـزانـی. بەڵام ئوردنیـیـەک لـە یەک رسـتەدا هـەمـوو شـتـی بۆ روون كردمـەوە. گوتی: ئێمـە وڵاتێكین هیـچـمـان نییـە تەنیـا هێـمنی و ئـاسـایش نەبێ، نەكشـتـوكاڵ نەپیـشـەسـازی نەنەوت نەكانزا، تەنانەت ئاویشـمـان نییە، تـەنیا ئاسایش و بەس. كەواتە ئەم گەشـە سیاسی و ئابووری و كـۆمـەڵایەتیـیـە هـەمـووی لە سـایەی ئـاسـایشـەوەیە. ئـوردن تاكـە وڵاتێكـی ناوچەكـەیە كـە ئەمـرۆ ئـاسـایشی تێـدا بەرقـەرارە. ئـوردن بووە بەو وڵاتەی كە تیـرۆر زەفـەری پێ نـابات چونكە بە یاسـا ئیـسـلامی سیـاسی لغـاو دەكات.

لەگەڵ هەر كـارێكی تیـرۆریسـتـیدا كە لە كـوردسـتـان رووی دابێ، هـاووڵاتی گـوتوویەتی ئەم كـارە هەر كـێی لـە پشـتـەوە بووبێت، ئیـسـلامیی سـیـاسـیی كـوردسـتـان پرد و بەردەبازی بووە. نـاشـارێتـەوە كـەوا ئیـسـلامی سـیـاسـیی

کوردستـان سـەری لەلای قـاعیدە و پاشـەڵی لە ئێرانە، هـەرە باشـەکەیان کە تیـرۆر نـاکـات، دەچێتـە دەرەوە پەیمانی رووخـاندنـی کوردسـتـان مـۆر دەکـات. هـاووڵاتیی کوردستانی دەڵێ ئەگەر تۆ ناتـوانی بەربەرەکانیی تورکیا و ئێران و سـووریاش بکەیت، خـۆ دەتوانـێ ئەم شـێـرپەنجـانـە لە جـەسـتـەی خـۆتدا ریشـەکێش بکەیت. هاووڵاتی دەڵێ: ریشـدار لە کوێ بێ ئارامی لەوێدا نییـە، گەشەی ئابووری نییە، دیموکراسی نییە، تەنیا دۆزەخ هەیە.

ئێمـە ئەگەر بۆ داهـاتووی گەش بڕوانین، دەبێ بـزانین وەک پرەنسیپ ئارامی گەشــەی ئابووری رادەکێـشێ، گـەشـەی ئابـووریش دیموکراسـی رادەکـێشێ. ئەمەش بەهەبوونی ئیسلامی سیاسییەوە روو نادات. ئیسلامی سیاسی تەنیا دۆزەخ دروست دەکات. کوردستـان ئارام نییـە چونکە یاسـایەک نییـە ئەمـانە لغـاو بکات کـە هەوڵی رووخـاندنی دەدەن. کـوردسـتـان بێ ئاسـایشـە چونکە ریشداری تێدایە.

بزاو ٢ لە ٢٠٠٧/٦/١٧

## باجی ئازادی

کـوشـتنی ئـافـرەت لەســەر پرسی ئابڕوو بووە بەمــایەی نیگەرانی لە کـۆڕ و جڤـاتی ڕۆشنبیراندا. بەتایبەتیش لەم سەردەمـەدا کە کوردسـتان لەبەر نیگای دنیـادایە. سەیرەکە ئەوەیە، کۆمەڵی کوردی لەلایەکەوە چەندان دیمەنی تازەی دیموکراسیی بەخۆوە گرتووە، لەلایەکی تریشەوە کوشتنی ئافرەت بووە بەهۆی دزێوکردنی سەرجەم دیمەنەکە. پرسیـارێک لەم نێـوانەدا قوت دەبێتەوە: ئاخـۆ رەوشی ئازادیی ئافـرەت بـەرەودوا گـەڕاوەتەوە؟ کـە نابێ ئـەمـە وابێ، ئـەگـەر جـڤـاک لە گـشت رووێکەوە لە پێـشکەوتندابێ چۆن دەبێ لەم رووەوە بەرەودوا ملی رێی گرتبێ؟

گومـان لەوەدا نییـە کە دەسەڵاتی پیـاو لە جڤـاکی کوردستـاندا ڕۆژ بەڕۆژ لە

کورتی دەدا. ئازادیی سیاسی، سەرجەم ئازادییەکانی تری بەدوای خۆیدا پەلکێش کردووە. جاران ئاخاوتن و بیر دەربڕین تەنیا پاوانی پیاو بوو. لە دوای راپەڕینەوە هەموو ئەندامانی خێزانێک، کارمەندانی دەزگایەک، قوتابیانی شوێنێک، یان نێر و مێ لە هەر خانەیەکی تردا، بەئازادی بیر و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ پرسە سیاسییەکانەوە دەردەبڕن. ئەمەش رێی خۆش کردووە بۆ جۆرێک لە یەکسانیی ماف لە نێوانی ژن و پیاودا. بەڵام ناوبەناوێک کوشتنێکی دڕندانەی کچۆڵەیەک یان خاتوونێکی خاوەن منداڵ، دەمانخاتەوە دنیای دڵەڕاوکێ. بەڵام هۆی ئەم رەوشە چییە؟

من لەو باوەڕەدام، کێشەکە لە سەرجەمدا خۆی لەو ئازادییەدا دەبینێتەوە کە کتوپڕ و بێ ئامادەکاری وەرمان گرت. نەک تەنیا ئازادیی سیاسی، بگرە ئازادیی کرانەوە بەسەر تەواوی دنیای ناوەخۆ و دەرەوەدا، ئەویش لە رێی تۆڕی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و سیدی و تەلەفۆن و مۆبایل و هاتوچۆی ئاسان و گەشانەوەی ئابووری. هەڵبەت ئازادی باجی تێدایە، چۆن بەئاسانی وەرناگیرێ، بەئاسانیش پەسند ناکرێ.

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، کارکردن لە نێوان نێر و مێدا دابەش بووە. نێر زیاتر لە دەرەوە کار دەکات و مێ لە ژوورەوە. لەبەر هەندێ ئافرەت زیاتر لە پیاو دەکەوێتە بەر راگەیاندنی تازەوە. ئەو راگەیاندنەی بەها و نەریتێک پێشکێش دەکات هی کۆمەڵگەیەکی لە ئێمە کراوەترە. ئەمەش بووە هۆی روودانی جۆرێک پاش و پێش لە دۆخەکەدا. ئافرەتی کونجی ماڵ و تامەزرۆ، ئەزموون نەدیتەی نەشارەزا، ئەم ئامێرە تەکنیکییە تازانە دەیبەنە جیهانێکی ئەفسوناوییەوە و سەراسیمەی دەکەن و ئەزموونی تازەی دەخەنە بەردەم، دەرگەی بۆ ئاوەڵا دەکەن و رێی پێشان دەدەن. پیاوی کەللەپووتی مێشک رزیویش، کۆنەپارێز و دنیا نەدیتەی کلۆڵ، ئەو خۆ راپسکاندنەی پێ رەوا نابینێ. نەهەقیشی نییە، کولتوور دڵۆپ دڵۆپ وەردەگیرێ، چۆن ئەم هەموو گۆڕینە کولتوورییە لە نێوان بەرشەو و پارشەوێکدا بەمێشکی خێڵەکییانەی ئەو دەگیرێتە خۆ؟

ئاخۆ دەکرا رێ لە هاتنە ژوورەوەی تەکنیکی تازە بگیرێ؟ نەخێر، گلۆبالیزم وەک رەشەبا دنیای لوول داوە. هەمـوو کـون و کەلێنەکـانیـشی لێ بگریت، دواجـار درزێک هەر دەدۆزێتـەوە و دزە دەکاتە ژوورەوە. خـۆبەدەسـتـەوەدان بەدنیای پێشکەوتوو کارێکە براوەتەوە، بەلینگەفرتە پێشی ناگیرێ. ئیسلامی سیـاسی بەخۆ تەقـاندنەوە بەرەورووی دەبێـتـەوە. چی بکات؟ ئەم داماوە هەر هێندەی لە دەست دێت.

دانانی چارەسەر بۆ بنەبڕ یان کەمکردنی کوشـتنی ئافرەت، کە دزێوترین دیمەنی کـۆمـەڵگەی ڕۆهەڵاتی و ئیـسـلامـیـیـە، دەبێ بەپەلە کـاری بۆ بکرێت. جارێ بەر لە هەمـوو شت نابێ کەس بەهیچ هۆک و بیانـووێک لە سـزا دەرباز ببێ. دەبـێ یاسـا لە هەمـوو بارێکدا ئاوەڕۆی خـۆی وەربگرێ. خـاوەخـاوی لە جێبەجێ کردنی یاسادا لەکەیەکە بەنێوچەوانی داوودەزگا رەسمییەکانەوە.

بەڵام گـومـانیش لەوەدا نیـیـە کـە ئەزمـوونی کـوردسـتـان ئەزمـوونێکی دیموکراسـییە. ئەم ئەزمـوونە دوو دەرگەی گرینگی بۆ مێیینە کردووەتەوە: یەکەمیان مافی خوێندنی یەکسان لەگەڵ نێردا، دووەمیش مافی کارکردن لە هەموو شوێنێکدا و بەیەکسانی. دەتوانین بیری لێ بکەینەوە و بپرسین ئاخۆ هەر ئەم یەکسانی و ئازادییە نییە، کە بووە بەمایەی ئەو پاش و پێشەی باس کـرا. یەکـسـانی لە مـاف بووە بەمـایەی لاسـەنگیـیـەک لە نێـوان خـۆ راپسکاندنەکانی ئافرەت و کولتووری هیشک هەڵاتوودا. هەر ئەم یەکسانییەی بارودۆخـە کـە بووە بە رێخـۆشکەر بۆ ئەوەی ئافـرەت هەوڵی یەکـسـانی بۆ ئەنجامەکانیشی بدات، وەک: ئەڤینداری، هەڵبژاردنی هاوسەر، جیابوونەوە، وەکیەکی لە مامەڵەی ناوماڵ و دەرێدا، لە ماڵ دەرچوون و گەشت و گەڕان.

دەسـتـیـان خـۆش بێت بۆ ئەمـانە، بەڵام ئازادیش باجی هەیە با بزانرێ. رەشبینی یان لە نەزانییەوە دێ یان لە قۆستنەوەی ئەم پرسە بۆ نیازی تر. یەکسانی لەگەڵ پیاودا پرسێکە دەبێ کاری شێنەیی بۆ بکرێت: بەرنامە و کارکردن و شارەزایی، بەڵام ئەمانە کوان لە کوردستان؟

بزاو ٣ لە ٢٠٠٧/٦/٢٤

## شنەبای بەهەشت

کورد چۆن پێناسەی خۆی دەکات؟ بەکورتی: گەلێکی بەشخوراوین، وڵاتەکەمان دابەش کراوەتە سەر وڵاتانی تر. سەد ساڵە خەبات دەکەین بۆ رزگاربوون لەو گەلانەی دەمانچەوسێننەوە و سەر ناکەوین. ئەوان بەهێز و ئێمە لاواز. هەموو راپەرینێکمان جۆرێکە لە قومارکردن بەگیانی خۆمان. دۆراندوومانە و دەدۆڕێنین، تا دەیبەینەوە. هەزار دۆڕان و یەک بردنەوە. بەڵام نابێ بیشارینەوە، ئێمە لە بەرەبەیانی مێژووەوە گەلێکی نەزۆکین. نەشارستانەتیمان هەبووە، نەئاینی خۆمان، نەزمانی نووسین، نەهونەر، نەرێگەوبان، نەپرد و باڵەخانە، هەمووی هیچ. ئێمە پاڵە و کرێکار بووین لە دانانی شارستانەتیی گەلانی دراوسێدا، واتە بۆ ئەوانەی خوێنی ئێمەیان مژی. دەوڵەتی ئیسلام بەپشتی ئێمە دامەزرا کەچی سەلاحەدین بوو بەشانازی بۆ عەرەب. کەریم خانی زەند و نادرشا بوون بەشانازی بۆ فارس. هەزار شەڕمان کرد بۆ عوسمانی بەڵام ئەوان نرخیان نەزانی. دواجار بێ پاداش و دەسخۆشانە، رووت و قووت لە هەموو شت چووینە دەرەوە. هەموو سوودیان لە ئیسلام بینی، ئێمە زیان. کەسمان لە کەس حاڵی نەبووین.

رەنگە یەکێک بڵێ ئەمانە کۆنە دەفتەرن، بۆ هەڵیان دەدەیتەوە؟ راستە وایە، دەتوانم بڵێم وایە و واش نییە. ئەدی ناڵێن ئەمڕۆ لە هەناوی دوێنێ لە دایک دەبێ و سبەیش لە هەناوی ئەمڕۆ. ئەگەر دوێنێمان روون نەبێ چۆن دەتوانین داهاتووی خۆمان ببینین؟ با کۆنە دەفتەر هەڵدەینەوە، دەبینین ئێمە گەلێکی تەواو جیاین لە گەلانی ناوچەکە. لە مێژوودا بێ پێناسین و بەدوای پێناسدا دەگەڕێین. وەک چۆن دەولەتی نەتەوەییمان نەبوو، هەروەها ئاینیش نەبوو بەپێناس و رێناس بۆمان. خەمت نەبێ، وەنەبێ ئەوەی پێناسی کۆنیشی هەبێ، ئەمرۆ لەم سەر زەوییەدا بۆ خۆی حەسابێتەوە. نەخێر، ئێستە پێناس نەنان دەدا و نەبەرگ. هەموو پێناسی کۆنی مرۆڤایەتی چووەتە مووزە و

ئەرشیفەوە، یان بووە بەشوێنەوار و شوێنی وێنەگرتن. پێناسی هاوسەردەم دنیای پێشکەوتوو دەیدات. با بۆ خۆمان کۆنە دەفتەر هەڵدەینەوە تا بزانین چەند بێ پێناسین و چەندیشمان پێویست پێیەتی.

بێ پێناسی، ئەمڕۆ لە دنیای دواکەوتوودا شتێکە بەر هەموو کەس نەکەوتووە، کوردە رووتەی خۆمان نەبێ. ئەمەش وای کردووە لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ببین بەدیاردەیەکی جیا، جیا لە هەموو ئەوانی تر. ئەوەتانێ جیا لە هەموویان چاومان بڕیوەتە رۆئاوای پێشکەوتوو، پێشکەوتوو بەتەکنیک و بیر و داوونەریت. دەمانەوێ داهاتوومان گەش بێ وەک ئەوان. بۆیە بەدوژمنیان نازانین، بەپشتیوانیان دەزانین. هاناین بۆ دەبەین نەک تەنیا لەبەرئەوەی نەتەوەکانی دەوروبەر دەمانچەوسێننەوە و سەرکوتمان دەکەن، نا، لەبەرئەوەش کە ئێمە دەمانەوێ کوردستان بکەین بەبوار بۆ تێپەڕینی شنەبای دیموکراسی بەرەو ناوچەکە.

دوای هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتن، هەندێک جار لە دڵی خۆمدا دەڵێم دەشێ ناحەزانی ئێمە ئێستە چ لارییەکیان نەمابێ لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا. ئەوان زیاتر لە دیموکراسی دەترسن وەک لە دەوڵەتی نەتەوەیی. کورد لە شازدە ساڵی پێشوودا، سەرەڕای شەلەشەلی ئەزموونەکەی، زۆر هەنگاوی گرینگی هاوێشتووە، یەکێکیان داننانە بەمافی کەمە رەگەز و ئاینەکان؛ یەکێکی تر دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە؛ یەکێکی تریش پێشکەوتنی ئابوورییە. هەرچۆن بێ، ئەوەتا لە سایەی ئەمانەوە خەڵک لە ناوچەکانی تری عێراقەوە رەو دەکەن بەرەو کوردستان. هاتنی کریستیانەکان رووداوێکی گرینگ و سەرنج راکێشە؛ شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردی موسڵمان باوەش بۆ کریستیان بکاتەوە و بیانپارێزێ. دەبێ زیاتریشیان بۆ بکات، ئەمە جیاییمانە لەوانی تر. کۆنە دەفتەریش هەر وا دەڵێ.

کورد شانازی بەموسڵمانبوونی خۆیەوە دەکات، وەک چۆن شانازی

بەکوردبوونیشیەوە دەکات. بەڵام نایشارینەوە ئێمە شانازی بەنوسخەی خۆمان لە ئاینەکە دەکەین نەک نوسخەی خەڵکی تر. ئەوەی راوی کریستیان دەنێ و تیرۆریان دەکات ئەویش هەر موسڵمانە. بەڵام ئەویان خوێن تاڵ و ئێمە خوێن شیرین، ئەویان درندە و ئێمە نەرمندە. لەو کاتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بەدۆزەخ بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی کەمە نەتەوان و یەکسانیی نێر و مێ؛ بووە بەوارگەی ریسواکردنی ئیسلام بەدەستی ئیسلام، ئێمە کوردستان دەکەین بەدەرگەیەک بۆ هاتە ژوورەی شنەبای سەردەم؛ شنەبای بەهەشت. مەگەر وا ببین بەخاوەن پێناس لە ناوچەیەکدا کە یەک پێناسی هەیە لە دنیادا ئەویش تیرۆریستە.

بزاو ٤ لە ٢٠٠٧/٧/١

## گۆڕان و نیگەرانی

گۆڕانی پێوەندی گەل بۆ جۆرێکی تازەتر لەوەی هەیە، مەترسی و دڵەڕاوکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. هەموو کەس لە گۆڕان بەرەو نوێ دەترسن تەنیا دوو لایەن نەبێ، یەکیان ڕۆشنبیر و ئەوی تریان سەرمایەدار، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمیان بیروباوەڕی مرۆڤایەتی قیبلەنومایە و بۆ ئەوی تر دەرپەڕینی سەرمایە لە زیندانەکانی خۆی. ئەگەر لاپەڕەی مێژوو هەڵدەینەوە دەبینین گۆڕان لە هەموو سەردەمێکدا، ئەو دووەی سەرەوە جڵەوکێشی بوون. لە دیرۆکدا دەرەبەگ و مەلا و شێخ و کەشیش زۆر کەم پێشڕەوی گۆڕانکاری بوون، مەگەر خۆیان لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیر یان سەرمایەداریش بووبن. لەم رووەوە دەتوانین بڵێین: وەنەبێ هەموو کەس لە گۆڕان بەرەو جڤاکی دیموکراسی رازی بن، دیموکراسی گۆڕینی داوونەریت و پێوەندیی جڤاکیی تازە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، ئەمەش بۆ زۆربەی نەزان مایەی نیگەرانییە.

گومانی تێدا نییە ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا روو دەدات، گۆڕانە بەرەو

ژیانێکی پێشکەوتووتر لەوەی هەیە، بەڵام هەموو کەس پێی دڵخۆش نییە، بەتایبەتیش ئەوانەی کەمینەن، یان ئەوانەی بیری کۆن دەپارێزن. بۆ نموونە تێکەڵاویی نێـــر و مێ، زۆر باوک و برای نیگەران کـــردووە. ئازادیی رۆژنامەوانی، زۆر شێخ و مەلای هەراسـان کردووە. کرانەوەی کۆمەڵگە، سەرکردەی کەمینەکانی تۆقاندووە جا چ سیاسی بن چ ئاینی. لەوە دەترسن ئەم کـــرانەوەیە کـــە رۆژ بەڕۆژ زیاتر بە بەرەوە دەچێ، لە ئەنجـــامـــدا جیاوازییەکان بسڕێتەوە و شتە پیرۆزەکانیان لەناو ببات، وەک: زمان و داوونەریت. بۆیە کاتی گلەیی، تەنیا باسی زاڵمیی نەتەوەی گەورە دەکەن، یان دەیانەوێ شوورەی ئەستوور بەدەوری نەتەوە و ئاینەکەی خۆیاندا بکێشن.

من بەرگری لە کورد ناکەم. دەشێ کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر ئەگەر دەسەڵاتی کەوتە دەست زاڵم و شۆڤینیست بێ. ئاشکرایە، شۆڤینیزم دیمەن و بیچمی نەتەوەی سەردەست یان خەڵکی زۆرینەیە، بەڵام ترس و تۆقینیش لە دڵی کەمینەدا سات لە دوای سات زیاتر هەڵدەچێ. رەنگە هەندێک جاریش وەهم بێت، یان بیانوو بێت لە گۆڕان. ئەو گۆڕانەی زۆر کەس لە خۆڕایی لێی دەترسن. نموونەیەک بۆ ئەمە: دەستووری تازەی عێراق ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی لە وڵاتدا لەبەرچاو گرتووە. پرەنسیپێک لەم دەستوورەدا هەیە، کە مافی ئازادیی باوەڕ (حرية الإعتقاد) بەهاووڵاتی دەدات. بەم پێیە، هاووڵاتی ئەگەر بیەوێ ئاین بگۆڕێ دەتوانێ بیگۆڕێ. دەستوور ئەم مافەی پاراستووە. بەڵام تۆ سەیری کۆمەڵگە بکە، موسڵمان چۆن هار بوون کاتێ کچەکەیان کوڕێکی ئێزیدی رفاندی، وەک بینیمان. یان ئێزیدی چۆن هەڵچوون کاتێ کچەکەیان نیازی وابوو شوو بەکوڕێکی موسڵمان بکات. بۆ ئەمانە کرانەوەی کۆمەڵگە دێوەزمەیە.

تورکمانێک کێشەیەکی هەبێت دەڵێ کورد زوڵمم لێ دەکات. کریستیان هەیبێت دەڵێ ئەوە موسڵمانە و دەستی دەڕوات. کوردی لادێی دەڵێ شاری وا دەکەن. شاری دەڵێن لادێیی بێ نەریتن. ئەمانە رەنگە هەندێک جار راستیش بن بەڵام زۆربەی جار بیانوون. کێشە ئەوەیە هاووڵاتیبوون هێشتا لە

کۆمەڵگەی ئێمەدا نەهاتووەتە دی. ئەو هاووڵاتیبوونەی کە دەبێ یاسا و دەولەت بێ جیاوازی بیپارێزن. ناچارییە کە زۆربەی خەڵک لە زانی بێ یان لە نەزانییەوە، بۆ خۆپاراستن خۆیان دەدەنەوە پاڵ گرووپەکانیان.

هەڵبەت رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشە چارەنووسییانە لە ئەستۆی سەرکردایەتیی سیاسیدایە کە پێویستە بەدەستێک گوڵ و بەدەستێک دڕک هەڵگرێ. بۆ نموونە لە کەرکووکدا، کورد بەرپرسە لە حاڵینەبوونی تورکمان. ئەوان دەترسن، بۆیە دەبێ دڵنەوایی بکرێن و مژدەی مافی زیاتریان پێ بدرێ. بۆ کورد کەرکووک چارەنووسییە. وێڕای ئەمە دەبێ برا گەورە دڵیشی گەورەبێ. شاعیر دەڵێ: "دەبێ بەخشندە مل کەچ کات لە ئاستی مووچەخۆری خۆی". لەلایەکی تریشەوە دەبێ رێ لە هەندێک سەرکردەکانی تورکمان بگرێ کە گاڵتە بەئاگر دەکەن. تێ بگەیەنرێن گەمەی سیاسیش سنووری هەیە و دەبێ یاسا سەروەر بێ.

بەگشتی، دەبێ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان حاڵی بکرێن کەوا سەردەمی دیموکراسی لە گۆشەگیرییان کەم دەکاتەوە، بەڵام لاوازیان ناکات و لەناویشیان نابات. بەپێچەوانەوە، گۆڕان بەهێزیان دەکات. دیموکراسی هیچ نەکات ماف دەپارێزێ. خەڵکیش دەبێ داوای هەنگاوی خێرا خێرای دیموکراسی بکەن کە هێشتاوە زۆر خاوە.

بزاو ٥ لە ٢٠٠٧/٧/٨

## لە هاتوچۆوە دەست پێ بکەین

"زیانی هاتوچۆ زیاتر لە شەڕی ناوخۆ"، ئەم ناونیشانە زۆر سەرنج رادەکێشێ نەک تەنیا لەبەرئەوەی راستە، بگرە لەبەرئەویش کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە. زۆر پەیمان دەبەسترێن بۆ رێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ، بەڵام هیچ هەنگاویک نانرێ بۆ کەمکردنەوەی زیانی هاتوچۆ.

مانگ نییە دۆستێک، ئازیزێک یان ناسیاوێک بەم دەردی هاتوچۆیە، کوردی ئەودیو گوتەنی "فۆت نەکا". لەبارەی زیانی هاتوچۆوە، لەگەڵ کاربەدەستێکدا کەوتمە گفتوگۆ، بەگەرمی و یەک لەسەر یەک پرسیارم ئاراستەی کرد، تا وای لێ هات لە بێزارییا زمانی چاوی دەیگوت: "دە واز بێنە با دوو قسەی خۆش بکەین". باسکردنی سیستەم بووە بەقسەی ناخۆش.

لە ئاخاوتنی شاری سلێمانیدا بە خۆهەڵکێشان دەڵێن فشە. بەڵام لە هەولێر فشە واتە گاڵتە یان کارێک ناوەرۆکی راستەقینەی تێدا نەبێ، ئەمەش هەمان مەبەستە. فشە لە سلێمانی کرابێ یان لە هەولێر یەک ناوەرۆکی هەبووە: قسە و بەڵێنی زارەکی کە مەبەست تیایدا چەواشەکردنی بەرامبەر بووبێ. ئەگەر بتەوێ پێناسێکی هاوسەردەمییانە بۆ زاراوەی فشە بدۆزیتەوە نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، جاران لە قوتابخانە لە وانەی زمانی ئینگلیزیدا دەیانگوت: ئۆپۆزیتی ئەم وشەیە چییە؟ منیش دەڵێم ئۆپۆزیتی فشە: سیستەمە. خەڵک لێرە دەڵێن هەموو شت فشەیە واتە سیستەم نییە.

لە پرسی وەرگرتنەوەی کەرکووکدا، کە ئەمڕۆ بووە بەویردی سەر زار، هەڤاڵێکی ئەوروپانشین بۆی گێڕامەوە گوتی جارێکیان جەنەراڵێکی خانەنشینی سویسرایی لێی پرسیوم: "باشە ئەگەر ئێوەی کورد ناچاری شەڕ بکرێن بۆ وەرگرتنەوەی ئەم شارە دلبەرەتان چەند پێشمەرگەتان هەیە؟" گوتم: "٣٠٠ هەزار". گوتی: "باشە چەند لەمانە دەتوانن بەشێوەی پرۆفیشینال تانک بشکێنن؟" گوتم: "نازانم، یان رەنگە هیچ".

ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦دا بڕی یەک ملیار و حەوسەد ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە، بەڵام داهاتی ئەو ئیدارەیە لەو ساڵەدا تەنیا ٦١ ملیۆن دۆلار بووە. ئەمە کارەسات نەبێ چییە؟ سیسەتوانێکی گەورەی کورد ئەم بەراوردەی پێ گوتم و خۆیشی ئەمەی بەکارەسات دادەنا. بەڵام ئەمە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل نییە تا حکوومەت بیداتەوە پاڵ قەزا و قەدەر. ئەمە کارەساتی بێ سیستەمیی کوردە.

ئەگەر بەبڕیارێکی بوێرانەی دەسەڵاتی کوردستان، سنوورەکان بەسەر هێنانی پیاز و توور و پاقلەدا دابخرێن، دڵنیام ئەزموونەکە ناڕووخێ بەڵام میللەتەکە فێری چاندن و بەرهەمهێنان دەبێ. پرسیارێکی تر: راستە سوپای کوردستان چەکی قەبەی نییە و لەسەر سیستەمێکی مۆدێرنیش رۆ نەنراوە و مەشق نەدراوە، بەڵام خۆ دار و درەخت رواندن هیچی ناوێ لە بەرنامە زیاتر. بەشێکی گەورە لە پێشمەرگە کرا بەپاسەوانی دارستان بەڵام کوا دارستانەکە؟ خەریکە گەرمای هاوین و تۆزوبا ژیان لەبن دێنن. ئاخۆ دەزانی هەبوونی دارودرەخت و سەوزایی چەند پلەی گەرمای دەهێنایە خوارەوە و ژیانی چەند خۆشتر دەکرد؟ لە وڵاتانی دراوسێدا وەزارەت هەیە بۆ دارستان، لە کوردستانیش مووچەی بن دیوار بۆ پاسەوانەکەی.

حکوومەتی هەرێم کارێکی چاکی کرد کەوتە بڕینی هەندێک مووچەی گەندەڵی. ئەم جۆرە رێزلێنان و مووچانە لە سەردەمی دوو ئیدارەیی و بۆ پێشبڕکەی "خەڵک بەفشە راکێشان" بڕابوونەوە. ئەگەر ئەمە هەنگاوێک بێ بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و دانانی سیستەم، دەبێ دەستخۆشانەی ئاراستە بکرێ. بێ سیستەمی دایک و باوکی گەندەڵییە.

دێمەوە سەر تایتلی: زیانی هاتوچۆ زیاتر لە شەڕی ناوەخۆ و نموونەیەک دێنمەوە: رێگەی پیرمام – هەولێر دوو سایدە، لەوانەیە باشترین دوو سایدی کوردستانیش بێ، بەڵام لەوەتەی ماڵەکەمم گواستووەتەوە بۆ هەولێر یەک قازانجی گەورەم کردووە ئەویش ئەوەیە لەم دوو سایدەدا زۆربەی بەیانیان کارەساتێکی ئۆتۆمۆبێلم دەبینی لەو جۆرانەی پێیان دەگوترێ دڵتەزێن، هەرچەند دڵنیا نیم ئاخۆ دڵی کاربەدەستانی هاتوچۆی تەزاندبێ یان نا.

دوای راپەڕین زۆر جار دەچووم بۆ تورکیا، لە ئەستەمبووڵ خەڵکی کورد و تورک و ئەوروپاییم دەدەی، زۆربەشیان لە رۆشنبیران بوون. هەمیشە پرسیارێکیان لێ دەکردمەوە: ئاخۆ لە هەرێمی کوردستانی ئازاددا پۆلیسی ترافیک هەیە؟ بەلامەوە سەیر بوو، دەمگوت: "بەڵێ هەیە، لە کوردستان زۆر شتی تری گرینگتریش لەمە هەیە." ئێستە دوای ئەوەی ئەوروپام بینی، بۆم

دەردەکەویّ وا نییە. شەرم دام دەگریّ، وا دەزانم ئەوانەی پرسیاریان لیّ دەکردم، ئەو کاتە وەڵامەکانی من بە فشەکردن تیّ گەیشتوون.

نیزامی ترافیک لە کوردستاندا زۆر خراپە. پێش دوو ساڵ فازل نیزامەدینی فەرهەنگوس، لەبەر بیّ نیزامیی ترافیک ئۆتۆمۆبێل لێی دا. ساڵی پار ئەنوەر مەسیفیی شاعیر لە ریّی مەسیف گیانی دانا، لەم رۆژانەشدا ئاورەحمانی حاجی مارفی زمانەوانی بەناوبانگ، دوای ئەم هەموو بەرهەمە نایابە، ئۆتۆمۆبێلێک پلیشاندیەوە. ئەمانە قوربانیی کارەساتی دڵتەزێنی بیّ نیزامیی ترافیک بوون. ئەگەر حکوومەتی هەرێم بەنیازە دەست بەدانانی سیستەم بکات، با لە هاتوچۆوە دەست پیّ بکات. دڵنیام باشترین دەسپێکە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

بزاو ٦ لە ٢٠٠٧/٧/١٥

## هاوینێکی گەرم و زستانێکی شلەتێن

"ئەم هاوینە هاوینێکی گەرم دەبێت". ئەم رستەیە ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێران لەبارەی هەڵکشانی کرژیی نێوان وڵاتەکەی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە وتی. بەڵام دەبیّ گەرمی لەوە زیاتر چی بێت کە هەیە؟ ئاخۆ ململانەی سیاسیی نێوانیان دەگاتە رادەی ئەوەی ئەمەریکا زەبرێکی سەربازی لە ئێران بسرەوێنیّ بەتایبەتی لە بنکەی چەکە ناوکەییەکانی، وەک زۆر کەس بۆی دەچن؟ راستە کەس ناتوانیّ ئەم گریمانەیە بخاتە لاوە، بەڵام دووریش نییە دژایەتییەکان لە ئاستێکدا بووەستن و بەگرێبەستی نێوانیان کۆتایی بەکێشەکان بێت. ئەوەی زیاتر ئاشکرایە ئەوەیە نەئەمەریکا بەرگەی فراوانبوونی شەڕ لە ناوچەکەدا دەگریّ و نە ئێرانیش دەتوانیّ ئەگەر شەڕ هەڵایسا بەرەورووی تەکنیکی پێشکەوتووی چەکی ئەمەریکایی ببێتەوە.

لەوە زیاتر چی روو بدات؟ ململانەی نێوان ئێران و ئەمەریکا سەرتاپێی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە. باوەڕ ناکرێ ئێران بەڕاستی بیەوێ لەمە زیاتر گەرمی بکات، شەڕ لە عێراق، شەڕ لە لبنان، شەڕ لە فەڵەستین، شەڕ لە پاکستان، ئەم قسەیە هەر بۆ بەکاربردنی راگەیاندنە، ئەگینا هاوینی گەرم زستانی فێنکی بەدوادا دێت. تەکتیک و پەناوپێچی ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی دەستی ئێران لە ناوچەکەدا بەهێزتر و زۆرترن. فراوانبوونی بەرەکانی رووبەڕووبوونەوە، وەک چۆن لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا نییە لە بەرژەوەندی ئێرانیشدا نییە. شەڕ کە زۆر فرەوان بوو یان درێژەی کێشا، دیار نابێ لە دواییدا خوا بەکێی دەدا.

راستە پەشێوی لە عێراقدا درێژەی هەیە؛ راستە گەیشتە باکوری لبنانیش، راستە فەڵەستینییەکان کەلەبەری نێوانیان بوو بەدۆڵێک؛ راستە ئەمانە هەمووی تێکدانی پرۆژە و پلانەکانی ئەمەریکای لێ دەکەوێتەوە. ئەوەش ناشارێتەوە کە ئێران لەم هەموو بەرەی شەڕانەدا لایەنێکی کارایە، خۆیشی نکوولّی لەمە ناکات. لەم ساڵەدا دوو جار سەرۆکی ئێران چووە بۆ سووریا و جارێکیش سەرۆکی سووریا بۆ ئەوێ، هەموویشی بۆ چاودێریی گۆڕەپانی ململانە. لە رواڵەتدا سەرکەوتنەکان بۆ ئێرانن، بەڵام تەکتیک و پلانەکانی ئەمەریکا ژێربەژێری و ژیرانەترن.

فایلی دادگەی تیرۆرکردنی رەفیق هەریریی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لبنان و ئەو کردەوە تیرۆرییانەی بەدوای ئەودا هاتن، لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا زۆر چووەتە پێش. لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا هەزاران لاپەڕە لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە ئەنجام دراوە. بەگوێرەی هەواڵ، کاتێکی زۆر ناخایەنێ شوێنی ئەو دادگە دیرۆکییە دیاری دەکرێ و رەنگە شاری لاهای بیگرێتە خۆی. زۆر چوونەپێشی پرسی ئەم دادگەیە، ئاشکرایە بەشێکە لەم ململانەیەی نێوان ئەمەریکا و ئێران. تێوەگلانی سووریا لە کردەوە تیرۆرییەکانی لبناندا بەتایبەتی تیرۆکردنی هەریری، لەوە دەچێ ساغ

بوویێتەوە. ئەمەش داهاتووی رەشی ئەو رژێمەیە و یەکەم خاڵی سەرکەوتنی گەورەیە بۆ ئەمەریکا.

خاڵێکی تر، هێوربوونەوەی ئاژاوەی ناوەخۆی عێراقە. هەرچەندە دەنگوباسی تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانی عەرەبی، بەتایبەتی کەناڵی جەزیرە وا پێشان دەدەن کەوا رادەی پەشێوی لە بەغدا لە هەڵکشاندایە یان وەک خۆیەتی، بەڵام ئەوانەی لەوێوە دێن شتێکی تر باس دەکەن. پلانی ئەمنیی سەرۆک وەزیران مالیکی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەمەریکا لە چەکدارکردنی خێڵە عەرەبییە سوننەکانی دەوراوپشتی بەغدادا نیشانی پێکا و ئاستی تیرۆر لە پایەتەختی عێراق دابەزی. دواجاریش ئەو بارستە پەرلەمانییانەی خۆیان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق دابریبوو، گەڕانەوە یان دەگەڕێنەوە. ئەمە سەرکەوتنێکی تری ئەمەریکا لە گۆڕەپانی ململانێ لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەم پێیە، زیاتر وێ دەچێ هاشوهووشە زۆروزەوەندەکانی تیرۆریستان یان بەرەی دژ بەئەمەریکا بەگشتی، لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا لە کزی بدەن. ئەمەریکا چاکترین سەرکەوتنی خۆی لەوەدا بەدەست هێناوە کە خەریکی پێکهاتنەوەیە لەگەڵ سوننەی عەرەبدا. بەڵام ئاخۆ دەبێ دەسکەوتی سوننەی کورد لە کوێدا بێ؟ دەبێ لایەنی کوردی لەم ماوەیەدا بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە بکات و کات لە دەست نەچوێنێ. گۆڕین لە دەستووری عێراق یان دواخستنی کێشەی کەرکووک، پرسی داهات و گرێبەستی نەوت و دەیان پرسی تری کوردی، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا رەنگە زیاتر بەکەیفی سوننەی عەرەب بچنە پێش و ئەمەریکا بیەوێ بەرتیلیان پێ بدات. راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆنیش هەر ئەم نەخشە و رێچکانەی داڕشتبوو.

بزاو ٧ لە ٢٠٠٧/٧/٢٢

## سەرپێچی و گونجان

لەدوای ئازادبوونی کوردستانەوە، ئەوەی ڕۆژانە هەستی پێ دەکەین ئەوەیە، نە گەنج لە کۆمەڵگە ڕازییە و نە کۆمەڵگە لە گەنج. گوێ لە هەر کامیان دەگری هیوای بەوی تر نەماوە. ڕاستە و شتێکی سروشتییە لە هەموو سەردەمێکدا، ململانە لە نێوانی باوان و ڕۆڵەکاندا هەبێ. ئەمە بزوێنی گۆڕان و پێشوەچوونە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبینرێ، ئەمە ململانە باو و نەرێتییەکە نییە، ئەمە شتێکی ترە.

ڕۆژانە گەنجان دەبینم، بەڵام هیچ کاتێک تێگەیشتنێکی تەواوم لەبارەی کێشەکانیانەوە بۆ دروست نەبووە. هەر ئەوە دیارە کە ئەوان زۆر ناڕازین و گەورەکانیشیان بەردەوام گلەیی دەکەن. منداڵەکان هیوای دۆزینەوەی بەهەشتێکی ون لە دەرەوەی هەرێمی خۆماندا رایان دەکێشێ، باوکان و دایکانیش جێگرەوەیەکی بالکێشیان نییە تا پێشکێشیانی بکەن و لە کەلی شەیتان بیانهێننە خوارەوە. لەولاشەوە داوودەزگای فەرمی: پەرلەمان، حکوومەت، زانکۆ، ڕاگەیاندن، لە ئاست ئەم پرسە فرە فرە جدییەدا خەمسارد و بێ خەبەرن.

لاوان مافی خۆیانە، ڕەخنە لە سستیی گۆڕان بگرن، ڕەخنە لە خراپیی سیستەم و گەندەڵیی داوودەزگا و داوونەریتی کۆن بگرن. ئەمە وایە و هەق بەلای ئەواندایە، ڕەنگە ئەو زانیارییانەی هەشیانە زۆر کەمتر بێ لە هەقیقەتی هەموو کەموکورتییەکان، بەڵام هەبوونی ئەم کەموکورتییانە و دەست نیشانکردنیان هاندەرن بۆ لاملی و سەرپێچی، نەک بێ هیوایی و ورەبەردان و ڕۆیشتن.

هیچ گونجاو نییە کەسێک وا بیر بکاتەوە کولتوورێکی ریشە داکوتیوی سەدان و هەزاران ساڵە، بەئاسانی و لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا بە بایەک بڕوات. بەڵام با بپرسین: ئەرێ ئێمە لەم وڵاتەی خۆماندا چیمان کردووە بۆ

گۆڕین؟ بێگومـان زۆر کەممان کردووە. لەو پێشکەوتنە زەبەلاحەی کە دنیای گرتووەتەوە تەنیـا پشکێکی رواڵەتی کە ئەویش تەکنیکە، بەر کۆمـەڵگەی ئێمـە کـەوتووە: ئۆتۆمـۆبێل و سـەتەلایت و ئینتـەرنێت و مـۆبایل و ئەمـانە، ئەگـەرنا گۆڕینی ریشەیی زۆر سست و لاوازە، شنەبایەک یان کزەبایەکە.

بۆ گۆڕینی داوونەریت و کولتووری باو، دەبێ بەرنامـە هەبێت و لە بناغـەوە دەست پـێ بکرێ، واتە لـە قـوتابخـانەی ناوەندی و ئامـادەیی و زانکۆوە. ئەم شـــوێنانـە دەبێ بـکرێن بـە رووگـــە و ئـارامگەی هـەرزەکـــاران و لاوان نـەک زیندەبەچاڵکەری هیـوا و ئاواتیـان. دەبێ تیشـکی هزر و شـارسـتـانی و تۆوی گۆڕین لەو شوێنانەوە سەر هەڵبدات و کۆمـەڵگە بتەنێتەوە، نەک ببن بەچاوگەی خـەمـبـاری و دامـاوی. بەردەوام لە قـوتابیـان دەپرسم بەکـام مـامـۆسـتـاتان سەرسامن؟ بۆ یەک جاریش وەڵامێکی دڵخۆشکەرم وەرنەگرتووە. نـەقوتابخانە و زانکۆ بـەرنامـەیان هەیە بۆ گـۆڕین و نـەڕاگەیاندن، کـە ئەمـەی دوایی دەبێ زانکۆی تەواوی گەل و جەماوەر بێ. دوو دنیـای جیاواز، دنیای تەلەفزیۆن کە هەڵپـەڕکێ و دەست لـەمــلانە و شــادییـە و ئەوی تریش، دنیــای ڕۆژانـە کــە دنیایەکی خەماوی و تەماوییە.

دەبێ دانی پێدا بنێین کەوا ئێمەی کورد میللەتێکی نەشارەزا و داماوین، بۆ گۆڕینی ئەم دنیـا جۆرەوجۆرانەی خـۆمـان هەر دەبێ پەنا بۆ بیـانی ببـەینەوە. وەک چۆن خـۆمــان هیـچمــان پێ نـەکـرا تـا ئەمــەریکا رژێمـی سـەدامـی بۆ نەڕووخـاندین، دەبێ بۆ دانانی پـرۆگرامـەکـانی گـۆڕینیش هـەر پەنا بۆ دنیـای پێشکەوتوو ببـەین تا برێک هزریشمـان پێشکێش بکەن. مامـۆستا و ڕۆشنبیر هەیە لە جیـاتی نەخشـەکێشـان بۆ گـۆڕین، بۆ ئـەوەی دوو فلسی لە دەسـەڵات دەس کـەوێ، بەردەوام بیـری گـەنج دەشـێـوێنـێ و دڵی لە ئاست وڵاتدا ڕەش دەکات.

دەبێ لاوان بیـــزانـن ئەوەی بـەدوای بەهـەشـــتـــدا بگـەڕێ، لەســـەر زەویدا نایدۆزێتــەوە، ســەر زەوی شــوێنی ڕەنج کـێـشــانە نەک بەهـەشـتـی شـیـر و هـەنگوین. من دەســـەڵات بم، لـە پاڵ هـەر زانکـۆیەکی پێـــشکەوتوودا کـــە بۆ

گەنجانی کوردستانی دادەمەزرێنم، سەربازگەیەکی مەشق و ئارەق ڕشتنیش دەکەمەوە تا ژیانیان لەلا شیرین بێت و لەگەڵ ڕەوتی ئاساییی ژیاندا بگونجێن. ڕاستە گەنجی لامل جوانترە لە گەنجی لارەمل، بەڵام گونجانیش لەم سەرزەوییەدا بەشێکە لە سروشتی بۆماوەی مرۆڤ. باشە ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ وڵاتەکەیدا نەگونجێ بەکەڵکی چی دێ؟

گەنجان ١ لە ٢٠٠٧/٧/٢٤

## کورد کورد

هەرچەند جارێک کە دەچم بۆ ئەورووپا، لەوێ لە جیاتی دڵخۆشی، دڵتەنگی دام دەگرێ. تام و چێژ لە هیچ شتێک وەرناگرم. ئەمە نەریت و خوویێکی خراپە کە هەمە، خۆزگە وا نەبوایە. خۆ وەنەبێ زۆریش چووبم، تەنیا دوو سێ جار، بەڵام گشت جار لە جیاتی ئەوەی درێژە بەمانەوەی خۆم بدەم، لە یەکەمین ڕۆژەوە کێچ کەوتووەتە کەوڵم بۆ گەڕانەوە. بەدەست خۆم نییە، لە هەر شوێنێک بم بەراوردی هەموو شت لەگەڵ کوردستاندا دەکەم. لەوێ: خاوێنی، جوانی، ڕێکوپێکی، سیستەم، پێشکەوتن، خێرایی لە هەموو شتدا، هەستی بەرپرسیارەتی، ڕاستگۆیی، ڕێز لە خەڵک گرتن، چاودێریی کەس نەکردن، هەموو ئەمانە دەبینم. لێرەش: پیسوپۆخڵی، کرێتی، نارێکوپێکی، بێ نیزامی، گەڕانەوە بەرەودوا، سستی و تەمبەڵی، درێغی لە بەجێگەیاندنی ئەرکدا، نەبوونی بەرپرسیارەتی و لێپێچینەوە، بێ ڕێزی بەرامبەری هەموو شتێک، چاودێریکردنی ژیانی خەڵک، دووڕوویی، شەو و ڕۆژ درۆکردن، هەموو شتکردن بەپێچەوانەوەی داهاتووی گەش.

کە لێم دەپرسن لە کوێوە هاتووی و دەڵێم من کێم، وا هەست دەکەم لە ژێرەوە پێم پێ دەکەنن. لە ناخەوەش لە بەراوردکردنی خۆمدا هەر بەردەوامم، تەریق دەبمەوە لە ئاست ئەو وزە و توانایەی کە خەڵکی تر هەیانە. تۆ سەیر کە ئەم میللەتەی ئێمە هەر بۆڵەی دێ: "داگیریان کردم، دابەشیان کردم، تێیان

هەڵدام، تێیان خوریم، لێیان دزیم، قەدەغەیان کردم". خۆهەڵکێشان و فڕوفیشاڵیش لەولاوە بووەستێ، کە هەمووی ئاخاوتنی پف هەڵدراوی بێ ناواخنە: "مێژووم پڕە لە شانازی، خاکی بەپیت و ئاوی زۆر، ئاینی نازدار، داوونەریتی جوان، دەوڵەمەندی، چل ملیۆن ژمارەی دانیشتوان، وڵاتی پان و بەرین". هیچیشی وا نییە و فڕی بەسەر راستییەوە نییە. هەموو زیانی کورد لە ئەنفال و کیمیاباران و راپێچدان و راگواستندا ناگاتە زیانی شارۆکەیەکی ئەڵمان لە شەڕی دووەمدا، ئەمڕۆ هەر دەڵێی شەڕیشی نەدیوە. بەڵام بۆ کورد خوا داویەتی تا ڕۆژی زیندووبوونەوە بگری و بلاڵێتەوە.

ڕۆژی ١٦ی تەمووز چووین بۆ کەرکووک. ئەوەی بەدەم ڕێوە بینیمان: تا کەشکەلانی ئاسمان تۆز و خۆڵ، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگە سارایەکی قاقڕ و وشکێن، گەرم وەک دۆزەخی خودێ، نەدارێک چێنراوە و نەشوێنەواری دەستی مرۆڤ بەسەر هیچ شتێکی سروشتەوە دیارە. رستەیەکی ڕێزمانی کوردیم بیر هاتەوە: "کوردستان وەک بەهەشتە" بەڵێ واسە، وەک سنەیی دەڵێن. گەڕەکەکانی کەرکووک لە جاران دزێوتر بوون، کۆڵانەکانی پیس و چەپەڵ، لەو شارەدا هیچ شتێک ڕەنگاوڕەنگ نییە تەنانەت جلوبەرگی ئافرەتیش. قسەیەکی شاعیرێکم بیر هاتەوە: "بێرە کوردستان ئازیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ". لە ناکاو تەقینەوەیکی گەورە دنیای هەژاند، گوتم بەڵێ وەرە بۆ کەرکووک گەر تۆ جوانی و تەناهیت دەوێ. دنیا بوو بە"ڕۆژی پەسلانێ" وەک مام هەژار دەڵێ. دوو سەد سێ سەد مرۆڤی کورد هەلا بەهەلا بوون. راگەیاندنی کوردستان هەر مووشی پێ نەبزوا. نەک تەنیا من بگرە هەموو کەس لەو باوەڕەدایە کەوا لە سەرەتاوە دەکرا ئەمن و ئاسایشێک لە جۆری ئەوەی هەولێر و سلێمانی، بۆ گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکووک دابین بکرێ.

بەڵام میللەتێکی قەڵپە، کە نەیبێ بۆ بەختی ناپوختی خۆی دەگری، کە بوویشی، بێ باکانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا تا لە دەستی دەدا. نەخشەی بۆ هیچ شتێک نییە و خەم لە هیچ ناخوا. بەپێچەوانەوە، وەک پسپۆڕێکی حکوومەتی هەرێم گوتبووی: "لەم وڵاتەدا ئەوانەی پلان دەکێشن بۆ ئەوەی پلان

نەبێ زۆر زیاترن لەوانەی دەیانەوێ پلان هەبێ". وەرە با بچینە هەولێر بەرەو ژێر، بەدووریی ١٠٠ کم، واتە ئەو ناوچانەی دوای کەوتنی ڕێژیم هاتوونەتەوە سەر کوردستان، دادەچڵەکێی. هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەک نییە. ئەو گوندەی لێی لە دایک بووم و دە ساڵ تیایدا پەروەردە بووم، لەوێ هەڵکەوتووە. حەز ناکەم سەری لێ بدەمەوە، چاوم بەرایی نادات. لەم سەردانەی دواییمدا بۆ دەرەوە دۆستێک پێی گوتم وەرە بابتبەم بۆ سویسرا، دەتبەم بۆ گوندێک یەکجار خۆش و سەرنج ڕاکێشە، گوندەکەی خۆمانم کەوتەوە بیر، گوتم: بۆ کاکە هیچ دوژمنایەتییەک لە نێوانی من و تۆدا هەیە؟

هەموو کێشەیەک کێشەی داوودەزگای دەسەڵاتی فەرمی نییە، بەڵام با بڵێین کێشەی ئەوە، خۆ دەسەڵاتیش هەر لە هەناوی ئەم میللەتەوە سەری هێناوەتە دەر. ئەمە میللەتێکی هیچ لەباردا نەبووی بێ داهێنانە، نەبیر دەکاتەوە، نەئارەق دەڕێژێ، نەپلانی هەیە بۆ داهاتوو، تەنیا سکاڵا دەکا و دەناوڕێتەوە. لە ڕابردووشدا هەر دۆڕاندوویەتی و بۆ یەک جاریش نەیبردووەتەوە، چونکە هیچ شتێکی بۆ گرینگ نەبووە. هەر زگ تێربێ و ڕاکشێ، ئەمە بەسی ئەو بووە. ئەوەی تر بەرپرسیارەتی نییە. هەر مەلای گەورە باشی ناسیوە:

ئەرێ ئەی مامە کوردە پێم بڵێ چیت؟
کڵاش خواری، کەوا دڕیای، کراس چیت
کەپوو فیچ و لچ ئەستوور و ددان گڕ
کوتوکوێر و گەڕ و گێڕ و سەرک خڕ
بەگیان و دڵ لە ڕەببی خۆت دەخوازی
زگت پڕ بێ لە ئەستوورک و پیازی

بزاو ٨ لە ٢٠٠٧/٧/٢٩

## متمانە نەما

قسـە کە زۆر دووبارە کرایەوە و کردەوەی بەدوادا نەهات، گوێگر جگە لەوەی وەڕس دەبێ متمانەشی نامێنێ. دواجار پێت دەڵێ: یان فەرموو بەکردەوە بیکە یان بیبڕەوە. ئەم هەزارپات کردنـەوەیە سوودی چییـە. لە ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ باس لە گۆڕینی کتێبی قوتابخانە دەکەن، کۆنفراس و کۆنگرە، ئامۆژگاری و ڕاسپاردە، بەڵام کوا؟ یەک وشـە نەگۆڕاوە بۆنی پێشکەوتن و گۆڕانی لێ بێت. ڕاسـتت دەوێ، قـوتابخـانە وێرانەیە، نەبووە بەشـوێنی خـەونەکـانی قـوتابی. کتێبـەکانی خوێندن چاپیان خراپە، بابەتەکان کۆن و سـواون، زمان سەقـەتە، ڕێنووسی کتێبێک و کتێبێکی تر جیاوازە، کادیری دەرسگوتنەوە باس ناکرێ حاڵی چلۆنە. بـەکورتی قوتابخـانە بووە بەمایەی هـەرەسی نەوەیەک، ئیـتر چۆن باسی داهاتووی ڕەنگین بکەین؟

دوای ئەم هـەمـوو ساڵ کارکردن و ئەزمـوونە، گەیشـتـوومەتـە ئەو ئەنجامـەی کەوا وڵاتەکەمان شارەزا و پسپۆڕی لە هیچ بوارێکدا نییـە. ئێوە بڕوا بە پلەی پلەدار مـەکەن، ڕەنگە ژمـارەیان سەدان و هەزاران بێ ئەوانەی پلـەی شارەزا و پسـپۆڕیان هەیە، بەڵام بەکردەوە شـارەزا و پسـپۆڕ لەم وڵاتەدا بوونـیان نییـە. هیچ بوارێک کادیری ئەوتۆی نیـیـە تا بتـوانێ ڕیفـۆرم لە کـارەکانیـدا ئەنجام بدات، یان بەرنامەی بۆ دابنێ. دانانی وڵاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بەعەقڵی کوردی ئەنجام نادرێ، بەتایبەتیش لە بواری پەروەردە و خوێندندا.

لە پێناو گۆڕیندا، ئێمە هـیچ چارەسـەرێکمان لـەبەردەمدا نییـە جگە لە پشت بەسـتن بەلێـهاتوویی و پسـپۆڕیی دەرەوە. وڵاتانی جـۆری کوردسـتان، پرۆگرام دادەنێن بۆ گەشەسـەندن. لەم پرۆگرامـانەشدا بەپلەی یەکەم دەگەڕێنـەوە سـەر ئەزمـوونی پێشکەوتووتر لە هی خـۆیان. ئەویش بەدوو شـێوە، یان شـارەزایان لەوێوە دەهێنن یان خـەڵکی خـۆیان دەنێـرنە دەرەوە. ئێـمـە بەرنامـەمـان بۆ هیچیـان نییە. پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێ بۆ کەڵەکەکردنی ئەزموونی چەوت، ئەزمـوونی خۆمـاڵی. ئەو ئەزمـوونەی کە ئەمڕۆ هـەر پرۆژەیەکی پێ بسـپێری، دەبێ سبەی خەم لەوە بخۆی چۆنی تێک دەیەوە.

عێراقی ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕی لەگەڵ ئێراندا هەڵگیرساند ژمارەی دانیشتوانەکەی دەوری سێزدە ملیۆن یان نەختێک کەمتر بوو، ئەو کاتە پێنج زانکۆ لە عێراقدا هەبوو. کوردستانی ئەمڕۆ چوار ملیۆن نابێ، واتە ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان دەیانگرێتەوە، بەڵام بەلای کەمەوە پێنج زانکۆی تێدایە. ئەو کاتە زانکۆکانی عێراق پڕبوون لە مامۆستای بیانی، لە کاتێکدا کە مامۆستای لێهاتووی وڵاتەکەش یەکجار زۆر بوون، پلانی ئەوەشی هەبوو زیاتر لە دەرەوە بێنێ ئەگەر شەڕ هەڵنەگیرسایە. بەڵام لێرە بەردەوام و بێ پشوو بەش و کۆلێجی نوێ دەکرێنەوە و مامۆستای بیانیش باس و سۆراغی نییە. ئەوەی کە مرۆڤ سەری تێدا دەسوڕمێ ئەوەیە کورد بەنەریت و زگماک خۆی بەشارەزای هەموو بوارێک دادەنێ، پرسیاری هەرچیی لێ بکەی وەڵامت دەداتەوە، باسی هەرچیی لەگەڵدا بکەی ئەو لەوسەر دێتەوە و شارەزای تەواوە تیایدا. بۆیە باسکردنی پسپۆڕی بیانی دەبێ بەمایەی سەغڵەتی بۆی.

با کەس بەم باسانە نارەحەت نەبێ، ئەمە حاڵەتێکە کەسێکی تایبەت ناگرێتەوە. کێ بگرێتەوە و کێ نەگرێتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە بواری پەروەردە و خوێندن بەرپرسیارن لە رەوشی ئەمڕۆی گەنجانی کوردستان. یان دەتوانین بڵێین بەرپرسیارەتیی ئەوان لە هەموو لایەنێکی تر زیاتر و مەترسیدارترە. ئەمە گەندەڵییەکە تا بینەقاقا، زانکۆ لە شارێک دەکەیەوە شەقامی تێدا نییە، ئوتێلی تێدا نییە، کتێبخانەی گشتیی تێدا نییە، تەنانەت قوتابخانەیەکی ئامادەییی باشی تێدا نییە.

زانکۆی باش چۆن لە وڵاتێکدا دروست دەبێ ئەگەر قۆناغی پێش زانکۆ هیچ نەبێ؟ بەکورتی من دەستم شوشتووە لەوەی گۆڕین بەرەو باشبوون لەم کوردستانەدا روو بدات تا کتێبی قوتابخانە نەگۆڕێ کە ناشگۆڕێ. بۆیە تکایە بەردێکی بخرێتە سەر و با چیتر بەهیوای نەبین، متمانە نەما.

گەنجان ٢ لە ٢٠٠٧/٧/٣١

## یەک قسەی ستراتیجی

نووسەری ڕۆژنامە بۆ ئەوەی نووسینەکەی زیاتر بخوێنرێتەوە، حەز دەکات لەبارەی ڕووداوی دەسبەجێ و گەرماوگەرمەوە بنووسێت، بۆ نموونە بابەتێکی وەک ڕێککەوتنی ستراتیجی لە نێوان هەردوو حزبی پلە یەکدا، کە پێش چەند ڕۆژێک مۆر کرا. بەڵام ئەگەر هیچ زانیارییەکت لەمبارەیەوە نەبێ، پەکت دەکەوێ و ناتوانی تەنانەت یەک ڕستەش بنووسیت. کوردستان وایە، کەس پابەند نییە بەوەی زانیاری بدات بەراگەیاندن تەنانەت ئەگەر پرسەکە بۆ پێشاندانی ڕێزگرتن لە هەستی خەڵکەکەش بێ. لەبەرئەمەیە هیچ نانووسرێ. هەر ئەوەندە هەیە بەپێی تێگەیشتنی سەرەتاییانەی خۆم لە سیاسەت، ئەم ناونیشانە واتە ڕێککەوتنی ستراتیجی، زیاتر بۆ پێکهاتنی چەند زلهێزی سەربازی، یان چەند وڵاتی هاوبەرژەوەند بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسی دەگونجێ، نەک دوو حزب کە مەرجە لە بنەڕەتەوە هاوپەیمان و هاوکار و هاوستراتیج بن بێ هەبوونی ڕێککەوتننامەش. بەکورتی، نەبوونی زانیاری هەمیشە دەبێ بەمایە دروستبوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەلای خەڵکدا، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە سیاسەت یان لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن.

وەک چۆن وەرزشوان کاتێ تۆپ لە گۆڵ نێزیک دەبێتەوە دڵی دەکەوێتە تەپوکوت، گەلۆ گۆڵ دەبێ یان نا؟ یان بازرگان بەشڵەژانی بازاڕ دەکەوێتە دڵەخورپە، ئاخۆ تێ دەچێ یان دەر دەچێ؟ بابایەکی وەک منیش دڵەڕاوکە و دڵەخورپەم ئەو کاتانە بۆ دروست دەبن کە دەسکەوتێک بەڕێوە دەبێ بۆ کورد، دەمەوێ زوو بزانم پێی دەگات یان نا؟ ساڵ وا بەرەو تەواوبوون دەچێ و هێشتا عێراق لە ئاژاوەکانی خۆیدا دەگەوزێ، کەس نازانێ کامیان بۆ کورد باش دەردەچن: ئارامیی عێراق یان نائارامییەکەی؟ کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان دێنەوە سەر کوردستان یان وەک خۆیان بەهەڵواسراوی دەمێننەوە؟ بەمەزەندەی من دەبێ ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ یەکلاییکردنەوەی هەڵوێست لە ئاست ئەم پرسانەدا کرابێ.

لەبەرامبەری یاسادا، تۆمەتبار بێ تاوانە تا تاوانی لەسەر دەبێ بەماڵ. ئەمە بنەوایەکی گرینگی یاسایە و زۆریش مرۆڤییانەیە، تەنانەت ئەگەر تۆمەت پێکراو ملهوڕێکی وەک سەدام حوسێنیش بێت. بەڵام بۆ پیاوی ئاسایش پێچەوانەی ئەمە دروستە، واتە هاووڵاتییەکی گیراو، تاوانبارە تا بێ تاوانییەکەی ئاشکرا دەبێت، بۆیەشە دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەم بنەوایە، پسپۆڕێکی ئاسایش بۆی شرۆڤە کردم. گوتم بەخوا ڕۆژنامەوانیش وەک پیاوی ئاسایش بیر دەکاتەوە، بۆ نموونە من دەڵێم کەرکووک لە دەست چووە تا بەچاوی خۆم نەبینم گەڕابێتەوە پاڵ هەولێر. ناشتوانم بڵێم ڕێککەوتنی ستراتیجی چۆنە تەنانەت ئەگەر هیچ گومانێکیشم نەبێ لە پاکی و دڵسۆزیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە ئاست پرسە گشتییەکاندا.

هەفتەی پێشوو، هەموو لا نیگەران بووین کە خەڵکێک لە کوردستان بەبۆنەی بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق لە تۆپی پێدا، ئاڵای عێراقیان بەرز کردەوە و پێوەی هەڵپەڕین. وایان دانا ئەمە نەبوون یان کزیی هەستی نەتەوەییە. وایە و زۆریش وایە، هەستی نەتەوەیی لە کوردستان بەرەو پووکانەوە دەڕوات. گەنج بەلێشاو دەڕۆن بۆ هەندەران، یان هەر نەبێ بیری ئەمە بە خەیاڵیاندا دێت و دەچێت. کەسیش لە هۆی ئەمە ناکۆڵێتەوە لەبەرئەوەی کێشەی کەس نییە، نە زانکۆ نە ڕێکخراوگەلی جڤاکی شارستانی. من بۆ ئەوەی لە شت تێ بگەم هەندێک جار پرسیار پێچەوانە دەکەمەوە، بۆ نموونە تۆ دەپرسیت لاوان بۆ مەیلیان لە کۆچە؟ من دەڵێم باشە بۆ مەیلیان لە کۆچ نەبێ؟ کوردستان چیی باشە دڵ پێوەی بەند بێ؟

با وا دابنێین هەموو شت لە کوردستان باشە، بەڵام دیارە کە سیستەم باش نییە. نەبوونی سیستەم بێ هیوایی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. گومانیشی تێدا نییە کە بێ سیستەمی، پاشەڕۆژ بۆ هیچ شت دروست ناکات. بۆ نموونە من نازانم ڕێککەوتنی ستراتیجی چی دەگرێتە خۆی لە کاتێکدا بەپێی سیستەمی تازەی جیهان دەبوایە لە یەکەمین ساتەوە ئەمەم بزانیایە، یان نموونەیەکی تر: دادوەرێک گوتی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە ناو گەنجاندا بەرەو

زیادییە، زیاتری هۆیەکانیش ئابوورین، وەک نەبوونی ماڵی سەربەخۆ.

راست دەکات، پێش سێ ساڵیش تەنگژەیەکی گەورەی خانوو لە هەولێر هەبوو، هیچ هەنگاوێکیش نەنرا بۆ چارەسەرکردنی. بەپێچەوانەوە هەنگاوی دژ هاوێژران. باشە تۆ تەنگژەی خانووت هەیە چۆن جێگە بۆ حەوت هەشت هەزار عارەبی راکردوو لە بەغدا دەکەیەوە؟ ئەمە هەر بۆ ئەوەی لاف بەئاسایشی رێکوپێکی کوردستانەوە لێ بدەی؟ کە ئەمەش هەر وا نییە. شەوێک دوای سەعات سێ بەشاردا بسووڕێوە، دەبینی میللەت لە پرخەی خەودایە بەڵام ئاسایش و پۆلیسیش بەخەر نین. شەوێکیان گوتم تیرۆریست بوایەم ئێستا هەولێرم وێران دەکرد.

حزب لە کوردستاندا بەپێی یاسا مۆڵەت وەردەگرێ و لە چوارچێوەی یاسادا کار دەکات، یاسایەک کە بەئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دارێژراوە. بەم پێیە بێ دەبێ هەموو حزبەکان هاوپەیمان بن، چونکە یاسا پێوەندیی نێوانیان رێک دەخات. ئەگەر ئەمە وابێ، کەواتە رێککەوتنی ستراتیجی لە پێناوی چیدایە؟ یان ئەوەتا بۆ گەمارۆدانی تەڤگەر و بزاڤی دیموکراسییە یانیش هێشتا مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوەخۆ لە ئارادایە. بێگومان هەردوو ئەگەریش دڵەڕاوکە و نیگەرانی بەدوای خۆیاندا دەهێنن. هەر ئەم دۆخەشە وا دەکات لاوان یان بڕۆن یان چەپڵە بۆ ئاڵای عێراق لێ بدەن، هەرچەندە هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم ئاڵایە ئاڵای عێراق نییە و ئاڵای بەعسە.

با قسەیەی دڵی خۆمت بۆ بکەم، راستت دەوێ ئەگەر ئەم ئاڵایە ئاڵای عێراقیش بوایە بۆ من هەر خۆشەویست نەبوو. لەوەی هەم رقم لە هەموو شتێکی عێراقییە، رقم لە کۆماری عێراقە چ فیدرالی بێ چ دیکتاتۆری، رقم لە ئاڵای عێراقە چ ئەڵڵاهو ئەکبەری لەسەربێ چ نا، کەیفم بە پارەکەی نایە، بە پاسەپۆرتەکەی نایە، بە سوپاکەی نایە. هێڵی ئاسمانییەکەیم خۆش ناوێ، هەڵبژاردەکەیم خۆش ناوێ، ناوەکەیم خۆش ناوێ، ئەگەر سەرکۆمار کورد نەبوایە ئەویشم خۆش نەدەویست. ئێوە بڵێن چ خێرم لە عێراق بینیوە تا

خۆشم بوێت؟

باشە تۆ بڵێی ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ ئەوە نەکرابێ کوردستان جیا بکەنەوە و کۆتایی بەم چاخی کۆیلەتییە بێت کە سەدان ساڵی خایاند؟ خەیاڵم بۆ زۆر شتی ستراتیجی دەڕوات، بۆ نموونە بەڕێز مام جەلال ببینم وازی لەم پۆستە دڵخوازەکەی هێنابێ و ئیتر شتێک نەمابێ دڵی کورد بۆ بەغدا بەکێش بکات، یان ئالاکەی لە پشت سەری هیچ کوردێکەوە بشنێتەوە.

بزاو ٩ لە ٢٠٠٧/٨/٥

## کتێبی گەنجان

گەنجان ژمارەیەکی کەمیان بایەخ بەسیاست دەدەن و کەمتر پەرۆشی بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکانن، وەک نەریت زیاتر ڕوو دەکەنە بوارگەلی کولتوور، هونەر، فەلسەفە، وەرزش، یان هەر بوارێکی تر کە لەگەڵ خولیا و تەمەنیاندا بگونجێ. لە زۆربەی کۆمەڵگە و وڵاتاندا ئەمە وایە. مەگەر وڵات لە تەنگژەیەکی سیاسیدا بژی وەک ئەمڕۆی عێراق کە لاوان بێ ویستی خۆیان دەکەونە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، ئەگینا دنیای ئاڵۆزی سیاسەت لەگەڵ دنیای سیحراویی گەنجاندا ناگەنەوە یەکتر. هەڵبەتە تاک و تەرایەک لە ناو گەنجاندا هەڵدەکەون کە لە سەرەتاوە ڕوو دەکەنە کاری سیاسی و گوڵی تەمەنیان لە خەباتدا دەوەرێنن.

ڕاگەیاندنی کوردستان بەشی زۆری ڕووبەری خۆی بۆ سیاسەتێکی وشک یان هونەرێکی سادە تەرخان کردووە کە قوڵایی پڕ ناکەنەوە، بەپێچەوانەوە گەورەتری دەکەن. داوودەزگای فەرمی وا دەزانێ قیرتاوکردنی ڕێگە یان دروستکردنی باڵەخانە و کاری ئاوەدانی بەگشتی، بۆ گەنجانە و دەبێ ئەوان پێی بەختەوەر بن و بیانوویان نەمێنێ. ئەمەش بۆچوونێکی ڕاست نییە لەبەرئەوەی بەجێ هێشتنی دنیای ڕوح و خەیاڵ بەچۆڵی، بەهیچ شتێک

پڕناکرێتەوە مەگەر کەرەستەی ڕوحی نەبێ. شەقام و باڵەخانە گرینگن و زۆریش گرینگن بەڵام ئێمە باسی مەسەلەیەکی تر دەکەین.

لە لاوان دەپرسی چیتان دەوێ، باسی شتێکی گرینگ ناکەن. لاوێک لەم ڕۆژانەدا گوتی: چایخانەیەک نییە لێی دانیشین. ئەم قسەیە سەرەتا بوو بەمایەی پێکەنین، چۆن دەبێ گەنج داوای چایخانە بکات لە کاتێکدا چایخانە شوێنی بەفیڕۆدانی کاتە؟ پاشان بیر بۆ ئەوە چوو ڕەنگە لە هەندێک شوێن چایخانە تاکە بنکە بێ بۆ کۆبوونەوە و تاوتوێکردنی بیروباوەڕ. پێش چەند ساڵ بیر لەوە کرایەوە ژمارەیەکی زۆر سەنتەر و ناوەندی گەنجان بکرێنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییییەی کە دروست بووە، ئەم بنکە و ناوەندانە بۆ تێکەڵاوی و گۆڕینەوەی هزر و باری سەرنج و خەونەکان دروست کران، بەڵام دادی نەدا لەبەرئەوەی تەنیا پارەی بۆ خەرج کرا بێ ئەوەی بەرنامە هەبێت، پاشان پارەکەش گیرایەوە. زیاتری ئەو بنکانەش بوون بەشوێنی سیاسەت و ململانە، ژمارەکی کەمیان مەبەستیان پێکا.

یەکێک لە بوارەکانی بایەخدانی گەنجان سینەمایە، سینەما لە کوردستاندا نییە، نەهۆڵی پێشاندان هەیە و نەهونەری سینەما. یەکێکی تر لە بوارەکانی بایەخدانی گەنجان خوێندنەوەیە، کتێب زۆرە بەڵام بێ سوود و بێ مفا. کتێبی کوردی بەگشتی تیرێژەکەی لە هەزار دانە تێ ناپەڕێ. ئەمە جگە لەوەی لە شارێکی وەک هەولێردا کە پایەتەختیشە تەنیا یەک کتێبخانەی گشتی هەیە، کۆن و کەم خزمەتە. شاری گەورە هەیە لە کوردستان کتێبخانەی گشتیی هەر نییە.

وەک دەست پێشخەرییەک، لە دەزگای ئاراسەوە بڕیارمان دا ئەمجارە بایەخ بەکتێبی لاوان بدەین، ڕۆمان، فەلسەفە، زانست، هونەر، کۆمەڵایەتی. بۆ ئەمە لە ساڵی داهاتووەوە بەرنامەیەکمان دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی گەنجان بەتیرێژی بەرز. دەرگەش کراوەیە بۆ بەشداریی هەمووان بەتایبەتی گەنجان، بۆ ئەوەی باشترین کتێب لەزمانانی ترەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی.

لێرەدا داوا دەکەین، گەنجانی بەتوانا لە کاری وەرگێڕان بەشداری لەم پرۆژەیەدا بکەن. راستە دەسەق و مزی وەرگێڕانەکە دڵبەر و سەرنجراکێش نییە، لەبەرئەوەی کارەکە زیاتر کارێکی میللی و هەرەوەزییە و کردنەوەی دەرگەیەکە بۆ لاوان تا خۆیان کتێب هەڵبژێرن و وەربگێڕن و بێنە ناو دنیای نووسینەوە، ئەمە ئەرکێکی دوو قۆڵییە لە نێوان ئاراس و لاواندا و هیوادارین ئەوانەی لە خۆیان رادەبینن بەپیر ئەم داخوازەوە بێن. ئێمە وەک دەزگا ئەم کتێبانە بەتیرێژی بەرز و شێوازی رەنگین و رازاوە پێشکێش دەکەین. هەڵبەتە ئەرک و ماندووبوونیش دەکێشین بەپێداچوونەوەی بەرهەمەکان لەبەرئەوەی وا چاوەڕوان دەکەین زیاتری ئەوانەی بەشداری دەکەن لاو بن و ئەزموونی ئەم کارەیان کەم بێ.

گەنجان ٣ لە ٢٠٠٧/٨/٧

## دیموکراسی خەیاڵە و مەحاڵ

داهاتوو خەیاڵە، هەر کەس بەجۆرێک بۆی دەچێ، زۆربەی جاریش مەزەندەی خەڵک لەبارەی داهاتووەوە راست دەرناچێ. بۆ نموونە: هەموو لەو باوەڕەدابووین ئەگەر رژێمی سەدام هەڵوەشا، سەرەتا گەلەکوژی روودەدا، خەڵکێکی زۆر لە لایەنگرانی رژێم لەناودەچن و هێندە نابا چاخێکی نوێ لە ژیانی تەبایی و دیموکراسی دەست پێ دەکاتەوە. ئەمە گەشبینی بوو. توومەز گەشبینیش زۆر جار ساویلکەییە. دەرچوو لایەنگرانی رژێمی پێشوو تا ساڵانێکی زۆری دوای لەدەستچوونی دەسەڵاتیان، هەر فەرمانیان بەدەستەوە دەبێ و وەک جاران خەڵک لەناو دەبەن. ئێستە پێمان وایە ئەگەر شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە نیشتەوە ئەوا عێراق دادەمرکێ. وا نییە، شەڕی کورد و عەرەب هێشتا بەرێوەیە.

سەرەتا وامان دەزانی ئەمەریکا پلانێکی پێیە عێراق وەک گوڵ بەڕێوە دەبات، دەرچوو ئەمەش ساویلکەییە و راست ئەوەیە پلانی خەڵکی تر

سیاسەت بەئەمەریکا بەڕێوە دەبات. عەرەبی دنیا پاڵەپەستۆیانە تا ئەمەریکا واز لە مادەی ١٤٠ی کوردی بێنێ کە بڕیارێکی دیموکراسیی عێراقییەکان بوو لەناو خۆیاندا. ئەوروپایی جۆکێکیان هەیە دەڵێ: «ئەمەریکا چوو بۆ عێراق بۆ ئەوەی ئەزمـوونی دیموکراسی لەوێ دابمەزرێنێ و پاشان هاوردەی بکاتەوە بۆ ئەمـەریکا». ئەمـەش راست دەرنەچوو، داهاتووی دیموکـراسی لە جـڤـاکی ڕۆهەڵاتیـدا جـێی گـومـانە. دیموکـراسی ئەوەیە گـورگ و مـەڕ بەیەکـەوە ئاو بخۆنەوە. ئەوەتا دوای چوار ساڵ زیاتر لە چاخی دیموکراسی، هێشتا ساڵح موتڵەگ لاریی نییە بۆ ئەنفالێکی تر.

کـاتی خـۆی کـە دەوڵەتی نوێی عـێـراق لە سـاڵی ١٩٢٤دا پێک هات، شـا فەیسەڵی یەکەم دەچێ بۆ سەردانی سلێمانی، عەبدوڵڵا زێوەر شیعرێکی لە پێش دەخوێنێتەوە بەناوی "ماڵ جیاکردنەوە". ئەگەر کوردستـان رزگاری بوو، دەبێ لە دەروازەی حـەمـریندا پەیکەرێک بۆ زێوەری باوک دروست بکرێ. ئەم شیعرە زیاتر نەبێ کەمتر نییە لە ٢٧ ساڵەکەی بێکەس کە لە پێش ئەدمۆنزدا خوێندیەوە. زێوەر بە شا فەیسەڵی عەرەب دەڵێ:

یابە فەرزەن تۆ شای سەرزەمینی
رازیم بەبەشی خۆم و مسکێنی
دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ
منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی
هەواکەی شاهۆ ئاوەکەی قەندیل
لادەبا لە دڵ ئێشی برینی
قەت رێک ناکەوێ دەست لە مل یەک کەن
حەنتووش حەلاوی و ڕەسوول سیرینی
من لام باش نییە سواری شانم بی
وا عەرزت دەکەم هەر بەشیرینی
خورمای خۆت بۆ خۆت، مێوژی خۆم بۆ خۆم
"لکم دینکم ولی دینی"

پێشنیاز دەکەم ئەمجارە شاندی کوردی لە وتوێژیان لەگەڵ بەغدا و بەئامادەبوونی ئەمەریکا ئەم شیعرە و بەسەرهاتەکەی بەعەرەبی و ئینگلیزی بخوێننەوە، چاخ چاخی شەفافییەت و روونبێژییە. پێشبینیی هەموو کەس لەبارەی داهاتووەوە هەڵە دەرچووبێ، ئەوەی زێوەر راست دەرچوو.

داوا لە خەڵک دەکرێ لەگەڵ یەکتردا دیموکراسی بن، من لەگەڵ خۆمدا داوا دەکەم. بۆچوونی ئەمڕۆم لە بۆچوونی دوێنێم جیایە، بۆیە ئەگەر یەکێک جیاوازی یان دژبەری لە نێوان بۆچوونی ئەمڕۆ و دوێنێمدا بدۆزێتەوە سەغڵەت نابم. کاتی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی لە عێراق، واتە ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ برادەرێک ئیمزای لەسەر فیدراڵییەتی پارێزگاکان کرد، کورد دژی ئەمە بوو، تەنیا من پێم باش بوو، دەمگوت دیموکراسی یەکێک لە بنەماکانی ئەوەیە هەل و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەس و هەموو شوێنێک بڕەخسێنی. ئێستە بۆم دەردەکەوێ من و ئەو برادەرە، هەردووکمان هەڵە بووین. دیموکراسی لەناو جڤاکی فرەنەتەوەییدا خەیاڵە و مەحاڵ. مێژووی دنیا شایەدی ئەمەیە.

نەک هەر ئەوەندە، بگرە من لەو باوەڕەدام ئەگەر کوردستانی مەزن چێ بوو، ئێستە چوار پارچەیە، دەبێ ئەو کات بیکەی بە چل پارچەوە. ئەگەر وا نەکەی چۆن دەتوانی دیموکراسی، بۆ نموونە لە نێوان بادینی و کەڵهوڕییەکدا دروست بکەی. دیموکراسی پێش هەموو شت لەیەکتر گەیشتنە، کەڵهوڕی و بادینی چۆن لە یەکتر دەگەن؟ خۆیان دوو کێشەن، هەورامییەکیان بخەیە نێوانەوە بۆ وەرگێڕان، دەبێ بەسێ کێشە. ڕەنگە پەرلەمانی ئەو دەمی کوردستان شتێک بێ لە جۆری کەشتییەکەی نووح. خۆشحاڵین کە دەمرین و ئەو کارەساتانە نابینین.

بەکورتی، دیموکراسی پرۆسەیەکی یەکجار سەخت و کارەساتاوییە لەناو یەک نەتەوەدا. بوو بەدوو نەتەوە نابێتە دیموکراسی دەبێتە بەیەکەوە ژیان، ئەویش چۆن؟ بەیەکەوە ژیانێکی هەمیشە نایەکسان، زێوەر گوتەنی یەکێکیان سواری ملی ئەوی تر دەبێ. ئەو کات دیموکراسی بابەتێک دەبێ نەک هەر

ناوەڕۆک بگرە ناویشی نابێ. مێژووی دنیا هەمووی وایە، نموونەیەک بێنەوە وا نەبێ. بەکورتی دیموکراسی بۆ عێراق دروشمێک بوو، هەڵە دەرچوو.

بزاو ١٠ لە ٢٠٠٧/٨/١٢

## بەهەشتی ڕازاوە لە کەلاوە

مرۆڤ لەم سەر زەوییەدا شێت و شەیدای چییە؟ بێگومان ژیانی خۆش و گەشاوە. بۆیە هەموو وزەی جەستە و هێزی بیری خۆی تەرخان دەکات بۆ بەدیهێنانی خۆشی و بەختەوەری بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی. تەنانەت کاتێ ژیان ناخۆش و پڕ لە گیروگرفت و چەوسانەوەش دەبێ، ئەو هێشتا هەر وەک وێڵ و ئاواتەخوازی ڕێگەی بەختەوەری و کامەرانی دەمێنێ و بەردەوام دەبێ و وچان نادات تا پێی دەگات. زۆر کەم جار وا هەڵدەکەوێ مرۆڤ بدۆڕێ یان هیوابڕاو ببێ و خۆی بداتە دەست شەپۆلەکانی ڕووبارەوە تا دەخنکێ و فزەی لێ دەبڕێ. تا لێواری مردن، مرۆڤ هەر بەهیوای ساغبوونەوە و گەنجبوونەوە و بەختەوەرییە. ئەم یاسایە نەک تەنیا مرۆڤ بگرە هەندێک جار ئاژەڵانیش دەگرێتەوە، کاتێ ڕاپێچ دەدەرێن بۆ سەربڕگە، بەناڕەحەتییەوە مل کەچ دەکەن یان نایانەوێ مل کەچ بکەن و خۆیان بەدەستەوە نادەن. ئەمە عیشقی ژیانە، جا ژیانی شادی بێت یان ناشادی. نەک هەر ئەوەندە، بگرە مرۆڤ لەوەتەی هەیە بیر لە نەمری دەکاتەوە. ئەنکیدۆ لە داستانی گلگامێشدا، بەدوای نەمریدا دەگەڕێ و دنیای بەدوادا تەی دەکات.

کەواتە، بەلای مرۆڤەوە ژیان بۆ خۆی بەختەوەرییە جا هەرچۆن بێت: چەوسانەوە یان حەسانەوە. ئاینەکان هەموویان لەم ژێیە لاوازەی مرۆڤیان داوە و مژدەی ژیانێکی تری دوای مردنیان پێ ڕاگەیاندووە تا دڵی خۆش بکەن. کەسیش لەولاوە نەگەڕاوەتەوە تا بڵێ وایە یان نا. مرۆڤیش ئامادەیە ملیۆنان ساڵی تر لەم سەرزەوییەدا بێ و بچێ، لەدایک ببێ و بمرێ، بەڵام گومان نەخاتە سەر زیندووبوونەوەی خۆی. لەلایەکی تریشەوە زانایان

هەڵپەیانە مرۆڤ نەمر بکەن یان ئەوانەی مردووشن زیندووییان بکەنەوە. پێش چەند ساڵ ئەو شۆڕشەی لە بواری زانستی بایەلۆجیدا رووی دا و ناونرا کەڵەمبازی کرۆمۆسۆم، مێشکی مرۆڤی هێنایە هەژان و هیوای لە خوێنماندا بزواند. کەواتە مرۆڤ ئامادە نییە لە ژیاندا کۆڵ بدات. بەخەیاڵی خۆی، ئەو هەر براوەیە لە هەر سەرەوە بێت، یان خوا زیندووی دەکاتەوە یان زانست. دووریش نییە هەردووکیان لە بنەتادا یەک شت دەربچن و سیحرەکە ئاشکرا ببێت.

منداڵ بووم، لە یەکێک لەو کتێبانەی خوێندبوومەوە قسەیەک سەرنجی راکێشابووم، دەیگوت: "مرۆڤ تێک دەشکێ بەڵام نادۆڕێ". واتە ساتمە دەکات و سەرەنگرێ دەبێ و دەکەوێ بەڵام نابەزێ، هەرچی ببێ دواجار هەڵدەستێتەوە. ئەمەم بۆ خۆم کرد بە رێشاندەر و رێنوینی ژیان، بەنیشان و بەرووگە. لەو کاتەوە هەر بڕوام پێیەتی. پێم وایە هەموو هەڵسانەوەیەک بەرهەمی کەوتنێکە. یەکێک لە کێشە گەورەکانی نەوەی ئێستە ئەوەیە کە ناخوێنێتەوە. ئەگەر بخوێنێتەوە دەتوانێ باشتر رێ بەدی بکات و ورەی بەرزتر بێ و ژیان تەنیا لە چەند چرکەیەکی کورتە تەمەنی بەختەوەریدا کۆ نەکاتەوە. ژیان بۆ خۆی بەختەوەرییەکی درێژە تەنانەت چەوسانەوەکانیشی، تەنانەت کەوتنەکانیشی. لاوان دەبێ شاکارەکانی کلاسیک بخوێننەوە و لێوەیان فێر بن، نووسەرانی ئەدەبیاتی کلاسیک لە بەرهەمەکانیاندا، تەنیا ئەدەبیان نەنووسیوە بگرە فەلسەفەیان داڕشتووە، مرۆڤ هەزار و یەک بیر و ورە و بەرنامەی ژیان لەم بەرهەمانە وەردەگرێ. شیعرێک هەیە دەڵێ: «ئەی مردن لە کوێی، ژیان کوشتمی». ئەمە گاڵتەوگەپە، ئەگینا لەزەتی ژیان پاڵدانەوە و راکشان نییە، لەزەت ماندووبوونە، رووبەڕووبوونەوە و گرتنی بەرۆکی نەهاتییەکانە تا دەبن بەهات.

لەم ڕۆژانەدا بۆ گاڵتە دەڵێن سەربازێکی کۆریایی بووە بەموسڵمان، کاتێ چووەتەوە کۆریا، گوتوویانە "بۆچ بووی بەموسڵمان؟" گوتوویەتی "لە کوردستاندا میللەتێک هەیە نەکار دەکات و نەهیچ، تەنیا پاڵی داوەتەوە و بۆ

خۆشی های لایف دەژی، وا بزانم ئەمەیان لە ئاینەکەیانەوە بۆ هاتووە، بۆیە گوتم با منیش ببم بەموسڵمان تا بحەسێمەوە." دووریش نییە ئەم چیرۆکە وابێ، کورد دەڵێ تۆ مەکە خوا دەیدا.

لە سەرتاسەری گۆی زەویدا گەلێک نییە بەرۆژ بنوێ، تەنیا گەلی کوردستان نەبێ کە پاش نیوەرۆیان هەمووی لە شیرین خەودایە. کاتێ رەخنەشیان لێ دەگریت و پێیان دەڵێی ئێوە گەلێکی سست و خەواڵوون، پەست دەبن، دەڵێن بۆ سووکایەتیمان پێ دەکەی؟ من دڵنیام نووسەر و رۆشنبیری هیچ گەلێک سووکایەتی بەگەلی خۆی نەکات، رەنگە لە خەم و داخا ناچار ببێ برینداریان کات. نووسەر چۆن بریندارت نەکات، وا گەلان هەموویان ئازاد و سەربەخۆن، تۆ بەخاترانەوە باسی چل ملیۆنی خۆت دەکەی ئەگەرنا بەپەنجاش رازی نابی، کەچی لە بچووکترین مافی مرۆڤانە بێبەشی و باکیشت پێ نییە. ئەمە چییە ئەگەر پەستی و خەوۆکی نەبێ.

جارێکیان لەسەردەمی هەرزەیی و رواڵیمدا، شەوێک درەنگ گوێم نابوو بەرادیۆیەکی وڵاتێکی ئەوروپاوە، پرۆگرامی پرسیار و وەڵامێک بوو لەبارەی ئەو خەڵکەی لە وڵاتانی پاشکەوتووی ئابووری و سیستەمی پڕ لە تەپەسەریی سیاسییەوە رایان دەکرد و پەنایان بۆ دنیای خۆشگوزەران و پێشکەوتووی ئەوروپا دەبرد. یەکێک قسەی دەکرد، دەیگوت: ئەوانە بەدوای ژیانی گەشاوەدا دەگەڕێن، دەبێ بزانن لێرە نایدۆزنەوە، دەبێ لە وڵاتی خۆیاندا بنیاتی بنێن.

ئەوروپا لە سەدەکانی رابردوودا شتێکی پێشکێشی مرۆڤایەتی کرد لە هەموو شتەکان گرینگتر، ئەویش مۆدێرنیزم بوو. مۆدێرنیزم تەنیا بۆ ئەدەب و هونەر نەبوو، بگرە سیستەمی ژیان و بیرکردنەوە و رێز لەیەکتر گرتن و یەکسانی و داد و کرانەوە و کاربەرێوەبردن و زۆر شتی تریش بوو. کورد زۆر کەمی سوود لە مۆدێرنیزمی ئەوروپا وەرگرت. تەنیا لە هەندێک بواری شیعر و هونەردا مەمەڵەیەکی سەرپێییی لەگەڵدا کرد، ئەمەش هیچ نەبوو، لەبەرئەوەی لاسایی و کۆپیکردنەوە بوو، هیچ نیشان و مەبەستێکی نەپێکا.

ژیان لە وڵات و کۆمەڵگەی خۆتدا گەشتر و خۆشترە تەنانەت ئەگەر بەدڵیشت نەبێ. راستە، دەزانم کەس بەئاسانی نایەوێ بڕوا بەم گوتەیە بێنێ، لەم وڵاتەی ئێمەدا بیر و بۆچوون بووە بەکەلی شەیتان، کەس ئامادە نییە لە کەلی شەیتانی خۆی دابەزێ، راستت دەوێ پێویست ناکات بەڵگە بێنمەوە، ئەمە بەڵگەنەویستە. کورد دەڵێ بەرد لە شوێنی خۆی بەنرخە. قارەمان و شۆڕشگێڕانی جاران کە پێشان ژمارەیان زۆر بوو، ژووری زیندانیان دەکرد بەشوێنی هیوا و تێڕوانین بۆ داهاتووی گەش.

بەهەشت لەسەر زەویدا نییە، بەهەشت لە دنیایەکەی ترە کە هەموومان بەهیواین لەوێ چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە. ئەگەر مرۆڤ حەز بکات ژیانێک لە جۆری بەهەشت بژی دەبێ خەبات بکات و بەدیی بهێنێ کە ئەمە زەحمەت نییە. دەشێ کوێرەدێیەک بکرێ بەبەهەشتی رازاوە هەرچەندە کە پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانیشی تیادا لاواز و پاشکەوتوو بێت، دووریش نییە لە شارێکی فرە قەرەباڵغدا کە پێداویستییەکانی ژیان زۆر و بەردەست بن بەڵام نارێکی بەجۆرێک بێت، ژیان تیایدا بوو‌بێت بەدۆزەخ. بەهەشت لەو شوێنەدایە کە خەڵکەکەی بڕیاریان دابێت کار بکەن و بەدەستی خۆیان بژێوی دابین بکەن.

لەم وڵاتەی خۆماندا سەیر و سەمەرە هەیە. ئەگەر دەڵێی کوردستان خۆشە، برە خەڵکێک لێت رادەپەڕن و پێت دەڵێن بۆ تۆ خۆشە بۆیە وا دەڵێی. دەڵێی ناخۆشە دەڵێن سووکایەتی بەکوردستان دەکەی. راستت دەوێ، من بۆیە کوردستانم پێ خۆشە چونکە دەزانم تاکە شوێنێکە پێویستی بەدەستی من و مێشکی منە. چی بکەم لە شوێنێک منی نەوێت یان بەچاوی حازرخۆر و مشەخۆر و تێرنەخۆر سەیرم بکات.

راستە کوردستان گەرمە، رەنگاوڕەنگ نییە، مۆدێرن نییە، خزمەتگوزاری قاتە، یاسا داماوە، کۆمەڵگە بەزیوە، داوونەریتی کۆن پرزەی لە هیوا و ئاواتی سەردەمی نوێ بڕیوە، هەروەها دەشزانم کورد گەلێکە سوورە لەسەر دواکەوتنی خۆی و نایەوێ بەهیچ جۆرێک دەست لە پاشکەوتن هەڵگرێ،

کۆمەڵگەیەکە شەو و ڕۆژ دەرسی پێ بڵێ وا دەزانێ گوێزت بۆی ژماردووە. بێگومان هەر ئەم دۆخەشە وای کردووە بەهەشت بێ بۆ کەسانێک کاری تێدا بکەن و کەسانێکی بێ ورەش لێی را بکەن. من وا دەزانم بۆ گەنج، کوردستان واری خۆ بۆماندووکردن و قوربانی بۆدانە. واشدەزانم ئەگەر پرسی تیرۆر و تۆقاندنی ئیسلام نەبوایە، ئێستە تەژی دەبوو لە هەزاران کوڕ و کچی بیانی کە بەئارەزووی خۆیان دەهاتن بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین و تۆژینەوە و لەسەرنووسین و خزمەتگوزاریی مرۆیی. ئەم جڤاکە بواری رەخساوی کار تێداکردن و خۆ تاقیکردنەوەیە بۆ کەسێک متمانەی بەخۆی بێت.

بەڵام ئاخ تاقیکردنەوە، کێ دەیەوێ خۆی لە قەرەی تۆ بدات. تاقیکردنەوە بروا بەخۆیی و فێربوون و مەشقی بەردەوامی دەوێ. کوردی خۆیی دەڵێ: «نازانم ئارامی گیانم، هیچ فێر مەبە ڕۆڵە با کارت پێ نەکەن». بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە: مرۆڤ لەم سەرزەوییەدا شێت و هەڵوەدای چییە؟ ژیانی رەنگین و گەشاوە، ئەگەر ئەمە بێ ئەوا بەدڵنیایی و سووک و سانا، لەسەر خاکی خۆی و لەناو جڤاکی خۆیدا دێتە دی، بەهەشتی رازاوە لە کەلاوەشدا دێتە دی مرۆڤ بیەوێ. دەبێ زۆر بخوێنینەوە تا لەمە تێ بگەین. دەبێ زۆریش ماندوو ببین تا ئەم بەهەشتە رەنگین و رازاوەیە بنیات بنێین. دەشبێ نەترسین و خۆمان تاقی بکەینەوە و مێشکمان بەکار بێنین.

گەنجان ٤ لە ٢٠٠٧/٨/١٤

## کولتووری وەرزشی

لەوانەیە کەس هێندەی من دوور لە وەرزش نەبێت، بەڵام ئەوەتا خۆم دەبینمەوە بۆ دەسپێکی دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە کە بڵاوکراوەیەکی وەرزشییە، چەند رستەیەک دەنووسم. یەکێک وا تێ نەگات دووریم لە وەرزش لەبەرئەوەیە نرخی نازانم یان دژی وەرزشم، نەخێر هۆیەکە ئەوەیە لە منداڵییەوە خووی خۆم دایە هەندیک خولیا و ئارەزووی تر و هیچ کاتێکی بەتاڵم نەهێشتەوە بۆ مەشقی

وەرزشی. ئێستە دەزانم ئەوە هەڵەیەک بوو رووی دا، پێشم راست ناکرێتەوە، راستت دەوێ هەرچەندە دوورم لە وەرزش بەڵام دوور نیم لە کولتوورەکەی، بەلای منەوە وەرزش بۆ خۆی چەند گرینگە لە رووی مەشقدانی جەستەیی و دەروونییەوە بۆ مرۆڤ، هێندە و زیاتریش پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گرینگە.

لەوە دەچێ وەرزش کۆنترین بنەمای دیموکراسی بێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دۆڕاندن و بردنەوە دوو ئەگەرن کە بەیەک رادە لەیەکەوە نێزیکن لە ململانە وەرزشییەکاندا. لە پێشبڕکەی وەرزشیدا چۆن لەوانەیە ببەیەوە ئاواش نێزیکە بیدۆڕێنی. دەشێ ئێمە یەکێک لە بایەخەکانمان بۆ وەرزش لە ئەمڕۆی کوردستاندا لە روانگەی دیموکراسییەوە بێت. قەبووڵکردنی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا یان لە هەر دەسەڵاتێکدا چ بچووک بێ چ گەورە، گیانی وەرزشیی لە هێزە ململانێکارەکان دەوێت.

کاتێ ململانە وەرزشییەکان، لە هەندێک جاردا توندوتیژی لەگەڵ خۆیاندا بەرپا دەکەن، نیشانەی ئەوەیە روحی وەرزشی هێشتا تەواو نەهاتووەتە دی و وەرزش ئامانج و نیشانی خۆی نەپێکاوە. مرۆڤ ئەگەر گیانی وەرزشیی هەبێ، نابێ لە دۆڕاندا توندوتیژی بەکار بێنێ، بگرە هەر لە بنەڕەتەوە نابێ نارەحەت ببێ، دۆڕاو یان لایەنگری دۆڕاو، تەنیا یەک مافی هەیە ئەویش ئەوەیە بەخۆیدا بچێتەوە و رەخنە لە خۆی بگرێ و هەڵەکانی دەستنیشان بکات.

جارێکیان بەرێکەوت لەگەڵ پیاوێکی فیۆداڵی کورددا، لە گەشتێکدا چەند رۆژێک بەیەکەوە بووین. کابرا لە کاتی بەتاڵیدا تاوڵییەکی دەهێنا دەیگوت با یاری بکەین. من یاریکەرێکی باشی ئەم یارییە و هیچ یارییەکی تریش نیم بەڵام بۆ بەدبەختیی کابرای فیۆداڵ زۆربەی جارەکان دەمبردەوە. کابرا هەڵدەچوو و دادەچوو، بەختی نەیدەهێنا و جار دوای جار دەیدۆڕاند. دەوروبەر ئامۆژگارییان کردم گوتیان ئەم پیاوە بەدۆڕاندن نارەحەت و سەغڵەت دەبێ و وا دەزانێ لە ئابڕووی خێڵەکییانەی دراوە بۆیە ئامۆژگارییان

کردم کە وا چاکە من بدۆڕێنم، بەڵام ئەمە دادی نەدا، من سووربووم لەسەر بردنەوەی خۆم. گوتم دۆڕاو تەنیا مافی ئەوەی هەیە لە داخا بتەقێ.

نموونەیەکی تر باس دەکەم کە ئەمەیان خەم و داخ نییە، خوێناوییە. دوای راپەڕین لە یەکێک لە شارۆکەکانی دەوراوپشتی هەولێر، کورەکان یاری دەکەن. دەبێ بەکێشە و دەمەقاڵێ لەسەر ئەوەی کە گۆڵ بووە یان نا، بەرۆکی یەکتر دەگرن. یەکێک لە ئەندامانی جەماوەری تەماشاکەر بەرگەی دەمەقاڵەکە ناگرێ و بەرێژنەی بیکەیسی ململانە وەرزشییەکە یەکلا دەکاتەوە و گۆڕەپان پڕ دەکات لە کوژراو و بریندار. دەفەرموو ئەمەش گیانی وەرزشیی کوردی. تەنیـــا ئەم دوو نموونەیەم هێنایەوە، دەتوانم دەیان نموونەی تر لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا باس بکەم کەوا چۆن ئەگەر کولتووری لێبووردەیی هەبوایە دەمانتوانی بەسەر زۆربەی کێشە سیاسی و جڤاکییەکانماندا زاڵ ببین. لەبەرئەمە دەبێ بزانین وەرزش بۆ خۆی چۆن گرینگە، کولتوورەکەی گرینگتریشە. هەندێک جار لە کوردستان لە پێشبڕکە ناوخۆییەکاندا توندوتیژی روو دەدات، ئەمە دواکەوتوویی کۆمەڵگەیە، فری وەرزش بەسەر وەرزشەوە نییە.

بەکورتی و پوختی، پێم باشە ئەوانەی لەم بڵاوکراوەیەدا کار دەکەن، هەروەها لە بڵاوکراوە وەرزشییەکانی تریشدا، تەنیا بایەخ بەرواڵەتی پرۆسێسی وەرزشی نەدەن، "کێ بردیەوە و کێ دۆڕاندی"، روحی وەرزش بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵگەی ئێمە گرینگترە لە دیمەن و راوڵەتەکەی، دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین تۆوی کولتووری نوێ لەم خاکەدا بچێنین کە وەرزش شێوازێکی باشە بۆ پێکانی ئەم ئامانجە. ئەمە جگە لە ئەرکی هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ مەشقە وەرزشییەکان و پێشبڕکێی وەرزشی، ئەمانە نێزیکمان دەخەنەوە لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کولتووردار بەکولتووری هاوچەرخ. هەروەها وەرزش بەشێکە لە بەرنامەی مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵییەکانی. لەم چاخە تازەیەدا باشترین پڕکەرەوەی کاتی بەتاڵی، سەیرکردنی پێشبڕکە وەرزشییەکان، یان بەشداریکردنە لە مەشق و راهێنانی وەرزشیدا. بۆ هەموو

ئەم مەبەست و نیشانانەی ئاماژەیان بۆ کرا، کولتوور و بڵاوکراوەی کولتووری وەرزشی پێویستن، هیوادارین بتوانین بەم ڕێگەیەدا هەنگاوێک بنێین و ڕچەیەکی نوێ بشکێنین.

وەرزین ٢ لە ٢٠٠٧/٨/١٥

## هەندێک قسەی بەمەترسی

هیچ گومانێکم لەلا نەماوە کە گەلی کورد پاش سەدان ساڵ کوێرەوەری، گەلێکی هەستیار و هۆشیار و بەرپرسیاری لێ دەرنەچووە تا نرخی هەلی مێژوویی بزانێ و بیگرێ نەوەکا دیسانەوە بەری ڕەنجی با بیبات. بەپێچەوانەوە گەلێکی لێ دەرچووە بێ وچان بەدوای ژیانی حەساوە و دەسکەوتی لە خۆڕایی و شنەبای فێنک و کەشوهەوای شاعیرانەدا دەگەڕێ. گەلێک تا ڕادەی سەرخۆشی، خۆی لە ئاست هیچ بەرپرسیارییەکدا نابینێ و زمانی گلەییشی لە ئاست بچووکترین کەموکورتیدا، یەک چرکە ناوەستێ. ئاخۆ بووە هاووڵاتی لە دنیا، تا ئەوپەڕی بێ ویژدانی وزەی کارەبا بەکار بێنێ و نارازیش بێ لە بڕانی تەزووی کارەبا بەم گەرمی هاوینە؟ یان وڵات بەوڵاتی دوژمن بزانێ و تا پێی بکرێ ژینگە پیس و چڵکن بکات؟ یان بووە لە دنیادا مرۆڤێک دار لەسەر بەرد دانەنێ و چەندان مووچەش وەربگرێ؟ یاخۆ شەو و ڕۆژ شەیدای ئەوەبێ یاسا بخاتە ژێر پێوە تا دەسکەوتێکی بەناهەق پێ ببڕێ؟

ڕاستە ئەگەر نابەرپرسایەتیی تاکی کورد سەدان ئەوەندەش بێ، نابێ گلەیی لە گەل بکرێ، دەبێ بەرۆکی دەسەڵاتێک بگیرێ کە ئەرکی یەکەمی لە ڕۆژی یەکەمەوە، دەبوو ئەوەبێ سەرچاوەی کولتووری زەغەلی و دەبەنگی لەم وڵاتەدا کوێر بکاتەوە، بەڵام نەک هەر ئەمەی نەکردووە بگرە جارانی سەدیشی کردووە. تا ئەم کولتوورە مابێ هیچ پێویست نییە دڵی دوژمن لە تارمایی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بکەوێتە لەرزەوە. دوژمن کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدات ئەگینا بەم حاڵەوە دەوڵەتی کوردی پەیدا نابێ، پەیداش بێ نەئابووریی

دەبێ، نەســوپای دەبێ، نەزانکۆی دەبێ، نەئاسـایشـی دەبێ و نەهیـچ شـتـێک مـایەی ڕێز لێنانـی دۆست و مـایەی لێسـڵـەمـینەوەی دوژمن. ئـەمـە ئەزمـوونی گەلێکە، کە دەسکەوتێک دنیا بەشـەوی تار پێی ڕەوا بینیـوە ئەو بەڕۆژی ڕوون لە دەستی دەداتەوە.

مـەبەسـتم لە دەسـەڵات تەنیـا دەسـەڵاتی سـیـاسـی نییـە، هـەرچەنـدە گـومـان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسی یـەکەم و دواییە لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکـەدا، واتە ئەرکی نەبوونی هۆشـیـاریی سـیـاسـی، بەڵام ڕۆشنبـیـری و ڕاگەیاندنیش دەسـەڵاتن. جێی سـەیر پێهاتنە کـەس نییە بزانێ چ بەرژەوەندێک ڕاگەیاندنی کوردسـتـان ڕێنوێنی دەکات یان بەڕێوەی دەبات. هـەر کـات بیـەوێ مـێش دەکات بەگامێش، بەهـەمـان شێوەش دەتوانێ گامێش بکات بەمـێش. بۆ نموونە ڕووداوەکـەی بـاڵەفـڕگـەی سلێـمـانی لە ڕاگـەیاندنی کـوردسـتـاندا لە گامێشەوە کرا بەمێش و تێش پەڕی.

هـەفـتـەی پێشـوو دوو هـەواڵی گرینگی ناوخـۆ سـەرنجی بەندەیان ڕاکێشـا. یەکـەمـیـان دەنگۆی نەهێشـتنی مـووچەی بەکۆ، دووەمـیـان وەسـتـانی گـەشـتی ئاسـمـانیی سـوێدی و ئەڵمـانی بۆ سلێـمـانی، مـەترسـی هـەیە بۆ هـەولێـریش. گەلی کـوردسـتـان لـەوەی یەکـەمـیـان نیگەرانە کـە بـۆ نەهێشـتـنی گەندەڵـیـە، ڕاگـەیاندن وای ڕاهێنـاوە. لە دووەمـیـانـدا مـێـشـی مـێـوان نیـیـە کـە لـووتکەی گەندەڵیە، لەمەشدا هەر ڕاگەیاندن بەرپرسە. لە دووەمیاندا دەبوو ڕاگەیاندن داوا بکات دەسـەڵاتێک دەست لە کار بکێشێتەوە بۆ نموونە وەزیری بەرپرسیار یان هـەر کـەسـێکی تر. گـریمان ڕاسـتـە، تیـرۆریست نـیـیـە و ڕاوچـیـیـە کـە باڵەفڕەکەی سویدی داوەتە بەر تیشکی ڕووناکی، بەڵام ئاخۆ بووە دەوروپشتی باڵەفڕگە شوێنی شەوڕاو و نێچیروانی بێت؟ ئەمەیـان کێ لێی بەرپرسە؟ جگە لەمە کێ باوەڕ دەکات ڕاوچیی ئاسایی لە ئاسـماندا بەدوای نێچیردا بگەڕێت و تیـشکی پرۆجـیکتـەری بخـاتە دوا؟ ئـەوە با بڵـێین منیش وەک بـەردەوام ملم کەچ کرد و بڕوام کرد، باشە چۆن بڕوا بەسوید و ئەڵمانیا دەهێنی؟

با ڕاسـتـیـیـەکـتـان پێ بڵـێم: ڕاگـەیاندنی زارگـوتی خـەڵک لە کـوردسـتـان،

سەرەڕای ئەوەی بانگەشە و دەنگۆ و وتیوتیش بەسەریدا زاڵە، بەڵام هێشتاش باشترین و جەماوەریترین کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردییە. تا ئەم ڕاگەیاندنە فۆلکلۆرییە مابێ تیرێژی بڵاوکراوەی کوردی هەر مایەی شەرم و شوورەیی دەبێ بۆ ئەوانەی دەری دەکەن. زۆر جار لە ڕێگەی ئەم کەناڵە بێ سانسۆرەوە دەزانرێتەوە کەوا ئەو کەژ و کێوە سنوورییانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا، بێ سانسۆر لە ژێر کۆنترۆڵی ئەلقاعیدە و ئەنساردایە. زۆر جاری تریش هەر لە ڕێگەی هەستی زگماک و زانیاریی دەماودەمەوە دەزانرێتەوە کەوا ئیتیلاعاتی ئێران و میتی تورک لە شارەکانماندا باڵادەستن. بەقسەی دڵسۆزەکانی خۆم بکەم نابێ دەم لەم جۆرە پرسانە بکوتم. ئەم دڵسۆزانە کاتێ دەمخەنە ناو شرۆڤەی کوردەوارییانەوە، دەیانەوێ تێم بگەیەن حاڵ وابێ نەک هەر برگەی ١٤٠ی کەرکووک لە مەترسیدایە، بگرە سەری خۆیشم سەد و چل جار لە مەترسیدایە ئەگەر واز لە ئیسلام نەهێنم.

کوردی بەدۆ مردە هیچ ناهەقی نییە ئەگەر هەستیار و زانیار و هۆشیار نەبێ. گەلێکی هیچ بەخۆوە نەدیو لە کوێ دەزانێ بەرپرسیارەتیی مێژوویی چییە؟ کێ فێری بکات؟ ئەوەتا داوودەزگای سیاسی تووشی سەدان نەخۆشیی گەندەڵی و ململانەی بەرژەوەندپەروەری و دەسەڵاتپەرستی بووە. زۆربەی زۆری کەڵەپیاوەکانی دوێنێ ئەمڕۆ ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواڵ نەماوە. لەولاشەوە داوودەزگای ڕاگەیاندن لە جیاتی ئەوەی ئەم گەلە داماوە هۆشیار بکاتەوە زیاتر دەبەنگی کردووە. کێشە ئەوەیە نازانی لەم وڵاتەدا ڕووی ئاخاوتن لە کێ بکەی و گلەیی بۆ کێ بنێری.

ئەم قسانە هەموویان مەترسیدارن کە دەیانکەم، بەڵام چار نییە دەبێ بیانکەم، کورد دەڵێ دۆست ئەوەیە دەتگریێنێ. ڕاستە دەسەڵاتی کاگێڕی لە کوردستاندا هەنگاوێکی چاک دەنێ ئەگەر لەمەودوا بەئاراستەی سنووردارکردنی گەندەڵیدا کار بکات، ئەمە مایەی خۆشحاڵی و پێزانینە و دەبێ میللەت چەپڵەی بۆ لێ بدا، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە و دەبێ دەسەڵاتی سیاسیش بکەوێتە خۆ بۆ ڕاوکردنی ئەوانەی نەک تەنیا دەیانەوێ ڕاوی

باڵەفـڕی سـڤـیلی سـەرنشین هەڵگر بکەن، بگرە دەیانەوێ راوی هەمـوو داهاتووێکی گەش لەم وڵاتەدا بکەن و وەکو کرم هەناوی کوردستان دەکۆڵن.

بزاو ١١ لە ٢٠٠٧/٨/١٩

## بنیاتنانەوەی کەلاوە

بەردەوام گلەیی دەکەین بەڵام هیچ جارێک داوامان لە خۆمان نەکردووە گوێ لە بەرامبەرمان بگرین تا بزانین گلەیی یان کێشەکانی ئەو چییە. خۆ مرۆڤ نابێ هەر ناز و گازن بکات، دەبێ گوێ لە ناز و گازنیش بگرێ. بۆ حاڵیبوونی تەواو، بەردەوام مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە، بەچاوێکی کراوە و راستیبینانەوە سەیری دەوروبەر و کۆمەڵگە و وڵاتی خۆی بکات ئینجا داوا و دۆز پێشکێش بکات. سـەرەتا دەبێ لە شت بگات ئینجا سکاڵا و ناگـزوورییـەکانی خـۆی بخـاتەڕوو. بێگومـان پاش بیرکـردنەوە و تاوتوێکردنی هەلومـەرج، جـۆر و شێوەی گلەیی و سکاڵاش دەگۆڕێن. راستە هیوا و ئاوات زۆرە و مافی رەوای خۆشمانە خەون بەژیانی نەخشین و رازاوەوە ببینین بەتایبەتی نەوەی نوێ کە چاوی کـراوەیە و هەمـوو پێـشکەوتن و خـۆشگوزەرانیی دنیـای سـەردەم لە تەلەفزیۆنەوە دەبینێ. بەڵام دەبێ بشزانین هیوای زۆر، باری گونجاوی بابەتی و توانای خـۆکردی باشی دەوێت. داوا و داخـواز هیچ کـات بێ بناخـە نـایەنە دی. با بزانین کـێشـەی وڵاتەکەمان چییـە و سکاڵاکـانی ئەم هەرێمـە چین تا پاشان بیر بکەینەوە چی بکەین؟

گـومان نیـیـە ئەم هەرێمـەی ئێـمـە وەک وڵاتێکی تازە راپسکاو لە ستـەمی داگیرکەرێکی دواکەوتوو، تا دەیان ساڵی تر بەدەست پاشکەوتەیی خۆیەوە دەناڵێنێ و بەردەوام چنگەڕنەی ئەوەی دەبێ لە تەنگژە و چاڵە زۆرەکانی تێیان کەوتووە دەربچێ. ئەو بودجەیەی دوای راپەڕین هەیبووە یان ئەوەی ئێستا لە ناوەندی عـێـراقـەوە سـاڵانە بۆی دەبڕێتـەوە، ئـەگـەر بکرێ بەچەندان هێندەی تریش، بەشی ئەوە ناکـات پرۆژەکـانی بنبـان (بناء تحـتی) بگەنە ئاسـتـێک

هاوولاتیانی کوردستان بیووژێنەوە و هەرێم بەرگێکی هاوچەرخ بکات بەبەردا. تۆ سەیری بوارگەلی: ڕێگەوبان، وزەی کارەبا، دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە، تۆڕی ئاوەڕۆ و چەندان شتی تر بکە کە ئەمانە بەشێکن لە بنەمای ژیانی هاوسەردەمانە لە هەر ولاتیکدا، بەلام لە ولاتی خۆماندا هەموو ئەمانە لەوپەڕی شەپرێوی و ناشیاویدان. شێوەی ئەم ولاتە زیاتر لە نازناوی شاعیرەکانی هەولێر دەچێ: پەرێشان و پەشێو و غەمبار و زامدار.

بۆ نموونە لە رووی ڕێگەوبانەوە کوردستان ولاتێکە لەوپەڕی وێرانیدا. شارە گەورەکان، بەرێگەوبانی یەک ساید و کۆن و پێچاوپێچ کە زیاتر لە کوێرەڕێ دەچن بەیەکەوە بەستراون. شارۆکەکان باس ناکرێ حالّی گەیاندنیان چۆنە. جوتیارە گوندییەکان هێشتا بەرێگەی خۆلّدا هاتوچۆ دەکەن و بەرهەمەکانیان بەهەزار دەردی سەر دەگەیەنن بەبازێڕ. ڕاستە، ڕێژیمی بەعس هەندێک ڕێگەوبانی لە کوردستاندا دروست کرد کە کاتی خۆی بۆ ئامانجە سەربازییەکانی لە شەڕ لەگەلّ ئێراندا یان بۆ سەرکوتینەوەی بزووتنەوەی کوردستان بەکاری دەهێنان، بەلام ئەمانە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ رەوشی ئەمڕۆ نییە. کوردستانی ئەمڕۆ بۆ پێشکەوتنی ئابووریی خۆی، بەر لە هەموو شت پێویستی بەشاڕێ و ئۆتۆبان هەیە لە خابوورەوە تا خانەقین.

خراپیی ڕێگەوبان هەر تەنیا ڕێگر نییە لە پێش بووژانەوەی ئابووری، بگرە ڕێگرە لە پێش پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووریش. نموونەیەکی سادە: هەولێر و دهۆک دووریی نێوانیان چەندان سەعاتە و ڕێگەکەش لەوپەڕی خراپیدایە، بەلام دهۆک – مووسلّ ڕێگەیەکی کورت و تا رادەیەکیش باشترە، هەر نەبێ نیوەی. ئەگەر رەوشی خراپی ئاسایشی مووسلّ نەبوایە ئەوا لە سالّی ٢٠٠٣وە کە ڕێژیم رووخا، دهۆک لە رووی ئابوورییەوە گەڕابووەوە سەر مووسلّ. شتێکی ئاساییشە کە گرێدراویی ئابووری، چەندان پێوەندی و گرێدراویی تر دروست بکاتەوە کە هەموویان لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی کوردستاندا نین. سلێمانی و کەرکووک و هەولێریش هەروان. خراپیی ڕێگەوبان یان نەبوونی پرد لە سەر چۆم و رووبارەکاندا، هەروا نەبوونی

ڕێبازگە لە ناوچە کێوەڵانییە سەختەکاندا، بوونەتە هۆی سستیی گۆڕان لە کوردستاندا. بۆ نموونە قوتابییەک ناچارە لە زانکۆیەکی هەرە نێزیک بخوێنێ، یان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان ناگەن بەشوێنە دوورەکان.

خراپیی تۆڕی ئاوەڕۆ یان نەبوونی، کێشەیەکی ترە. شارەکان کە ڕۆژانە فرەوانبوون بەخۆیانەوە دەبینن، خراپیی ئەم تۆڕە یان وەک گوتمان هەر نەبوونی، کارێکی زۆری کردووەتەوە سەر باری تەندروستیی دانیشتوان. هەروەها نەبوونی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە نەک تەنیا لە لادێ و کۆمەڵگە و شارۆکەکاندا، بگرە لە باژێڕە گەورەکانیشدا تا ئێستە کێشەیەکی گەورەیە. نەبوونی وزەی کارەبای بەردەوام لە شوێنە شارستانییەکاندا و نەگەیشتنی بەزۆر لە ناوچە گوندییەکانیش، هەموو ئەمانە گەورەترین کاردانەوەی خراپیان بۆ سەر ڕەوشی ئابووری و تەندروستیی خەڵک هەیە. لە سەردەمی ئەم پێشکەوتنە زەبەلاحانەی کە دنیای هاوسەردەم بەخۆوەی دەبینێ، ئەم شەپرێوییانەی کوردستان لەم بوارە سەرەتاییانەی ژیاندا بووەنەتە هۆی کزبوونی هیوا لە هزر و خەیاڵی نەوەی تازەدا. ڕاستت دەوێ ئەگەر هۆشیارکردنەوە هەبوایە، دەبوو ئەم ڕەوشە هیوادەر و هاندەری گۆڕین بێ نەک هاندەری بێ هیوایی. بێگومان ئەمە کەلاوەیە بەڵام کەلاوەی خۆمانە، بەهەشتی خەڵک ناگاتە قولەپێی کەلاوە و وێرانەی خۆمان لە شیرینی و پیرۆزیدا.

نموونەیەکی تر: جێی سەیر پێهاتنت دەبێ کاتێ ڕێت دەکەوێتە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، یان ئێوارانێک بەسەرپێوە سەردانێکی بنکەی تایبەتی پزیشکەکان بکە. دەبینی بێ ژمار خەڵک ڕژاونەتە ئەو شوێنانەوە. دەحەپەسێی، ئاخۆ خەڵکی کوردستان هەموویان نەخۆش و دەردەدارن؟ لە کاتێکدا ئەگەر بەراورد بکەی لە نێوان بژێوی یان ئاستی خواردنی خەڵک لەگەڵ ساڵانی هەشتا یان تەنانەت نەوەتەکانیشدا، دەبینی باشترە. لە بیرمانە هەندێک کات لە دوای گرتنی کوێت و گەمارۆی سەر عێراق لە ١٩٩٠وە هاتن، ڕەوشی بژێوی لەوپەڕی خراپیدا بوو، دەتوانین بڵێین برسیەتییەکی ڕاستەقینە

بوو لەم وڵاتەدا، یان ئەو کاتانەی کە خۆراکی کەم بەها و کات بەسەرچوو بەسەر خەڵکدا دەبەشرانەوە. هۆیەکەی ئەوەیە، گەورەبوونی شارەکان و ئەم هەموو ئۆتۆمۆبێل و جەنەرەیتەرانە ژینگەیان پڕ کردووە لە دووکەڵ و قرێژ، ئاوی پیسی خواردنەوە و نەبوونی ئاوەڕۆی باش بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندان پەتا. سەیرە، لە کوردستاندا هەمیشە ئەو جۆرە نەخۆشییانە بڵاون کە هەموو خەڵک بەیەکەوە دەیانگرنەوە.

کێشە ئەوەیە وەزارەتەکان پرۆگرام و پلانێکی ئاشکراو و روونیان نییە بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە سەختانە. ئەمەش دەبێ بەهۆی رەشبینیی خەڵک، بەتایبەتی گەنجان کە ئەزموونی ژیانیان کەمە و پشوودرێژ و خۆڕاگریش نین لەبەردەم چاوەڕوانی و بەسەرچوونی کاتدا. ساڵێک لەم ساڵانەی پێشوو لە دەرچوویەکی کۆلێجی پزیشکیم پرسی: بەتەمای چیت؟ گوتی بەتەمای رۆیشتنە دەرەوەم. نەک هەر من هاوەڵەکانیشم وا بیر دەکەنەوە. موچڕکم بەلەشدا هات. گوتم نە ئێوە بەرپرسانە بیر دەکەنەوە و نەکەسێکی تر لە سەرووی ئێوەوە لە خەمی ئەوەدایە ئەم سەروەت و سامانە وا بەخۆڕایی لە دەست دەڕوات. من نازانم چەند گوند بێ بنکەی تەندروستین، بەڵام دەزانم زۆربەیان. هەروەها نازانم شارۆکە و کۆمەڵگەکان چەندیان نەخۆشخانەی باشیان نییە، بەڵام دەزانم زۆربەیان. ئەگەر پزیشک بڕۆن چۆن تەندروستی باش دەبێ؟

ئەمانەی باس کران، هەلومەرجی بنبان یان ژێرخانی وڵاتەکەمانە کە سەرنج دەدەین هیچ باش نییە. راستە هەندێک کار کراوە بۆ چارەسەرکردن بەڵام کارەکان کەموکورت و نیوەچڵن و لەوانەیە بێ بەرنامەش کرابن. هەڵبەتە بۆ بەدیهێنانی ئەوەی مەبەستە، کاتی زۆر و بودجەی ناقۆڵا پێویستن، لە رووی کاتیشەوە، دەشخایەنێ و دەشمێنێ بۆ داهاتوو تا دێنە بەر، ئەگەر رەوشی سیاسیی کوردستان زیاتر چووە پێش ئەوا ئەو دەسکەوت و پێشکەوت باشتر و خێراتر دەبن لەوەی ئێستە، بەڵام دەشبێ هەر لە ئێستەوە پەلە بکرێ و زۆربەی ئەو توانستەی هەمانە تەرخان بکرێت بۆ بووژاندنەوەی ژێرخان.

لێرەدا دەرفەت نییە باس لە بواری پیشەسازی بکەین. زۆر جۆر و بەشی پیشەسازی هەن دەکرێ لە کوردستاندا دەست بکرێت بە دامەزراندنیان، بەتایبەتی پیشەسازییە بچووکەکان. ئەم جۆرە پیشەسازییانە دەتوانن بەشێک لە پێویستیی دانیشتوان دابین بکەن. کەرەستەی خاویش بۆ پیشەسازیی بچووک لە کوردستاندا خۆڕسک و بەردەستە و خاوەن دەسمایەی بچووک دەتوانن کارگەی بچووک دابنێن. با چی تر ئەم گەلە هێندە بەکارهێنی کاڵای بیانی و گرانبەها و ستۆک نەبێت. لە بیریشمان نەچێت کە ڕێژیمی بەعس هیچ پیشەسازییەکی لە کوردستاندا بنیات نەنا. هەموو پیشەسازیی عێراق لە دەوراوپشتی بەغدا یان ئەو شوێنانە بوون کە خەڵکەکەی پاوانی سیاسەتی خۆی بوون، واتە ئەوەی ئێستە ناونراوە سێگۆشەی سوننە. شارێکی وەک کەرکووک لەبەرئەوەی کوردستانە، بچووکترین پیشەسازی و تەنانەت خزمەتگوزارییەکانی ژێرخانیشی لێ نییە. بۆیە ئێمە چەندان ساڵمان دەوێت تا شوێنەواری ئەم کوێرەوەرییانە بسڕینەوە، یان وا لەم کەلاوەیە بکەین بەکەڵکی ژیانێکی خۆش بێت.

پرۆژەکانی ژێرخان سوودێکی تریشیان هەیە کە زۆر گرینگە، ئەویش خستەگەڕی هێز و وزەی لاوانە لە پرۆژەگەلی بەرهەمکاریدا. ئێستە زۆربەی گەنجان یان لە سوپا و زیرەڤانین، یان ئاسایش، یان پۆلیسی دارستان، یان فەرمانبەری داوودەزگای میرین و مووچەی کەم وەردەگرن و کارێکی ئەوتۆش ئەنجام نادەن. ژمارەیەکی کەمیان هەن سوود لە وزە و توانستیان وەرگیراوە یان خۆیان هەلی باشیان بۆ خۆیان رەخساندووە. لەبەر ئەم رەوشە لاوان ناهەقیان نییە نارەحەت و بێ خولک بن، زۆریان هەن ژیانێک بەسەر دەبەن یان کارێک دەکەن، لە ژیان و کاری مرۆڤی خانەنیشکراو دەچێ.

رەخنەیەک لە گەنجیش دەگیرێ، ئەویش ئەوەیە بۆ گەنج باش نییە هێندە بەدوای بەرنامەی گەشتەوەری و کات بەسەربردندا بگەڕێ. ئەمە رێ پیشاندانێکی هەڵە بوو هەندێک لە ڕۆشنبیران لە نەزانی هێنایانە ئاراوە. دەبێ گەنجان بەدوای کاری بەرهەمهێن و پرۆژەی خزمەتگوزاریدا بگەڕێن.

تەنیا لەم جۆرە پڕۆژانەدا تواناکانیان دەردەکەوێ و ژیانێکی واتادار دەژین و وزەی داهێنەرانە و ئەفرانکارانەیان ئاشکرا دەبێ. بەرنامەی گەشتەوەری و کات بەسەربەری، خۆیان دوای ماندووبوون وەک ئەنجام دێنەدی.

گەنجان ٥ لە ٢٠٠٧/٨/٢١

## ماڵی کورد لە بەرد

سنوور ئەو تۆقە بوو کە بەنێزیکەی درێژاییی سەدەی بیستەمدا خرایە ئەوک و گەردەنی نەتەوەی کوردەوە و خنکاندی. لە سەردەمی شەڕی سارددا ١٩٤٥ تا ١٩٩٠ کورد گەورەترین باجی دا، باجی سنووری سیاسیی دەسکرد. لەو ماوەیەدا کێشەکەی بوو بەکێشەیەکی سیاسیی ناوەخۆی هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو. ئەمەش ڕێی خۆش کرد بۆ ئەو وڵاتانە، نەک تەنیا سەری هەر بزووتنەوەیەکی کوردی بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بکوتنەوە، بگرە نکووڵی لە بوونیشی بکەن. ئەم سیاسەتە جیهانییە، واتە سیاسەتی سەربەخۆییی وڵاتان لە کاروباری ناوەخۆیاندا، تا رادەی ئەوە سەپا کە بزووتنەوەی کورد خۆیشی بوو بەپاشکۆی، تا ئێستەش ئەم سیاسەتە کوردییە درێژەی هەیە.

بەڵای منەوە لاوازیی کورد لە ناوچەکەدا تا ئێستە لەوەدایە، کە سیاسەتە رەسمییەکەی لەو تۆقە دەرنەچووە. راستە جار بەجارێک ئاماژە دەبینرێن بەئاراستەی گۆڕان، وەک ئەوەی پێش ماوەیەک سەرۆکی کوردستان هەڕەشەی راپەڕاندنی کوردی باکوری کرد ئەگەربێو تورکیا دەمی خۆی لە هەڕەشەی پەلاماردانی هەرێم نەگێڕێتەوە. ئەمە ئاماژەیەکی باش بوو، دەماری نەتەوەییی کوردی لە سەرتاسەر کوردستاندا بزواند و جارێکی تر بارزانیی وەک هێمای نەتەوە ناساندەوە. بەڵام ئەم جۆرە هەڵوێستانە هێشتا ئاخاوتنی ئاسایین و نەبوونەتە سیاسەتی بەجێهێنراوی کوردی. سەرۆک بارزانی بەردەوام لە ئاخاوتنەکانی تری خۆیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا کێشەی

کورد لە هەر پارچەیەکدا کێشەیەکی جیا و سەربەخۆیە. ئەمە نیازپاکییەکی باشە لە سیاسەتدا ئەگەر بەرامبەر گوێی لێ بگرێ یان بەلایەنی کەمەوە رەچاوی بکات، بەڵام کوا وایە؟

بۆ کورد مانەوە لەسەر ستراتیجییەتی سەردەمی شەڕی سارد، رێزگرتنە لە سنوورێک کە لە ناخی بەرژەوەندی خۆیەوە هەڵنەقوڵیوە، وێڕای ئەوەی لایەنی ئەو دیو سنوور، سنوورەکەی هەڵوەشاندووەتەوە و رۆژانە دەست وەردەدا لە ورد و درشتی کاروباری ناوماڵی ئێمە. بێ رەچاوکردنی هیچ پرەنسیپێک، وەک منداڵی لاسار و هار هەموو ئەندازەیەک دەبەزێنێ و پێ لە بەڕی خۆی زیاتر رادەکێشێ. ئەم حاڵە لە دوای گرتنی عێراق لەلایەن هێزی ولاتانی هاوپەیمانەوە، بووە بەکاری رۆژانە و شەوانەی دراوسێ: تیرۆر لە کەرکووک تیرۆر لە شەنگار، لە هەولێر.

ئەوەی ساڵی ٢٠٠٣ رووی دا، تەنگژەیەک بوو رێژیمی عێراق تێی کەوت و دەسەڵاتی لە دەست دا، ئەگینا رێژیمێک بوو لە شێوەی دراوسێکانی، نەزیاتر نەکەمتر. ولاتانی دراوسێ ئەگەر بەرژەوەندی خۆیان و دراوسێیەتییان رەچاو بگرتایە ئەم هەڵەیان وا نەدەقۆستەوە کە قۆستایانەوە. ئەگەر بیانویستایە سیاسەتێکی ژیرانە رەچاو بکەن، دەبوایە دوورتر بڕوانن و بەم شێوەیە مامەڵە نەکەن. گەورەبوونەوەی ئاگر لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، هەر نەبێ لەبەرئەوەی ئاگرەکە لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستە و لە ناو ماڵی ئەواندا، ماڵیشیان لە شووشە ناسکترە.

لە سایەی سیاسەتی ناژیرانەی ئەوانەوە ئەمرۆ عێراق ولاتێکە نەحکوومەتی هەیە، نەسنووری هەیە، نەداهاتووی ساماڵ و روون. ناوەڕاست و باشووری وا بەدەستی ئێرانەوە. تۆ سەیر کە، حکوومەتی مالیکی هەرچۆنێک بێ بەهەڵبژاردن هاتووە، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرچییەک بێ بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدایە. سەمەرەی دنیایە، هەردووکیان لە ئێران دەپاڕێنەوە چی تر سنووری ئەم ولاتە نەبەزێنێ و دەست لە تێکدانی ئاسایشی هەڵگرێ، بەڵام هەڵی ناگرێ. سووریا رووی قایمترە، دەستێکی لە گیرفانی

عێراقدایە، دەستێکی تری لە لبنان، دەستێکیش لە باخەڵی فەڵەستینییەکان دەگێرێ. دراوسێییەکی تر، تورکیا ڕۆژانە هەڕەشەی گرتنی کەرکووک و بەکردەوەش پەلاماری ئەمدیو سنوورەکانی کوردستان دەدات. ئێرانیش بەردەوام ناوەوەی سنوورییەکانی دەکوتێتەوە. لە سایەی ئەم رەوشەوە، دەبینین سنووری سیاسی لە نێوان ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەڵگیراوە. تەنیا کوردە هەست بەبوونی سنوور دەکات و ئەمەش لە عەقڵی پەنامەکیماندا چەسپیوە.

گومان لەوەدا نییە ئێستە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی باشوور، بۆ هەموو نەتەوەی کورد بزووتنەوەیەکی جڵەوکێشە، سەرکردایەتییەکەشی هەروەها. وەک مێژوو، ئەمە بناخەیەک بوو شۆڕشی ئەیلوول بەر لە ٤٦ ساڵ بەسەرکردایەتیی بارزانیی باوک دای ڕێژا. بەڵام وەک پێشتر ئاماژە درا، شۆڕشی ئەیلوول سەبارەت بە دووبەرەکیی دنیاوە لە سەردەمی شەڕی سارد، نووچی دا و هیوای کورد بوو بەقوچی قوربانیی سنوور. ئەمڕۆ لە ڕەوشێکی گونجاوتری دنیادا، کوردسانی باشوور وەک ئەوسا و باشتریش، وەک دڵی کوردستانی مەزن کار دەکات. کورد لە هەموو بەشەکاندا سەرۆکی کوردستان وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی رەچاو دەکەن و لە بەندی ئەوەدان هەنگاوێک لە پرسی نەتەوەییدا بنێ.

ئەو چوار سیستەمە سیاسییەی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا داگیر و لەت کردووە، تەنیا بۆ سەرکوتینەوەی کورد کۆ بوونەتەوە ئەگینا هیچ ڕۆژ سیاسەتێکی مەردانەیان نەبووە نەک تەنیا لە ئاست کورد، بگرە لە ئاست دراوسێییەتیی خۆشیاندا، ئەوەی ئەمڕۆش لە عێراقدا دەیکەن دوا بەڵگەی ئەمەیە. لەبەرئەمە بیانوویێک بۆ کورد نەماوە ڕێز لەم سنوورانە بگرێ کە دەتوانین بڵێین لە دوای ١٩٩٠وە هەڵوەشاونەتەوە.

ڕاستییەکی تری ئاشکرا وەک ڕۆژی روون، ئەوەیە ئەو دەسکەوتەی ئەمڕۆ کورد لە کوردستانی باشووردا پێی گەییووە، بەرکەوتی بوونی ئەمەریکایە لە عێراق نەک بوونی ئەم وڵاتە بەوڵاتێکی دیموکراسی. تا ئەمەریکا لێرە بێ

ئێمەش هەنگاو بەرەوپێش دەنێین و گەشە دەکەین و هەین. نابێ لاریمان هەبێ ئەگەر ئەمەریکا بڕوا ئێمەش نامێنین. ئەمەریکا بڕوا تەنیا ڕێی قوربانیدان لە پێش کورددا دەمێنێ کە ئەم ڕێیە هەمیشە لە پێشدا هەبووە و دەمێنێ. ئێستە وا ڕۆژانە دەبیستین، هەمووولا رک و کینەی خۆیان دەشارنەوە بۆ ئەو ڕۆژەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لێرە کۆچ بکەن، لێو دەکرۆژن بۆ ئەو ڕۆژە. جێی داخە، رەوتی نیانی و مرۆیی لە سیاسەتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، سیاسەتێکە زیاتر لە هەڵسوکەوتی دڕندە و ئاژەڵی کێوی دەچێ. بۆیە بۆ کورد وا باشترە تا هەلومەرج سازە دەست پێشخەریی خۆی بکات و وتارێکی نەتەوەیی بدات بەگوێی دنیادا، با بزانین دەنگدانەوە چی دەبێ.

بۆ کورد ئەوەی ئەمجارە هەیە، قۆستنەوەی هەل و دەرفەتی رەخساوە تا وەک نەتەوەیەک دۆزی خۆی پێشانی دنیا بدات و داوای دەوڵەتێکی گەورە بکات. هەر نەبێ بۆ جارێک و بۆ تەقاندنەوەی مەراقی ناو دڵمان و بۆ بیستنەوەی رای گشتیی دنیا. لەو باوەڕەدام دنیاش لەم سەردەمی کرانەوەیەدا ئامادەیە گوێ لە خواستێکی وا بگرێ، یان هەر نەبێ بزەیەکی بۆ بکات. تۆ هەرچی بکەی دوژمن وەک نەتەوە سەیری هەموو هەڵسوکەوتێکی کوردی دەکات و هەموو جووڵەیەک لە هەر پارچەیەکدا چەندی بچووکیش بێ، وەک هەنگاوی نەتەوایەتی و جیاوازیخوازی دەبینێ. کوردیش لە چی بترسێ؟ با بیکات، تەنیا ماڵی ئەو لە شووشە نییە، ماڵی کورد لە کێو و بەردە، ناشکێ.

بزاو ١٢ لە ٢٠٠٧/٨/٢٦

## کێشەی کولتوور لە کەلاوە

مرۆڤ دەتوانێ لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ماڵەکەی خۆی پڕ بکات لە بەرهەمی تەکنیکی هاوچەرخ، وەک ئامێرگەلی کارەبایی، یان هۆیەلی پێوەندی و گەیاندن: تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، مۆبایل، ئینتەرنێت، ئۆتۆمۆبێل، یان چەندان

ئامـێـری تر، کـە هـەمـوویان بەرهـەمی بیـر و بازووی مـرۆڤی سـەر بەجـڤـاکی ڕۆئاواین. ئـاسـاییـیـە گـەر بڵـێین ئێـمـەی ڕۆهـەڵاتی، بـەرخـۆر و حـازرخـۆری بەرسـێبـەری ئەم پێـشکەوتنانەین و بۆ یەک چرکـەش دەسـتـێکمـان نەبووە لە پەیدابـوونیـــان. بـەهەمـــان شــێـــوە ئەگـــەر وڵاتێک لە رووی ئابوورییـــەوە دەسـڕۆیشـتـوو بێت، دەتوانێ لە ناوەخـۆیدا هـەمـوو ئەو کـارگـە و فـابریـکانە دابمەزرێنـێ کـە ئەو بـەرهـەمـە تەکنیکیـیـانە دروست دەکـەن، تەنانەت ئـەگـەر دەسـڕۆیشـتـووش نەبێ ئەوا کـۆمـپـانیـای فـرەڕەگەزی ئەم سـەردەمـە تازەیە، خـۆیان بۆی دابین دەکەن. ئـیـتـر وەک دەبینین تەکنیک و پـیـشـەسـازی، ئەوەندە ئاسـان و ئەرزانن دەگەن بەهـەمـوو کوژبن و کـەلێنیکی دنیـا. کـەوابێ کێشـەی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵی دواکـەوتوو، هێنانی تەکنیک و پیشـەسـازی نییـە، کێشـەکـەی کولتـوورە، کێشـەکـەی بێ کـولتـوورییـە. خـەڵک سـەرەتا وا دەزانن ئەگەر جڤاکێک لە رووی تەکنیک و پـیشـەسـازییەوە بەرخۆر و حـازرخـۆر بێت ئەوا دەتوانێ لە رووی کولتووریشەوە هەر وا بێت، بەڵام بەداخەوە وا نییە.

ئەو ســـەرچاوە بـەپیت و پێـــزەی مـێـــشکی ڕۆئـاوا کــە تـەکنـۆلـۆجــیـــای هـاوسـەردەمی هێناوەتە کـایە و داویەتی بەهـەمـوو مـرۆڤـایەتی یان بڵـێین پێی فرۆشـتووە، هـەر خۆشی شان بەشـانی ئەمە، کولتـوورێکی هێناوەتە بەرهەم کە بۆ خـۆی لە سـایەیدا شـادان و خـەندان دەژی، وەک دەڵێن کـاڵا بەقـەد باڵا. کـولتـوور بەرهەمـی تەکنیکە ئەگـەر مـرۆڤ خـۆی بە بیـر و بـازووی خـۆی بەدیی هێنابێ. تەکنیک دەکڕێ، بەڵام مێشک ناکڕێ. ئێمـەی ڕۆهـەڵاتی کـە دەمانەوێ وەک ئەوان بین دێین لاسـایی دەکەینەوە، پێشکەوتن و گۆڕان بەلاسـاییکردنەوە نین. تەکنیکی ئەوان دەکڕین و جلی ئەوان دەپۆشـین و خۆمـان لە رواڵەتدا وەک ئەوان پێـشـان دەدەین لە ئـاخـاوتن و بیـرکردنـەوەدا، بەڵام لە هـەڵسـوکـەوت و رەوتاردا جیـاین و ئێمە هـەر خـۆمانی جارانین نەگۆڕاوین. لێرە گیرفـان گەورە و پڕ لە پارەیە، مێشکیش پووت و پڕ لە کـایە. نموونە: لە پرسـی ئازادییـەکاندا ڕۆژانە ئەم پرسگرێیـانەمـان دێنە پـێش: لاوان دەیانەوێ ئەوروپاییـیـانە بژین و وەک ئەوان بخـۆن و بخـۆنەوە و رابـبـوێرن، بـەڵام مـێـشکی خـۆیـان لە باوک و

باپیریان خێڵەکییانەترە، وەک ئەوان دەیانەوێ مووچەی بندیوارانە وەرگرن یان بەری رەنجی یەکێکی تر بخۆن کە رەنگە نێزیکترین کەسیشیان بێت. یان ئافرەتان دەیانەوێ هەمان ئازادییەکانی ئافرەتانی ئەو دنیایان هەبێ، دنیای رۆئاوا، بەلام کەسیان خۆی ئازار نادات وەک ئەوان هەڵسوکەوت بکات و خۆی بنوێنێ و رۆڵ بگێڕێ.

لێرە لەم ولاتەدا کرێکارێک یان با بڵێین فەرمانبەرێک ئەگەر تەنانەت خوێندەوارێکی باشیش بێ، دەبێ لە بەیانی تا ئێوارە چاودێرێک بەسەریەوە بێ، لەبەرئەوەی یەک خولەک لێی دوور کەونەوە پاڵ دەداتەوە، یان لە کارەکەی هەڵدێ، لەوانەیە پێنج فەرزەش نوێژ بکات و خۆی هەڵگرتبێ بۆ پاداشتی ئەودیو دنیاش. ئەمە کولتووری زەغەلییە، کولتووری خۆ فریودان و خەڵک فریودان و خوا فریودان. لە جڤاکی پێگەیشتوودا ویژدانی مرۆڤ خۆی چاودێرە بەسەریەوە نەک لایەنێکی تر. کچێکی کورد لەوانەیە بەخەیاڵیشیدا نەیە لە داهاتوودا بەشدارییەک لە ژیانی ئابووریی خێزانە سەربەخۆیەکەیدا بکات، ماڵ و ناوماڵ و خشڵ و خەرجیی گواستنەوە و ژیانی داهاتووی، هەمووی لەسەر ئەو کوڕەیە کە شووی پێ دەکات جا هەژار بێ یان دەوڵەمەند. سەیرە، خۆی هیچی نەکردووە و داوای یەکسانیش دەکات لە مافدا. بێگومان مافی یەکسان لە رەوشێکی وادا نایەتە دی، ئەمە مەحاڵە. یەکسانی پێشکێش ناکرێ، یەکسانی خەلات و بەراتێک نییە کەسێک بیدات بەکەسێکی تر. ئەوانەی لە بواری مێپەروەریدا کار دەکەن، بەردەوام داوای یەکسانییەک دەکەن کە هیچ بنەمایەکی نییە و هەرگیز بەمجۆرەش نایەتە دی، بێتە دیش بۆ دیکۆر و رازاندنەوەیە نەک بۆ راستەقینە.

لەم رۆژانەدا، لە شوێنێکدا هاتە بەرچاوم دەڵێ یەکێک گوتوویەتی ژن لە ماڵی مێردەکەیدا مێوانە، هەر کات پیاو بیەوێ دەتوانێ بەرێی بکات. ئەم قسەیە لە هی مەلاکان دەچێ. دەزانم ژن ئەم جۆرە بۆچوونەیان پێ ناخۆشە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی وا دەزانن رەنگە مەلایەک کردبیەتی. منیش قسەی مەلام لەم پرسانەدا لە دڵ خۆش نییە و وا دەزانم زۆر نێرانە بیر دەکەنەوە،

بەڵام مەلا ئەگەر هیچ جار راستییان نەپێکابێ ئەمجارە پێکاویانە، لەبەرئەوەی ژیان لە نێوان دوو هاوبەشدا دەبێ یەکسانی بێ لە ئەلفەوە تا یێ، خۆشی و ناخۆشی. نموونەیەکی تری پێچەوانەی ئەمەت پێشکێش دەکەم. هەڤاڵێکم گوتی من هاوژینەکەم ئەوروپاییە، گەنجە و هێشتا خوێندنی تەواو نەکردووە، بۆیە دەشخوێنێ و کاریش دەکات، زۆریش ماندووە لە هەردووکیاندا. گوتم باشە خۆ تۆ کارەکەت خراپ نییە بۆ دەرفەتی پێ نادەی تا خوێندن تەواو دەکات، ئەو کار نەکات و تەرخان بێ بۆ دەرس و دەورەکانی؟ گوتی: کاکە قەبووڵ ناکات، دەڵێ منیش وەک تۆ مرۆڤم، بۆ هەر تۆ کار بکەیت و ئەم ماڵەش بەرپرسیارەتیی هەردووکمانە. گوتم باشە ناوبەناوێک باری سووک بکە و بەناوی دیاری زۆر پێویستیی بۆ دابین بکە. گوتی: هەندێک جار ویستوومە وا بکەم، پێی گوتووم بەڵام دیاریش سنووری هەیە، نابێ تۆ خێرم پێ بکەی. هەڤاڵەکەم گوتی: بۆیە هەرچەندە نارەحەتیشم بەماندووبوون و نەحەسانەوەی، بەڵام ئەو خۆی وا حەساوەیە و هەست بەیەکسانیی خۆی دەکات لەگەڵ مندا، راستت دەوێ زۆریش بەختەوەرین و لە هەموو شتدا یەکسانین.

ئێمە زۆر جار وەک رۆشنبیران و وەک بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری دەمانەوێ پەلە بکەین لە دروستکردنی وەکیەکی لە نێوانی نێر و مێدا. بەتایبەتی دوای هاتنی سوپای ئەمەریکا بۆ عێراق و دەست پێکردنی ئەم چاخە تازەیە لە وڵاتەکەدا، یان هەندێک جار هەرچەندە شارەزایی و پسپۆڕیش لە ناو کچاندا بەدی ناکەین بەڵام هەر بۆ دیکۆر دەیانهێنینە پێش، وەک قسەی نەستەقی کوردی: بۆ رەوشێ نییە بۆ خەملێیە، واتە بۆ بارودۆخەکە نییە بۆ رازاندنەوەیە. بێگومان من باسی رێژە دەکەم ئەگینا لە ناو ئافرەتانیشدا نموونەی سەرمەشق و لێهاتوو هەن کە زۆر لە پیاوە ئاوکووفەکانیان بەزاندووە لە گۆڕەپانی بەرهەم و خۆدەرخستن و گرەوبردنەوەدا. هەندێکیان بوونەتە نموونەی شایان بۆ دەستەخوشکەکانیان و دڵمان پێیان کراوەیە.

خۆ ئەگەر پرسەکە بەرێژە و ژمارەبێ، ئەوا من دڵنیام لەم وڵاتەدا ژمارەی

کچانی گەنج زیاترن لە کوڕان، یان بەگشتی مێ زیاترە لە نێر، لەبەرئەوەی وڵاتێک دەیان ساڵ لە شەڕدابێ، زۆر لە کوڕەکانی بوونەتە قوربانی یان هەڵاتوون و بەجێیان هێشتووە، بۆیە ناشێ پرسەکە لەسەر بناخەی ژمارە و پێوان دابنرێ. کاری دەرەوەی ماڵ وەک هیی ناوماڵ نییە، شارەزاییی زیاتری دەوێ، هەر نەبێ بڕیاری کارکردنی دەوێ. ئەگینا من بۆ خۆم لاریم نییە لەوەدا ڕۆڵی ئافرەت وەک پیاوبێ یان زیاتریش بێ لە پیاو. هەر نەبێ نەبێ لەبەرئەوەی من خۆم سێ کچی ژیرم هەیە و هیوای پاشەڕۆژی گەشیان بۆ دەخوازم لەسەر خاکی کوردستان و لەناو جڤاکی کوردەواریدا. بێ لەمەش گەرم و گوڕیی ژیان لە هەبوونی ڕۆڵی تەواوی ئافرەتدایە لە هەموو بوارەکاندا. شەقامێک سەرتاسەر حەشاماتی پیاوبێ و یەک ئافرەتی تێدا نەبێ، بۆ من بە نێرەکەرستان حسێبە.

پێش چەند ساڵێک بیرمەندی گەورەی هاوسەردەم فۆکۆ یاما، تیۆرییەکی تازەی پێشکێش کرد دوای تیۆرییە بەناوبانگەکەی: کۆتاییی مێژوو. هەندێک کەس وایان دانا ئیتر ئەم پیاوە لە تیۆرییەکی پێشووی پاشگەزبووەتەوە کە گوتبووی دیموکراسی کۆتاییی مێژووی مرۆڤایەتییە و دوای دیموکراسی قۆناغێکی تر یان کۆمەڵگەیەکی تر نییە، ئیتر هەر دیموکراسی و دیموکراسی تا هەتایە. فۆکۆ یاما لە تیۆرییە تازەکەیدا، کە من تەنیا لە بڵاوکراوەیەکی عەرەبیدا وەک هەواڵ شتێکم لەبارەی خوێندەوە، دەڵێ: دەبێ لە کۆتاییدا ژن ڕێشمەی دەسەڵات لە دنیادا بگرێتە دەست لە جێی پیاودا، کە ئێستا پیاو بەدەستیەوەیەتی و زۆریش خراپ هەڵی دەسووڕێنێ. فۆکۆ یاما دەڵێ شەڕ و توندوتیژی، ماڵوێرانی و کارەساتەکانی مێژووی مرۆڤ هەمووی بەرهەمی کەللەپووتی و بێبەزەیەتی و دڵڕەقیی پیاون، بەڵام ئەگەر ژن جڵەوکێش بێ ئەوا دەسەڵات نەرمونیان دەبێ، مرۆڤییانە دەبێ، خاتوون دەبێ، بەکورتی: دەسەڵات مێ دەبێ. تێورییەکەی ئەم کابرایە بەناوی مێبوونی دەسەڵاتەوە بوو، وا بزانم.

ئەمانە قسەی خۆش و بیری مرۆڤییانەی هزروانێکن، کە بەنووسین دەیەوێ

ڕێچکەی خۆشبەختی و کامەرانی بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی بکێشێ. جیاییی ڕۆشنبیران لە خەڵکی تردا ئەوەیە کە خوازیارن و خەبات دەکەن کۆمەڵی خۆیان و کۆمەڵانی تر باشتر و خۆشتر و خۆشگوزەرانتر بژین. ڕۆشنبیری ئێمە نەبێ کە خەیاڵییانە بیر دەکاتەوە، پێی وایە بنەمای دنیا لەسەر قسەی پڕوپووچ و ئەفسانە داڕێژراوە. نیوەڕۆی هەینیی ڕابردوو بەپێش هەندێک لە مزگەوتەکاندا ڕابووردم، سەدان خەڵک بەلێشاو دەهاتنە دەرەوە. خەم و پەژارە دای گرتم. وا تێ نەگەی ناڕەحەتم خەڵک خواپەرستی بکەن، بەپێچەوانەوە ترسی مرۆڤ لە هێزی نابەدی و پێوار و شاراوە، هەردەم هاندەری بووە بۆ گەڕانەوە لە کردەوەی خراپ. خواپەرستی لە جڤاکی کۆن و چاخگەلی پێشوودا باشترین ڕاگری ژیانی ئارام و مرۆڤانە بووە. خۆشە مرۆڤ بەهیوای پاداشتی ئەودیوو، لە کردەوەی قۆڕی ئەمدیوە بگەڕێتەوە و ویژدانی بکات بەسەرپشک. بەڵام دەزانم ئەمڕۆ مزگەوت لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێ کە هیچ بەها و نەریتێکی کولتووری هاوسەردەمییانەیان لەلا نییە، کۆنانە و کۆنەپارێزانە بیر دەکەنەوە و زراویان لە کولتووری هاوسەردەم ڕژاوە. لە دڵی خۆمدا گوتم خوایە دەبێ ئەمڕۆ مامۆستای ئاخرزەمان مێشکی ئەم حەشامەتەی بەچی پڕ کردبێتەوە. دڵنیام هانی نەداون بۆ کار و خەبات، یان بۆ گوێگرتن لە دەنگی ویژدان، هەروەها پێی نەگوتوون خوا لەناو ویژدانی هەریەک لە ئێمەدایە، ئەوەی ویژدانی نەبێ خواشی نییە، یان مرۆڤێک مووچەی بندیوارانە وەرگرێ نانی بەیتولمالی بەحەرام خواردووە، یان بڵێ کۆمەڵگەی هاوسەردەم وا دەخوازێ ژن و پیاو وەک یەک کار بکەن و وەک یەک بەشداری لە بنیاتنانی ژیانی کەسی و گشتیدا بکەن.

بێ کولتووری، کارەساتێکە بەتایبەتی بۆ ڕۆشنبیر، نموونەیەکی تر بۆ پشتەوانی لە قسەکانم دەهێنمەوە. خوێنەری بەڕێز لێم ببوورێ ئەمجارە نووسینەکەمم پڕ کرد لە نموونە و هیوادارم لێم نەگرێ. دەڵێ لە یەکێک لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا گرووپێکی سینەمایی وێڕای دەرهێنەرەکەیان دەچن بۆ دەشت و بیابان بۆ دەرهێنانی فیلم. ئاوهەوای بیابانەکە هێندە بگۆڕ و بێ

متمانه دەبێ زۆر ڕۆژ بەرنامەیان لێ دەشێوێنێ. بەڵام خۆشبەختانە لە نێزیکی چادرگاکەیاندا پیرەمێردێک کە پاسەوانی کۆنە باڵەخانەیەک یان کۆگەیەک دەبێ، جاربەجار شەوان دێ بۆ لایان بۆ دانیشتن و شەوبوهێرک. کە دەبیسێ ئەوان بەیانی دەچن بۆ تۆمارکردن لە دەشت و سارادا، دەڵێ بەیانی باران دەبارێ. چەند ڕۆژێک ئەمە دووبارە دەبێتەوە و هەموو جار قسەکانی پیرەمێرد کتومت راست دەردەچن: باران، رەشەبا، هەتاوی تیشکن. بڕیار دەدەن لەمەودا بیخەنە پاڵ گرووپەکەیان و ڕۆژانە بۆ زانینی کەشی بەیانی سوود لەم پیاوە خاوەن ئەزموونە خۆماڵییە بەهرەدارە بیاباننناسە ئەفسانەییە وەربگرن. بار وا دەبێ و کار وا دەڕوات، تا شەوێکیان دەڵێن مامۆ کالۆ سبەی کەش چۆن دەبێ با ئامادەکاری و ماندووبوونمان بەفیڕۆ نەڕوات؟ دەڵی: بەخوا نازانم. دەڵێن: چۆن نازانی؟ دەڵێ: ئاخر ئەمڕۆ رادیۆکەم لە دەست کەوت و شکا.

تەکنیک دەکرێ، بەڵام مێشک ناکرێ. کێشەی ئەم وڵاتەی ئێمە هەمووی لەوەوە دێت خەڵکەکەی نایانەوێ وەک مرۆڤ بژین. ژیانێکی مرۆڤانە نییە ئەگەر لاوێک لەسەر خەرجیی باوکی بژی و تا هەتایە بەهیوای پاڵدانەوە بێ، یان هەر چاوی لە خۆشبژێوی و خۆشڕابوێری بێ و چ جار چاوی لە ئارەقڕشتن نەبێ. یان ئافرەتێک نەیەوێ بەشارەزایی و ماندووبوونی خۆی شان لە شانی پیاوەکەی بدات و کاری زانین تەنیا بەپیشەی بەرامبەرەکەی بزانێت. من ناتوانم لەمانەدا گلەیی لە کەس بکەم تەنیا لە دەسەڵات نەبێ، بەردەوام مەبەستیشم لە دەسەڵات مەرج نییە دەسەڵاتی سیاسی بێ، بگرە مەبەستم لە دەسەڵات دەسەڵاتی باوکێکە لە ماڵێکدا کە کولتووری گەندەڵێ بڵاو دەکاتەوە، یان دەسەڵاتی راگەیاندن کە زیاتر خەڵک فێری قیژەقیژ دەکات نەک هەستکردن بەبەرپرسیارەتی و بەخۆداچوونەوە، یان دەسەڵاتی مەلا و پیاوی ئاینی کە هەوڵ دەدات زیاتر کۆمەڵگە لە قوڕی نەزانی و بێ هەستی و خۆ خافڵاندن و خەڵک دەسخەڵەتدان و خوا خاپاندندا بگەوزێ. دواجار گلەییم لە دەسەڵاتی کارگێڕیشە کە دەبینم یەکێک بووە بەوەزیر ئیتر بۆ ئەو ئەمە

کۆتاییی مێژووه، وەک دیموکراسییەکەتەکەی فۆکۆ یاما. لە کاتێکدا دەبێ سەرەتای تاقیکردنەوەی بێ لە ژیان، وەک چۆن منداڵێک لە یەک ساڵیدا کە لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر دژواردایە و دەوروپشتەکەی سەیری دەکەن، دەیانەوێ بزانن و بەهیوای ئەوەن کە پێ بگرێ و بۆ خۆی بڕوات. دەبێ بەرپرسیش وا بیر بکاتەوە. کێشەکەی ئێمە کێشەی کولتوورە، کێشەی بیرکردنەوەیە، کێشەی ئەو شتانەیە کە لەناو سەرماندایە نەک ئەوەی لەسەری دانیشتووین.

گەنجان ٦ لە ٢٠٠٧/٨/٢٨

## ئیسلامی سیاسیی ناکوردی و کوردی

دەمەتەقەی سەردەمییانە لەگەڵ ئیسلامی لاکێش و بناوانگر، کە دەوروپشتی ئێمەیان تەنیوەتەوە لە ڕۆهەڵات و ڕۆئاواماندا، وەک هەوڵی کوتینەوەی ئاسنی سارد وایە بۆ نەرمکردنی. کارێکی دژوار و ئەستەمە تۆ لەگەڵ یەکێک بدوێی، کە ئەو لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەمافی ژیان نییە بۆ تۆ نەک تەنیا گفتوگۆ لەگەڵ تۆ. پێی دەڵێی مافی خۆتە کاری سیاسەت بکەیت و دەم لە هەر شتێ بکوتی و خۆت لە هەر شتێ هەڵقورتێنی کە مەیلت لێیە، بەمەرجێ ئاین نەکەی بە پلیکانە و پێناو بۆ گەیشتن بەکورسیی دەسەڵات لەبەرئەوەی منیش موسڵمانم وەک تۆ. کاری سیاسەت کاری دنیایە، تۆ ناتوانی لەسەر کورسیی دەسەڵاتەوە خەڵک فێر بکەی چۆن بگەن بۆ بەهەشت، ئەمە ئاینە و دەبێ ئەم ئەرکە ڕێزدارانەیە لە پەرستگە و مزگەوتدا بەجێ بێنێ، نابێ کەسیش هان بدرێ بۆ جیهاد. بەڵام بەلای گرووپی ئیسلاماویی لامل و ڕادیکالەوە، ناحەزایەتی یەک جۆری هەیە ئەویش ئاینییە، بەلای ئەوەوە مافی خۆیەتی بەرامبەرەکەی بەلادین بزانێ و بڕیاری کافربوون و لەناوبردنی بدات ئەگەر لە بچووکترین شتدا لێی جیابووەوە.

ئەمە کێشەی سەرەکیمانە لە تێکگەیشتن لەگەڵ ئیسلامییەکاندا. بۆ ئێمە

عەلمانییەت باشتر ڕێز لە ئاین دەگرێ نەک ئیسلامی سیاسی. بۆ ئەوان لە پێناو گەیشتن بەدەسەلات، بەمافی خۆیانی دەزانن دنیا بکەن بە دەریای خوێن، ئەویش بەناوی کێوە، بەناوی خوا و پێغەمبەری ئاخر زەمان، وەک ئەوەی ئێستا لە عێراق یان لە سەرجەم ولاتانی ئیسلامیدا روو دەدات، تاو نا تاوێکیش بەدیاری دەیهێنن بۆ کوردستانی بێ کێشە. ڕاستت دەوێ، ئەمە دزێوکردنی ئاینە لە چەپەڵترین شێوەیدا. بەناوی ئاین کۆتوبەند دەسەپێنێ بۆ پاراستنی رەوشت. بەلام ئەوانەی بە پۆپەی دەسەلاتەکە گەیشتوون، خۆیان لەناو ژیانی خۆشگوزەرانی و خۆشڕابوێریدا شەوان و ڕۆژانیان بەسەر دەبەن، وەک چۆن خەلیفەکانی عەباسی و عوسمانی ژیان.

وەک بینیمان لەو شوێنانەی هەلی بۆ هەڵکەوت، ئیسلامی سیاسی پڕۆژەیەکی پێ نەبوو بۆ چارەسەری کێشەکانی جڤاک. حەماسی فەڵەستینی لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا نەیتوانی شتێک پێشکێش بکات جگە لە ئاژاوە و بێ سەروشوێنی، نە لە رووی کێشەی چارەنووسییەوە پلانێکی هەبوو بۆ فەڵەستینییەکان و نە لە رووی ژیانی ڕۆژانەیان: وەک دابینکردنی ئارامی و بژێوی. پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی لەبەرئەوەی پڕۆژەیەکی ئاقلانە نەبوو لە زۆربەی ولاتانی ئیسلامیدا بەر لەوەی بگات بەدەسەلات یان لەگەڵ گەیشتنیدا ساتمەی کرد و سەرەنگرێ بوو. فەرموو، کۆمەڵی ئیخوان لە میسر لە دوا پڕۆژەیاندا ڕێگە نادەن غەیرە ئیسلام "قیبتی"، یان ئافرەت بگەن بەلووتکەی دەسەلاتی سیاسی واتە سەرۆکی ولات. ئەمە پرەنسیپێکە دنیای هاوسەردەم گاڵتەی پێ دەکات. بەکورتی، ئیسلامی سیاسی چ نەرمرۆ بێ چ خۆشڕۆ، هەردووکیان لە ناوچەکەماندا کۆڵەوار دەرچوون لە ئاست پێشکەوتنەکانی دنیادا لە بواری پرسگەلی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوان.

سەرئەنجام، دەبێ ئێمەی موسڵمان سوپاسی مستەفا کەمال و سیستەمە عەلمانییەکەی بکەین لە تورکیا، کە دوای هەشتا ساڵ کەللەڕەقی، ئینجا توانییان سەری ئیسلامی سیاسی نەرم بکەنەوە و ناچاری پێشکێشکردنی پڕۆژەیەکی بکەن تۆزێک لەگەڵ دنیای مۆدێرندا ڕێک بێتەوە. حزبی داد و

گەشـەپێدان کە لە دوا هەڵبژاردندا کابینەی وەزیران و سەرۆکایەتیی تورکیای بردەوە، حـزبێکی ئیسـلامـیـیـە و خـۆی وەک ئەلتـەرناتیـڤێکی تازە لە جـڤاکی ئیسلامیدا بۆ پرسگەلی ژیانەکی و دیموکراسی پێشکێش دەکات. پێوەندیی ئەم حـزبە لەگـەڵ ئەوروپا و ئەمـەریکادا باشـە، ئەوروپایی خـۆشـحـاڵییـان بۆ بردنـەوەی دەبرِی، ئەمــەریکاییش هەروا. نەک هـەرهەند بگرە دژەکـانیــان لە تورکیـا کـە نەتەوەپەرست و عـەلمانییـەکانن، ئەوانیـان بەکرێگرتەی ئـەمـەریکا دانا. رەنگە زۆر کـەس ســەرکـەوتنی حـزبی داد و گـەشـەپێدان لـە تورکـیـا بەســەرکــەوتنی ئیــســلامی ســیــاسی بزانن، بەڵام راســتـت دەوێ ئەمــە سەرکەوتنێک بوو بۆ عەلمانییەت لەو وڵاتە و لە دنیاشدا. عەوڵا گوڵ لە یەکەمین ئاخاوتنی خۆیدا بەڵێنی دا رێز لە عەلمانییەت بگرێت، ئەو عەلمانییەتەی برێتییە لە پێـوەنـدی لەگـەڵ رۆئاوادا، برێتـیـیـە لە جـیـاکـردنەوەی ئـاین لە دەسـەڵات، برێتـیـیـە لە بێ لـەچەکـیی ئافـرەت لەدەرەوەی مـاڵدا، بـرێتـیـیـە لـە ناوەرۆکی دیموکراسییانەی دەستوور و رێزگرتن لە رێکخراوەگەلی جڤاکی شارستانی و راگەیاندنی ئازاد.

هـاوکات وا چاوەڕوان دەکرێ لە مـەغریبی عـەرەبیشـدا تەڤگەری ئیسـلامی سـیـاسی، بەهـەمـان نـاوی "هاوسـەردەمـانەی" حـزبی داد و گـەشـەپێدانەوە، ســەرکــەوتنێکی لەمــجــۆرەی تورکـیــا بەدەست بێنێ، بـا کــەمــتــریش بێ. ئافـرەتەکـانی سـەر بـەم حـزبـە لەم رۆژانەدا بـەسـەری کـراوەوە بـانگەشــەی هەڵبـژاردن دەکـەن. ئیـتـر خـۆشـبـەخـتـانە، وا دواجـار بەشـێک لە بـاڵەکـانی ئیسلامی سیاسی دانیان پێدا نا کەوا سێکیولاریزم یان عەلمانییەت دژایەتیی ئاین نـیـیـە، بگرە ناردنەوەیەتی بـۆ شـوێنی شــیـاوی خـۆی، بۆ مــزگـەوت، بۆ پێـوەندیی شــاراوەی نێـوانی مـرۆڤ و خـوا. لە پێنـاو گـەیشـتن بەکـورسـیی دەســەڵات دەبێ پرسگەلی ژیانی ئەم دنیـایە بکرێن بەدروشـم نەک پرسگـەلی ژیان لە دنیایەکی نادیاردا.

هـەرچەندە هـێشـتـا تـەواو روون نییـە ئاخـۆ ئیسـلامی نەرمرۆ لە تورکـیـادا دەتوانێ بەسـەر کۆسـپـە گـەورەکاندا بـاز بدات و لـەم تاقیـکردنەوە زەحمـەتە

دەربچێ. ئەوەتا کورد زیاتر دەنگیان بەم حزبە داوە نەک بەتەڤگەری کوردی، ئەویش بەهیوای گۆڕانکاری لە رەوشی کۆمەڵگەی کوردستانی باکوردا، بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆگان لە یەکەمین کابینەیدا کوردێکی هەبوو لە کابینەی ئەمجارەیدا ئەویشی لا دا. رەنگە ئەمە لەم قۆناغەدا بۆ نێوانخۆشی لەگەڵ سوپادا بێ، وەک چۆن ئیسلامە رادیکالەکانیشی دوور خستەوە بۆ هەمان مەبەست. هەڵبەتە رێککەوتن لە نێوان ئیسلامی سیاسی و سوپای تورکدا بەدوور دەزانرێ و رەنگە مەترسییەک لە گۆڕێدا نەبێ لەمبارەیەوە، لەبەرئەوەی ئاشکرایە کێشەی بەردەم چوونی تورکیا بۆ پاڵ ریزی یەکەتیی ئەوروپا زیاترەکەی دوو خاڵە، یەکەم: پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە دۆزی کوردیش دەگرێتەوە، دووەم: رۆڵی زیادەی سوپا لە ژیانی شارستانیدا. بۆیە ئەم دووە، دوو ئەرکی بەپەلەی بەردەمی ئەم ئەزموونە تازەیەن لە تورکیادا، ئەگەر گوڵ و ئەردۆگان بیاندۆڕێنن هەموو شتیان دۆڕاندووە.

کەواتە جارێکی تر هەل کەوتەوە پێش حزبی ئیسلامی تا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا ئەزموونێک پێشکێش بکات. هەلێکی باش و لە وڵاتێکی گونجاودا، لە وڵاتیکدا کە ئەوروپا و ئەمەریکا لە کۆنەوە کەیفیان بەچارەی دێ و هاوپەیمانی دێرینیانە. دنیای رۆژئاوا بەهیوایە بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە، هەروەها خەڵکی پێشوەرۆش لە دنیای ئیسلامدا بەهیوای سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەن. ئەگینا دووبارەبوونەوەی پرۆژەی فاشیل وەک پرۆژەکانی چەپایەتی و نەتەوایەتی و ئەزموونی پووچی ئیسلامی لە وڵاتانی تردا جا چ عەرەبی بێ چ ئێرانی، گێژاو و تەنگژەکان دووبارە دەکەنەوە.

دەمێنیتەوە سەر ئیسلامی سیاسیی کوردی، ئەمەیان: ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا دەبینرێ، دوو جۆرن یەکیان عەرەبی و ئەوی تریان ئێرانی، هیچیشیان پرۆژەی سەربەخۆی خۆی پێ نییە، ئەوەی هەیانە لە دەرەوە بۆیان دێ بەگوێرەی بەندەوارییان، زیاتریش کاری ئاسانکاری بۆ دەرەکی رادەپەڕێنن نەک بەرنامەی کوردیبوون. لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدا نیم ئەمانە بتوانن شتێک پێشکێش بکەن بۆ چارەسەری کێشەگەلی جڤاکی کوردی، وەک

گوتم بەئەرکی خۆیشیانی نازانن. ئیتر لەم سۆنگەیەوە تا ساڵانێکی دوور و درێژی داهاتوو، گۆڕەپانی کوردستان هەر پاوان دەمێنێ بۆ پڕۆژەی نیوەچڵی حزبی نەتەوایەتیی کوردی لە کێشە زەحمەت و گرینگەکانماندا.

بزاو ١٣ لە ٢٠٠٧/٩/٢

## لە کەلاوەدا کڕی نییە کەڕییە

ڕاگەیاندن جگە لە گواستنەوەی زانیاری و بیر و بۆچوونی جیاجیا، یان هەڵسەنگاندنی جۆرەوجۆری خەڵک لەبارەی ڕووداوگەلەوە، قەرەباڵغییەکیش پەیدا دەکات کە مرۆڤ سەبری پێ دێت و پێی دادەمرکێ. وەک دەبینین هۆیەلی ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا بە گوتەگوت و دەنگوباسی گەرم و گەرماوگەرمی خۆیان، دنیا پڕ دەکەن لە ژاوەژاو و گوێی مرۆڤ کاس دەکەن، ئەمەش دڵخۆشی بڵاو دەکاتەوە بەدڵ و دەروونی خەڵکدا. ئێواران ئەگەر بەلاڤۆکی دەنگوباس هیچی سەرنج ڕاکێشی تێدا نەبێ، دەڵێن: دیارە دنیا کڕییە، ئەمەش ساردوسڕییەک بەرپا دەکات لەناو دانیشتوواندا، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە حەز لە کڕی و ئارامی ناکات بەتایبەتیش لەم دەڤەرەی دنیادا کە مرۆڤەکانی سەریان لە گۆنگەر و کێشە دەخورێ. بەگشتی ئێمەی مرۆڤ ڕاگەیاندنمان بۆیە پێویستە تا کڕیمان بشێوێنێ و ژیانمان بجووڵێنێ. عەرەب شاعیرێکی کۆنیان هەیە بەناوی موتەنەبی، زۆر بەناوبانگ بووە لەسەردەمی خۆیدا، ناویان بردووە بە "مالیء الدنیا وشاغل الناس"، واتە ئەو کەسەی دنیا پڕ دەکات و خەڵک بەخۆیەوە مژوول دەکات. ڕاگەیاندن کتومت وایە. وا دیارە موتەنەبی لەو چاخەدا ڕاگەیاندنێک بووە بۆ خۆی.

لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر یەکێک بیەوێ پێناسەیەکی تێروتەسەلی هۆیەلی ڕاگەیاندن یان ماس مێدیا بکات، بەلای کەمەوە دەبێ دوو خاڵی لەبەر چاو بێ، یەکەمیان ڕاگەیاندن پردێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری بۆ خەڵک، واتە: "چی هەیە و چی نییە؟" چی ڕووی داوە و چیش بەڕێوەیە ڕوو بدات؟ خاڵەکەی

تریش: راگەیاندن سەکۆیەکە بۆ دەمەقاڵەی نێوانی ئەو خەڵکانەی بیر و بۆچوونیان جیایە لە ئاست زانیارییەکاندا، یان لە ئاست ئەو رووداوانەی پێش هاتوون و پێش دێن. واتە راگەیاندن سەکۆی دایەلۆگە نەک سەپاندنی بیر و بۆچوونێکی تایبەت و دیاریکراو. سەکۆیەکە بۆ دەنگەدەنگ و بۆچوونی جیا نەک کلاسێک بۆ دروستکردنی هێمنی و ئارامی و دەرس دادان. راگەیاندنی راست ئەوە نییە مرۆڤ لە قاڵب بدات ئەوەیە لە قاڵبی دەربێنێ.

بێگومان بیر و بۆچوونی جیاوازیش لە نێوان مرۆگەلدا بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە، گرینگترینیان ئەوەیە ئەو خەڵکە زانیاریی جیاجیان هەیە بۆیە جیاواز بیر دەکەنەوە، یاخۆ بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە و هەر یەکەیان لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات. ئەمانە وا دەکەن بەکورتی راگەیاندن ببێ بە شێوازگەلێک بۆ خۆشکردنی ژیان و رەنگاویکردنی. ئەگەر راگەیاندن نەبێ، لەم سەردەمەدا دنیای فرەوان دەبێ بەزیندانێکی بچووکی کپ. ئەو شوێنانەی زۆرترین راگەیاندن و شارەزاترین راگەیاندنیان تێدا کارایە، خەڵکەکەی ئاگەدارتر و کراوەتر و دڵخۆشترن لەو شوێنانەی وەک کەڕ دانیشتوون و ئاگایان لە هیچ نییە. راگەیاندنی کارا، وەک ئێستا باوە دەڵێن دنیای کردووە بەگوندێک. بەڵام گوندێکی قەرەباڵغ و هەزار بەهەزار. هەموو شتێک تیایدا دەست دەکەوێ لە کاتێکی کەمدا.

راگەیاندنی کوردستان وا نییە و ئەم پێناسانەی سەرەوەشی بەسەردا ناسەپێ. بەیانیان رۆژنامەگەل و ئێوارانیش تەلەفزیۆنی کوردی زانیارییەکی ئەوتۆت پێشکێش ناکەن لەبارەی وڵات و کۆمەڵگەی خۆتەوە یان لەبارەی دەوروبەرەکەتەوە، بەردەوامیش دوای رووداني رووداوەکان دێن و تا ئێستە نەمبینیوە پێشدەستییەک هەبووبێ لە گەیاندنی هەواڵێکدا. سەکۆیەکی چۆڵ و کڕە راگەیاندنی کوردی، نەدەمەقاڵەی هەیە و نەدەمەتەقەی سوودبەخش. بەپێی ئەم راگەیاندنە بێ، دنیا شامی شەریفە و کوردستان هیچ سەرئێشەیەکی نییە تا مرۆڤ بۆی نیگەران بێ یان لە شتێک بێتە دەنگ. ئەمە جۆری یەکەمی راگەیاندنە لە کوردستاندا، راگەیاندنێکی بەربڵاو و دووررۆیە

بەڵام سوودی کەمە. کورد گوتەنی: "زۆر دەخوا و کەم دەبەزێ". جۆری دووەمی شتێکی ترە کە زیانی زۆرە. ئەگەر جۆری یەکەم ناوبنرێ راگەیاندنی سپی، دەبێ ئەمەیان ناوبنرێ رەش. بەلای راگەیاندنی دووەمەوە کوردستان دۆزەخە، نەشـــوێنی ژیانە و نەهیچ داهاتوویێکی گـــەش چاوەڕوانی دەکـــات. ئەم راگەیاندنەیان ئاوەدان و قەرەباڵغە، بەڵام زۆرجار هەڵبەست و هۆنراوەیە نەک راست و رووداو.

هەرچییەک بێ، راگەیاندنی یەکەم لەبەرئەوەی لە سەرچاوەی هەواڵ و بڕیارەوە نێزیکترە، هەندێک زانیاریی هەیە، وەک گوتمان زانیارییەکانیشی ئەرێنی و پۆزەتیفن و تۆزێک کرچ دەشێوێنن بەڵام زۆر نا، بۆیەشە تێنووەتیی کەس ناشکێنن. کەچی راگەیاندنی دووەم زانیاریی ئەرێنیی پێ نییە، ناشیەوێ بیبێ، ئەو بەدوای نەرێنیدا دەگەڕێ، دەستیشی نەکەوێ، پەکی ناکەوێ، بۆی دەهۆنێتەوە. رووبەرێکی فرەوان لە راگەیاندنی کوردستان لەم جۆرەی دووەمە، سایتەکان نموونەی سەرمەشقی ئەم راگەیاندنەن و باریان شێواندووە و گۆمیان لیخن کردووە. یەکێک دەڵێ ئەگەر راگەیاندنی جۆری یەکەم سزا بدرێ دەبێ سزاکە لەسەر تەمبەڵی بێ، بەڵام سزای راگەیاندنی دووەم دەبێ لەسەر شێواندنی راستی و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی وڵات یان خەڵک بێ. من پێم وایە ئەگەر راگەیاندنی یەکەم بەرپرسیارانە کاری بکردایە، راگەیاندنی دووەم لە دایک نەدەبوو. جیاوازیی تۆمەتەکانیان وەک جیاوازیی نەگوتنی راستی و درۆکردن وایە لە بەردەم دادگەدا.

داواکاری گشتی لە کوردستاندا کارا بوایە، دەبوو زۆر کەس لەوانەی لەم هۆیەلەدا جنێو دەوەشێنن و درۆ دەکەن، سزای توند بدرێن. بەڵام لە پرسی راگەیاندن لە کوردستاندا، نەک تەنیا داواکاری گشتی کارا نییە و کەس بەهیوای نابێ، بگرە داوای تاکە کەسیش بووە بەکارێکی ئەستەم. بۆ نموونە: هەرچەند جارێکی ویستبێتم سکاڵا لەسەر کەسێک یان لایەنێک تۆمار بکەم، بەرەوڕووی شەپۆلێک هێرش و پەلامار – لەم راگەیاندنەوە، بوومەتەوە و هەر هێندە فریا کەوتووم بەوەندە ئابڕووەی ماومە لێی دەربچم و بەپەلە لێی

بکشـێـمـەوە. جـارێکیـان دۆزێکم دژی هەندێک کـەس کـردەوە کـە پێـوەندیی بەنـاوزڕاندنـەوە هەبـوو، هەمـــوو کــەس دژم وەســـتـــا، تەنـانەت ســـەندیکای ڕۆژنامــەنووســانیش، گـوتم ئـەمـە وەک ئـەوە وایە هەمــوولا پێـم بڵــێن جــا با ئابڕووت ببــەن، ئابڕووت بـۆ چیـیـە؟ دەیانگوت یاســای بەعس بەکــاردێ لەم دادگـەیەدا، لە کـاتێکدا وا نەبوو، ئـەم قـسـەیەش هـەر بۆ شـێـواندنی راسـتی دەکرا و کەرەسـتـەیەکی تر بوو بۆ ناوزڕاندن. هێندەی نەبرد یاسای سـەندیکا دەرچوو، بەلامـەوە سـەیر نەبوو کە بینیم هـەمـان ئەو مـادەیەی یاسـا کـە من بۆ سکالاکەم پشتم پێ بەستبوو، خرابووە ناو یاسـای سەندیکاوە وەک برگـەیەکی گرینگ بۆ کار پێکردنی. جیاوازییـەکە هـەر ئەوەنـدە بوو دەقـە عەرەبییـەکەی یاسـاکـە بەزمـانێکی پتـەو و تـۆکـمـە نووسـرابوو، کـوردییــەکـەی سـەندیکا بەزمـانێکی کرچوکـاڵ. سـەیرم هات بۆچی هەمـوولا یەکـیان گرتبـوو ئابڕووم بچێ، نەمـدەزانی. لێـرەدا زۆر لەســەر سـایتـەکان نـاڕۆم لەبەرئەوەی کـاتێ بۆ جـاری یەکەم سـایتی کوردیم بینی گوتم: گەلۆ ئەمە سـایت نییە، ئەمـە دیواری ئاودەسـتـخـانەی مـزگـەوتـە کـە خـەڵکی تێـدا لەکەدار دەکرێ و ناشـزانرێ کێ کردوویەتی. هەر هێندەیە هەموو کـەس دەزانێ ئەو رستە بێ ڕێزانەی سەر ئەو دیوارانە بەدەستی پیاوی تەندروست و مەرد نەنووسراون.

بەکـورتی دەشێ بگـوترێ: راگـەیاندنی کـوردسـتـان بەهـەردوو جـۆریەوە بێ هیـوایی بلاو دەکـاتەوە، خـەمـبـاری و خـەمـۆکی و خـەوۆکـی و خـوازەڵۆکی، یان هـەر شتێکی تر دابەش دەکات بەسـەر لاواندا کە ببێ بەمایـەی خاوبوونەوەیان لە تێکۆشانی ڕێی کوردەواریدا. ئەم راگەیاندنە وای کردووە بایەخەکانی تاکی خـەڵک بۆ کێشـەکانی ژیانی گشـتی کەم ببنەوە و هـەر کـەس بە خـەمی نان و گیرفـان و کاروباری ژیانی تایبەتی خـۆیەوە گرفـتار بێت. ئەمە راگـەیاندنێکی بەرپرسیارانە نییە لە ئاست کێشە زۆروزەوەندەکانی کوردستـاندا. کوردستان هەرێمێک نیـیـە ژیان تیـایدا قـەتیس مـابێ و گۆڕانەکـانی سـست بن، سـالانی نـەوەتەکــان وابـوو، بـەلام دوای کـــەوتنی ڕێژیمی بـەعس لە ٢٠٠٣ هـەمـــوو ڕووەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و رۆشنبیری لە کوردسـتاندا

کەوتنە جووڵە و گەشەکردنێکی بەرفراوان پێش هات. هەڵبەت ئەم گۆڕانەش بەهەزاران کێشەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایە یان گەشەی پێ داون. بەڵام ڕاگەیاندنی کوردستان لە ئاست ئەم هەموو کێشانەدا کاس و کەڕە و گوێی لە هیچ نییە و چاویشی هیچ نابینێ. ئەم ڕاگەیاندنە دەست بۆ کێشەکانی جڤاکی کوردی نابات و خەریکی ململانەی کەسایەتیی ئەو کەسانەیە کە کاری تێدا دەکەن. هەرهێندەیە کە قەرەباڵغییەکە و هەیە، دەنگەدەنگ و ژاوەژاوێکە و هەیە، وەلێ بێ لەزەت و بێ نرخە. ئەمە ئەو دەنگەدەنگ و قەرەباڵغییە نییە کە مەبەستە ڕاگەیاندن بەرپای بکات و خەڵک مژویل بکات و سەریان بەجۆش بێنێ.

ڕاگەیاندنێکە بایەخ بەهیچ شتێکی جیدی نادات. بۆ نموونە: بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ساغ و تەندروست لە هەر شوێنێکی دنیای سەردەمدا، کارابوونی ڕێکخراوەگەلی غەیرە حکوومی هۆکارێکی زۆر پێویستە. هەرچەندە ڕاگەیاندن خۆیشی دەچێتە ئەم خانەیەوە بەڵام زۆر کەم وا ڕێک دەکەوێ لە ڕۆژنامە یان کەناڵەکانی دیتەنی و بیستەنیی کوردیدا چاوت بەباتێک بکەوێ لەسەر کاری ئەم ڕێکخراوانە، یان لەسەر چالاکی یان کێشە و کەموکورتییەکانیان نووسرابێ. ڕاستە لە کوردستاندا کاری ڕێکخراوگەلی جڤاکی مۆدێرن زۆر بەرتەسک و کەمە، هۆی ئەمەش دەسەڵاتەکەیە. دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان چ حزبی بێ چ حکوومی، ئەم ڕێکخراوە نا فەرمییانە بەنەیاری خۆیان دەزانێ و پێی وایە ئەگەر فراوان بوون ئەوا بەرەی لە ژێر دەکێشنەوە. لە ڕاستیشدا وا نییە، کاری ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە پشتەوانی لە دەسەڵاتی سیاسی بکەن و کێشەکانی بۆ کەم بکەنەوە، زۆر ئەرکیش دەگرنە ئەستۆی خۆیان کە دەسەڵاتی فەرمی پێی هەڵناسووڕێ یان فریایان ناکەوێ. ڕاگەیاندن دەبوایە هاندەری کاری ئەم ڕێکخراوانە بێ کە بنەوێی پێشکەوتنی وڵات و دامەزرانی جڤاکی دیموکراسین، بەڵام بەپێچەوانەوە زەبری گورچکبڕی لێ وەشاندن.

وێڕای ئەمانە، ئەم ڕێکخراوانەی جڤاکی مۆدێرن، زیاتر کار خۆبەخشانە

دەکەن و ئەو کەسانە دەخەنە گەڕ کە بەکرێیەکی کەمتر کاریان بۆ دەکەن، لەبەرئەمەیە کە ئەم ڕێکخراوانە پەنا بۆ وزە و توانستی لاوان دەبەن و لە بەرنامەکانیاندا شوێنیان بۆ دەکەنەوە. لاوانیش پێویستیان بەو بوارانە هەیە تا زیاتر خۆیان بنوێنن و چالاکی پێشان بدەن. ڕاگەیاندنی کوردستان کە خۆی وا دەخاتە ڕوو گوایە دۆست و دڵسۆزە بۆ کێشەکانی لاوان، ڕاستت دەوێ بچووکترین کاری بەم ئاراستەیەدا نەکردووە و بۆ جارێکیش نەمانبیستووە هانی لاوانی دابێ ڕوو بکەنە ئەم جۆرە کەرتە زیندووە، کە تاکە کەرتێکە بتوانێ پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی و ناچاری بکات بۆ خێراکردنی هەنگاوەکانی دیموکراسی، یان بایەخدان بەو توێژە کۆمەڵاتییانەی کە بەشێوەیەکی شایان کاریان بۆ نەکراوە.

جگە لەمە ڕاگەیاندن لە کوردستاندا زۆر خووی داوەتە بابەتگەلی ڕواڵەتی، وەک زایەند و پێوەندیی نێوان نێر و مێ و خۆشەویستی و ئەم جۆرە پرسانە. هەڵبەت ئەم شتانە لە ڕاگەیاندن پێویستن بەڵام بەم ڕووبەر و پانتاییە زۆر و بێ واتایەی کە هەیە، تاکە ئەنجام لێی وەگیر دێ ئەوەیە وەچەی ئێستای گەنج زیاتر ڕووکەش و ڕواڵەتباز و بێ خەم دەبێ لە ئاست پرسە گشتییەکاندا. ئەم پرسانە: تورکیا دێتە ناو کوردستانەوە یان نا؟ کەرکووک دێ یان دەڕوا؟ کێشەی گوندەکانی کوردستان چییە؟ ئاسایشمان چۆنە؟ ئاوی خواردنەوەمان چۆنە؟ ئاسایشی ئاو و خۆراکمان چۆنە؟ ئەگەر کوردستان گەمارۆی بخرێتە سەر، بایی چەند ڕۆژ نانمان هەیە؟ ئەمانە کەمتر لێیان دەپێچرێتەوە وەک لە سینگ و بەرۆکی ئەکتەرێک یان گۆرانیبێژێکی پووچکە.

نموونەیەکی تر: ساڵانی حەفتا و هەشتایەکان، کاتێ کتێبێکی کوردی دەردەچوو، بەسەدان یان هەزاران کەس دەیانخوێندەوە. دەیان وتاریشی لەسەر دەنووسرا. ئێستا نەک خوێنەری ئاسایی کەمە بۆ کتێب، بگرە ئەوانەی کاریش دەکەن لە دەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنییەکاندا، بۆ خۆشیان ناخوێننەوە چ جای ئەوەی هانی خەڵک بدەن بۆ خوێندنەوە یان ئەوەی لەسەر کتێب بنووسن. بۆ نموونە دەزگای ئاراس ساڵانە سەد کتێب زیاتر دەردەکات،

هیچ جارێک هیچ یەکێک لەم بڵاوکراوانەی راگەیاندنی کوردی، بەرەسەن و نارەسەنیەوە ئامادە نەبووە دەرچوونی کتێبێک بکات بەهەواڵ تەنانەت ئەگەر کتێبەکە شاکاریش بووبێ. دەبوایە لە زۆربەی رۆژنامەکاندا بەشی بەدواداچوون بۆ کتێی تازە، هەروا بەرنامەی تیڤی یان رادیۆیی هەبوایە، ئەمانە هیچی نییە. لەم ماوەیە، لە ماوەی دوو مانگ دەزگای ئاراس ١٠٠ کتێبی دەرکردووە، منیش وەک بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە لە راگەیاندنی کوردییەوە ١٠٠ جنێوم بەدەستخۆشانە لەم دوو مانگەدا وەرگرتووە. راستە پرسەکە من نیم، ئەمە پرسێکی رۆشنبیرییە و بڕبڕەی ئەرکی راگەیاندنە بایەخ بەکتێب بدات و لەسەری بووەستێ، ئەگەر وا نەکات دیارە ئەمە راگەیاندن نییە میلیشایە.

ئەگەر دەسەڵاتێک هەبێ گەندەڵکاربێ لە کوردستان، یەکەمین رووی ئەو دەسەڵاتە راگەیاندنەکەیەتی. ئەگەر لاوان کێشەیەکیان هەبێ لە نەبوونی بەرنامەی باشی خوێندن، یان هەلی گونجاوی کار، یان مەشق و فێربوون، یان کەرتی هونەر و وەرزش و کات بەسەربردن و گەشتەوەری، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راگەیاندنەی کە هیچ بەرنامە و پەیامێکی پێ نییە بۆ گەنجان و رێیەکیان نیشان نادات، ئەم راگەیاندنە تەنیا پارە لووش دەدات لەسەر حسێبی خەڵک و ژینگەی وڵات پیس دەکات. ئەگەر توندوتیژی لە جڤاکی کوردیدا تەشەنەی کردبێ، بەکوشتن و خۆکوشتنەوە، یەکێک لە هۆیە کاریگەرەکانی دەچێتەوە سەر ئەو راگەیاندنەی کە بەردەوام دەیەوێ توندوتیژی لە قەوارەی خۆی گەورەتر پێشان بدات ئەمەش واتە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ: هاندانی. جاران پێمان وا بوو کێشەی راگەیاندن ئەو حزب و دەسەڵاتەیە کە لە پشتیەوە وەستاون، دەرکەوت بەخوا وا نییە. کێشە ئەوەیە نەشارەزا بەسەریدا زاڵە، نەشارەزاش بۆ شاردنەوەی نەشارەزایی یان بیانوو دەدۆزێتەوە و تۆمەت بڵاو دەکاتەوە، یان دەیکات بەهەڵڵا و هەڵمەت و قەرەباڵغی و جنێو بەشینەوە.

گەنجان ٧ لە ٢٠٠٧/٩/٤

## هەمووی نەک تەنیا راگەیاندن

بەهەموو کێشانە و پێوانەیەک یان لە هەر بارێکەوە بیگری و هەڵی بسەنگێنی، راگـەیاندنی کـوردسـتـان راگـەیاندنێکی ئامـانج نەپێکە. ئەم راگـەیاندنە راگەیاندنێکی ناوچەییـیە و بایەخـەکـانی لە سنووری ناوچەیەک ناپەڕنەوە بۆ ناوچەیەکی تر. یان بەلای زۆرەوە راگەیاندنی هەرێمی کوردستانە و بایەخ بە دەرەوەی نادات. بۆ نموونە ئاگای لە تەنگژە و کێشـەکانی عێراق و رۆهەلاتی ناوەڕاست نییـە، کـە لە هـەمـوو سـات و چرکـەیەکدا ئەم تەنگژە و کـێشـانـە کاردانەوەیان هەیە بۆ سەر دۆخی ئەزموونی سیاسی و ژیانی رۆژانەی ئێمە.

جگە لەمانە، راگەیاندنێکی راستی نەوێژە، ئەوەندەی بەدوای بەدناوکردنی ئەزمـوونی کـوردسـتـانەوە وێڵ و پەرێشـانە، سـەد یەکی ئەوە پەرۆشـی نییـە بۆ سەرکەوتنی. جگە لە کاروباری سیاسـەت و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی سیاسی و کـارگـێـڕی، دەست بـۆ هیچ شـتـێکی تـر نابات. وەک ئەوەی هـەمـوو دەرد و بەلایەک، تەنانەت خۆڵباران و گۆڕانی ئاوهەواش لە سیاسەتی کوردی و حزب و دەسـەلاتی کـوردییـەوە سـەرچاوەیان گرتبێ. ئەم راگـەیاندنـە دەست بۆ هەر شـتـێک ببـات، تەنیـا بۆ ریسـواکـردن و لەکـەدارکـردنی دەیبـات، نـەک بۆ خستنەڕووی راستی و گەیاندنی زانیاریی راست و دروست.

لەم راگەیاندنەدا زمانی کوردی، رێنووس، مێژوو، ئەدەب و هەموو شتێکی تری کولتووریمان لە چاخی ریسوابوونی خۆیاندا دەژین و لە زەلکاوی لیخندا مەلە دەکەن. بەسـەدان جاشقەڵەم لەم زەلکاوەدا بوونەتـە میـرکوڕی دیوان و شـۆڕەسـواری گۆڕەپان، بەمـلا و بەولادا تەڕاتێن دەکەن و هەمـوو شـتێکی ئەم ولاتە ناشیرین پێشان دەدەن. لە ئەنجامدا، ئەم رەوشە پڕ خـەوشـە هاتووەتە کایە و بووەتـە مایەی دروسـتـبوونی رایـەکی گشـتیی مـەترسیدار. وا رۆژانە گوێمان لە تاکەتاکەی ئەم گشـتییـە دەبێ، کە هیچ هیوایـەکی خـاس بۆ ئەم ئەزموونە سیاسییە ناخوازێ و ئاواتەخوازە تا زووە سەری بدات لە سەنگ.

بەهەمــوو کـێـشــانە و پێـوانـەیەک، بەخـێـوکـردنـی ئەم راگـەیاندنە وەک بەخـێـوکردنی نـاحـەزێکی مشـەخـۆر و کـەسـێکی دەردەدار وایە لە نـاو مـاڵی خۆتدا. ئەم نـەخـۆشـە تا زیاتر بژی، زیاتر درم و پەتا بڵاو دەکاتـەوە، تا زیاتر لێی بێـدەنگ بـی زیاتر بەرۆکت دەگـرێ و هـەرەشـەی لـەناوبردنت لـێ دەکـات. بەڵام ئاخـۆ کێیـە وا ئەم راگەیـاندنەی داهێناوە و بەخـێوی دەکات و رێنوێنیی دەکات بەم ئاراسـتـە و سـەمـتـەدا؟ ئەگـەر یەکێک بیـەوێ کێشـەیەک چارەسـەر بکات دەبێ لە بنج و بنـاوانەوە بیکات ئـەگـینا چارەسـەرەکـە نیـوەچڵ دەبێ و کـێـشـەکـە سـەر هـەڵدەداتەوە. وا لێـرەدا بـەکـورتی و پوخـتی بۆچوونی خـۆم لەبارەی ئەم کارەساتە دەخەمە روو کە پێی دەگوترێ راگەیاندنی کوردستان:

یەکەم: بنەما و پێوانەیەک هەیە لە سەرتاسەری دنیادا، دەڵێ: کەسی شیا و بۆ شـوێنی شـیاو، ئەم بنەمـایە هێندە سـادەیە هەمـوو کەس لە بـایەخەکەی تێ دەگـات. بەڵام لە کـوردسـتــان و لە ســەرەتای ئەم ئـەزمـوونەوە، ئـەم بنەمــایە بەجـۆرێک پێشـێل کراوە دەتوانرێ چەندان کتـێبی لەسـەر بنووسـرێ. ئـەمـە دۆخێکی گشتییـە و سەرتاسـەری کـوردسـتـانـی گرتووە، هەر ئـەوە نییـە تەنیـا خـەڵکێک کرابن بەبار بەسـەر راگەیاندنەوە کە هیـچ پێوەندییـان بەم بوارەوە نیـیــە، بگرە: پـەرلـەمــانتــار، وەزیر، بـەرێوەبەری گـشــتی، بەرپرسی حـزبی، سـەرکـردەی سـوپـا، باڵیـۆز و هەمــوو شـتـێکی ترمـان، تەنانەت بـەرێوەبەری قوتابخانە و ژمێریاری دەزگایەکیش لەسەر بنـەڕەتی شارەزایی و پسـپۆڕی و بەرژەوەندیی گشتی دانەنراون.

دووەم: هـەمــوو کــەس کــراوە بەڕۆژنامــەنووس، لیـســتی ســەندیکا هێندە بەرفرەوانە، لە سـەرکردەیەکی سیاسـییەوە دەگرێتەوە تا دەگات بە شوفێرێک. هـەرگـیز پێ ناچێ لـەم هـەرێمـەدا سـەد رۆژنامـەنووسی پیـشـەیی هەبن، بەڵام لیسـتی ناو لە چەندان هەزار زیاترە، کتومت وەک سـوپای کـوردسـتـان، وەک ئاسایش، وەک ژمارەی شەهید، وەک ژمارەی راوێژکاران، وەک رێز لێنان، یان تۆ بڵێ وەک ژمـارەی وەزیر، وەک ژمارەی مـووچەخـۆری بندیـواری داوودەزگا حکوومی و حزبییەکان، هەموو شتێک لە کوردستان سەدان جار لە هەقیقەتی

خۆی یان لە پێویستیی بوونی، گەورەتر کراوە.

سێیەم: وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرپرسیاری یەکەمە لە کەموکورتییەکانی باری ڕۆشنبیری و راگەیاندن، بەڵام ئەوەی دەبینرێ ئەم وەزارەتە خۆی وا چاوەڕوانی فریاکارێکە تا لە دەردی مردنی دەربێنێ. مایەی نارەحەتییە، کە دەبینرێ کاریگەریی ئەرێنیی ئەم وەزارەتە کەمترە لە کاریگەریی سەنتەرێکی لاوان لە لاکۆڵانێکی هەولێر یان دهۆک یان سلێمانیدا، کە بەیانی و ئێواران، کوڕان و کچان بەدەروونی خۆش و دڵی پڕ لە هیواوە روویان تێ دەکەن. ئەم سەنتەرانە زۆریان هەن گەنجەکان بەخۆبەشی و چەند ملیۆن دینارێکی کەمەوە چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبەن، لە کاتێکدا وەزارەت مانگانە چەند ملیۆن دۆلار بەفیرۆ دەدات.

چوارەم: سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەرپرسێکی ترە لەم پەشێوییەدا. سەندیکا جگە لە پەسندکردنی هەزاران کەس بەڕۆژنامەنووس بێ ئەوەی ڕۆژنامەنووس بن، هەروەها لە کاتی لێپێچینەوەی یاساییدا، دێتە گۆڕەپان و وەک شێر دەوەستێ و ناهێڵێ کەس سزا بخوات. ئەمەش بەجێی خۆی، ئەم سەندیکایە چەندان کۆنگرەی بەستووە بێ هەڵبژاردن. ئاخۆ ئەمە جۆرێک نییە لە نابەرپرسیاری؟ ئاشکرایە کە ئەم کارە لە سەرەتاوە و لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەم نەخشەیەی بۆ کێشرا، ئەویش بۆ رێ گرتن لە تەشەنەی دیموکراسی، فەرموون ئەمەش ئەنجامە پێچەوانەکەی.

پێنجەم: راگەیاندنی کوردستان، تەنانەت ئەو سایتە جنێواوییانەی لە ئەوروپاشەوە بەڕێوە دەبرێن، پارەی هەموویان لە کوردستان و لە بانکی کوردستان و لە بودجەی گشتییەوە دەردەچن. بەشی زۆری ئەم پارەیە بەرێگەیەکی رەوا و ئاشکرا نا، بگرە بە رێچکۆڵەی پێچاوپێچ و زیگزاک و لەمدەستەوە بۆ ئەودەست، دەگەن بەم راگەیاندنە. ئەگەر یاسا هەبوایە بۆ کاری راگەیاندن، ئەگەر چاودێری و لێپێچینەوەش شان بەشانی ئەم هاریکارییە ئەنجام بدرایە، ئەوا ڕۆژی راگەیاندنی کوردی بەم ڕۆژە رەشە نەدەگەیشت.

دەشێ قسە لە یەک ڕستەدا کۆ بکرێتەوە: ڕاگەیاندنی کوردستان بەرهەمی گەندەڵییەکە لە خۆی گەورەتر. بمانەوێ چارەسەری بکەین دەبێ سەرچاوەی گەندەڵیی گشتی کوێر بکەینەوە. بۆ ئەمەش دەبێ یاسا و ڕێنوێنی و نەریتی دیاریکراو هەبن و کەسیش لە سەروویان یان لە دەرەوەیان دەسەڵاتی نەبێ. بەڵام بەگشتی، ئاخۆ بۆچی ئێمە تەنیا خەم لە ڕاگەیاندن بخۆین؟ خۆ هەر تەنیا ڕاگەیاندن مەترسی نییە بۆ سەر چارەنووسی ئەم ئەزموونە، هەموو شتێکمان مەترسیی هەیە، لەبەرئەوەی پلانمان نییە و بێ نەخشە دەڕۆین بەڕێگادا.

بزاو ١٤ لە ٢٠٠٧/٩/٩

## لە کەلاوەدا خەیاڵ جوانە وڕێنە ناشیرینە

هەموو کوردێک خەون بەداهاتووی گەشی نیشتمانەکەیەوە دەبینێ، لە کەڵکەڵەی دڵی خۆیدا دەیەوێ کوردستان ببێ: بەسویسرا، بەژاپۆن، بەفرەنسا، یان بەولاوەتریش ببێ: بەئەمەریکا. ئەمەش وەک ڕواڵەت شتێکی ئەرێنییە لە بیر و هزری هاووڵاتیی کورددا و دەبێ ستایشی ئەم خەسڵەت و ئاکارە بکەین، هەروەها هانیشی بدەین. بەشێوەیەکی گشتی، هاووڵاتیی کورد مرۆڤێکی پاشڤەڕۆ نییە تا خەون بەسەردەمانی گواستنەوە بەگوێدرێژ و ژیانی ژێر دەواری ڕەش و نان و دۆ خواردنەوە ببینێ. ئەو خەون بەشتێکی بەدینەهاتووەوە دەبینێ کە دنیای هاوچەرخە، ئەمەش باشە. خەون بۆ مرۆڤ شتێکی ڕەوایە، نەک هەرهەندە بگرە پێویستە نیوەی ژیانی مرۆڤ خەون و خەیاڵ بێ، ئەمە بۆ ئەوەی جیهانی ئەفسوناوی و ڕامانی مێشک، لە نیوەکەی تری ژیاندا کە هەڵکەوتی بەرچاو و بەرهەست و بەرجەستەیە، ڕەنگ بدەنەوە و ببن بەهاندەر بۆی. خەون بۆ خۆی جۆرێکە لە نەخشەکێشان و پلان دانانەوە بۆ داهاتوو. ئەوەی خەون نەبینێ ناتوانێ وێنەی سبەینێیەک بکێشێ و بیکات بەئارمان بۆ خۆی.

وێڕای ئەمەش مرۆڤ ئەگەر شەوان و ڕۆژانی خۆی لە دنیای راستەقینەدا بەسەر ببات، لە ئەنجامدا دەبێ بەئامێرێکی بێ هەست و بێ سۆز و دڵبەرد. خەون نەرمونیانی دێنێتە دی لە قەوارەی مرۆڤدا. هەر لەبەر هەندێشە مرۆڤی کۆن ئاشقی گوێدێران بۆ ستران و لاوژە و چیرۆکی دەماودەم و ئەفسانە بووە. وەلێ مرۆڤی ئێستە شەیدای ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، هەندێک جاریش شەیدای سیحر و پاراساسایکۆلۆجی و چیرۆکی خەیاڵی زانستییە. تەنانەت لە سەرەتادا ئاینیش جۆرێک بووە لە خەون و خەیاڵی مرۆڤ بۆ رەنگاندنی ژیانێکی تر لە شوێنیکی تردا. بەکورتی، خەیاڵ مرۆڤ دەکات بەئاشقێکی خوێن شیرین و رەزاسووک، دەیکات بەمرۆڤێکی بزێوی جێ بەخۆنەگرتووی هیوادار بەژیانێکی باشتر و دنیایەکی رەنگاویتر.

تا ئێرە باشە، بەڵام ئەوەی لە کوردستانی خۆماندا بەرچاوە شتێکی ترە، خەونی مرۆڤی کورد جۆرێکە لە خەیاڵبڵاویی بەنیادەمی تەمبەڵ و هیچ لە دەستنەهاتوو. دانیشتووە و چاوەڕوانە لە ئاسمانەوە بۆی بکەوێتە خوارەوە. هیچ کار و فرمانێک بەئەرکی سەرشانی خۆی نابینێ. بەمافی خۆی دەزانێ هەموو شتێکی بۆ دابین بکرێ لە دەرزییەوە تا باڵەفڕ. دانیشتووە و گازن دەکات، یان وەک پێشینان گوتوویانە: بەڵاس و پەڵاسدا دەچێ و خۆی دەڕنێتەوە لە داخی ئەوەی زووی بۆ نەکراوە و زۆری بۆ نەکراوە، بەردەوام بۆ بەختی ناپوختی خۆی دەلاڵێتەوە. جاران کە بندەست و دەستەپارچە بووین، تۆمەتبار هەمیشە ئامادە بوو تا ئەم بێ بەختییەی خۆمانی بخەینە مل: داگیرکەر و دوژمنانی کوردستان، ئەوانەی بەرپرسیارن لە رووتانەوەی ئێمە. ئێستەش کە ئازاد و گەردەنفرازین، نەیارەکەمان بووە بەدەسەڵاتی کوردی. لەوەی کردوویەتی رازی نین و دەمانەوێ مەحاڵ بکات تا ئێمە بحەسێینەوە، چۆنی دەکات کێشەی خۆیەتی. بەکورتی خەون و خەیاڵی مرۆڤی کورد و داخوازەکانی، ئەم مرۆڤەیان کردووە بەبوونەوەرێکی رەزاگرانی خوێنتاڵ.

نەڵێی ئەوە بۆ دەسەڵات دەپارێتەوە و بەرەوانی لە کەموکورتییەکانی دەکات. من بۆ کەس ناپاڕێمەوە و شتێکیش کەموکورتی بێ، بەمن و بەکەسی تر

داناپۆشـرێ. بەڵام هەندێک شت هەیە مـرۆڤ خـۆی لێی بەرپرسـە وەک مـرۆڤ جـا دەسـەڵاتێک لە ئـارادا هەبێ یان نەبێ. بۆ نموونە: برۆ سـەردانی هـەندێک چارەسـەرگەی ئێـوارانی پزیشـکان بکە، دەبینی زیاتر لە تـەویلەی ئاژەڵ دەچن نەک لە شوێنی چارەسـەری نەخۆشی. دوکتـۆرێک شـەش حەوت کەسـی نەخۆش بەجـارێک دەکـاتە ژوورەوە و پێکەوە دەیانپـشـکنێ لەبـەرچاوی یەکـتـر. هـیـچ پرەنسـیپێک لەمەدا نییە جگە لە بازرگانیکردن بەپیشـەیەکەوە کە مەرجـە ئەو پیشەیە باڵاترین ئاستی مرۆپەروەریی تێدا رەچاو کرابێ. دەنکە و دەرمانت بۆ دەنـووسـێ، دەچی دەیکـڕی، یـان گــەچـە یـان چـۆڕاوە ئاوێکـی بـێ کــەڵک و ناکارییە. ئەمـە کێ هێناویەتی؟ کۆمپانیای دەرمانی کوردیی پاوانکار. ئامێری کــارەبایی دەکــڕی، چـەند مــانگێک کــار دەکــات و لـە کــار دەوەســتـێ. کێ هێناویەتی؟ کۆمـپـانیـای بازرگانیی کوردیی بێ سانسـۆر. یەک شت نەمـاوە لە بازاڕی کـوردسـتــاندا دەسکاری نـەکـرابێ، هەمــوو خـواردن و خـواردنەوە و دەرمان و کەرەسـتە و ئامێرێک کە لە بازێڕی کوردیدا هـەیە، گاڵتـەی پێ کراوە و ئەسڵ نـیـیـە. باڵەخـانەی گشـتـی نییـە دروسـت کـرابێ و لە رووی نەخـشـەی کارەبایی و ئاوەڕۆوە دروست بێ، یان ماوەیەکی باش بێ سەرئێش کار بکات، کێ لەمـە بەرپرسـە؟ ئەندازیاری کـەمـتـەرخـەم و بەڵێندەری دەسـبـڕ و نەبوونی چاودێریی پێویست.

لە کـوردسـتـانی باشـوور و لە دوای سـەرهەڵدانەوە، زۆر شت کـراوە، یەکێک لە دەرەوەی کوردسـتانەوە بێ، چ بیانی بـێ چ خۆیی سەرەتا شـاگەشکە دەبێ، رووی شـارەکـان لە مـاوەی چەند سـاتدا گـۆڕاون و جـوانـتـر خـۆیان پێـشـان دەدەن. ئەمـە بۆ مـێـوان دەبێ بـەمـایەی خـۆشـحـاڵی، بەڵام دوای دوو هەفـتـە مانەوە، بۆچوونـەکانی پێچـەوانە دەبنەوە. بۆ؟ دەبینێ ئەم کارانە بنیان پووچە، تەنیـا رواڵەتن و بەس. لە ژێرەوەدا بۆ سـیـسـتـەم کـار نەکـراوە. کـورد دەڵێ: خـۆشـە راستی لە روودا بگوترێ، میللەتەکەمان میللەتێکی جدی نییـە، دەبێ ئەم راسـتـییـەشی بەڕوودا بدرێتەوە و هەسـتی بریندار بـکرێ تا تێ بگات. ئەم میللەتە بەردەوام حەز دەکات دەستی خۆی بەسەری ئەم و ئەو بسڕێتەوە تا لە

بەرپرسیاری بچێتە دەرەوە. من بڕیارم داوە جارێکی تر گازن و گلەیی لە هیچ دەرەکییەک نەکەم و بۆ هەموو شت یەخەی ئەم گەلەی خۆم بگرم، کە نایەوێ لە شوێنی خۆی ببزوێ. خەون بینین ڕەوایە، بەڵام تەمبەڵی و خوازەڵۆکی و چاولەدەستی نارەوان و دەبێ ڕیشەکەن بکرێن.

هەموو جار نووسیومە ڕاگەیاندنی کوردستان لوتکەی گەندەڵییە، یان هەر نەبێ بەشێکە لە گەندەڵییەکی گشتی، بەڵام کورد دەڵێ: پیاو قسەیەکیش بۆ دز بکات. چاک نییە ئەم ڕاگەیاندنە سەرەڕای ئەوەی کە خۆی مایەپووچە، هەندێک جار مایەپووچیی کەرتەکانی تریش ئاشکرا دەکات. ڕاگەیاندن هەر نەبێ بێ بەزەییە لە ئاست کەموکورتیدا تەنانەت ئەگەر ئەم کەموکورتییانە لە خۆشیدا بن. بێگومان ڕاستیان گوتووە: دەم هەراش باشیش دەڵێ خراپیش دەڵێ. کەرتەکانی تر ئەوەندەش نین کە ڕاگەیاندن هەیە.

ڕاگەیاندن پشکێکی گەورەی لەم بەرپرسیارەتییەدا دەکەوێتە ئەستۆ. من لەمەوپێش زۆرجار بەسەر و گوێلاکی ڕاگەیاندندا هاتووەمەتە خوارەوە، هەرچەندە خۆشم لەم کەرتەدا کاردەکەم. ناتوانرێ نکوڵی بکرێ لەوەی ڕاگەیاندن دەسەڵاتێکە و بەرپرسیارە لە ئاست میللەتدا. کەرتێکە باش ناگەڕێ. بەڵام جگە لە ڕاگەیاندن، دەسەڵاتی کارگێڕیش بەرپرسیارێکی گەورەیە و ئەویش باش ناگەڕێ، دەبینی کارگێڕی وا لە گێژەنی ململانەی ناوخۆیدا شتلە، زۆر کات ڕۆییووە بەڵام ئەو هێشتان چارەسەری نییە. کاتی تەواو و بەرنامەی فرەوان پێویستن بۆ دەرهێنانی کارگێڕی لە تەنگژەکانی. من بەهیوا نیم لەم زووانەدا کارگێڕی ڕابێتەوە سەر پێی خۆی، تەنانەت مەترسیی ئەوەش هەیە کە خراپیی کارگێڕی، دەردێکمان بەسەر بێنێ لە جۆری ئەوەی لە فەڵەستین رووی دا و ئەوەی هەشمانە لە بن بڕوات. یان با باسی دەسەڵاتی یاسایی بکەین کە پەرلەمانە و دەبێ ڕۆڵی سەر شانی خۆی بەجێ بێنێ، بەڵام بزێو و کارامە نییە، ئەدی زانکۆ؟ زانکۆ کەرتێکی گەورەترە لە ڕاگەیاندن. کەمتریش نییە لە پەرلەمان، زانکۆ دەسەڵاتێکە بۆ خۆی. بەڵام کەوتووەتە ناو گێژەنی تەنگژەی بێ چارەسەرەوە. لێرەدا باسی کێشەی کارگێڕیی زانکۆ

ناکەین، ئەمە بووە بەبنێشتە خۆشە، با باسی ئاستی زانست و ڕۆشنبیری بکەین لەبەرئەوەی من لەو باوەڕەدام بەشی زۆری کێشەکانمان لە زانکۆوە سەر هەڵدەدەن. چ بیر و هزرێک لە پشتی دامەزراندنی ئەم هەموو زانکۆ و کۆلیج و بەشەوەیە؟ کێ ڕێی خۆش کرد بۆ کردنەوەی ئەم گشت پەیمانگەیە بێ ئەوەی کادیری زانستی هەبێ یان جێ و ڕێی شیاویان بۆ تەرخان کرابێ؟ تا لە ئەنجامدا وا ئاوسا و گەورە بوو وەک دەڵێن: بەفیرعەونیش چارەسەر نەکرێ.

زانکۆی کوردی وێرانە، مامۆستای بیانیی تێدا نییە. مامۆستای خۆییش لە رووی لێهاتووییەوە بیرکولن. ئەمە زۆر کێشە نییە، لەبەرئەوەی وڵاتەکەمان تازە دەکەوێتە سەرپێ، دۆخێکی ئاساییە مامۆستای خۆیی وابێ، بەڵام دەبێ دانی پێدا بنرێ کە زانکۆی باش بەمامۆستای خۆماڵی بەڕێوە ناچێ و دەبێ مشووری ئەم کێشە زلە بخورێ. بێ لەمە، لە زانکۆدا بەرنامەی خوێندن نوێ نەکراوەتەوە، دەبێ بزانین بەرنامە هەر پرۆگرام و کتێبی خوێندن نییە، سیستەمیشە. سیستەمی خوێندن لە کوردستاندا بەگشتی سیستەمێکی لە کارکەوتووە لە سەرەتاوە بگرە تا کۆتایی. هێ لەمە، دەبینی بەڵگەنامەی بەرز بۆ زانکۆ پێشکێش دەکرێ بێ ئەوەی مەرجی پێویستی تێدا بێ، دواجار پەسندیش دەکرێ. خەڵک هەست بەم کێشەیە دەکەن و باس دەکەن چۆن بەشێک لەم بەڵگەنامانە ئامادە کراون. مامۆستای زانکۆ هەیە کاری کڕین و فرۆتنی خانوو یان ئۆتۆمۆبێل دەکات. ئەمە کاری ڕەشە و لەسەر حیسێبی کەسایەتی و حسێبی ئاستی زانستی دەکرێ. بێ لەمە، لە زانکۆدا ململانەی سیاسەت لە چڵەپۆپەدایە، ئەمە زانکۆی کردووە بەفشەخانەی حزبایەتی. بیگومان لە ئەنجامی ئەم هەمووەدا ئاستی خوێندن دادەبەزێ، گەنج هۆشیاریی نامێنێ، نەدەخوێنێتەوە نەگوێ دەگرێ و نەمتمانەی بەکەس دەمێنێ. چۆن وا نەکات؟ هەموو شتێکی چەوت و چەوێڵ بەچاوی خۆی دەبینێ، هیچ هەنگاوێکیش بەدی ناکات بۆ چارەسەر.

ئەوەی لەم پرسەدا بەرپرسە مامۆستایانی زانکۆ خۆیانن. تاکە تاکەی

مۆستایانی زانکۆ بەرپرسن لەم ڕەوشە بەر لەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی یان کارگێڕی تۆمەتبار بکرێ. لە هەموو شوێنێکی دنیادا زانکۆ ناوەندی تیشکدانەوەی ژیار و شارستانییە، تەنیا لە کوردستان نەبێ. خۆ هەموو شتێک پارە نییە تا زانکۆ گلەیی بکات لە نەبوونی، یان هەموو کۆسپێک ململانەی حزبی و کێشەی کارگێڕی نییە تا زانکۆ گلەیی بکات لە هەبوونی. کاری زۆر سادە هەیە زانکۆ دەتوانێ ئەنجام بدات، بۆ نموونە بەرنامەدانان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و خوێندەواریی قوتابی و مامۆستای زانکۆ. جاران لە سالانی حەفتا و هەشتایەکاندا ئەو قوتابییەی موتالای کتێبی دەرەوەی پرۆگرامی نەدەکرد وەک ئەدەب و سیاسەت و ڕۆشنبیریی گشتی، ژمارەیان زۆر کەم بوو، زۆریش بەرچاوبوون و لەناو هاوەڵەکانیاندا بەگێل دادەنران. ئێستا پێچەوانەیە، لە سەد قوتابی یەکێکی ناخوێنێتەوە. ڕاستە من ئامارێکم لە بەردەستدا نییە بۆ ئەم قسانە بەلام بێ بەڵگەش قسە ناکەم.

بە دەزگای ئاراس و سەرجەم دەزگاکانی تریشەوە، تیرێژی کتێبمان لە هەزار دانە زیاتر نییە بەلام چواریەکی ئەم بڕە نافرۆشرێتەوە و هەمووی کەوتووە تۆزی لەسەر دەنیشێ. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەو دەیان هەزار قوتابی و مامۆستایانەی لە زانکۆ و پەیمانگەکان هەن ناخوێننەوە، بشخوێننەوە ژمارەیەکی کەمیان دەخوێننەوە. ئەمەش ڕێژەیەکی خەمهێنەرەیە. ئاشکرایە کتێب خوێندنەوە تەنیا بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری نییە، کتێب باشترین خەمڕەوێنە و لە مێژە گوتوویانە کتێب چاترین هاودەمی دنیایە "الکتاب خير جليس في الزمان". سەیرە، نەک تاکە تاکەی قوتابی و مامۆستا ناخوێننەوە، بگرە کتێبخانە گشتییەکانی زانکۆ و کۆلێج و پەیمانگەکانیش بایەخ بەکتێبی کوردی نادەن، هەر بەگشتی بایەخ بەکتێبی ڕۆشنبیری نادەن، جا چ کوردی بێ چ بیانی. ئاشکرایە کتێبی کوردی زۆر هەرزانە، گلەیی لە نرخەکەی ناکرێ. کتێبی کوردی سەرچاوەی بیر و هەستی نەتەوەییشە، بۆیە گلەیی لە ئاستەکەشی ناکرێ، بەلام قوتابییەکی زانکۆی سالانی هەشتاکان لە قوتابییەکی ئێستا زیاتر شارەزای ئەدەب و مێژووی کوردستان بوو هەرچەندە

ئەو کاتە کتێب قاتوقڕی بوو، ژیانیش هەژاری بوو. ئێستە کتێبخانەیەکی بچووک بۆ قوتابییەک بە سەد هەزار دینار دادەنرێ. پارەی کارتێکی مۆبایل بەشی کڕینی چەندان کتێبی کوردی دەکات. کردنەوەی پێشانگەیەکی کتێب لە زانکۆ و داشکاندنێکی گەورە لە نرخی کتێبدا، ئەرکێکی وا قورس ناخاتە سەر بودجەی زانکۆ. بەڵام ئەم کارانە هیچیان ئەنجام نادرێن. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی زانکۆ بەرنامەی نییە و ئەم کارەش بەئەرکی خۆی نازانێ. پێی وایە کێشەی خەڵک خۆیانە دەخوێننەوە یان ناخوێننەوە. بەڵام ڕاستت بوێ، ئەوە ئەرکی زانکۆیە قوتابیی کورد لەم خەوی غەفڵەتە بێدار بکاتەوە.

چەندان ساڵە باسێکی زانستی و تێر و تەسەلی مامۆستایەکی کوردم بەرچاو نەکەوتووە، یان نەمزانیوە یەکێکیان کۆڕێکی گێڕابێ و داهێنانێکی خستبێتە ڕوو. یان کتێبێکی نووسیبێ و گۆبەندێکی بۆ بەهاو نەریتی باوی کۆمەڵایەتی و سیاسی نابێتەوە. زانکۆیەک لە کوردستان نییە مەڵبەندێکی بۆ تۆژینەوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری یان زانستی هەبێ. یەک باسی زانستیی مامۆستایەک بۆ نموونە: لە بارەی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانەی بەجێی هێشتوون، یان کارەساتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامی ئەنفال. یان کۆچ و ڕەو، یان کۆچی لاوان بۆ دەرەوە یان هەر شتێکی تری وەک تەنگژەی نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی پاشکەوتوو، بەرچاو ناکەوێ. ئاخۆ ئەمە واتای چی دەگەیەنێ؟

بەکورتی، ئەمە چاخی تەپینی هزر و بیرە لە کوردستان کە لە ڕاپەڕینەوە دەستی پێ کردووە، ئەوەی زیاتریش کەوتووەتە بنی بیر و چاڵەکەوە ئەکادیمیسیەنی کوردە. هەندێک کەس پێیان وایە هۆیەکەی ئەوەیە زۆر جار کەش و هەوای ئازادی دەبێ بەمایەی تاسان و شۆک (صدمة) بۆ مرۆڤ و تا ماوەیەک بەری نادات و توانای داهێنان و ئەفراندنی دەوەستێنێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لەوە تێ پەڕی تاسانی دوای ئازادی بێ. ئازادیمان لە بەهاری ١٩٩١ دەستی پێ کرد و ئێستە پایزی ٢٠٠٧ە. کاتەکە زۆری خایاند، کێ دەڵێ ئەم تاسانە بەریشمان دەدات. بەگشتی و بێ ئەوەی ئاگامان لێی بێ، ئەم

بارودۆخـە بەشـێوەیەکی پێوار و نادیار کاریگەریی خۆی خسـتووەتە سـەر دەروونی گەنجان. رەنگە زمانی حاڵی گەنجان فریا ناکەوێت بەشێوەی تیۆری یان بیری رێکوپێک دەری برن. بەڵام لە ئەنجامی ئەم رەوشەدا قوتابی و لاوان بەگـشـتـی، هەمـوویان گلـەیی دەکـەن و بێـزاری پێـشـان دەدەن، بێ ئەوەی بیرێکیش بۆ چارەسـەر بخەنەڕوو. کارەساتیش ئەوەیە مرۆڤ گلەیی بکات و نەزانێ گلەیی لە چی دەکـات. بێگومـان ئـەمـە لە نزمـیی ئاسـتی بیـر و رۆشنبیرییەوە دێت کە زانکۆکان بەگشتی لێی بەرپرسن.

خەڵک فێربوون تەنیا گلەیی لە دەسەڵات بکەن، باشە خۆ هەر دەبێ وا بێ و گلەیی لەو بکرێ، بەڵام تۆ بێنە بەرچاوی خـۆت وڵاتێک کـەرەسـتـەی ئاوەدانکردنەوەی لەو جـۆرە بێت، دەسـەڵات چی بکات؟ چۆن دەتوانێ گەشەپێدان ئەنجام بدات، گەشە بەفشە ناکرێت، خەون و خـەیاڵی جوان دەبێ لە ژیانی رۆژانەدا بـەدەر بدەنەوە و بـبن بەپرۆگـرام و رێنوێن بۆ کـەرەسـتـە دابینکردن و کادیر دروستکردن. ئەگینا ئەمەی ئێمە خەون نییە، خـەیاڵیش نییە، ئەمە ورێنەی نەساغی گرانەتادار و سێبەرۆداره کە دەیەوێ کەلاوە ببێ بەئەوروپا.

گەنجان ٨ لە ٢٠٠٧/٩/١١

## گرینگترین کتێب

پێشـینان گـوتوویانە: راسـتی تاڵە، کـەس نایەوێ بیـڵێ و کـەسـیش نایەوێ ببیستێ. هەمـوو کـەس دەیەوێ راسـتی گل بداتەوە نەوەکا راست نەبێ، یان نەوەکا گوتنی ئەو راسـتییە کاردانەوەی چەوتی هەبێ بۆ سـەر دەوروبەر. بۆ نموونە: من لەمـێژە لەبارەی زمـانی یەکگرتووەوە بۆچوونێکم لەلا پەیدا بووە نەمـویسـتـووە بیـڵـێم. هەرچەندە زۆران جـار لەبارەی ئەو پرسـەوە بیـرم کردووەتەوە و بابەتم نووسیوە، بەڵام هەمـوو جار ویسـتوومە ئەو راسـتییەی لەلامە بیشێرمەوە، یان پشتەپێی بدەم – وەک دەڵێن. گوتوومە لەوانەیە ئەوەی

من پێی گەیشتووم، راستی نەبێ و خەم و خەیاڵی ڕۆژانە بێ. دواجار گوتم: راستە لە کۆندا گوتوویانە راستی تاڵە، بەڵام گوتووشیانە ئەوەی راستی نەڵێ دیارە زمانی لاڵە.

با چی تر نەیشارمەوە، ئەوەی ناومان ناوە زمانی یەکگرتوو، لە هەر چوار پارچەدا نە کەس خەباتی بۆ کردووە و نەکەسیش بەتەمایە خەباتی بۆ بکات. یان وردتر بڵێم لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا کەس هیچی پێ نییە لەمبارەیەوە پێشکێشی میللەتەکەی بکات. ئەمە راستییەکە و ناشارێتەوە، با کەس بەهیوای ئەوە نەبێ کورد ببێ بەخاوەنی یەک زمانی خوێندن و نووسین مادامەکی حاڵی ئەوەی پێی دەگوترێ توێژی ڕۆشنبیر یان هەڵبژاردەی وڵات، بەم رادەیە کلۆڵ و بەستەزمانانە و بێ ئاگایانە بێ. لەم وڵاتەدا کەسێک نییە لە ئاستێکی بەرزتر لە خەڵکی ئاسایی بیر بکاتەوە، یان چارەسەرێکی پێ بێ لە هیچ بارەیەکەوە لە خەڵکی ئاسایی ژیرانەتر.

نێزیکەی دە ساڵ لەمەوپێش بوو، بۆ یەکەمین جار لە راگەیاندنی کوردستاندا بابەتی ڕۆشنبیر و دەسەڵات هاتە بەر باس. ئەو سا پێم وابوو، بۆ ئەم بابەتە هێشتا زووە دەرگەی قسە و باس بکرێتەوە، یان ئاگری شەڕێک خۆش بکرێ کە هێشتا لایەنێکی ئەو شەڕە ئامادە نەبووە و نەهاتووەتە سەر گۆڕەپانەکە. دەمگوت: لە دەسەڵاتێک کە هێشتا لە دایک نەبووە، لە داوودەزگایەکی سەرکوتینەوە کە پەیدا نەبووە، لە یاسا و رێنوێنییەک کە سەری هەڵنەداوە، لە چەوسانەوەیەکی سیاسی و سانسۆرێکی هزری کە نەهاتوونەتە گۆڕێ، ئەوە باسی چ رووبەرووبوونەوەیەک دەکەن؟ یاڵلا یاڵلا دەسەڵاتی کوردی پەیدا ببێ، لە جیاتی ئەوەی ببین بەنۆکەری، بۆ بچین بەرۆکی بگرین؟

دوای دە ساڵ، بۆچوونەکەم گۆڕا. نەک هەر گۆڕا پێچەوانەش بووەوە. گۆڕانی بۆچوون کێماسی نییە، بگرە مانەوەی لە یەک کلێشەدا شوورەیی و کێماسییە. بیر و بۆچوون دەرداوی ژینگە و دەوروبەری مرۆڤن بۆیە ئاساییە بەپێی گۆڕانی دەوروبەر ئەوانیش بگۆڕێن. دوای بەسەرچوونی دە ساڵ ئێستا

لام وایە، دەسەڵاتی کوردی هەیە و چەسپیوە، ئەو دەسەڵاتە بەردەوام  یاسا و رێنوێنی دادەهێنێ بۆ جێگیرکردنی خۆی، شووره دەکێشێ بۆ بەرژەوەندیی توێژێک. پاوانکاری لە هەموو شتدا پەیدابووە، ناوبەناو هەست بە سەرکوتینەوەی بیر و بۆچوونیش دەکرێ. بەربەست پەیدا بووە لە پێش پێنگاوی دیموکراسی، لە ژێرەوەش دەمامک دەدوورێن بۆ "فەطصاندن"ی ئازادیی دەربڕین.

ئەمانە هەن و هەستیان پێ دەکەین، هەمووشی ئاساییە. هەر دەسەڵاتێک لە دنیادا مافی خۆیەتی بخەبتێ بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی خۆی. نەبینراوە کەس لەسەر تەختی دەسەڵات ڕۆنیشتبێ و ڕێگە خۆش کات بۆ لێژکردنی کورسییەکەی ژێری. دیموکراسی بەرهەمی خەباتی گەلانە بەپێشڕەوایەتیی بیرمەند و ڕۆشنبیرانیان نەک دیاری و خەڵاتێک کە لە ژوورەوە بۆیان فڕێ درابێتە خوارەوە. ئەوەی بەم شێوەیە بیر نەکاتەوە ڕاست بیر ناکاتەوە. ڕاستت پێ بڵێم، بەلای منەوە کێشەیەکیش نییە ئەگەر دەسەڵاتێک لە وڵاتەکەماندا دروست ببێ بەهەموو شێوەیەک هەوڵی چەسپاندنی خۆی و شێردنەوەی کەموکورتییەکانی بدات، ئەمە ئاساییە، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە کەست نەبێ بەئاراستەی پێچەوانەدا بجووڵێ و هەوڵی گۆڕین بدات.

لە کوردستاندا جێ پەنجەی توێژی ڕۆشنبیر ئاشکرا نییە، نەک تەنیا لە پرسی زمانی یەکگرتوودا کە ئەم پرسە ئەمڕۆ لەوە دەرچووە تەنیا هەر کێشەیەک بێ، لە کێشە تێ پەڕیوە و بووە بەتەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، تا ڕادەیەک سیاسیش، تەنانەت لە پرسگەلی ڕۆژانەشدا هەست بەڕۆڵی ڕۆشنبیر ناکەین. هەڵبەت کە دەڵێین ڕۆشنبیر مەبەستمان تەنیا نووسەران نییە بگرە ڕۆشنبیران هەموو ئەوانەن لە هەر بوارێکدا کار بکەن بۆ بەرژەوەندیی گشتی بیر دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی خەڵک بێتە دی.

لە دوای ڕاپەڕینی ٩١ەوە ڕۆشنبیری کورد، هەموو شتی ون کردووە. من پێم وایە بەدرێژاییی سەدەی بیستەم لەناو کۆمەڵی کوردیدا، چاکتر بڵێم لەناو

کۆمەڵگی شاری کوردیدا دوو هێڵی خەبات هەبووە لە رووبەڕووبونەوەی داگیرکەردا، یەکیان هێڵی سیاسەت و ئەوی تریان هێڵی ڕۆشنبیری. بەدرێژاییی ئەو سەدەیە هەندێک وێستگەی لێ دەربچێ کە سیاسەتی کوردی گۆڕەپانەکەی کۆنترۆڵ کردووە و جڵەوی کاروباری بەدەستەوە بووە چ لە شار بێ یان لە شاخدا، ئەوی تر هەردەم گۆڕەپانەکە بەدەستی ڕۆشنبیرەوە بووە، ئەوە ڕۆشنبیر بووە کە نەیهێشتووە میللەت چۆک دابدات بەتایبەتی لە سەردەمی نسکۆ گەورەکاندا. زۆر جار خەباتی ڕۆشنبیر بەبڕشتر و پڕ بەرهەمتر بووە لە خەباتی سیاسی. دوژمن جاربەجار توانیویەتی سیاسەتی کوردی ببەزێنێ بەڵام هیچ جار نەیتوانیوە ڕۆشنبیریی کوردی ببەزێنێ. هەق بڵێین، سیاسەتی کوردیش هەمیشە دانی بەم ڕۆڵەی ڕۆشنبیری کورددا ناوە و بەرزی هەڵسەنگاندووە. بەڵام دواجار ڕۆشنبیری کورد بۆ خۆی بەزی و هیچی لەباردا نەما.

هاوەڵێک دەڵێ: بەدواداچوونی راگەیاندنی کوردیم کردووە و گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کەوا لە کوردستاندا هەموو کەس لە یەک ئاستی بیر و هۆشیاریدان. بۆ نموونە: وەزیرێک و بەردەستەکەی، بەرپرسێک و پاسەوانەکەی، نووسەرێک و هاوڵاتییەکەی دراوسێیان، هەموویان لە هەموو پرسێکدا ئاستی بیرکردنەوەیان وەک یەکە. بۆ خۆشم زۆر جار پرسیارێکی گرینگم لە هاووڵاتییەکی نەخوێندەوار کردووە وەک کێشەی کەرکووک یان ئیسلامی سیاسی، یان کێشەی مەلا و مزگەوت یان تەنگژەی راگەیاندنی کوردستان، وەڵامی وام وەرگرتووە عەقڵم پێیدا نەشکاوە.

رەنگە هەندێک کەس دوای خوێندنەوەی ئەم قسانە پێیان وا بێ ئەم رەوشە لە ئەنجامی نەخوێندنەوە یان کەمیی بەدواداچوون و درێغیکردنی ڕۆشنبیری کوردەوە هاتووە لە ئاوەدانکردنەوەی مێشکی خۆیدا، ئەمە راستە، بەڵام هۆی سەرەکیی ئەم کڵۆڵییەی ڕۆشنبیری کورد، جا ئەو ڕۆشنبیرە چ لە بواری راگەیاندن یان سیاسەت یان هەر بوارێکی تردا کار بکات ئەو دیوارەیە کە لە نێوان خۆی و رەشووڕووتی وڵاتەکەیدا هەڵی چنیوە. گرینگترین کتێب ژیان

خۆیەتی، دوور کەوتنەوە لە ژیان واتە نەزانی لە هەموو شتدا. تەنانەت پرسە زۆر ئاڵۆزەکانی کوردستان بە پرسی زمانیشەوە، هەر بەنێزیکبوونە لە ژیانی خەڵک و گوێگرتن لە ئاخاوتنیان چارەسەر دەبێت، ئەمە گرینگترین کتێبە. دوور کەوتنەوە لە ژیانی خەڵک، ئاستی بیرکردنەوەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەمانی دابەزاندووە، لەبەرئەوەیە کە نازانن داهاتووی ئەم وڵاتە رووی بەکام ئاراستەدایە.

بزاو ١٦ لە ٢٠٠٧/٩/٢٣

## کولتووری کوردی لە نێوانی رەشە و گەشەدا

کولتووری ئەمڕۆی کوردستان دوو رووی رەش و گەشی هەیە وەک هەر شتێکی تری ژیان. لە سەرەتای بوونیشەوە رەش و گەش لە کێبەرکێدان تا یەکتر دەبەزێنن. کەسیش نازانێ لەم گرەوانەدا، سەرئەنجام خوا بەکێی دەدا. لەم نووسینەدا دەمەوێ هەندێک لەم رەوشە بدوێم، بەڕەش و گەشییەوە، لەبەرئەوەی لەناویدا دەژین و بووە بەمایەی ئازار و پەژارە بۆمان. لە نیوەی یەکەمی نووسینەکەمدا لە رەش دەدوێم، ئینجا چالاکییەکانی دەزگای ئاراس لە ماوەی تەنیا سێ مانگدا وەک نموونەیەکی گەش دەهێنمەوە.

پێشەکی، کولتوور چ وەک تەواوی داوونەریتی کۆمەڵگە، چ وەک ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی لەلایەن بژاردەیەکەوە دێنە بەرهەمهێنان و سەرئەنجام دەبن بەمایەی گۆڕان لە داوونەریتە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا، هەموو ئەمانە لەناو کورددا لە ئاستێکی لاواز و سەرەتاییدان، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ وا درێژەی داوە. رەنگدانەوە و بەدەردانەوەی بەرهەمە رۆشنبیری و هونەرییە تازەکان لە هەڵسوکەوت و رەفتاری تاکەیلی کۆمەڵدا بەجۆرێک کەمە، هەستی پێ ناکرێت. نەڕۆمانێکی فرەفرۆش هەیە، نەفیلمێکی سینەمایی بەهەرمێن، نەشانۆیەکی بەردەوام، نەمووزیک و نەهیچ بەرهەمێکی ترمان لە ئاستێکدایە، کە بزاوت و مقۆمقۆ لەناو خەڵکدا، یان بەلایەنی کەمەوە

لەناو لاوان یان هەر نەبێ لەناو ڕۆشنبیران خۆیاندا بێنێتە کایە. لەمەشدا ڕەوشێکی گشتی و مێژوویی بەرپرسە نەک کەسان و قۆناغێکی دیار بۆ خۆیان. هەروەها ئەوانەی لەم بوارانەدا کار دەکەن، خۆیان بەرپرسن لەوەی داهێنانیان کەمە نەک ویستێکی دەرەوەی خۆیان، تا بێین بەگژ ئەو ویستەدا بچینەوە و بیگۆڕین. دەبێ دانی پێدا بنێین، دواجار و پاش هەموو شیتەڵ و شرۆڤەیەک، ئەزموونی کوردستان ئازادییەکانی زیاترە لە کۆتوبەندەکانی، پشتیوانییەکانی زیاترە لە ڕێگرییەکانی، ڕێگە کراوەیە بۆ ڕچەشکاندن و داهێنان و کاری جوان یەکێک بیەوێ.

ناشارێتەوە کەوا لە باشترین حاڵیدا، بەرهەمی کولتووری کوردی ڕووداوێکی ناوچەیییە، کولتوورێکە لە کوردەوە بۆ خۆی. یان وەک دەڵێن: دۆمانەی خۆمانەیە. ئەم کولتوورە کاردانەوەیەکی لاوازی هەیە و شوێنەوارێک بەجێ ناهێڵێ. زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکرێ ئاخۆ کام بەرهەمی کوردی شایەنی ئەوەیە بکرێ بەزمانێکی تر، جا چ لە بواری ئەدەب بێ یان لە هەر بوارێکی تردا. زۆرجار ئەم پرسیارە لە منیش کراوە و خۆشم بەپێی ئەوەی بەڕێوەبەری دەزگایەکی ڕۆشنبیریم، هەمان پرسیارم لە خۆم کردووە. هیچ جار بەرهەمێکی نووسەرێکی کوردم بەخەیاڵدا نەهاتووە ڕووی ئەوەی هەبێ پێشبڕکەیەکی پێ بکەی لەناو کولتووری گەلاندا. هەڵبەت بەرهەمی وا هەیە بۆ ئەوە بشێ لەپێناو دانەناسینی کورد و وڵاتەکەماندا پێشکێش بکرێ، واتە وەک بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەبارەی کوردەوە زانیاری کۆ بکەنەوە، ئەمەش بەتیرێژی کەم و سنووری بچووک، نەک بابەتێک بۆ ڕۆشنبیریی گشتی. حاڵێک وابێ، چۆن دەتوانرێ بەرهەمێک پێشکێش بکەی بەدەرەوە، کە لە ناوەوە تەواو نەناسرابێ. ئەم ڕاستییانە دەبێ هاندەرمان بن بۆ گەڕان بەدوای چارەسەردا، مەبەستت لێی کەمکردنەوە نییە لە پلە و پایەی ڕۆشنبیری یان کۆمەڵایەتیی هیچ کەس لە هەر ئاستێکدابێ.

بەڵام بەپێچەوانەوەی هاندان و پشتیوانی، ئەو تاک و تەرا بەرهەمەی دەبینرێ کە ئاستێکی مامناوەندی یان مەیلەو باشیان هەیە، یان کاتێ

داوودەزگایەک دەیەوێ هەنگاوێک بنێ، یان کەسێک لە شوێنێکدا هەلێکی بۆ هەڵدەکەوێ کاری باش ئەنجام بدات، لەملا و لەولا کەسانێکی لێ پەیدا دەبن، پەنا دەبنە بەر هەموو شت بۆ ریسواکردن و کەمکردنەوە لە نرخ و بایەخیان. بەکورتی تەباییەک پەیدا بووە بۆ سەرکوتینەوەی هەموو گەشییەک لە ژیانی کولتووریدا. ئەمەش بووە بەمایەی باڵکێشانی بێ هیوایی و زیاتر بەتەنگژەبوونی دۆخەکە.

بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی بەرز لەناو کورددا کەمە یان هەر نییە، ئەمەش دۆخێکی گشتییە وەک گوتم، تەنیاش تایبەتی نییە بەکورد. گەلانی دراوسێمان زۆر لە ئێمە باشتر نین لە کاتێکدا جیاوازیمان لە رادەی ئازادی و توانستی مادیدا، ئاسمان و رێسمانە. لە کتێبخانەیەکی ئەوروپادا بەحاڵ بەرهەمێکی فارسی یان تورکی یان عەرەبیت بەرچاو دەکەوێ کرابێت بەزمانێکی ئەوروپایی. وایە، بێگومان دنیای دواکەوتوو لە پیشەسازی و ئابووریدا، دواکەوتووە لە داهێنانی بیرەکی و خەیاڵیش. بەڵام دراوسێیانمان هەر نەبێ بۆ بەرخواردنی ناوەخۆیان (إستهلاك محلي) کەم تا کورتێک – وەک دەڵێن، بەرهەمێکیان هەیە و رۆشنبیرانیان شتێک دەکەن. ئەوەی ئێمە لەم رادەیەش کەمترە. دەبێ وابێ، کولتوورێکی سەرکوتراوە و زمانێکی قەڵس، ناتوانێ بەشی پێویستیی ناوەخۆ بەرهەم بێنێ چ جای ئەوەی لە دەرەوەدا خۆی بنوێنێ. لەمەشدا هەردوولا بەرپرسن، تاکی رۆشنبیر و داوودەزگاگەل. بۆ چارەسەر دەبێ دەزگاکانمان و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن، تۆزێک لەم خۆپەرستی و هەلپەرستییە کەم کەنەوە کە گرتوونی، با جارێک بەچاک بڵێن چاک. کردنەوەی دەرفەت و دەلیڤە بۆ کاری باش ئەرکی ئەوانەیە لە دەزگا رۆشنبیرییەکاندا بەرپرسیارەتییان هەیە، یان هەر کەسێکی تر کە شوێنەکەی شیاوە بۆ پشتیوانی و هاندان.

بۆ تاکی رۆشنبیریش، هەڵبەت یەکێک بیەوێ داهێنان پێشکێش بکات، دەبێ ماندوو ببێ و ئەرک بکێشێ. داهێنان کارێکی تاکە کەسییە و کەم وابووە کارێکی گشتی داهێنانی تێدا کرابێ، مەگەر تاکەکان وەک کارکەر

تیــایدا هـەڵســووڕابن نـەک وەک بیــرکــردنەوە. لەبـەرئەمــەیە داهـێنەر زیاتر گۆشەگیر و لاپەڕگرە نەک جەماوەری و کۆمەڵایەتی. ڕۆشنبیری کورد ناتوانێ لە بێ داهێنانیی خۆیدا، هەمیشـە گـازن و گلەیی بخـاتەوە ئـەستۆی مێژووی ستەمکار و نەیار، یان هـەلومەرجی نەگونجاوی لارەوە. وا نییە کە هەمـوودەم کەسـانی بەرپرس تاوانبـار بن لە ئاست کەمـوکورتییەکاندا، تاکیش بۆ خۆی ئەگەر بیـەوێ داهێنان بکات پێشی لێ ناگیرێ. دەبێ هـەندێک جار ڕۆشـنـبیر بەخۆشیدا بچێتەوە و ئاوڕێکی ساردیش بکات بەسەری خۆیدا. کەموکوڕی هەر لە دەرەوەی ئەودا نییـە، لە ناوەوەشـیدایە. با بپرسـین بۆ: یەشار کـەمـاڵێک، ئەمین مـەعلووفێک، ئۆرهان پامـووکێک، گـابریل گارسـیا مـارکیـزێک لە ناو جڤاکی کوردیدا دەرناکەون؟ یان لە وێنەی ڕۆمـاننووسانی جەزائیر و مـەغریب کە کێبـەرکێی ڕۆمـانووسـانی فرەنسـا دەکـەن. خۆ ئەمـانە کەسیـان ئەورووپایی نین.

گرفتی ڕۆشنبیـریی کوردی هەر سەرکوتینەوەی سیاسیی لەمێژینە یان نەبوونی هـەلی رەخسـاو بۆ بڵاوکـردنەوە نییـە وەک گوترا، بگرە گـرفت زمـان نەزانـین و دەرگــە و پەنجــەرەی داخــراوی مــاڵی خــۆشــمــانە، هـەروەها بەرچاوتەنگی و پەنگدانەوەی رک و کینەی بێ واتا و تەوەزەلی. ماوەی چەندان ساڵە چاومان نەکەتووە بەهەواڵی دەرچوونی کتێبێکی گرینگ لە ڕۆئاوا یان لە وڵاتانی دراوســیش، کـە نووســەرێکی خـۆمـاڵی خـوێندبێـتـیــەوە و لەســەری نووسـیبێ. تەنانەت سـەرسام دەبین، کـاتێ لەم هـەمـوو بەرهـەمـە تازەیەی کـە لە دەزگـاکـانی چـاپ و بڵاوکـردنـەوەی کـوردسـتـانیش دەردەچن، کــەم وا دەبێ یەکـێکیـان لەســەری بنووسـرێ. وا دیـارە کـەس نەیخـوێندووەتەوە، یـان هیـچ لەباری کەسدا نەماوە، یان بەلای زۆرەوە چاوی بەرایی نادات بۆ کاری ئەوانی تر. لە ئەنجامی ئەم حاڵ و رەوشەدا، داوودەزگای کولتووری کوردی و ئەوانەی بەڕێوەیان دەبەن یان کاریان تێدا دەکەن، هەروها تاکی ڕۆشنبیر بەگشتی، لە تەنگژەیەکی بینەقاقاگرتوودا دەژین، ئاوێک نەجووڵێ بۆن دەکات چ دەزگا بێ چ مرۆڤ.

ئەمە ڕەوشە گشتییەکە بوو. نموونەیەکیش بۆ گەشیی بوارەکە دەهێنمەوە ئەویش کارەکانی دەزگای ئاراسە. دیارە دەزگای تریش هەیە کاری گرینگ ئەنجام دەدەن و بەشێکن لە گەشییەکە: سەردەم، موکریانی، سپیرێز، بنکەی ژین، ئەنستیتوی کەلەپووری کورد و چەندانی تر. بەڵام بۆ نموونە ئاراس دەهێنمەوە، کە لەم ڕۆژانەدا ١١٥ کتێبی بەجارێک بڵاو کردەوە. بەمەش ژمارەی چاپکراوەکانی لە ٦٥٠ کتێب تێپەڕی کرد. ئەم نۆرە چاپە تێر و تەسەلە لە ژمارەدا، لە ڕووی جۆریشەوە هەمەلایەنەیە. ناشێ بڵێین هەمووی باشە، بەگشتی سێ پلەن: زۆرباش و باش و مامناوەندی. لەناویاندا شاکاری وا هەیە کتێبخانەی کوردی لەمێژە پێویستی پێیەتی و چاوەڕوانی بووە. پاشتر دێمە سەر باسی هەندێکیان. چەندان لاویش یەکەمجارە دێنە سەر گۆڕەپانی کولتووری کوردییەوە.

ئەم کتێبانە بەکاغەزی باش و بەرگی ڕازاوە و فۆنتی گونجاو، هەروەها چەندان تایبەتمەندیی تری وەک ڕێنووسی ڕێکوپێک و ڕاستکردنەوەی زمانەوانی– ئەگەر پێویست بووبێ، پێشکێش کراون. ئەمانە وا دەکەن ئەم بەرهەمانە کەمتر نەبن لە بەرهەمی داوودەزگاکانی چاپی لبنان و میسر و ئێران و تورکیا. بەڵام سەیر لەوەدا نییە هیچ ڕۆژنامەیەک ئەم چالاکییە گەورەیە ناکات بەهەواڵ یان بەرهەمەکان وەک دەسکەوتێکی ئەم وڵاتە ناخاتە ڕوو، بگرە ڕێگەش خۆش دەکەن بۆ قسەڵۆک و ناتۆرەی ناڕەوا لەلایەن کەسانێکەوە کە فریان بەسەر کولتووری کوردییەوە نییە، ئەوانەی دژایەتیی هەموو گەشییەک دەکەن لە کوردستاندا. یەکێک دەڵێ کتێب چاپکردن هونەر و داهێنان نییە. یەکێکی تر دەڵێ نابێ حکوومەتی هەرێم پشتی ئەم دەزگایە بگرێ لەبەرئەوەی گۆڕینێکی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا نەکردووە. زۆری تریش لەم پڕوپووچانە.

من ناڵێم کارەکانی کەسمان لە لوتکەدایە، بەڵام بەگشتی کولتوورێک لە تەنگژەدا بژی، پێویستی بەکارکردن و شەونخوونی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی و دەبێ خەمی لێ بخورێ. ئەم تەنگژەیەش تەنیا بەکردنەوەی

داوودەزگـــای چاپ و بنکەی هونـەری و ڕۆشنبـیــری، چارەســـەر نابـێ، یان بەبڕینەوەی مـووچە و هـاوکـاری بۆ ڕۆشنبـیـران، کـە تا ئێـسـتـە هـەر ئەمـانە کــراوە، بگرە ئەوەش پێــویـســتـــە کـــە بـەرهـەمی بـاش و هەنگاوی بوێرانە و ئەفرانکارانە، هەڵسـەنگاندنی شیاویان بۆ بکرێ و لـە نرخیـان کـەم نەکرێتـەوە لەپێناو حـەز و مگێـزی کـەسـانیدا. یان بە لەکـەدارکـردن و ناوزڕاندن ڕووی ڕاســتـی نەشـــێـــوێنرێ وەک بـەبەردەوامی کــراوە و دەکــرێ. ئەم ڕەوشـــە پڕ خـەوشـەی ڕۆشنبـیـریی کـوردی، بەپلانـدانان و کـردنەوەی پرۆژەی فـرەوان و بەردەوام بـۆ دانان و وەرگـێـران، هـەروەها کـردنەوەی دەرفـەت بۆ توانسـتی تازەرسکاوی لاوان دەگـۆڕێ، نـەک چوونەپارێز بۆ ریسـواکردنی هـەر کەسێک لەم ولاتەدا دارێک لـەسـەر بەردێک دابنـێ. ئێـمـە لەوەی یەکـەمـدا چالاکین نەک لەوەی دووەمدا.

نامـــەوێ وەلامـی ئەو توڕەهـاتانـە بدەمـــەوە، بەرهـەمی بـاش خـــۆی وەلامی دەمـشکێنە بۆ هـەر کـەس کە زمـانی لار بگەڕێ لـە ئاسـتی ڕاسـتـیدا. وەلامی ئەمـجـۆرە قسـانە ئەوەیە، کـات بەکاری بەسـوود پڕ بکەینەوە. بەسـەرهـاتێکی منداڵیم لەبیـرە: ئەو دەمـە تازە چووبووینە قـوتابخــانە، من و کـوڕە خـاڵێکم هـاوتەمەن بووین، خاڵم مەلابوو، مەلایەکی بێ وەی و ڕۆشنبیر و پەپوولە ئاسا، نەک وەک ئەوانـەی ئەمـڕۆ بـەگژ هەمـوو شـتـدا دەچنەوە. جـاربەجـار بـانگی دەکردین و ئامۆژگاریی بەسـوودی دەدا بەگوێمـاندا. بۆ نموونە دەیگوت ئەگەر منداڵانـی تر لە ڕێی قـوتابخــانەدا جنێـویان پێ دان، یان بەردیان تێ گـرتن، وەلامیان مەدەنەوە، زیاتر بـخوێنن و هـەوڵ بدەن لە تاقیکردنەوەدا چەند پلەیەک لەوان زیاتر بێنن. دەیگوت ئەمـە باشـترین وەلامـە بۆ ئـەو کـەسـەی شـەڕت پێ دەفرۆشێ. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ئەو ئامۆژگارییانەم لە گوێدا دەزرینگێنەوە.

زۆر کەس لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا کاریان ئەوەیە کۆسپە بخـەنە سـەر ڕێگەی کـاری بـاش. ئاسـاییـیـە فـاشـیل مـردنی خـۆی لە سـەرکـەوتنی خـەڵکدا ببـینـێ. بـەلام وەلام بۆ فـاشـیل کـارکردنی زیاترە بەبێـدەنگی، هـەرچەندە کـە بێدەنگیی بەردەوامیش هـاندەرێکە بۆیان. ئەوان ئەم بێـدەنگیـیـە دەقـۆزنەوە بۆ

پیلان و پەلامـاری زیاتر. لەبەرئەمـە ویسـتم ئەمـجارە لەم دەرفـەتـەدا بەکورتی باسی هەنـدێک لەو کتـێـبانە بکەم کە چاپیـان دەکـەین، هـەروا بۆچی هەڵیـان دەبژێرین. هەندێک کەس تیر و توانجی نابەجێ لە کارەکـانمان دەدەن گوایە کتێبی باش نین، ئەمەش بێ مەزەبییە. زۆر سەیرن ئەمـانە، من مەرج دەکەم لەم هەموو بەرهەمەی ئاراسدا تەنانەت یەک کتێبیشیان خوێندبێتەوە.

وێڕای ژمارەی زۆری بەرهەم، تاکە دەزگایەک هەبێ بەهەر چوار دیالەکتی: کرمـانجیی خـواروو و سـەروو، گۆرانی و کەلهوڕی بەرهەمی بڵاوکردبێتـەوە، ئاراســە. یان بۆ هـەر چوار پارچەی کــوردســتــان کــاری کــردبێ، یـان بێ ڕەچاوکـردنی سـەنگەری سیـاسـی و حزبـایەتی، یان بێ نـاوچەگـەری یان بێ ڕەچاوکردنی ناسین و نەناسینی نووسەر، بەرهەمی بۆ بڵاوکردبنەوە، ئاراسە. هەڵبـەت هەمـوو کارێک شاکار نییـە و هەمـوو کتێبێکیش مەرج نییـە پلە یەک بێت، یان هەمـوو کەس بیـخوێنیتـەوە. هەموو نووسـەر و وەرگێڕێکیش کە تازە دەست پـێ دەکــات، ســادە دەنووسـێ و دەبێ پشــتی بگیــرێ، دەبێ لەلایەن داوودەزگــاکــەلەوە ڕێـی بۆ خـۆش بکرێ، کـە ئاراس ســەدانی وای کــردووە. کێشـەی کوردستـان کـەمیی خوێنەرە، ئەمـەش کێشـەیەکی گشـتی و باسـێکی فرەوانە دەبێ لە دەرفەتێکی تردا بەدرێژی لێی بدوێین.

دێمـەوە سـەر باسـی ملمـلانە، من پێم وایە دەبێ ملمـلانە لەگەڵ ژیان خـۆیدا بکرێت کـە هـەمـوو سـات بـەرەوپێش دەچێ نەک لەگـەڵ ئەوانەی پاشـقـولت لێ دەگـرن و دەتبـەنەوە پاش. مـرۆڤ بۆ ئەوە کـار دەکـات واتایەک بدات بـەژیانی خـۆی، جـا ئەم واتایە بۆ هـەرکـەسـە و شتـێکە. ملمـلانێ لەگەڵ گرووپی لاواز و کەسـانێکدا کە مشەخـۆرن، زەرەرە بۆ مـرۆڤی خـەباتکار. زۆر کـەسی بچـووک لەم وڵاتەدا شـوێنـی بەرزیان وەرگـرتووە، شـوێنێک کـە ناتـوانن بەکـاری چاک پڕی بکەنەوە، دێن کاری گەند دەکەن. گەلۆ کولتوورێک کەسـانی لەم جۆرانەی تێدا کـارا بێ یان جڵـەوداری بن، دەبێ ڕێ بۆ چ داهێنـەرێک بکاتەوە و پشـتی کام نووزەی داهێنان و کاری باش بگرێ.

ڕۆشنبیر هـەیە لاپەڕەی ڕۆژنامە پڕ دەکاتە بە توانج و قسـەی نابەجێ، بەڵام

کە لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا تاقیکردنەوەی پێ دەکەی، بەهەزار ناری عەلی پەنجا دەهێنێ لە سەت. لەبەرهەندێ ئەو کولتوورەی ئەم جۆرە کەسانە بەرهەمی دەهێنن، راستە بووە بەمایەی گۆڕان لە داوونەریتی گشتیی کۆمەڵگەدا، بەڵام گۆڕانێکە بەئاراستەی دواوە، بەئاراستەی ئاژاوە. مامۆستایەک نەتوانێ قوتابییەکانی سەرسام بکات، دەبێ چ نەفعێکی هەبێ بۆ موڵک و میللەت – حاجی گوتەنی. لەم قسانەدا مەبەستم لە کەسێکی دیاریکراو نییە بەڵام ئەگەر یەکێک خۆی لەم دێرانەدا دەناسێتەوە چ لاریم نییە. ئاشکرایە کە بەرهەم دەبێ خۆی پێناسەی خۆی بدات. ماوەی نۆ ساڵە شاباش و ریکلام بۆ کتێبی ئاراس نەکراوە. ڕۆژنامەیەک نەبووە شاباش بۆ یەک چالاکیی ئەم دەزگایە بکات. جاری وا هەبووە رووداوی زۆر گرینگ رووی داوە وەک خەڵاتکردنی نووسەران، هەندێک بڵاوکراوە نەیانکردووە بەهەواڵیش. بەڵام مێژوو دواجار کەسانێک دەینووسنەوە نەخۆشیی دەروونی و گرێکوێرەیان نییە.

ئێمە شانازی دەکەین لە ماوەی سێ مانگدا ئەم هەموو کتێبە باشە پێشکێش بکەین. لەناویاندا شاکاری کلاسیک هەیە، وەک سەرجەم بەرهەمەکانی مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی لە دوو بەرگی ٦٠٠ لاپەڕەییدا. یان سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی کۆماری مەهاباد کە تا ئێستە نەکەتوونەتە بەرچاوی خەڵک. ئەم کارەی دوایی بەهاوبەشی لەگەڵ بنکەی ژیندا، ئەنجام دراوە. یەکەمجاریشە کاری هاوبەش لە نێوان دوو دەزگای کوردستاندا بکرێ. چاپکردنەوەی بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کەرکوک کە بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی کوردی لە سییەکانی سەدەی رابردوودا لە کەرکووک دەرچووە. هەروەها کتێبێکی تر لە بارەی پێناسەی کولتووریی کەرکووکەوە کە پێناسەیەکی کوردییە، کتێبێکی تریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ناحەزانی کوردبوونی کەرکووک. ئەمانە نموونەی چاپکراوی تازەی ئاراسن.

لە بواری وەرگێڕاندا چەندان شاکار لەم هەڵمەتەی ئەم جارەدا هەن، بۆ نموونە: هاملێت و ماکبێسی شەکسبیر کە یەکڕاست لە زمانی ئینگلیزییەوە

کراون بەکوردی. یەکەمیان رەئووف موفتی زادە و دووەم عەبدولخالیق یەعقووبی. کردنی سەرجەم بەرهەمی شەکسپیر بەکوردی یەکێکە لە پرۆژە داهاتووەکانی ئاراس و هیوادارین ئەوانەی دەتوانن خۆیان لەم بابەتە بدەن، هاوکاریمان بکەن. هەروەها لەگەڵ نووسەر و شانۆکار دانا رەئووفدا رێک کەوتووین سەت شانۆنامەی جیهانی لە زمانە بنەڕەتییەکانیانەوە بکەین بەکوردی و ئەو خۆی سەرپەرشتیی زنجیرەکە بکات. تا ئێستە هەشت دانە لەم شانۆنامانە چاپ کراون و چەندان وەرگێڕ بەشدارییان تێدا کردووە. هەندێکیان ناوی تازەن.

لە بواری مێژوو یان کوردناسیدا، دوو کتێبی گرینگ یەکیان "کۆتاییی عێراق" لە نووسینی پیتەر گالبریت، لەلایەن مامکاکەوە کراوە بەکوردی. ئەوی تریان "کتێبی رەشی سەدام حوسێن"، لەلایەن خەسرۆ بۆتانییەوە کراوە بەعەرەبی. ئەم کتێبەی دوایی لە نووسینی رۆژنامەنووس کریس کۆچێرایە. ئەم دوو وەرگێڕە: مامکاک و خەسرۆ بۆتانی بۆ یەکەمین جارە لەلایەن دەزگایەکی کوردییەوە پشتگیری دەکرێن و تواناکانیان دەکەوێتە ڕوو. لەمەوپێشیش کتێبی ئوسامەی جۆناسان راندل لەلایەن مامکاکەوە کرا بەکوردی و هەر ئاراس بڵاوی کردەوە و کتێبێکی فرەفرۆش بوو. گۆران سەباح وەرگێڕێکی لاوە و تا ئێستا سێ کتێبی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە و ئاراس بڵاوی کردوونەتەوە: یەکەمیان گەندەڵی حکوومەت، دووەمیان تیۆری سیاسی، ئەمەی دوایی شاکارێکە لە بواری کۆمەڵناسیدا. ئەمانە چەند نموونەیەکی سەرپێیین بۆ وەڵامی ئەوانەی دەڵێن لە سەردەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا رۆشنبیریی کوردی نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێک بۆ پێش بنێ. ئەم قسەیە راستییەکی تێدا نییە و تەنیا بێ ویژدانیش دەیکات.

لە رۆژنامەکاندا شاباشێکمان بڵاوکردەوە بۆ وەرگێڕانی کتێب بۆ لاوان، چەندان کەس بەدەنگمانەوە هاتن. هەموویان لاون و پێشتر بەرهەمیان نەبووە. لەگەڵیاندا رێک کەوتووین کتێب لە زمانانی ترەوە وەربگێڕن و چاپیان بکەین. ئەمە پرۆژەیەکی تازەیە و بەکر شوانی سەرپەرشتیی دەکات. هەڵبەتە

بڵاوکردنەوەی کاری لاوان پرسێکی ئاسان نییە بۆ داوودەزگای چاپ. دەبێ ماندووبوونێکی زۆر بکێشین بۆ پێداچوونەوەی کارەکانیان. ئاراس ئەم ڕۆڵە بەشانازییەوە دەبینێ و چاوەڕوانین لە داهاتوودا چەندان وەرگێڕی لاو لە سایەی ئەم پرۆژانەوە پێ بگەن و تەکان بە رەوشە چەقیوەکە بدەین.

شاکارێکی تری ئاراس ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموکە، ئەو نووسەرەی کە ساڵی پار خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت. بەکر شوانی ئەم ڕۆمانەی لە تورکییەوە کردووە بەکوردی و بەختیار عەلی پێشەکییەکی درێژی بۆ نووسیوە. وەرگێرانی ئەم رۆمانە قەڵەمبازێکە بۆ ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردی. کوردییەکی رەوان و زمانێکی بێ گرێ. ئەمانەش وەرگێڕ وەک مژدەیەک بەگۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردی دەناسێنن. ئەم کارە، وەک زۆربەی وەرگێڕاوەکانی تر بەهاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان وەرگێڕ و دەزگای ئاراسدا کراوە. واتە پرۆژەکان لە بنەڕەتەوە پرۆژەی دەزگای ئاراسن.

وەرگێڕێکی تر کە دەزگاکەمان شانازیی کارکردنی لەگەڵدا دەکات، دلاوەر قەرەداغییە. دلاوەر لەم هەڵمەتە تازەیەی چاپی کتێبدا بەشی شێری بەرکەوتووە و حەوت بەرهەمی بۆ چاپ کراوە. دوا بەرهەم ڕۆمانی مەسیح لە خاچ دەدەنەوەی نیکۆس کازانتزاکییە. ئەمە ئاراسە کە بەمتمانەوە پشتیوانی لەم قەڵەمە بەبڕشتە لاوانە دەکات و دەرگەیان بۆ دەخاتە سەر گازی پشت. لە کاتێکدا زۆر لە نووسەرانی لاو لە شوێنانی تردا دەستیان بەڕووەوە دەنرێ و بێ هومێد دەکرێن.

زۆر بەرهەمی کەلەپووری هەیە، کە ئێمە بەشانازییەوە زیندوویان دەکەینەوە. لەوانە هەشت بەرگ لە بەرهەمەکانی شەهید شاکر فەتاح کە زیاتر لە ٦ هەزار لاپەڕەی گرتووە. سەرجەم بەرهەمەکانی سوارەی ئێڵخانی زادەی شاعیری کوردی ڕۆهەڵات. هەروەها سەرجەم ئەو بەیتە فۆلکلۆرییانەی کە د. قادر فەتاحی قازی کاتی خۆی کۆی کردبوونەوە. هەموو لێکۆڵەوەیەکی ئەم بوارە پێویستی بەم کتێبە دانسقەیە هەیە و دەستیش ناکەوێت. چەندان بەرهەمی تر کە لەو پەڕی دنیاوە دەستمان کەوتوون، وەک بەرهەمەکانی

حەجیێ جندی کە یەکێک بووە لە شۆڕەسوارانی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە سۆڤیەتی کۆن. هەروەها چاپکردنەوەی شاکاری مەم و زینی خانی و دیوانی مەلای جزیری بەپیتی لاتینی، ئامادەکردنیان لەلایەن عارف زێرەڤانەوە.

زیاتر لەسەری نەڕۆم، ئەمانە بەشێکن لە شاکارە دەگمەنەکانی دەزگاکەمان لە ماوەی تەنیا سێ مانگدا. لەم کارانەدا چەندان کەس بەبێدەنگی وەک مێرووله دەجوولێنەوە. ئەم کارانە لە جیاتی ئەوەی دڵخۆشی بدەن بەهەندێک کەس و شاگەشکەیان بکەن، بۆیان بوونە بەمێردەزمەی شەوان. بەڵام ئێمە چاوەڕوانی دەسخۆشین لە میللەت، هەر میللەتە کە قەدری ئەم کارانە دەزانێ نەک مشەخۆران و هەلپەروەران. باوەڕیشمان وەک ئەو قسە نەستەقەیە کە دەڵێ داری بەردار بەردی تێ دەگیرێ. دواجاریش دەڵێم، ئاراس تەنیا شانازیی کەسێک نییە، بگرە شانازیی ئەزموونێکی حوکمڕانییە لە کوردستاندا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە پشت سەدان پرۆژەی ڕۆشنبیرییەوە بووە و دریغیی نەکردووە بۆ هەر کەسێک کە پێشنیاز و بیرێکی بەجێی هەبووبێ، چەند بچووکیش بووبێ. دوای هەمووی، ئەم کارانە شانازییە بۆ من و کارمەندە ماندووەتی نەناسەکانی دەزگا و ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن. ئاراس لە یادمانی هاوولاتیی کورددا هەمیشە ئاماژی پەڕینەوە بووە بەرەو سەرفرازی، لەساڵی ٤٧ەوە کە بارزانی و هاوەڵەکانی دڕیان بەشەوەزەنگی چاخی کۆیلەیی دا تا ئەمڕۆ. ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەم ئاماژە ون نەکەن و بیپارێزین.

با قسەیەک لەبارەی ناوی بزاویشەوە بکەم بۆ ئەوانەی پێی سەرقاڵن. ئەم کۆوارە لە ماوەی چەند ژمارەیەکدا شوێنی خۆی کردەوە. ئەوە ڕێکخستن و بەرنامەدانان و هەڵبژاردنی کەسی شیاوە بۆ شوێنی خۆی، کە دەبێ بەمایەی کاری باش و سەرکەوتوو، نەک بودجەی زۆر. بزاو بودجەکەی لە هاوشێوەکانی خۆی زۆر کەمترە. بۆ وشەی بزاویش زۆر تیر و تەشەری بێ واتا دەهاوێژرێن، وەک ئەوەی وشەی بزاڤ کراوە بە بزاو، ئەمەش گوایە واتای

نازانم چی دەگەینی، من نووسینەکانم بەڵگەن بۆ ئەوەی لە پرسی زمانی کوردیدا چەندا کوردانە و مەردانە بیر دەکەمەوە و چەند دژی ناوچەگەریم. لە کرمانجیی سەروودا پیتی ڤ دەبێ بە واو لە خوارووددا، ئەمە ئاساییە و کەس گلەیی ناکات چاڤ و ئاڤ و داڤ و باڤ بوونەتە چاو و ئاو و داو و باو لە کرمانجیی خوارووددا. بەڵام لەبەرئەمە نییە ئێمە بزاو دەنووسین لە جیاتی بزاڤ، وشەی بزاو هەر خۆی لە زمانی کوردیدا هەیە. وشەکە لە بەیتی خانزاد و لە شکری وەرگیراوە کە محەمەد تۆفیق وردی لە ١٩٦١دا بڵاوی کردووەتەوە. وا دیارە گردێک یان بانێک لە ناوچەی هەریر یان ڕەواندز بەناوی بانی بزاوان لە سەردەمانی کۆندا هەبووە. رەنگە ئێستەش ئەو ناوە مابێ. فەرموو ئەوەی گوڵلەی بەتاریکییەوە دەنێ، کارێکی چەند نابەرپرسانە و ترسنۆکانە دەکات. ڕاستت پێ بڵێم، ئەمە کاری ڕەشەیە کە دژی گەشەی کولتووری کوردی سەنگەر دەگرێ.

ڕەشە یان مرۆڤی بچووک کە شوێنی گەورەی پێ برا، ناتوانێ ئەو شوێنە بەگەورەیی پڕ بکاتەوە، دێ بچووکی دەکاتەوە. ئەمە بەشێکە لە کارەساتی گێلگەی کولتووری کوردی. هەنگاونان لەم گێلگەیەدا ئەشکەنجەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بۆ پێش بڕۆن و گەشە بکەن. تەنیا ئەوەندەیە، مرۆڤ دڵی خۆشە کە لەم وڵاتەدا خەڵکێک هەیە ئەگەر کولتوورێکی باشی پێشکێش بکەی، داوونەریتە کۆنەکەی لەلا دەگۆڕێ و بۆ پێش دەچێ، ئەمەیە هاندەر و ئاسۆی گەشی کوردستان. بێ لەمەش، وڵات وەک دایک و باوک وایە بۆ مرۆڤ. دایک و باوک هیچ کات جێگرەوەیان نییە و مرۆڤ ناتوانێ دەسبەرداریان بێ، ئەگینا ئەمانە وڵاتیان لەبەر دڵمان رەش کردووە، خوا بیانگرێ.

میدیا ٣٠٨ لە ٢٠٠٧/٩/٢٥

## ژیان بۆ کورد گەشبینییە

زۆربەی خەڵک پێیان وایە بەختیاری و خەمباری دوو واتان، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەئاستی بژێوی و گوزەرانەوە هەیە. وا دەزانن بۆ ئەوەی مرۆڤ

بەختیارانە بژی دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە دەسڕۆیشتوو بێت. ئەگەریش ترازووی ئابوورییەکەی دایە لاسەنگی و سەرپێچی، ئەوا کەشی بەختیاری کاڵ دەبێتەوە و خەمباری باڵ دەکێشێ. ئەمە تێگەیشتنی زۆربەی خەڵکە. بەڵام ئەگەر تۆزێک لە دەوروبەر ورد ببینەوە دەبینین مەرج نییە ئەم تێگەیشتنە ڕاست بێت. دەبینین ئەو بەختیارییەی کە بەرزیی ئاستی گوزەران دابینی دەکات بەختیارییەکی کاتییە، یان دەتوانین بڵێین ڕواڵەتییە و زیاتر لە دیمەندا خۆی دەنوێنێ نەک لە ناوەڕۆک.

نموونە زۆرن بۆ ئەوەی مرۆڤ توانیبیەتی بەختەوەر بژی لە ژینگەیەکی بەراییانە و سادەدا. جاران ژیان سادەتر بوو لە ئێستا، پێش پەنجا ساڵ خەڵکی کوردستان بەشی زۆریان ژار و بەلەنگاز بوون، بەنانێکی هەژارانە بەڕێوە دەچوون، کەچی دەروونیان خۆشتر بوو. بەپێچەوانەی ئێستا بوون، کە پێشکەوتنی ئابووری، شۆڕشی تەکنۆلۆجی، پێشکەوتنی چارەسەری نەخۆشی، پێشکەوتنی خوێندەواری و گواستنەوە و گەیاندن، هەموو ئەمانە لە وردەکارییەکانی ژیانی ئەمڕۆی خەڵکدا ڕەنگی داوەتەوە، کەچی دەروونیان خەمبار و شێواوە. ئەگەر بەپێشکەوتنی بناخەی ژیان بوایە، دەبوو مرۆڤی ئێستا بەختەوەرتر بێ لە مرۆڤی جاران.

بەگشتی، خدوو و نەریتێکی مرۆڤانەیە کە بەردەوام ئاخ بۆ دوێنێ هەڵدەکێشێ و پێی وایە دوێنێ خۆشتر بوو، ئەمەش ڕاست نییە. ژیانی دوێنێ خۆشتر نەبوو لە ژیانی ئەمڕۆ، یەکێک وا بیر بکاتەوە بەهەڵەدا چووە. مرۆڤ لە نەزانییەوە یان لە ڕووکەشییەوە وا تێ دەگات دوێنێ خۆشتر بووە. ڕەنگە کۆمەڵناس و دەروونناسێک باشتر بتوانن لەم بابەتە بدوێن کە بۆچی مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم ئەو خەمۆکییەیە کە ڕاگەیاندن دەیهێنێتە بەرهەم و دەیسەپێنێ بەسەر ژیانی خەڵکدا بێ ئەوەی خەڵکەکە خۆیان هەستی پێ بکەن. بەتایبەتیش لەم دەقەرە دواکەوتووەی دنیادا کە هیچ شتێک لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی زانستییانە بەڕێوە ناچێ.

ڕاستییەکی سەیرە کە دەبینین ئەمڕۆ مرۆڤ خۆشبژیترە لە جاران بەڵام

خەماویترە، دەبوو پێچەوانە بێت. من وای بۆ دەچم بەشی گەورەی ئەم وەرەزی و خەمۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی پێشکەوتنی گواستنەوە و گەیاندن بەجێی دێڵێ. ئاشکرایە هۆیەلی گواستنەوە و گەیاندن ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە گەیاندنی زانیاری و بیر و بۆچووندا، ڕێگە کورت دەکەنەوە بۆ گەیشتن و ناسین و زانین، مرۆڤی سەردەم خێرا و سانا لە شوێنێکەوە دەچێ بۆ شوێنێکی تر. نەشگەڕێ، زانین و زانیاریی بۆ دێتە ناو ماڵ. دەتوانێ بەرزترین پلەی خوێندن تەواو بکات بێ ئەوەی پێی لە ماڵ چووبێتە دەر. ئەمانە ئاسانکاریی هاوسەردەمن کە پێشکەوتنی گواستنەوە و گەیاندن و سیستەمی نوێی ژیان دایان هێناوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ئاسانکارییانە سیحری ژیان کەم دەکەنەوە. بەسروشت مرۆڤ حەز دەکات بگات بەهەموو شت بەڵام کە پێی گەیی دەیبێزێنێ و لە بەرچاوی دەکەوێ. ئەمە هۆیەکی گشتییە کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێ بەمایەی خەمباری و لێوبەباری، بەڵام ئەوەی زۆر تایبەتە بەم دەڤەرەی خۆمانەوە کە بەشێکین لە جڤاکی ڕۆهەڵات، یان جڤاکی موسڵمان، ئەوەیە ڕاگەیاندن بەتایبەتیش تەلەفزیۆن، لە تەلەفزیۆنیشدا بەڵاڤۆکی دەنگوباس و بەرنامەی سیاسی بوونەتە مایەی وێرانبوونی دەروونی بۆ ئەوانەی دەکەونە بەری.

بەڵاڤۆکی دەنگوباسی ڕاگەیاندنی ناوچەی ئێمە، کوردیش لەگەڵیدا، سەرتاسەر شەڕ و پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوە و گرەو و گرژی و تیژی و ئاژاوەی سیاسییە. کەم جار لەم چوارچێوەیە دەردەکەوێ، دەریش بکەوێ یان ڕەشەبا و بۆران و لافاو و ئاگربەربوونە یان بلەرزەی زەوی، یان بڵاوبوونەوەی پەتای وەک ئەنفلەوەنزای باڵندە و کۆلێرا. لە بەڵاڤۆکی دەنگوباسێکدا، کە ئێمە ڕۆژانە دەکەوینە پێشی، گەشیی ژیان و تامەزرۆییی مرۆڤ بۆ داهاتوو یان هاندەرێک بۆ سبەینێ، ڕەنگ ناداتەوە. ڕۆژانە دەنگوباسی خۆتەقاندنەوە، کوشتار، هەڕەشەی چەکی ناوکەیی، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت، قاتوقڕی، هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ، دەنگوباسی لە دادگەدان و هەڵواسینی تاوانباران، هەڕەشەی لەناوبردنی خەڵک،

پاشگەزبوونەوەی سـیـاسـیـیـەکـان لە بەڵێنەکـانیـان، هەنگاوی بەرەواژی دیموکراسی، تەشەنەکردنی گەندەڵی. هەمـوو ئەمانە شادێرەکانی دەنگوباسی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانن لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەگشتی مرۆڤ خۆی شەیدای وروژاندنە، بەتایبەتی مرۆڤی ئەم ناوچەیەی ئێمە، بەردەوام حەز دەکات کەم و کەسرییەکانی دەوروپشت بزانێ تا خۆی تێیاندا بدۆزێتەوە. ئەوانەش کە لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن وا دەزانن کاری ڕاگەیاندن ئەوەیە تیشک بخاتە سەر کردەوەی چەوت و چەواشە، ئەمانە بەم کارەیان بیانەوێ نەیانەوێ ئەم تامەزرۆییە نەخۆشانییەی مرۆڤی ڕۆهەڵاتی تێر دەکەن. بێ ئەوەی بزانن بەگرتنەبەری ئەم ڕێبازە، قوتابخانەیەک دەکەنەوە بۆ فێرکردنی چەوتی و چەواشەیی، یان هەر نەبێ قوتابخانەیەک بۆ تەپاندنی ورە و وێرانکردنی دەروون. بۆیە ئەوەی من دەیبینم، بەشێک لەو ڕەشبینییەی باڵی بەسەر خەڵکدا کێشاوە، دەسکردی ڕاگەیاندنە و ڕاگەیاندن لێی بەرپرسیارە. ئەمەش ئەو شتەیە هەمیشە باس دەکرێت و دەگوترێتەوە کەوا پێویستە ئەوانەی لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن بەتایبەتی بەرپرسیارەکان، شارەزایی و پسپۆڕییەکیان هەبێت لەم بوارەدا و هەمـوو لایەکی ئەو پرسانەیان پشکنیبێ کە تاوتوێیان دەکەن. بێگومان هەر کارێک لە نەزانییەوە بکرێ، گەمەکردنە بەئاگر، ئەویش لەبەر ئەنجامە چەوتەکانی. ڕەنگە ڕاگەیاندنی عەرەبی بەتایبەتی هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەکانیان، بەبەرنامە ئەم کارە بکەن و مەبەستیان بێ میللەتێکی پەست و تووڕە و دڵ بەکین بەرهەم بێنن، ئەوان خەڵک ساز دەدەن بۆ دژایەتیی نەیارێک کە ئیسرایل و ئەمەریکا یان ڕۆئاوا یان هەر شتێکی ترە. ئێمەی کورد دوژێکمان هەیە جیایە. نەخشەڕێگەی ئێمە تەواو جیایە لەوەی ناوچەکە هەیەتی، دەبێ ڕاگەیاندنی کوردی لە کاری خۆیدا بەرنامەی سەربەخۆی هەبێت و کێلەڕێی تایبەت بکات بەنیشان. ئەوا ئێمە چەندان ساڵە ئازادین، ژیانمان لە هەمـوو ڕووێکەوە بەرەوپێشە، بەڵام ڕەشبین و خەمبارین، لە کاتێکدا دەبوو گەشبینی سەرتاپێمانی بتەنیایە. ژیان دەبێ گەشبینی بێ،

بەتایبەتی بۆ کوردە وێڵەی ئێمە کە بەم درەنگانە کەوتە سەر شارێگەی ڕاستەقینەی ژیان.

گەشبین ١ لە ٢٠٠٧/٩/٢٥

## کورد گەلێکی ئاخرخێر

ئەو شتەی شەڕ دەیهێنێ مەگەر شەڕ خۆی بیباتەوە ئەگینا بەکەس ناچێتەوە. ئەم گوتەیە تیۆرییەکی سیاسی یان سەربازی نییە لە شوێنێکدا بەرچاوم کەوتبێ و بەنموونە هێنابمەوە، قسەیەکە و لە خۆمەوە دەیکەم. بەڵام ڕاستییەکیشە بەڵگەی مێژوویی پشتڕاستی دەکاتەوە، هەر نەبێ مێژووی کورد. بێگومانم لەوەی نرخ و بایەخی ئەم ڕاستییە لە دەقی تیۆرییەک کەمتر نییە. بۆ نموونە سنووری نێوان زۆر لە وڵاتان بەکوردستانیشەوە بەرکەوتی شەڕ و پێکدادانی نێوان شەڕکەران و پاشان ئاگربڕی نێوانیان بووە. جیایی لەوەدایە، لە دۆخی گەلانی تردا زۆربەی جار گەلان خۆیان لایەنی شەڕ بوون بەسەرکەوتن و ژێرکەوتنەوە. لە دۆخی کوردیدا، هیچ کات کورد لایەن نەبووە، هەردەم میواندار و خانەخوێی ماڵوێران بووە. لە هەموو ئەم شەڕانەدا کورد تەنیا زیانی کردووە. شەڕ جگە لە کارەسات و کاولکاری، وڵاتەکەشی دادڕ دادڕ کردوون. لەبەرئەمە "ئەڤین لەم دەڤەرە دادڕاوەدا" تەنیا بۆ یەکگرتنەوە و سڕینەوەی سنوور بووە بەر لە هەموو شتێ. ئەمە یەکەمین ئەڤین بووە و وەک دەڵێن: یەکەمین ئەڤینیش کاڵ نابێتەوە.

کورد وەک لە شەڕدا زیانی کردووە، دیارە هەندێک جار لە شەڕیشدا سوودی وەرگرتووە. دەشێ ئەمەش تیۆرییەکی تر بێ و بچێتە پاڵ تیۆرییەکەی پێشوو. نموونە: ئەو گەوجییەی سەدام بەگرتنی کوێت کردی، بوو بەمایەی خێر و بەرەکەت بۆ کورد. ئەو ئازادی و گەشییەی ئێستە بەسەری دەبات، بەرکەوتی هۆش و بیری سەرکردەیەک نییە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، کە هەستی مرۆڤییانەی لە ئاست گەلی کوردی موسڵماندا جووڵابێ یان بەرکەوتی

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بزاوی دیموکراسی بێ، بگرە بەرکەوتی ئەو گەوجی و گەلۆرییەیە کە تەنیا سواری سەری سەرکردەی سیاسی دەبێ لەم دەڤەرەی دنیادا. گەوجی، سەرکردە دەباتە کۆڕی شەڕی ناهاوسەنگ و ناژیرانەی ئەوتۆوە، منداڵیش دەزانێ ئەنجامی ئەم شەڕە چی دەبێ. ئێمەی کورد بەختەوەریمان لەوەدایە ڕێژیمگەلی داگیرکەری وڵاتمان، تەنیا بیر لە پەلاماردانی یەکتر و چوونە گۆڕەپانی شەڕی گەورە دەکەنەوە.

لە تیۆریی دووەمدا مەرج ئەوەیە لایەنێکی شەڕەکە بدۆڕێ، ئەگەر نەدۆڕێ، مەرگەسات و ماڵوێرانی روو دەدەنەوە. لەشەڕی عێراق ئێراندا هەردوو ئالی نەدۆڕان، یان دەشێ بڵێین هەردوو ئالی بردیانەوە و بەسەرکەوتوویی واتە بەمانەوەی ڕێژیمەکانیان لەسەر تەختی دەسەڵات تەواو بوون، ئەمەش سەرکەوتن بوو بۆیان بەڵام وەک مایەی خانەخەراپی بۆ کورد و وڵاتەکەیان رەنگی دایەوە. ئاخۆ نکوولّی لەوە دەکرێت، ئەنفال و کیمیاباران بەرهەم و بەرکەوتی ئەو هاوسەنگییە بوون کە ئاکامی شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە هێنایە کایەوە؟ کەواتە لە هەندێک شەڕدا کورد ئاخر خێر و لە هەندێکیشدا ئاخر شەڕ دەردەچن بەگوێرەی ئەنجام. ئەمەش دەشێ ناو بنرێ تیۆریی سێیەم.

ڕێژیمگەلی سیاسی لەم ناوچەیەدا، بچووکترین نووزەی دیموکراسیی گەلان خەفە دەکەن، بچووکترین ماف بەڕەوا نازانن بۆ موسڵمانێکی ستەمدیتەی وەک کورد. دوورترین ڕێژیمی عەرەبی و ئیسلامی لە کوردستانەوە، ئەوەی بەخوێی چێشتیش هیچ بەرژەوەندییەکی لەگەڵ کورددا تێکەڵ نابێتەوە، بۆ سەرکوتینەوەی کورد تەبایە و کێشەی نییە. هەموویان تەبان بۆ مانەوەی عێراق بەیەکگرتوویی، لەمەشدا تەپەسەرکردنی کورد نەبێ هیچ ئارمانجێک لەبەرچاودا نییە. لێرەوە کورد مافی خۆیەتی تەنیا چاوەڕوانی شەڕی ناقۆڵا و گەورە بێ تا هاودین بدۆڕێ و نادین بیباتەوە، مەرگی زاڵم بەدەستی زەواڵ. کەس بەهۆی هیچ دروشم و بەهانەیەکەوە، سکاڵا لەم مافە رەوایەی کورد نەکات.

بەلای عەرەبەوە کورد موسڵمان نییە. سەدام و هاوڵەکانی لەبەردەم دادگەدا نکووڵییان لە قڕکردنی کورد نەکرد. بەشانازییەوە گوتیان بۆ بەرگری لە نەتەوایەتیی عەرەب ئەم دەیان هەزار مرۆڤەیان لەناو بردووە. سوورەتی ئەنفال دوای چواردە سەدە، جاریکی تر بۆ کورد نازل بوو و کەسیش سکاڵای نەبوو. تۆ بیری لێ بکەوە، لە سەدەی چواردەی کۆچیدا کورد ئەنفال کرا، ئاخۆ دەسپێک چییان بەسەر هێنابێ کە موسڵمان نەبوون. گۆڕینی ئاین هیچ کات بەخۆشی و ئاشتی نەبووە، گومانی تێدا نییە باپیرانی کورد بەرگرییەکی مێرانەشیان کردووە لە وڵات و لە ئاینەکەیان، دواجاریش ئەنفال کراون و کراون بەپەندی زەمانە، مێژووش هەر وا دەڵێ.

لە کاتی شەڕی عێراق ئێراندا هەندێک ڕۆشنبیری کورد تیۆرییەکیان هەبوو لە شێوەی ئەمانەی سەرەوە، واتە بەستراویی چارەنووسی کورد بەشەڕەوە. دەیانگوت ئەگەر لەو شەڕەدا، ئێران سەربکەوێ بۆ کورد باشە، لەبەرئەوەی دوو پارچەی کوردستان یەک دەگرنەوە. ئەمە راست بوو ئەگەر ئێران سەربکەوتایە و بووبوایە بەکۆماری ئیسلامی بەڵام ئەگەر عێراق سەر بکەوتایە چی دەبوو؟ ئەم تیۆرییە بەنیوەچڵی مایەوە.

ئێستاش وا پەرەسەندنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەموویان بەرەو ئەوەن، کە ململانەی نێوان ئەمەریکا و ئێران، سەرئەنجام دەبێ بەمایەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و هەڵگیرسانی شەڕێک، چ شەڕێکی سنووردار بۆ لووت شکاندنی ئێران – وەک دەڵێن، یان چ شەڕێکی بێ کۆتایی وەک ئەوەی لە عێراقدا رووی دا. لە هەردوو باریشدا خێر دەداتەوە، کەس سکاڵا لە تکا و نزای کورد نەکات، کورد خێری لە کەس نەدیوە تا نزای خێری بۆ بکات. بەم رەمەزانی خوایە، ئەم کۆماری ئیسلامییە بێ هیچ بیانووێک و هەر بۆ کەڵەگایی، شەو و ڕۆژ ناوەوەی سنوورەکانی کوردستان دەکوتێتەوە و دێهات چۆڵ دەکات. بۆ خێرمان لەوەدا نەبێ خوای تووشی شەڕی ئەمەریکا بکات و وەک ڕێژیمی بەعس ببێ بەپەندی زەمانە؟ ئێمەش لە

پارچەیەکی تردا بەئەڤینی خۆمان بگەینەوە و سەرفراز ببین. بەدیهاتنی ئەڤین لەم وڵاتە دابڕاوەدا تەنیا لە ئاکامی شەڕەکاندایە، ئێمە گەلێکی ئاخر خێرین لە ئاکامی شەڕەکاندا.

بزاو ١٧ لە ٢٠٠٧/٩/٣٠

## ڕۆژنامەنووس ترسنۆکە دانی پێدا دەنێ

سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووس هیچ کاتێ دانوولەیان بەیەکەوە ناکوڵێ. دانوولەی یەکێکیان زوو بکوڵێ، هی ئەوی تریان درەنگ دەکوڵێ. بڕۆ بۆ لای یەکێکیان دەمی بکەوە لە خراپەی ئەوی تر دەدوێ و لێی نارەزایە. ئەم جووتە ناتەبایە سەرەڕای نەکولانیشیان، هەردەم بەیەکەوە دەبینرێن، بێ یەکتر هەڵناکەن، بژێوییان لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ. هەرچەندیش لالووت بن دواجار دەگەڕێنەوە بۆ یەکتر. بەڵام ڕاستت دەوێ، ئەوە ڕۆژنامەنووسە کە سیاسەتوان قەڵس دەکات و دەماری دەبزوێنێ. بەتیر و توانج یان ئاشکراکردنی دیمەنی پشت پەردە، دەیشڵەژێنێ و سەغڵەتی دەکات. هەندێک جار لەمەش تێ دەپەڕێنێ و کورسییەکەی دەخاتە تەق و تۆقەوە. کورتەی قسە، سیاسەتوان لە ڕۆژنامەنووس نارەحەتن، متمانەیان پێ ناکەن، دەڵێن ڕۆژنامەنووس ڕاستی هەڵدەگێڕنەوە و درۆ دەکەن. بەخوا هەقیانە.

ئەگەر بمەوێ لەم نووسینەدا دەماری سیاسەتوانی کورد بگرم و سەغڵەتی بکەم، بەئاسانی شێواز دەدۆزمەوە. بۆ نموونە دەڵێم: کەرکووک ڕۆیی، یان دەڵێم کەرکووک ئاوە و ئاو چوو، یان کەرکووک چووە جێی هەق و سەری دای لە بەرد. ڕاپرسی نەکرا و ناشکرێ. عارەبی هاوردە نەڕۆیشتنەوە و ناشڕۆنەوە. برایەلمان لە بەغدا تازە بەتازە زانیویانە بڕیارێک هەیە دەڵێ پسوولەی ئازووخە لە سێ مانگی کۆتای ساڵدا ناگوازرێتەوە، پرۆسەی دەرکردنی هاوردەش کاتێ دەستی پێ کرد گەیشتبووینە سەرەتای ئەو سێ

مانگە نەگریسە. وایان کرد کەرکووک بگاتە کاروانی نەمران. یان دەڵێم: تا سەری ساڵی نوێ، لێژنەی ١٤٠ دەست لە ئەژنۆ درێژتر دەسوورێنەوە. یان پرسیارێک دەکەم و دەڵێم: ئەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کەی واز لە عەیش و نۆش دەهێنن و کەرکووکتان بیر دێتەوە؟ کەی ئێوەی هەنارده هاوردەمان لە کۆڵ دەکەنەوە.

ڕۆژنامەنووس ناهەقیان نییە وا دەکەن، پیشەکەیان پەیامە و پەیامیش راستگۆیی. کاری ئەو دەرخستنی راستییە، راستیش لەم دەڤەرەی دنیا هەمیشە لە قوڵلەی قافدایە، لە شوێنێکی هێندە سەختە وەک پێشینان گوتوویانە باڵدار بۆی بچێ باڵی دەوەرێ و ناڵدار بۆی بچێ ناڵی دەپەرێ. کێ دەزانێ چارەنووسی کەرکووک بەچی دەگات؟ دڵنیام کەس نازانێ؟ ئەم پرسە هێندە دوور خرایەوە لە رای گشتی، وای لێ هات هاووڵاتیی ئاسایی بایەخی پێ نادات و بابەت نییە بۆی. ڕۆژنامەنووس مرۆڤێکە بەدوای هەواڵی راستدا دەگەڕێ، کە پێی نەگات چەندان چەوتیی دێ بەبیردا. وەلێ سیاسەتوانان بۆ شاردنەوەی راستی، هەزار دێوجامە دەپۆشن.

دەتوانم نموونەیەک بهێنمەوە تا پیاوی سیاسەت باشتر لێم حاڵی ببێ و ناڕەحەت نەبێ بەم قسانە. با بڵێین سیاسەتوان وەک سەرکردەیەکی چاونەترس و ڕۆژنامەنووسیش وەک سەربازێکی ترسنۆک وایە. یەکەمیان لەخۆباییبون بەسەریدا زاڵە و دووەمیان ترس. جارێکیان پیاوێکم ناسی لەگەڵ دەنگی هەر گوللەیەکی شەڕی ناوەخۆدا چەندی دووریش بوایە، زروای دەڕژا و هەترەشی دەچوو، پێی دەکرد بەچوار. سەیرم هات، گەلۆ ئەم پیاوە چۆن توانیویەتی بەم قەڵەزراوییە دە ساڵ پێشمەرگەی شاخ بێت؟ بۆم هەڵنەهات، تا ناچار پرسیارەکەم خستە بەردەم بەرپرسێکی پێشمەرگەی شاخەوە. گوتی: ئەم جۆرە کەسانە لە پەلە پێشمەرگەی پارتیزانیدا زۆر پێویست بوون، وەک رادار هەمیشە بەدوای نیشانەکانی ترسدا دەگەڕان. گوتی: یەک ئاماژەی مەترسی هەبوایە چەندی بچووکیش، ئەو کاکەیە پێی دەحەسا و ئاگەداری دەکردینەوە. گوتی: پەلە پێشمەرگەیەک ترسنۆکێکی لەم جۆرەی لەمەڕ

دۆستەکەی تۆی تێدا بوایە هەرگیز بەسەر بۆسە و پارێزی دوژمندا نەدەکەوت، لەبەرئەوەی ئەو بەهەست دەیزانی مەترسیمان لە پێشە و نەیدەهێشت زیاتر بچین. دەڵێم حاڵی ڕۆژنامەنووس و سیاسەتوانیش دەقاودەق وەک ئەم چیرۆکە وایە. من گوتم: کەرکووک ڕۆیی هیزە فریا کەون، تووڕەبوونی ناوێ، دە ئێوە مەهێڵن بڕوا. دەشێ بڵێین سیاسەتوان دڵیان لە پۆڵایە، گرەو لەسەر شتی گرینگ و چارەنووسی دەکەن و زۆر جاریش دەیدۆڕێنن. بەڵام ڕۆژنامەنووس ترسنۆکن دڵیان لە لۆکەیە زوو دان بەڕاستیدا دەنێن. ڕاستییان لا نەبێ دان بەدرۆدا دەنێن.

خاڵێکی تری تەکولۆ لە پێوەندیی دۆخی نێوان پیاوی سیاسەت و پیاوی ڕۆژنامەدا کە بەیەک ناگەن و تەریبیش نابن، ئەوەیە دووەمیان لە تێگەیشتنی هەواڵ و نووسینی ڕۆژنامەییدا پشت بەراپۆرتنووس دەبەستێ نەک ژیری و لێکدانەوەی بەجێ. ڕاپۆرتنووسیش تەقڵە بەهەردووکیان لێ دەدات، بە پیاوی سیاسەتیش و بە کاکەی ڕۆژنامەنووسیش، تا بتوانێ کەلەبەری نێوانیان گەورە دەکاتەوە بۆ ئەوەی جێی خۆی نەرم بێ. نموونەیەکی لەم جۆرە دەزانم، کاتی خۆی لە ناوەڕاستی حەفتایەکاندا ڕۆماننووسێکی قەرەغیزی بەناوی جەنگیز ئایتماتۆف هەبوو زۆر بەناوبانگ بوو. ئێستەش ماوە بەڵام بەئاوابوونی مانگی سۆسیالیزم ئەستێرەی بەختی ئەویش دایە کزی. ئەو دەم ڕۆمانەکانی ئایتماتۆف زۆر بڵاو بوون و لاوان دەیانخوێندنەوە. هۆی ناوبانگ و بڵاوییەکەشی ئەوە بوو ڕەخنەی لە سیستەمی سۆڤیەت دەگرت. ڕۆمانی "خوا حافیز گولیزەر" یەکێکە لە شاکارەکانی کە گاڵتە بەشێوازی کارکردنی حزبی دەکات. ڕۆمانێکی تری هەیە بەناوی "کەشتیی سپی". لەمەیاندا باس لە منداڵێک دەکات دایک و باوکی نییە. باوکی لە شەڕدا ون بووە، دایکیشی شووی کردووەتەوە و لە شارێکی دووردا دەژی. باپیرەی ئەو منداڵە، ناوەکەیم لە بیر ماوە "مەئموون"، لە گوندێکدا منداڵەکەی لەلایە، بەئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی ڕای دەهێنێ تا ڕادەی ئەوەی منداڵی تاین بڕوا دەکات ئەمانە خەیاڵ و فانتازیای باپیرە نین بگرە ڕاستی و ڕووداون. ڕۆژێکیان بێ ئاگای کەس، ئەو

کاتەی هەموو ماڵ و دراوسێ سەرگەرمی کەیف و شادین، منداڵەکە وردە وردە خۆی دەخزێنیتە ناو ئاوی رووبارەکەوە تا بچێ بەپیری باوکیەوە. باوکی، بەپێی ئەفسانەکانی باپیرە، لەسەر پشتی کەشتییەکی سپیدایە و وا بەڕێوەیە بۆ لایان، چەندان ساڵە دێ و هەر ناگات. رەخنەگرانی راپۆرتنووس راپۆرتیان لە ئایتماتۆف دا گوتیان تۆ لەم رۆمانەدا، پاشەڕۆژ کە منداڵێکی چاوگەشی ژیکەڵەیە لە ئاودا دەخنکێنی. ئەمە زەنگی لەناوچوونی سۆسیالیزمە تۆ لێی دەدەی. گوتی: وایە، بەڵام ئەگەر ئێوە راست دەکەن مەهێڵن لەناو بچێ.

میدیا ٣٠٩ لە ٢٠٠٧/١٠/٢

## ژیان بەچاوی ژن گەشبینییە

کامیان لە ژیاندا گەشبینترن، ژن یان پیاو؟ ئاخۆ کەستان رۆژێک ئەم پرسیارەی لە خۆی کردووە و بەدوای وەڵامەکەیدا گەڕاوە؟ نازانم کەس کردوویەتی یان نا، بەڵام من بۆ خۆم ئەمە یەکەمین جارە بیر لە پرسێکی وا دەکەمەوە و دەمەوێ بزانم کامیان، ژن یان مێر بە گەشبینییەکی زیاترەوە لە ژیان دەڕوانن تا هاندەر بێت بۆ ئەوی تریش وەک ئەو لە ژیان بڕوانێت. لەبەرئەوەی هەرچییەک بێت، ژیان بۆ خۆی گەشبینییە لە بنەڕەتەوە. بەڵام رەشبینی دۆخێکی کاتییە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا، یەکێک دەڵێ پیاو گەشبینترە، ئەی ئەوە نییە لە جڤاکی ئێمەدا پیاو لە سبێ تا ئێوارێ، بەدوای پەیداکردنی بژێویدا را دەکات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ژیانی بەلاوە خۆشە و دەیەوێ لە سایەی بەدیهێنانی دەسکەوتی مایەکییەوە گەشتر و رازاوەتری بکات. هەروەها بپرسێ ئەرێ ئافرەت چ ئاسۆیەکی هەیە لە نێوان چوار دیواری ماڵدا تا گەشبین بنوێنێ؟

بەلای منەوە هەر ئەم وەڵامەی سەرەوە نیشانی دەدات پیاو رەشبینە و ژن گەشبین. پیاو لە دەرەوەی ماڵدا بەرەورووی جڤاکێکی ئاڵۆز دەبێتەوە. مامەڵەی نێوانی خەڵک لە بازێڕی بازرگانیدا، یان لە داوودەزگای میری، یان

له کـاری سـیـاسـەتدا بەجـۆرێکە، بەرژەوەند و خـۆپەرسـتـی و منپـەروەری بەسـەریاندا زاڵە. لەم بگرە و بەردەیەدا، وریا نـەبێ فـریوی دەدەن، چاوی دەبەستنەوە، رەنگە ملیشی دەشکێنن. ئیتر لە ناو ئەم دۆخەدا چۆن دەتوانێ رەشـبین نەبێ؟ بەپێچـەوانەوە مـامـەڵەی ژن لەگـەڵ منداڵ و چێشت لێنان و رازاندنەوەی مـاڵ و خـۆڕازاندنەوەدا، یان هەر شـتێکی تر لە نێوانی ئەو چوار دیوارانەدا، بۆ گەشـبینیی رادەهێنن. بەتایبـەتیش لەم سەردەمەدا کە شۆڕشی تەکنیکی ماڵی کردووە بەدنیایەکی مـەزن. لە سبێ تا ئێوارێ سـەدان بەرنامە، فیلم، ستران، دیمەن، مـووزیک، پێشـاندانی جلوبەرگ و پێشـبڕکێ، دەتوانن ماڵ بکەن بەبەهەشـتی رازاوە. زۆر ئاساییە ئافرەتێک یان منداڵێکی سووچی ماڵ لە پیاوی ناوسەرەی دەرەوە، باشتر ئاگای لە خۆشییەکانی ژیان بێت و لە رێگەی مـینای بچووکەوە (تیڤی)، زیاتر پەی بەچێژە شـاراوەکـانی ببـات، یان ژیانی لەلا ببێت بەسیحرێکی خۆشی دوورە دەست.

دەتوانین نموونەیەکی تریش بهێنینەوە، ژن بەشێوەیەکی گشتی کەم سەیری بەرنامـە سیاسییـەکان دەکەن. تەنانـەت دڵیان دەگیرێ کە دەبینن پیاوان وا دانیشـتوون و لە بەلاڤـۆکی دەنگوباس دەڕوانن. بەرنـامـە سیـاسییـەکان بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت ناوەوەمان وێران دەکەن. دنیامان دەکەن بەگۆڕی تەنگ و تار. کەمجار مرۆڤ بەجۆرێک لە سـەیرکردنی ئەم بەرنامانە دەبێتەوە ژیانی لەبەرچاو روونتر بێت لە جاران. تەنانەت هەندێک لە بەرنامـە سیاسییەکان و بەلاڤـۆکی دەنگوباس، خـەو دەزڕێـنن. ئیـتر چۆن رەشـبین نەبێ کـە لە مـاڵدا کڕیاری یەکەم و دوایەمی ئەم بەرنامانە، هەر خۆی واتە پیاوە.

لێرەوە دەتوانین لەو نهێنییەش بگەین بۆچی ئافرەت کەمتر روویان لە کاری سیاسـەتە. هەندێک جار لە ژنانم بیستووە دەڵێن ئەوە نێرگەلن نایەڵن مێگەل بەپلیکانەی سیاسەتدا هەڵگەڕێن بۆیە رۆڵیان لەم بوارەدا بەپێی رێژەیان نییە. من پێم وا نییە ئەمـە راست بێت. ژن بۆ خـۆی وەک سایکۆ دوورە لە بوارگەلی سـەربازی و سیـاسی و پۆلیسی نـهێنی، یان هـەر شـتێکی تر کە خـۆشـیی دەروونیی پێ نادەن. تەنانەت لە جڤاکە پێشکەوتووەکانیشدا، ئەمە تا رادەیەک

راستە. زۆر جار وێنەی سەرۆکەیلی یەکەتیی ئەوروپام لە تیڤیدا بینیوە، شان بەشانی یەکتر وەستاون و زەردەخەنەی درۆیان لە لێو دەباریّ، لە پەنای ئەم زەردەخەنانەشەوە تەپکە و پیلان شاراونەتەوە. لە ناویاندا تاک و تەرا ئافرەت دێنە دیتن.

بۆ ئافرەت، سیاسەت بوارێکی سەرنجراکیش و دڵبەر نییە، بۆیە ئەوان کەمتر لە پیاوان رووی تێ دەکەن. تەنانەت ئەگەر ئەوپەڕی یەکسانیش هەبێت لە کۆمەڵگەدا، ژن و مێر لەم بوارەدا وەکیەک نابن. بەلای منەوە هۆی سەرەکی لەمەدا ئەوەیە ژیان دوور لە سیاسەت گەشبینییە. مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ، لە سیاسەتدا پاکی و بێگەردییەکەی چڵکن دەبێت. کەم کەس هەیە لە چڵپاوی سیاسەتدا داوێن و شاقەلی پیس نەبێ. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە بەپاکی کاری تێدا دەکەن، سیاسەت هەر بواری دڵەڕاوکەی دەروونییە بۆیان. وێڕای ئەمانە سیاسەت لە جڤاکی ڕۆهەلاتدا زۆرجار دەبێ بە بەلای سەر بۆ ئەوانەی دەچنە ریزیەوە، یان بۆ ماڵبات و دەوروپشتیان. کەمجار سیاسەت بووە بەهۆی شادمانی و حەسانەوە. یەکێک پێی وابێ سیاسەت بەختەوەریی داوە بەوانەی کاری تێدا دەکەن، چەوتی پێکاوە. ئەم پیشەیە لە هەزاران کەس کەسێکی بەختەوەر نەکردووە، هەرچەندە رواڵەت و دیمەن وا ناڵێ.

لێرەدا دەگەینە وەلامی ئەو پرسەی لە سەرەوە بۆی هاتین. ژیان بەچاوی ئافرەت گەشترە وەک بەچاوی پیاو. ئافرەت ژیان بەرەنگینی دەبینێ، خەون بەچێژە شیرینەکانیەوە دەبینێ و هەزار خەون و تەونی بۆ دەچنێ. ئەگەر یەکێک بڵێ باشە بۆچی ئافرەت کەمتر هەلپەی هەیە بۆ گەیشتن بەم چێژ و تامانەی ژیان؟ پێم وایە لەم بۆچوونەشدا هەر نەیپێکاوە. ئافرەت بۆ گەیشتن بەنیازەکانی خۆی، شاراوەتر لە پیاو کاردەکات لەبەرئەوەی خەونەکانی ناسکترن. ئەمەش پێوەندیی بەدواکەوتوویی کۆمەڵی ئێمەوە نییە تا بڵێی ئافرەت ئازادیی کەمە، سروشتی مێیینە خۆی وایە، شاعیرانەیە و زیاتر بەهەست کار دەکات نەک بەبیر.

بەلام پرسێک سەر هەڵدەدات، ئەگەر وایە و ژن گەشبینترە لەپیاو، بۆچی

کچان یان ئافرەتانی ئێمە بەگشتی لەبەرامبەر کێشەدا زوو ورە بەردەدەن و پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن؟ پێم وایە ئەمەش هەر لە گەشبینی و خۆشباوەڕییەوە دێت. خەونێکی رازاوە بەهەزاران گوڵ و گوڵزار و بەختەوەری، کاتێ رووبەڕووی رەشبینییەکانی دنیایەکی تر دەبێتەوە، بەرگە ناگری و زوو هەرەس دێنێ.

گەشبین ٢ لە ٢٠٠٧/١٠/٣

## لە ڕۆژی مێژووییدا سەرکردەی شەرمن

گوتەیەکی بەناوبانگی مارکسیزم هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیدا، دەڵێ مێژوو هیچ جار خۆی دووبارە ناکاتەوە. واتە هەمان رووداو لە هەمان شوێن و بەهەمان شێواز دووبارە نابێتەوە. بێگومانیش وایە. لەوە دەچێ ئەم گوتەیە لە فەلسەفەیەکی کۆنی یۆنانەوە وەرگیرابێ کە دەڵێ مرۆڤ ناتوانێ دووجار لە ئاوێکدا خۆی بشوات لەبەرئەوەی لە جاری دووەمدا ئاوەکە گۆڕاوە. هەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ جاری دووەم و سێیەم و سەدەمیش خۆی لە هەمان ئاودا بشوات، ئاوە و خۆتی تێدا بشۆ گۆڕان چییە. مێژووش دووبارە دەبێتەوە لە سەردەمانی تر و بەشێوازی جیا با مارکس هەر فڵتەفڵتی خۆی بکات. هەمان شت روو دەداتەوە و سەدان نموونەش هەیە لە مێژوودا هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەی خۆشماندا. کەواتە لۆجیک هەر خۆیەتی: دووبارەبوونەوە.

عوسمانی لە شەڕی یەکەمدا ١٩١٨ دۆڕاندیان و میراتەکەیان دابەش کرا، کوردستانیشی پێوە لەتلەت بوو. ئەگەر دابەشبوونی کوردستان بەهۆی دۆڕانی عوسمانییەوە تا سەد ساڵیش بخایەنێ و ئینجا یەک بگرینەوە، ئێمەی کورد هەر خۆشحاڵ دەبین. ئەمە باجی لایەنی دۆڕاوە لە شەڕدا. ئەڵمان لە شەڕی دووەمدا ١٩٤٥ دۆڕاندیان و وڵاتەیان لەت بوو تا پاش ٤٦ ساڵ یەکیان گرتەوە. سۆڤیەتییەکان لە ئەنجامی ململانەی سەردەمی شەڕی سارددا کە ئەویش هەر شەڕ بوو، لە ١٩٩٠دا دۆڕاندیان و وڵاتەکەیان دابڕدابڕ بوو. تەنیا

له حاڵەتی عێراقدا ئەمەریکا ویستی مێژوو دووبارە نەبێتەوە، ئەویش سەر نەکەوت. وا دواجار دانی پێدا نا عێراقیش دابەش دەبێ وەک هەر دۆڕاوێکی تری شەڕ.

گەلان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوەییەکانیان. ئامانجی نەتەوەییش تا ئەمڕۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە یان جۆرێک لە سەربەخۆیی وەک فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم. لەم ڕۆژانەدا بیست و سێ ساڵ بەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو دیوی ئەڵمانیا و رووخانی دیواری بەرلیندا تێ پەڕی. لەو ساڵوەگەڕەدا ڕێورەسم و ئاهەنگێکی بچووکم بەو بۆنەیەوە بینی. هەموو گەلێک مافی رەوای خۆیەتی لە یادێکی وا نەتەوەییدا شادی بنوێنێ، تەنانەت بۆ گەلانی ئەوروپاش کە سنووری نێوان وڵاتانیان هەڵوشاوەتەوە و ناحەزی لە نێوانیاندا بەرەو نەمانە. دەرکەوت ئەوە خەونێک بوو بۆ هەندێک لەو گەلانەی بەزۆر لە یەکتر دابڕابوون بەڕووخانی سۆڤیەت یەک بگرنەوە، وەک ئەڵمان. هەندێکیش کە بەزۆر یەکیان گرتبوو جیاببنەوە وەک چیک و سلۆڤاک.

کوردیش وایە و بەدەر نییە لە گەلان. یەکگرتنەوە خواستێکی نەتەوەییە و بۆ کەس نییە لەم پرسەدا گلەییمان لێ بکات. زۆریش قوربانیمان داوە کە لە ژمارە نایەت. جیاییمان لە گەلان تەنیا لە سەرکردایەتیدایە. نموونەیەکی سادە بۆ ئەمە: رووداوی گرتنی ئاغای فەرهادی و بڕیاری کۆنگریسی ئەمەریکا بۆ دابەشکردنی عێراق هاوکات بوون. ئەوەی یەکەمیان رووداوێکە پێوەندیی بەکوردەوە کەمە یان هەر نییە. لە دەنگوباسدا بیستمان کابرایەکی ئێرانی لەلایەن هێزگەلی ئەمەریکاوە لە سلێمانی گیرا. لەمەوپێش لە هەولێر و بەغداش زۆر کەسی هاوشێوە یان گەورەتر لە ئاغای فەرهادی رفێنراون. لە کاتێکدا رووداوی دووەم، بڕیاری دابەشکردنی عێراق لەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکاوە، بەشێکە لە ستراتیجیەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و خەونی ناو لانکی هاووڵاتیی کوردە. خەباتمان بۆی کردووە و قوربانیمان ژماردووە. نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەندێکیان دژی بڕیارەکەی کۆنگرێس

وەستان، هەندێکیش هیچیان نەگوت یان بە قسەی ئەلەقومەلەق رووداوەکەیان بەڕێ کرد. لەکاتێکدا ئەم بڕیارەی ئەمەریکا هاودەنگی دەقی دەستووری عێراقیشە کە دان بەفیدرالیەتی ناوچەکاندا دەنێ، واتە شتێکی کتوپڕ نییە و داگیرکەر لە بەریکی خۆیەوە دەری هێنابێ. نوێنەرانی کورد لە بەغدا شەرم دەکەن دان بەماف و خەونی میللەتەکەیاندا بنێن لە کاتێکدا هێشتا وا بەردەوام گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە. یەکێک لە ڕۆژنامەوانانی بیانی گوتوویەتی کورد هەمیشە ئیسپاتی دەکات گەلێکی قارەمانە بەڵام سەرکردەکانی بێ هیوای دەکەن. ئەمەش بوو نموونەکەی.

لە ریفراندۆمی پێش دوو ساڵ بۆ پرسی سەربەخۆیی، زۆربەی هەرە زۆری دەنگدەرانی کوردستان لەگەڵ جیابوونەوەدا بوون، ڕێژەکە لە سەرەوەی چاوەڕوانیدا بوو، سەدا نەوەت و پێنج زیاتر. ئەو کاتە وەک رووداوێکی سەرسوڕهێن باس لە ئەنجامی ئەم راپرسییە کرا و راگەیاندنی دەرەوەش وەک بابەتێکی گرینگ لەسەری ڕۆیی. ئاخۆ گەیاندنی ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان کە مافێکی رەوا و سەربەرزانەیە، گەورەترە یان پەیامی بازرگانان بۆ بەردانی کابرای فەرهادی. کوردێک مافی خۆیەتی وەڵامی ئەم پرسیارە داوا بکات. بەداخەوە ئەوەی دەکرێت لە بێ هوودەیی زیاتر نییە. چیرۆکێک هەیە لە ئەدەبیاتی بێ هوودەییدا ناوەکەیم لەبیر نەماوە، دەڵێ کوڕێک لە وێستگەدا یازدە ساڵ چاوەڕوانی گەیشتنی ئەویندارەکەیتی بەڵام کە کچەکە دەگاتە جێ، ئەو نایدوێنێ و پشتی تێ دەکات.

بەیەکەوە ژیانی گەلان بنەمایەکی مرۆڤانەی رێز لێگیراوە. بەڵام مرۆڤ دەست لە چەوساندنەوەی یەکتر هەڵناگرن و ناتوانن وەکیەک بژین. ئەمە سروشتە دزێوەکەی مرۆڤە کە زیاتر لە سروشتی ئاژەڵ دەچێ. بچووکترین جیاییی کۆمەڵایەتی دەبێ بە رێخۆشکەر بۆ مرۆڤ تا یەکتر بچەوسێننەوە. کورد یەک ڕۆژیش لاریی نەبووە بۆ بەیەکە ژیان ئەگەر عەرەب بیەڵێ بەڵام دەرکەوت تەنیا بەجیابوونەوە یەکسان دەبین لەگەڵیاندا و هەرچییەکی تر بکەین پەشێمانیی لەدوایە. ئەوان ناچاریان کرد، کورد خەون بەپارچەبوونی

عێراقەوە ببینێ، هیچ بنەمایەکیان بۆ بەیەکەوەژیان نەهێشتەوە تەنانەت لە نێوان خۆشیاندا.

مێژوو دەڵێ: مانەوەی گەلان لەگەڵ یەکتر و لە سنوورێکی داسەپاودا دەبێ بەمایەی داهاتووی تاڵ بۆ هەندێکیان. هەموو هاووڵاتییەکی کورد لە عێراق هەست بەم راستییە دەکات و کەس نییە لەگەڵ جیابوونەوەدا نەبێت. تەنیا شۆڤینیستانی عەرەب خۆشحاڵ نین بە بڕیاری جیابوونەوە و دەیانەوێ بەردەوام بن لە چەوساندنەوەمان. ئەوان بەختەوەری لە کۆیلەبوونی ئێمەدا دەبینن، ئێمەش بەختەوەریمان لەوەدایە عێراق لەتلەت ببێ، یان ژن گوتەنی بەشی بچێتەوە سەر بەشان. قسەیەکی خۆش هەیە لەمبارەیەوە جێی خۆیەتی بیهێنمەوە، سالح شێرە کەسایەتییەکی بەناوبانگی کوردستان بوو، دەڵێن ماوەیەک بەرپرسێکی ئاسایشی رژێم دراوسێی ماڵەکەی بووە و جارجار لێی پرسیوە مام سالح چۆنی. ئەویش گوتوویەتی: "ئەتو خراپ بی ئەمن باشم". راستت دەوێ، دواجار دەرکەوت دابەشکرانی ئەم کاولە، یان وەک بەزاراوەی یاسایی دەڵێن: فیدرالیزم، نەک تەنیا بۆ کورد بگرە بۆ عەرەب خۆشیان مایەی خێر و خۆشی و رێی رزگارییە.

بزاو ١٨ لە ٢٠٠٧/١٠/٧

## ماڵت وێران بێ بازرگان

کوردستان کەی رزگار دەبێ؟ بیرم کردەوە وتارێک بەم ناونیشانەی پێشەوە بنووسم، هێشتا پیتەکانی ئەو رستەیەم ریز نەکردبوو، ئامێری مۆبایل لە تەنیشتمەوە کەوتە جووڵەجووڵ و لەرزینەوە. ناچاربووم وەڵام بدەمەوە. بڕیارم دا منیش زنجیرەی بیری ئەو بپسێنمەوە وەک چۆن ئەو زنجیرەی بیری منی هەڵوەشاندنەوە:

"کوردستان کەی رزگار دەبێ؟" پرسیم.

"هیچ کات"، وەڵامی دامەوە.

"بۆ وا ڕەشبینی چی ڕووی داوە؟" پرسیم.

"تا خاوەنی ئەم گەلە بین ناگەین بەهیچ"، گوتی.

منیش لەگەڵتدام بەڵام سەیرە. هەموو کەس وا دەڵێ و هەموو کەسیش بەشدارە لە گاڵتەجارییەکەدا. لە وەزیرەوە تا گزیر خەریکی پێشێلکردنی ڕێنوینی و یاسایە و هەمووشی نارازییە لە نەبوونی لێپێچینەوە. گوتی نا ئەوانەی کاری ئەم وڵاتەیان بەدەستەوەیە ئەوان بەرپرسیارن، بەندەی ڕووڕەش دەسەڵاتی چییە تا بەرپرسیار بێت. چەندان نموونەی وەک بەڵگە بۆ هێنامەوە: یەک شتی ئاسایی لەم وڵاتەدا نەماوە کە دەسکردێکی ڕەسەن بێ و مرۆڤ متمانەی بکات، هەموو شت گەمەی لەگەڵدا کراوە، خۆراک، دەرمان، ئاو، پیبپسی، شامپۆ، کەلوپەلی ماڵ لە وردیەوە تا درشتی. شتێک نەماوە ماڵی قەڵپ نەبێ. ڕووتان ڕەش بێ بازرگانان ماڵی ئەم گەلەتان بۆ وا وێران کرد.

خۆشم ڕۆژانە دەردی ماڵی قەڵپ دەچێژم. پێش ماوەیەک بەفرگرەیەکم کڕی، گوایە لە جۆری هەرە باش، دوای مانگێک لە جیاتی ساردکردنەوە، ئاوی گەرم دەکرد. بەدەم داخ و خەفەتەوە زۆریش پێ کەنیم. بەسەرهاتی جارێکی تری خۆمم لەگەڵ ماڵی قەڵپدا بەبیر هاتەوە، ڕۆژێکیان پێش دوازدە ساڵ بەهۆی نەبوونی وزەی کارەباوە رادیۆیەکم کڕی. رادیۆیەکی زۆر جوان، هێندەی خولۆک و بشکۆک لە هەرچوار لاوە هەبوو دڵی مرۆڤی دیل دەکرد. گوتم کاکە نرخی چەندە؟ نرخەکە هێندە کەم بوو باوەڕم نەکرد، لە خۆشیاندا ئاگام لە خۆم بڕا، گوتم خێری خودێیە رادیۆ، بژی کۆماری چینی میللی. نایشارمەوە جاران کەیفیشم بەماو تسیتۆنگ و کۆماری چین دەهات.

لە سەرەتای هەرزەکاریدا و دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی پیلانی نامەردانەی بەرەی ڕۆژئاوا و دۆستانیەوە نسکۆی دا، ئێمە ڕوومان دایە بیری چەپایەتی. هەرچی بۆنی بلۆکی ڕۆژهەڵات و چەپایەتیی لێ بهاتایە بۆ ئێمە مایەی سەرخۆشکردن بوو، بەکۆماری چین و کۆریاشەوە هەرچەندە ئەمانە بەلادەر ناویان چووبوو. هەرچی دەستمان بکەوتایە لە ئەدەبیاتیی سیاسیی

ئەو وڵاتانە دەمانخوێندەوە. جارێکیان هێندەی نەمابوو بەهۆی نامیلکەیەکی پڕوپووچی ماوەوە سەرم بچێتە گۆڕی مردووم. ئەوەشم لە بیر ناچێ جارێکیان کتێبێکم لەبارەی خەبات و تێکۆشانی دایکی کیم ئیل سۆنگەوە خوێندەوە. ئێستەش کاتێ بیرم دێتەوە بزەیەک دەمگرێ و گاڵتە بەخۆم دەکەم، ئەرێ بۆچی سەرسامی ئەو دەڵەقۆڕە بووبووم. نازانم چۆن سەدام حوسێن بەسەریدا تێ پەڕی کتێب لە بارەی تێکۆشانی دایکیەوە بنووسێ.

رادیۆیەکی نوێ و نایاب بوو. کابرای فرۆشیار پیلی خستە سەر و بۆی داگیرساندین. ئێمەش تا بردمانەوە ماڵ نەمانکوژاندەوە. رادیۆ ماڵی پڕ کرد لە گۆرانی و مۆسیقا، ماوەیەک بوو ئەم ماڵە بەزم و شادیی لەمجۆرەی بەخۆیەوە نەدیبوو. شەو کاتی خەو ویستمان بیکوژێنینەوە، هەرچی کردمان نەکوژایەوە. تومەز بشکۆکی کوژاندنەوەی بۆ دروست نەکرابوو. دەبووایە پیلەکان دەربێنین ئینجا بکوژێتەوە. ئەو شەوە زۆر پێ کەنین. رادیۆ جگە لە هەموو شت، بوو بەمایەی پێکەنینیش لە ماڵەکەماندا. بەڵام خۆشییەکە تەنیا دوو ڕۆژی خایاند، رادیۆ دامرکایەوە و ئیتر نەکەوتەوە کار. شارەزایان گوتیان ئەمانە کە وەستان ئیتر داناگیرسێنەوە. بەم شێوەیە رادیۆ چوو، تەنیا یادگارییەکانی مایەوە.

لەم وڵاتەدا خەڵک زۆر قسە دەکەن بەڵام لۆجیک و مەنتیق لە زۆربەی قسەکاندا نییە. ئەم قسە قۆڕانە بوونەتە هۆی ئەوەی داوونەریتی ڕێکوپێک بەجارێک نەمێنێ. بۆ نموونە دەپرسم ئەرێ بۆ کەلوپەلی ژاپۆنی لە بازاڕ دەست ناکەون؟ یان مارکەیەکی جلوبەرگ یان هیچ شتێکی رەسەنی تر لە بازاڕەکانی کوردستاندا نابینرێن؟ هەموولا بەگژم دادێنەوە دەڵێن خەڵک هەژارن توانای کڕینیان نییە. راستە بەڵام خۆ هەموو خەڵکیش هەژار نین. ئاستی بژێویی خەڵک جۆرەوجۆرە. جگە لەمە لەلای زۆربەی خەڵکی گەلانی پێشکەوتوو قسەیەکی نەستەق هەیە لە کاتی کڕینی کەلوپەلە تەمەندرێژەکانی ماڵدا، دووبارەی دەکەنەوە. دەڵێ: خۆ دەوڵەمەند نیم تا شتی هەرزان بکڕم.

ئەمە قسەیەکی زۆر مەنتیقییە. بۆ ماڵە هەژارێک دەبێ بەفرگرە و تەلەفزیۆن و جلشۆر و گەسک و هەموو ئامێرە کارەباییەکانی ناو ماڵ، مارکەیان باش بێت تا تەمەنیان درێژ بێت. بۆ نموونە دە پازدە ساڵ تەواو بکەن. جگە لەمە، لەکاروەستانی زووبەزووی ئەم جۆرە کەلوپەلانە یاری بەدەمارگەلی مرۆڤ دەکات. هەموو ڕۆژ وەرە و برۆی لای وەستا ئابڕووبەرە.

بەفرگرەیەکی عەشتار لە ماڵەکەمدا هەبوو پازدە ساڵ بوو کاری دەکرد بێ کێشە، پازدەی تریش دەڕۆیی بێ سەرئێشە. زۆربڵێیان چوونە بن کلێشەمەوە و وایان کرد لە دەستی خۆمی بدەم. ئێستا وا خاوەنی ئەو بەفرگرەیەم کە ئاو گەرم دەکات. دەک رووت ڕەش بێ بازرگان بۆ خۆت و داهێنانی هێنات لە چینەوە. کۆمپانیاکانی چین و بازرگانە نەدی و بدییەکانی خۆمان ڕۆژانە دەستی ئەم خەڵکە دەبڕن. بەناوی ئەوەی هەژار ناتوانێ شتی گران بکڕێت ئەم ماڵە قەڵپە تەمەن دوو ڕۆژییانەی بەسەردا ساغ دەکەنەوە.

کوردستان چۆن ڕزگار دەبێ؟ هیچ ڕۆژێک ڕزگاری نابێت ئەگەر بۆرجوازی و بازرگان و بژاردەی وڵات ئەم جۆرە خەمخۆرەی بن. جاران لە ئەدەبیاتی سیاسیدا باوبوو دەیانگوت بۆرجوازی چینێکی نیشتمانپەروەرە. دەیانگوت وڵات تەنیا ئەو کاتە ڕزگار دەبێ کە چینی بۆرجوازیی ئەوتۆی هەبێ خاوەنی بەرژەوەندیی ئابووریی خۆی بێت و شەیدای ڕزگاریی وڵات و خۆشگوزەرانیی گەلەکەی بێت. دەیانگوت ئەوە هەر بۆرجوازییە کە لە سایەی لێهاتوویی و دووربینیی خۆیەوە وڵات ڕزگار دەکات و دەیکات بەبەهەشت. بەڵام ئەم میللەتە لە هیچ نەچووەی خۆمان نەبۆرجوازیی بۆرجوازییە و نەبازرگانی بازرگانە و نەڕۆشنبیر و بژاردەی وڵات، ڕۆشنبیر و بژاردەن. هەی سەرە سۆدرە بزانم تۆ لە چی دەچیت؟

ڕاستە کوردستان ئازادییە، بەڵام وڵاتێکی ئازاد و گەلێکی کۆیلە چ نرخێکی هەیە. نەچاودێری هەیە و نەپشکنین و نەلێپێچینەوە. دەست بۆ هەر شتێک دەبەی ستۆکە و بەعەمەل نایەت. هەموو شت روو لە گرانییە و هیچ

بەدواداچوونێکیش نییە. لەم کاولگەیەدا کەس نییە لە سەرەوەی یاسا نەبێت، یان وردتر بڵێم یاسا نییە لە ژێر پێی هەندێک کەسدا ناڵەی نەیەت. راستت دەوێ، ئەمە کۆیلەبوونە لە جۆرێکی تردا. ئەم دۆخە نارێکە وای کردووە خەڵک بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتی بیر بکەنەوە. لە داخی خۆراکی ستۆک و کەلوپەلی عەمبارپۆ، کەس لا بەلای کەرکووک و پرسە نەتەوەییەکان ناکاتەوە.

میدیا ٣١٠ لە ٢٠٠٧/١٠/٩

## بۆ کێی دەکەی؟

منداڵ بووین دەیانگوت مرۆڤ گیانلەبەرێکی زماندارە، واتە جیاییەکەی لە ئاژەڵان تەنیا لە ئاخاوتندایە و هیچی تر نییە. ئێمەش باوەڕمان بەم قسەیە کردبوو، دەمانگوت باش بوو خوای مەزن زمانی پێ داین ئەگینا ئێمەش ئاژەڵێک بووین لە ریزی ئاژەڵاندا. گەورەبووین بۆمان دەرکەوت وا نییە، مرۆڤ بەبیرکردنەوە جیایە لە ئاژەڵان نەک بەزمان. ئاخاوتن تەنیا وەرگێڕانێکی بیرکردنەوە و دەربڕینی ئەو خەیاڵانەیە کە لە مێشکدا دەخولێنەوە نەک شتێکی سەربەخۆ، واتە بیر سەرچاوەی زمانە. ئاژەڵانی تر بیر ناکەنەوە بۆیە قسە ناکەن، بهاتایە ئاژەڵان بیر و زمانیان هەبوایە جارسیان دەکردین بەداوا و داخوازی، دنیایان لێ دەکردین بەچەرمی چۆلەکە هێند داوای دان و ئاو بکەن. گەورەتر بووین دەرکەوت ئەمەش وا نییە، مرۆڤ بەکارکردن جیایە لە ئاژەڵان نەک شتی تر، یان وردتر بڵێم ئەوەی مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە هەرچی بوونەوەر و گیانەوەری ئەم سەرزەوییە هەیە، ئەوەیە دوو دەستی هەیە و دەتوانی بەئارەزووی خۆی بەکاریان بێنێ بۆ تێکدان و بنیاتنان.

زانایان دەڵێن، مرۆڤ دەستی هەبوو کاری پێ کرد، کاری کرد و تاقیکردنەوەی داهێنا، بۆ نموونە بەردێکی لە دەست کەوتە ناو جۆگەلەیەک، بەرد بۆی بوو بە بەردەباز و بەسەریدا پەڕیەوە، ئەمەش بیرکردنەوەی لێ پەیدابوو تا جارێکی تریش وا بکاتەوە. واتە بیرکردنەوە لە دووبارەبوونەوەی

تاقیکردنەوە یان کارکردن سەری هەڵدا نەک پێشتر هەبووبێ. یەکەمجار کە بیر لە مێشکدا پەیدابوو، سەرەتا بەنەڕەنەڕ و شاتە شات هاتە ناو دەم و سەر زمان، ئینجا وردە وردە دانەی وشە لە زار هەڵڕژان و ئاخاوتن رسکا. تۆ سەیرکە منداڵ سەرەتا گاگۆڵکێ دەکات، پاشان بەدیواردا هەڵدەگەڕێ ئینجا بەداردا هەڵدەسووڕێ، میوە بەردەداتەوە و خۆشحاڵ دەبێ، گۆرانی دەڵێ و گازی ئەم و ئەو دەکات.

کورتەی قسە، مرۆڤ بەکارکردن و ئاواکردن لە ئاژەڵان جیایە ئینجا بەزمان. ئەگەر جیایی تەنیا ئاخاوتن بوایە، دەبوایە کورد ئێستە سەری لە ئاسمان بسوێ. خۆت دەبینی وا شەو و ڕۆژ چەنە لێ دەدەین، لە هەزار ئاش دەکەین و ناماڵینەوە. بەڵام هەموو قسەکانمان یەکە پوولە سووتاو ناهێنێ، وەک دەڵێن. لەم وڵاتەدا قسە بۆ ئەوەیە کار نەکرێ. هەر کێ کار بکات دەیدەنە بەر گەواڵەی سەرکۆنە و گلەیی: بۆ کێی دەکەی؟ بۆ پشوویێک نادەی؟ کێ ئاگای لێیە؟ بۆ ئاگات لە تەندروستیت نییە؟ تۆ رەنج دەدەی و یەکێکی تر دەیخوات.

ئەو بیانییانەی کتێبیان لەبارەی کوردەوە داناوە جاران هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کورد گەلێکی بزێون، ژیرن، نانیان بەزەبری ئارەقی نێوچەوان پەیدا دەکەن، سەربەرزن دەست بۆ کەس پان ناکەنەوە، کاردەکەن و بەژن زراڤن، راستی دەڵێن و بێ پێچوپەنان، لەسەرداوای خۆیان سوورن تەنانەت ئەگەر ملیشیان بچێتە بەر پای سێدارە. چەندان شتی تر کە هەمووی نیشانەی لەشسووکی و هەڵسووڕاویی مرۆڤی کوردن. لەم ماوەیەدا هەندێک لەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی ئەوروپا و ئەمەریکام بینیوە کە بۆ سەردان دێنە کوردستان، ئەمانە هەندێکیان لەناو خەڵکدا بەدۆستی گەلەکەمان ناسراون لەبەرئەوەی کتێبیان داناوە یان وتار و راپۆرت لە بڵاوکراوەکانی ئەوروپادا دەنووسن و لایەنگری لە دۆزی سیاسیمان دەکەن. جار بەجارێک کە بەیەکەوە دادەنیشین و دەرگەی دەردەدڵ و گلەیی دەبێتەوە، من گلەیی و

نارەحەتیی خۆم لە نەکارەیی و سستیی گەلەکەم دەردەبڕم، دەبینم زووخاو هەر لە دڵی ئەواندایە، سەر بادەدەن و پیش دەخۆنەوە. هەندێکیان داد و بێدایانە لە دەست ئەم دۆخە نادروستییە. دەڵێم لەوانەیە ئێستا بەپێچەوانەی وشەکانی جارانیان لەبارەی کوردەوە بنووسن: گەلێکی خاووخلیچکن، ناتێگەیشتوون، نانیان لە مووچەی گەندەڵییە، خوازەڵۆکن و دەست بۆ هەموو شتێ پان دەکەنەوە، کارناکەن و تەنگە زلن، راستی ناڵێن و هەموو گیانیان فڕوفێڵە، وازیان لە داوا و دۆزی گشتی هێناوە و لە یەکەمین وێستگەی پشوودا خەو دایگرتوون، ئەمە و چەندان شەرمەزاریی تر.

وڵاتانی کەنداو لەسەر زەریای نەوت رۆنیشتوون، زێڕی رەش سارا و بیابانی هەڵایساوی بۆ کردوون بەبەهەشتی رازاوەی سەر زەوین. بۆیە لنگیان راکێشاوە و پاڵیان داوەتەوە. لەبەر تەمەڵی و زۆرخۆری، زۆربەیان سنگ و ناوشان پان، ورگ زلن. هەڵناکەوێ ناوکێل زراوێکیان تێدا ببینی. کە دەمیان دەبێتەوە نە زمانیان رێکوپێک هەیە و نەبیرێکی شارستانی. کاتێک شایی دەکەن و بەزم دەگێڕن بەحاڵ چەناگەیان دەجووڵێنن نەوەکا ئازاری هەبێ. لەو هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەدا بێژیارێکی خۆیان نییە. سەدان کتێب دەردەکەن زۆربەیان میسری و فەڵەستینی نووسیویانن یان بۆیان وەرگێڕاون. ئەمەیە حاڵی میللەتی سست و نەکارە. ئێمەی کورد لەوانەیە ملی هەمان رێگە بگرینەبەر. حازرخۆری بەر سێبەر، کارنەکەری حەساوە. لە بەیانییەوە دەڵێین بێ ئەوەی نیشانەی سوودێک بپێکین. وا بڕوا داهاتوومان رەنگین دەبێ: ورگی زلی مێشک بچووک. سەیر ئەوەیە ئەوەی کار بکات جێی گومانە.

خۆم و چەند بابایەکی وەک خۆمم لە کارێکەوە گلاندووە، ڕۆژانە تا شەو دادێ شێتانە رەنج دەدەین. هەموو کەس بەرۆکم دەگرێ دەڵێ بۆ کێی دەکەی؟ منیش هەندێک جار نازانم بۆ کێی دەکەم، بیر دەکەمەوە باشە راستە بۆ کێی دەکەم؟ بڵێم بۆ وڵات، بۆ نیشتمان، بۆ ئازادی، بۆ داهاتوو، بۆ شارستانەتی، بۆ ویژدان؟ هیچ یەکێک لەمانە وەڵامێک نییە دڵی بەرامبەرەکەم پاراو بکات.

کەواتە بڵێم چی؟ بۆ کێی دەکەم؟ باشە بۆ هەر شتێک جیام بکاتەوە لە ئاژەڵ، ئەمەت پێ چۆنە؟

گەشبین ٣ لە ٢٠٠٧/١٠/١٠

## باجی کەس نەدەین

پەرلەمانی تورکیا هەڵەی کرد کە ڕێی بەسوپای وڵاتەکەی دا سنووری وڵاتێکی دراوسێ ببەزێنێ و لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی خۆیدا بکەوێتە شەڕەوە. هەرچەندە باوەڕ وایە هەر کارێکی لەمجۆرە لەم ناوچەیەی ئێمەدا، کە بچێتە بەردەمی پەرلەمان نیشانەی نەکردنیەتی. پەرلەمان لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا پاشکۆی دەسەڵاتە نەک چاودێر و بڕیاردەری هەنگاوەکانی. بەڵام وێڕای ئەمەش پەسندکردنی پەرلەمانی تورکیا بۆ داوای حکوومەتی ئەردۆغان بۆ خستنەژێر پێی سنووری کوردستانی باشوور بەبیانووی ڕاوانانی چەکدارانی پەکەکەوە، هەڵەیەکە هیچ ژیرێک نایکات ئەگەر داهاتووی وڵاتەکەی لەبەرچاو بێت. ئەو وڵاتە لەلایەکەوە شەیدای ئەوەیە سبەینێ ببێ بەئەندام لە یەکەتیی ئەورووپادا، لەلایەکی ترەوە ئەو وڵاتەی پەلاماری بۆ دەبات چەندان ساڵە خاوەنی سەربەخۆیی نییە و ئەمەریکا لێی بەرپرسە، دواجار لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتان کارێک نییە لەم سەردەمەدا وا سووک و سانا بۆ کەس بچێتە سەر. ئاخۆ پەرلەمانی تورکیا تا چەند دەتوانێ لە پاشەڕۆژدا باجی ئەم گەمژەییەی خۆی و حکوومەتەکەی بداتەوە ئەگەرهاتوو ئەو سەرکێشی و لەشکرکێشییە ڕووی دا؟

بەپێی تاقیکردنەوەی ساڵانی ساڵمان لەگەڵ ئەم دراوسێ فشەکەرەدا، زیاتر لەوە دەچێ ئەم هەڵکشاندنەی بارودۆخ، بڵقی ڕاگەیاندن بێ نەک ڕاستی. بەوە ڕاهاتووین بەرپرسانی تورکیا بەردەوام هاش و هووش بدەن بەگوێماندا نەک گفتولفتی سەردەمییانە، دەرکەوتووە فشەکەر هیچ ناکات لە فشە زیاتر. بەڵام

جیاوازیی دۆخەکەی ئەمجارە تەنیا ئەوەیە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەم ماوەیەدا لە تەنگژەی گەورەدا کات بەسەر دەبات و ئێمە ڕۆژان دەژمێرین بۆ کاتی تەقینەوەیان، کەچی تورکیا تا ئێستە لە دەرەوەی بازنەی ئەم تەنگژانەدایە، خەمی هیچی نییە و بۆ خۆی ئاسوودەیە. وا لە بنەپاڵیدا ئەمەریکا لەوەدایە زەبر لە ئێران و پاشانیش سووریا بووەشێنی و ناوچەکە زیاتر ببێ بەقوڕ و لیتە. لەبەر هەندێ ژیری نییە بۆ تورکیا لەم کۆتایەدا سەری خۆی لە گرەو بنێ، تەنیا ئەگەر مێشک لەسەریدا فڕیبێ. هەموو ژیرێک دەزانێ بۆ تورکیا وا باشترە هەر چاودێر بێ لەم کێشانەدا نەک بەشدار بەتایبەتیش کە ماڵی لە شووشەیە.

بێ مێشکییەکی تر سەرەڕای ئەمانە، ئەگەر تورکیا لە ساڵانی دوای ١٩٩١ەوە تا ئێستە لە ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، ئەو جارانە بووە کە کوردی عێراق هاوکاریی کردووە. بێگومان لەم جارەدا تورکیا ئەم بەختەشی نییە. بۆیە ئەگەر سوپاکەی بێتە ژوورەوە دەبێ چاوەڕوانی بەرگرییەکی کتوپڕ بێ لە پێشمەرگەوە. من ناڵێم کوردی عێراق دەتوانن شەڕ لەگەڵ تەکنۆلۆجیای هاوسەردەمدا بکەن کە تورکیا زۆری هەیە، بەڵام ئەوەش هەیە خاکی دوژمن بۆ کەس جێی گەشتوگوزار و تەڕاتێن نییە بەتایبەتیش ئەگەر بەسەدان کلیۆمەتر لە قووڵاییدا هاتبێتە ژوورەوە. لەم ڕۆژانەدا قسەیەکی موراد قەرەیلانی سەرکردەی پەکەکە سەرنجی ڕاکێشام، دەڵێ "ئەگەر ئەمجارە کوردی عێراق یارمەتیی سوپای تورکیا نەدەن کوردستانی باشووریان لێ دەکەین بەڤێتنام". ئای کەوا نییە، خۆشبەختانە وا دیارە بەگشتی خۆهەڵکێشان بەسەر هەڵویستەکەدا زاڵە نەک راستی. هەڵبەتە قەرەیلانیش وەک من دەزانێ هەڕەشەی تورکیا هاش و هووشە ئەگینا ئەم قسەیەی نەدەکرد. باشە بۆچی ناچێ لە دەرسیم و گاباردا– وەک خۆی ناویان دێنێ، ڤیتنام بۆ سوپای تورکیا بنێتەوە؟ قەرەیلان نابێ ئەوە نەزانێ کەوا دروستکردنی ڤێتنام لە باشووردا تەنیا زەرەری بۆ کورد و ئەزموونەکەیەتی

ئەگەر بۆیان بەپەرۆش بێ.

راستە کوردستانی ئازاد کە ئەمڕۆ باشوورە، موڵکی هەموو کوردێکە و هەر کەس لە هەر پارچەیەکەوە هاتبێ دەتوانێ تیایدا ئازاد بژی و هەڵسووڕێ. کەس مافی نییە پێی بڵێ لە پشتی چاوت بڕۆ هەیە، کوردستانە و بۆ هەموومان یەکسانە. بەڵام دەشبێ ڕێز لەم ماڵە ئارامە بگیرێ کە هەموو لایەکی گرتووەتە خۆی. هیچ ڕەوا نییە هەر کەس بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات و لە جیاتی ئەوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم ماڵە لەبەرچاو بگرێ، دەرد و بەڵای پێشکێش بکات. بەهیچ شێوەیەک کارێکی راست نییە پەکەکە بەخۆی و ئەم هەموو چەکدارەوە، ئەم هەموو ساڵە لە چیاکانی باشووردا خۆی حەشار داوە و گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆی بەجێ هێشتووە کە باکورە. هەروەها تێش ناگەین بۆچی ساڵانی ساڵە ئاگربەستێکی یەک لایەنەی لە ئاست تورکیادا راگەیاندووە و تەنیا خۆی کاری پێ دەکات. ئەگەر پەکەکە بەرژەوەندیی باشووری بویستایە دەبوایە بچێ لە دەرسیم و وان ڤێتنامەکەی خۆی بەرپا بکات نەک ئاگربەستی یەک لایەنە. ڕاستت دەوێ ئەمانە هەمووی سیاسەتی چەوتن و کەمتریش چەوت نین لە سیاسەتەکانی تورکیا لە دژی کوردستانی عێراقدا.

وەک چۆن ڕاستیش نییە بۆ کوردی عێراق دەست لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ وەربدەن تەنانەت بەبچووکترین ڕادەش بێ. کاتی ئەوە نییە بەدوای سۆزی ڕواڵەتییاندا ڕابکێشرێین و خۆمان لە بیر بچێتەوە. ئێمە لەباودۆخێکی ناسکدا کات بەسەر دەبەین و بنەماکانی مانەوەمان لەرزۆکن. کورد گوتەنی ماڵ خۆی نییە میوانیشی بێتە سەر. کوردی باشوور لە هەموو کات زیاتر لێی داوا دەکرێ ترسنۆکانە ڕەفتار بکات و بجووڵێتەوە. نابێ لەبیرمان بچێت ئێمە بە سێ وڵات گەمارۆ دراوین کە جگە لەوەی هەرسێکیان دوژمنی باوەکوشتەی هەموو شتێکی کوردین، لە هەمان کاتیشدا لەوە دەچێ هەر سێکیان لە ڕیزی ئەو حەوت وڵاتە بن کە ئەمەریکا بەنیازە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا سیستەمی

سیاسییان تێدا بگۆڕێت و ئەمەش شێت و هاری کردوون. کوردی بێچارەش ئاسانترین نێچیرە لە هەموو کاتێکدا ئەگەر بیانەوێ دەستی بۆ ببەن. عێراقییەکان کە دەبوو پشتیوانمان بن، بەداخەوە ئەوانیش خەنی خۆشییانە لەشکری تورکیامان بێتە سەر و لەناومان ببات. بەکورتی حاڵی ئەوەمان نییە باجی کەس بدەین نە ئەمەریکا و نە کەسی تر لە ناوچەکەدا، تەنانەت باجی کوردی بەشەکانی تریش. بۆ ئێمە ئەو ماڵەی بنیات نراوە زۆر پیرۆزە، بەرپرسیارەتیشە.

بزاو ١٩ لە ٢٠٠٧/١٠/٢١

## بەرپرسی کورد نازانێ بدوێ

چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردی باکور چی دەکەن لە هەرێمی باشووردا؟ بۆچی گۆڕەپانی خۆیان بەجێ هێشتووە و لەوێ گیرساونەتەوە؟ کوردی باشوور بۆ رێیان پێ دەدەن ئەمانە لە هەرێمەکانی ئەواندا جێگیر بن لە کاتێکدا خۆیان، واتە کوردی باشوور حاڵیان شڕە؟ ئاخۆ بۆ ئەوەیانە بیانکەنە کارتی پاڵەپەستۆ لە بەرامبەری تورکیادا؟ ئەمانە بەشێک بوون لەو پرسیار و سەرسوڕمانانەی لەم ڕۆژانەدا و لە نۆینەکانی راگەیاندنی عەرەبییەوە بەرەوڕووی برێک لە بەرپرس و ڕۆشنبیرانی کوردی خواروو کرانەوە. ئەوەی جێی نیگەرانییە لە هیچ یەکێک لەو دیمانە تەلەفزیۆنییانەدا، نوێنەرانی کورد وەڵامی رێکوپێکیان نەبوو. خۆدزینەوە لە قسەی راست و بەکارهێنانی زمانپێچەکی و فڕوفێڵی ئاشکرا، زیاتر بەسەر دیمەنەکاندا زاڵ بوون. جگە لەمە تەبایی و وەکیەکییەک لە ئاخاوتنەکاندا نەبوون یان وەک دەڵێن: هەرکەسە و لە ئاشێکی دەکرد.

سیاسەت گەمە و گاڵتەجاڕی نییە بەتایبەتی لە کاتی تەنگژە گەورەکاندا وەک تەنگژەی ئەمجارەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. بەرژەوەندی و چارەنووسی ولاتێک هەندێک جار بەئاخاوتن و داخوییانیی بەرپرسانیەوە بەندە

له کـــاتی ئـەم جــۆرە تەنگژانـەدا. دەبێ بەرپرس لەم دۆخ و بارانەدا ژیرانە و بەرپرســانـە بدوێ، وریا بێ لـه زمـان ترازان و دەرپەڕاندنی قـســەی پڕوپووچ. بەداخـەوە بزەی ژێرسمـێڵی هەندێک لە بەرپرسان کـاتێ لێیان دەپرسین ئاخۆ دەتانـەوێ دەست لە کـاروباری تـورکیـا وەربدەن؟ نەبوونی وەڵامی گـردەبڕ و نکووڵی نەکردن لەم تۆمـەتە گەورەیە، نیشـانەی نەبوونی بەرپرسـیـارەتییـە یان هەر نەبێ کـەمزانییـە. مـایەی شـەرم و پەژارەیە کـە بەردەوام هەست و سـۆزی رووالەتییـانە بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی بەپرسانی کوردا زاڵە لە کاتی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا. قووڵی لە قسەکاندا نییە و زیاتر دەم دەدوێ نـەک بیر و مێشک. ئێمـەی کورد لەبەرئەوەی لە درێژاییی مێژوودا هەسـتمـان کردووە کارتی دەسـتی ئەم و ئەوین لە گـەمـەی سیاسـەتدا، ئێسـتە بێ ئاگای خـۆمـان حـەزدەکـەین ئێـمـەش کـارتمان بەدەسـتـەوە بێ و یاری بکەین، لە کـاتێکدا هەڵکەوتی راسـتەقینەی ئێمە شتێکی ترە و خوا خـوامانە لەم چاخـە ناسکەدا بێ کارەسات بچینە دەرەوە و دەسکەوتەکانمان رزگار بکەین.

وەڵامی راست بۆ حـاڵەتی پارتی کرێکارانی کوردسـتان ئەوەیە، چەکدارانی ئەم حزبە لە ژێر پاڵەپەستۆ و زەبرە کاریگەرەکـانی سوپای تورکیادا خۆیان بۆ ناگیرێ و لە ناوچەکانی خۆیان رادەکەن. ئەمەش حاڵەتێکی تازە نییە و زیاتر لە بیسـت سـاڵە بەردەوامـە. دەرکـەوتووە کـێوەکانی کوردسـتـانـی باشـووریش باشـترین داڵدەن بـۆیان. لەلایەکەوە ئەم کـەژ و کێوانە کـەژ و کێوی سـەختی هەزار بـەهەزارن، کـە دەتوانن باش خـۆیان تێـدا حـەشـار بدەن و مـەشق و راهێنان بکەن، لـەلایەکی تریشـەوە دەسـەڵاتێکی بەهێز لـەم ناوچەیەدا نییـە تا هیچ مـەرجێکیان بـەسەردا بسـەپێنێ. بەپێـچـەوانەوە دەرفـەتی ئەوەیان هەبووە زۆرجـار جـۆرێک لە خـۆسـەپاندن و دەستـێـوەردانیش ئەنجـام بـدەن. لەلایەکی تریشـەوە دەسـەڵاتی کوردی نایەوێ چی تر خۆی لە بەرامـبەر نەتـەوەی کورددا سـەغڵـەت بکات و بکەوێتە شـەڕی براکوژییـەوە لەگەڵ چەکدارانی ئەم حزبەدا وەک لە نەوەتەکاندا چەند جارێک رووی دا و نەبوو بەمایەی دەستخۆشی.

خـاڵێکی تر هـەیە سـەرەڕای ئـەمـە، ئـەویش ئەوەیـە نابێ گلـەیی لە کـوردی

باشوور بکرێ کە ناتوانن سنوورەکان لە دیوی خۆیانەوە رابگرن. ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی کەژ و کێوەکان سەختن و کۆنترۆڵ ناکرێن، بگرە لەبەرئەوەش وەک گوتم کورد نایانەوێ شەڕی کورد بکەن، یان ببن بە لەشکر بۆ دەوڵەتی تورکیا لە راوەدوونانی ناحەزەکانیدا. بێگومان هێزی ئەوەشیان نییە شەڕی ئەم چەکدارە شەڕوانە دەست لە گیان شوشتووانەی پارتی کرێکاران بکەن تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ. ئەمانە هەڵکەوتی ئاشکرا و بەچاودیتەی کوردستانی باشوورن، رۆشنبیر یان بەرپرسیاری کورد دەبێ بێ پێچوپەنا روونیان کاتەوە. جگە لەمە ئاشکرا دیارە دەوڵەتی تورکیا گێچەڵ بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات و بیانوو دەگرێ، کە داوای پاراستنی سنووری لێ دەکات لە کاتێکدا دەبوایە ئێمە سکاڵا بکەین بۆچی تورکیا سنوورەکانی خۆی باش ناپارێزی. ئەم چەکدارانە لە سنوورگەلێکەوە هاتوون کە پێویست بوو سوپای تورکیا باشتر کۆنترۆڵی بکردنایە. هەر لەم سنوورانەشەوە ئەم چەکدارانە بۆی دەگەڕێنەوە و هەرێمی کوردستان دەستێکی نییە لەم پرسەدا و نابێ رێگە بدەین وەک لایەن پێشان بدرێ.

لەلایەکی تردا، دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو ئامۆژگارییەی کە دەڵێ وا باشە تورکیا کێشەی کورد لەناوەخۆیدا و بەشێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکات، بووە بەئاخاوتنێکی نارەحەتکەر بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتە. ئەم ئاخاوتنە کە جارێک و دوان لە زاری سەرۆک بارزانییەوە بدرێ بەگوێی تورکیادا، دەبێ بەمایەی هەڵوەستە و گوێ شلکردنی بەرپرسانی ئەو وڵاتە هەرچەندە بەنارەحەتیش بێت، بەڵام کە بوو بەویردی سەرزاری هەموو بەرپرس و رۆشنبیرێک، تەنانەت هاووڵاتیانیش لە رێگەی دیمانەی سەر شەقامەکانەوە لە تەلەفزیۆنەکاندا ئەم داوایە ئاراستەی حکومەتی تورکیا بکەن، ئەمە بەرنامەیەکی چەوتە و نەزانینە لە هەڵسوکەوتی راگەیاندن و رۆشنبیریماندا.

ئاسانە بۆ مرۆڤ لەسەر مینای تەلەفزیۆنەوە دەربکەوێ و بەخنچکەی سمیڵ و بەعەرەبییەکی شرم پرمەوە بەربێتە گیانی کوردایەتی و خۆی بکات بەلایەنگری دۆزی کورد لە پارچەکانی تردا بێ ئەوەی لە راستیدا نیشانەیەکی

ورد و دروستی ئەنگاوتبێ، بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک بەڵگەی خراپیشی دابێتە دەستی نەیارانی گەلەکەی. بەلای منەوە نیشتمانپەروەری وەکو ئاین وایە، چەند لە ژێرەوە و بەنهێنی ئەنجام بدرێ ئەوەندە راستترە و کاریگەرییەکانی پترە بۆ ڕۆژی حسێب و لێپێچینەوە. ئێمە ئەگەر پەرۆشیمان هەبێ بۆ پارچەکانی تر، هەزار و یەک ڕێ و شێواز هەیە کە زۆر باشترن لە خۆپێشاندانی رواڵەتییانە، ئەو خۆپێشاندانەی کە هەمماڵی خۆتی پێ وێران دەکەی و هەمیش سوودێک بەکەس ناگەینی.

میدیا ٣١٠ لە ٢٠٠٧/١٠/٢٣

## کولتووری خواردن لە کاولگەدا

مرۆڤی سەرەتایی، ئەو مرۆڤەی بۆ یەکەم جار لەسەر زەویدا چاوی هەڵهێنا تەنیا میوەجات و رووەکی دەناسی بۆ خواردن. لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەکەوتە گەڕان و هەڵگەڕان بەم دەشت و کێوانەدا و بۆ خۆی دەلەوەڕا. تا پاشان خواردنی گۆشتی دۆزیەوە. زۆر لەوە دەچێ باپیرانمان خواردنی گۆشت لە ئاژەڵانی دڕندەوە فێربووبن کە دەیانبینی وا راوی یەکتر دەکەن و بەردەبنە رنینەوەی لاشەی ئەوانەی لە خۆیان بێدەسەڵاتترن. خۆزیا مرۆڤ هەر رووەکخۆر دەما و فێری ئەم نەریتە چەوتە نەدەبوو کە گیانلەبەران بکوژێ و بەمەش یەکەمین دەرس لە قوتابخانەی توندوتیژیدا وەربگرێ. ئێستە زۆر کەس هەن رووەکخۆرن و تەواویش ئاسایی دەژین، گاڵتەیان بەئێمەی گۆشتخۆریش دێ و بەنەخۆشمان دەزانن. نەفرەت لەو باپیرەیەی یەکەمجار خواردنی گۆشتی داهێنا. زۆر جار بیرم کردووەتەوە مرۆڤ چۆن دەتوانێ دەست لەم خووە هەڵگرێ. بۆم دەرکەوتووە تەنیا پێغەمبەرەکان دەیانتوانی خواردنی گۆشت قەدەغە بکەن، بەمەش توندوتیژی لەسەر زەویدا کەم دەبووەوە کە پەیامی سەرەکیی هەموویان بووە.

هەرچۆن بێ با واز لە مرۆڤی کۆن و مێژوو بێنین، بێینە سەر مرۆڤی نوێ و

نەریتی خـواردن. خـواردن کـولتـووره، خـواردنی شـارنشـین جـۆرەوجـۆرتر و شـایەنتره لە خـواردنی لادێنشین یان خـواردنی رەوەند و کۆچەر. بەڵام هەموو کـۆمـەڵگەیەک بەگـشـتی، بەشـار و لادێوە نەریتی جـێگیـری خـۆیان هـەیە بۆ خواردن. خـواردن یەکـێکە لە جیاکـەرەوەکـانی گەلان لە یەکتـر و مـایەی خـۆ هەڵکێشـان و شانازیشە بۆیان. بەمـەش خواردن بەشـێکە لە شـارسـتانیـەتیی مـرۆڤ لەسـەر زەویدا. خواردنی خـواردنیش هەر کـولتـووره، لادێیی ئێـواران ژەمی سـەرەکی دەخـۆن پـاش ئەوەی لە ئاژەڵداری یان لـە کێـڵگە دەگـەڕێنەوە. بەڵام شـارەکی نیـوەڕۆیـان لا گـرینگتـره بۆ خـواردن. لادێیـی بەپەلە دەخـۆن و پێیـان وایە خـواردن تەنیـا بـۆ پڕکـردنەوەی گـەدەیە، بەلای لادێیـیـەوە مـرۆڤ دەخـوات بۆ ئـەوەی بتـوانێ کـار بکات. بەڵام شـارەکی سـفـره دەڕازێننەوە و پێیـان وایە خـواردن ڕێوڕەسـمـە، بەلای شـارییـەوە مـرۆڤ بۆیە کـار دەکات تا بخوات.

وەک تـەواوی کـولتـووری کـوردی کـە هـەژارە، خـواردن و داوونـەریتـی خـواردنیش لە ژێرەوەدایە. بـەڵام کـوردسـتـان وڵاتێکی ئاوەدان بووە لـە بەرەبەیانی دیرۆکـەوە، وڵاتێکە دەشـێ بڵـێین کـەش و هەوای سـازگـارە، ئاوی هەیە، کشـتوکاڵی باشە و لەوەڕگەی بەپیتی هەیە بۆ مەڕ و مـاڵات، بەوگوێرەیە دەبوایە کۆمـەڵی کوردەواری خـاوەنی نەریتێکی پێشکەوتووتری خـواردن بێت لەوەی هـەیەتی. خـواردن لە بەروبـوومی رووەک یـان ئاژەڵ دروست دەکـرێن و ئەمـانەش لە کوردسـتـان زۆرن. بەڵام دەکرێ هۆی ئەم بەدبەختییـەش بدەینەوە پاڵ ناگزووریی نەتەوەییمان و بڵێین ئەمەیە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەتی کوردی، ئەمەیە ژیانی ژێردەستەیی و نەبوونی جێگیری لە مێژوودا. کە دەوڵەتت نەبوو شارت نابێ، کە شارت نەبوو خۆشگوزەرانیت نابێ، کە خۆشگوزەرانیت نەبوو خواردن برێتی دەبێ لە ئەرکی بەپەلەی پڕکردنەوەی بۆشاییی گەدە. مێژوویەک بریتییە لە دوو وشە: بخۆ و برۆ.

کاتـێ خواردنی رێسـتۆرانتی کوردی دەبینم بەهیوام جارێکی تر بە دیداری نەگەمـەوە. زۆر خـەمی خـۆشم نییە کـە لەم تـەمەنەدا هـێشـتـا لەگـەڵ خـواردنی

خۆمانەدا نەسازاوم. وا ژیان لەم چەرمەسەرەیەدا بەسەرچوو. خەمی ئەوەمە هەندێک جار میوانی بیانی دێن و نازانی بیانبەی بۆ کوێ. لەم وڵاتەدا رێستۆرانتێکی شایەن نییە بۆ ئەم جۆرە تەنگانەیە. تەلەفزیۆنی کوردیش ئەوەندەی بایەخ بەزیندووکردنەوەی لاوک و حەیران دەدات کە زیندوو نابنەوە، دە یەکی ئەوە بایەخی بەزیندووکردنەوەی خواردنی فۆلکلۆری بدایە، ئێستە خاوەنی چێشتخانەی کوردەواری بووین. یان لە جیاتی هەڵپەڕین کە پێی ریسوا دەبین، بایەخی بەنەریتی خواردن و ناو و جۆری ژەمەکان بدایە تا خەڵک هەندێک شارستانییانە لەگەڵ خواردندا هەڵسوکەوت بکەن، ئەنجامەکان تەواو جیاواز دەبوون.

لە رێستۆرانتێکی چینیدا، هاوەڵەکەم گوتی تۆ بۆ حەزت لەم جۆرە رێستۆرانتانەیە، گوتم "مەنوو" واتە رێبەری خواردن فریوی داوم بۆیە حەز دەکەم لە بۆفیەی کراوەدا دەست بگێڕم. گوتی ئەرێ بۆفیەی کراوە بەکوردی دەبێت بەچی؟ گوتم لەوەڕگەی ئازاد. گوتی لە کوردستاندا ئەم جۆرە لەوەڕگە ئازادانە هەبوونایە خاوەنەکەی زەرەری دەکرد. گوتم کورد نەک تەنیا هەر زۆر دەخوا، بەپەلەش دەخوا و بیر لە ئەنجامەکانیشی ناکاتەوە. بەداخەوە گوتی، کورد لە هەموو شتێکدا پەلەیەتی لە خواردن لە ئاژۆتنی ئۆتۆمۆبیل لە بڕیاردانی شەڕ، خۆزیا باپیرانمان بۆ دروستکردنی سەربەخۆییش جارێک پەلەیان بکردایە تا ئێمەش ئەمڕۆ خاوەنی شار و خواردن و کولتووری خواردن دەبووین و ئەوەندە سەغڵەت نەدەبووین کە بیانییەک رووی لە کەلاوەکەمان دەکرد.

کەسێکی تر بوایە لە جێی هەندێک داوودەزگای رۆشنبیری، لەناو ئەم گەڕەلاژەی راگەیاندنەدا نەدەچوو ئەم هەموو خەرجییە لە دانانی کەناڵێکی تازەی تەلەفزیۆنی کوردیدا بەخت بکات کە وەک مانگی چواردە دیارە دەچێتە ریزی فاشیلەکانی ترەوە، دەچوو پلانی دەکێشا بۆ کردنەوەی رێستۆرانتێکی هاوچەرخانە بۆ لێنان و پێشکێش کردنی خواردنی خۆماڵییانەی کوردی. لە هەموو لایەکیشەوە لە جیاتی بێژیار و دەرهێنەری نەزان، کابان و چێشت

لێنەری لێهاتووی لە هەرچوار پارچەی کوردستانەوە بۆ کۆدەکردەوە. دڵنیام ئەمەیان سەرکەوتنی ئاسانتر و خێراتر دەبوو، جێ پەنجەشی بەسەر کولتووری کوردییەوە زیاتر دەبوو، دەبوو بەمایەی شانازیش لەم کاولگەیەدا.

گەشبین ٤ لە ٢٠٠٧/١٠/٢٤

## کوردە چیت دەوێ؟ هەڵوێستێکی نەتەوەیی

تورکیا دێ یان نایە؟ وردە وردە دەردەکەوێ ئامادەکارییەکانی ئەو وڵاتە بۆ شەڕ، وەک لە سەرەتاشەوە دیاربوو، زیاتر هەڕوگیفن نەک قەومـاندن. وەک نەریت و باو، هەر کاتێ شەڕکەر کەوتە دانوستاندن لەگەڵ ناوبژیواندا نیشانەی ئەوەیە شەڕ روونادا و بە جێبەجێبوونی هەندێک داخوازی، لە گۆڕەپانی دەستەویەخەدا دەچێتە دەرەوە. چەندان ساڵە بانگەشەی ئەوە هەیە تورکیا دێ و ئەزموونی کوردی لە کوردستانی باشووردا دەپێچێتەوە، بۆ ئەمەش "مەترسیی" کورد بۆ سەر تورکمانی کەرکووک دەکاتە بەڵگە و بەهانە. لە سەرەتای ئەم تەنگژەیەشدا باسی ئەو مەبەستەی سەرەوە کرا گوایە تورک تا کەرکووک ناوەستن. دواتر پرسی پەلامارەکانی چەکدارانی پارتی کرێکاران بۆ تورکیا، کرا بەبیانووی هێرشەکەیان، ئەوەبوو داوای دەرکردنی ئەو چەکدارانەیان لە هەرێمی کوردستان یان بەدەستەوەدانی چەند سەرکردەیەکیان کرد بەداخوازی راستەقینە. وا پێ دەچێ ئێستا ئەمەش نەمێنێ و بەردانی شەش حەوت سەربازی گیراوی تورک ببێ بەداوای کۆتایی و کێشەکە ببڕێتەوە. چیا ژانی گرت، مشک بوو.

تورکیا وڵاتێکە کۆمەڵێک میلیتانی کەللەیی و لەخۆبایی، چوارمشقی لە لوتکەیدا دانیشتوون و چارەنووسی بۆ دیاری دەکەن. ئەمانە ناوبەناو تەنگژەیەک دەقۆزنەوە لەپێناو خۆشکردنەوەی جێ و پایەی خۆیان، ئەگینا چاودێرێک نییە هەست نەکات جێگیربوونی چەکدارانی پاراتی کرێکاران لە کێوەکانی کوردستانی باشووردا، ئارامییەکی داوە بەرەوشی ناوەخۆی

تورکیا. پارتی کرێکاران لەپێناو پاراستنی گیانی سەرکردەی گیراوی خۆی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا، وا بۆ چەندان ساڵ دەچێ ئاگربەستێکی یەک لایەنەی ڕاگەیاندووە و چالاکییە چەکدارییەکانی خستووەتە قۆناغی سڕبوون. بەمەش جموجۆڵی ئەو حزبە لە تورکیا بۆ کەمترین ئاست دابەزیوە، بەڕادەی ئەوەی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پێش چەند مانگ لەو وڵاتەدا، لایەنگرانی پارتی کرێکاران کەمترین دەنگیان هێنا. کەواتە کێشە پارتی کرێکاران نییە.

هەندێک چاودێر، زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێن کە هۆی ڕاستەقینەی هاڕووژانی ئەم جارەی تورک، پرسی قەڵاچۆی ئەرمەنە نەک شتێکی تر. ئاشکرایە قەرەبووکردنەوەی زیانی جینۆسایدی ملیۆن و نیوێک ئەرمەن کە بزووتنەوەی تورکیای لاو لە ساڵی ١٩١٥دا ئەنجامی دا، ئەگەر بکەوێتە قۆناغی کردەوەیی، گرانییەکی پشت شکێن دەبێ بۆ ئەو وڵاتە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرهەڵدانی سەرسوڕمانە ئەوەیە، لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەنگژەکانی خۆیەوە دەکوڵێ، تا چارەسەر بۆ یەکێک لەم تەنگژانە لە ئاسۆدا دەردەکەوێ چەندان تەنگژەی تر دێنە کایەوە و دەچنە پاڵ ئەوانی پێشوو، ئاخۆ لەم نێوانەدا بەرژەوەندیی ئەمەریکا لەوەدایە ژمارەی تەنگژە کەم بکاتەوە تا بتوانێ ئێران تی بکاتەوە بۆ شەڕ یان هەڤال و هۆگری بۆ زۆر بکات؟ بەگوێرەی بۆچوونی ئەم چاودێرانە، هیچ پێویست نەبوو لەم ساتەدا کێشەی ئەرمەن سەر هەڵبداتەوە. وەک بینیمان بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا و هەڤالبەندی ئێران، لەگەڵ دەسپێکی ئەم تەنگژەیەدا بەهەڵەداوان چووە تورکیا و پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی باشوور دەربڕی. ئێرانیش ماوەی مانگ و نیوێکە بەهاودەنگی لەگەڵ تورکیادا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەتۆپی دوورهاوێژ دەکوتێتەوە. کاری ئەم دوو وڵاتە واتە ئێران و سووریا، بووەتە ئەوەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە بەئاراستەی ئەوەدا ببەن بەزیانی پلانەکانی ئەمەریکا تەواو ببێ. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ لەم نێوانەدا پاڵدانی تورکیا بەئاراستەی دۆستایەتیی ئێران و سووریا، لە زیان زیاتر چیی هەیە؟

یەکـێکی تر دەڵێ، لەوانەیە هەڵدانەوەی لاپەڕەی قـەلاچۆی ئەرمـەن لەم ساتەدا بەنیازی ئەوە بێ تورکیاش بخرێتە لیستی ئەو وڵاتانەی کە ئەمەریکا دەیەوێ لە ناوچەکەدا گۆڕان لە سیستەمی سیاسییاندا بکات. یان ئەوەتا پرسی قەلاچۆی ئەرمەن وەک کارتی پاڵەپەستۆ بەکار بێنێ نەوەکا ئەمجارەش تورکیا وەک جاری پێشوو لە رووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا و عێراقدا خۆی بخاتە سەر گازی پشت و یارمەتی و ئاسانکاریی پێشکێش نەکات. بەکورتی و پوختی، گۆڕانەکانی ناوچەکە هەمووی بەگوێرەی سیناریۆی جیاجیا روودەدەن، ئەم سیناریۆیانە هەندێکیان لەلایەن ئەمەریکا و هەندێکی تریان لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێن. وەک شرۆڤەکاران هەستی پێ دەکەن، تورک ئەوەندە بەشدار نین لەم پەرەسەندنانە و رەنگە هێشتا کورد لە وێنەکردنی سیاسەتی ناوچەکەدا حاڵیان باشتر و رۆڵیان گرینگتر بێ. دوور نییە ئەمەش خاڵێکی تربێ لە هارکردنی سەرکردە میلیتارەکانی تورکیا کە دەبینن کوردیش وا دواجار رۆڵێک دەنوێنن.

هەرچۆن و هەرچییەک بێت، ئەو تەنگژەیەی ئەمجارە تورکیا نایەوە، هەندێک شتی ئاشکرا کرد. وەک چۆن مرۆڤ نابەناو سەردانی پزیشک دەکات تا پشکنینی باری تەندروستیی خۆی دووپات بکاتەوە، دەرکەوت ئەو وڵاتە ناتوانێ بێ سێودووکردن زەبری کاریگەر لە ئەزموونی کوردی بووەشێنێ، یان ئەگەر وەشاندنی دەبێ خۆی بۆ هەندێک کتوپڕ ئامادە کردبێ. ئەو بۆچوونەی پێی وایە تورک بەباڵەفڕی ئێف شازدە هێرش دەکەن و کوردستان کاول دەکەن، دەرچوو لە خەون نێزیکترە نەک راستی. کوردیش چەکێکی هەیە بۆ بەرگری، ئەو چەکەی هەردەم هەیبووە. وەک دەبینین مەترسیی پەلامارداني تورکیا بۆ کوردستان، هەستی هاووڵاتیی کوردی لە زاخۆوە تا خانەقین ختووکە داوە و ورەی لە دڵی هەمووواندا بردووەتە سەرێ. نەک کوردی باشوور بگرە کوردی پارچەکانی تریش، لە مەهابادەوە تا دەرسیم هەستیان کردووە لە ئاست مەترسییەکی نەتەوەییدان. وێڕای ئەمەش دنیا گۆڕاوە و رەوشی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێک پێ گەیشتووە، کورد بتوانن لە پرسە

نەتەوەییـیەکانی خـۆیاندا یەکەتییەک پێشـان بدەن. ئەمـە راسـتییـەکە هەمـوو کەس دەیزانێ تەنیا سـەرکردەکانی تورکە نایبینن.

بزاو ٢٠ لە ٢٠٠٧/١٠/٢٨

## وەڵامی کوردانە بۆ بیانووی سـەرەڕۆیانە

مـــاوەی دوو هەفـــتـــەیە هەمـــوومـــان بیـــر لەوە دەکـــەینەوە، گـــەلۆ دەبێ ئەم بیانووگرتنەی تورکیا لە هەرێمی کوردستانی باشـوور لە پای چی بێت؟ ئەگەر پرسەکە بوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانە، ئەوا بەدڵنیاییی دەبێ ئەمە مایەی سـوپاس و پێزانین بێت نەک گەڕ و گێـچەڵ لێـئالاندن، لەبەرئەوەی دەرچوونی ئەم چەکدارانە لە زەویی تورکیا بەسـوود بۆ ئەو وڵاتە گەڕاوەتەوە نەک زیان. وێڕای ئەوەی تەقە راگرتنی چەند ساڵەی ئەم چەکدارانە لە بەرامبەر سـوپای تورکـیـادا ئارامـیـیـەکی پێ داون دەبێ هەر سـوپاسـبـژێری بن و بەهیـوا بن درێژەی هـەبێ. کـەواتە بەلای زۆرەوە، کـێـشـەکـە بـوونی چەکـدارانی پـارتی کرێکاران نییە لە کوردستـانی باشووردا. وێڕای ئەمـە، وەک سـەرۆک بارزانی گوتی لە نێوانی سوپای تورکیا و چەکدارانی پارتی کرێکارانیشدا حکوومەتی هـەرێم بـوونـی نیـــیـــە تـا بیـــانـووی پـێ بگیـــرێ. ئەوان چـەندان شـــەڕ و رووبەڕووبوونەوەیان لەو سنوورانەدا ئەنجام داوە بێ ئەوەی پرسی کـەسـیـان کردبێ یان هەواڵی ئەو شەڕانە بەکەس گەیشتبێ.

لەلایەکی ترەوە، قـایل نەبوونی حکوومەتی تورکیا بەبینینی نوێنـەرانی کورد لە شـاندی رەسـمـیـی عێـراق بـۆ وتووێژ لەپێناو چارەسـەری ئەم تەنگژەیەدا، خـۆی بـەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی تورکـیـا بەدوای چارەسـەردا ناگـەڕێ بۆ ئەو کێشـەیەی باسی دەکات، بگرە دەیەوێ قـووڵتری بکاتەوە و کورد گوتەنی نانی پێوە بخوات، کەواتە ئەو بۆچوونە تەواو راستە کە گوتمان پرسی چەکدارانی پارتـی کـرێکاران تەنیـا بیـانووە نـەک هـۆی راسـتـەقـینە بـۆ هەڕوگـیف و خۆپچڕینەوەکانی تورکیا. لە ساڵانی رابردوودا دەیان جار سوپا و حکوومەتی

تورکیا لەگەڵ نوێنەرانی کورددا رۆنیشتوون بۆ چارەسەری هەمان کێشە و ڕۆژێک لە ڕۆژان لارییـــان نەبووە لە پرسی هاوئاهەنگی و هاوکـــاریدا، بەپێچەوانەوە هەر خۆیان لە دەرگایان داوە بۆ بینین و دانیشتن. کەواتە چی رووی داوە لە نێوانی ئەم شەو و ڕۆژەدا تا تورک بەم شێوەیە بچنە کەلی شەیتانەوە، وەک دەڵێن؟

بیرمان بۆ ئەوە چوو سەرهەڵدانەوەی پرسی قەلاچۆی ئەرمەن و سزادانی تورکیا بە سزای گەورە و پشت شکێن لە سۆنگەی قەتلوعام و کوشتاری ئەو گەلە داماوە لە سالآنی شەڕی یەکەمدا و لەناوبردنی ملیۆن و نیوێک مرۆڤی بێ تاوان و سڕینەویان لە چەندان شار و دەڤەردا، هۆی ئەم نارەحەتی و دۆخە هیسترییە بێت کە سەرانی لەشکر و حکومەتی تورکیا تێی کەوتوون، لەبەرئەوەی دەزانن باجی ئەم تاوانە لە رووی ســـیـــاسی و ئابووری و کولتوورییەوە بۆ تورکیا چەند گەورە و گران دەبێت. ئەگەر ئەمە بێت، دیسان واتای ئەوەیە نانەوەی ئەم گێچەڵ و گۆنگەرە بیانووگرتنە بەئەمەریکا نەک هەبوونی کێشەیەکی راستەقینە لەگەڵ کوردستانی باشووردا.

ئەگەری سێیەمیش رێی تێ دەچێ، لەوانەیە سەرکردە میلیتارەکانی تورکیا کە خۆیان بەخاوەنی تاقانەی ئەو وڵاتە و داهاتووی دەزانن، مەبەستیان بێت لە رێگەی دروستکردنی ئەو کێشەیەوە، سەرانی پارتی دادپەروەری و گەشەپێدان سووک و ریسوا بکەن و وەک ئەنگوستیلەی دەستی خۆیان نیشانی دنیایان بدەن. تا لەو رێیەوە بۆ ناوەخۆی تورکیا ئاشکرا ببێ تورک هەر تورکە چ لەشکری بێ چ عەلمانی بێ یان ئیسلامی. ئەمە باشترین هەل و دەرفەتە بۆ لووت شکاندنی سەرانی ئەو حزبە تازە براوەیە لە هەڵبژاردنی گشتیدا، کە بەنیازن ریفۆرم لە بارودۆخگەلی ناوەخۆ و پێوەندییەکانی دەرەوەی تورکیادا بکەن و داهاتووی وڵات بەجۆرێکی تر رێنوێنی بکەن. ئەمە شێوازێکی شیاوترە بۆ جەنەرالەکانی تورک لەوەی لە رێگەی کودێتای سەربازییەوە وەک پێشبینی دەکرا، ئیسلامییەکان ببەنەوە قاوغی خۆیان.

هەر یەکێک لەم هۆیانە راست بێت یان هەر هەموویان بەیەکەوە راست بن،

ئێمە وەکو کورد دەبێ بیر لە هەلومەرجی خۆمان بکەینەوە و چیمان بۆ باشە وا بکەین. ڕۆژنامەنووسانی تورکیا کە مەرجە ڕۆشنبیر و دنیابینە هاوسەردەمەکانی ئەو وڵاتە بن و ڕێی شارستانییانە نیشانی گەل و سەرکردایەتیی خۆیان بدەن، لە جەنەراڵە کەللەپووتەکان کەللەپووتترن. ڕۆژانە هانی لەشکر دەدەن بۆ بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان یان بەولاوەتر وەشاندنی زەبری کاریگەر لە سەرکردایەتیی کوردستان و وێرانکردنی دامەزراوە سیاسی و یاسایی و کارگێڕییەکانی هەولێر. بژاردەی تورکیا چ جەنەراڵ و چ سیاسی و چ ڕۆشنبیر، هەموویان بەهەمان لەخۆباییبوون و فیزگەورەییەوە لە کورد دەڕوانن، لە گەلانی تریش هەر وا دەڕوانن و دنیایان هەموو لەلا مێرووە. بەخەیاڵیشیاندا نایەت لە سۆنگەی ئەم کەللەپووتییەیان، خەڵکی تر چۆن بەچاوی نزم سەیری تورک و وڵاتەکەیان دەکەن و چۆن لە دەوروبەری خۆیان نامۆ بوون و دنیای ئەوروپاش کە بێزەی پێوە دەکەن چۆن بەپوولێک نایانکڕێ. ئێمە وەک ئەوان بیر ناکەینەوە، بۆ خۆمان هێلانەیەکی بچووکمان هەیە و دەمانەوێ بەهەر نرخێک بێ بیپارێزین. بەڵام دەبێ وەڵامێکی کوردانەشمان هەبێت بۆ ئەم گەڕ و بیانووانەی تورک کە لە سەرەڕۆیی بەولاوە هیچ واتای تری نییە.

باشە با بڵێین بیانووی تورکیا لەمەڕ بوونی بنکە و مۆڵگەی چەکدارانی پارتی کرێکارانەوە لە کوردستانی باشوور، بیانوویێکی بەجێیە و مافی خۆیانە ئەگەر داخوازیان بەدی نەیەت، شەڕ بفرۆشن. یان با بڵێین تورکیا هەر لە بنەڕەتەوە مەبەستی پارتی کرێکاران نییە و دەیەوێ ئەم ئەزموونە کوردییە لەناو ببات، باشە بۆ ئێمەی کورد لەم بارەدا دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی لەم گەڕ و گێچەڵەی تورک بێ زیان بچینە دەرەوە و نەهێڵین مەرامیان بەدی بێت؟ بەلای منەوە، باشترین چارەسەر ئەوەیە چەکدارانی پارتی کرێکاران بێ زیزبوون لە کوردستانی باشوور بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە گۆڕەپانی ڕاستەقینەیان کە باکورە و لەوێ خەباتی خۆیان بکەن.

ئەگەر پارتی کرێکاران وا بکات، هەڵبەت تورکیا ناتوانێ لە ڕێی هەڵمەتی

سەربازییەوە بزووتنەوەی کورد لە باکور هەڵکەنێ یان تەواوی ئەم چەکدارانە بەجارێک تەفروتونا بکات، بەپێچەوانەوە ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر لە شەڕی چەکداریدا بێت و تەقە نەوەستێنێ، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و ئاگرەکەی خۆشتر دەبێ. ئەو کاتە لە جیاتی ئەوەی شەڕ لە دۆڵێک و دەڤەرێک بێت، یان هەرەشەیەک بێت بۆ سەر ئەزموونی کوردستانی باشوور، هەڵدەگەڕێتەوە و بەرۆکی خۆیان دەگرێتەوە. پێتان وا نەبێ من لە رووی شەڕخوازییەوە ئەم پێشنیازە دەکەم، دیارە کێ مەیدانی شەڕی گرتووە. بەڵام وا باشترە لە جیاتی ئەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە خواکورک بێ کار دابنیشن و بێ خوڵکی بیانگرێ یان ببنە مایەی شەڕ هەڵایسان لە دژی باشوور، با بچن لە کێوە ئاسێیەکانی باکور و لە قوڵاییی تورکیادا لووتی ئەوانە بشکێنن کە ناهێڵن خاوەن لووت هیچ راستییەک ببینێ تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی سنووری خۆشیاندا بێت. ئەمە باشترین شێوازە بۆ وەڵامدانەوەی تورک و هەر خۆشیان داوایان کردووە.

میدیا ٣١٢ لە ٢٠٠٧/١٠/٣٠

## لاوی دوێنێ لاوی سبەینێ

سەرەتای ساڵانی هەشتا تا ناوەڕاستەکانی، هەرەتی هەڵچوونی شۆڕشگێڕیی لاوانی کورد بوو. بزووتنەوەی کورد لە چیاکاندا گەشەی کردبوو، ڕژێمی عێراق لە بەرەکانی شەڕ لە بەرامبەر ئێراندا زەبری یەک لەدوای یەکی دەخوارد، لە داخا وەک هار بەربووبووە گیانی گەلی بێ دەسەڵات. لەو ساڵانەدا فەیلییەکان بەناوەی ئێرانیبوون لە وڵات دەرکران. کارەساتی دوجەیل و کارەساتی بێ سەروشوونکردنی بارزانییەکان روویان دا. بێ ژمار گوند کوێرکرانەوە. ناوبەناو هەواڵی لە سێدارەدانی هەندێک لاوی شۆڕشگێڕ بڵاودەبووەوە. ئەمانە هەمووی دڵی لاوانی کوردیان کردبوو بەپشکۆ. ژیانیان تەواو بووبوو بەشۆڕشگێڕی. دەمەو ئێواران گوێیان

بەرادیۆوە دەنا تا هەواڵ و دەنگوباسی خەباتی چەکداری بزانن.

لەو سەردەمەدا زیاتر ئەو کتێبانە باویان بوو کە بیری جۆشدان و هاندانیان دەبزووواند. کتێبێک هەبوو بەناوی "چۆن پۆڵامان جۆش دا". دانەرەکەی ناوی نیکۆلای ئۆستڕۆڤسکی بوو، وا بزانم دانەر لە بنەڕەتدا نووسەریش نەبوو، رۆمانێک بوو شۆڕشگێڕێک نووسیبووی، رەنگە لە رووی تەکنیکی رۆماننووسییەوە رۆمانێکی گرینگیش نەبووبێ بەڵام وەک بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی شتێک بوو سەرنج راکێش. دەیان کەس خوێندبوویانەوە، یەک دانەی هەبوو هەموو نۆرەیان لەسەر گرتبوو. دەیانگوت کاتێ یۆری گاگارین چوو بۆ سەر مانگ ئەم کتێبەی بردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر لەوێ مرۆڤ هەبن وەک دیاری پێشکێشیان بکات تا بزانن لەسەر زەویدا چ قارەمانەتییەک روو دەدا.

ئەو دەمە دەمی لاساییکردنەوەی گیڤارا و پاتریس لۆمۆمبا بوو. لاوانی شۆڕشگێڕ ریشیان بەردەدایەوە، گوێیان لە شڤانپەروەر دەگرت، تەزبێحیان بەدەستەوە دەگرت. تەزبێحی قەزوانی سەد و یەک دەنکەیی نیشانەی شۆڕشگێڕی و کۆڵنەدانی هەڵگرەکەی بوو. دەبووایە لاو بەچپە بدوێ و گران و سەنگین بنوێنێ. لاوانی ئەو سەردەمە جۆرێک بوون بەتەمەنەکان شەرمیان لێیان دەکرد و رێزیان دەگرتن. ئەو کاتە سەردەمی هەژاری و دەسکورتیش بوو، زۆربەی لاوەکان لە پشووی هاویندا کاریان دەکرد تا خەرجیی وەرزی خوێندن دابین بکەن. کاریش زۆربەی جار کرێکاری بوو. دەتوانم بڵێم لە رووی ئابوورییەوە ئەو سەردەمە سەردەمی بێبەشی و قاتوقڕی بوو. سەیریش ئەوەیە لاوان کەسیان گلەیی و سکاڵای نەبوو لە هەژاری و دەسکورتیی خێزانەکانیان، بەپێچەوانەوە ئەمە نیشانەی شۆڕشگێڕی و شانازیی زیاتر بوو.

لەو سەردەمانەدا ئەوەی لاوانی دەبزواند کەسانی کاریزمایی بوو. وەنەبێ ئەمانەش هەر شۆڕشگێڕەکانی دنیا بووبوون، بگرە زۆرجار قارەمانانی ناوخۆ دەبوون بەو نموونانەی لاسایی دەکرانەوە، بۆ نموونە ئەوانەی لە زیندانەکانی

دوژمن له ژێر ئەشکەنجەدا دەپسان و دانیان بەڕاستیدا نەدەنا. ئەمانە ئەو لاپەڕانەن ئەمڕۆ هەڵدراونەتەوە. ئێستا سەردەمی کاریزما و مرۆڤی ئەفسانەیی بەسەرچووە. لەمەودوا بەرەبەرە کەسێک نامێنێ مرۆڤ پێی سەرسام بێ یان بیەوێ لاسایی بکاتەوە وەک چۆن دوێنێ رووی دەدا. کولتووری نوودەم ئەوەیە هەر کەس بۆ خۆی کاریزمایەک بێت. ئەمە کولتووری خۆپەرستن و خۆسەپاندنە نەک خۆ قوربانکردن بۆ سەرفرازیی دەوروبەر. لەوانەیە دوا کاریزمای مێژوویی، دێوێکی وەک ئوسامە بن لادن بێت کە لاوان هان دەدات لە پێناو بەختەوەریی خۆیان لە دنیایەکی تردا، خەڵکی ئەم دنیایە لەناو ببەن.

من خەم ناخۆم بۆ بەسەرچوونی چاخی مرۆڤە ئەفسانەییەکان، راستت دەوێ نەمانی کاریزما، نیشانەی دەست پێکردنی سەردەمێکی مرۆڤییانەترە لە سەردەمانی پێشوو. ئەمە سەردەمی دەرکەوتنی لێهاتوویی و توانای هەر مرۆڤێکە بۆ خۆی، سەردەمی دەست پێکردنی خۆنوواندن و خۆدەرخستنی تاک و سەپاندنی کەسایەتیی تایبەتی هەر کەسێکە، نەک ژیان لە سێبەری کەسایەتییەکانی تردا. لەم سەردەمەدا مرۆڤی بەتوانا و مرۆڤی بێ توانا لە یەک جیا دەبنەوە، لەبەرئەوەی زۆرجار لاساییکردنەوە دەبێ بەهۆی ونبوونی توانا راستەقینەکان و دەرکەوتنی توانا دەسکردەکان. بەڵام ئەوەش هەیە شۆڕش و بەرگری بەشێوەی کلاسیک تەنیا بەهەبوونی ئەو کولتوورەوە دەکرێت کە باسمان کرد. ناشارێتەوە کەوا بەشێک لە هێز و گۆڕی لاوانی ئەو سەردەمانەی پێشوو لە لاساییکردنەوەی کاریزماکانی دەوروبەر و دوور بوو.

بەڵام چۆن مرۆڤ بۆ خۆی دەبێت بەکاریزما و نیشانەیەک لەسەر زەویدا؟ ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و رەنگە یەکێک لای وا بێت شرۆڤەی زۆری دەوێ تا بگات بەوەڵامی یەکجارەکی، بەڵام وا نییە، وەڵامەکەی زۆر ئاسانە و تەنیا یەک وشەیە: توانای راستەقینە، لێهاتوویی، داهێنان، گیانی دەست پێشخەری، ئەم شتەش لە تاکەی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەویسترێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵێک

بگێـڕێ یان جێ پەنجـەیەکی هەبێت. مـرۆڤـێک بەهیـوا بێت کـە ئاوڕی لێ بردێتەوە، گرەوەکەی دۆڕاندووە.

گەشبین ٥ لە ٢٠٠٧/١٠/٣٠

## بۆ ئەوەی کورد پتەو بێ

لە سـاڵی ٢٠٠٣وە کـە ڕێژیمی بەعس لە عـێـراق هـەرەسی هێنا تا ئەمـرۆ، ئەوانەی کاروباری ئەم وڵاتەیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوە هەوڵ نادەن عێراقێکی دیموکراسـی بەدی بێت تا هەمـوو لا لە سـایەیدا بەخـتـەوەر و یەکسـان بژین. شیعە بەهەموو جۆرەکانیان، بەوانەشیانەوە کە پێشتر ئەڵقە لەگوێی ئەمەریکا بوون، بەلای ئێراندا رای دەکێشن و کارنامەیەکی تایبەت بەخۆیان و ئێرانیان هەیە. سوننە بۆ ئەوە تێ دەکۆشن جـارێکی تر دەسـەڵات بۆ خـۆیان پاوان بکەنەوە تەنانەت ئەگەر بەپشـتـەوانیی قـاعیدەش بێت. کوردی خـۆشـمـان لە زووەوە خـۆی لە عـێـراق بەخـاوەن نەزانی و وای پێـشـان دا خـەریکی دامەزراندنی کوردستانە.

لەم بازارە ئاڵۆزەدا کێ رزگـاری بوو؟ سـەرانی بەعس. لە چەند کـەسێکی وەک سـەدام و بەرزان تکریتی و تەها جـەزراوی بترازێ، کـە شـیـعـەکـان بۆ تۆڵەسـەندنەوە و چاوشکاندنی سوننە هەڵیانواسین، ئەوانی تر بەرزەکی بانان دەرچوون. وەک نەریتێکی مێژوویی، دەبوایە حزبی بەعس لە دادگە بدرێ وەک بیر وەک سیاسـەت وەک مێژوو. دەبوایە سـەرانی ئەو حزبە سزایەکی گشتی وەربگرن، بۆ نموونە ئەندامـانی سـەرکـردایەتیی شـۆڕش، ئەندامـانی سـەرکردایەتیی هەرێمی و سـەرکـردایەتیی نەتەوەیی، بەرپرسـانی لقـەکـانی بەعس لە ناوچە و پارێزگـەکـاندا، بەرپرسـانی ئەمن و ئیسـتـیـخـبـارات و موخـابەرات، سـەرکـردەی فەیلەقـەکانی سـوپا، هەروەها زۆر پۆسـتی تریش، سزایەکی گشـتی وەرگرن بۆ نموونە گرتن بۆ ماوەی بیست ساڵ. ئینجا یەک لە دووای یەک هەمـوویان بدرێن بەدادگـە و حـوکـمی تایبـەتیـان بۆ دەربچێ،

بێگومـان ئەگـەر یەکـێک تاوانێکی سـەربەخـۆی نەکـردبێ سـزایەکی تایبـەتی نەدرێ، بەڵام لە تاوانە گشتییەکاندا هەموویان سزا وەربگرن.

وەنەبێ لەم هەمـوو کـردەوەی رەشـەکوژی و کۆمـەڵکوژی و تۆوبڕینەوەی ٣٥ ساڵ بەدرێژی و پانیی عێراق روویان دا، تەنیا دوو سێ کەس بەرپرسیار بن و ئەوانی تر ئامـێربووبن لەو سیستەمـەدا. بەپێچـەوانەوە، کاربەدەسـتانی بەعس لە هەمـوو پلەیەکدا بەشـێـوەی داهێنەرانە فـەرمـانی سـەرووی خـۆیـان بەجێ دەهێنا. بەداخـەوە دەسکەوت کۆکردنەوە و عەیش و نۆشی بەغدا بوون بەهۆی ئەوەی ئەو دادگە مـێژووییـیە روو نەدا و هـەر کـەس خـەریکی کـارنامـەی خـۆی بێت نەک کـارنامـەی عێـراقی داهـاتوو. تەنانەت هەمـوو لا کـەوتنە پاشکەشـە لە بڕیاری ریشـەهەڵکەندنی بەعس کە لە سـەردەمی ئەنجـوومەنی فـەرمانڕەواییدا دەرچوو. ئەوەتا دواجـار هەڵواسـینی عـەلی کیـمـیـایی پشـتگوێ خـرا، لەوانەیە سوڵتان هـاشم بەهۆی پانکردنەوە بۆ سوننە، لە سزای هەڵواسین رزگاری ببێ بێ ئەوەی سـوننە بۆ یـەک جـاریش قسـەیەکی خـێـر بۆ کـورد بکەن، سـیـاسـەت دانوسـتـانـدنە، ئـەگـەر بـەڕاسـتـیـش سـوڵتـان هـاشـم رۆبۆت بووە لە رێژیمی بەعسدا، نابێ کورد بێ بەرامبەر قسەی خێری بۆ بکات.

لە زنجیرەی ئـەم پەرێشانحـاڵییـەدا کارێکی ئەوتۆ بۆ گەڕانـەوەی کەرکووک نەکرا. لە ئاکامی بێباکی و خەمنەخۆریمان گەیشـتینە ئەو رۆژەی هەڕەشـەی لەشکرکـێشـیی تورکیـا بۆ سـەر هـەرێمی کـوردسـتـان ببێ بە خـەم و خـەیاڵی دواییمان. راستە بیانووی ئاشکرای تورکیا بوونی پەکەکەیە، بەڵام بیانووێکی درۆزنانـەیە و مـەبـەسـتی شـاراوە برێتـیـیـە لە زیندەبەچاڵکردنی ئەزمـوونی کوردی، یان بـەلایەنی کـەمـەوە لەباربردنی پرسی کـەرکووک. بێگومـان ئەوەی تورکـیـا دەیکات لە کـەڵەگـایی بـەولاوە هیـچی تر نیـیـە. لەمـەشـدا سـوود لە هـەڤـالبـەندیی ئێران و سووریا وەردەگرێت. ئەمـانەی دواییش کەڵەگان و هـەر ئەمـڕۆش نییـە کـەڵەگایی دەکـەن. کـورد دەبـوایە یان عـێـراقی بێت و ڕۆڵێکی هەبێ لە بەغـدا کــە دیارە بەغـداش دۆسـتـی تەواو نیـیـە، یان ئەوەتـا دەبوو

خەریکی دامەزراندنیماڵی خۆی بێت کە لە سەرەتاوە خۆی وای پێشان داوە، تا بتوانێ رووبەڕووی کەڵەگاکان ببێتەوە.

لە سایەی بەدەنگەوەهاتنی دۆستانمانەوە، ئەمەریکا و بەریتانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها ئەو ورە و هێزە خۆڕسکەی هەمانە، ئەمجارەش لە مەترسی رزگارمان دەبێت و کوردستان هیچی بەسەر نایەت، بەڵام دوای ئەوە پێویستیمان بەپێداچوونەوەیەکی گشتی هەیە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین کەس دۆستی کەس نییە. لەم ناوچەیەدا هەڤالبەندی بۆ کاری تێکدەرانە دێتە دی، بەڵام بۆ ئاواکردنی ژیانێکی نوێ و هەنگاونان بەرەو داهاتووی گەش نایەتەدی. رۆهەڵاتی ناوەڕاست کێڵگەی مینە، لەم کێڵگەیەدا مرۆڤ لە هیچ هەنگاوێکی خۆی دڵنیا نییە. دەبێ لە بیرمان نەچێ ئێمە لە خۆمان زیاتر کەسمان نییە لەم ناوچەیەدا. دەرس لە ئەزموون وەردەگیرێ، پێمان وابوو رژێمی سەدام بڕووخێ دەحەسێینەوە، وا دەرنەچوو. بۆیە ئەگەر رژێمی ئێران و سووریا و تورکیاش یەک لە دوای یەک بڕووخێن، هەر ناحەسێینەوە. حەسانەوە بەواتای ئەوەی، وەک پیشەی چەند ساڵەمان کەمتەرخەم بژین.

دانانی ماڵێکی ئازاد بۆ کورد چەند بچووکیش بێت، خەمخۆری و مشوورخۆرییەکی دەوێت تا ڕادەی مردن. لە کوردستان بڕوانی دەزانی ماڵێکی پتەو و دوور لە مەترسی نییە. زۆربەی بەرپرسانی ئەم وڵاتە کاری خۆیان بەفشە وەرگرتووە و کەس خۆی بەخاوەنی راستەقینە نازانێ. تەمەنی حەڤدە ساڵ کەم نییە بۆ ئەزموونێک، حەڤدە ساڵ مێژوویێکە. ئێمە حەڤدە ساڵە بە شایی و گۆڤەند و کاری رواڵەتییانە و کەشوفش، کەموکورتیی خۆمان دادەپۆشین و لە ژێرەوەشدا درێژەی پێ دەدەین. دەوڵەتداری و بەرپرسیاری وا نییە. بۆ نموونە ئەگەر پێزانین هەیە بۆ خوێنی شەهیدان، وەک چۆن هەمووڵا لافی بۆ لێ دەدەن، یان یەکێک دەیەوێ کورد پتەو بێ، با پەلە بکات بۆ هەڵواسینی عەلی کیمیایی و هاشم سوڵتان. ئەگەر وا بکەین بێگومان لاوانی

ولاتەشمان تێ دەگەن بەڕێوەبەرانی ئەم ولاتە لە کارەکەیاندا پتەون، ئەوانیش پتەو دەبن و گیانی خۆیان لە پێش تانک و زرێداری دوژمندا هەرزان پێشان دەدەن.

بزاو ٢١ لە ٢٠٠٧/١١/٤

## خاڵێک بۆ خاوبوونەوە، سەرگەیەک بۆ داهاتوو

دوواجار تەنگژەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیشتە خاڵێک خاوبوونەوەی لێوە دەست پێ بکات. بەردانی ئەو چەند سەربازە تورکەی لەلای پارتی کرێکارانی کوردستانی باکور دیل بوون، هەروەها ئەو هەڵسوکەوتانەی دەسەلاتی کوردستانی باشوور کردی، وەک پێوەدانی دەرگای بنکە و بارەگای هەندێک لایەن کە سەر بەپارتی کرێکاران بوون، ئارامییەکی دا بەتورکیا. ئەم هەنگاوانە بۆ جێبەجێکردنی بەشێک لە داخواز و پاڵەپەستۆکانی ئەو ولاتە دێنە بەرچاو، بەلام راستت دەوێ دەبن بەڕووبەندێک بۆ چوونەدەرەوەی تورکیا لەم تەنگژەیە بێ شەرمەزاری یان سەغڵەتی، هەروەها دەشێ ببن بەسەرگەیەک بۆ قۆناغێکی نوێ و بیرکردنەوەیەکی نوێ لە داهاتووی نێزیکدا.

راستە هێشتا ئاخاوتنی گەرمی دەسەلاتدارانی تورک تەواو سارد نەبووەتەوە و جەماندنی سوپا لە سنوورەکاندا وەک پێشوو بەردەوامە، بەلام کۆنگرەی ولاتانی دراوسێی عێراق لە ئەستەمبوڵ شتێکی چرپاند بەگوێی بەرپرسانی تورکیادا، ئەویش بەزاندنی سنووری عێراق کارێک نییە وا بەئاسانی تێ پەڕێ بەتایبەتی لەم دەمە ئاڵۆزەدا. هەندێک لە ولاتانی یەکەتیی ئەوروپاش تورکیایان ئاگەدارکردەوە لە گەوجەییی کردنی کارێکی وا. لەلایەکی ترەوە ناوبژیوانیکردنی بێ وچانی بەرپرسانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشانەی ئەوەبوو رێگە نادەن بەهیچ شێوەک کارێکی وا چەوت و چەوێڵ ئەنجام بدرێ. ئەم چەپاوە ئەگەر رووی بدایە بەو گەورەییەی تورک باسیان دەکرد، هەموو هاوسەنگییەکی لە عێراقدا لنگەوقووچ دەکردەوە.

جگە لەمانە هەمووی، کێشەی پارتی کرێکاران یان بەولاوەتر کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەک نییە ئەمڕۆ سەری هەڵدابێ تا ئەم کەفوکوڵەی بوێ. بەزاندنی سنووری کوردستانی باشووریش لەلایەن سوپای تورکیاوە جاری یەکەمی نەبووە تا ئەم گۆبەندە بنێتەوە. لە هەشتایەکاندا ڕێککەوتنێک لە نێوان ڕێژیمی ئەوسای عێراق و تورکیادا هەبوو بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی پارتی کرێکاران بەبەردەوامی. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش کە دەسەڵاتی عێراق لەو سنوورانەدا نەما، هەمان ڕێککەوتن بەشێوەیەکی تر لەگەڵ دەسەڵاتی کوردستاندا درێژەی کێشا. هەموو جار ئەو ترس و دڵەڕاوکانەی تورکیا لەبارەی چەکدارانی پارتی کرێکاران، لەلای دەسەڵاتی کوردستانەوە لەبەرچاو گیراوە، جیاییی پرسەکە لەم جارەدا ئەوەبوو تورکیا هەڕەشەکانی خۆی ئاراستەی ئەزموونی کوردستان دەکرد نەک پارتی کرێکاران. ئەوان باسی لێدانی هەولێر و شارەکانی تر، یان داوای بەدەستەوەدانی هەندێک بەرپرسی کوردی باشووریان دەکرد.

هاندانی ئێران و سووریا بۆ تورکیا لەم تەنگژەیەی ئەمجارەدا ئاشکرا و بێ ڕووبەند بوو. هەموو لا پرسی چەکدارانی پارتی کرێکارانیان کرد بەبیانووی کرژی و داپۆشینی هۆی ڕاستەقینە. هۆی ڕاستەقینە شتێکی تر بوو، ئەویش مەترسیی یەکلابوونەوەی پرسی کەرکووک بەلای کورددا، یان مۆرکردنی گرێبەندەکانی دەرهێنان و فرۆتنی نەوت لەلایەن حکوومەتی هەرێم، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر داهاتووی تورکیا پێشان دەدران. بەرپرسانی تورک بەسانایی چوونە ژێر باری کڵاو لەسەرنان و فریودانی ئەم و ئەو، لەبەرئەمەش ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کوردی باشووردا بدوێن. پێش چەند مانگ، شرۆڤەکاران لایان وابوو بەهاتنە سەر کاری حزبی دادپەروەری و گەشەپێدان لە تورکیا، هەندێک گۆڕان لە بیرکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا ڕوو دەدا و وا دەکا دنیا بەجۆرێکی باشتر ببینن بەتایبەتی لەمەڕ کێشەی کوردەوە، وا نەبوو. تورک وەک هەرجار، بەبیرێکی کۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پرسگەلێکی تازەدا کرد. ڕاستە عێراق هێشتا نقومی زەریای ئاژاوە و تیرۆرە

و وڵاتانی دراوسێ هەرکێ ویستوویەتی دەستی تێدا گێڕاوە، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتێکی دەستووریە و سەرۆکی کوردستان سەرۆکی خێڵ نییە وەک راگەیاندنی تورکیا باسی دەکەن. ئەم هەڵەیەی تورک ئەمجارە لە کاتی بەسەرچوودا کردیان، شتێک بوو دیمەنی وڵاتەکەیانی جارێکی تر لەبەرچاوی دنیادا شێواندەوە.

هەرچۆن بێ رەوشەکە وا هێور دەبێتەوە. وا چاوەڕوان دەکرێ هەموو لا دەرس و پەند لەم تەنگژە مێژووییە وەربگرن و بیکەن بەخاڵێک بۆ بەخۆداچوونەوە و وەرچەرخان لە رەوتی کاری خۆیاندا. زۆرجار مرۆڤ ئاگای لە گۆڕانی تازە نییە و وەک هزر لە رابردوودا دەژی. کێشەی کورد لە عێراق رێی چارەسەری یەکجارەکیی وەرگرتووە و ئەم وڵاتە پێی ناوەتە سەردەمی دیموکراسییەوە هەرچەندە دیمەنی گشتیش شتێکی تر دەنوێنێ. لە تورکیا گۆڕان لە بیرکردنەوەی کوردیدا رووی داوە. تورکیش دەبێ ئەو لووتبەرزییە کۆن و کات بەسەرچووەیان فڕێ دەن و بەچاوێکی شارستانییانە لە ژیان بڕوانن. کورد دێو و درنج و ئاژەڵی کێوی نین تا هەتایە بە ڕق و کینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

هیوا دەخوازرێ خاڵی خاوبوونەوەی ئەم گرژییە هەڵوەستەیەک لەلای بەپرسانی تورکیادا دروست بکات و هانیان بدات بۆ بیرکردنەوە و رامانێک لەو کێشانەی تەنیا بەژیری چارەسەر دەکرێن. تەنیاش کوردن دەتوانن هاوکار و یاریدەریان بن بۆ وەلانانی ناکۆکی و گرتنەبەری رێگەی راست. سەرۆک مەسعود بارزانی چەندان جار لە دیمانەی ڕۆژنامەوانی و ئاخاوتنەکانیدا دووپاتی کردووە کەوا رێگەچارەی ژیرانە تەنیا ئەوەیە بیر لە ئاشتی بکرێتەوە بۆ ئەو نێوانە، چەندان جاریش ئامادەیی پێشان داوە بۆ بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی. خاوبوونەوەی ئەم تەنگژەیەی دوایی و نیازپاکیی کورد لە بەردانی دیلەکان و رەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوسێیەتی و بەیەکەوە ژیان، بۆ تورک باشترین سەرگەیە بۆ بینینی داهاتوویێکی روونتر و گوێگرتن لە ئامۆژگاریی بەسوود. لە سایەی ئەو رابردووە تاڵەدا ئەوەتا تورک دیمەنێکی

دزێویان داوه بەوڵاتەکـــەیان بەوەی نکووڵی لە بوونی کـــورد یان پێـــدانی مـافـەکـانیـان دەکـەن. کـوردیش لەم مـێـژووەدا کـە نێـزیکەی نەوەت سـاڵی خـایاندووه و لە سـەرکوتینەوه زیاتر بەشـیـان نەبووه، نـاچارن کـاردانەوەیەکی توند و بێزارکەریان هەبێ بۆ ئارامیی ئەو وڵاتەی هیچ ڕۆژێک بەختەوەرییەکی پێ ڕەوا نەبینیون.

میدیا ٣١٣ لە ٢٠٠٧/١١/٦

## محەمەد ئوزوون: واتایەک بۆ ژیان

دیمانەیەکی سیحراوی بوو لە دەمەوئێوارەیەکی شاری ئامەددا، ئەو بەهیوای ژیان و ئێمەش لە خەمی دواکۆچی ئەو، بۆ چەند چرکەیەک چاومان لە یەکتر بڕی. لە نهـۆمی سـەرەوەی نەخـۆشـخـانەیەکی تایبـەت، لەسـەر تەخـتێکی چوارپایە و لە بەرامـبـەر شـوورەی دێرینی دیاربەکـردا، لەسـەر پشـتی ڕاکشابوو. ترووسکەی ژیان لە دڵیدا نەکوژابووەوە بەڵام دەشیویست ئەو دوا سـاتانە لەبەرامـبـەری ئەو شـوورەیەدا بەڕێ بکات کـە تافی منداڵیی لە پاڵدا بەسـەر بردبوو، دەیویست ژیان بەگـەشـیـی خـۆی ببـینێ. بیـسـتـمـان هونەرمەندانی گەنجی دیاربەکر هەندێک ئێواران دێن لە پاڵ ئەو شوورەیە و لە بەرامـبـەری پەنجـەرەکـەی ئەودا ئاهەنگ دەگـێـڕن و هـەڵدەپەڕن. زانیـمـان هاوشـارییـەکانی ڕێزی لێ دەگرن سـەبارەت بەو کـارە ئەدەبییـانەی بەزمـانی قەدەغەکراوی کوردی پێشکێشی کردبوون.

پاش ساڵ و هەندێک، دیسان دەمەوئێوارەیەک کتوپڕ هەواڵیـان دا محەمەد ئوزوونی گەورە ڕۆمـاننووسی کورد مـاڵئاواییی کرد. من و هاوەڵێک بووین، بۆ چەند چرکـەیەک زمـانمان چووه کلیلە و گـەردەلوولی پەژارەیەک ڕاپێـچی کەلاوەی خـەمی کردین. دووا دیمەنی ئەوم لەناو نوێنەکەیەوه هـاتەوه بەرچاو. پاش ئاخاوتنێکی کورت لە نێوانی ئەو لەلایەک و ئێمەی شاندێکی کوردستانی باشـوور، گوتی چاک ببـمـەوه یەکەمجار دێمـەوه هەولێر و بەپێی خـۆم دێم بۆ

دەزگـای ئاراس. ئەو خـەونە بەدی نەهات، خـوا دەزانێ چەند خـەونی تریشی لەگەڵ خـۆیدا برد. خـەیاڵ بەری دام و زەینم روون بووەوە، گوتم نابێ رەشـبین بم بۆ کـۆچی ئەو لەبەرئەوەی تا توانیی واتای جـوانی دا بەژیان. بۆ مـرۆڤ گـرینگ نیـیـە چەند دەژی و چۆن دەژی، گـرینگ ئەوەیە چ واتـایەک دەدات بەو ژیانەی.

ئەمسـاڵ ژمـارەیەک لـەو کەڵە ڕۆشنبیـرانە، بارگەیان پێـچـایەوە و ڕۆیشـتن، شـاکـرۆیێ خـدۆ، ئۆردیخـانی جـەلیل، لەم ڕۆژانـەشـدا سـەلاح سـەعـدوڵڵا، هەمـوویـان بەبێـدەنگی و بێ ژاوەژاو. بـۆ هـەر یـەکـێک لەمـانـە بەبێـدەنگی پرسەیەکی چەند چرکەییم گرت. گوتم سوپاس بۆ ئەو خزمەتانەی کردتان ئەی دانەرانی کتێبی کوردی و داهێنەرانی واتای کوردی. ئێوە تا هەبوون ژیانی ئێمەتان پڕکرد لە گەشبینی و ژیانی خۆشتان پڕ کرد لە واتا. لەم سەردەمەدا گەلان ڕێز لە بژاردەی خـۆیان دەگرن و راستگۆیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، تا خـۆیان مـاون کارەکانیان هەڵدەسەنگێنن، پێیان دەڵێن: شـاباش، دەسـتـان خۆش. لە ناخی دڵەوە هەستم بەقەرزاری کرد لە ئاست ئەو دیاربەکرییانەی لە دوواڕۆژانی ژیانی مـحـەمـەددا دەیانویست بەگـۆرانیی کـوردی دڵـی بدەنەوە. ئەمە کارێک بوو لە کاری کورد نەدەچوو.

ڕۆژێکیـان لـەگـەڵ هەندێک لە هاوکـارانمدا دانیـشـتـبـووم، لە داخی دوواکەوتوویی کورد دەردەدڵمان دەکرد. یەکێکیان گوتی پێش چەند ساڵێک من و چەند گـەنجـێک بڕیارمـان دابوو ڕۆژێک بچین بۆ ئـەو دەشت و دەرە، چادرێک هـەڵبدەین و لە بەیانی تا ئێـوارە شـیـوەن بکەین و بۆ کـورد بگرین. گـوتم تکایە ئەگـەر چوون لـە بیـرم مەکـەن، منیش دێم لە داخی کـورد تێـر لە سـەری خـۆم دەدەم. کـورد ڕێز لە داهێنەرانـی خـۆی ناگـرێ، تا مـاوە بەچاوی سووک سـەیریان دەکات و دڵیان پڕ دەکات لە خەم، کە مردیشن شیوەنیان بۆ دەگـێـڕێ. ڕۆشنبـیـرانی باکـور زۆریـان زمـانـی خـێـریان لە ئاست مـحـەمـەد ئۆزووندا نەدەگەڕا تا مابوو. بێ ئەوەی روونی بکەنەوە، بۆ؟

جـاران وام دەزانی گریـان رەشبینییە. پـاشـان گوتم ئەی باشـە منداڵ بۆ لە

ختوخۆڕایی دەگری؟ نەخێر کەواتە ژیان گەشبینییە. یان مرۆڤ بۆچی کاتێ خەبەرێکی خۆشی پێ دەدەن هەندێک جار لە جیاتی ئەوەی زەردەخەنە بڕژێتە سەر لێوی، فرمێسک دەزێتە چاوی؟ کەواتە گریان گەشبینییە. من ئەم هەواڵەی گەنجانی کورد بەخۆشحاڵییەوە وەردەگرم، ئەگەر ڕۆژێک لە بەلاڤۆکی دەنگوباسی تەلەفزیۆنەکاندا ئەو چادرگە و شین و شەپۆرەم بینی هەست دەکەم ژیان لە کوردستان بەرەو گەشبینی دەڕوات و گەنجان دێنەوە سەر هۆش.

حاجی قادری کۆیی بەوە ناسراوە زۆر خەمی لە کورد خواردووە. بەگەنجی لە داخی کورد کوردستانی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ هەندەران. بەجەستە زۆر دوور بووە لە زاگە و نیشتمان، بەڵام بەگیان یەک چرکە لێی دانەبڕاوە و شەو و ڕۆژ وەک ئەو چەند گەنجەی باسم کرد بۆ کورد گریاوە. جارێکیان گوتوویەتی: "لە خۆم ئاگر هەڵێنم وەک چنارۆک، لە چاوم گریە دەربێ وەک حەمامۆک"، هەڵبەت لە داخی کورد نەک لە داخی تورک. محەمەد ئۆزوونیش یەکێک بوو لەوانەی لە ڕۆمانەکانیدا زۆر بۆ کورد گریا، بەڵام تا دوا چرکە بەگەشبینی ژیا و واتای دا بەژیان.

گەشبین ٦ لە ٢٠٠٧/١١/٧

## چارەنووس لە چیدایە؟

بۆ چەندان ساڵ دەچێ چارەنووسی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر لەپی دێوە. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەیەکدادانی هێزگەلی ئەمەریکا و تیرۆریستان بەرەو یەکلابوونەوەی یەکجاری ناچێ وەک چاوەڕوان دەکرا، بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ توندتر دەبێ و پەلوپۆی زیاتری لێ دەبێتەوە. دەنگوباسی زاڵ بەگوێرەی ڕاگەیاندنی عەرەبی، تا ئێستا زیاتر ئەوەیە ئەمەریکا هێزگەلی خۆی دەکێشێتەوە و چارەنووسی ناوچەکە دەداتە دەست نادیار. بێگومان ئەگەر ئەمە ڕووی دا ئەوا داهاتووی دیموکراسی لەم

ناوچەیەدا دەچێتە دیوی نەبوون. نەک هەر ئەمە بگرە گرژی لە نێوان ناوچەی ڕۆهەڵاتی ئیسلامی و ڕۆئاوای نەیاریدا بەرەو مەترسیی زیاتر دەڕوات لەوەی هەیە و رەنگە چاخێک دەست پێ بکات رواڵەتەکانی لە خەیاڵی کەسدا نەبێ.

ئەو ساڵە، بۆ رووخاندنی رێژیمی سەدام وڵاتانی ناوچەکە یاریدەی ئەمەریکایان دا، یان هەر نەبێ خۆیان بێدەنگ کرد لەو پرۆسەیە. ئەو رێژیمە لەو جۆرانە بوو مەترسیی خستبووە سەر وڵاتانی دەوروپشتی خۆی، بۆیە وڵاتانی دەوروپشت زۆربەیان یان هەموویان بە لەناوچوونی رێژیمی سەدام خۆشحاڵ بوون، بەڵام بۆ دانانی بناخەی دیموکراسی و بەفیدرالیکردنی عێراق یاریدەی ئەمەریکایان نەدا، بەپێچەوانەوە بۆ ئاڵۆزکردنی رەوش کەوتنە دەست لە پشتدانی هێزە دژەکان چ پاشماوەکانی رێژیمی پێشوو بووبن چ تیرۆریستانی قاعیدە. ئێستا ئەم رەوشە چوار ساڵ و نیو زیاترە درێژەی هەیە و لەم ماوەیەدا ئەمەریکا وەک سوپا شپرزە بووە، وەک ئابووری دۆلاری ئەمەریکایی لەبەرامبەری یۆرۆدا دابەزیوە، وەک سیاسەتیش دۆستەکانی لە ناوەخۆی عێراق یان ماندووبوون یان لەبەریەک هەڵوەشاون، تا ئەو رادەیەی جێبەجێکردنی بەرنامەکان سەرلەبەری کەوتووەتە مەترسییەوە و ناوبەناو باس لە کشانەوە دەکرێت.

وەک بینیمان دوواجار رەوش بەوە گەیشت وڵاتێکی وەک تورکیا کە لە سەرەتاوە دوورەپارێزی و بێلایەنیی خۆی پاراستبوو، ئەمجارە وەک فاکتەرێک لە ئاڵۆزکردنی ناوچەکەدا خۆی پێشان دا و کەوتە گەمەکردن بەو ژێیانەی ئەمەریکا پێی تێک دەچێ. بەپێی دەنگۆی باو، تورکیا دەستی هەبووە لە هەندێک لەو کارە تیرۆرییانەی لە هەرێمی کوردستان یان لە دەوروپشتی مووسڵ لە ماوەی ئەم ساڵەدا رویان دا. هەروەها هەڕەشەی لەشکرکێشیی کرد بۆ دەستێوەردانی ئەو نەختە ئارامییەی لە بەشێکی عێراقدا هەیە کە کوردستانە. ئەمانە هەمووی بۆ ئاڵۆزکردنی رەوشێک کە خۆی لە بنەڕەتەوە ئاڵۆزە.

ناوچەکە هەمووی بەرەو هەڵایسانی زیاتر دەڕوات، لە فەڵەستین رەوش

لەوپەڕی نائارامییدایە. لە لبنان پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات و دەستێوەردانی سووریا بۆ نەهێشتنی روودانی ئەو هەڵبژاردنە لەبەرئەوەی دەبێ بەمایەی هێوربوونەوەی وڵاتەکە، لەوپەڕی مەترسیدایە. لەمانەش بەولاوە هەڕەشەی ئێران بەتەواوکردنی دامەزراوەگەلی چەکی ناوکەیی، سەرتاسەری دنیای بەناوچەکەی خۆشمانەوە خستووەتە دڵەڕاوکە و نیگەرانییەوە. بەکورتی وەک گوتمان ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر لەپی دێوە و نازانرێ داهاتوو گەشە یان لێڵ و تاری. هەمووشی پێوەندیی بەبێدەسەڵاتیی ئەمەریکاوە هەیە لە دیاریکردنی سیاسەت لە ناوچەکەدا، ئەویش لە سۆنگەی نەبوونی پشتەوانیی ئەورووپا.

رووخاندنی رێژیمی عێراق بەدەستی ئەمەریکا کارێک بوو دەشێ تەنیا یەک ناوی لێ بنرێ ئەویش مێرخاسی، ئەگینا کارێک نەبوو بەباشی و لە هەموو لایەنێکەوە لێی کۆڵرابێتەوە. دوای گرتنی عێراق، ئەمەریکایی هەر زوو کارەساتی ڤێتنامیان بیر هاتەوە. بەڵام ناهەقیشیان نەبوو ئەم کارە وا بەهەڵەشەیی و بێ یاریدەی هاوپەیمانانی ئەورووپایان ئەنجام بدەن، کاردانەوەی رووداوگەلی یازدەی سپتەمبەر لە هەڵسوکەوتی کارگێڕیی ئەمەریکادا یان تەنانەت هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتەدا، شتێک نییە مرۆڤ لێی حاڵی نەبێت.

مایەی خۆشحاڵییە لەم ماوەیەی دوواییدا، چەند ئاماژەیەک دەبینرێن نیشانەن بۆ گەشبینی بە داهاتووی ناوچەکەمان. لە هەمووی گرینگتر گۆڕانی فەرەنسایە لە سەرلەبەری سیاسەتی خۆی لە پرسی هەڤالبەندی لەگەڵ ئەمەریکادا. ئەو وتارە ئاگرینەی پێش چوار رۆژ سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی لە بەرامبەر کۆنگریسی ئەمەریکا و لەناو چەپڵەرێزاندا پێشکێشی کرد، نیشانەیە بۆ گەڕانەوەی یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپا بۆ سیاسەتی دۆستایەتی و هەڤالبەندیی ئەمەریکا لەو رووبەڕووبوونەوە و شەڕە چارەنووسییانەی دەیکات.

من وەک کوردێک چەند بە لەبارچوونی هەوڵی ئەمجارەی رێژیمگەلی

ناوچەکە بۆ لێدانی ئەزموونی کوردستان خۆشحاڵ بووم کە تورکیا بووبوو بەکەوڵ سووری ئەو هەوڵە دزێوە، بەهەمان شێوەش بەگۆڕان لە سیاسەتی فرەنسا و چوونەوە پاڵی ئەمەریکاوە دڵگەشم. ئێمەی کورد چارەنووسمان لەگەڵ چارەنووسی دنیای ئازاد و سەرکەوتنی پرەنسیپ و بەهاکانیەتی، پرەنسیپی لێدانی تیرۆریستان و ریشە هەڵکەندنی کولتوورەکەیان، پرەنسیپی رواندنی کولتووری مافی مرۆڤ و یەکسانی و دیموکراسی لە ناوچەکەمان. مایەی شانازییە چارەنووسی کورد لە مێژوودا هەر لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم بەها و نەریتە مرۆڤییانەدایە.

بزاو ٢٢ لە ٢٠٠٧/١١/١١

## بۆ ئەوەی هەر پێشمەرگە بین

بەپێی ئەزموونی سالآنی پێشوومان، لەگەڵ هەموو جماندنێکی سوپا لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا، راگەیاندنی تورکیا دەکەوێتە بزواندنی سوپای وڵاتەکەی بۆ زەبروەشاندن لە ئەزموونی کوردی. نەک هەر دیمەنی ئەزموونەکە لە رووی سیاسییەوە، بگرە دیمەنی گەلی کوردیش وەک دیاردەیەکی بەدفەساڵ پێشان دەدا. ماکینەی راگەیاندنی تورک لە لایەکەوە وەک شتێکی پڕوپووچ، کورد دەخاتە بەرچاوی تورک و لەلایەکی ترەوە خەرمانەیەکی گەورە لە دەوری سوپای تورکیادا دەکێشێ، ئەو سوپایەی دووەمین گەورە هێزی پەیمانی ناتۆیە و سەدان هەزار سەربازی هەیە و سەدا هەشتای بودجەی وڵات سالآنە بۆ پەرەپێدانی خەرج دەکرێ. بەپێی بانگەشەی ئەم راگەیاندنە، چەپاو بۆ هەرێمی کوردستان شتێک نییە ترس یان سڵەمینەوەی بوێ. دەڵێ: تا کەرکووک ناوەستین و لەمپەرێک نییە لە رێماندا.

تاکە جارێک ئەم هەڕەشانە نەبوون بەکردەوە، تا دەربکەوێ ئەم مەترسییەی لە باکورمانەوە هەڕەشەمان لێ دەکات راستە یان نا، هەرچەندە دووبارەبوونەوەیان وای کردووە زۆر لا هەست بکەن راستە و ئەگەر تورک بێن

هێز نییە بتوانێ بەرگری بکات. دەڵێن نموونەیەک بۆ سام و ترسی سوپای تورکیا ساڵی ١٩٩٩یە کە لە سنوورەکانی سووریادا خۆی جماند، ئەوەبوو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ناچاربوو لە ترسانە چۆک بدا و داخوازی دەسەڵاتدارانی تورک بەجێ بێنێ بەدەرپەڕاندنی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان.

ڕاگەیاندنی کوردستان کە لە دەمەوەری و بێ چوارچێوەییدا جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی ڕاگەیاندنی تورکیا، وەنەبێ هەمان ڕۆڵ ببینێ بۆ کورد. زۆربەی ماوەی ئەم تەنگژەیەی دوایی، ڕاگەیاندنی لەمەڕ خۆمان ڕۆڵێکی کارای نەبینی بۆ داگرتن (تعبئة)ی جەماوەری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەیەکی وا چارەنووساویدا. بەپێچەوانەوە جۆرێک لە بێ خەمی بەهەڵوێستییەوە دیاربوو. شایی و گۆڤەند بۆ چرکەیەکیش نەپسایەوە. داوا ناکەم ڕاگەیاندن بکەوتایەسەر بزواندن و هاندانی جەماوەر بۆ شەڕ، بەڵام دەکرا جۆرێک لە بەرنامەی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرایە. لەمەش خراتر، داپۆشینی زۆربەی ڕووبەری ئەم تەنگژەیە درابوو بە ڕاگەیاندنی عەرەبی، کە ئاشکرا ئاوی لە ئاشی تورک دەکرد و وای پێشان دەدا کورد بێ دەسەڵاتن لە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا. کەچی هەقیقەت دەقاودەق وا نییە و کوردیش ژمارەیەکن، هەر نەبێ لەسەر خاکی خۆیاندا.

سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورک کە پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا چەند مانگێک لەمەوبەر، پاڵپەستۆی دەخستە سەر سەرانی حزبی دادپەروەری و گەشەپێدان، بۆ ئەوەی هەڵوێستی دوژمنکارانە لە ئاست ئەزموونی کوردیدا دەربڕن و بەڵێن بدەن ئەگەر لە هەڵبژاردندا بردیانەوە پەلاماری کوردستانی باشوور بدەن، کە دواجار هەستی کرد وا تەنگژەی ئەمجارە لەوە دەردەچێ تەنیا هەڕەشەی ڕووت بێ و نێزیکە دەبێ بەڕاست، ڕای گەیاند: کوڕینە وریابن لەودیو سنوورەکاندا شەڕوانێک هەیە ناوی پێشمەرگەیە و ڕەنگە ماندوومان بکات.

مەترسیی سەرۆک ئەرکانی سوپای تورک لە جێی خۆیدایە. پێشمەرگە هێزی بەرگریی کوردییە، ئەو هێزە خۆڕسکەی لە تەنگانەدا تاکە چەتر و سایەوانی کوردە بۆ پەنادان و پاراستنی. کورد لە مێژوودا هیچ شانازییەکی نەبێ شانازیی پێشمەرگەی هەیە. راستە لەوانەیە پێشمەرگەی کورد لە چاوی سوپای تورکدا مەشق و پسپۆڕیی هاوسەردەمییانە یان چەک و تەکۆلۆجیای پێشکەوتووی نەبێ، هەروا نەتوانێ لە تەختایی و راستاندا بەرەوڕووی تانک و باڵەفڕی دوژمن ببێتەوە، بەڵام هێزێکە تەنیا خۆی لە کێوەکانی کوردستاندا خاوەنی دوا قسەیە. لەبیرمان نەچێ، مێژووی شێست ساڵ یان زیاترمان، مێژووی پێشمەرگەیە لە بەرامبەر سوپای دڕندەی عێراق و سوپای وڵاتانی تریشدا. راگەیاندنی کوردستان دەیتوانی لە ماوەی ئەم تەنگژەیەدا ئەم شانازییە بهێنێتەوە بیری نەوەی نوێ بۆ ئەوەی بەم جۆرە ورەی هەپروون بەهەپروون نەبێ.

راستییەک هەیە لەبەرچاوماندا، ئەویش ئەوەیە ناوچەی کوردی بەزلهێزی سەربازی دەورە دراوە. رەنگە کورد دەیان ساڵی تریش وزەی ئەوەیان نەبێ بەهێزی چەک شان لە شانی نەیارانی بدەن و بەرەنگاریان ببنەوە. بەختەوەریش نابم رۆژێک بزانم داهاتی کوردستان بەشە زۆرەکەی دەچێتە خەرجیی کەرتی سەربازییەوە. وڵاتەکەمان زۆرتر پێویستی بەپەرەپێدنی شارستانی هەیە. پێم خۆشە میللەتێک بین ئاڵای ئاشتیمان هەڵدابێ بەرەوژوور نەک لوولەی تۆپ. بەڵام ناشکرێ خەم لە ترس و هەڕەشەی دەوروبەرمان نەخۆین و بەرنامەی بەهێزمان نەبێ بۆ بەرگری. کولتوور لەم ناوچەیەدا وا زوو ناگۆڕێ و ئێمە ناتوانین تا داهاتوویێکی دوور بێ خەم بژین. ساڵ بۆ پرسی گۆڕانی کولتوور لە جڤاکگەلی ئەم ناوچەیەدا، رۆژ حسێبە. تا ئەو رۆژەی هێزی چەک رۆڵی نامێنێ، سەد سەر بێ کڵاو دەبێ، وەک دەڵێن.

بۆ بەرگری لەخۆکردن با سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین. وڵاتێکی وەک سویسرا کە لە جەرگەی ئەوروپادا هەڵکەوتووە و لە هیچ لایەکەوە مەترسیی شەڕی لەسەر نییە، وڵاتێکە بێ سوپا. بەڵام ئاخۆ پێت وایە ئەم وڵاتە هیچ

بەرنامەیەکی سەربازی یان بەرگریکردنی نییە ئەگەربێو ڕۆژێک دووچاری شەڕ بێتەوە؟ ئێمەی کورد دەتوانین سوود لە ئەزموونی بەرگری لەخۆکردنی سویسرا وەربگرین. ئەزموومی ئەو وڵاتە لەمبارەیەوە بریتییە لە مەشقدانی بەردەوامی خەڵکێکی زۆر و ڕاگرتنیان لە ڕووی مەشق و پسپۆڕییەوە وەک سوپای هەڵگیراو بۆ کاتی پێویست، بێ ئەوەی سوپایەک هەبێ ئەو مەشقدراوانە بگرێتەخۆ، یان ئەمانە بارێک بن بەسەر شانی وڵاتەوە لە ڕووی پێبژێوی و مووچەخۆری. هەر هاووڵاتییە و کاری خۆی دەکات و لە کاتی دیاریکراویشدا بەرنامەی مەشق دەبینێ. ئەمە ئەزموونێکی زیندووە بۆ کورد و دەکرێ سوودی لێ وەربگرێ.

کوردستان پێویستی بەوە هەیە هەموو هاووڵاتییەکی کورد لە کاتی تەنگانەدا پێشمەرگە بێ، بەڵام پێشمەرگەی مەشقدراوی خاوەن پێناسە و پسپۆڕی. وەک دەشبینین نەبوونی کامپ و مۆڵگەی مەشق یان نەدانی پسپۆڕیی سەربازی بەلاوانی کوردستان لە ماوەی نێزیکەی دوو دەیەدا لە ڕاپەڕینی ٩١ەوە، وای کردووە نەوەیەک بەتەواوی، چەک و بەرگری و پێشمەرگایەتی نەناسێ و لێی نامۆ بێ. وێڕای ئەوەی ئەم جۆرە بەرنامانە جۆرێکە لە بەستنەوەی لاوان بەخۆشەویستیی گەل و نیشتمانەوە. ئێمە بەردەوام بیر دەکەینەوە چی بکەین بۆ پەیتکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیمان بۆ ئەم وڵاتە بەتایبەتی لەناو لاواندا، ئەو وڵاتەی نەئەو لە ئێمە زیاتری هەیە و نەئێمەش ڕێیەکمان لە پێشدایە جگە لە پاراستنی. هەبوونی بەرنامەیەکی واش، ناوی پێشمەرگە هەر بەپیرۆزی دەهێڵێتەوە و کوردیش هەر پێشمەرگە دەمێنێ.

میدیا ٣١٤ لە ٢٠٠٧/١١/١٣

## خەمەکانی کۆمەڵگەیەکی خەمبار

کۆمەڵگەی بێ خەم و کۆمەڵگەی خەمبار دوو کۆمەڵگەی جیاوازن وەک بەناویانەوە دیارە. من لەم نووسینەدا بۆ خۆم ئەم زاراوانەم داهێناوە: خەمبار

و بێ خەم، یەکەمیان واتە کۆمەڵگەی بێ خەم ئەو کۆمەڵگایانەن زۆربەی کێشە بنەڕەتییەکانی ژیانیان چارەسەر بووە، وەک بابڵێین دروستبوونی قەوارەی سیاسی، دانانی سیستەم و یاسا، نەمانی هەڕەشەی دەرەکی، دانانی ژێرخانی ڕێگەوبان و دەیان شتی تر کە بنەوێی سەربەخۆییی هەر کۆمەڵگایەکن. وێڕای ئەمانە، کۆمەڵگەی بێ خەم هەنگاوی زۆری بڕیوە لە پەرەگرتنی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە ئازادیی دەربڕین، فرەیی، دەستاودەستکردنی دەسەلات، خۆشگوزەرانی و بەرزیی ئاستی بژیوی، خزمەتگوزاریگەلی تەندروستی و شارەوانی و پەروەردە و چەندانی تر.

بەڵام کۆمەڵگەی خەمبار واتە کۆمەڵگەی خۆمان، هیچ یەکێک لەم دەستکەوتانەی تەواو بەدی نەهێناوە، نەبووە بەخاوەنی سەربەخۆیی، ڕۆژانە هەڕەشەی لێ دەکرێ، ژێرخانی ئابووریی وێرانە، ڕێگەوبانی باش نییە، پەروەردە و تەندروستیی پێشکەوتوو فەراهەم نەکراون، ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە یان وزەی کارەبا بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵ و هەزار و یەک شتی تر، هێشتا بابەتی خەونن. دیموکراسی لە هەنگاوە لەرزۆکەکانی یەکەمیدایە، ئەویش وەک ڕێگەوبانی وڵات هەزار و یەک چاڵ و چەوێڵی پێوەیە. کۆمەڵگەی خەمبار لەگەڵ کۆمەڵگەی بێ خەمدا جیاوازییان لە جیاوازیی شەو و ڕۆژ کەمتر نییە، یەک دنیا کۆیان دەکاتەوە ئەگینا هیچیان لە یەک ناچێ.

ئێمەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی خەمبار، مافی خۆمانە خەون بەژیانێک لە گوێن ژیانی کۆمەڵگەی بێ خەمەوە ببینین، بمانەوێ وەک جڤاکی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستralیا و ژاپۆن بەختەوەر بژین. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو خەونە ڕەوایە بێتە دی، دەبێ شوێنپێی ئەوان هەڵگرین. هەوڵ بدەین سیستەم و یاسا سەروەر بن، پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزاریگەل باش بن، ئاستی بژیوی بەرزبێتەوە، گواستنەوە و گەیاندن بەرەوپێش بچن، فێربین ڕێز لە مافی یەکتر بگرین، دەرفەت بۆ شیاوتر لە خۆمان واڵا بکەین. ئەمانە ئۆباڵی سەر ئەستۆی کارگێڕی و هاووڵاتین، دەبێ بیانکەن بەبەرنامەی ڕۆژانییان تا لە داهاتووی نێزیکدا بێنەدی. بەڵام شوێنپێ هەڵگرتن کارێکە ژیریی لە مرۆڤ

دەوێ، لاساییکردنەوەی کوێرانە ئەنجامی پێچەوانەی دەبێ و ڕێ هەڵە دەکا.

نموونەیەک دەهێنمەوە بۆ لاساییکردنەوەی کوێرانە، دەرفەتیش بەشی یەک نموونە دەکات. ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی بێ خەمدا، هەمووی نا هەڵبەت بەشێکی، بەدوای بابەتگەلی فەرتەنەدا دەگەڕێ بۆ پڕکردنەوەی بەتاڵاییی مرۆڤ یان ڕەواندنەوەی بێ خەمییەکانی. ئەو کێشانەی ئێمە لە ڕۆهەڵاتنەوە تا ڕۆئاوابوون ئازاریان بەدەستەوە دەچێژین، لە فەرهەنگی هاوولاتیی بێ خەمدا بوونیان نییە. خەمی ئەو لەو جۆرانەن ئێمە فشەمان پی دێن. بۆ نموونە هەواڵی دەسدرێژییەکی سێکسی یان دۆزینەوەی تەرمی کوژراوێک یان کوردێک لەگەڵ مەڕێکدا جووت بووە، دەبن بەهەواڵی گرینگی ڕاگەیاندن و چەندان ڕۆژ لەسەری دەڕۆن. بێگومان بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش ئەمانە هەواڵن، کردەوەی لە نەریت بەدەر لە هەموو کات و شوێنێکدا دەبێ هەواڵی سەر زاری خەڵک، بەلام بایەخدانی زیاد لە قەوارەی خۆیان بەم جۆرە هەوالانە لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا، بووە بەمایە سەرنج لاچوونی هاوولاتی لە خەمە سەرەکییەکانی.

ڕاهێنانی هاوولاتیی کورد بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەدا بەدوای دەنگوباسی هونەرمەندان و جیابوونەوە و شووکردنیان، یان بەدوای دەنگۆی لەمەڕ گەندەڵیدا بگەڕێ. یان پڕکردنەوەی ڕووبەرێکی زۆر لە ڕۆژنامە بەقسەی بێ بناخە و واتەواتی دەمی ئەم و ئەو، یان گەورەکردنەوەی بابەتگەلی توندوتیژی زیاد لە قەوارەی خۆی، دەبێ بەهۆی ئەوەی چین لەسەر چین خەمی کۆمەڵگەی خەمبار زیاد بکات و پاشەڕۆژ کولتوورێک سەرهەڵبدات ئێمە ئێستا نازانین ئەو کولتووره بەرنامە بۆنەکراوە چی دەبێ. کاری ڕۆژنامە ئەوە نییە دەنگۆ بکات بەڕاست، ئەوەیە بەدرۆی بخاتەوە ئەگەر ڕاست نەبێ. ڕۆژنامەوانی بەرپرسیارەتییەکی گەورەیە، گەیاندنی ڕاستی ئۆبالێکە لە ئەستۆی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن. یەکێک، نازانم کێیە گوتوویەتی ئەوە هەواڵ نییە سەگێک قەپالی لە پیاوێک گرتووە، ئەوە هەواڵە پیاوەکە گازی لە سەگەکە داوە. من دژی ئەم بنەمایەم ئەگەر لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەکاربێ، بۆ کورد ئەوەی

یەکەمیشیان هەواڵە. کۆمەڵگەیەک ڕۆژانە بەدەردەکانی خۆیەوە بتلێتەوە دەبێ ڕای بهێنێ بەدوای بەرپرسیارەتیدا بگەڕێ نەک هەواڵی ورووژاندن و فەرتەنە. ئەم وڵاتەی ئێمە ڕۆژانە کاری بنیاتنانی تێدا روودەدا، دەبێ هاووڵاتیی کورد لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە بیانزانێ و چەوتی و ڕاستیی ئەم کارانە ببینێ و بەشداری بکات لە نووسینەوەی داهاتووی خۆیدا. دەبێ دروستکردنی پردێک هەواڵ بێ نەک تەنیا رووخانی ئەو پردە.

لاساییکردنەوەی کوێرانەی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ ڕاگەیاندنی وڵاتانی بێ خەم، وەک بایەخدانی زیاد لە پێویست بەهەواڵی ورووژاندن و بابەتگەلی سەرنج ڕاکێش، یان ناوزڕاندن، ئەمانە هەڵەن، دەبێ لە داهاتوودا باجی گەورەیان بۆ بدەین. شوێنپێ هەڵگرتنی ئەزموونی گەلان ئەوەیە بزانی جاری یەکەم کە لەقۆناغی ئێمەدا بوون چییان تاقی کردەوە و چۆن ڕێی ڕاستیان دۆزییەوە. ئێمە کاتمان نییە تا بەفیڕۆی بدەین، گەلێکی خەمبار و کۆمەڵگەیەکی خەمبارین، وا باشە وێڵی دوای خەمە ڕاستەقینەکانی خۆمان بین.

گەشبین ٧ لە ٢٠٠٧/١١/١٤

## لاوان و بەرنامەی دیموکراسی

بەردەوام لە هۆیەلی ڕاگەیاندنی کوردستاندا دەنگۆیەک دووبارە دەبێتەوە، دەڵێ دەسەڵاتی کوردی بایەخ بەداخواز و پڕۆژەی گەنج نادات. هەرچەندە هیچ جار نموونەیەکم لەو پڕۆژە گوێ پێنەدراوانە نەبینیوە تا بزانم ئەم دەنگۆیانە ڕاستن یان نا. ناشتوانم بڕوا بەدەنگۆیەک بکەم هیچ پاڵپشتێکی نەبێ. ناشزانم مەبەست لە پڕۆژەی گەنجان چییە. ئاخۆ هەر داخوازێک گەنجێک پێشکێشی کرد، بەپڕۆژەی گەنج حسێبە و ئەگەر جێبەجێ کرا ڕەوشی گەنج دەگۆڕێ؟ یان بەولاوەتر، مەبەست لە کێشەی گەنج چییە؟ ئاخۆ ئێمە باسی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکەین و دەمانەوێ داهاتوویێکی ڕەنگین و درەوشاوەی

بۆ دابین ببێ، یاخۆ شتێکی ترمان مەبەستە؟

بەلای منەوە نابێ لە بنەڕەتەوە ئەم پرسە بەشێوەی سەرەوە بخرێتە ڕوو. دەتوانم بڵێم پرسێکیش نییە بەناوی پرسی گەنج. ئەوەی هەیە کێشەی تەواوی کۆمەڵگەیە، بەمنداڵ و گەنج و پیرەوە، بەنێر و مێوە، هەموو کەس بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش کێشەی نەبوونی بەرنامەی کارە. سەرجەم بوارگەلی ژیانی کۆمەڵ، بێ بەرنامەیی بەسەریدا زاڵە: کولتوور، ئابووری، کشتوکاڵ، بازرگانی، تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، تەنانەت سیاسەتیش. لاوان هەستیارترین بەشی کۆمەڵن، دەشبینن نەبوونی بەرنامە رەنگدانەوەی هەرە خراپی هەیە بۆ سەر ئێستا و داهاتوویان بۆیە هاوار و ناڵین، زیاتر لەوانەوە دێ.

هەندێک گەنج، هەروەها هەندێک ڕۆشنبیریش، ئەم پرسە بەشێوەیەکی ئاوەژوو دەخەنەڕوو و پاڵەپەستۆ لە راگەیاندندا دروست دەکەن. پێیان وایە گەنج بێزارە و دەبێ دەرفەتی وەرزش و خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردنی بۆ دابین بکرێ. هەندێک وەزارەتیش لە ژێر ئەم جۆرە پاڵەپەستۆیەدا کەوتوونەتە جێبەجێکردنی بەرنامەی رواڵەتییانە. ئەمە جۆرێکە لە سیاسەتی سەرخۆشکردن. گەنج دەبێ لە بنیاتنانی ولاتدا رۆڵ بگێرێ نەک بەدەم نابەرپرسیارەتیی خۆیەوە کۆڵان بەکۆڵان بگەڕێ. ئەم مامەڵەیە لەگەڵ گەنجدا جیاوازییەکی نییە لە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشێک پێویستی بەپشوودان و بەخۆهاتنەوە هەبێ لە پارک و گەلەری و گەشتەوەریدا.

بۆیە بەلای منەوە ئەگەر شتێک هەبێ پێی بگوترێ پرۆژەی گەنج دەبێ ئەمەی خوارەوە بێ:

یەکەم: بایەخدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابخانە و زانکۆ. دەبینین کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆ و پەیمانگەیە بێ ئەوەی جێگەی شیاویان بۆ ئامادەکرابێ بۆ خوێندن بۆ خەوتن بۆ خوێندنەوە بۆ وەرزش، یان بێ هەبوونی باخچە و مەلەوانگە و سینەما و بوارگەی کات بەسەربردن، نیشانەی نەبوونی

بەرنامـــەیە. واتە زیاتر بایەخ بەژمـــارە و چەندایەتی دراوە نەک چۆنایەتی. قوتابی لە نێزیکترین شوێنی ماڵی خۆیدا دەخوێنێ، ئەمە هەڵەیە، خوێندنی زانکۆ دەرفەتێکە بۆ ژیانی یەکەمجاری مرۆڤ لە دەرەوەی ماڵ و خێزاندا. وێڕای ئەمە دابەزینی ئاستی خوێندن کارەساتە.

دووەم: نەبوونی کتێبخانەی گشتی لە شار و شارۆکە و شارەدێیەکاندا، تەنانەت هەولێری پایەتەختی هەرێم یەک کتێبخانەی گشتیی بایەخ پێنەدراوی هەیە لە کاتێکدا ئەم شارە کە یەک ملیۆن سەرژمێری هەیە، لەوانەیە سی تا چل کتێبخانەی پێویست بێ. هاندانی گەنج بۆ خوێندنەوە و پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەیان، یەکەمین مەرجە بۆ دروستکردنی داهاتوویێکی گەش بۆ هەر کۆمەڵگەیەک.

سێیەم: کردنەوەی کامپی مەشقی هاوینە و بەهێزکردنی توانای جەستەییی قوتابیان، یان سەپاندنی ماوەیەک خزمەتی سەربازی بۆ سەرجەم لاوان، پرسێکی پێویستە. بەرەڵاکردنی لاو بێ ئەوەی هیچ پابەندییەک بەگەل یان وڵاتەوەی ببەستێ، تەنیا کاری بەرنامەنەدارە. مەبەستی ئەم کامپانە ماندووکردن نییە، بگرە جۆرێکە لە خولی ڕۆشنبیری بۆ بەیەکەوە ژیان و بینینی ئەزموون لە کۆمەڵبوونێکی جیاواز لەوەی پێشتر بینیویانە.

چوارەم: ساڵانە فیستیڤاڵێک بۆ لاوان ساز بدرێ، چەندان هەزار لاو لە هەر چوار پارچەوە بانگهێشتن بکرێن، هەڵبەت بۆ کامپێکی یەک مانگی لە چیا و دەشتدا، نەک لە ئۆتێلی پێنج ئەستێرەیی، ئەمەش بۆ مەبەستی گەیاندنی بەرنامەی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزش و ئەم جۆرانە. ئەم فیستیڤاڵە ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ لە پتەوکردنی هەست و هۆشی نەتەوەییدا.

چوارەم: بایەخدانی ڕاگەیاندن بەپرسی وەک بەرنامەی ڕۆشنبیری، بەرنامەی هەروەزی لە خاوێنکردنەوەی شار و ڕێگەوبان، خزمەتگوزاریی تەندروستی یان کردنەوەی خولی قەڵاچۆی نەخوێندەواری کە لاوان بەشێوەی خۆهێشت وەک مەشقی هاوینە ڕۆڵی تێدا ببینن، نەک ئەو خولە ڕواڵەتییانەی ئێستا هەیە.

پێنجەم: بایەخدان بەرێکخراوەگەلی کۆمەڵی شارستانی، ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ پتەوکردنی توانا و لێوەشاوەییی مرۆڤ لە تەمەنی لاویدا. ئەم رێکخراوانە بناخەی ژیانی دیموکراسین لە هەر وڵاتێکدا و دەرفەتی یەکسان دەدەن بۆ خۆدەرخستن و خۆپێشاندان. داوودەزگای دەوڵەت بەهۆی بیرۆکراسییەتەوە ناتوانن رێگە بەخۆدەرخستنی لاوان بدەن، بۆیە ئەم رێکخراوانە تاکە شێوازی گونجاون بۆ ئەو مەبەستە.

دەتوانین چەندان خاڵی تریش بنووسینەوە، بەڵام دێمەوە سەر هەمان بیرۆکەی سەرەتای ئەم نووسینە کە گوتم کێشەکەمان برێتییە لە نەبوونی بەرنامە. هەموو ئەم خاڵانە و چەندانی تر دەچنە لیستێکەوە پێی دەگوترێ بەرنامەی بنیاتنانی کۆمەڵی دیموکراسی، ئەو کۆمەڵەی رۆڵی شیاوی خۆی بەگەنج دەدا، بێ بەکارهێنانی دەنگۆ و بانگەشەی پروپووچ، ئەو کۆمەڵەی داهاتووی هێندە پتەو دەبێ، مل لار نەکاتەوە بۆ هیچ رەشەبایەک.

گەشبین ٨ لە ٢٠٠٧/١١/٢١

## ئەرای کوردەیل فەیلی

بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێ، کوردی فەیلی و ئەو کارەساتانەی بەسەریان هاتن، وردە وردە لەبیرمان سڕانەوە. ئێستا ناویان لە کوولەکەی تەڕیشدا نایە. دەڵێی رۆژێک لە رۆژان نەشمانناسیون، نەشمانبیستوون. ئەمە باشترین بەڵگەی نەبوونی یادمانی مێژووییە لەلای ئەم گەلەی ئێمەدا. فەیلی، جاران ناویان لە لیستەدا هەبوو، لیستەی ئەو کارەساتانەی رێژیمی بەعس بەسەر کوردی هێنابوون: راگواستن، هەڵەبجە، کیمیاباران، ئەنفالی هەشت قۆناغی و ئەنفالی بارزانییەکان، دواجاریش و هەمووجاریش کارەساتی فەیلییەکان دەکرایە پاشکۆ. ئەو دەم گەلێک جار هەستم دەکرد ئەمە بۆ رازاندنەوەی لیستەیە ئەگینا لە تۆماری رۆشنبیر و سیاسەتی کوردیدا، فەیلی بوونیان نییە.

لەوانەیە فەیلی خەم بخۆن و هەست بەبێکەسیی خۆیان بکەن، هەقیشیانە. ئەوان لەلایەکەوە بۆ ئێمەی کوردی سوننە بەشیعە حسێبن و وا دەزانین دەنگیان بۆ لیستی شیعەیە هەرچییەکیان بۆ بکەین. شیعەی عەرەبیش بەکوردیان لە قەڵەم دەدەن، پێیان وایە فەیلی هەرچییان بۆ بکرێ بەبا دەڕوا لەبەرئەوەی کوردن و لەپاڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خۆیاندان. ئەگەر ئەمەی دوایی وا نییە، بۆچی کارەساتی وەدەرنان و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی کوردی فەیلی و بێ سەروشوێنکردنی لاوانیان، کە لە رووی مێژووەوە پێشی دۆزی دوجەیل بوو، نەخرایە لیستی تاوانەیلی سەدامەوە و لەسەری سزا نەدرا. کاربەدەستانی شیعەی عێراق، لەبەرئەوەی لە خۆیان زیاتر کەسیان لەبیر نەبوو، نەیانتوانی دان بەخۆیاندا بگرن و هەڵواسینی سەدام دوابخەن تا هەموو دۆزەکانی تریش یەک لە دوای یەک دەکرانەوە.

دادگەی ئەنفال بەسەرچوو، تەنیا چەند سەرێک لە هەزاران سەری بەرپرس لەم کارەساتە ناقۆڵایە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرا. دادگەیەکی سارد و سڕ، کورد مافی خۆی تێدا وەرنەگرت. دووریش نییە ئەو چەند کەسە ژمارە کەمەی سزای هەڵواسینیان بۆ دەرچووە، لە ژێر پاڵەپەستۆی هەندێک سەرکردەی کورددا، لە بڕیاری دادپەروەرانەی دادگە رزگاریان ببێ و بەهەندێک دەسکەوت و دەستەوارەی هەرزان ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ. لە جیاتی ئەوەی ماف وەربگرینەوە ریسوا بووین.

لیستی کارەساتەکانمان: راگواستن و راپێچدان، راونان، بەعەرەبکردن، کوێرکردنەوەی هەزاران گوند، هەڵەبجە، کیمیاباران، ئەنفالی هەشت قۆناغی و ئەنفالی بارزانییەکان، فەیلی، گوللەبارانی لاوانی کوردستان بە دەم شایلۆغانەوە، هەموو ئەم ناونیشانانە بۆ من لە پلەی پلیکانەیەک دەچن بۆ سەرکەوتنی هەندێک بەرپرسی بزاڤی سیاسیی کورد و گەیشتنیان بەپۆستی باڵا لە عێراقی "عرووبە" و ئاخاوتن بەزمانێکی شەقوشڕ و جرتوفرت لە کۆنگرە بێ نرخەکاندا. بەبینینی ئەم دیمەنە شەرماوییە، کوردێک لە

کوردبوونی خۆی شەرمەزار بێت، نابێ گلە و گازاندەی لێ بکرێت، دیمەنێک نییە لەمە شەرماویتر.

سەیری ئەم دیمەنە بکە: ساڵ تەواو دەبێ و دەنگی پرسی کەرکووک لەناو هزری جەماوەری کوردستاندا لەوپەڕی لاوازیدایە، کەرکووکی پیرۆز دەتوانین بڵێین دەستی لێ شۆرا. لە جیاتی ئەمە، زایەڵەی پرسی گەندەڵی و کردەوەی کرێت و ناشایانی هەندێک لە کاربەدەستانی باڵا، لەسەر زاری جەماوەر دەنگ دەداتەوە. بۆیە کوردی فەیلی هەقی خۆیان نییە تەنیا هەست بەبێکەسیی خۆیان بکەن، کورد بەگشتی بێکەسە و با ئێمەشیان لەبیر نەچێ.

ڕۆژان دەڕۆن و لاپەڕەکانی تەمەن هەڵدەدرێنەوە، عێراق بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێ و ڕۆژێک دێ لە دەراوێکی ئارامدا لەنگەر دەگرێ، ئەودەم مێژوو دەنووسێ دۆزی کوردی فەیلی کەس لێی نەپێچایەوە. بێگومان هیچ شتێک لە مێژوو ون نابێ و هەمووی دەنووسرێتەوە. کوردی فەیلی دەیان هەزار مرۆڤی گەورە و بچووکیان، بەبیانووی "ئێرانیبوون"ەوە سنووربەدەر کران بۆ ئێران، ئەم بیانووە ئەگەر راست بوایە دەبوو چەندان هەزار تورکمان و بێ ژمار عەرەبی شیعەش بگرێتەوە. نکووڵی ناکرێ، فەیلی بەهۆی کوردبوونیان دووچاری ئەم رووداوە خەماوییانە هاتن، بەهۆی کوردبوونیان گەنجانیان کران بەکەرەستەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمایی، زیندەماڵ و مردەماڵیان زەوت کرا، تەنانەت ئەو تۆمارانەی ناو و زانیاریی لەبارەی ئەوانەوە دەگرتەخۆ، هەمووی لەلایەن رێژیمی بەعسەوە شوێنەون کران بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا نەبنەوە خاوەنی هیچ.

ئێستا دوای بیست و حەوت ساڵ، یان سی و حەوت ساڵ، تەمەنێک لە کارەساتی ئاوارەیی و مۆڵگەی پەنابەری و گوزەرانی قاتوقڕی بەسەرچوو، دووای پەیدابوونی نەوەیەکی وڵاتنەدیو، کوردی فەیلی هێشتا چاوەڕوانی گەڕانەوە و قەرەبوو بۆ کردنەوەن، هەرنەبێ وەرگرتنەوەی ناسنامەی هاووڵاتیبون لە وڵاتێکدا کە سەرکردەکانی بەخەونی شەویش ئەوانیان لە بیر

نییە. بێگومـان فەیلیش وەک هەموو کورد، یادمانیـان لاوازە و هەرکات برینیان ساڕێژ بوو، چەرمەسـەرەی ژیانی دوێنێ لە یاد دەکـەن، بەڵام بە دڵنیـایی ئەو برینەیان ساڕێژ نابێ کە تاوانبارانی تەمەنێک لە کارەساتیان، بەرزەکی بانان دەرچوون. بۆیە سبەی ئەگەر لە بەرپرسـەگانی کورد بێ هـیوابوون و دەنگیـان بەلیستی کورد نەدایەوە، نابێ سکاڵایان لێ بکرێ.

بزاو ٢٤ لە ٢٠٠٧/١١/٢٥

## یاسـا نەبێ ئازادی نییە

بۆچی لەم سـەردەمـە تازەیەدا ئەوەندە ئافـرەت لە کـوردسـتـان دەکـوژرێن یان بەکوشتن دەچن؟ لە سەردەمانی زوودا وا نەبوو. باشە بۆچی لەگەڵ ئەزموونی کـوردیدا لە پرسـی ژن وا ریسـوا بووین و هـەنگاو بەهەنگاو گـەڕاینەوە پاش. جاران، لە دێهاتی کوردستاندا سیستەمی خێڵەکایەتی تا ئەوپەڕی سنوور دەسەڵاتـی هـەبوو، ئێستاش تا رادەیەک مـاوە، ئەو دەم کولتووری خێڵایەتی لە ورد و درشـتـی ژیانی کـۆمـەڵگەدا بـەدەری دەدایەوە، بەڵام سـتـەم لە ئـافـرەت کـەمـتـر بوو وەک لە ئێسـتـای. بێگومـان شـاریش هەر وابوو. ئێسـتـا رێژەی نەخـوێندەواری دابەزیوە، شـوێن نییـە قوتابخـانەی لێ نەکـرابێـتـەوە، دەرزی هەڵبـاوێی وەک دەڵێن لەبەر زانکۆ و کۆلێج و پەیمانگە ناکەوێتـە زەوی. هۆیەلی گەیاندنی زانیـاری و کولتووری هـاوچەرخانە کاریان گەیشتووەتە هـەموو کونج و کەلێنێک. واتە ئەگەر پرسـەکە پرسی خوێندەواری و هۆشیـاری بێ. کەوایە هۆی کارەساتی ژن لە کوردستاندا چییە؟

هـەندێک جار هـۆی هـەڵکشـانی رێژەی کوشـتنی ئافرەت بۆ بەرەوپێشـچوونی خێرای هۆیـەلی گـەیاندنی زانیـاری یان هۆیەلی گـەیاندن دەگێـڕمـەوە و دەڵێم رەنگە تـەقـینەوەی شـۆڕشـی تەکنیکی بووبێـتـە سـۆنگەی تەقـینـەوەی حـەز و ئارەزووەکـانی ئـافـرەتیش. ئیـتـر لـە وزەیدا نەمـابێ چی تـر ژیانی بەندایـەتیی قـەفەس قـەبووڵ بکات و بیـەوێ وەک مـرۆڤ ئاسمـانی ئازادی تەی بکات. ئەمـە ئەگـەر وابێ نیـشـانەی خـێـروخـۆشـیـیـە، یان بە شـێـوەیەکی تر ئەمـە دووا

دەستەویەخەبوونی نێوان ئازادیگەلی ئافرەت و کولتووری رزیوی کۆنینەیە. بەڵام لەوانەیە ئەم بۆچوونە دەسخەڵەتمان بدات و دڵخۆشییەکمان پێ بدات وا نەبێ.

گریمان وابێ و پرسەکە برێتی لە کێشەی نێوانی وەچەگەل، ئەودەم دەبێ باوکان زیاتر رێگربن لە پێش ئازادییەکانی ئافرەت و کوڕان بیروبۆچوونەکانیان باشتر بێت. بەڵام بەدوواداچوون و سۆراغکردنێکی کورت لەم بوارەدا بۆ نموونە ئەوەی لە رۆژنامەکاندا بەرچاو دەکەوێ یان لە زاری خەڵکەوە دەبیسترێ، ئەنجامی پێچەوانە دەداتە دەست، ژمارەیەکی زۆر لە کچان دەڵێن ناتوانین مۆبایل بەکاربێنین لە ترسی براکانمان. یان ئافرەتانی گەنج کە شوویان کردووە دەڵێن پیاوەکانمان سەیری مۆبایلەکانمان دەکەن تا بزانن کێ پێوەندیمان پێوە دەکات. کەمتریان باسی وەچەی کۆن واتە باوک و باپیرە دەکەن، پەنجەی تۆمەت بەردەوام بەرەو وەچەی نوێ واتە لاوەکان درێژ دەکرێ.

کرۆکی کێشەکەش هەر لێرەدایە، ئەم وەچەیە لە رۆژی راپەرینەوە بەپێی رێنوێنی و داوونەریتێکی چەوت راهێنراوە. ئەوەی تەواو لە مێشکی ئەودا چەسپیوە ئەوەیە هەرچی دەکەی بیکە و لێپێچانەوە نییە. یەکێک لە سوید یان ئەڵمانیا لە کچەکەی یان لە خوشکەکەی دڵپیسی دەکات، دەیهێنێتەوە بۆ کوردستان و دەیکوژێ. دەزانێ لێرە تاوانبار دەتوانێ ئازادانە بسوورێتەوە و یاسا دەستی ناڕوا. بێگومان فرێدانی ئەو زبڵەی پێی دەگوتری داوونەریت و پرسی ئابڕوو، بەسەپانی کولتوورێکی تازە دێتەدی واتە کولتووری یەکسانیی نێر و مێ، ئەمەش شتێک نییە بەخۆشی بسەپێ، سەپانی کولتوور لە هەموو دەمێکدا کوتەکی ویستووە، کوتەکی یاسا.

نکووڵی ناکرێ، کوشتن بەگوێرەی داوونەریتی باوی کوردی هەتا ئەمرۆش بەمێرخاسی حسێبە. خەڵکیش چەکیان فڕێ نەداوە، رەنگە هەندێک جار چەک هەڵگرتن بۆ خۆبادان و سام نواندن بێت، یان بیانوویان ئەوەبێ دز هەیە، دەڵێن دەسەڵات توند نییە و رەنگە یەکێک بتوانێ بەئاسانی دەسدرێژیت بکاتە

سەر و بۆشی بچێتە سەر. سەد نموونەت لە رووداوی ژیان بۆ دەهێننەوە، دەڵێن خەڵک دەکوژرێن و تاونبار نادرێنە دەست دادگە. لێنەپێچانەوە لە تاوانباران و سەرپێچیکارانی یاسا، شاردنەوەی مەترسی و هەرەشەیەکی بێ وێنەیە بۆ رۆژگاری داهاتوو. راستە ئەمڕۆ لە کوردەواریدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی جێگیرە و وڵات ئارامە، بەڵام کولتوور نەگۆڕاوە و زبڵی کۆن کەڵەکەیە، هیچ دوور نییە لەگەڵ یەکەمین هەژانەوەدا رەگی ئەم کۆمەڵگەیە بکەوێتە دەر و گەندەڵیی هزر و بیر ئاشکرا ببن، چەکیشیان بەدەستەوەیە و ئەمە خراتر.

وڵاتێک بەرنامەی نەبێ لەمە باشتر نابێ. مەبەست لە بەرنامە ئەوەیە یاسا بسەپێنی، خوێندن بەگوێرەی بیری سەردەم نووژەن بکەیەوە، راگەیاندن بۆ ئامانجی رەوای سەپاندنی داوونەریتی نوێ رێنوینی بکەی، نەک هەموو شتێک بەربدەی وەک ئاو چۆن دەڕوا بڕوا. کولتوور لە هەر جڤاکێکدا بەبەرنامە دەگۆڕێ نەک بەرەڵڵایی و لێنەپێچینەوە. تا ئێستا راگەیاندن ئەم خەڵکەی تێ نەگەیاندووە کوشتن گەورەترین تاوانە مرۆڤ بیکات، نەیگوتووە یەکێک بیەوێ ئابروو بکڕێتەوە بەکوشتن ناتوانێ بیکڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئابڕووچوونی مرۆڤ لە کوشتندا ئابڕووچوونێکە لێی گەورەتر نییە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئاشتبوونەوە لە پرسی خوێنداری و تۆڵەکردنەوە و یەکلاکردنەوەی هەزار و یەک کێشەی کۆمەڵایەتیدا، تا ئێستە دەچێتە بەردەم لێژنەی پیاوماقووڵان، ئەم جۆرە لێژنانە بۆ سەردەمێک باش بوون دوژمن هانی کوشتن و تۆڵەسەندنەوەی لەناو کورد دەدا، یان ئەودەم هیچ دەسەڵاتێک لە کوردستاندا نەبوو، ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی هەیە. باشە ئەگەر یاسا هەیە پیاوماقووڵ چییە؟ ئەگەر سەردەم سەردەمی پیاوماقووڵانیشە ئەزموونی کوردی چ کارەیە وا لەم پرسانەدا خۆی شڵەژاندووە؟

گەشبین ٩ لە ٢٠٠٧/١١/٢٨

## یاسای ڕۆژنامەوانی

ماوەی دوو ساڵ یان زیاترە گەنگەشەی یاسای ڕۆژنامەنووسان و پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، لە گۆڕێدایە. هاوەڵەکانم بەردەوام داوایان لێ کردووم بۆچوونی خۆم لەمبارەیەوە بنووسم، بەڵام من خۆم لێ بواردووە. چەند جار گەڵاڵەی یاساکەم خوێندووەتەوە و هەموو جار بەبێ گەیشتن بەهیچ ئەنجامێک یان هیچ رامانێک، لێی بوومەتەوە. دانی پێدا بنێم نەمتوانیوە شتێک بنووسم. یاسایەکی باشە یان خراپ، نازانم. کەموکورتییەکانی چین نازانم. لەلای خۆمەوە هەست دەکەم دڵەڕاوکەیەکی ناپێویست ڕۆژنامەنووسانی گرتووە و لەخۆڕا ئەو یاسایە بووە بەخەمیان، بۆچی؟ لە خوارەوە هەوڵ دەدەم شرۆڤەی ئەمە بکەم.

ناشارێتەوە ئەو ڕۆژنامەوانییەی لە کوردستاندا هەیە ڕۆژنامەوانیی حزبەکانە، یان ئەوانەیە وەک جارێکیان ناوم نابوون: ڕۆژنامەوانیی قەراغ. واتە لە قەراغ حزبەکاندا دەژین و بەشێوەیەک لە شێوەکان پشتەوانیی مایەکی و پاراستنی واتایەکی لە حزبەکانەوە وەردەگرن. حزبیش لە کوردستان لە دەرەوەی یاسایە، یان لە سەرەوەی یاسایە، چۆنی ناو دەنێی بنێ. نەک تەنیا دوو حزبە سەرەکییەکە، بگرە ئەوانی تریش لە هەمان بارودۆخدان. یاسا ناتوانێ لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ ڕۆژنامەیەک یان هیچ ڕۆژنامەوانێکدا بکات لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دادگەدا پرسەکە دەبڕێتەوە ئەگەر پێویست بێ. کتومت وەک کوشتنی ژنان. کەوابێ بۆ دۆخی لەمجۆرە، یاسا چ بەهایەکی هەیە؟

نەک ئەوەندە، بگرە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس ناتوانن هیچ کاتێ بابەتێکی مەترسیدار یان بایەخدار بورووژێنن ئەگەر دەستێک لە دەرەوەڕا ئاماژەی "ئۆکەی"ی پێ نەدابن. ڕۆژنامەوانیی کوردستان هێشتا لە ژێر هەمان باری سەردەمی شەڕی ناوخۆدا هەناسە دەدا. یان ڕەوانتر بڵێم هەرکەسێک ڕێککەوتنی ستراتیجی بیگرێتەوە بۆچی خۆی بەباسی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و یاسای ڕۆژنامەوانییەوە سەرقاڵ بکات؟ ئەو یاسایەی من خوێندوومەتەوە

نەزیانی هەیە نەسوود، دەریش بچێ و دەریش نەچێ وەک یەک وایە.

رەنگە یەکێک بپرسێ باشە ئەم دۆخە دۆزەخییە تاکەی وا دەبێ و چارەسەری چییە؟ کێشە ئەوەیە ئێمە خۆمان بەدوای چارەسەردا ناگەڕێین، بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسان. هەست دەکرێ حزبەکان و حکوومەتیش لەم دۆخە نابەجێیە بێزارن و دەیانەوێ چارەسەرێک هەبێ. پێت وا نەبێ ئەم بارودۆخەی ڕۆژنامەوانی، بەبەرژەوەندیی دوو حزبەکە تەواو بووە، راستت دەوێ زەرەرمەندی گەورە هەر ئەوانن. خۆشیان ئەم راستییە دەزانن و دوواجاریش ئێوە دڵنیابن هەر ئەوان باجەکەی دەدەنەوە. لەبەرئەمە یاسا بۆ چییە ئەگەر ڕۆژنامەوانیی ئازاد لە دایک نەبووبێ؟ زۆرجار گوتوومە ڕۆژنامەوانیی کوردستان، میلیشیای حزبەکانە و لەم پێناسەیە زیاتر هیچ پێناسەیەک نایگرێتەوە. میلیشیاش دەبێ هەڵبوەشێتەوە نەک یاسای بۆ دابنرێ.

روونتر بڵێم، پێش ئەوەی یاسایەکمان هەبێ بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی، دەبێ یاسایەکی ترمان هەبێ بۆ دروستکردنی ڕۆژنامەوانیی ئازاد. لە وڵاتی ئێمەدا کۆمەڵێک هۆکاری وەک خراپیی داهاتی تاک، نەخوێندەواری، لاوازیی کولتووری خوێندنەوە، دابەشبوون بەسەر حزبەکاندا وەک چۆن خەڵک بەسەر عەشیرەتدا دابەش دەبن، لەرِیی رای گشتی، بوارتەنگیی ئازادیی بڵاوکردنەوە، هەموو ئەمانە فرۆشی ڕۆژنامەیان دابەزاندووە و زەرەری پێ دەکەن. بۆیە ئەزموونی کوردی، بۆ ئەوەی هەنگاوی راست بنێ بەرەو بنیاتنانی جڤاکی دیموکراسی، پێویستە پشتیوانی لە پرۆژەی ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ بکات. ئاشکرایە ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ سیمای جڤاکی دیموکراسییە. هێشتا دوورە کەرتی تایبەتی ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا ببینێ و حکوومەت ناچارە بەشێک لە بودجەی ساڵانەی خۆی بۆ دروستکردنی کەرتی تایبەت لە بواری ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆدا تەرخان بکات. هەر تەنیا هەبوونی یاسایەکی واشە دەرفەتی یەکسان بۆ ئەهلی ئەم پیشەیە دەکاتەوە.

ئەمە خاڵێک، خاڵێکی تر ئەوەیە ئازادی بەرپرسیارەتییە. ئەو کەسەی

پراکتیکی ئازادی دەکات دەبێ لێوەشاوەبێ، یان وەک دەڵێن: ئەهلییەتی هەبێ. سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یەکێکە لەو دەزگایانەی کە حزبییانە رەفتاری کردووە و ناسنامەی داوە بەهەزاران کەس بێ لێکۆڵینەوە لە ئەهلییەتیان. سەندیکا خەمی نەبووە ئاخۆ هەڵگری ئەو ناسنامەیە شایانی ئەوەیە کارێکی وا هەستیار بکات یان نا. سەیرە لە کوردستان وەرگرتنی مۆڵەتی لێخوڕینی تراکتۆر زەحمەتترە لە مۆڵەتی کاری ڕۆژنامەنووسی. هیچ نەبێ، دەبووایە لە سالآنی پێشوودا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پاڵەپەستۆ بخاتە سەر زانکۆکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە بەشەکانی راگەیاندندا. هەروەها هانی حکوومەت بدات بۆ ناردنی شاندی ڕۆژنامەنووسان و بینینی خولی فێربوون و بەرزکردنەوەی لێوەشاوەیی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. یان هێنانی مامۆستای بیانی و کردنەوەی خولی چڕوپڕ لە کوردستان بۆ راهێنانی ڕۆژنامەنووسە لاوەکان بەپێی پرەنسیپی زانستی و هاوسەردەمییانە. ئینجا پێدانی بەڵگەنامەی کارکردن و کردنیان بەئەندامی سەندیکا.

لەبەرهەندێ، وەک گوتم هیچ پێویست نییە ڕۆژنامەوانان خۆیان بەم یاسایەوە بشڵەژێنن، یان وا بزانن کاری ڕۆژنامەوانی دوای یاسایەک کە بەدڵی ئەوان بێ، دەبێ بەئاوخواردنەوە. بەلای منەوە دەرچوون و دەرنەچوونی ئەم یاسایە وەک یەک وایە، نەسوودی هەیە نەزیان، تەنیا ڕەنگە باش بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ئەم مانگە بەقەرەباڵغی پڕ بکەنەوە و خەم و داخی کەرکووک لە بیری خەڵک ببەنەوە.

بزاو ٢٥ لە ٢٠٠٧/١٢/٢

## چی ماوە بیکەین بۆ کەرکووک؟

ساڵ تەواو بوو و ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووک نەکرا. لە زووشەوە پێشبینی دەکرا ئەم پرۆسەیە ئەنجام نادرێ و ئەوانەی لە بەغدا

کاریان بەدەستەوەیە، کۆسپ دەخەنە سەر ڕێی جێبەجێبوونی مادەی ١٤٠ی تایبەت بەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان. بەپێچەوانەوەی چاوەڕوانیی زۆر لە چاودێران و شرۆڤەکاران، هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتیی کورد ئەوەبوو ریفراندۆم ئەنجام دەدرێ، ئەنجامیش نەدرێ کەرکووک بەشێوازی تر وەردەگرنەوە.

بەکورتی و پوختی، وەک دەبینین کات بەسەرچوو و کەرکووک نەگەڕایەوە. ئێستا بواری ئەوەمان نییە کاتی زیاتر بەفیڕۆ بدەین و لەوە بپرسینەوە کێ لەم دۆخە بەرپرسە. راستت دەوێ، کەسێکیش بەتەنیا خۆی بەرپرس نییە تا بەرۆکی بگیرێ و پرسینەوەی لێ بکرێ. کەرکووک و ناوچەکانی تر کێشەی هەموو گەلی کوردستانن و هەر کەس بەپلەی خۆی لە ئاستیاندا بەرپرسە. بەڵام دەبێ بەردەوام و هەموو جار رووی رەخنە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بکرێتەوە و بەرۆک و پێسیری ئەوان بگیرێ، گەورە بەرپرسی کاروباری ماڵە.

بەپێی هەموو سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان، کەرکووک کوردستانە. بەپێی سەرژمێری دانیشتوانیش لە ساڵی ١٩٥٧ و بەر لەوەی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوان لەو شارە و لەو پارێزگایەدا دەست پێ بکات، کەرکووک بەشێک بووە لە خاکی کوردستان. رێژیمی عێراق لە ساڵی ١٩٦١ەوە کە بینیی کورد دەیانەوی مافی سیاسیی دیاریکراویان هەبێ، کەوتە گۆڕینی پێکهاتەی شارەکە بۆ ئەوەی مۆرکی کوردبوونی لێ بسڕێتەوە بەتایبەتیش لەبەرئەوەی شارێکی نەوتاوییە، وەک خانەقین و شەنگار و عێنزالە و چەندان شوێنی تر. نەدۆست نەدوژمن کەس نییە لاریی هەبێ لەم قسانەی سەرەوە و لە کردەوەکانی رێژیمی عێراقی لەو شوێنانەدا. سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کە رازی بوو لە دەستووری کاتی یان دەستووری یەکجاریی عێراقدا، چارەسەری ریفراندۆم بسەپێ، نیشانەی یەکەمین پاشەکشە و کۆڵدانی پێشان دا لە کێشەی کەرکووکدا. بەپەسندکردنی ئەم چارەسەرە بۆ یەکلاکردنەوەی کەرکووک نیوەی چارەنووسی شارەکەمان لەدەست دا و

نیوەکەی تر مایەوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، واتە راپرسینی خەڵکی شارەکە ئاخۆ کوردستانیان دەوێ یان نا؟ ئەمەش وا دەبینین نەهاتە دی و کەرکووک لە گرەوی یەکەمدا دۆڕا.

هەڵەی دووەمی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەم کێشەیەدا ئەوە بوو تەنیا پشتی بەجێبەجێبوونی ئەم بڕیارە بەست و بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی تری وەلاوە نا. ئاشکرایە هەر هەنگاوێک لە عێراقی دوای رووخانی رێژیمی بەعسەوە هاتبێتە دی، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا بووە ناونراوە پرۆسەی سیاسی. ناوەڕۆکی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش شتێک بووە پێی گوتراوە رێککەوتن و تەبایی (ئیتیفاق و تەوافوق). مادەی ١٤٠ و هەموو شتێکی تری دەستوور، تەنانەت دەستوور خۆی بەگشتی، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی حکوومەت و هەر شتێکی تر، بەشێک بووە لەم پرۆسەیە واتە لەم رێککەوتن و تەبایییە. بەڵام ماوەی دوو ساڵ زیاترە هەر بڕیارێک پێشتر لە ئەنجامی رێککەوتن و تەبایییەوە دەرچووبێ، کەوتووەتە بەرمەترسی و هەڕەشەوە، ئەگەر نەشڵێین تەواو هەڵوەشاوەتەوە. کورد هەڵەی کرد پاڵی خۆی بەدیوارێکەوە دا کە دەیبینی لایەنەکانی تر وا بنکۆڵی دەکەن.

سوننەکان کە سەرەتا لایەنێک بوون لەم بڕیار و رێککەوتنانە، ساڵێک دەبێ بەگشتی لە حکوومەت و پەرلەمان کشاونەتەوە، بەڵام هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی تر و بۆ وەرگرتنی بەشی زیاتر لە "رێککەوتن و تەبایی" بگەڕێنەوە گۆڕەپان. واش پێ دەچێ لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا رێژەیەکی زیاتر لە کاروباری وڵاتیان بکەوێتەوە دەست. هەرچی شیعەشە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی حکوومەتی عێراقدا، چ دەورانی ئیبراهیم جەعفەری و چ دەورانی نووری مالیکی، دەسەڵاتیان بۆ خۆیان پاوان کردووە و هەموو شت لەم وڵاتەدا بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەگەڕێ. بەگشتی، ئەم دوو لایەنەی شیعە و سوننە لە زۆرانبازیی نێوان خۆیاندا شتێکیان لەو رێککەوتن و تەباییە نەهێشتووەتەوە، تەنانەت بیریش ناکەنەوە رۆژێک بێ بگەڕێنەوە سەری. ئەوان بۆ گۆڕینی ترازووی هێزی نێوانیان، بەهەموو هێزێکەوە

ملمـلانەی یەکتـر دەکەن، چ هێزی جەمـاوەری بێ چ هێـزی وڵاتانی دراوسێ و دوور. تەنیـا کوردە لەم مـەیدانەدا هێـشـتـا وەک دەڵێن "بەهیـوای فرۆی گـای زەردە" وا دەزانێ مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێ.

دەبوایە سـەرکـردایـەتیی کـوردسـتـان لـەوە لێـهـاتووتر بێ کـە لەم چاخـە مێژووییـیـەدا پێشـانی دا. شـیـعـە و سـوننە سـوودیان لە هـەمـوو توانـسـتێکی جەمـاوەری وەرگرت، بـەڵام سەرکردایـەتیی ئێمـە بەدرێژاییی ئەم ماوەیە پشـتی لە هێـزی جـەمـاوەر بوو. بۆ ڕۆژی تەنگانە، لەم ڕۆهـەڵاتـی ناوەڕاسـتـەدا تەنیـا هێزی جەماوەرە دەتوانێ کێشە یەکلا بکاتەوە نەک ڕێککەوتنی نێوان هێزگەلی سیاسی. ڕێککەوتنی سیاسی لە ناوچەیەکدا پشتی پێ دەبەستـرێ کە بنەمای ڕەوشـتـی لە پێوەندیی هێزگـەلدا ڕۆڵ ببینێ نەک قـاچاخـچیـەتی و قۆڵبڕی. لەلایەکی تـریشـەوە، هێـزی کوردی لەناو دەسـەڵاتی عێـراقیـدا لاوازە و زیاتر شـتـێکی دیکۆرییـە. وەزیرێکی عـەرەب لە بەغـدا دەتوانێ بەئـارەزووی خـۆی سـەرئێشـە بۆ حکوومـەتی کوردسـتـان و بەرنامـەکانی بنێتـەوە، وەک لە پرسـی گرێبەسـتەکانی دەرهێنانی نەوتدا بینیمان یان سـاڵانە لە پرسـی تەرخـانکردنی بودجەدا دەیبینین.

بۆ بردنـەوەی کـێـشـەی کـەرکـووک، تاکـە چارەسـەر گـەڕانەوەیە بۆ هێـزی جـەمـاوەر، ئـەگـەربێـو دەسـەڵاتی کـوردسـتـان وەک جـاران باوەڕی بـەهێـزی جەمـاوەر مابێ. ئەمـەش بەر لە هـەموو شت لە ڕێگەی ئازادکردنی ڕاگەیاندن و کاراکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمـەڵگەی شارسـتانییەوە دێتە دی. هـەشـت مانگ بەر لە ئێستاش باوەڕم وابوو، تاکە ڕێگە بۆ یەکلاکردنەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر ئەوەیە کێشەکان بکرێن بەکێشـەی جەمـاوەری، نەک تاهـەتایە لە پـشــتی پـەردەدا تاوتوێ بکرێن، ئـەوەی لە پشــتـی پەردەدا تاوتوێ دەکـرێ دەسـتـەوارەی سیـاسیی نـاڕەوایە نەک پرسگەلی پیرۆز. وا نەکەین، ئەو ڕۆژەی کـەرکـووک تـەواو لە دەست دەڕوات، خـەڵکی کـوردسـتـان بـەهیچ هـاندەرێک ناجووڵێن بۆ وەرگرتنەوەی، ڕەنگە ئەو کاتە بەخەمی خۆشیانی نەزانن.

میدیا ٣١٧ لە ٢٠٠٧/١٢/٢

## گیانی وەرزشی، بنەمای دیموکراسی

دیموکراسی واتە قەبووڵکردنی بەرامبەر. واتە دانیشتن و دایەڵۆگ و بیرگۆڕکێ. واتە چوونە ناو گەمە و ململانەی هەڵبژاردن بەیەکسانی و بێ جیاوازیی رەنگ ئاین نەتەوە کولتوور پێگەی کۆمەڵایەتی یان تەمەن. هەروەها دیموکراسی واتە پەشێمان نەبوونەوە و تووڕەنەبوون لە کاتی دۆڕاندا. ئەگەر ئەم خەسڵەتانە لە هەموو لایەنەکانی گەمەی دیموکراسیدا بوونیان نەبێ، ئەوا ئەو گەمەیە گەمەی دیموکراسی نییە. هەر کات لایەنەکانی ئەو گەمەیە کێشیان هاوسەنگ نەبێ واتە خاوەنی هەمان ماف نەبن، باسی دیموکراسی لە گۆڕێدا نییە.

راستە دیموکراسی بنەمایەکی تازەی ژیانی مرۆڤ نییە و پێش چەندان هەزار ساڵ سیستەمی دیموکراسی باسی کراوە و بەشێک بووە لە پەژارەی خەڵک بەتایبەتی بیریار و هزروانانی کۆمەڵگە. رەنگە لە هەندێک چاخی مێژووشدا سیستەمی دیموکراسی لە سیاسەتدا پەیڕەو کرابێ، بۆ نموونە هەڵبژاردنی سەرکردە نوێنەر دەمڕاست یان پیاوماقووڵ. بەگشتی هەموو کۆمەڵگەیەک لە هەندێک ساتی ژیاندا گەڕاوەتەوە سەر دەنگدان و هەڵبژاردنی دیموکراسییانە یان بڕیاری دیموکراسییانە، هەڵبەت بەپلەی جیاجیا و لە کاتی جیاجیادا.

بەڵام بەلای منەوە کۆنترین پراکتیکی دیموکراسیی مرۆڤ، وەرزشە. وەرزش لە کەیەوە سەری هەڵداوە دیار نییە، بیریشم نایەوە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلم لەمبارەیەوە خوێندبێتەوە. بەڵام گومانی تێدا نییە دەبێ مرۆڤ لە زۆر کۆنەوە یاری و پێشبڕکە و گاڵتەوگەپی کردبێ. پێشبڕکەی ئەسپسواری دامە کەڵەموستانێ شەترەنج یان وەک فۆلکلۆری کوردی دەڵێ "سەرترینجانێ" لە زووەوە هەن. لەبەرئەمە گومانی تێدا نییە یاری یان وەرزش زۆر کۆنە، لە کۆمەڵگەی کۆندا خەڵک وەک ئێستا یارییان کردووە. لەو سەردەمانەدا گەورەش وەک بچووک پێویستیان بەیاری و پیشبڕکێ بووە. مەرجی یەکەمی

یاریکردنیش هاوسەنگییە لە مافدا، ئەگینا ئەوەی دەکرێ یاری نییە و شتێکی ترە، ڕەنگە چەوساندنەوە بێت. بێگومان یاری چێژ و تامی نییە ئەگەر هەموو لایەنەکان هاوسەنگ نەبن لە هەڵسوکەوت و مافیاندا.

تۆ بڵێی کوڕی میرێک بەگێک پێش سەدان ساڵ با بڵێین لەم کوردەوارییەی خۆماندا، لەگەڵ کوڕی جوتیارێکی دێ یان خولامێکی باوکی خۆیدا قۆشمانێ و پێشبڕکەی ئەسپسوارییان نەکردبێ؟ هەڵبەت کردوویانە. وەک چۆن مەشقی سەربازیشیان کردووە لە چاخی میرنشینە ئازادەکاندا، دۆڕاندن و بردنەوەش هەبووە. ئەمە وەرزش و پێشبڕکەیە و جۆرێکە لە گاڵتەوگەپ یان کات بەسەربردن، یان بەڕاستیش گرەویان کردووە و هەر لایە هەوڵی داوە پشتی ئەوی تر بدات بەزەویدا و بیباتەوە.

ڕاستە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا، سەرکەوتن و ژێرکەوتن لە دامە و کەڵەموستانێدا، ڕەنگ نادەنەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. وا بوایە مرۆڤایەتی ئەم هەموو ستەمەی لە سیستەمە گەندەڵکارەکانەوە نەدەبینی. بەڵام ناشتوانین ئەوە نەبینین کەوا وەرزش، گیانی دیموکراسی و تەوازۆ و خۆ بەگەورەنەزانین لەلای مرۆڤدا دەڕسکێنێ. وەرزش چ جەستەیی بێ چ هزری، وا دەکات مرۆڤ لە کاتی دۆڕاندا قەڵس نەبێ، قەڵسیش ببێ نەیکا بەفەرتەنە.

وەرزش کتومت دیموکراسی واتە قەبووڵکردنی بەرامبەر لە یاریدا، واتە چوونە گۆڕەپانی یاری و ململانەکردن بەوپەڕی هێزەوە بەڵام ناڕەحەت نەبوون لە ساتمە و سەرەنگرێ و بەرپێنە و برینداربوون، یان چەپڵەلێدانی جەماوەر بۆ لایەنی براوە. هەروەها وەرزش واتە پەشێمان نەبوونەوە و تووڕەنەبوون لە کاتی دۆڕاندا. ئەگەر ئەم ڕەوشتانە لەلای لایەنەکانی گەمەیەکی وەرزشیدا بوونیان نەبێ، ئەوە گەمە نییە ڕەنگە شەڕ بێ یان شتێکی تر بێ نەزانین چییە. هەر کات لایەنەکانی گەمە خاوەنی هەمان ماف نەبن، یان بەپێی هەمان یاسا نەجووڵێنەوە، باسی وەرزش لە گۆڕێدا نییە. وەرزشکاری ڕاستەقینە مرۆڤێکی دیموکراسییە. کەمجار ڕێک دەکەوێ دۆڕاو تووڕە ببێ، بەپێچەوانەوە تۆقە دەکات یان زەردەخەنە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەگۆڕێتەوە، هەر نەبێ مل

کەچ دەکات و بەشەرمەوە گۆڕەپانەکە بەجێ دەهێڵێ.

دەبێ داوودەزگای راگەیاندنی کوردستان زۆر خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی خەڵک فێربین لە کاتی دۆڕانی گرووپە دڵخوازەکانیاندا، تووڕە نەبن و نەیکەن بەشەڕەبەرد یان جنێودان و هۆیهاکێشان. ئەمە بۆ خۆی هاندانی خەڵکە بۆ قەبووڵکردنی بەرامبەر، هەروەهاش هاندەرە بۆ بەخۆداچوونەوەی دۆڕاو تا سوود لە تاقیکردنەوەی دۆڕان وەربگرێ لەپێناو سەرکەوتنی داهاتوویدا.

زاراوەیەک کە وەرزش بۆ دنیای سیاسەت و کۆمەڵایەتیی داهێنابێ، زاراوەی "گیانی وەرزشی"یە. ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەسەردەمی ئەمرۆ زۆر پێویستیمان بەپراکتیک لەسەر ئەم زاراوەیە هەیە، بۆ نموونە کاتێ رەخنە لە بەرپرسێک دەگیرێ و کەموکورتییەکانی دەخرێنەڕوو، یان نووسەرێک رەخنە لە کتێبەکەی دەگیرێ، یان هونەرمەندێک فیلمەکەی، تابلۆیەکەی یان هەر بەرهەمێکی تری دەکرێ بەبابەتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، یان یەکێک لە هەڵبژاردندا ژێردەکەوێ، دەبێ فێرببێ پەنا بۆ چەک نەبا. یان کوڕێکی گەنج کاتێ باسی ئازادی بۆ خوشکەکەی دەکرێ، هەمان ماف کە بۆ خۆی رەوای دەبینێ بۆ بەرامبەرەکەشی بیبینێ. راستە لەوانەیە مرۆڤ تا هەتایە فێر نەبێ بەخۆشحاڵییەوە دۆڕان قەبووڵ بکات، بەڵام دەبێ ئەوە فێر ببێ کەوا هەڵچوون و پەنا بۆ هێزبردن، ریسوابوونە و نیشانەی ئەوەیە مرۆڤێکە لاسەنگی لە بیرکردنەوەیدا هەیە.

گەشبین ١٠ لە ٢٠٠٧/١٢/٥ وەرزین ١٧ لە ٢٠٠٧/١٢/٥

## هەڵکەوتێکی کلۆڵ

ماوەی ساڵێکە، پاش ئەوەی کەوتینە سەر شارێی راستەقینە بۆ دانانی پرۆژەیەکی سەربەخۆی راگەیاندن لە کوردستاندا، لە زۆر لاوە تەقوتۆق و پاڵەپەستۆمان خرایە سەر. هەندێک جار

مـرۆڤ سـەرسـام دەبێ کـاتێ خـەڵکێک لە دژایەتیی خـۆت و پرۆژەکانتدا دەبینییەوە، بەهیچ شێوەیەک بیرت بۆیان نەچووە. لەوانەیە ئەمە هەمووی خەسڵەتێکی گشتیی ئەم وڵاتە بێ کە دەبێ پرۆژەی جدی فەشـەل بێنێ و بچـێتـە ریزی پرۆژەگـەلی شـەرمـەزارییـەوە بـۆ ئەوەی رێزی لێ بگـیرێ، لەبـەرئەوەی لەم دەڤەرەی دنیـادا "بەداخەوە" فاشیل بەسەرکەوتوو حسێبە. ئەم قسـانەمـان نیشـانەی بێ هیـوایی نییـە، بەپێچـەوانەوە دیمەنی راسـتـەقـینەی هەڵکەوتێکی بـەرچاوە. ئەگـەر راسـتـە و مەبەستمانە پرۆژەی جدی لەم وڵاتەدا سـەرکەوێ، دەبێ لەمە زیاتر چاومان لە ئاست ئەم هەڵکەوتە کلۆڵەدا نەنووقێنین. بزاو نموونەیەکی جیـا بوو لەناو ئەو هەڵکەوتەی باسمـان کـرد. لە بزاودا هەمـوو خـەممان ئـەوە بوو بۆنـی حـزبـایەتیـی لێ دوور بخەینەوە و وەکو کورد کار بکەین، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە بینیمـان. لەبارەی داخرانی بزاوەوە ئەم روونکردنەوەیەمـان بڵاو کردەوە، پێمـان باشـە لێرەدا لە گەشـبین کە بڵاوکراوەی ئاراسـە جـارێکی تریش بڵاوی بکەینەوە بـۆ بەڵگـەدارکـردن، هەرچەندە ئەمـە بڵاوکـراوەیەکـە دوور لە سـیـاسـەت و داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەرێزی دەکەین.

## بزاو بۆ داخرا؟

رۆژی ٣ی ئەم مـانگە هەفـتـەنامـەی بزاو کـە لە دەزگـای ئاراسـەوە بڵاو دەبووەوە، دوای ٢٥ ژمـارە، لە دەرچـوون وەسـتـا. ئـەم چەندە رۆژەی پێـشـوو، لەبارەی وەسـتـانی بزاوەوە زۆر قـسـە کـراوە و هەندێکیش لەم قـسـانە تێکەڵ کراوە لەگەڵ ئاخـاوتـنی من کە وەک بەرپرسی یەکەمـی ئەم دەزگایە داومـە بە رۆژنامـەکان. رەنگە لە داهاتوودا قسـەی تریش بکرێ و گـۆمەکـە زیاتر شـێلوو ببێ یان بۆ مـەرامی تر بقـۆزرێتەوە، بۆیە ناچـار بووین هەندێک روونکردنەوەی پێویست و دروست بدەین:

بزاو بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو. ئاشکرایە کاری بڵاوکراوەی سیاسی ئەوەیە شـرۆڤـە و بەدواداچوونی سیاسی بڵاو بکاتەوە و لە هەواڵ و هەڵسوکەوتی بەرپرسە سیاسییەکان بپێچێتەوە. ئێمە دەزانین بنمیچی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستاندا نزمە بەتایبەتیش کە تێکەڵ دەکرێ بەبەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و رێککەوتنی ستراتیجی و ئاشتی و تەبایی نێوان یەکێتی و پارتی. بۆیە و لەبەر ئەم دۆخە لە ژمارەی یەکەمەوە کەوتینە ژێر پاڵەپەستۆی بەرپرسە سیاسییەکان و لێخوێندنی هەندێک لەو رۆشنبیرانەی لە دەزگا حزبییەکاندا کار دەکەن. شرۆڤە و هەواڵە سیاسییەکان بەجۆرێکی دوور لە راستی لێک دەدرانەوە و وا پێشان دەدرا ئەوەی لەم کۆوارەدا بڵاو دەبێتەوە برێتییە لە بەرنامەیەکی شاراوەی سیاسی.

بەداخەوە بۆ ئەم رەوشەی کە ئێستا راگەیاندنی کوردستان تێیدا دەژی. ئێمە لە سەرکردە سیاسییەکان و مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانەوە فێر بووین داوای ئازادیی دەربڕین بکەین و بەمافی خۆمانی بزانین هەر کە رۆژی خۆی هات پراکتیکی لەسەر بکەین، بەڵام کە دەبینین ئەوەی هەیە دوورە لە ناوەڕۆکی دروشمەکانی دوێنێ، دووچاری بێ هیوایی دەبین و وا دەزانین لە خەونێکی ناخۆشداین. هەرچەندە ئێستاش بەوپەڕی بڕواوە، وا تێ دەگەین لوتکەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، لەوە گەورەترن بەرۆژنامەی کوردی و بۆچوون و بەدواداچوونی رۆژنامەنووسی کورد نارەحەت بن. راستیشت دەوێ ئەوەی ئەمرۆ هاتووەتە دی، ئەو دەسکەوتەیە کە زیاتر بە تێکۆشان و ماندووبوونی ئەوان بووە و وەک شانازیش بۆ ئەوان دەنووسرێ لە مێژوودا. کێشە لە راگەیاندنی کوردستاندا ئەوەیە، رۆشنبیرانی ناو حزب پاڵی سەرکردە سیاسییەکان دەدەن بۆ هەڵچوون و تووڕەبوون لە راگەیاندنی دەرەوەی خۆیان، بەشێوەیەکی گشتی نەک تەنیا لە بزاو.

ئێمە لە دەزگای ئاراس بۆ ئەوەی چی تر نەگاتە ئەو رادەیەی لەسەرەوە باسمان کرد و هێڵی سووری کوردی زیاتر تێ نەپەڕێنین، بڕیارمان دا کۆواری خۆمان بووەستێنین و دەمی خۆمان دابخەین. رەوشەکە وابوو: یان

دەبوایە بکەوینە لێبووردنخوازی لە هەموو ژمارەیەکدا، یان گۆڕینی ڕێبازی کارکردن، یان ئەوەتا بەتەواوی وازی لێ بهێنین. ئەوەی ئاخیریمان هەڵبژارد و بڕیارمان دا چی تر کەس نارەحەت و سەغڵەت نەکەین. هیچ کاتێکیش نەمانگوتووە لەسەر داوای کەسێک یان لایەنێک ئەم کۆوارە راگیراوە. ئێمە ڕێزی تەواومان هەیە بۆ سەرۆک مام جەلال سەرکۆماری عێراق و بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەنگەریشمان لێ نەگرتوون وەک باس دەکرێ. ئیمە بەرپرسین لە قسەی خۆمان و ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمدا گوتمان، کەوا لە ژێر پاڵەپەستۆی سەرکردە سیاسییەکانی کوردستاندا "بەشێوەیەکی گشتی" و لەبەرئەوەی کەشی دیموکراسی و ئازادیی رادەربڕین نالەبارە، ناچار بووین ئەم بڕیارە بدەین و کۆواری بزاو لە دەرچوون بووەستێنین.

گەشبین ١١ لە ٢٠٠٧/١٢/١٢

## دنیای کتێب

لە دەوروبەرێکدا نەیدەزانی کتێب چییە، ئاشقی خوێندنەوەی کتێب بووم. کەسیش پێی نەگوتبووم بخوێنەوە، هەر لە خۆمەوە و لە چۆڵیدا ئەو هۆگرەم دۆزیبووەوە. نەک هەر کەس نەیگوتبوو بخوێنەوە بگرە هەموویان بەتیز و گاڵتەوە سەرنجیان دەدا کاتێ دەیانبینی وا منداڵێک سەری بەسەر هەندێک کتێب و نامیلکەدا شۆڕ کردووەتەوە و لە خەیاڵاتی خۆیدا ون بووە. هەندێک جاریش بەقسەیەک هەستی منداڵیی منیان بریندار دەکرد تا بەخۆمدا بشکێمەوە و لەو کارە شەرماوییەی دەیکەم دەست هەڵگرم. پێم سەیر بوو، باشە خوێندنەوە زیانی بۆ کەس نییە بۆ ئەمانە وا لێیان بووە بەخەم؟ دەبێ خۆشحاڵ بن وا لە هەرا و کێشەی دەوروبەر دوور کەوتوومەتەوە.

پاشان زانیم هەڵوێستی ئەمانە لە چییەوە دێ. بەلای کولتووری گوندەکییەوە خوێندنەوە مرۆڤ مێ دەکات. بەلای ئەو کولتوورەوە مرۆڤ چەند بێ زانیاری بێ، هێندە نێرتر و رەسەنترە. چەند کەرتربێ هێندە پەسندترە.

کاتێ دەیانبینی وا لە سایەی کتێبەوە وردە وردە نێرایەتیم لە دەست دەدەم و ئامۆژگاریش داد نادا، دەیانویست هەستم بریندار بکەن بەڵکو بێمەوە هۆش. منیش لەلای خۆمەوە بڕیارم دا ئەگەر نێری وا بێ وەک ئەوان دەیانەوێ، با من بۆ خۆم مێ بم.

ڕەنگە ناهەقیان نەبووبێ لەم هەڵویستەیان. چۆن؟ کتێب ئەگەر پێناسە بکرێ دەبێ بوترێ ئامرازێکە بۆ لکاندنی مرۆڤگەل بەیەکترەوە، یان ئەو ئامرازەیە ئەزموونی تێروتەسەل بۆ یەکتر دەگوازێتەوە یان دزێوی ریسوا دەکات. بەڵام خوێندنەوەی من بۆ ئەوەبوو لکانی خۆم بەم کۆمەڵگەیەوە بپسێنم کە بە هیچ کولتوورێکی خۆشحاڵ نەبووم. کتێبم بۆ ئەوەبوو لەگەڵ کەس تێکەڵ نەبم. جاربەجار ئەوەی لە خوێندنەوەدا دۆزیبوومەوە بۆ دەوروبەرەکەمم دەگێڕایەوە، دەمبینی چۆن پەست دەبن. ئەم ساویلکەییەم زۆر زیانی لێ دام، وام دەزانی ئەوان لە برێتیی دۆزینەوەکانم دەسخۆشانەم دەدەنێ.

کتێب خوێندنەوە لەم ناوچە دواکەوتووەی ئێمەدا باشترین ڕێگە و شێوازە بۆ گۆڕینی کولتووری دەقگرتوو بەکەڕووی هەزران ساڵە، کتێب ئەو هاوڕێ و هۆگرەیە خۆتی بۆ بەدەستەوە دەدەی بێ ئەوەی کەس چاوی لێ بێ، نێرایەتیت دەدۆڕێنی بێ ئەوەی کەڵەگا و مڵۆزمەکانی کۆمەڵگە هەستی پێ بکەن. بۆیە ناهەقیان نییە رقیان لە کتێب بێ. بەلای منەوە، ئەگەر سەرکردەیەک هەبێ لەم ڕۆهەڵاتی ناوینەدا حەز بەگۆڕین بکات دەچێ پرۆگرامێک دادەنێ بۆ خوێندنەوەی کتێب. بەڵام پێچەوانەی ئەمە راستە، سەرکردەی سیاسی لەم ناوچەیەدا زۆربەیان دڵڕەقی سیمای گشتییانە، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی خۆیان زۆر پێویستیان بەخویندنەوەی شیعر و ڕۆمانە بەر لە چەوساوەکانی ژێردەستیان. جارێکیان ڕۆمانێکی ئیمیل زۆلام خوێندەوە، شەش مانگ یان زیاتر لە کەش و هەواکەیدا گینگڵم دا. ئاخۆ ئەم ڕۆمانە چەند ناوەڕۆکی منی گۆڕی بێ، بێ ئەوەی هەست بکەم. لێرە لەم ڕۆهەڵاتی ناوینەدا پیاوی سیاسی کتێب لە پشتی خۆیەوە ریز دەکات بەڵام بەداخەوە تەزبیح دەستی گرتووە لە خوێندنەوەیان.

لەم ساڵانەی ئاخیریدا سەدان کتێب لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوکراونەتەوە کە جارێکی تر مێژووی ئیسلام شرۆڤە دەکەنەوە، جاربەجارێک نەبێ کەسی لەسەر نەکوژراوە هەرچەندە ئەم نووسەرانە هەموو شتێکیان هەڵگێڕاوەتەوە. بەڵام من لێرە لە هەولێر بەترسەوە بیر لەوە دەکەمەوە جارێکی تر کتێبەکەی عەبدولخالیق مەعرووف چاپ بکەمەوە کە لەسەری کوژرا. چەندان جار ئەو نامیلکەیەم خوێندووەتەوە، بچووکترین خراپەی بۆ ئیسلام تێدا نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە توێژە ئەستوورەکەی کەڕووی سەر مێشک دەڕنێتەوە تاوەکو راستیمان بۆ دەرکەوێ. بۆیە لەم ناوچەیەدا ئەگەر دەتەوێ شادمان بژی و کەس پێت نەڵێ گومان لێکراو، دەبێ پارێزگاری لەم کەڕووە بکەی. جا چۆن سیاسییەک لەم ناوچەیەدا هەڵدەکەوێ بڵێ بێ ترس بخوێننەوە، یان بڵێ ئەرکی سەرشانی هاووڵاتییەکانم ئەوەیە بخوێننەوە تا هەموومان شادمان بین بەیەکەوە.

پێش چەندان ساڵ، جارێکیان دەبوایە لیستێک پڕ بکەمەوە بەحەز و خولیاکانی خۆم. زۆر شت هەبوون لە لیستەکەدا: بەفرەخلیسکێ، ئەسپسواری، گوێگرتن لە مووزیک، تەنانەت چێشت لێنان یان گوێگرتن لە هەواڵی سیاسەت، بەڵام خوێندنەوەی کتێبم نەدۆزیەوە، نەشمدەزانی بڵێم حەز لە چی دەکەم غەیری کتێب. توومەز لە دنیای پێشکەوتوودا خوێندنەوە حەز و خولیا نییە، ئەرکە. مرۆڤ دەبێ بخوێنێتەوە تا دانەبڕێ لە ئەزموونی خەڵکانی تر لەم ژیانەدا، دەبێ بخوێننەوە تا بەگەشبینی بژین.

گەشبین ١٢ لە ٢٠٠٨/١٢/٩

## لە بەرێکردنی ٢٠٠٧دا

یەکێک دەڵێ سەرم سوڕماوە نازانم بۆچی پێش بیست ساڵ، واتە لە کۆنگەی سەرکوتینەوەی هەموو بزاوێکی کوردی و کردەوەگەلی ئەنفال و شەڕی تۆوبڕینەوەدا، ورەم بەرزتر بوو لە ئێستا؟ دەڵێ ئەو کات لە شەوی تار و

ئەنگوسـەتەچاودا تروسکەیەک هەبوو گـەرمی دەکـردمـەوە، ئەمـڕۆ لـە ناو ئەم هـاتوباتـی سـەرفـرازییـەدا، رەشـبینی منـی پێچـاوەتەوە. یاخـۆ دەڵـێ بۆچی لە جەژندا هەست بەشادییەک ناکەم، شـادیش لە رووی کەسدا ناخـوێنمەوە؟ یان بۆچی لـە سـەری سـاڵدا نابینـم رۆژانێکی جـوانم بـەرێ کـردووە و چاوەڕوانی رۆژانێکی جوانترم؟ بەکورتی، دەیان دڵەڕاوکەی تری لەم جۆرە دارماوییانە دڵ دەگوشن، ژیان بچـووک دەکەنەوە و بەردەوامیش بچـووکتری دەکەنەوە. هەموو خـەڵک بەم دەردەوە دەناڵێنن بێ جیـاوازی لە ئاسـتی گوزەران و بژێویدا. ئەمـە بووە بەپەتایەکی گشتگر.

هـەرچەندە بەوە ناسـراوم، گەشـبینیم بەردەوام لە چڵەپۆپەدایە، بەڵام منیش ناوبەناوێک ئەم گـەردەلوولـی دارمـانە رووم تێ دەکـات. هـەزار و یەک بیـانووی بەدەر لە ویسـتـی کوردیش دەهێنمـەوە بۆ شرۆڤـەی ئەم دۆخە گشتگرە، کەچی دواجار ناچار دەبم هـەر بەرۆکی کوردەوێڵەی خۆم بگرمەوە و تۆمـەتباری بکەم لە هـەر نسکۆکـەیەک کە بەسـەری دێ. دەڵێم گـەلۆ بۆچی دەبێ ورەی هـاووڵاتیی کورد جیـاواز نەبێ لەگەڵ سـەردەمانی ئەنفـال و نسکۆ؟ زۆری لێک دەدەمەوە تا دەگەمە ئەو ئەنجامەی: بەکورتی و بەکوردی، کێشـە کێشـەی بەرپرسیارەتییە.

دەسـەڵات لەو رۆژەی پەیدا بووە لە مێژوو، بێگومـان زۆر لە کۆندا واتە پێش هـاتنەکایەی دەوڵەت و دەسەڵات بەشـێوەی تازەشـی، ئەرکی دەسـەڵات پاراسـتن و بەردەوامکـردنی ژیانی کـۆمـەڵگە بـووە. پاراسـتنیش بەلای کـەمــەوە لە دوو رووەدا: یەکـێــان دابینکردن و رێکخـســتنی خــزمــەتگوزاری، ئەوی تریان بەرەورووەوەسـتانی هەڕەشـەی دەرەکی. هـەر لەم پێناوەدا بـەرپرسایەتی سـەری هەڵداوە. ئەم دوو ئامانجە نەبوونایە دەسـەڵاتی سیاسی نەدەبوو.

هـاووڵاتیی کـورد بـاش ئەوە دەزانێ هـەندێک خــزمــەتگوزاری لە دەرەوەی دەســەڵاتی دەسـەڵاتی کـوردیدان. وزەی کـارەبا نیـیـە تێ دەگـەن بۆ نیـیــە. سیـسـتەمـی تەندروسـتی و رێگەوبان و پەروەردە خـراپن، دەزانن لێـهـاتوویی و شـارەزاییی کوردی ئەوەندەیە. سـوپـای کـوردسـتـان ناتوانێ سـوپای تورکیـای ئەندامی ناتۆ ببەزێنی ئەمـە تێ دەگەن و هـاوبەشـی خـەمی دەسـەڵاتی کوردین

لەمــەدا. هاووڵاتیی کـورد لە کـاتی هـەرەشـە و گـەفـەکـانی تورکـیـادا پێش ماوەیەک، دەیگوت لە بەربەرەکانیی سوپای هێرشکاردا خۆم بەکوشت دەدەم، گلەی نەدەکرد لە نەبوونی سوپای بەهێزی کوردی. بەڵام ئەوەی ورەی خـەڵکی رووخاندووە نەبوونی بەرنامەیە، ئاسـتی زۆر خزمـەتگوزاری نزمـترە لە سـاڵی ١٩٩١ کە راپەڕین تیایدا رووی دا و ئەو دەم هاتبوووینە سەر وڵاتێکی وێران. خـەمـیش ئەوە نیـیـە خـزمـەتگوزارییـەکـان لە ئاسـتی نزمـدان، خـەم ئەوەیە داوودەزگای کوردی پاش ١٧ ساڵ، خزمەتگوزاری بەئەرکی سەرشانی خۆی نازانێ، دوور نییە بەرگریش لە وڵات بەئەرکی خۆی نەزانێ.

لەم جـەژنەدا دانیـشـتـوانی چەند شـارێک، یان تەواوی هـەرێم تـووشی پەتا بـوون: هـەڵامــەت، کــۆکــە، تاولـەرز. نەوەزارەتێک لـەمــە دەپرســێــتــەوە، نەراگـەیانـدنێک لێی دەکۆڵێتـەوە، نەداوودەرمـانێکی کاریگەر دەست دەکەوێ. دەیان ئۆتۆمـۆبێل ببـینە لە ریزی بەنزیندا وەسـتـاون، لـەولاشـەوە سـەدان بۆشکەی پڕ، بەنرخـی گـرانتـر هـەڵدراونـەتەوە. ئەی حـکوومــەت لـە کــوێی؟ ناســیــاوێک گــوتی ڕۆژی چەندان ســات وزەی کــارەبامــان هەیە. چۆن؟ جەنەرەیتەری ئەم گەڕەکە لە تەزووی گشـتی دەدەزێ و دەیفرۆشێتەوە بەماڵان. گوتم چۆن کـەس نازانێ؟ گوتی با بەڵام تەرتیبی کـردووە. ئەمـانـە ئەو نموونە بچـووکانەن ورەی گەورە دەتـەپێنن. دەیان نموونەی تر: دووکـەڵی جـەنەرەیتـەر ژیانی وێران کـرد، داوودەزگای ژینگە هەقی نییـە. ئاوی بۆڕی نەک بەکـەڵکی خـــواردنەوە، بگرە بـۆ شـــوتنیش دەست نادات کـــەچی خـــەڵک بەناچاری دەیخۆنەوە و تەندروستی هەقی نییە. ترافیک سیستەمی نییە، بـەڵام پۆلیسی ترافیک تەقـەی سـەری دێ. پرۆژەی چاکردنەوەی شـەقام تا شـەقام تێک دەدات گـەرموگـوڕە، پاشـان بەجـێی دەهێـڵـێ بۆ وادەیەکی کـەسنەزان. برۆ هـەندێک شـارۆکە ببینە تووشی بێ هیوایی دەبێ لە داهـاتووی ئەم وڵاتە. تا ئیـمـەیلێک دەنێـری تـووکی ســەرت ســپی دەبێ. چووم بۆ چەند مــاڵێک بۆنی دووکـەڵی سۆبەی نەوت دەگەیشتە سەرشەقام.

ئەمانە نموونـەگـەلی زۆر بچووکن، باسی شـتی گەورە ناکەم. ئەو قسـانەی

بەشــەرمــەوە لە ڕۆژانــی کــۆتای ئەم ســاڵدا لەبارەی مــادەی ١٤٠ەوە کــران، دیمەنەکەی زیاتر خــەملاند بە بێهیــوایی، بەداخی کەرکووکەوە کێــوێکی تر لە ورەی کوردی ڕما. بەکورتی ساڵی ٢٠٠٧مــان لەنا شەپۆڵانی دڵەڕاوکێدا بەڕێ کرد، ئاخــۆ ســاڵی داهاتوو چ کــتوپڕ و شــاراوەیەکی لە پڕیسکە و هەگبــەیدا بۆمــان دانابێ. لەوانەیە منی بەدرێژاییی تەمەن گەشبین، چی تر فریا نەکەوم خــــۆم لــە کــــەژاوەی گــــەشــــبــــینیــــدا بڕازێنمــــەوە و هەنگاوی بــەرەودوای بەرپرسیارەتیی کوردستان نەبینم.

کۆوار ٢٤ کانوون (١) ٢٠٠٧

## ڕەخنە بێ ماریفەتی نییە

لە ژمــارەی ڕۆژی ٢٠ی ئایاری ڕۆژنامــەی "ڕۆژنامــە"دا ڕێبــوار ســیــوەیلی وتارێکی بەناونیشانی: «جەنابی سەرۆکی حکوومەت بۆچی عەباسی وەلیتان دەرکرد؟» نووسیوە. ناکرێ مرۆڤ دابەزێ بۆ وەڵامدانەوەی ڕستە بەڕستەی وتارێک کــە ئەمــڕۆ ڕۆژنامــەوانیی کوردســتــان پڕ بووە لەم جــۆرە نووســینانە، تەنیا ئەوە دەکرێ مرۆڤ بزانێ ئەو کەسەی ئەم وتارەی نووسیوە خۆی کێیە و بۆچی وا دەڵێ. لێرەدا بەکورتی لەوە دەدوێم:

١- ڕێبــوار بەدرێژیی ئەو وتارە باس لــە چەوســاندنەوە و ســتــەمکاریی ســـەرۆکی حکوومــــەتی هەرێم و نووسینگەی ســـەرۆکی حکوومــەت دەرهەق بەڕۆشنبــیــران دەکــات و تەنانــەت چەندان جــار بەخــراپتــر لە فــاشی و نازیز ناویان دەبات. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم قسانە وا بوونایە ئاخــۆ ڕێبوار سیــوەیلی دەیوێرا ئەم هەمــوو ســووکایەتییــە بەو دەســەڵات و دەســەڵاتدارانە بکات کە ناویان دەبات. هەر قسەکانی خۆی نیشانەی ئەوەیە ئەو پیاوە یان لە وەهمــدا دەژی یان دەیەوێ خــەڵک بــخــاتە تۆڕی وەهم و گــومــانەوە و بازرگــانی بەهەستیان بکات. مامۆستایەکی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆیەکی کوردستان ڕێزی خۆی بگری "هەر نا لەبەر قــوتابییــەکانی" ئەم جۆرە زاراوانە لە ئاست

کارمەندانی ئەنجوومەنی وەزیراندا بەکار ناهێنێ.

٢- ڕێبوار خۆی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی زۆر سوودمەند بووە لەو شوێنەی ئەمڕۆ بەردی تێ دەگرێ. سوودمەندییەکە بەڕادەیەک بوو کە هەم ڕۆشنبیران و نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ کەوتبوونە گلەیی لە ناوەندەکانی دەسەڵات لەو بایەخە زۆرەی پێی دراوە، هەم خۆیشی "واتە ڕێبوار" زۆر بەخراپی ئەو پاڵپشتییەی بەکار دەهێنا. مامۆستا نەماوە لە زانکۆ، بەرپرس و دەسەڵاتدار نەماوە لە کوردستان ڕێبوار بەڕوویدا هەڵنەشاخێ و سووکایەتیی پێ نەکات هەر گوایە لەبەرئەوەی لەو ناوەندەی کە ئەمڕۆ بەردیان تێ دەگرێ، کەیفیان بەچارەی هاتووە و پێشوازیی گەرمیان لێ کردووە. بێگومان ڕێزگرتنی سەرۆکی حکوومەت لە کەس بۆ ئەوە نییە، ئەو کەسە سووکایەتی بەخەڵک بکات یان عەنتەری پێشان بدات.

برادەرێک گێڕایەوە گوتی جارێکیان ڕێبوار سیوەیلیم لە دهۆک بینی کە تازە لە دەرەوە گەڕابووەوە، لەگەڵ پۆلیسی ترافیکدا کەوتبووە دەمەقاڵە. پۆلیسەکان دەیانگوت ئۆتۆمۆبێلەکەت لادە ئێرە شوێنی وەستان نییە. ئەو دەیگوت من میوانی سەرۆکی حکوومەتم. پۆلیسەکان دەیانگوت کاکە بەسەرچاو تۆ میوانی سەرۆکی حکوومەتی بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە سەرپێچی لە یاسا بکەی.

٣- کورد دەڵێ بەرد مەگرە ئەو کانییەی لێی دەخۆیەوە. ڕێبوار سیوەیلی بەردەوام لە بەردەرگای ئەنجوومەنی وەزیران دەبینرا و خۆی ڕەپێش دەکرد بۆ وەرگرتنی پاداشت و بەرات. بەهەموو نەریت و بنەمایەک، ناکرێ مرۆڤ بەرد لە دەرگەی ماڵێک بگرێ کە هەمیشە بەڕوویدا کراوە بووە و ڕێزی بۆ نواندووە. ئەم جۆرە کەسانە کورد پێیان دەڵێ "نانخۆری سفرەدڕ". ئەو دەیویست لە ژێرەوە و بەنهێنی سوودمەند و ڕێز لێگیراو بێ و لە ناو خەڵکیشدا وەک سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن خۆی پێشان بدا. هەڵبەتە کەس لاریی لەوە نییە خەڵک "بەتایبەتی ڕۆشنبیران" لە دەسەڵاتی کوردی زۆریش سوودمەند بن و لە

هەمان کاتدا ڕەخنەگر و ئۆپۆزسیۆنیش بن، نەک هەر لاری لەمەدا نییە بگرە بەشێکیشە لە بەرنامەی ئەزموونەکە خۆی و شانازیشی پێوە دەکات کە میللەتێکی ڕەخنەگر و خاوەن ڕای گشتی لە کوردستان دروست ببێ. کێشەکە ئەمە نییە، کێشەکە ئەوەیە ئەم هەموو جنێو و سووکایەتییە بەخۆڕایی و لە هەموو بۆنەیەکدا و بەبێ پاساو، ئاخۆ لە چ سەرچاوەی دەروونێکەوە هەڵقوولاوە؟

٤- زۆر کەس لەو باوەڕەدان ڕێبوار لێی گیراوەتەوە بۆیە بەردەوام جنێو دەفرۆشێ و سووکایەتی دابەش دەکات. جارێکیش ئاگری لە ماڵەکەی خۆی بەردا، لە لایەک بۆ ئەوەی دیمەنی دەسەڵات لە پێش چاوی خۆیی و بیانی بشێوێنێ و لە لایەکی ترەوەش خۆی بکات بەمایەی بەزەیی پێداهاتنەوە. کەس نەبوو ئەو کاتە وا بۆ مەسەلەکە نەچێ و گاڵتە بەم سیناریۆ منداڵانەیە نەکات.

٥- ڕێبوار دەڵێ پەشیمانم لەو پشتگیرییانەی لە حکومەتی هەرێمم کردووە و ئێستا پشتگیرییەکەم دەکێشمەوە. لە هەولێر قسەیەک هەیە دەڵێ: "وەی خەم!".

هەڵبەت مرۆڤ ئازادە لە پەشیمانبوونەوە و پاشەکشە. یەکێک دەتوانێ خانووێک بکڕێ و پاشان پەشیمان ببێتەوە یان ژن مارە بکات و هەڵبگەڕێتەوە. هەموو کۆنتراکتێک شایەنی هەڵوەشانەوەیە جا چ کۆنتراکی نووسراو بێ یان ڕەوشتی. ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە مرۆڤی پەشیمان وەک بوێر خۆی دەربخات، بەڵام بەگشتی و لە بەرچاوی خەڵکدا مرۆڤی پەشیمان و پاشگەز، ڕێزلێگیراو نییە، پەشیمانی وەک بادانەوە لە دۆست و لایەنگر حسێبی بۆ دەکرێ و بەنامەردی دادەنرێ، بەڵام با بڵێین ئەوەی ڕێبوار دەیڵێ مەردایەتییە، باشە کاک ڕێبوار بۆچی نایەی وەک پیاو لە وەرگرتنی ئەو پارانەش پەشیمان ببیەوە کە وەرت گرتوون.

٦- ڕێبوار باسی پیسیی ناوگەڵی خەڵک دەکات. ئەم قسەیە قسەی کەسێک نییە ڕۆشنبیر بێت. ناوگەڵی هەرکەس تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەیە و دەبێ

ڕۆشنبیری هاوسەردەم بەلایەنی کەمەوە "ئەگەر ڕۆشنبیر بێ" ڕێز لەم تایبەتمەندییە بگرێ. ببوورن بۆ بەکارهێنانی وشەی ناوگەڵ، ئەم زاراوەیە لە دەمی ڕێبوار سیوەیلییەوە دەرچووە. من هەر ئەوەندە دەڵێم خۆزگە دەمی ڕێبوار هێندەی ناوگەڵی ئەوانە خاوێن بوایە کە ناویان دەهێنێ. بەلای مرۆڤی هاوسەنگەوە دەمی پیس وەک ناوگەڵێکی بۆگەن وایە بەڕووی مرۆڤەوە.

٧- بەکورتی و لە کۆتاییدا، کەس نییە ئەوەندەی ڕێبوار سیوەیلی و ئەمسالەکانی سوودمەند بووبن، کەسیش ئەوەندەی ئەوان پاشقولی لەم دەسەڵاتە نەگرتووە و جنێوی نەداوە و دیمەنی ئەزموونی کوردستانی نەشێواندووە. کەس ناڵێ ئەم ئەزموونە بێ کەموکورتییە و من خۆم تا ئێستا زۆرترین ڕەخنەم لێی گرتووە. بەڵام مەسەلەی ئەمانە نە بەرگریکردنە لە کۆمەڵی خەڵک و مافەکانیان و نە دڵسۆزییە بۆ ژیانی دیموکراسی لە کوردستاندا، ئەمانە فرچکیان بەکاسەلێسی و نانی گەندەڵی و ئەم دەرگە و ئەو دەرگەکردن گرتووە و هەرکاتیش بچووکترین داوایان جێبەجێ نەبێ، سپڵەییان دەردەکەوێ و وەک منداڵی باش پەروەردە نەکراو بەرد دەگرنە دەرگای ماڵی خۆیان. کورد دەڵێ خووی شیری هەتا پیری، مرۆڤ تەمەنی ببێ بەسەد ساڵیش هەر هەڵگری ئەو ڕەوشتانەیە کە لە منداڵیدا پێی پەروەردە بووە. بەداخەوە، گرێی دەروونی نەخۆشییەکە لە کۆڵی مرۆڤ نابێتەوە تا لووتی لە بەرد نەدات.

٨- من نازانم د. عەباس وەلی بۆچی لە پۆستەکەی لادراوە، بەڵام ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکانی ئەو بەڕێزەدا خوێندمانەوە بۆمان دیاربوو بەشێوازێکی پڕ لە ڕەوشت و ئەدەب بانگ کراوە و مەسەلەکەی پێ ڕاگەیەنراوە. ئاساییە لە هەموو شوێنێکی دنیادا بەردەوام ئەم و ئەو لە پۆست لادەدرێن و خەڵکی تر دەچێتە شوێنیان، بێگومان هیچ گۆڕینێکیش بێ هۆ نییە و ڕۆژێک هەر دێ تیشک بکەوێتە سەر گۆڕینی بەڕێز عەباس وەلیش.

٩- دوا وتەم ئەوەیە، وانەکانی ڕۆشنبیری و ڕەوشت و خەبات و لێهاتوویی و چەندان وانەی جوانی تر لەم شێوانە، پێوەندییان بەبەڵگەنامەی خوێندنەوە

نییە، مەرج نییە هەرکەس خوێندنی زانکۆی تەواو نەکردبێ جاهیل بێ و لە جادەوە هاتبێ وەک کاک ڕێبوار دەڵێ. ژیان خۆی باشترین قوتابخانەیە بۆ فێربوون، لە شۆڕشی کوردستاندا دەیان کادیری سەرکردەیی هەڵکەوتن کە خوێندنیان تەواو نەکردبوو.

باشە، ئەگەر ئەو سکرتێر و ڕاوێژکارانەی سەرۆکی حکوومەت هێندە جاهیل و بێ ڕەوشت و فاشیست و نازیست و چەوسێنەر و دڕندە بوون، بۆچی ڕێبوار سیوەیلی ئەوەندە جارە، ڕەنگە سەد جار زیاتر، وا بەکەفوکوڵی ماستاو و زەردەخەنە و پانکردنەوەوە لە دەرگەی دەدان. بۆچی لە وتارەکانیدا لەمە نادوێ.

برای بەڕێز: ئاخۆ ڕەوایە هەرکات شتێک بەگوێرەی بەرژەوەندی کەسانیی تۆ نەسووڕا، بەم وشە ناشیرینانە باسی بکەی و ئەوەی دوێنێ خۆت گوتووتە پێچەوانەی بکەیەوە؟ ئەمە ڕۆشنبیرییە یان ئەوپەڕی جەهالەت و بێ ماریفەتی؟ ئەمە دەسخەڵەتدانی میللەتێکە کە زۆر ئەرکی کێشاوە و ماندوو بووە تا بەمڕۆ گەیشتووە. مافی خۆتە ڕەخنە بگریت لە هەر شتێک و هەر کەسێک کە بەدڵت نییە بەڵام ڕاستییەک هەیە دەڵێ: جنێودان لە دەروونی ڕەوان و مرۆڤی هاوسەنگەوە دەرناچێ. ئەگەر ئەمانەت نەزانیوە ئێستا بیانزانە هێشتا تەمەنت زۆر ماوە.

ڕۆژنامە ٢٢٦ لە ٢٠٠٨/٥/٢٢

## جارێکی تریش ڕەخنە بێ ماریفەتی نییە

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٥ ئایاری ٢٠٠٨، لاپەڕەیەکی تەرخان کردووە بۆ نووسینێکی ڕێبوار سیوەیلی دژی من. نووسینەکە نووسین نییە، جنێونامەیە. ئەم جنێونامەیە ئەگەر لەبارەی خۆمەوە نەنووسرایە بێگومان نەمدەتوانی یەک پەرەگرافیشی لێ بخوێنمەوە. جنێونامەکە زیاتر لە ڕاپۆرتێکی نهێنی دەچێ لە جۆری ئەوانەی خەڵکی بێ ویژدان ئاراستەی

بەرپرسیارانی دەکەن بۆ ملشکاندنی خەڵکانی تر. زۆرکەس تکایان لێ کردم وەڵام نەدەمەوە و خۆم لەم زەلکاوە بپارێزم، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی ئەمسالی رێبوار لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەندەیان گەنج و هاوڵاتیی کوردستان بەلارێدا بردووە و بازرگانییان بە خواست و خەونەکانیانەوە کردووە، بەئەرکی سەرشانی دەزانم، وەک ئەرکێکی پیرۆزیش، چی تر ئەوەندەی فریا بکەوم، لەو شێواندنانە بێدەنگ نەبم.

ئەمانە وەڵامەکانی منن زۆر بەکورتی و بەپوختی:

١- رێبوار هیچ دەسەڵاتێکی نییە و دێ بەهێزی کەللەرەقێکی سیوەیلی و چەقۆکێشێکی سلێمانی و توندڕەوێکی هەولێری دەخورێ و هەڕەشە لە خەڵک دەکات، باشە ئەگەر لە جێی ئەوانە بوایە کە پێیان دەڵێ نازی و فاشی، ئاخۆ چیی بەسەر خەڵکێک بهێنایە کە لەگەڵیدا دەکەوتنە جیاوازییەوە. ئێوە سەرپشک بن لە بڕیار ئاخۆ مەنتیقی ڕۆشنبیرێک شکاندنی ددانی بەرامبەرەکەیەتی؟

٢- راپۆرتدان کارێکە بەنهێنی ئەنجام دەدرێ. راپۆرتنووس تەنانەت ئەگەر دزێوترین مرۆڤیش بێ، زۆربەی جار بۆ پاراستنی ناوی خۆی لە بەدناوبوون بەهۆی ئەو کارەی دەیکات یان لەبەر لێپێچینەوەی داهاتوو نەوەکا ڕاپۆرتەکەی بکەوێتە دەستی خەڵک، ناوی خوازراوە بەکاردەهێنێ، بەڵام رێبوار سیوەیلیی ئێمە راپۆرت لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکاتەوە. ئەمە جاری یەکەمیشی نییە، چەندان جاری تر لە ڕۆژنامەدا بۆ سەرکردایەتیی پارتیی نووسیوە وتوویەتی بەدران شیوعی بووە. وەک ئەوەی لەسەرەوە بەمەیان نەزانیبێ، یان من کارێکی چەوتم لە رابردووی خۆمدا کردبێ و ئێستا شەرمی لێ بکەمەوە.

٣- بەگاڵتەوە پێم دەڵێ: ئەندازیارە. باشە یەکێک کۆلێجی ئەندازیاریی پێش ٢٣ ساڵ تەواو کردبێ شەرمە یان شانازی؟ دەڵێ بە شەهادەکەی خۆی کاری دەست ناکەوێ. راستی، سەرم لەمەش سوڕما، نازانم بۆ کارم دەست ناکەوێ؟ یەکێک بەشەهادەی مزەوەرەوە جێی ببێتەوە و ئەم حەشرە بکا بۆچی من بەبەڵگەنامەی راستەقینەوە کارم دەست نەکەوێ؟ کوردستان ئەوەندەی

پڕۆژە تێدایە، بەسەدان ئەندازیاری بیانیش هاتوونەتە فریا هێشتا ژمارە کەمە. بۆ دڵنیایی، هاوپۆلەکانم ئەوەندە سەرقاڵن دەرفەتیان نییە سڵاویش لە خەڵک بکەن، زۆریش خۆشگوزەرانن، پێویستیان بەکەسیش نییە یارمەتییان بدا.

٤- ڕێبوار بەتوانج و لاقرتێ بەراوێژکارێکی سەرۆکی حکوومەت دەڵێ بستە باڵا. ئەمە کەی قسەی ڕۆشنبیرە؟ بۆچی هیچ مرۆڤێک دەستی هەبووە لە دیاریکردنی شێوەی جەستەی خۆیدا؟ ناوەڕۆکی مرۆڤ بەبەژن و باڵایەتی یان بەرەوشتی؟ هەر بۆ زانین ئەو ڕاوێژکارە چەند سانتیمەترێک لە ڕێبوار سیوەیلیش بەرزترە. منیش باڵام کورتە بەڵام هەر لە ڕێبوار درێژترم. د. عەباس وەلیش لە هەرسێکمان کوڵەبنەترە، پیاویکی فرە زاناشە.

٥- دەڵێ بەدران هاتووەتە سەردانی من و دەرم کردووە. جارێ پێش هەموو شت قسەکەی ڕاست نییە و دەری نەکردووم. بۆ سەردانیش نەچووبووم، بۆ چارەسەری کێشەیەک چووبووم کە لە نێوان ئەو و پۆلیسێکی پرسگەی ئاراسدا بەناوی "بەڕۆژ"ەوە ڕووی دابوو. پێش نیوەڕوانێک ڕێبوار هاتبوو بۆ دەزگا، ئەو کارمەندە لێی پرسیبوو "بەڕێزتان کێن و دەتانەوێ بچن بۆ لای کێ؟" فەرمانبەرە و کاری خۆی بەجێ دەهێنێ، ڕێبواریشی نەناسیبوو. ئەمە بووبوو بەهۆی هەڵچوونی ڕێبوار و هەڵشاخانی بەڕووی پۆلیسەکەدا. چۆن کەسێک هەیە بیوەستێنێ! ئیتر بەتووڕەیی دەچێتەوە ماڵی خۆی و چەند کتێبێک کە بەدیاری پێمان دابوو دەهێنێتەوە و لە بەردەرگای دەزگا فڕێیان دەدا و دەڕوا. ئێوارە بۆ ڕوونکردنەوە چووم بۆ لای، دەیگوت "من گەورەترین سووکایەتیم پێ کراوە، من پیاوێکی خێڵەکیم و بەم شتانە بریندار دەبم".

ڕاستە، منیش تێ دەگەم پیاوی خێڵەکی بەپرسگە بریندار دەبێ و ئەزموونیشم لەمبارەیەوە زۆرە، بەڵام توخوا یەکێک بەخێڵەکایەتی بنازێ چۆن شانازیی ئەوە بۆ خۆی تۆمار دەکات میوانی لە ماڵی خۆی دەرکردبێ. کوردی خێڵەکی دەرگا بەڕووی دوژمندا داناخات چ جای ئەوەی یەکێک لێی سەغڵەت بووبێ.

٦- نووسەر و ڕۆشنبیری کورد خەباتێکی کردووە لە جۆری خەباتی پێشمەرگایەتی. زۆربەیان بەهەژاری و بەنانەڕەقە وەک پێشمەرگە ژیاون و قوربانییان داوە، بۆیە ئەمڕۆ مافی خۆیانە ژیانێکی شایان بژین و لەم دەسکەوتەی کوردستان پێی گەیشتووە بەشیان هەبێ. ئەمەش منەتی بۆ کەس تێدا نییە، داهات داهاتی کوردستانە. جگە لەمەش وەک پرەنسیپ، ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی داهێنان بکات دەبێ خۆشگوزەران بژی و کێشەی بژێویی نەبێ. هەر ئەمەشە بەرنامەی حکوومەتی هەرێم و زۆرشی لێ جێبەجێ کراوە.

من شتێکم نەگوتووە بەدەر لەمە. وتارەکەی پێشووم هەزاران کەس بینیویانە. نازانم چۆن لە نێوان چەند ڕۆژێکدا ئەم قسانەی منی هەڵگێڕایەوە و دەڵێ: «جەنابی سەرۆکی حکوومەت بەدران ئەو پارانەمان بەچاو دادەداتەوە کە وەرمان گرتووە». من کەی وام نووسیوە؟ نازانم بۆ بەردەوام پەنا بۆ درۆ دەبات و لە ڕاستی هەڵدێ؟ هەروەها سەرم لەوەش سوڕما، کە نیوەی ڕاپۆرتە جنێواوییەکەی تەرخان کردبوو بۆ پرسی پارە. کارمەندێکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی پێش ماوەیەک هاتووەتە ئەنجوومەن و لەبەر دەرگاوە هاواری کردووە: «دەمم چەور کەن با جنێو نەدەم».

دەسەڵاتی کوردستان هەرچەندە کەموکورتیشی هەیە لە بەرنامەی ڕۆشنبیریدا بەڵام نەمزانیوە ڕۆژێک وەک "چاوەش" سەیری ڕۆشنبیری کردبێ. پارەی پێ داوە وەک ماف نەک وەک "دەمم چەورکردن".

٧- ڕێبوار لە وتارە راپۆرتەکەیدا ئەوەشم لێ ئاشکرا دەکات کەوا کەس نازانێ من کێم و لە کوێوە هاتووم. باشە با بڵێین وایە و من کوڕی کەس نیم، نە باوکم هەیە و نە بنەماڵەیەکی ناسراو، بەڵام ئاخۆ ئەمەیە هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی خەڵک لەلایەن ڕۆشنبیرێکی هاوسەردەمی کوردەوە؟

من پێناسی خۆم بەوە ناکەم کوڕی کێم. پێناسی من کارەکانمە، لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا هەشتی ئێوارە کار دەکەم و خەڵک دەبینم. گوێ لە هەموو کەسیش دەگرم لە هەر پلە و ئاستێکدا بن، تەنانەت ئەگەر داواکانیان پێوەندیشی بەمنەوە نەبێ، دەریشیان ناکەم و زۆریش بەختەوەر و سەربەرزم

بەم ماندووبوونەم.

لێرەدا هەر بۆ ئامـۆژگـاری دوو بەیتـە شـیـعـری عـەرەبی دەهێنمـەوە کـە جوانترین فەلسەفەیان تێدایە بۆ ئەوانەی شانازی بەکاری خۆیانەوە دەکەن نەک بەباوک و باپیریان. شاعیر دەڵێ:

کن إبن من شئت وأكتب أدبا
يغنيك مـضـمـونه عن النسب
ان الفـتى من يقـول هـا أنا ذا
وليس الفتى من يقول كان أبي

وەرگێڕانەکەی: «کوڕی کێ دەبی ببە وەلێ ئەدەب بنووسە، ناوەڕۆکی ئەدەب جێی رەچەڵەکت بۆ دەگرێتەوە. کوڕ ئەوەیە بڵێ ها ئەوەتا من، کوڕ ئەوە نییە بڵێ باوکم وا بوو». کردم بەکوردی نەوەکا رێبوار حاڵی عەرەبییەکەشی وەک ئینگلیزییەکەی بێ کە لەسەر ئینگلیزی نەزانین لە زانکۆکەی د. عەباس پاڵی پێوە نرا.

٨- رێبـوار دوو جـارە دەنووسێ دەڵێ بەلێـدانی پاسـەوان سـووکـایەتیی بەپرۆفیسۆرێک کردووە، واتە من وام کردووە. خۆشحاڵم لەم دەرفەتەدا وەڵامی ئەمـەش بدەمەوە. راسـتـتـان پێ بڵـێم، ئەو کـەسـەی ئاماژەی بۆ دەکـات وەک رێبـوار خـۆی، شـایەنی ئەو رێزە نەبوو کـە لێی گـیـرا. وا تـێ گـەیشـتـبـوو رێزگرتنی بەرامبەر، نیشانەی ئەوەیە ئەو گەورەیە و بەرامبەر بچووکە، بیری نەکـردبووەوە رەنگە پێـچـەوانەکـە راست بێ. بۆیە ڕۆژێک هاتە لام و بێ هۆ دەسـتی بـەجنێـودان کـرد، ئێـسـتـاش تێ نەگـەیشـتـم ئاخـۆ هـان درابوو یان نەخۆش بوو یان زۆری خواردبووەوە. هەرچۆن بێ پۆلیسەکانی دەزگا پاڵیان پێوەنا بۆ دەرەوە و منیان لە سووکایەتیی زیاتر ڕزگار کرد.

بەپێچەوانەی ڕامانی خەڵک کە وا تێ دەگەن ئەوەی پۆست و پلەیەکی هەیە بووە بەبکوژ و ببڕ. ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە پلەی فـەرمی زۆرجـار مـرۆڤ لاواز دەکات بەڕادەیەک وای لێ دەکات سووکایەتی لە خەڵکانێکەوە قەبووڵ بکات، کە ئەگەر ئەو پلەیە نەبوایە هەرگیز نەیاندەوێرا دەمیـان لە ئاسـتـیـدا خـوار

بکەنەوە. ئیتر ئەو چیرۆکە، واتە گوایە پرۆفیسۆرێک لێی دراوە، کرا بەکەرەستەی راپۆرتی ناو رۆژنامەکان و لێی بەردەوام بوون تا ئەوەی مەبەستیان بوو دەستیان کەوت. سەیرە ئەمرۆ هەمان شت لە من دووبارە دەبێتەوە.

٩- لەبەر کاروباری کارگێڕی، کاتم نییە بۆ نوسین. هەروەها ناشمەوێ لەگەڵ خەڵکی کێشەدار و داخدار و نەخۆشدا بکەومە ململانێوە چونکە دواجار هەر من زەرەر دەکەم. بەرامبەرەکەم رەنگە گرێ دەروونییەکانی بەجنێودان بکرێتەوە و خۆشحاڵ ببێ لەسەر حسێبی ناوبانگی من. بۆیە تکا لە کاک ڕێبوار سیوەیلی دەکەم با بەس بێ و چی تر نە راپۆرتم لێ بدا و نە جنێو، بۆ من ئەمە ماندووبوون نییە، دەتوانم نۆ ساڵی تر بەردەوام بم لە "نووسینی نۆ خاڵی" و زیاتر پەڕوباڵی لەبەر دابماڵم، بەڵام ڕاستیت دەوێ بەم کارەی خۆم خۆشحاڵ نابم و دوورم دەخاتەوە لە ئەرکی سەرشانم، هەروەها ناشمەوێ ئازاری کەس بدەم.

جارێکی تریش وەک برایەک لە کۆتای ئەم نووسینەدا ئامۆژگاریی دەکەمەوە و دەڵێم من هیچ بە بەرژەوەندی نازانم رۆشنبیرێکی گەلەکەم بیر و هەڵسوکەوتی چەوت و شێواو بخاتە ڕوو. حەزیش ناکەم کەسێک کێشەی هەبێ لە هیچ جۆرێک جا چ کێشەی دەروونی بێ یان کێشەی گوزەرانی و ئەمە ببێ بەهاندەری بۆ ئەوەی چەوتی بنوێنێ. ئێمە ئەرکێکمان لەسەر شانە پێویستی بەگونجاوی و تەبایی هەیە، ئەمەش بەپەنابردن بۆ نەرمونیانی و تۆلەرانس دێتە دی نەک پەنابردن بۆ هێزی کەللەڕەقێکی نازانم کوێ و شەقاوە و شەللاتییەکی کوێ و کوێی تر. پەیامی ڕاستەقینە ئەوەیە: رۆشنبیر دەبێ وشە لە خەیاڵدانی دەربێنێ نەک چەقۆ لە گیرفانی. خاڵێکی تر، لەوانەیە باشیش نەبێ ئەوانەی بەم توندوتیژییە بیر دەکەنەوە بچن لە زانکۆ دەرس بڵێنەوە و لەگەڵ نەوەی لاودا پێوەندییان هەبێ، لەبەرئەوەی کێشە و نەخۆشییە دەروونییەکانیان تێکەڵی بابەتە زانستییەکان دەبن و ئەنجامی خراپیان لێ دەکەوێتەوە.

هاوڵاتی ٤٢٦ لە ٢٠٠٨/٥/٢٨

## ساتێکت بۆ چەوتی، ساتێکت بۆ راستی

لەم ناوچەیەی ئێمە واتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مرۆڤ هەموو چرکە ساتێک بەدەردەکانی خۆیەوە دەتلێتەوە و بەداخی رژێمگەلی ستەمکارەوە گینگڵ دەدات. ئەم رژێمانە پرزەیان لە کۆمەڵگاکان بڕیوە و هێشتا نەک دەنگی زوڵاڵ بگرە نووزەیەکیش لە پرسگەلی: دیموکراسی، ئازادیی رادەربڕین، مافی مرۆڤ یان مافەکانی تاک، لە هیچ گۆشە و کەنارێکەوە نابیسترێن. مەترسیی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی بناوانرۆش لەولاوە بووەستی کە هەڕەشە لەوەی هەشە دەکات و دەیەوێ کۆمەڵگاکان بباتەوە چاخەکانی پێش مێژوو. کەچی کوردی ئێمە دەیەوێ لەم نێوانەدا هەنگاوی پێچەوانە بنێ.

هەنگاوی پێچەوانە مرۆڤی پێچەوانەی دەوێ. بۆ هەنگاونان بەرەو داهاتووی دیموکراسی یەکێکت پێویستە کوڕی ئەم سەردەمە بێ، جەستە و بیرکردنەوەی لە رابردوودا نەژین و لە ئاراستەی جیاوازیش نەترسێ. بەشی زۆری سەرکردایەتیی کۆمەڵی کوردستان جا چ ئەوانەی لە بواری سیاسەت کاردەکەن یان لە بواری رۆشنبیریدا، تاک و تەرایەکیان نەبێ ئەوانی تر چ بەجەستە و چ بەهزر هێشتا لە قۆناغی شاخ و شەڕی ناوەخۆدان و ناتوانن ئەم بەرگەیان لەبەر داکەنن. بۆیە لەم نێوانەدا هەنگاوی بەرەوپێش کارێکی ئاسان نییە.

ئەو هەولێرەی زۆر کەس پێیان دەگوت لادێ، ئێستە رۆژانە بەرگی نوێی شارییانە دەپۆشێ. پرۆژە گشتییەکان هێندە زۆرن دەڵێی لە زەوییەوە هەڵدەقوڵێن، باڵەخانەی دەوڵەتی و سوپەرمارکێت و ئاپارتمان و رێستۆرانت و باخی گشتی سەرتاپێی شاریان تەنیوەتەوە. لەم رۆژانەدا ئێوارەیەک پیاسەم تەنیا بەگۆشەیەکی شاردا کرد، لە دێی زانکۆوە تا رێی بنەسڵاوە، سەرسام بووم لە ئاست ئەم هەموو خانووبەرە جوان و مۆدێرنەدا. نازانم بڵێم هەزار هەزاران یان چ ژمارەیەکی گەورەتر؟ ئەمە هەمووی نیشانە و پێناسی خۆشگوزەرانیی خەڵکی ئاسایی کوردستانە. سەرکۆمار مام جەلال

جارێکیان لە سەردانی هەولێردا خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم پەرەسەندنە مەزنانە دەربڕی و گوتی: داوا لە کاک نێچیرڤان دەکەین هەمان شتمان لە سلێمانیدا بۆ بکات.

راستت دەوێ، سلێمانیش کەم پێش نەکەوتووە. زۆر لە دیمەنەکانی هەولێر و سلێمانی لە یەکتر دەچن. دهۆکیش هەروا. پێش دوو هەفتە چووین بۆ دهۆک، هەرچەندە باشیش شارەزای ئەو شارەم بەڵام لە ماوەی سێ چوار ساڵی رابردوودا ئەوەندە گۆڕاوە، رێمان هەڵە کرد و تا گەیشتین بەشوێنی نیاز کاتێکی زۆرمان بەفیڕۆ چوو. بەداخەوە، کەرکووک تا ئێستە لەم گەشەیە بێ بەشە و بەهیوای ئەوەین ڕۆژێک زووتر بێتەوە پاڵ ئەم بەرنامە رەنگین و ئاوەدانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆک حکوومەتێکە، ئازادیی کەم بووە لە دەست نیشانکردنی وەزیر و بەرێوەری گشتی و راوێژکارانی حکوومەتەکەی. هەموو شت لەلایەن دوو حزب بەکۆمەڵێک رابردووی پڕ لە تەنگوچەڵەمە و بیری ئاڵۆزەوە بڕیار دەدرێ. پەرلەمانیش تەنیا ئەو کاتانە دەجووڵێ کە فەرمانێکی لە سەرەوە بۆ هاتبێ. بۆیە هەنگاوی بەرەوپێش لەم نێوانەدا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام وێڕای ئەمە، سەرۆک وەزیران توانیویە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو لای بەشداردا بپارێزی، تەنانەت ببێ بەدەستەبەری تەباییش، بەڕادەی ئەوەی لایەنی بەرامبەر داوای درێژکردنەوەی ماوەی پۆستەکەی بۆ بکات بۆ دوو ساڵی دووەمیش. ئیتر لەودەم بەدواوە نێچیرڤان بارزانی بووە بەدەست نیشانکراوی ینک بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران و ئەمەش جاری یەکەمە لە مێژووی دوو حزبە کوردییەکە واتە پدک و ینکدا روو دەدات.

لە ماوەی دوازدە ساڵی رابردوودا، چ سێ ساڵ وەک جێگر و چ نۆ ساڵ وەک سەرۆک لە حکوومەتی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی بووە بەرووگەی هیوا و داهاتووی ئافرەتان. کەسم ئەوەندەی ئەو بەپەرۆش و کردەوەیی، بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان نێر و مێ نەبینیوە. لەگەڵ دەرکردنی هەر یاسایەکیشدا یەکەمین رووی ئاخاوتنی لە پیاوانی ئاین بووە

بۆ پشتگیری، ئینجا توێژگەلی تری کۆمەڵگە. زانیویەتی ئەگەر لە هەموو لاوە هاوکاری نەکرێ گۆڕان لەم بوارەدا نایەتە دی. نێچیرڤان بارزانی بەردەوام ویستوویەتی ئەم خاڵە لاسەنگ و فرە لاوازەی کۆمەڵگەی کوردی راست بکاتەوە و هەوڵ بدات ئافرەتی کورد چی تر وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ. ئافرەتان و لاوانی کوردستانیش، بەردەوام و بەبێ ئۆقرە چاوەڕوانی ئەوەبوونە سەرۆکی حکومەتەکەیان بەفریای چارەسەری کێشەگەلە بێ ژمارەکانیان بگات.

لە لایەکی ترەوە، بێ پاساو نییە رۆژانە هەڕەشە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ. ئەم ناوچەیە تاکە ناوچەیەکە لە هەموو عێراقدا لە ئارامیی تەواودا دەژی. لە ناوەڕاستی پڕ لە پەشێوی و کێشەوە، خەڵکی راکردوو لە شەڕ، بەلێشاو روو لەم ناوچەیە دەکەن. توێژی خوێندەوار و زانستەوان لە بەغداوە دێن و لە شارەکانی کوردستاندا دەگیرسێنەوە بۆ کارکردن. شانازییە بۆ گەلی کوردستان و ئەزموونەکەیان، ئەم هەموو کریستیانە وا بەدڵنیاییەوە روویان لە هەرێم و بەتایبەتی پایەتەختەکەی کردووە. شاراوە نییە، ئەمانەی پێشەوە هەمووی بوونەتە بەمایەی سەرنج راکێشانی حکومەت و چاودێرانی رۆئاوا و بایەخ پێدانی زیاتریان بەکوردستان. هەر بەهەمان هۆوە، حکومەتە دراوسێیەکانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوسنوورن، تەنیا بۆ دژایەتیی ئەمەریکا نییە تیرۆریست بۆ هەرێم دەنێرن یاخۆ سنووربەزێنی و پەلکێشی لە سنوورەکانیدا دەکەن، تێیاندا هەیە دۆستی نێزیکی ئەمەریکاشە. راستت دەوێ ئەمە داهاتووی گەشی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافەیلی تاک و ئازادیی رادەربڕینە وا حەجمانی لێ بڕیون.

ئەگەر هەرێمی کوردستان جێڕاوگەی تیرۆریستان و پڕ لە کێشە و بەرەی نەتەوەیی و ئاینی بوایە، یاخۆ ململانەی حزبایەتی بووبووایە بەرێگر لە پێش پرۆژەگەلی ئاوەدانکردنەوەدا، بێگومان نەبایەخدانی سیاسیی رۆئاوا و نەگرێبەندەکانی دەرهێنانی نەوت و نەجێی هیچ سەرمایەڕانییەکی بیانی

دەبوو. راستە ناوچەی هەرێم پڕە لە کەموکورتیی وا کە چاوەنۆڕی چارەسەری بەپەلەن بەتایبەتی لە بوارگەلی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئاوی خاوێن و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان و پەروردەدا، ڕۆژانەش دەنگی خەڵک و رەخنەگرتنیان بۆ ئەمانە بەرز دەبێتەوە، بەڵام سووربوونی سەرۆکی حکوومەت و دڵنیاییدانە بەردەوامەکانی، وایان کردووە خەڵک بەمتمانەوە لە چاوەڕوانیدا بن و باوەڕیان وابێ کەوا کاتێکی کەم ماوە بۆ گەیشتن بەخۆشگوزەرانیی تەواو. لەمانەوە هەمووی، بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق، نێچیرڤان بارزانی تەنیا وەک سەرکردەی بزاڤی دیموکراسی نەهاتووەتە ناسین، بگرە وەک کەسایەتییەکی کاریزمایی چاوی لێ دەکرێ، بەتایبەتیش بۆ لاوان و ئافرەتان بووە بەمایەی هیوا پێوەگرێدان و گەشبینی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، لە زۆر رووی ترەوە گەشی و متمانەی بەداهاتوو، داوە بەخەڵکی کوردستان. بێ فیزی و لە خۆ بایینەبوون و دەمارخاوی و تۆلەرانس باشترین رەوشتن لە مرۆڤێکی بەرپرسیاردا هەبن. لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازیدا لە زانکۆی واشنتۆن و جافرسۆن، لە دەسپێکی ئاخاوتنەکەیدا گوتی: «خۆشحاڵم ئەم بڕوانامەیە لە جیاتی خەڵکی کوردستان وەردەگرم». بەم وتەیە نێچیرڤان بارزانی، هەموو سەرکەوتنەکانی حکوومەتی هەرێمی بەشانازی بۆ گەلی کوردستان گەڕاندەوە نەک خۆی و کابینەکەی، یان حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕۆژنامەوانییەکمان هەیە دانی خێر بەهیچ راستییەکدا نانێ. لە جیاتی ئەوەی ئەم بۆنەیە بقۆزێتەوە بۆ گەشاندنەوەی ورە و متمانەی خەڵک بەداهاتووی وڵات و ئەزموونە سیاسییەکەی، کردوویەتی بەهەلێک بۆ تانە و تەشەر و گاڵتەبازی. ئەمە چ راگەیاندنێکە تازیمانەی داناوە لە ئاست ئەو پێشوازییە گەرمەی لەلایەن لووتکە زلەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە؟ سەیرە دەڵێی ڕۆژانی سەردەمی شەڕی ناوەخۆمان هاتووەتە خەون؟ ژیانی راستەقینە ئەوەیە مرۆڤ دروشم و پرەنسیپی

راستگۆیانەی هەبێ بەتایبەتیش ڕۆژنامەنووسان، ساتێکت بۆ لاملی و ساتێکت بۆ ملکەچی. ملکەچی نەک بۆ دەسەڵاتی سیاسی، ملکەچی بۆ دەسەڵاتی راستی کە بەرزترین دەسەڵاتە.

جارێکیان لە کۆتای ساڵی ٢٠٠٥ و لە دەمی بانگەشەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا، دەنگی گلەیی و سکاڵای خەڵکی کوردستان بەرزدەبووەوە. هەندێک کەس دەیانگوت ناچین بۆ دەنگدان و پشتیوانی لە لیستی کوردی ناکەین. کاربەدەستانی دەسەڵاتی کوردستان ئەو دەمە نیگەرانییان پێوە دیاربوو لە ئاست ئەم قسانە و پاساویان دەهێنایەوە بۆ ئەو کەموکورتییانەی لە بواری خزمەتگوزاریدا خەڵک لەسەریان دەوەستێ، ئەو دەمە لە سەرۆکی حکوومەتم پرسی ئاخۆ ئەو لەوبارەیەوە چی دەڵێ؟ گوتی: «بەشێک لە خەباتی ئێمە بۆ ئەوە بووە میللەتێکی رەخنەگر دروست بکەن. میللەتێک ترسی لە گوتنی وشەی "نا" نەبێ. بۆیە ئەو قسانە چەند نیگەرانمان دەکەن ئەوەندەش دڵخۆشمان دەکەن بەوەی ئێمە لە بەرنامەکانی خۆماندا سەرکەوتین بۆ دروستکردنی میللەتێکی خاوەن بۆچوون.»

ئەوانەی لەم بۆنەیەدا هێندە جنێویان دا، یان بەلاقرتێوە لە پێدانی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی بە نێچیرڤان بارزانی لەلایەن زانکۆیەکی ئەمەریکییەوە دووان، کە یەکەمین جارە ئەم زانکۆیە ئەو بڕوانامەیە بدات بەکەسێکی نائەمەریکی، لە هەلومەرجێکدا ئەم قسانە دەکەن کە نێچیرڤان بارزانی شانازی دەکات بەوەی بەشدارێکی کارا بووە لە دروستکردنی ئەم هەوای ئازادی و بەراشکاوی دەربڕینەی خەڵکدا. نارەحەتنەبوون لەم مێدیا بێ پرەنسیپە، ئیسپاتی دەکات ئەم پیاوە چەند شایەنی وەرگرتنی خەلات و بڕوانامەی لەمجۆرەیە و لە داهاتووشدا چەند جێی بایەخ پێدانی ناوەندی ئەکادیمی و رێکخراوەگەلی جڤاکی شارستانی دەبێ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. ئەمەیە جیاوازیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتەکەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا.

خۆشحاڵین کە دەبینین داهاتووی مرۆڤی کورد لەم دەڤەرە، ئەوە نییە هەموو

چرکه ساتێک بەدەردەکانی خۆیەوە بتلێتەوە و بەداخی ڕێژیمێکی ستەمکارەوە گینگڵ بخوات. ڕاستە کوردستان کەموکورتیی هەیە و کەس نکوڵی لەمە ناکات، هەمووشمان هەر یەکە و بەجۆرێک لەم کەموکورتییانە دەدوێین، یەکێک بەزمانی ڕەخنە و یەکێکیش بەزمانی چەقۆ، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە پرسگەلی: دیموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی مرۆڤ و مافەکانی تاک لە هەرێمی کوردستان، وەهەم و خەیاڵبلاوی نین، ئەمانە وەک دەنگی دووری قەتار و ئەڵڵا وەیسی و حەیران و لاوکی کوردی، لە هەموو سووچ و کەنارێکی ئەم دەڤەرەوە دێتە گوێمان و پێمان دەڵێ داهاتووی ڕازاوەی کوردستان زۆر نێزیک بووەتەوە.

هەرێمی کوردستان ٤٦٣ لە ٢٠٠٨/٥/٢٧

## ئیمزا بۆ سزا

مانگرتن و خۆپێشاندان دوو شێوازی توندوتیژن بۆ خستنەڕووی داوکاری بۆ دەسەڵات، بەڵام ڕاپەڕین ڕاگەیاندنی شۆڕشە بەئامانجی وەرگێڕانی دەسەڵات پاش ئەوەی هیوای خەڵک بە ئاوڕدانەوەی ئەو دەسەڵاتە لە داخوازەکانی ئەوان بەیەکجاری پووکاوەتەوە. ئیمزا کۆکردنەوەش جۆرێکی تری پاڵەپەستۆی خەڵکە، بەڵام شێوازەکەی لەوانەی پێشەوە نەرمترە. شێوازەکانی پێشەوە پێشاندەری سکاڵا و تووڕەیین، ئیمزا کۆکردنەوە دەربڕی تکایە.

ئەم جیاوازییە هەر نەبێ لەم ناوچەیەی ئێمە، واتە لە کوردستاندا وایە. خەڵکی گوندێک یان گەڕەکێک بۆ لێدانی بیری ئاو، یان کردنەوەی قوتابخانەیەک ئیمزایان کۆکردووەتەوە، یان بە زاراوەی کۆن "مەزبەتە"یان داوەتە دەسەڵات بۆ ئەوەی ماڵێکی نەویستراو لە کۆڵانێک لابدرێ یان مەیخانەیەک لە نێزیکی ماڵان نەکرێتەوە. نەریتی ئیمزا کۆکردنەوەی سیاسیش هەیە، ئەمەیان لە سەردەمانی دواییدا بەشێوەیەکی فراوان سەری هەڵدا. لە دەمی عوسمانییەکاندا شێخ و پیاوماقووڵانی ناوچەیەک داخوازی

نووسـراویان پێـشکێش کـردووە بۆ نموونـە بۆ کـەمکردنەوەی بـاج لە سـاڵانی قاتوقڕیدا. هەندێک جار لەمەشیان تێ پەڕاندووە و داوای دانانی فەرمـانبەری خـۆیی و قـوتابخـانە و بنکەی تەندروسـتـییـان بۆ ناوچەکـانیـان کـردووە وەک خواستێکی سیاسی.

لە دوای شـەڕی دووەمی جیـهـان و فـراوانبـوونی بزووتنەوەی چەپایەتییـەوە، حزبە چەپ و کۆمـۆنیسـتـەکان زۆر جـار بۆ بەردانی خـەباتکارێکی هاوڕێیـان ئیمزایان کۆ دەکردەوە. جاری وا هەبووە ژمـارەی ئیمزا گەیشـتـووە سـەدان هـەزار یـان ڕەنگە ملیــــۆنـانیش، ئـەویش لـەپێنـاوی کـێ؟ لـە پێنـاو بـەردانـی گیراوێکی چەپ بۆ نموونە لە شیلی یان سیریلانکا. بێگومان نەیاندەتوانی بۆ بەردانی هاوەڵێکی خـۆیان لە ناوەوەی وڵات پەنا بۆ ئەم شێوازی خەباتە ببەن، کێ دەیوێرا ئیمزا بکات؟

ئیـــمـــزا کـــۆکــردنـەوە لەبـەرئەوەی نـاوی ئاشکرای لـە پاڵە، بەردەوام بـۆ داخوازێکی ڕەوا و مرۆڤانەیە، بۆ لابردنی زوڵمێکە، یان هـەر نەبێ بۆ گەیاندنی داخـوازێکە کـە ئەنجامی مـەترسیداری لە دواوە نییـە. شـێوازەکـەشی زیاتر بریتییـە لە تکا و داوای بەزەیی پێداهاتنەوە نەک مست هەڵشـەقاندن و گەف پێشاندان. ئەوانەی ئیمزا دەکەن، زۆرجـار لەبەرئەوەی دڵنیـان لە ڕەواییی ئەو داخـوازە، بێ لێکۆڵینەوە ڕازی دەبن، چونکە دەزانن نەریتی ئیمزا کـۆکردنەوە چۆنە و چییـە. تەنانەت هەندێک جـار ئاگـاشـیـان لێ نییـە نـاویان خـراوەتە لیستەوە.

ئەمــەی دوایی، کـتـومت لەم مـاوەیەدا لە کـوردسـتـان ڕووی دایەوە. زۆر لە مـەلاکان بێئـاگاییی خـۆیان پێشـان دا لەوەی ناویان خـرابێتـە لیسـتێکەوە لە پاشکۆی بانگەوازێکی هـەڕەشـاویدا کـە دەڵێ ئەگـەر دەسـەڵات ڕێگەی شـەرع نەگرێتـەبەر بۆ سـزادانی ئەو کەسـانەی بوونەتە مـایەی ناوزڕاندنی خـوا، ئەوا ئەوان، واتە ئیـمـزاکردووان، ڕێگەی تر دەگرنە بەر. ئەمـە هەڕەشـەیە نەک تەنێ لە ژمارەیەک نووسەر و دەزگای ڕۆشنبیری، بگرە لە دەسەڵات خۆشی.

زۆر نووسەریش لێرە و لەوێ پەشێمانیی خۆیان پێشان دا لەوەی ڕازیبوونە

ناویان بکەوێتە پاڵ ئەوانەی داوای سەپاندنی دیالەکتی خواروو دەکەن بەسەر زمانی کوردیدا، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت بانگەوازەکەیان بەرەورووی گازن و گلەی خەڵکێکی زۆر بووەتەوە. یان پاش ئەوەی بینییان هەندێ لە نووسەرانی لیستەکەیان، بەخەڵکێکی زۆری ناوچەیەکی کوردستان دەڵێن "گاڕان" و "گاگەل" تەنیا لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی تر دەدوێن.

لەمەوە، ئیمزا کۆکردنەوە بۆ تکا و پاڕانەوەیە نەک بۆ سزادان و سەپاندن یان بەچاوی سووک نواڕین لە خەڵکی تر، بۆ داخوازێکە زیانی بۆ کەسانی تر نییە، بۆ رزگارکردنی خەڵکە لە سزا. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێک فەرمانی لەداردانی بۆ دەربچوایە لەسەر پرسی بیروباوەڕ، وا چاوەڕوان دەکرا پیاوانی ئاین نامە بنووسن و ئیمزای بکەن بۆ دەسەڵاتداران تا بەزەییان بەم "بەندەیە"دا بێتەوە و لە "گوناه"ی خۆش بن. خوا و ئاین و پیاوانی ئاین چاوەڕوانی نەرمینواندن و چاوپۆشی و سنگفراوانییان لێ دەکرێ نەک داوای دابەزاندنی توندترین سزا. یاخۆ ئەگەر حکوومەتی هەرێم بیویستایە یەک دیالەکت بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بسەپێنێ، وا چاوەڕوان دەکرا نووسەران ئیمزا کۆبکەنەوە و روونکردنەوە بدەن کەوا ئەو کارە دژی مافەکانی خەڵکە، نەک خۆیان بێن داوای پێخوستکردنی مافەکانی خەڵک لە دەسەڵاتی وڵات بکەن.

لێرەوە چەند پرسیارێک بەرەورووی ئەوانە دەبێتەوە کە ناویان لە داخوازە ٤٧٤ کەسییەکەدا هاتووە: باشە گریمان یەکێک لەوانەی ناوی هاتووە لە پاڵ ئەو پرۆژەی لێپێچینەوە شەرعییەی کە بەناوی ئەوانەوە نووسراوەتەوە و داوا کراوە سزا بدرێن، ئەگەر بەدەستێکی کەسنەزان زەبرێکی پێ کەوت، ئاخۆ ئەو ئیمزاکەرانە دووچاری لێپێچینەوەی یاسایی نابن؟ بۆچی لەم وڵاتەدا دەسەڵاتی دادوەری نییە؟ یان هەر نەبێ تووشی تۆڵەسەندنەوەیەکی خێڵەکییانە نابن لە کەسوکاری زەبر پێگەیشتووەکەوە؟ هەڵبەت ناشێ لەم بارەدا خاوەن ئیمزا داوای پاراستنی یاسایی بکا لە پرسێک کە خۆی پێشتر یاسای تێدا پشتگوێ خستووە. رێگەچارەی راست ئەوە بوو، ئەگەر چەند

کەسێک لەمانە بچوونایە و دۆزێکیان تۆمار بکردایە، دەبوو بەدۆزێکی گشتی و یاسایی، لە کوردستان وەک هەموو وڵاتێکی تر داواکاری گشتی هەیە.

لە هەمووی ترسناکتر، ئەو کەسەی هەڕەشەی بەکاهێنانی شێوازی تر دەکات دیارە هێزێک بەخۆی شک دەبات بۆ ئەنجامدانی هەڕەشەکەی. دیارە خۆی حزبە یان حزبێکی لە پشتە. خۆ نابێ مەبەستیان لە هێز، هێزی ئەو خەڵکانە بێ کە لە دوایانەوە نوێژ دەکەن. ئەوانەی دەچن بۆ مزگەوت ئەندامی یەک حزب نین بەتەنیا. زۆریشیان هاووڵاتیی نەرمونیانن، بۆ ئاینەپەروەری روو لە مزگەوت دەکەن نەک بۆ سەرئێشە. رەنگە زۆریشیان ئەندامی حزبەکانی دەسەڵات بن و تا حزبەکانی خۆیان شتێکیان پی نەڵێ ئەوان نەجوولێنەوە. جگە لەمە هەندێک لەو ناوانەی لە لیستەکەدا هاتوون مەلاش نین تا بڵێین مەبەستیان ئەو کەسانەیە لەدوایانەوە نوێژ دەکەن. لەمەوە تەواو ئاشکرایە ئەمە دەستی حزبێکە یان هەر "دەستێکە" و بڕایەوە.

هەمان شت بۆ پرسی ئەو ٥٣ نووسەرەی ئیمزایان بۆ سەپاندنی دیالەکتی کرمانجیی خواروو بەسەر هەموو کوردا کردووە. لەبیریان چووە لەم سەردەمەدا بنەماگەلی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە یاسا و دەستووردا خزاون و بوونەتە بنەڕەتی بەشێکی زۆر لە برگە یاساییەکان. بەپێی یاسا، لەم سەردەمەدا ناشێ ویستی خەڵک لە هیچ پرسێکدا بخرێتە ژێرپێوە جا ئەو پرسە هەرچییەک بێ. ئەو نووسەرانە لە بیریان چووە سەپاندنی زمان بۆ سەردەمانێک دەگەڕێتەوە کە چمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ویستی گشتی، هێشتا لە ئارادا نەبوون.

چەوت لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەیە بژاردەی ڕۆشنبیر، چ ڕۆشنبیری کۆن و چ ڕۆشنبیری نوێ، لە جیاتی ئەوەی نەرمونیانی و شەفافیەت و رێزگرتنی مافی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی بخوازن، دێن رێنوێنیی دەکەن بۆ ئاراستەی پێچەوانە. رۆشنبیری کۆن کە زیاتر پیاوانی ئاین دەگرێتەوە ئینجا ئیسلاماوییەکانی هاوسەردەم، سەری زمان و بنی زمانیان لێبوردەیی و پشووفراوانیی ئاینە، بەڵام خۆیان نوێنەرایەتیی ئەم چمکە مرۆڤییانە ناکەن و

بیر له چمکی ملقرتانی غەیره دەکەنەوە. ڕۆشنبیرانی هاوسەردەمیش وەک ئەوان، مافی مرۆڤ و تۆلەرانس و مافەیلی تاکیان کردووە بەدێوجامەی ڕوو، داخراوییان له پیاوانی ئاین کەمتر نییە. هەندێک جاریش لەو دەسەڵاتە بێ بەزەییترن کە داوای شەفافیەت و کراوەنەوەی زیاتری لێ دەکەن.

هەولێر ٢٩٤ له ٢٠٠٨/٥/٢٩

## ڕۆشنبیرێک بەئاراستەی پێچەوانەدا

له کوردستان ڕاگەیاندنێک هەیە جیا له ڕاگەیاندنی فەرمی، له نووسینێکی پێشوودا ناوم لەم ڕاگەیاندنە نابوو ڕاگەیاندنی قەراغ. واتە ئەو ڕاگەیاندنەی سەر بەدەسەڵاتە بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نا، بگرە ژێراوژێر و شاراوە. بەشێک لەم ڕاگەیاندنە "هەمووی نا" کە لێرە مەبەستمە لێی بدوێم، پێوەندیی حزبییانەی خۆی دەشارێتەوە، بەڵام له ئاگر گەرمترە بۆ داکۆکی له کێشە حزبییەکان. ئەمەش بەڕاست خستنەوەی ئەو قسە کوردییەیە کە دەڵێ "بەدزی کەڵ دەگرێ، بەئاشکرا دەزێ". ئەوەی چەند بابەتێک لەم ڕاگەیاندنە ببینێ دەزانێ چ بۆنێکی لێ دێ؟ بۆنی حزبایەتی یان سەربەخۆیی؟ ئەوانەی تێشیدا کار دەکەن، زۆر ڕەخنە دەگرن له حزب و له حکوومەت، ناکۆکیی نێوان حزبەکان بچووکیش بێ گەورەی دەکەنەوە، لاپەڕەکانی شەڕی ناوخۆ هەڵدەدەنەوە و پەلاماری هەموو کەسێک و هەموو شتێک دەدەن.

بەکورتی، لەبەرئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە سەر بەهیچ بەرپرسیاریەتییەکی ئاشکرا نییە، شەرمی بەهیچ شت نییە و هەموو کردەوەیەکی لێ دەوەشێتەوە. بۆ نموونە: "وتارێکی پێ بدە دەسکاریی دەکا، چاوپێکەوتنت لەگەڵدا دەکا دەیشێوێنێ، ئاخاوتنێکت لێ وەردەگرێ پاشان قسەکانی خۆت ناناسییەوە". یەکێک بانگەشەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بکات دەبێ بەر له هەر شت ڕەچاوی پیشەوەری و میهەنییەت بکات. دەبێ دەستی پاک بێ له گەیاندنی ڕاسپاردەی خەڵکدا. بەڵام ئەوەی بوونی نەبێ لەم ڕاگەیاندنەدا، بنەماکانی کاری

پیشەییە. سەربەخۆبوون و پیشەییبوون دووانەی ڕاگەیاندنی ئازادن، ئەم دووەش بەهیچ شێوەیەک و بەقەدەر یەک تۆزقاڵیش لەم ڕاگەیاندنە کوردییەدا بەرچاو ناکەون. من پێم وایە ڕاگەیاندنی حزبی لە کوردستان کە زۆریش بەستراوەیە، هێشتا حاڵی پیشەییبوونی تێدا باشترە لەم ڕاگەیاندنە بەناو ئازادە.

بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی کە سەربەخۆن و ڕێنوێنی لە کەسەوە وەرناگرن، بەرپرسانی ئەم ڕاگەیاندنە وایان بردووەتە مێشکی هەندێک خەڵکەوە گوایە لەسەر فرۆشی خۆیان و تیرێژی بەرز، یان لەسەر داهاتی ریکلام و شاباش بەڕێوە دەچن. ئەوەی نێزیک بێ لە دۆخی چاپەمەنیی کوردییەوە، دەزانێ ئەم بانگەشەیە چەند دوورە لە ڕاستییەوە. نەک تەنیا ڕۆژنامەیەک یان کۆوارێک بگرە بەڕێوەبردنی ڕادیۆیەک یان سایتێکیش کە زۆر کەمی تێ دەچێ لەچاو ڕۆژنامەیەک، بێ باربووی دەرەوە شتێکی لە توانا بەدەرە.

زۆر جۆرە خەڵک لەم ڕاگەیاندنەدا بەشداری دەکەن. ئێرە جێی ئەوە نییە بیانژمێرم. هەیانە بەهۆی تەسکیی سنووری ئازادیی بڵاوکردنەوە لە ڕاگەیاندنی حزبەکاندا ڕوو لەوێ دەکا، بەڵام بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی ئەو ڕاگەیاندنە و بۆ ئامانجێکی چەوت سوود لە بۆچوونەکانی وەردەگیرێ. هەیە لە ناو کرۆکی دەسەڵاتەوە دێ و لەو ڕاگەیاندنەدا بەتەڵەوە دەبێ. ئاخاوتنێک یان نووسینێکی لێ وەردەگرن و لە هەواڵێکی بزرکاودا هەندێک قسەی ئەو لەگەڵ شتێکی خۆیاندا تێک هەڵکێش دەکەن و بەمەش کابرا دەخلیسکێننە ناو سەنگەرەکەی خۆیانەوە، کە بەناڕەوا ناویان ناوە سەنگەری ئۆپۆزسیۆن. زۆریش هەن لە خەڵکی سەربەخۆ، بەخۆهێشتی خۆیان لەم گەمەیە ئالاون، ئەمانە زۆریان لە دوارۆژدا پەشێمان دەبنەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە هیچ شوێنیکی دنیا "تارمایی" نییە تا خەڵک نەیبینێ. ئۆپۆزسیۆن بزاوێکی سیاسییە، بەرنامەی ئاشکرای هەیە و ناوێکی بۆ خۆی داناوە. ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەمەڕ خۆمان نە کەسێک دیارە و نە تەڤگەرێکی ڕوو

ئاشکرا. تەنیا کارێکی ڕۆژنامەنووسییانەی ناپیشەییانەیە و بەس. لەبەرئەمە، بەهەر بارێکدا لێکی بدەینەوە، دێینەوە سەر ئەو خاڵەی کە ئەم ڕاگەیاندنە لە قووڵاییی حزبی کوردییەوە چەکەرەی کردووە و سەری دەرهێناوە. تەنانەت ئەگەر کارێکی بەرنامەداری حزبەکەش نەبێ هەر دەچێتەوە ناو هەزر و بیری حزبایەتی و ئەو باکگراوندەی لەگەڵ حزبدا ژیاوە و دەژی، یان ئەو خەونە پاوانخوازییانەی بەردەوام دەیبینێ: سڕینەوەی بەرامبەر و بەهیچ زانینی کارەکانی و ناوبەدکردنی، هەندێک جار فایل بۆ دروستکردنیشی. ململانەی باڵەکانی ناو حزبێک یان نێوان دوو حزب لەم ڕاگەیاندنەدا شتێک نییە بەکەس بشارێتەوە. بەکورتی، دەتوانین بڵێین هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و چاکخوازی لەم کارە ڕۆژنامەنووسییەدا نییە تا پێی بگوترێ ئۆپۆزسیۆن، یان بگوترێ ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی وا بەڕێوەیە. تەنیا دەتوانین بڵێین ئەم ڕاگەیاندنە نیشاندەری نەخۆشییەکانی ناوەوەی حزبی کوردییە.

داهێنانێکی ئەم ڕاگەیاندنە زاراوەی "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن"ە لەبەرامبەر ڕۆشنبیرێکی تردا کە ناوی ناوە "ڕۆشنبیری دەسەڵات". دیارە مەبەستی لە ڕۆشنبیری دەسەڵات ئەو ڕۆشنبیرانەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزب و حکوومەت یان نیمچە سەربەخۆدا کاردەکەن، یاخۆ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی پشتیوانی لە سەرکردایەتیی کورد دەکەن لە دۆزە سیاسییە گشتییەکاندا. دەڵێ ئەمانە پیاوی دەسەڵاتن، بەرگری لە کەموکورتییەکانی دەکەن و بۆی دادەپۆشن. بەقەڵەمی شەڕی ناوەخۆ و گەندەڵخۆر ناویان دەبات و دەیان ناتۆرەی تریان دەداتە پاڵ. لە بەرامبەریشدا، خۆیان بەڕۆژنامەنووسی پیشەیی و سەربەخۆ دەخوێننەوە، کە لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی میللەتدا دەژین و تەنیا بۆ خزمەتی پیشە کار دەکەن و چەوساوەی دەستی دەسەڵاتی کوردیشن. ئەم جیاوازییە بەو شێوە زەق و ڕەقەی ئەوان باسی دەکەن، بێگومان ئەگەر وابێ، خەڵک دەخاتە دڵەڕاوکەی ئەوەی کەوا کوردستان لە شتێکی تریشدا بووە بەدوو لەتەوە. لە کاتێکدا هەموو ئەو شتانەی باسی

دەکەن، دەقاودەق پێچەوانەکەیان راستە.

ئەم راگـەیاندنـە، جگە لەو چەواشـەکـارییـەی بەدەسـتـی خـۆی دەیکا، هەوڵ دەدا رێکخـراوەگـەلی بیـانی و رۆژنامـەنووسانـی دەرەوەش بهێنێتـە سـەر هێڵ. زانیـــاریی چـەوت و چیــرۆکی دروســتکراویـان پێ دەدا تـا لە دەرەوە بـڵاوی بکەنەوە و ئەزمـوونی کـوردسـتـان ریسـوا ببێ. یان شـتێک بەدەمـەوە دەگرن و دەیکەن بەبنێـشـتـە خـۆشـە، بۆ نموونـە بەخـەڵک گـوتـراوە "سـەگ" یان بەرۆژنامـەنووسـان گـوتراوە "بەمـانگەشـەو دەوەڕن"، بەڵام ئەگـەر خـۆیان ئەم وشـانە بۆ ناحەزێکیـان بەکار بێنن، ئەمـە بە بوێری و چاونەترسـیی رۆشنبیری ئۆپۆزسـیـۆن حسـێب دەکـەن. زۆرجـار لەم راگـەیاندنەوە گـێـچـەڵ بەهـەندێک بەرپرسـیـار دەکـرێ تا وای لێ بکەن کـاردانەوەکی توندی هەبێ و ئەوانیش بیقۆزنەوە بۆ گەمەیەکی بێ نرخ و هەرزان. بێگومان خەڵک هەست دەکەن، ئەم گـەمـەیە گـەمـەی رۆشـنبـیـر نییـە کـە دەبێ خـاوەن رامـان و بیـرکـردنەوە و کــەســایـەتیـیـەکی رێزدارانە بێ. ئەمــە گــەمــەی هەرزە و نەزانانە. رەنگە پێــویسـتــیش نەبێ باسی ئەوە بکەم، لەم راگـەیاندنەدا چ بـازرگـانیـیـەک بەکەموکورتییـەکانی خەڵکەوە دەکرێ، یان بەخوێنی شـەهیدان و تێکۆشـانی پێـشـمـەرگـەی دێرین. ئەم بـابەتانە هـێند سـواون وایان لـێ هاتووە بوونـەتە کەرەستـەی گاڵتـەکردن بە داخوازەکانی خـەڵک یان خوێنی شـەهیدەکانیـان و تەمەنی وەریوی باوک و براکانیان لە خەباتی رێی کوردایەتیدا.

زۆر کـەس پێم دەڵێن بۆ واز لەم بابەتە ناهێنی و بۆ خۆت دەکەی بەسـووپەر بۆ کەسانێک کە هەر خـۆیان نانی ئەمـانەیان دا و پێیـان گـەیاندن. بۆ من، ئەم بەڵگەیە بیـانوویێکی پێ سـەلمێن نییـە، من بەرگـری لە کـەس ناکـەم، تەنیـاش راســتـی ئەوە دەهێنێ مــرۆڤ قــوربانیی بۆ بدا. لەوەش ترسم نەمـــاوە ئەم راگەیاندنە چیرۆک و بەڵگەی ترم بۆ هەڵبـەستێ. ئەمانە شـتێک نەمـا سووک و هەرزانی نەکـەن. گـەلێک جـار بیـر لەوە دەکـەمـەوە ئـاخـۆ ئەو مل لە چەقـۆ سووینەی لە کاتی خوێندنی زانکۆدا دەمکرد لە نیوەی یەکەمی هەشتایەکاندا، تێکۆشین بوو بۆ وڵات یان ناپاکی بوو لێی. نەک خـەڵک خـۆشـم کـەوتوومـەتە

دوودڵی لە رابردووی خۆم. ئەو چەواشەکارییەی ئەمڕۆ ئەم راگەیاندنە دەیکا، لە داهاتوودا خەڵکی کوردستان، بێگومان تەنیا ئەوان، بەتایبەتی رەشوڕووتەکەی حسێبەکەی دەدەنەوە. بۆیە بەئەرکی خۆمی دەزانم لێی بێدەنگ نەبم و تا پێم بکرێ رووتی بکەمەوە لەو بەرگەی لە خۆوەی ئاڵاندووە.

بێگومان ئەگەر پرس پرسی رەخنە بێ، حکوومەتی هەرێم کەموکورتیی هەیە، لە زۆر بواریشدا هەیەتی نەک تەنیا لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی گشتی. رەخنەگرتنیش لە کەموکورتی رەوایە و هەر کەس ئازادە بیری خۆی بەئاشکرا دەربڕێ. دیموکراسی دیموکراسییە و مافی هەموو کەس وەکو یەکە لە قسەکردندا. گومان لە دڵسۆزیی رەخنەگریش ناکرێ. بەڵام ناشتوانین نکووڵی لەوە بکەین کە دەرگە داخستن بەسەر بیروبۆچوونی رەخنەگرانە لە راگەیاندنی حزبیدا گەورەترین هۆ بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم راگەیاندنە و تەشەنەکردنی. تەنانەت زۆر لەو رۆشنبیرانەی پێیان دەگوترێ رۆشنبیری دەسەڵات، لەبەر نەبوونی بچووکترین تروسکەی ئازادیی بۆچوون لە کەناڵەکانی حزبەکانی خۆیاندا، روویان کردووەتە ئەم راگەیاندنە و لەوێ کراون بە ئاگردووی گەمەیەکی ناجوامێرانە.

باشە ئەم بانێک و دوو هەوایەی حزبی کوردی: لە ئاشکراییدا، سەرکوتینەوەی راگەیاندنی خۆی و دەمامکدانی، لە ژێرەوەش دنەدانی راگەیاندنێکی چەوت و چەواشەکار، هەروەها پارە لێ بەفیڕۆدان و ئاژاوە پێ دروستکردنی، دەبێ چی بێ جگە لە بەدەردانەوەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی ناوەخۆی؟ یان جگە لە ململانێیەکی بەرژەوەندپەرستانەی شاراوە کە ناکرێ بخرێتەڕوو؟ یان چی بێ لە غەیری ترس لە دواڕۆژی دیموکراسیی کوردستان و چەسپانی یاسا و وەکیەکی؟ کە ئەو کاتە دەنگدانی خەڵک دەبێ بەبناخەی دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی دەچێ بۆ سەر کورسیی دەسەڵات نەک هێزی حزب. سەیرکەن هەندێک نووسەر و رۆژنامەنووس چۆن بوونەتە ئامێری ئەم گەمەیە.

حکوومەتی هەرێم دوای حەڤدە ساڵ تەمەن، راگەیاندنی نییە. جاروبارێک

هەشیبووبێ لەناو ململانەی حزبیدا لاواز و سادە بووە، یان بەدەست خەڵكانی نالێهاتووەوە شتێكی كاڵ و بێ تامی لێ دەرچووە. تەنانەت حكوومەت خۆشی بۆی گرینگ نەبووە راگەیاندنی هەبێ. لەولاشەوە راگەیاندنی حزب بەردەوام خەریكی ئەوە بووە نەهێڵێ راگەیاندنی حكوومەتی هەرێم لە دایك ببێ نەوەكا لەو زیاتر ببێ بەمایەی پەسندایەتیی خەڵك. من خەم لەمە ناخۆم، دەستی هەردووكیان خۆش بێ لەبەرئەوەی راگەیاندنی دەوڵەتی لە دنیای ئەمڕۆدا باوی نەماوە، هەرچەندە ئەوان بۆ ئەو مەبەستەشیان نەبووە.

بەڵام نەبوونی راگەیاندنێكی سەربەخۆی ئازد لە كوردستان كە بەپێی یاسا دامەزرابێ و حكوومەت پشتیوانیی دارایی بۆ دابین بكا و بیپارێزێ لە پاڵپەستۆ و دەست تێوەردانی حزبی، كەموكورتییەكە حكوومەتی هەرێم لێی بەرپرسیارە. بێگومان هەر نەبوونی ئەم راگەیاندنە داواكراوەشە بووەتە هۆی چۆڵبوونی گۆڕەپان بۆ ئەو راگەیاندنەی باسی دەكەین، واتە ئەو راگەیاندنە بێ پرەنسیپەی كە بووە بەیەكێك لە كێشە لە كۆنترۆڵ بەدەرەكانی كوردستان.

لە ئەزموونی كوردستاندا لەمەش كەموكورتیتر، نەبوونی هێزێكی ئۆپۆزسیۆنی چەپە كە بەرنامەی رادیكالانەی هەبێ بۆ گۆڕینكاریی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری. هەموو ئەو حزبانەی لە ئەنجوومەنی سیاسیدا كورسییان هەیە بەشێكن لە هێزی بەرپرسی كوردی نەك ئۆپۆزسیۆنەكەی. ئەم حزبانە، بەم كورسییە و بەكورسییەك لە ئەنجوومەنی وەزیران و مانگانەیەك بۆ بژێویی هەندێك بارەگا یان مووچەی بەرپرسانیان، رێی ئەوەیان لە خۆیان بڕیوە ئۆپۆزسیۆن بن و راگەیاندنێكی كارایان هەبێ، یان ببن بەپاڵپەستۆ بۆ گۆڕین بەرەوپێش.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لە كوردستاندا هەبێ و كە دەشبێ ببێ، نابێ لەم قۆناخەدا ئەركی ئەوە بێ لە حكوومەت بچێتە پارێزەوە یان بەرەخنەگرتن لە كەموكورتیی هەندێك كارە خزمەتگوزارییەكان، كە چارەسەریان وا بەڕێوەیە، حاڵی حكوومەت شڕتر بكات لەوەی هەیە. ئەم كەموكورتییانە راستە پێوەندییان بەخۆشگوزەرانیی خەڵكەوە هەیە و زۆریش

گرینگه زووتر چارەسەر بکرێن، بەڵام بچووک و رواڵەتین بۆ قۆناغی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو ستراتیجەی کورد هەیەتی لە دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی پارێزراو لە مەترسیی چاوەڕوانکراوی دەرەکی لە هەر ساتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزی خۆی کێشایەوە. نووستن لەو گوێیەی کە ئەمەریکا هەر لێرە دەبێ، سروشتی مرۆڤی ساویلکەی خۆشباوەڕە نەک مرۆڤی سیاسیی گوماناوی یان رۆشنبیری دووربین و قووڵبیر.

ئۆپۆزسیۆنێک هەبوایە، ئەرکی ئەوە دەبوو لە سەنگەری حکوومەتدا بێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵگرتنی ئەرکەکانی قۆناغێکی مێژوویی فرە گرینگ، کە ئەویش گواستنەوەی حاڵی سیاسەتی کوردییە لە قۆناغی بزاڤی رزگاریخوازییەوە بۆ قۆناغی کاری دەولەتی. رۆشنبیرێکی ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان هەبوایە هەمان ئەرکی دەبوو، پاڵپەستۆی دەخستە سەر حزبەکان تا دەور و تەسلیمی دەسەڵات لەگەڵ حکوومەتدا بکەن و چی تر لە پشتەوە لنگی حزب نەکێشنەوە. ئەو شتەی باسمان کرد کە ناوی لە خۆی ناوە "رۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" ئەوە هەر ئامێری حزب خۆیەتی کە پاشقول لە حکوومەت دەگرێ. ئەم راگەیاندنە ئۆپۆزسیۆنە کە "رۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" تێیدا لافی سەربەخۆیی لێ دەدات، ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بچووکە بداتەوە: ئاخۆ ئەو پارەیەی وەری دەگرێ لە حزب بۆ کاری رۆژنامەوانی، بۆچی رەتی ناکاتەوە و داوا ناکات لە دەستی یەکەمەوەی وەربگرێ کە حکوومەتە و حکوومەتی دیموکراتیش یاسای هەیە نەک سیاسەت، هەڵبەت یاسای گشتی بۆ کاری رۆژنامەوانیی سەربەخۆ گونجاوترە نەک رێنوێنیی هەموو رۆژ گۆڕاوی حزب. ئەم رۆشنبیرە یان نازانێ چی دەکا یان دەزانێ و ئەمەی پێ خۆشترە.

جیاوازیی رۆشنبیرێک چییە لە هاوولاتییەکی سادە کە بەهۆی جێبەجێنەبوونی مامەڵەکەی دەستییەوە، کاتێ لە دەزگایەکی حکوومەتی دێتە دەرەوە، تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتێنێ و نەفرەت لە هەموو شت دەکات. لەوانەشە مامەڵەکەی بەپێی رێنوێنی و یاسا کێشەی بۆ دروست بووبێ نەک

بەهۆی بیرۆکراسی. بۆچی دەبێ هەمووده‌م هاوولاتی لەسەر راستی بێ و داووده‌زگا لەسەر چەوتی بن؟ بۆ یەک جاریش لەو راگەیاندنە کوردییەدا هەستم نەکردووە رەخنە لە هاوولاتی بگیرێ یان رێنوێنیی خەڵک بکرێ کە رێز لە یاسا بگرن. من بەرگری لە داووده‌زگا ناکەم و خۆشم لە هیچ دەزگایەکی رەسمیدا بەرپرس یان کارمەند نیم، بەلام رۆژانە دەبینم هاوولاتیان زیاتر لە بەرپرسان یاسا پێشێل دەکەن. راستە لەم بارەشدا هەر دەبێ گلەیی لە داووده‌زگا و بەرپرسان بکرێ لەبەرئەوەی ئەوان خەڵکیان وا راهێناوە بەرێی راستدا نەڕۆن. بەلام خۆ نابێ تۆ هەر بەرۆکی حکوومەت بگریت و داکۆکی لە هەموو شتێکی خەڵک بکەیت، ئەمە وا بێ واتە بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ سەردەمانێکی داهاتوودا دەوڵەتی کوردی دروست نابێ. مومکین نییە دەولەتێک هەبێ هەموو شت بەقسەی هەموو خەڵک و بەپێی ویستی هەر تاکێک لە کۆمەڵگە ئەنجام بدات. دەوڵەت واتە یاسا، یاساش واتە رێز لێگرتنی. ئەمەش دوو دەستی دەوێ وەک چەپڵە، دەستی حکوومەت و دەستی میللەت. رۆشنبیر دەبێ هاوکار بێ بۆ رێنوێنیکردنی حکوومەت و کۆمەڵگە بەیەکەوە بەرێگایەکی راستدا، بەتایبەتیش یەکێک ناو لە خۆی بنێ ئۆپۆزسیۆن. لە دنیاشدا هەمووده‌م دەسەلات پێویستی بەئۆپۆزسیۆنە بۆ زیاتر چەسپاندنی خۆی نەک بۆ زیاتر پەرێشانکردنی.

دەسەلاتی کوردی، ئەگەر مەبەست لێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ نەک حزبی کوردی، دەسەلاتێکە دوای حەڤدە ساڵ لە دامەزرانی، هێشتا تەواو جێگیر نەبووە نە لەناوەخۆ و نە لەدەرەوەدا. هێشتا بڕیاری سیاسیی کوردی لە کۆبوونەوەی هەردوو حزبی سەرەکییەوە دەردەچێ. هەروەها پەرلەمانی کوردستان بڕیارە گرینگەکان لەوان وەردەگرێ تا پاشان بیخاتە قاڵبێکی یاساییەوە. مامەڵە لەگەڵ ولاتانی دراوسێدا، تا ئێستا دوو حزبەکە دەیکەن. لەگەڵ ئەمەریکاشدا هەر وایە. لەمەوە، دەشێ بڵێین دۆخی کوردستان لە رووی سیاسییەوە هێشتا درێژەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە چ لە پێوەندیی نێوان باڵەکانی خۆی و چ لە تێکەلاوییەکانی

لەگەڵ دەرەوەدا لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوو، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەییدا. نووسینگەی حزبەکان لە وڵاتانی دراوسێ ئەگەرچی وەک جارانیش نین، بەڵام هەر ئەکتیڤ و کاران. دانانی ئەنجوومەنی سیاسیی حزبەکانیش جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکاتەوە کە حزب خاوەنی وشەی کۆتاییە لە سیاسەتی کوردیدا نەک سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران. هەروەها رێککەوتنی ستراتیجیش لە نێوانی پدک و ینکدا تا رادەیەکی زۆر دەچێتە ئەو چوارچێوەیەی کە حزب خاوەنی وشەی یەکلاکەرەوەیە.

ئەم دۆخەش، وەنەبێ تەنیا ویستی دوو حزبی کوردی بێ و مەبەست لێی هێشتنەوەی حکوومەت بێ وەک دەزگایەکی خێرخوازی، هەرچەندە ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوخۆوە تا رادەیەک راستە، بەڵام لە هەمان کاتدا ویستێکی دەرەکیشە، بەتایبەتی ویستی وڵاتانی هەرێمییە. هەر ئێمەش لە ناوچەکەدا وا نین، ئەوە فەڵەستینییەکان حاڵیان لە ئێمە باشتر نییە. بەهەمان شێوەش لبنانییەکان. ئەم دۆخەی ناوخۆی کوردستان و ئەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێ درا، بەشێکە لە ویستێکی هەرێمی و ئامانج لێی هێشتنەوەی بارودۆخی ئەو وڵاتانەیە لە ناجێگیریدا، یان وەک پرۆژەیەکی بەردەست بۆ دەست تێوەردان و یاری لەگەڵدا کردن هەر کات بویسترێ.

گومانی تێدا نییە، ململانەی نێوان لایەنەکانی ناوخۆ چ ململانەی شاراوە بێ چ ئاشکرا، رێخۆشکەرن بۆ دروستبوونی ئەو دۆخە. وڵاتانی هەرێمی بەردەوام لەگەڵ لایەنەکاندا دادەنیشن. لە حاڵەتی کوردیدا کەمتر بەڵام لە حاڵەتی فەڵەستین و لبناندا حکوومەت تەواو بووەتە بووکەڵەی سەر تاخچکە. لە کوردستانیشدا تا هەردوو ئیدارە یەکیان نەگرتبووەوە حکوومەت هەردووکیشی نەبێ، یەکێکیان شتێک بوو لەو جۆرە.

حکوومەت واتە بڕیاری سیاسی، واتە ئاسایش، پێشمەرگە، دارایی. لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا ئەو بوارانە بەدەستی حکوومەتەوە نین. وەزیری حکوومەتی هەرێم ئەگەر خۆی ئەندامی سەرکردایەتیی دوو حزبەکە

نەبێ یان کەسێکی پلە یەکی نێزیک نەبێ، تەنانەت نازانێ پرسی یەکگرتنەوەی وەزارەتە جیاوازەکانیش گەیشتووە بەچی کە ئەم پرسە زۆر پێوەندیداری خۆیەتی. ئەم جۆرە وەزیرە، کتومت وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی، دەنگوباسی سیاسیی هەرێمیش لە رێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە وەردەگرێ نەک لە کەناڵی تایبەتەوە. وەک گوتم حکوومەت زیاتر وەک دەزگایەکی خزمەتگوزاری وەرگیراوە نەک وەک ناوەندی بڕیاری ستراتیجی. تەنانەت سەرنەکەوتنیشی لە هەندێک بواری خزمەتگوزاریدا هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسی بەدەستی خۆیەوە نییە، هەموو شتیش دواجار سیاسەتە. بێگومان، جێی وەزیرێکی فاشیل یان بەڕێوەبەرێکی ئاست نزم بەحکوومەت دەستکاری ناکرێ. ئەگەر جارێک حکوومەت ویستبێتی بڕیاری هەنگاوێکی سیاسی بدات و کەمتر بگەڕێتەوە بۆ چاوکانیی حزب، بەم کارەی گومانی ناوەتەوە، بۆ نموونە ئەوەی لەم یەک دوو مانگەی دواییدا لە پرسی گرێبەندەکانی نەوتدا بینیمان. ئەمە یەکەمین جاربوو حکوومەت بوێرێ بڕیاری سیاسی بدات.

بۆ حزبی کوردی هێشتا حکوومەت کایەیەکی گوماناوییە. لەوێ هەموو شت ون دەبێ: دەسەڵاتی حزب، مێژووی پڕ لە سەروەری، چیرۆکی خوێنی شەهیدان، داستانی قارەمانیەتیی پێشمەرگە، شۆڕشی یەک لەدوای یەک، چیرۆکی هەزاران بنەماڵەی قوربانیدەر و هەموو شانازییەکان، باسیان نامێنێ و دەبن بەبەردی بن گۆم. حکوومەت یاسایە، یاساش رەچاوکردنی مافی هەموو خەڵکە بەیەکسانی، حکوومەت خزمەتگوزاریی گشتییە کە بۆ دوو ماڵ یەکێکیان سەرتاسەر رابردووی برێتی بێ لە خەبات و قوربانی پێشکێشکردن و ئەوی تر هیچی نەکردبێ یان تەواو پێچەوانەش بووبێ، وەک یەکە. پێم سەیرە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر بڵێن فیسارە چالاکیی حکوومەت نەدەبوو بکرایە و وا باشتر بوو بکرێ بەخانوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان. حکوومەت بۆ ئەوەی حکوومەتایەتیی خۆی پێشان بدا، زۆر جار پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ رووداوێکی رۆشنبیریی پڕووپووچ. لە هەموو دنیاشدا وایە.

کاری حکوومەت تەنیا شتی بەرجەستەیی نییە، شتی واتاییش زۆرە دەبێ بیانکا.

خوێنی شەهید و خەباتی پێشمەرگایەتی و رابردووی پڕ شکۆی حزبی کوردی، سەر سەر و سەرچاو. نەک کەس نکووڵیی لێیان نییە بگرە تا هەتایەش پارێزراون لەناو هەست و هزری ئەم میللەتەدا. هەقی خۆشیانە مافیان بەباشترین شێوە رەچاو بکرێ و قەرەبووی زیانی هەر کەس بکرێتەوە کە زیانەکە رێژیمی بەعس هۆکاری بووبێ. بەڵام باس باسی دەوڵەتدارییە و پێویستە رۆشنبیر و رۆژنامەنووس دەوڵەتییانە و گشتییانە بیر بکەنەوە. ئەوەی چیرۆکی خوێنی شەهید لە دەمی نابڕێ، حەز بکات یان نا کابرایەکی حزبییە، بەجەستەش ئەندامی حزب نەبێ کولتوورەکەی ئەندامی حزبە.

رۆشنبیری کورد، بەتایبەتیش ئەوەی ناوی لە خۆی ناوە ئۆپۆزسیۆن دەبوو لە سەنگەری حکوومەتدا بێ، دەبوو بەشداری خەمی بەجێهێنانی ئەرکەکانی بێ نەک دەستوپێگری، دەبوو پارێزەری حکوومەت بێ نەک بەبێ ئاگای خۆی لە سەنگەری حزبدا بێ و لە هەموو شتی حکوومەت گومان و پرسیاری هەبێ. ئێمە دەبێ ئەو راستییەمان دائیما لەبەرچاو بێ کەوا حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردی، یەکگرتوو لە هەموو رووێکەوە، تاکە رێگەیە بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی سیاسی، تاکە رێگەیە بۆ کۆتاییهێنان بە فرەناوەندیی دەسەڵاتی کوردی، کە ئەم فرە ناوەندییە هەموو حزبەکانی تێدا بەشدارن بەگەورە و بچووکیانەوە. بچووکترین حزب خۆی پێ گەورەترە لە حکوومەت. بچووکترین حزب زۆرترین پێوەندیی سیاسی لەگەڵ دەرەوە دادەنێ و حکوومەتی پێ فشەیە.

رۆشنبیری بەناو ئۆپۆزسیۆن کە هەموو شتی حکوومەت دەخاتە ژێر گومانەوە وەک ئەوەی باس باسی رێژیمی بەعس بێ، خۆی جۆرێکە لە پاشکۆی حزب، جێبەجێکەری هەمان بەرنامەیە کە دەیەوێ حکوومەتێکی لەڕ و لاواز و بێ بڕیار و بووکەشووشە ئاسا هەبێ. حکوومەتێک نەک تەنیا پرسە گرینگەکانی لە پەنا پەردەدا یەکلا بکرێنەوە، بگرە لە دانانی بەڕێوەبەری

قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە دوورترین گوندیشدا پرس بەحزب بکرێ. زۆر سەیرە ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن لە سەنگەری ئەم حکوومەتەدا نییە و لەگەڵ خەمەکانیدا ناژی. رۆشنبیرێک لافی ئەوە لێ بدا ئەوا لەگەڵ خەمەکانی رەشورووت و هەژاراندا دەژی، دەبێ بزانێ خەمەکانی ئەمانە لەگەڵ پرۆژەکانی حکوومەتدا ئاوێتەن نەک لەگەڵ شتێکی تردا.

رۆشنبیری کورد لەم قۆناغەدا، چ حزبی و چ سەربەخۆ، من هەر ئەم دوو ناو لێنانەم پێ راستە و چی تریش زاراوەی "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" بەکارناهێنم، لەبەرئەوەی ئەمەی دوایی بڵقی کێشە شاراوەکانی حزبایەتییە، ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە بەڕاست بڵێن راست و بەچەوت بڵێن چەوت. نەک بوخچەی خەمەکانی خۆیان لەسەر حسێبی خەونەکانی خەڵک بکەنەوە و پۆزیشیان لەسەر لێ بدەن. خەڵک ئەوەندە نەزان نین تا یەکێک وا تێ بگا دەتوانێ بازرگانییان پێوە بکا. هیچ شت شاراوە نییە لێیان، بەڵام ئەمە کولتووری بەعسە کە کورد خۆی زۆرترین داهێنانی تێدا کردووە، وایان لێ دەکات چەپڵە بۆ شتێک لێ بدەن کە لە ژێر سمێڵەوە فشەیان پێی دێ. خەڵک هەست بە هەموو شتێک دەکەن، وەلێ پێیان خۆشە بەردەوام ئەم گاڵتە و گەپە دووبارە ببێتەوە، بێهوودەیە ژیان بۆیان، بەلایانەوە دنیا چەرخ و خولی ئەم گاڵتەوگەپەیە. هێندەیان سیستەمی بێدادی و راگەیاندنی چەواشەکار بینیوە قالبیان بەستووە پێیان. ئەمە کولتوورێکی ریشە داکوتیوە لەم وڵاتەی ئێمەدا و دەبێ ڕۆشنبیر ئەرکی گۆڕینی بگرێتە ئەستۆ. ئەمەش تەنیا لە سێبەری دەولەتدا دێتە دی. ڕۆشنبیری ئاراستە پێچەوانە، بە دووڕوویی خۆی، بەشدارێکی کارایە لە دواخستنی لە دایکبوونی دەسەڵاتێکی کوردیی یەک ناوەند، هەروەها لە دروستکردنی رایەکی گشتیی دەم هەراش و جنێودەر وەک خۆی، کە هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نییە جگە لە بەرژەوەندیی کەسانیی خۆی.

رووداو ١٠ لە ٢٠٠٨/٦/٩

## مەلایە یان بەڵایە؟

پێش دوو هەفتە، لەگەڵ چەند کەسێک لەو نووسەرانەی ئیمزایان لە دژ کۆکراوەتەوە، دامانابوو سکالایەک لە دادگە تۆمار بکەین. لەبارەی یاساییبوونی دۆزەکەوە پرسمان بەدادوەرانیش کرد. بەڵام دیمانەمان لەگەڵ هەندێک رۆشنبیری ئاینی و ئەکادیمی، وای کرد تا رادەیەک ساردبینەوە. پێمان شیاو نەبوو ٤٧٤ کەس کە زۆربەیان مەلان و هەندێکیان دەڵێن ئاگاشمان لێ نییە ناومان نووسراوە، یان دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە کارەکە یاسایی نییە پەشێمان بوونەتەوە، رابکێشرێن بۆ بنکەی پۆلیس بۆ لێتۆژینەوە، ئەویش لەم گەرمەی هاوینەدا. بۆیە بەباشترمان زانی کۆبوونەوەیەک بۆ رۆشنبیرانی ئاین و رۆشنبیرانی هاوسەردەم ساز بدەین تا رووبەڕوو بیروڕا بگۆڕینەوە.

لەو دەمەی وا ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی دەمارگەلی هەردوولا خاوبکەینەوە، لەولاوە کتوپڕ یەکێکیان وتارێکی نابەرپرسیارانەی هەڕەشاوی دەنووسێ، دەڵێ "بزانن چیتان بەسەر دێنین. سێ ساڵ زیندان چاوەڕێتانە." ئەگەر ئەو کەسە سەر بە یەکێتیی زانایان نەبوایە کە دەزگایەکی فەرمییە، وەڵامم نەدەدایەوە. دەڵێ "ژمارەی ئیمزا گەیشتە ٦١ هەزار". راستە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کارێکی چەوت و نایاساییان کردووە، وا دەزانن ئەگەر گۆمەکە شێلو ببێ، بەرپرسیارەتییەکە ون دەبێ و لێپێچینەوە نامێنێ.

ئەندامی راگەیاندنی یەکێتی زانایان لە ژمارەی رۆژی ٢٠٠٨/٦/٩ی هەفتانەی "رووداو"دا، دەڵێ "دەزگای ئاراس بەپارەی رەشوڕووتی کوردستان خەڵات دەدا بەیەکێک کە جنێو بەخوا دەدا و بۆ یەکێکیش کتێب چاپ دەکات گوتوویەتی پێغەمبەر بیژییە". من وەک بەرپرسیارەتیی خۆم لەم دەزگایەدا، دەبێ وەڵامی ئەم قسانە بدەمەوە کە بۆ فریودانی خەڵکی نەزان و بێ ئاگا نووسراون. پێش هەموو شت، ئاماژە پێدراو لەبەرئەوەی دەزانێ قسەکەی درۆیە نەیگوتووە چ جنێوێک و لە کام کتێبدا؟

جنێو و سووکایەتی، یان چمکە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: پەسن و ستایش، بوێری، ژیری، پاکی و هەرچی چمکێکی تری لەو جـــــۆرانە هەیە، لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر جیان. مەرجیش نییە ئەو دوو کولتوورە زۆر دوور بن لە یەکەوە، بۆ نموونە رەنگە لە نێوان کولتووری شارێک و کولتووری گوندێکدا کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە یەکترەوە دوورن ئەو چمکانە واتای جـیـاواز بدەن. یان لەوانەیە هەسـتـێکی شـاعـیـرانە یان شـرۆڤـەیەکی مێژوونووسانە، بۆ یەکێک کە شارەزا و بەڵەدی کولتووری ئەو بوارانە نەبێ، واتای پێچەوانە بدەنەوە. لە نێوانی خۆشمان دەرنەچێ، پەنابردن بۆ تۆمەتی ئەوەی "جنێو بەخوا دراوە"، تۆمەتێکە تەنیا لاوازیی هزری خاوەنەکەی پێشان دەدات.

بۆ ئەوەش کە دەڵێ "پارەی رەشـورووتی کـوردسـتـان" بـۆ جنێـودان بەخـوا بەکار هاتووە، من بەبەڵگە وەڵامی ئەم بانگەشـەیە دەدەمـەوە. مـرۆڤ دەبێ قسـەکـانی بەڵگەدار بن، قسـەی بێ بەڵگە هیچ نرخێکی نییە مەگەر لەلای ئەوانەی کوێرانە بڕوایان هێناوە. دەزگای ئاراس چەندان کتێبی بۆ ئاین چاپ کردووە و کتێبەکانیش وا لە بازاڕن. ناوبراو ئەگەر راست دەکا با پێچەوانەی ئەمە ئیسپات بکا و یەک کتێب پێشان بدا کە بۆ دژایەتیی ئاین لە ئاراس دەرچووبێ. تەنیا ئاراسیشە لەناو دەزگا رۆشنبیرییەکانی کوردستاندا، کتێبی ئاینی چاپ دەکات، ئەمەش راستییەکە بەکەس ناشارێتەوە. ئەگەر یەکێک سەرنجی دابێ، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەکانی کتێبدا، خوێنەرانی بەرهەمی ئاینی تەنیا روو لە ئاراس دەکەن لەناو دەزگـا کـوردییـەکـاندا. هەفـتـەش نییـە چەندان مـەلا سـەردانمان نەکەن لەبەرئەوەی هەست بەرێز لێگیراوییەکی تەواو دەکەن لەم دەزگایەدا. ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لە کارەکانی دەزگای ئاراس بۆ کولتووری ئیسلام:

- مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية: محمد زكي حسين
- الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية: عبدالمجيد بن محمد الخاني
- إحياء القلوب: شرح الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم

شيخه محمود الكردي الخلوتي

- ورود الكرد في حديقة الورود: محمد علي قرەداغي

- هوية كركوك الثقافية: محمد علي قرەداغي.

ئەم دوو کتێبەی دوایی، هەرچەندە ناونیشانەکانیان کوردایەتییە، بەڵام ناوەڕۆکیان یان ئاینە یان مێژووی پیاوانی ئاینی. هەر یەکەی دوو جاریش چاپ کراونەتەوە، کە بەدەگمەن ئاراس چاپی دووەم بۆ کتێب دەکات. جگە لەمانە چەندان بەرگ لە کتێبی "ناسینەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە"، چەندان بەرگی تر لە "کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی" هەر لە دانانی محەمەد عەلی قەرەداغی. کتێبێکی تر بەناوی "حەسەن و حوسێن" کە بەرهەمێکی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە. کتێبی "زریزەی زێڕین"ی مەلا ساڵح ئیبراهیمی "شەپۆل"، مەلا ساڵح بەرهەمێکی تریشی لەم ڕۆژانەدا بەناوی "شێخی ئیشراق"ەوە لە ئاراس دەردەچێ. هەفتەی پێشوو کتێبێکی کەلەپووری ئیسلامی لە ئاراس دەرچوو کە ٦٤ لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگە و بەکاغەزی تایبەت چاپ کراوە لەبەرئەوەی دەستنووسی کۆنی قورئانە. لە چەند هەفتەی داهاتووشدا، "مەکتووباتی کاک ئەحمەدی شێخ" لە ئاراس بڵاودەبێتەوە کە زیاتر لە هەزار لاپەڕەیە و لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە. هەموو کەسیش دەزانێ کاک ئەحمەدی شێخ و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دوو لوتکەی کولتووری ئاینداریی کوردین. بێگومان ناوبراو زۆر لەم کتێبانەی بینیوە و هەندێکیشیانی هەیە، بەڵام دیارە کە مرۆڤ ویژدانی ڕەچاو نەکرد و ڕێی ڕاستی ون کرد، هەموو قسەیەکی لێ دەوەشێتەوە.

کارێکی تری دەزگای ئاراس ئەوەیە، ساڵی ٢٠٠٢ دوو هەزار دانە قورئانمان بەهاوکاریی یەکێتیی زانایان بەدیاری بڵاوکردەوە. ساڵی دواتریش پێنج هەزار دانە بەوەرگێڕانە کوردییەکەی مام هەژارەوە. خۆشم بۆ ئەو مەبەستە جارێک چوومە لایان و ناوبراویش لەوێ بوو. گشت کارمەندانی ئاراس بۆ ماوەی چەندان هەفتە، بەپێی ئەو لیستانەی کە ئەو یەکێتییە

ئامادەی کردبوو، یەک یەک دیارییەکەیان بەدەست بە پیاوانی ئاین گەیاند لە سەرتاسەری هەرێمدا. ئاخۆ یەکێک ئەمانەی بەچاوی خۆی دیبێ، ئەگەر ئەو یەکە خاوەنی ویژدان بێ و خوای لەبیر بێ، دەڵێ بەپارەی رەشوڕووت جنێو بەخوا دراوە؟ خۆتان بڕیار بدەن ئەمە مەلایە یان بەڵایە؟

بۆ پرسی بەکارهاتنی وشەی "بیژی"ش، ئەمەش هەر درۆیەکی ڕووتە. ئەگەر ناوبراو راست دەکا، با ناوی کتێبەکە و ژمارەی لاپەڕەکە و دێرەکە دەستنیشان بکا. د. جەمال رەشید لە کتێبی "سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا" دەڵێ: "بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، پێغەمبەر دوای چوار مانگ لە مردنی باوکی، لە دایک بووە." پاشان دەڵێ "بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر، دوای چوار ساڵ". د. جەمال بەشێوازی مێژوونووسانەی خۆی، قسەی ئەو سەرچاوانەی دوایی رەت دەکاتەوە و دەڵێ نەریتی کۆنی عەرەب نەریتێکی دەمارگیراو بووە و شتی وای قەبووڵ نەکردووە. ئەمە لێکۆڵینەوەی مێژووە نەک قسەڵۆکی لاکۆڵانان. مێژوونووس قسەی هەموو سەرچاوەیەک دەخاتە ڕوو با بەلایەوە ڕاستیش نەبن.

ئەو کتێبە، لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ لە ئاراس دەرچووە. هاوینی ٢٠٠٦ واتە دوای ساڵێک و چوار مانگ، وەک ئەوەی ئەمڕۆ، کرا بەشێوازێک بۆ شڵەژاندنی کەشی ئارامی هەرێمی کوردستان. دواتر، لە تەمووزی ئەو ساڵەدا بەبڕیارێکی تایبەت کتێبەکە لە بازاڕ کێشرایەوە. ئەوەی من بزانم بەشێک لە پیاوانی ئاینی، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەزگای ناوبراون لەمە ئاگەدارن. هەروەها دۆزێکیش لە لای داواکاری گشتی بۆ ئەم کتێبە کرایەوە و هێشتاش بەردەوامە. بۆیە و بەدڵنیایی، ئەم تازەکردنەوەیە بۆ خاتری ئاین نییە، بۆ ئاین بێ ئەوا کتێبەکە کۆکرایەوە. بۆ خاتری جێبەجێکردنی یاساش نییە، بۆ یاسا بێ، بڕیاری یاسایی لەلای دادگەیە نەک لە مزگەوت و ٦١ هەزار ئیمزا. ئەم کارە وەک گوتم تەنیا بۆ شڵەژاندنی کەشی ئارامی هەرێمی کوردستان و راکێشانەوەی پێی ئەزموونەکەیە.

راستیتان دەوێ، ئەم پرسە گەورەترە لەوەی بەنووسین چارەسەر ببێ، بەڵام

لەبەرئەوەی ناوبراو ناوی دەزگـای ئاراسـی هێناوە وەک دەزگـایەک کـە دژی ئاین کاری کردووە، بەشی زۆری خەڵکەکەش ئاگایان لە راستییەکان نییە و رەنگە هەندێکیان باوەڕ بەم درۆیانە بکەن، بۆیە تەنیا بۆ خاتری ئەوان و بۆ ئەوەی ناوی ئاراسیش لەکەدار نەبێ لە لایان، ئەم روونکردنەوانەم نووسی. با دڵنیابن لەوەی ئەم دەزگـای ئاراسـە زۆر بەرپرسـیـارانە کـار دەکـات و سووکایەتیش نەک بە ئیسلام بەهیچ ئاینێک ناکات. ئەوە مشەخۆران خۆیانن کە بەناوی ئاینەوە سووکایەتی و گاڵتە بەهەستی خەڵک دەکەن.

رووداو ١١ لە ٢٠٠٨/٦/١٦

## شـەڕێک لـە کاتی خۆیدا نییە

کێشەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان ئەوە نییە کە دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی عەلمانییە، کێشەکەیان ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی عەلمانی نییە، شتێکە لەو نێوانەدا. ئەگەر ئەو دەسەڵاتە عەلمانی بوایە، ئەو کاتە بێگومان بۆ حزبە ئیسلامییەکان، رووبەڕووبوونەوەی کارێکی ئاسانتر دەبوو. کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و هیچ نەزانی وەک کۆمەڵگەی کوردی، یان ڕۆژهەڵات ناوەڕاستێکی نقوم لە دواکەوتوویی و پەرێشان بەدەستی گرووپگەلی کۆنەوان و بناوانڕۆوە، باشترین زەوینەیان سازاندووە بۆ رسکان و قەویبوونی ئەم هەموو گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیە لە کوردستاندا. لە هەلومەرجێکی وادا، شەڕ فرۆشتن بەدەسەڵاتێکی لاوازی وەک دەسەڵاتی کوردی ئەگەر بەئاشکرا پێناسەی عەلمانیبوونی خۆی ساغ بکردایەتەوە، ئەوا ئەنجامەکەی "بەبۆچوونی حزبە ئیسلامییەکان" وەک شەڕی نێوان گیانلەبەرێکی دڕندە و نێچیرە بەستەزمانەکەی دەبوو.

تا ئەمڕۆ حزبە کوردییەکان لە حزبە ئیسلامییەکان باشتر پێوەندیداری ئاین بوونە. پاراستنێکی راستەقینەش ئاینیان پاراستووە نەک پاراستنێک بۆ رواڵەت. ئەگەر حزبە ئیسلامییەکان بۆ گەیشتن بەکورسیی دەسەڵات ئاینیان

کـردبێ بەڕێبـاز و بـەردەباز، ئەوا حـزبە کـوردییـەکـان لـە رووی گـرێدراویی راسـتـەقـینەیـان، یان بەلایەنـی کـەمـەوە بـۆ رەچاوکـرنی بـاوەڕی رێژەی هـەرە بەرزی کۆمەڵگە و بۆ رەچاوکردنی داوونەریت و کولتووری گشـتی، مامـەڵەیان لەگەڵ ئایندا کردووە. بۆ نموونە: بەشێکی زۆر لە ئەندامـانی سـەرکردایەتیی حزبە کوردییـەکان لە بنەماڵە ئاینییە ناسراوەکـانی کـوردسـتانەوە هاتوون. نموونەیەکی تر، ئەو پیاوە ئاینییـانەی لە ریزی حزبە کوردییـەکاندا دەبینرێن دڵسۆزترین پیاوانی ئاینین لەم کۆمەڵگەیەدا.

جـێی نیگەرانیی رۆشنبـیـران بووە، کـەوا لـەم سـاڵانەی دواییـدا حـزبە کوردییەکان چەند هەنگاوێک زیاتر بەرەو ئـاین گەڕاونەتەوە و زیاتر لە جاران باوەگۆی پیاوانی ئاین دەدەنـەوە چ مەلاکان و چ بنەماڵەی شێخان، لە کاتێکدا هۆی زۆربـەی کـێـشـە گـەورەکـانی وەک ژنکوژی و کـەمـیی ئـازادییـە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ باڵادەستیی کولتووری ئاینی و پیاوانی ئاین دەگەڕێتەوە. ئەم بەرەو ئاین گەڕانەوەیەی دەسەڵاتی کوردی لەم قۆناغەدا ئەگەر بۆ ئەوەبێ گـۆڕانکاری لـە کولـتـووری کـۆمـەڵگەی کـوردیدا بەخـشـکەیی ئەنجـام بدرێ و دەنگی لێوە نەیەت، یان بۆ ئەوەبێ بەرە لەژێر پێی حزبی ئیسلامیی لە دەرەوە هاندراو و پشت ئەستوور بەدواکەوتوویی کولتووری کۆمەڵگەوە، بکێشرێتەوە، ئەمە یاریکردنێکە هۆشیاریی دەسەڵاتی کوردی نیشـان دەدات لە خوێندنەوەی هەلومەرجی ناوچەکە و دنیاشدا.

ئەگـەر وابێ، دیار نییـە ئەم چاوشـارکـێـیـەی نێـوان دەسـەڵات و حـزبی ئیـسـلامی، تا چەند تەمـەن دەخـایـەنێ و تا چەندیش وەک رێگر و کـۆسپ لە پێش بەرەوپێشچوونی بزاڤی دیموکراسیدا دەمێنێتەوە، چەند ژنی تریش لەو مـاوەیەدا خـوێنیـان دەکـرێتـە کـاسـەوە و چەند ئازادیی تر لەبار دەبرێن و ئاراسـتـەی بزاڤی رۆشنبـیـریی کـوردسـتـانیش تا چـەند سـاڵی تر بە مـەلای مزگەوت دەسپێردرێ. هەروەها ناشزانرێ، لە ژێر پاڵەپەستۆی ئیمزاکۆکردنە و هەڕەشـەی خوێناویدا، دەسـەڵاتی کوردی هیچ هەنگاوێکی تری خـاترانەیان بۆ دەنێ یان نـا؟ مـەترسـی لـەوەدایە ئـازادیی رادەربڕین لـە چرکـەیەکـی

مجامەلەدا بکرێ بەقۆچی قوربانیی پاراستنی پیرۆزییەکان.

ئاینپارێزی بەو شێوەیەی لەم ماوەیەدا مەلاکان و حزبە ئیسلامییەکان لە پشتیانەوە داوای دەکەن، لە هەموو کۆسپێکی تر گەورەترە لە پێش ئازادیی رادەربڕین، لەبەرئەوەی هەمووده‌م دەشێ بەناوی پارێزگاری لە پیرۆزییەکانەوە رێ لە هەر بیروباوەڕێک بگیرێ و دەمامک بخرێتە دەمی هەر کەسێکەوە کە بیەوێ چوارچێوەی کولتوورێکی باو بشکێنێ؛ لەبەرئەوەی پیاوانی ئاین رێ بەخۆیان دەدەن دەم لە هەموو شتێکەوە بژەنن: هەر لە نووسینەوەی مێژوو و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و شیکردنەوەی ئەدەب و هونەر و باسکردنی مافی مرۆڤەوە بگرە تا دەگات بەقسەکردن لەسەر زانستە رووتەکانی وەک فیزیا و کیمیا و بایۆلۆجی، کە هیچ پێوەندییەکیان بەئاینەوە نییە. ئەوان دەتوانن لە رێی سەپاندنی بنەمای "رێزگرتن لە پیرۆزییەکان"ەوە، رێ لە هەموو پێشکەوتن و نوێخوازییەک بگرن لە هەر بوارێکدا بێ.

دەبێ بزانرێ ئەوەی داوای پاراستنی پیرۆزییەکان دەکات، دەیەوێ رێگەی پێ بدرێ لەم پەنایەوە بەکەیفی خۆی سەرکوتینەوە بۆ ئازادیی لە دنیاڕوانین و ئازادیی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە کێشەکانی کۆمەڵ و دۆزینەوەی چارەسەریان، بکات. ئەو کەسە دەیەوێ بەناوی ئاینەوە مێشکی خەڵک قفڵ بدات و گەوجیان بکات تا جەستەیان ببێ بەپەیژە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. بەلای ئەوەوە، باسکردنی مەلایەک ئەگەر زۆر جاهیلیش بێ، یان ناوهێنانی سەرکردەیەکی حزبی ئیسلامی ئەگەر هەموو دنیاشی کردبێ بەقەسابخانە، سووکایەتیکردنە بەخوا و بەپێغەمبەر. لەبەرئەمە، کۆکردنەوەی ئازادیی رادەربڕین و رێزگرتن لە پیرۆزییەکان لە یەک چوارچێوەدا، کۆکردنەوەی دوو دژی لەناوبەری یەکترە و هەڵبەت ئازادییەکەشە کە دواجار دەدۆڕێنێ. حزبی کوردی یان ڕۆشنبیری کورد، بەکۆکردنەوەی ئەم دوو دژە و پاراستنی هەردووکیان لە یەک کاتدا، بیانەوێ و نەیانەوێ خزمەتی ئیسلامی سیاسی دەکەن. لەبەرئەوەی ئەمە واتە، رەخساندنی دەرفەت بۆیان تا لە سەرکوتینەوەی ئازادیی رادەربڕین و هاندانی عەوام دژی ڕۆشنبیران و

بەمولحید و هەڵگەڕاوە دانانیاندا، دەستکراوەتر بن، وەک ئەوەی لەم ماوەیەدا بەبێ شـــەرم کـــردیان. راســـتی ئەوەیە، ئـازادیی ڕادەربـڕین و ڕێزگـرتن لە پیرۆزییەکان، دوو سەنگی هاوکێش نین تا بخرێنە دوو تای یەک تەرازووەوە.

حزبی ئیسلامی لە حزبی کوردەواری باشتر پەی بەم راستییانە دەبات نەک لەبەرئەوەی باشتر لە دنیا تێ دەگات، نا، لەبەرئەوەیە کە هیچ کێشەی نییە، بێ خەم دانیشتووە و بۆ خۆی خەیاڵ دەهۆنێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانج. ماندوو نییە و هیچ چرکەیەکی کاتی خۆی بەفیڕۆ نەداوە بۆ بنیاتنانەوەی وڵات یان چارەسەرکردنی کێشەیەک. لەو کاتەی کە حزبی خۆماڵی هەزار و یەک کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەستیان گرتووە، هەر لە کێشەگەلی چارەنووساوییەوە بگرە تا دەگات بە وردایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ئا لەو کاتەدا حزبی ئیسلامی لە هەل دەگەڕێ مەرج بسەپێنێ.

حزبی ئیسلامیی کوردی ئەگەر نیشتمانپەروەریی تێدا هەبوایە، ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا، هەڵدەگرت بۆ وادەیەکی داهاتوو، واتە بۆ ئەو کاتانەی کە کێشە چارەنووساوییەکان ساغ دەبوونەوە؛ واتە بۆ ئەو دەمانەی ئەزموونی کوردستان لە خەم دەرەخسا. ئیتر ئەو کاتە مافی خۆی دەبوو بەرۆکی بگرێ و لەسەر هەر شتێکی بیویستایە گێچەڵی پێ بکات. ئەوە ئەزموونی پڕ لە سەروەریی بەشێکی حزبە چەپەکانی دنیابوو کەوا لەو کاتانەی وڵاتەکانیان دووچاری هەڕەشەی دەرەکی دەبوونەوە، ئەوان خەباتی چینایەتیی خۆیان دەوەستاند. شۆڕشی کوردستانیش لە کاتی شەڕی عەرەب و جوو لە ١٩٦٧، پێکدادانی خۆی لەگەڵ سوپای عێراقدا راگرت. بەڵام حزبی ئیسلامیی کوردی، دێ لە سەروبەندی کێشەی کەرکووکدا تەنگ بەدەسەڵاتی کوردی هەڵدەچنێ و داوای ڕێ پێدانی سەرکوتینەوەی ئازادیی بیروباوەڕی لێ دەکات تا ڕۆشنبیران ڕۆڵیان نەمێنێ لە پشتیوانیی ئەزموونەکەدا. حزبێک پێناسەیەکی نیشتمانپەروریی هەبێ بەم شێوەیە و لەم تەنگەڵانەدا دەسەڵاتی خۆماڵی بەم شێوەیە لە قاف ناگرێ. "لە قاف گرتن" پلانێکە لە ئاست دوژمندا

بەکاردێ نەک لە ئاست دۆست.

بەکورتی و بەپوختی، حزبی ئیسلامیی کوردی زۆر بەپەلەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆماڵی، چی تر لەو نێوانەدا کات بەسەر نەبات و خۆی ساغ بکاتەوە بەلایەکدا، یان عەلمانی بێ یان سەلەفی. دەشزانێ ئەنجام ئەوەیە بەلای عەلمانییەتدا ساغ دەبێتەوە. ئیتر ئەو کاتە "بەبۆچوونی ئەو" شەڕکردنی ئاسان دەبێت. ئەمەش بێگومان هەڵوێستێکی مێرانە نییە لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا، جا چۆن چاوەڕێی هەڵوێستی مێرانەیان لێ بکرێ؟

باشە کێ دەڵێ وایە و بەساغبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی لەسەر عەلمانییەت، زەوی تەختتر دەبێ بۆ شەڕ لەگەڵی و کورسییەکەی ئاسانتر دەگیرێ؟ لەوانەیە ئەمە هەڵسەنگاندنێکی ساویلکانە و بێ قووڵبوونەوە بێ. عەلمانییەت، سیاسەت و کولتوورێکی دژ بەئاین و پیاوانی ئاین نییە تا سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ شەڕ لەسەر کورسیی دەسەڵات. پێشێلکردنی ئەو شتانەش نییە کە بەپیرۆز ناو دەبرێن. بەکورتی و لە یەک ڕستەدا، عەلمانییەت دوورخستنەوەی ئاین و مەلای مزگەوتە لە دەستێوەردانی کاروباری دەولەتدا؛ دوورخستنەوەیانە لە پێشێلکردنی یاسا لە پەنا دروشمی ئاینپارێزییەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا عەلمانییەت باشترین هەلومەرجی ڕێزگرتن لە پیاوانی ئاین دەخولقێنێ و دەیانباتەوە ئەو شوێنەی شیاوی خۆیانە. لە سیستەمی عەلمانیدا سوودمەندی هەرە گەورەش ئاین و پیرۆزییەکانی ئاین خۆیان دەبن، لەبەرئەوەی رزگاریان دەبێ لە گەمە پێکردن و بەکارهێنان بۆ ئامانجی ناڕەوا.

رووداو ١٢ لە ٢٠٠٨/٦/٢٣

## بێ تورکمان کەرکووک بۆ کوردستان نابێ

ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، بەبۆچوونی من "هەڵەیەکی باش"ی کرد کە یاسایەکی پەسند کرد بەدژی ویستی کورد لە پرسی کەرکووکدا. راستە ئەم دەست پێشخەرییەی لایەنگەلی سیاسیی عێراق کارێکی لە چاوەڕوانی بەدەر

نەبوو، لەبەرئەوەی لەدوای رووخانی رژێمی عێراقەوە لە ٢٠٠٣ وردە وردە بۆ هەموو لا دەرکەوت ئەوانەی کاتی خۆی لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنیدا بەڵێنی پرسی کوردستانیبوونی کەرکووکیان بەکورد دەدا، هەڵگەڕاونەتەوە. ئەنجوومەنی نیشتمانی "هەڵەیەکی باش"ی کرد لەبەرئەوەی کوردی ناچار کرد لەو خەوە خۆشە بەئاگا بێتەوە کە پێی وابوو لەم رۆهەڵاتی ناوەڕاستەدا شتێک هەیە پێی دەگوترێ دەستوور و جێبەجێش دەکرێ، یان پێی وابوو بەگرێدانی هاوپەیمانیی سیاسی، جارێک لەگەڵ شیعە و جارێکی تر لەگەڵ سوننەدا، تەکتیک و دەهۆی سیاسی بەڕێوە دەبات.

کورد کە بەدرێژاییی مێژوو هەر فێڵی لێ کراوە و بەردەوامیش شانازیی بەوە کردووە کەوا بەپیلان لێیان بردووەتەوە، خۆشبەختانە ئەمجارە دەرفەتی ئەم "شانازی"یەی نابێ، لەبەرئەوەی پیلانەکەی کۆمەڵەی نیشتمانی، سەرکەوتنی نیوەچڵی بەدەست هێنا و کورد هێشتا دەرفەتی ئەوەی هەیە ئەو سەرکەوتنە نیوەچڵە لەبار بچوێنێ بەمەرجێک وریای ئەوەبێ جارێکی تر بەپشت بەستن بەبەڵێنی خۆشکەڵە و بۆشکەڵە، کات بۆ بەرامبەرەکەی درێژ نەکاتەوە. بێگومان باوەڕکردن بەهەر بەڵێنێک بەکورد لەلایەن ئەوانەی دەنگیان دا بەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، حەزکردنە بەدۆڕاندنەوەی کەرکووک و رەنگە ئەمجارەش تا هەتایە بێ.

بۆیە، ئاخۆ دەبێ کورد چی بکات بۆ ئەوەی دیسان هەل نەفەوتێنێ؟ هەرچەندە زۆر کەس لەو باوەڕەدان ئەگەر کورد لە پرسی گێڕانەوەی ئەو شارەدا سوور بوایە، ساڵی ٢٠٠٣ هەلی نەدەفەوتاند، لەبەرئەوەی ئەو کاتە هەڵوێستی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بەجۆرێک نالەبار بوو، بەهیچ جۆر ئیمکان نەبوو هێزەکانی تورکیا رێی دەست تێوەردان لە کاروباری عێراقیان هەبێ. بەهەر حاڵ ئەمە چوو. یان هەندێکی تر دەڵێن کورد نەدەبوو رێ بدات ئەو پرسە بخرێتە ریفراندۆمەوە وەک لە مادەی ١٤٠دا هاتووە، لەبەرئەوەی کورد بەم رازیبوونە، نیوەی گرەوەکەی دۆڕاند. هەندێکی تریش دەڵێن هەڵەبوو کورد حەزی کرد نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ناو پرسی کەرکووکەوە

لەبەرئەوەی بەمە نیوەکەی تریشی لە گرەوەکە دۆڕاند، پرۆژەکەی دیمستۆرا وەک خۆی دانی پێدا دەنێ پرۆژەیەکی نیمچە سیاسی و نیمچە دەستوورییە، وا دیارە ئەو پیاوەش لەو راستییە ئاگەدارە کەوا ئەو شتەی لە دەستووردا هاتووە جێبەجێ ناکرێ. با واز لەو گومانانە بێنین کە وا دەبینن کورد لە مەیلی وەرگرتنەوەی کەرکووک ساردبووەتەوە، با بێینە سەر ئەوەی رێگەچارەی هەرە گونجاومان چییە لەم دووڕیانەدا؟

ئەو شتەی ناوم نا "هەڵەیەکی باش" ئەوەیە کورد لە دوای ئەو یاسایەی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە، ناچارە لە پرسی کەرکووکدا زیاتر راشکاوانە رووبەڕووی لایەنگەلی سیاسیی عێراق ببێتەوە. لەم رووبەڕووبوونەوەیەشدا: یان ئەوەتا ئەو یاسایەی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵدەوەشێتەوە و یاسایەکی تر دەردەچێ کە جووت بێ لەگەڵ ئەو دەقەی لەبارەی کێشەی کەرکووکەوە لە دەستووردا هاتووە، بەمەش کەرکووک لە پرۆسەیەکی ئاساییدا دێتەوە پاڵ کوردستان وەک سەرکردایتیی کورد لە سەرەتاوە خەونی پێوە بینیوە و خۆی بۆ داناوە، یاخۆش دەست پێبوونی کاری توندوتیژی لە شارەکەدا، نێزیک دەبێتەوە. لە هەردوو ئەم شیمانەیەشدا، واتە لە گەڕانەوەی کەرکووک بەخۆشی یان بەناخۆشی، رۆڵی دانیشتوانی شارەکە و دانیشتوانی تەواوی پارێزگاکە رۆڵێکی یەکلاییکەرەوەیە.

جێی سەیر پێهاتنە ئەم هەموو دانوستاندنە لەگەڵ بەغدادا هەیە و لەگەڵ کەرکووک خۆیدا نییە؟ برایەتی و تەبایی لە نێوان کورد و تورکمان و پێکهێنەرەکانی تری کەرکووک و بەهەشتی رازاوەی داهاتوو، دەبوایە لە زووەوە دەستی پێ بکرایە نەک وەک پاداشتی رۆژی زیندووبوونەوە کە کەس نەزانێ دێ یان نایێ. تورکمان چۆن دڵنیابن لە رەفتاری زۆرینەی کورد لەو شارەدا، کە بەچاوی خۆیان دەبینن لە عێراقدا عەرەبی زۆرینە لە ئاستی کوردی کەمینەدا چەند بێ بەڵێن و نیسکانەیە؟ یان بۆ نموونە با وای دابنێین لە پرسی کەرکووکدا دەست تێوەردانی دەرەکی لە گۆڕێدا نییە و تورکیا بێلایەنە، ئاخۆ دەکرێ ئێمە دڵی تورکمانمان بۆ خۆمان رانەکێشابێ و

بەهیوای گەڕانەوەی کەرکووکیش بین؟

نکوڵی ناکرێ کەوا تورکمانەکان بەشێکی گەورەن لە پێکهاتەی ئەو شارەدا، بەشێکی رەسەن و مێژووییش. ئەمانە جیان لە زۆرینەی عەرەبی شارەکە کە رژێمی پێشوو بەخەڵەتاندن و فریودان هێناونی و رەنگە زۆریشیان مەیلیان لەوە نەبێ چارەنووسی خۆیان بەداهاتووی شارێکەوە گرێ بدەن کە هەڕەشەی پێکدادان لە نێوان پیکهاتەکانیدا لە ئارادایە و بۆ ئەوانیش ئەو شارە نەزێدی باووباپیرانە و نەهیچ، تا قوربانیی بۆ بدەن. ئەگەر لە سەرەتاوە حکوومەتی عێراقی فیدرال هاوکار بوایە لە گێڕانەوەی ئەمانە بۆ عێراقی عەرەبی، بێگومان ئێستا زۆربەیان ڕۆیشتبوون. لە داهاتووشدا ئەگەر کاری توندوتیژی لە کەرکووکدا ڕوو بدات، ئەمانە زۆربەیان لە یەکەمین ڕۆژدا هەڵدێن. بەڵام هەرچی تورکمان و کریستیان و عەرەبە رەسەنەکانە، ئەمانە بۆ کورد لە دڵ راکێشان و مەرایی بۆ کردن بەولاوە رێگەچارەی تر نییە کە دەبێ بیکات لەگەڵیاندا.

سەرکردایەتیی کوردی و شەقامی کوردی لەوە نیگەرانن کە بەشێک لە تورکمانەکانی کەرکووک گوێ بۆ تورکیا شل دەکەن یان فەرمان لە میتی تورکەوە وەردەگرن. ئەمە پاساوێکی نابەجێیە بۆ پشتگوێ خستنی تورکمان، لەبەرئەوەی لە ناو گەلی کورد خۆی و لە ناو هەرێمی کوردستاندا ئەو حزبە ئیسلامی و کوردییانەی سەر بەوڵاتانی دراوسێن و هەندێکیان فەرمان لە دەرەوە وەردەگرن، زۆر بەهێزترن لە بەرەی تورکمانی. ژمارەی لایەنگرەکانیشیان چەندان جار ئەوەندەی لایەنگرانی بەرەی تورکمانییە، زۆر جاریش لە کاری تیرۆریستانەدا دەستیان هەبووە. تورکمانەکان ئەوەندەی سەرکردە بناوانڕۆیەکانی ئیسلامی، دژی نەتەوایەتیی کوردی و ناوی کوردی و سرووده نەتەوەییەکانی کوردی نین. بەڵام کورد ئەمەی دووەمیانی قەبووڵ کردووە و دەشیەوێ تەقەی لێوە نەیەت.

بۆیە و بەجەختەوە، بێ نێزیکبوونەوە لە تورکمانەکان و گوێ شلکردن بۆ خواستەکانیان، کەرکووک نەئەمرۆ و نەسبەی بۆ کوردستان نابێ.

بەپێچەوانە، نەرمینواندن و پێدانی مافی کارگێڕی بەتورکمانەکان جا ئۆتۆنۆمی یان هەرچییەکی تر ناوی بێت، یان پێدانی پۆستی گەورەی وەک جێگری سەرۆک وەزیران "با بڵێین" یان ژمارەیەک لە کورسیی پەرلەمان و دەسەڵاتی کارگێڕی تەنانەت زۆرتریش لەوەی مافیانە، نیشانەیەکە بۆ پێکەوەژیانی برایەتی لە داهاتوودا کە خۆمان زۆری بانگەشە بۆ دەکەین. تورکمان و کریستیانی کوردستان هەرچییان هەبێت لەم کوردستانەدا، لەبەرئەوەی ژمارەیان لە چاو کورددا وردە، هیچ مەترسییەکیان نییە و کورد بێ پاساو لەم پرسانەدا نیگەرانە. بەبەراورد لەگەڵ ئەمەدا، داهاتووی کوردستان زیاتر لەبەر هەڕەشەی رەوتی بناوانرۆی ئیسلامی سیاسی و کولتووری بەرەودوا گەڕاوەی ئاینیدایە. بەمانەی دوایی نەک تەنیا کەرکووک، بگرە کوردستانیشمان بەتەواوی دەڕوات.

رووداو ١٨ لە ٢٠٠٨/٨/٤

# بابەتگەلی زمانەوانی و ڕۆشنبیری

## زمانی کوردی و دیموکراسی

لە ڕۆژانی ١٦-١٧ی ئاداری ٢٠٠٦ فیستیڤاڵی زاراوەی کەڵهوڕمان لە هەولێر ئەنجام دا. کەڵهوڕ یەکێکە لەو چوار دیالەکتە سەرەکییەی زمانی کوردییان پێک هێناوە. مێژوونووسان و پسپۆڕانی زمانی کوردی لەسەر ئەوە ڕێکن کە زمانی کوردیی ئەمڕۆ لە چوار دیالەکت یان زاراوەی سەرەکی پێک دێت: کرمانجیی سەروو، کرمانجیی خواروو، گۆران کە لە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێراندا پێی دەگوترێت هەورامی و لە کوردستانی تورکیادا پێی دەگوترێت زازا. چوارەمیش زاراوەی کەڵهوڕە کە لە ناوچەیلی کرماشان و ئیلام "لە کوردستانی ئێران" و خانەقین "لە کوردستانی عێراق" قسەی پێ دەکرێت. ئاخێوەرانی زاراوەی کەڵهوڕ، وەک ڕۆشنبیرانی خۆیان دەڵێن نێزیکەی ٣ ملیۆن یان ڕەنگە ٤ ملیۆنیش بن. لە ڕاستیدا ئامارێک لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەمە بەڵام بەمەزەندە و بەگوێرەی سەرژمێریی ناوچە کەڵهوڕنشینەکان ژمارەیەکی نێزیک لەو ژمارەیەی سەرەوە دێتە بەر چاوی خەیاڵ.

لە سەروبەندی ئەو فیستیڤاڵە و پاشتریش، زۆرجار ئەو پرسیارە کرایەوە: بۆچی کەڵهوڕ لەم دەمودەستەدا؟ ئاخۆ هاندەرێکی سیاسی لە پشتی ئەم کارەوە هەیە؟ یان چییە؟ ئەوەی ڕاستی بێ دەزگای ئاراس کە ئەم کارەی ئەنجام داوە دەزگایەکی کولتوورییە. دەزگا کولتوورییەکان بۆ ئەوەی مانەوە و ناوبانگی خۆیان بپارێزن دەبێ لە بەرنامەی سیاسییەوە دوورەپارێز بن. هەرچەندە هەموو کارێکی ڕۆشنبیری بەهەر بارێکدا لێکی بدەیەوە لچکێکی هەر دەچێتەوە سەر سیاسەت. ئەی کەواتە مەسەلەی کەڵهوڕ چی بوو؟ لێرەدا هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە و هەندێک شتی تر بدەمەوە کە لەمێژەیە هەڵم گرتبوون بۆ هەلێکی وا.

دەزگای ئاراس یەکێکە لە هاوکارە نێزیکەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان. کۆڕ بەپێی یاسا، دەزگایەکی پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری زمانی کوردی

بەپلەی یەکەم و ئینجا لە بوارەیلی ئەدەب و مێژوودا. زمان بڕبڕەی پشتە لەو یاسایە و تەنانەت ئەگەر راستیت دەوێ کۆڕ هەر بۆ ئەوە دامەزراوە کار بۆ زمانی کوردی بکات. کۆڕ چی کردووە یان نەیکردووە باسێکی ترە، دواتر دێمەوە سەری. ئەو کێشەیەی ئەمڕۆ هەیە ئەوەیە زمانی نەتەوەیی یان زمانی یەکگرتوو گەورەترین کێشەی سیاسی و رۆشنبیری و پەروەردەییە بۆ نەتەوەی کورد. ئەگەر منداڵی کورد، دەوڵەتی کوردی و کوردستانی سەربەخۆ بەخەون و خەیاڵ بزانێ یان بەئامانجێکی دوورەدیمەنی دابنێ کە هەڵگیراوە بۆ کاتێکی ناونەبراو، ئەوا نەبوونی زمانی یەکگرتوو بەکێشەیەکی نەشیاو بۆ هەڵگرتن دادەنێ، چەندی زوو بێتەدی درەنگە.

ئەگەر شوونهەڵگر (متتبع) سەیرێکی گۆڕپانی رۆشنبیریی کوردی بکات دەبینێ لەبارەی زمانی یەکگرتووەوە هیچ باس و خواسێک نییە. زمانی یەکگرتوو وەک بەردی بن گۆم وایە و بێ سۆراغە. لەوە دەچێ کەس ئاگای لێ نەبێ کە خەریکە ئەوەی مێژوو و ناحەزان پێیان تەواو نەکرا وا ئێمە بەدەستی خۆمان خەریکە تەواوی دەکەین. من لە سایەی گوێگرتن و تێکەڵاوییەوە، باش لە ئاخاوتنی بادینی حاڵی دەبم بەڵام جاری وا هەبووە کە گوێم لە دەنگوباسی رادیۆ یان تەلەفزیۆنێکی ناوچەیی لە دەڤەری دهۆک گرتووە هەستم کردووە دوورکەوتنەوەیەک لە زمانی نوێی کوردی رووی داوە. ناوی وەزارەتێک هێندە جیایە مەگەر بەناوهاتنی وەزیرەکە بزانمەوە باسی کام وەزارەت دەکرێ. هەڵبەت هاووڵاتییەکی دهۆکیش هەمان کێشەی لەگەڵ بەلاڤۆکی دەنگوباسی شارەکانی هەولێر و سلێمانیدا هەیە. باشە ئەمە چ پێوەندییەکی هەیە بەپرسیارەکەوە؟ ئاخۆ ئەوەی بۆ زاراوەی کەڵهوڕ کرا هەنگاوێکی تر نییە بۆ ئەو دوورخستنەوەیەی من لێی لارم. وایە و واش نییە. چۆن؟

دەزگای ئاراس لە سەرەتای دامەزرانیەوە بێزاریی نەبووە لە بڵاوکردنەوە بە هەموو دیالەکتەکانی کوردی. "نادرنامە"ی ئەڵماسخانی کەڵهوڕ یەکێکە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی دەزگای ئاراس و ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کراوەتەوە. بەرهەمێکی ئەدەبی کلاسیکە بەزاراوەی کەڵهوڕ. هەروەها "فەرهەنگی

باشـوور" کـە پار بڵاوکـرایەوە. بڵاوکـردنەوە بەشـێـوەزارە جـیـاوازەکـان و بایەخدان بـەکولتووری ناوچەیی یـەکێک بووە لە کارەکانی ئاراس. من لام وایە هەموو شێوە ئاخاوتنەکانی کوردی جا چ گەورەبن یان بچووک دەبێ وەک چەم و جۆبار و جـۆگەلە بڕێژنە رووبارێکی گشـتـیـیـەوە کـە ئەو رووبارە گشـتـیـیـە زمـانـی یەکگرتووی داهـاتوومـان دەبێت. ئێـمـە لە رووی بڕوا پـێـبـوونەوە ئەم کـارەمـان کـردووە. زۆر بەرهـەممان بەکـرمـانجـیـی سـەروو بڵاوکـردووەتەوە، هەروەها بـەدیالەکـتی هەورامـیش. دەزگـای تر هـەیە لە کـوردسـتـان هـێندەی ئاراس کـاری کردووە بەڵام تەنیـا بە زاراوەی کرمانجیی خـواروو "سـۆرانی" و تاکـە یەک بەرهـەمـیـشـی بـەزاراوەگـەلـی تر نیـیـە. ئەمـە جـیـاوازیی بۆچوون و رامانێک دەردەخـات کـە لە بارەی زمانی نەتەوەیییەوە هـەیە بێ ئەوەی کـەسمان باسی بکات.

پرەنسـیـپـەکـەی ئێـمـە ئەوە بووە مـادام زمـانی یەکگرتـوو نیـیـە مـافی ئەوەش نیـیـە رێگە لە خـەڵک بگرین بەزمـانـی ناوچـەیی بنووسن و بـخـوێـنن. نەک هـەر ئەوەندە بگرە رێگەمان بەرەو زمـانـی یـەکگرتوو ئەوەیە ئەوەی هـەمـانە لە شـێـوە ئاخـاوتنە ناوچـەیـیـەکـان زیندووی کـەینەوە تا ببن بەسـەرچاوەی زاراوەگـەل (مصطلحـات) بۆ زمانە چاوەڕوانکراوەکە. بەڵام ئەم کارە ئەگەر بەبێ بەرنامە بکرێت ئـەنجـامی پـێـچـەوانەی دەبێت و زیـاتر لە یەکـتـر دەترازێین وەک ئەوەی ئێستا هەیە.

کۆمـەڵگە دواکـەوتـووەکـان ئەمڕۆ لە هـەمـوو دنیـادا گـیـروگرفـتـێکی ناوکۆ و هـاوبەشـیـان هـەیـە، ئەویش گـیـروگرفـتـی دیموکراسـیـیـە. کۆمـەڵی کـوردەواری پلـەیەک لە خــوار کـۆمــەڵگە دواکـەوتـووەکـانەوەیە، لەبەرئـەوەی کـوردەواری گیروگرفتی دووەمیشی هـەیە کە نەبوونی زمـانی هـاوبەشـە. ئەمەش بۆ داهـاتوو ئەنجامی خراپی دەبێت و ڕۆژێک دێت باسی ئەوە بکرێت ئاخۆ ئێمـە بەڕاستی یەک نـەتەوەین؟ ئەگـەر وایە ئەی کـوا زمـانـی هـاوبەشــمـان؟ نـەبوونی زمــانی هـاوبەش واتـە نەبوونی کـولتـوور و داوونـەریتی هـاوبـەش، لەم سـەردەمــەشـدا داوونەریتی هـەرەگـرینگ: دیمـوکـراسی و کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانیـیـە کـە

ئەندامەیلی کۆمەڵگە فرە بەیەکەوە دەبەستێ. سەرهەڵدانی کێشەی نەبوونی زمانی نەتەوەیی لە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی شارستانی و دیموکراسیدا دەبێ هەڵوەستەیەکمان پێ بکات. ئاخۆ ئەگەر هەموو پرسگەلی نەتەوە و گەل و برکە مرۆڤێک لەم سەردەمەدا "سەردەمی دیموکراسی" بەناچاری ڕێگەی خۆی بۆ دەنگی تێکڕایی بباتەوە، بۆ نابێ بیر لەوە بکەینەوە پرسی زمانیش یەکێک بێ لەو پرسانە و پێویست بێ لە بڕیار لێدانیدا مافی سەرجەم تاکەکانی ئەو گەلە لەبەرچاو بگیرێت؟ هەبێ و نەبێ پێویستە لە سەردەمی نوێدا، کێشەی زمانی کوردی بەشێوەی دیموکراسی چارەسەر بکرێت مادامەکی ئەم کێشەیە لەمەوپێش بەچارەسەر نەگەیشتووە. هەڵبەت دەبێ زمانی نەتەوەیی گەلانی تر زۆریان لە سەرەتادا زمانی کەمینەیەک بووبن نەک زۆرینەی ئەو گەلە.

ئەمڕۆ کورد زمانێکیان نییە بۆ نووسین و خوێندن. لە مێژووی کۆنیشدا کورد ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەوت تا زمانی یەکگرتوویان هەبێ. ئاینێکیان نەبوو بەزمانی خۆیان تا وەک عەرەب زمانی یەکگرتوویان بۆ دروست بکات. دەوڵەتیان نەبوو تا وەک ئینگلیز و رووس و تورک شێوەزمانێک بکات بە زمانی هاوبەش و ناوکۆیان. هەروەها وەک فارس و ئیتاڵییەکانیش ڕۆشنبیری گەورەی وەک حافز و سەعدی و دانتێیان تێدا هەڵنەکەوت تا زمانی شاکارەیلی وەک شانامە و گولستان و کۆمیدیای خواوەندی ببن بە زمانی سەرتاسەری. ئێستاش هیچ یەکێک لەمانە بەدەردی سەردەمی ئەمڕۆ ناخۆن و سەپاندن باوی ئێستا نییە. ئەی کەوابێ چارەسەر چییە!

پێش ئەوەی باسی چارەسەر بکەین حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کورد هەموو شتێکی لە دوای خەڵکەوەیە. رەنگە دەوڵەتی کوردی لە سەردەمێکدا لە دایک ببێ هیچ تامی تێدا نەمێنێ. یان ڕۆڵەکانی داهاتوو سەریان سوڕ بمێنێ کەوا وەچەگەلی پێش خۆیان هێندە بۆ دروستبوونی دەوڵەت تێ کۆشاون و ئەو هەموو خوێنەشیان بۆی داوە کەچی پێشی نەگەیشتوون. مەگەر ئەوە نییە ئێستە باوی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دنیای پێشکەوتوودا بەرەو کزی دەچێت و

لەم چاخـەدا چی تر زمـان نیـیـە کـە بڕبڕەی پشـتی یەکـەتیی گـرووپگەلە مـرۆڤـیـیـەکـانـە و دەیانکات بـەنەتەوە، بگرە پرەنسـپی تری وەک داوونەریتی هاوسـەردەمـانەی لـە جۆری کولتووری هاوبەش و یەکترتەواوکردنی ئابووری بوونەتە بنەمـای نەتەوەیی. ئەی ئەوە نییـە یەکـەتیی ئەوروپا کـە یەکـەتییـەکی ئابووری و کـولتـوورییـە، نەتـەوایەتییـەکی تازەی لە نێـوان چەندان نەتەوەی کلاسیکدا دروست کردووە. نەتەوایەتی بۆ خۆی ئینتیمایە. ئوممەی ئیسلام بۆ خۆی نەتەوەیەک بـووە. تا سـەردەمانێکی نێزیک "دوادوای سـەدەی ١٩" ئیسلام وەک ئاین، خـۆی ئینتـیـمـا بوو بـۆ گـەلانی مـوسـڵـمـان نەک زمـانی هـەر یەک لەو گەلانە. بـەڵام ئەمڕۆکە دنیا گۆڕاوە. ئێـسـتـا تورکـەکان هێندە بـەپەرۆشن بۆ چوونە ریزی یەکەتیی ئەوروپا و مەگیرانی و بێزوو بەوە دەکەن ببن بەئەندامێک لەو بارسـتـە مرۆڤییە تازەیەدا، کەچی هـەزار یەکی ئەوە بیـر لە یەککگرتن لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای ناوەند ناکەنەوە کە لە خوێن و گۆشـتی خۆیانن و بەزمانی خۆشیان دەدوێن.

با بێینەوە سـەر پرسـی زمانی یەکگرتوو. لەبەرئەوەی ئەمە پرسێکە بۆ ئەمڕۆ دوواخـسـتن و پشـتگوێ خـسـتن ناپەژرێنێ. بڕێک لە ڕۆشنبـیـرانی کـورد لەو باوەڕەدان کـە زاراوەی کـرمـانجـیی خـوارووی تا ڕادەیەکی باش چەسـپـیـوە و خـزمـەتیش کراوە. ئەم زاراوەیە لە سـەردەمی مـیـرنشـینی بابانەوە لە سـەدەی نۆزدەیەم تا ئێـستـە بـەردەوام ئەدەبیاتی پـێ نووسراوە. نالی و سـالم و کوردی ڕچەیەکـیان کردەوە خـۆشبـەختـانە دوای خـۆشـیـان کوێرنەبووەتەوە و درێژەی هەیە. دوای برانەوەی شـەڕی یەکەمی جیهانیش لە ١٩١٨دا ئەم زاراوەیە بووە بە زمـانی ڕۆژمـانەوانی. لـە دوای دامـەزراندنی کـۆمـەڵەی نەتـەوەکـانیـش لە ١٩٣٣وە خـوێندن لـە قـوتابخـانەکـانی کـوردسـتـانی عـێـراقـدا، هـەرچـەند پچـڕپچـڕیش بووبـێ، هەبووە تا سـاڵی ١٩٧٠ و لەوێشـەوە بەبڕیاری بارزانیی نەمر سـەرکردەی شۆڕشی کوردستـان ئەم زاراوەیە کرا بەزاراوەی خـوێندن و نووسـینی سـەرتاسـەری، هـەرنەبێ بۆ کـوردسـتـانی عـێراق. بەڵام دەسـەڵاتی شـۆڕش لە بواری پەروەردەدا تا ١١ی ئاداری ١٩٧٤ درێژەی کـێـشـا. ئیـتـر

ئەوەبوو شەڕ لە نێوانی کورد و ڕێژیمی عێراقدا هەڵگیرسایەوە و پرۆسەکە نیوەچڵ مایەوە. ئەمڕۆ هەر چوار زاراوە سەرەکییەکە پێیان دەنووسرێ بەڵام هێشتاش هەندێک لە دەمارکرژانی سەر بە زاراوەی کرمانجیی خواروو پرسی زمانی یەکگرتوو بە سەرئێشە دەزانن. پێیان وایە زمانی یەکگرتوو دروست بووە و بڕاوەتەوە، کرماجی خواروو تەواوە و ئیتر ئەم مقۆمقۆیە چییە؟

برێکی تر لە ڕۆشنبیرانی کورد لەو باوەڕەدان کە زۆریی ژمارەی دانیشتووان دەبێ دادوەربێت. ئەوانەی بەکرمانجیی سەروو دەدوێن لە سەرژمێری سەرجەم سێ زاراوەکەی تر زیاترن. دەڵێن پرسەکە هەر زۆری و بۆریش نییە، ئەم زاراوەیە ئەدەبیاتی گرینگیشی پێ نووسراوە. مەگەر "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی شاکاری نەتەوەی کورد نییە؟ ئەدی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیش "کوردستان" لە ١٨٩٨دا هەر بەم زاراوەیە دەرنەچووە؟ ڕاستە ماوەیەکی فرە درێژ لە کوردستانی تورکیا و سوریا و ئێران ئەم زاراوەیە لە نووسین و پەرەسەندنی سەردەمانە دابڕا بەڵام کوردەیلی سۆڤیەت زۆر بەرهەمیان پێ نووسیوە. هەندێک کەس دەڵێن نێزیکەی ٧٠٠ کتێب بەم زاراوەیە لە ئەرمەنستاندا بڵاوبووەتەوە. ژمارەکە نیوەی ئەمەش بێ هەر زۆرە.

ئەگەر پرسەکە پرسی زۆریی نووسین یان کۆنینەیی بێت ئەوا دوو زاراوەکەی تریش قسەی خۆیان هەیە. کۆنترین ئەدەبیاتی کوردی بەزاراوەی کەڵهوڕ نووسراوە "چوارینەکانی بابەتایەری هەمەدانی". ناوچەی هەورامانیش بەدرێژاییی مێژوو لە ئەدەبیات بێبەش نەبووە، ئەگەر پرسەکە بەچەندایەتی بێت، ئەوا تا سەرەتای سەدەی بیستەم زۆرترین ئەدەبیات بە زاراوەی هەورامی "گۆرانی" نووسراوە و زۆرترین شاعیر لەم ناوچە شاخاوییەدا هەڵکەوتوون؛ ڕستێک کەڵە شاعیری وەک خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی و ڕەنجووری و کێ و کێی تر نموونەن.

بەم پێوەمان و پێوەرانە بێت ناگەین بەهیچ ئەنجامێک. ئەم بۆڵەبۆڵەش زۆر لەمێژەیە هەیە. سەیریش لەوەدایە کەس نایەوێ باسی زمانی یەکگرتوو بکات نەوەکا زیانی هەبێت، زیانی هەبێت بۆ چی و بۆ کێ؟ ئەم پرسە لە هەموو

سەردەمێکدا لە سوود بەولاوە شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە ئەگەربێو دوور لە دەمارکرژی و زەینکوێری بخرێتەڕوو. هەڵبەتە سیستەمی دیموکراسی بەر لە هەموو شت ئاشکرایی و لە رووداگوتن "شەفافییەت و موکاشەفە" لە نێوانی خەڵکدا دێنێتە کایەوە. منیش هەر لەم سەرگەیەوە (منطلق) بۆچوونی خۆم هەڵدەڕێژم. کاتێ لە دەم و دوامانی ئەو تەرزە ڕۆشنبیرانە ورد دەبمەوە کە باسی سەپاندنی زاراوەیەک دەکەن، زۆر جار دەگەمە ئەو باوەڕەی کە ئیتر زمانی یەکگرتووی کوردی بووە بەخەیاڵ و نایەتە دی. کار لە کار ترازاوە و کای کۆن بەباکردن نرخ و بەهایەکی نییە. لە سەردەمانی دێریندا کوردستان ڕۆشنبیری گەورەی تێدا هەڵنەکەوت. شاکاری وەک شانامە و گولستان و کۆمیدیای خواوەندی و دۆنکیشۆت بەکوردی نەنووسران تا جێی نەبوونی کتێبێکی پیرۆزمان بەزمانی کوردی بۆ بگرنەوە. ئەو سەردەمەش بەسەرچوو دەوڵەتە خەیاڵییەکەی کوردی بتوانێ بەدیکتاتۆرییانە دیالەکتێک بسەپێنێ و بیکات بەزمانی گشتی.

سەرباری ئەمانەش، کێشەکە تا دێت ئاڵۆز دەبێت. ڤێ گاڤێ لە هەموو کوردستاندا رێژەی خوێندەواری ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەمەش دەرفەتی کارکردن لەم بوارەدا هەستیارتر و دژوارتر دەکات. وا هۆیەلی راگەیاندن دەگەن بەگشت کونج و کەلەبەرێکی کوردستان و ئامێرگەلی وەک رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و مۆبایل سەریان کردووە بە هەموو پەناو پەسیوێکدا. لاوێک دەتوانێ بەتاقی تەنیا ڕۆژنامەیەک لە ئینتەرنێتدا بڵاو بکاتەوە و بەو شێوەزار و دیالەکتەی خۆشی دەیەوێ. چەند ماڵە کوردێک دەتوانن لە شارێکی ئەوروپادا داوای خوێندن بەزمانی دایک بۆ منداڵەکانیان بکەن و هیچ رێشیان لێ ناگیرێت ئەگەر شێوەزاری لادێکەی خۆیان لە "گەرمیان" یان لە "بەرواری"دا هەڵبژێرن بۆ ئەو مەبەستە.

ئەو یەک زاراوەییەی کە ساڵی ١٩٧٠ شۆڕشی کوردستان سەپاندی بەکۆتا هات. لەو پازدە ساڵەی پێشوودا هەر چوار دیالەکتەکە چ لە ناوەخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەیدا زۆریان پێ نووسراوە و هەر یەکەیان

بەئاراستەیەکدا بۆ خۆی گەشەی کردووە. بۆ نموونە: ئاور لێ نەدراوەترین زاراوە زاراوەی کەڵهوڕە و لە ناوچەیەک پێی دەدوێن کە هۆیەلی راگەیاندنی کوردیی تێدا سستە، بەڵام وێڕای ئەمەش دەیان ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و ئەکادیمی وا بەم زاراوەیە دەستیان داوەتە نووسین. "شامی کرماشانی" کە شاعیرێکی نەخوێندەوار بووە و بەئاخاوتنی گەلێری شیعری گوتووە، پێش بیست ساڵ ١٢٠ هەزار دانە لە دیوانەکەی – کە "چەپکەگوڵی" ناوە، لە کرماشان فرۆشراوەتەوە. باسی سەرهەڵدانەوەی کولتووری کوردی بە کرمانجیی سەروو لە تورکیا و ئەوروپا زۆر فرەوانە و لێرەدا جێی نابێتەوە. چەندان وەشانخانە لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە کار دەکەن و رەنگە دەوری هەزار کتێبیان وەشاندبێ. سەرەڕای دەزگای راگەیاندنی بەربڵاوی وەک مەد تیڤی کە بووژانەوەیەکی بێ وێنەی داوە بەزمانی کوردی بەتایبەتی لەو دەڤەرە پان و بەرینانەی بە کرمانجیی سەروو دەدەوێن. بۆ کرمانجیی خوارووش هەمان شت و بگرە زیاتریش لە هەردوو بەشی کوردستانی عێراق و ئێراندا. هەر ئەمەشە رەنگی داوەتەوە سەر بواری پەروەردە کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بە سێ رەوتی جیاواز لە رووی زمانەوە بەڕێوە چووە ئەویش لە ئەنجامی خاوبوونەوەی ناوەندیەتی و کرژبوونی ناوچایەتی. ئێستا لە هەر سێ پارێزگاکەدا سێ جۆر پرۆگرامی خوێندن هەیە. پرۆگرامێک لە پارێزگای دهۆک کە تەواو کرمانجیی سەرووە "شێوەزاری بادینانی". جۆری دووەم لە سلێمانی کە تەواو کرمانجیی خوارووە "شێوەزاری سۆرانی و بەتایبەتیش ئاخاوتنی شاری سلێمانی". ئەوەی سێیەم لە هەولێر کە هەوڵ دراوە نێوانرۆ بێت و تێک هەڵکێش بکات لە نێوانی دوو دیالکتەکەی کرمانجیی سەروو و خوارووددا. لە کەرکووک سەیر و سەمەرەیە، شەقامەکەی رەحیماوە بووە بە ناوبڕە. دوو جۆر پرۆگرامی خوێندن یەکیان هەولێری و ئەوی تر سلێمانی لەمبەر و لەوبەری شەقامەکە دەڕۆنە ڕێوە.

رەنگە یەکێک بڵێ ئەم شێوازی کارکردنە لە بواری پەروەردە لە پارێزگای

سلێمانی و دهۆکدا پاڵدەرەکەی تەنیا بەهێزبوونی پێوەندیی ناوچەیی نەبووە لە سایەی لاوازبوونی دەسەلات و پێوەندیی سەرتاسەریدا، بگرە نەبوونی ڕێگەچارەی بنەبڕکەر و یەکلاکەرەوەش هۆیەکی سەرەکییە، بەلام کەس خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێگەچارانە بەبەرپرس نەزانیوە و باسی زمانی یەکگرتوو لە دوای راپەڕین لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهاتووە. جگە لەمەش بۆچوونێک هەیە کراوە بەبنەوێی بانگەشەیەک کە دەڵێ منداڵ مافی خۆیانە بەزمانی دایک بخوێنن. لێرەدا تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە لە زاراوەی "زمانی دایک". زمانی دایک زمانی دایکی هەر یەکێک لە ئێمە نییە. ئەگەر وابێ دەبێ کورد یان عەرەب بەهەزاران شێوە پرۆگرامی خوێندن دابنێن. زمانی دایک واتە زمانی نەتەوەیی. ئایا منداڵێکی میسری بەزمانی دایکی خۆی لە قوتابخانە دەخوێنێ یان بەزمانی نەتەوەی عەرەب.

ئەگەر هەوڵیش هەبووبێ بۆ زمانی نەتەوەیی هەوڵی ساکار و بێ بەرنامە بووە. ساڵی ١٩٩٣ کاتێ کە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا بەشی کوردیی کردەوە، لە هەواڵەکاندا نۆرە دیالەکتی دەکرد. هەواڵێک بەکرمانجیی سەروو و ئەوی تر بەکرمانجیی خواروو. ڕەنگە ئێستاش وابێ. ئەمە ئەزموونێکی نوێ بوو. زۆر کەسم بینیوە کە ئەم شێوازەیان پەسند کردووە. دوای ئەمە کوردستان تیڤی لە ١٩٩٩ لاسای ئەم ئەزموونەی کردەوە. ئەو کاتە من خۆم پاڵپشتیم لەم کارە کرد، هەرچەندە دوای ماوەیەکی کەم لە کردەوە و مەشق بۆم دەرکەوت ئەم هەنگاوە بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتوو نییە بگرە هەوڵێکی چەوتە و ئەنجامەکەشی پێچەوانەی مەبەست دەکەوێتەوە ئەگەر نەخشەی بۆ نەکێشرابێت. لە باشترین حاڵدا ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە گوێگر هەردوو زاراوەکە تێ بگات، وەک چۆن دەشێ ئەو بەلاڤۆکی دەنگوباسە بەکوردی و ئینگلیزی بێت و گوێگری بەڕێزیش هەردوو زمانەکە تێ بگات. ڕەنگە هەواڵ نا هەواڵێکیش تێ بگات و ئەوی تر بەگوێز بۆ ژماردن بۆی حسێب بکرێت، یان بیکات بە کاتی پشوودان بۆ خۆی.

لەم ڕۆژانەدا قسەم لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی دهۆکیدا کرد کە لە پرۆژەی

باڵەخانەی ئاراسدا کار دەکەن. سەرەتا زۆربەیان هیچ شتێکم لێ حاڵی نەدەبوون. گوتم: بۆ تێ ناگەن؟ گوتیان: ئەمە یەکەمین جارە دێین بۆ هەولێر. گوتم: باشە سەیری کوردستان تیڤی ناکەن؟ گوتیان: بەڵێ سەیر دەکەین. پێ کەنین و گوتیان: سەیدا کوردستان تی ڤی تێکەڵ دەکات. سەرئەنجام دڵنیابووم کە بۆچوونەکەی پێش چەند ساڵم تەواو دروست بووە. شێوازی بەلاڤۆکی دەنگوباسی کوردستان تیڤی و رادیۆی دەنگی ئەمەریکا و کوردسات و رادیۆی نەوا "کە دوای ئەوان دامەزراوە" رەنگە ئەو نیشانەیە نەپێکێ کە سێرەی لێ گیراوە.

زمانی یەکگرتوو کارێک نییە بەسادەیی و هەڕەمەکی و بێ بەرنامە بێتە دی. نە کۆڕی زانیاری کوردستانی ئەمرۆ و نە کۆڕی زانیاری کورد "کە لە بەغدا هەبوو"، هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئەمە نییە و نەبوو. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی یان نەبوونی زمانەوانی پسپۆڕ و لێهاتوو. ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن هەندێکیان جێی بەزەیی پێ هاتن، لە یەک شێوە ئاخاوتنی کوردیی شارەکەیان یان گەڕەکەکەیان بەولاوە شتێکی تر لە کوردی نازانن. هەندێکیش بە شەڕە گەڕەکەوە خەریکن. پسپۆڕی زمانەوانی هەیە لەبەر شەڕ فریای پسپۆڕییەکەی ناکەوێ و هەر خەریکی تۆپبارانی خەستوخۆڵی حزب و سەرکردەی کوردییە. ئیتر لەم نێوانەدا کتێبخانەی کوردیش بووە کتێبخانەیەکی کلۆڵ لە گرتنەخۆی بەرهەمگەلێک کە لە باسە جدییەکانی زمانی کوردی بکۆڵنەوە. رۆشنبیری کورد کە بەزمانی گەڕەک دەنووسێ دەبێ شەرم بکاتەوە لەوەی باسی هەبوونی زمانی یەکگرتوو بکات. وەک ئەوەی ئەو چل ملیۆنەی فشەی پێوە دەکات هەمووی کوڕی گەڕەکی خۆیان بن.

هەڵبەت کە باسی زمانی یەگگرتوو دەکرێت مەبەست ئەوە نییە زمانێک پەیدا بکەین هەر "چل" ملیۆنەکە پێی بدوێن. ئەمە مەحاڵە و بۆ هیچ گەلێکی دنیا نەچووەتە سەر تا بۆ کوردی ستەمدیدە بچێتە سەر. داواکە ئەوەیە زمانێک هەبێت بەلاڤۆکی دەنگوباسی پێ بخوێنرێتەوە و هەموو کەس لێی تێ بگات. زۆر جار سەیری تەلەفزیۆنی تونسی و مەغریبی و جەزائیری و یەمەنیم

کردووە و بەهیچ شێوەیەک لە ئاخاوتن و دراما و گۆرانییان تێ نەگەیشتووم. بەهەمان شێوەش تەلەفزیۆنی لبنانی و سعوودی و سوودانی، هەموویان وەک یەکن بۆ من و لێیان حاڵی نابم تەنیا کاتێک نەبێ کە دێتە سەر بەڵاڤۆکی دەنگوباس، لێرەدا هەموویان وەک یەک دەدوێن. ئەمە زمانی هاوبەشی نەتەوەی عەرەبە.

زمانی راگەیاندن زمانێکی سەردەمانەیە. وەک چۆن زمانی فیزیا و کیمیا و بایەلۆجی و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و یاساش، زمانی سەردەمانەن. ئەو زاراوانەی لە زمانی راگەیاندندا بەکار دێن ژمارەیان چەندە؟ تۆ بڵێ هەزار دوو هەزار حەوت هەزار. ئێمە دەتوانین بۆ ئەمانە زاراوەی هاوبەش بەکار بێنین. دەنگوباس یان نووچە، پەیامنێر یان نووچەڤان، شالیار یان وەزیر، جڤاک یان کۆمەڵگە، چەوساندنەوە یان تەپەسەرکرن. تیشک یان تیرێژ. هەموو ئەمانە زاراوەی زمانی کوردین، دەشێ بۆ کاری راگەیاندن نیوە بەنیوە یان بەیەکسانی لە نێوان زاراوە کوردییە جیاوازەکاندا هەڵیان بژێرین. من لەو باوەڕەدام دیالەکتەکانی کوردی هاوبەشیان زیاترە لە جیاوازی، ئەگەربێو لە جیاوازەکەدا دادپەروەری و جۆرێک لە دیموکراسی لەبەرچاو بگیرێت و پەیڕەو بکرێت ئەوا لە ئەنجامدا زمانێک دروست دەبێت کە هاوولاتیی کورد لە زۆربەی زۆری تێ دەگات و دوای بەکارهێنانێکی کاتی لە پاشماوەکەی تریش تێ دەگات و بەسەریدا زاڵ دەبێت. گرینگ ئەوەیە بۆ هەر زاراوەیەک یەک بەکارهێنان هەبێت، بۆ نموونە کە گوتمان هەمووڵایەک زاراوەی جڤاک بەکار دەهێنین و زاراوەی کۆمەڵگە بۆ پێویستییەکانی زانستێکی تر یان بوارێکی تر بەجێ دەهێڵین، هەموومان بەپێی ئەم بنەمایە کار بکەین و کەس لێی لا نەدات. ئەمە نەتەوایەتیی راستەقینەیە نەک شتی تر و لاملی و خۆ بەدژ پێشاندان و نەچوونە ژێربار.

کاتی خۆی ئەم پێشنیازەم بۆ کۆڕی زانیاری کوردستان کرد. پێشنیازەکە پەسند کرا. پاشان ئەوەبوو کە "فەرهەنگی زاراوەکانی کۆڕ"م ئامادەکرد و خستمە بەردەستی ئەندامێکی کۆڕ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بۆ هەر زاراوەیەکی

عـەرەبی یەک بەرامـبـەر هەبێت و هەمـوو لا لەسـەری کـۆک بین، ئەنجـامـەکـە بەپێـچـەوانە کـەوتەوە. هەر زاراوەیەکی کـرمـانجـیی خـواروو بوو بـەخـاوەنی هەوێیەک لە کرمانجیی سەرووداو. کلاشم درا هیچم پێ نەبڕا. ئەمەیە نەبوونی بەرنامە.

وەک گوتم زمـانی راگەیانـدن زمانێکی تازەیە و کارکردن لەسـەری ئاسانە. نمـوونەیـەک دەهێنمـــەوە، دوای راپـەڕین تازە تـەلەفـــزیـۆنە کـــوردییـــەکـــان دامـەزرابوون و خـەڵک بەو فـراوانیـیـە کـەوتبـوونە بەر راگـەیاندنی کـوردی، برادەرێکم گوتی: ئێواران خۆم و دایکم سەیری تەلەفزیۆن دەکەین و بۆ ئەوەی بزانـین چی هەیە گـوێ لـە دەنگوبـاس دەگـرین. بـەڵام کـاتـێ بۆ نموونـە دەڵێ: «ئەمڕۆ شـاندێک لە رێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور کە بۆ سـەردانی هەرێمی کـــوردســـتـــان هـاتبــوون لـە دیوانـی وەزارەتیـی تەندروســـتـی و کـــاروباری کۆمـەڵایەتیدا چاوی کەوت بـەنوێنەرانی وەزارەتی ناوبراو و دوای ئاشنابوون لەبارەی رەوشی تەندروستی لە هەرێم، شاندەکە تاقیگە و نەخـۆشخانەکانی هەولێری پایەتـەختی بەسـەرکردەوە و لە نێزیکەوە هەلومـەرجی تەندروستیی دەڤـەرەکـەیان تاوتوێ کـرد». برادەرەکـەم گـوتی دوای تەواوبوونی هەواڵەکـە دایکم دەڵێ ئەری رۆڵە چی گـــوت؟ مـنیش دەڵێم دایـە بەخـــوا مـنیش تـێ نەگەیشتم باسی چی کرد. بەڵام ئەمڕۆ دڵنیام ئەم برادەرەم و دایکی وا ناڵێن و فـێـری چەندان زاراوەی وەک: "بەش بەحـاڵی خـۆم" و "خـۆی لە خـۆیدا" و "تیشک خستنەسەر" و "ئایا پێتان وا نییە" و نازانم چی و چیی تر بوون، بەڵام رەنگە هێشتا نەیانزانیبێ سەرخان و ژێرخان چین. هەر لەو ماوەیەدا بەدەیان زاراوە لە دیالەکـتـەکـانی تری کـوردییـەوە هـاتوونەتە ناو کرمـانجـیی خـواروو "بەرخـودان و سـەرفـرازی و داخـۆیانی و شـاند" و هتـد... سـەرەتا نامـۆ بوون بەڵام ئێستا کەس بەنامۆیان نازانێ و بوون بەخۆماڵی.

کێشەی نێوان دیالەکتەکانی کوردی دوو کێشەیە. یەکەمیان جیاوازیی وشە و زاراوەیە کـە وەک لـە پێـشـەوە ئامـاژەم بۆی کـرد چارەسـەری ئـاسـانە بەمـەرجێک یەکتر قـەبووڵکردن هەبێت و پرەنسیپی دیموکراسی لە هاوبەشی

پێکردنی بەرامبەردا رەچاو بکرێت. لەم وتارەدا من زاراوەی "زاراوە"م بۆ دوو واتا بەکار هێناوە یەکیان واتە دیالەکت (لهجة) و ئەوی تر واتە (مصطلح term)، خوێنەر دەبێ بۆ خۆی بەپێی شوێن لێکیان بکاتەوە.

کێشەی دووەمیش کێشەی گرامەری و رێزمانییە کە وا بزانم کاتێکی زۆری دەوێ یان رەنگە هەر چارەسەریش نەبێت. لە بادینان دەڵێ: ئەز کوشتم. واتە: ئەو منی کوشت. ئەمە واتاکەی دژە لەگەڵ سۆرانییەک کە دەڵێ من کوشتم. سلێمانی دەڵێ: کوشتیانم واتە ئەوان منیان کوشت یان لێیان دام. لە هەولێر کوشتیانم پێچەوانەی ئەوەیە، واتە: من ئەوانم کوشت.

یەکگرتنی ئەمانە مەحاڵە و کاری کردن نییە. ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ راناوی لکاو (م. ی. یت) بۆ تاک و (مان. یان. تان) بۆ کۆ، بووە بەسەرچاوەی دەرد و بەلا بۆ زمانی کوردی. دەبێ هەوڵ بدرێ سنوور بۆ راناوی لکاو دابنرێ. لە هەولێر دەڵێ "خۆشتم دەوێ" لە سلێمانی دەبێتە "خۆشم ئەوێی" لە دهۆک دەبێتە "من تو خۆش دڤێ". بەبۆچوونی من ئەوەی بادینی سادەترە و دەشێ سوودی لێ وەربگیرێ. با ئێمە دەست لە "خۆشتم دەوێ" و "خۆشم ئەوێی" هەڵگرین و لە نووسیندا بنووسین: "من تۆم خۆش دەوێت" کە ئەمە زۆر نزیکە لە بادینییەکە: "من تو خۆش دڤێ"، بادینانیش بەئاسانی لێی حاڵی دەبن. با داڕشتنە ئاڵۆزەکان بۆ زمانی زارگوت (عامی) بمێننەوە و لە نووسین دوور بخرێنەوە. ئەمە چەند نموونەیەکی سادە بوو بۆ نیشانەی ئەوەی کەوا کارکردن بۆ زمانی یەکگرتوو مەحاڵ نییە و تەنیا دەست هەڵگرتن لە ناوچەگەری دەروازەیەکی گەورە دەخاتە سەرپشت و لە کوێرەڕێمان لادەدا و دەمانخاتە سەر شاڕێ.

ئەگەربێو ئەم هەنگاوە سادانە هەڵبگیرێن بەرەو زمانی یەکگرتوو، ئەوسا ئەگەر هاوولاتییەکی سنەیی سەیری تەلەفزیۆنێکی دیاربکری بکات ئەوا وەک سەیرکردنی من لە تەلەفزیۆنەکەی تونس، ئەویش هڕە لە بڕە ناکاتەوە تا نەگاتە بەلاڤۆکی دەنگوباس. هەر ئەمەش بەسە بۆ ئێمە. دەمێنێ پرسی

فیستیڤاڵەکەی ئێمە بۆ کەڵهوڕ، وا تێ دەگەم تا ئێرە شتەکە روون بووەوە. من هیوادارم لە داهاتوودا کاتێ سەیری تەلەفزیۆنی کوردیی کرماشان دەکەین بۆ تێ گەیشتنی تەواو چاوەڕوان دەبین تا دەنگوباس دێت، ئەو کات کچێک یان کوڕێکی کرماشانی کاتێ هەواڵەکان دەخوێنێتەوە، لە سەر تا بنی تێ دەگەین تەنیا تۆنی دەنگ و لەرەی هەوای شێوەزاری کرماشانی تاکە جیاوازییەک دەبێت. وا بزانم ئێمەش کاتی سەیری تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی کەنداو دەکەین بەئاسانی دەزانین کچە بێژیاری دەنگوباسەکە میسرییە یان لبنانی یان ئوردنی.

ئەمەی بۆ زمانی کوردی پێشنیازی دەکەم کەس لەمەوپێش لێی نەدواوە. زۆرجار خوێندوومەتەوە و گوێم لێ بووە باسی موتوربەکردن کراوە. ئەمەی من خەسمەڕوو جیاوازە لە موتوربەکردن، ئەمە هەنگاونانە بەرەو یەککگرتنی دیالەکتەکانی کوردی لە زمانێکی هاوبەشدا کە بتوانین بۆ یاسا و سیاسەت و زانستە پەتییەکان و راگەیاندن بەکاری بێنین. لە کاتێکدا موتوربەکردن برێتی بوو لە دەوڵەمەندکردنی دیالەکتی سۆرانی بە وشە و زاراوەی دیالەکتەکانی تر بەبێ رەچاوکردنی بەرنامەیەک. کارەکە زیاتر لە تاڵان و بڕۆ دەچوو. جارێکیان بەمامۆستا شوکور مستەفام گوت: «خوێنەری بادینیم بینیوە دەڵێ سۆرانی دەخوێنمەوە تێی دەگەم بەڵام لە نووسینەکانی مامۆستا شوکور ناگەم، ئەوانی تر ئاسانترن». دای لە قاقای پێکەنین گوتی بەخوا لەوانەیە راست بکات. مام هەژار و مەلا شوکور رێبەری موتوربەکردن بوون لە زمانی نووسینی کرمانجیی خواروودا و ئەو گوڵبژێرییەی ئەوان لە دیالەکتەکانی تردا کردیان بۆ قازانجی کرمانجیی خواروو، شتێکە تا هەتایە ئەم زاراوەیە قەرزاریانە. من ناڵێم متوربە خراپە بەڵام کارێکی بێ بەرنامەیە و سوودەکە هەر بۆ خۆیە نەک بۆ بەرامبەریش. ئەگەر یەک دیالەکت بچەسپێبایە ئەوا دەبوو ئەم شێوەکاری موتوربەکردنە پەیڕەو بکەین.

جارێکی تر دێمەوە سەرەتا و دەڵێم بۆچی فیستیڤاڵی زاراوەی کەڵهوڕ لە هەولێر دەگیرێ؟ ئەوەی لە پێشەوە گوترا بەشێکی وەڵامی پرسیارەکە بوو.

ئەوی تر ئەمەیە:

ئەمڕۆ هەولێر وەک ناوەندی یەکەمی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیری لە هەموو کوردستاندا، بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ کە وەک موگناتیس هەرچی توانا و بەهرەی ڕۆشنبیری و هونەری و داماوییە نەتەوەییەکانی کورد هەیە لە هەر کوێیەک بن بۆ خۆی بەکێشیان بکات. ناوەندە کولتوورییەکانی هەولێر وەک ناوەندی ناوچەیی ڕەفتار ناکەن و خۆیان بەناوەندی گشتی دەزانن. ئەمە نەک هەر خوو و خەسڵەتی هەولێری پایەتەختە، بگرە خوو و خەسڵەتی دانیشتوانی شارەکە خۆشیانە، هەروەها خوو و خەسڵەتی ئەو دەسەڵاتەشە کە ساڵانی ساڵە لە هەولێر فەرمان بەڕێوە دەبات. تازە بەتازە ڕۆشنبیرێکی کورد هاتووە دەڵێ "هەستی نەتەوەیی لە هەولێر نییە". ئەمە قسەیەکی بێ بنج و پووچە. بۆ وەڵامی ئەمە یەک نموونەی زۆر سادە بەسە: پێش ماوەیەک سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی زمانی کوردیم بینی، لە باسی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندندا گوتی کاتێک بۆ قوتابیانی هەولێر دەدوێین و بۆیان شرۆڤە دەکەین کەوا خوێندن و فێربوونی دیالەکتەکانی تری زمانی کوردی شتێکی باشە و ئەوانیش وەک ئێمە کوردن و دەبێ لە ئاخاوتنیان تێ بگەین، قوتابییەکان بەپەرۆشەوە گوێ لەمە دەگرن و قبووڵیشی دەکەن، بەپێچەوانەی شوێنانی تر. ئەگەر ئەمە هەستی نەتەوەیی نەبێ ئەی چییە؟ خۆ هەستی نەتەوەیی فشەکردن نییە.

میدیا ٢٣٥ لە ٢٠٠٦/٤/١١

## پرسی ئەلفوبێی لاتینی

هەموو جار کە لەگەڵ بنووسەیلی کوردستانی باکوردا کۆ دەبمەوە، باسی ئەلفوبێ و چەند پرسێکی تر دێنەوە کایە و گفتوگۆیان لەسەر دەکەین. وەک نەریتی کوردی، هەموو جار ماندوو دەبین و ناگەین بەهیچ ئەنجامێک. هەیە لە کوردەیلی باکور پێی وایە کەوا دەبێ ئێمە لە باشووردا بێ چەند و چۆن

ئەلفـوبـێ بگۆڕین و بیکـەین بەلاتینـی، لەبەرئـەوەی "وەک ئـەوان بـۆی دەچن" ئـەم ئەلفوبێیـە بۆ نووسـینی دەنگەیلی زمـانی کوردی لەبارترە و چاکتـر دەسـازێ. ئەمـە جگە لەوەی کە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیـە لە "سـەرچاوەی پاشکەوتن و کـوانووی تیـرۆرمـان دوور دەخـاتەوە کـە عـارەب و ئیـسـلامن و بە وڵاتـانی پێشکەوتوومان دەبەستێتەوە کە ئەورووپا و ئەمەریکان". خاوەنەیلی ئەم جۆرە بۆچوونە پێـیـان وایە هـەر ڕۆژێک ئـەم کـارە بکـەین درەنگە و دەبـوو زووتر بمانکردایە. زۆر بنووسـی باشـوور و ڕۆهـەڵاتـی کـوردسـتـانیش لەگـەڵ ئەم بۆچوونەدان. بـەڵام هـەشـە سـەر بەکوردی باشـوور یان ڕۆهـەڵاتە و پێ لـەسـەر ئەلفوبێی عارەبی دادەگرێ، پێی وایە گۆڕینی ئەلفوبێ دوورمان دەخـاتەوە لە کـەلەپووری عـارەبی و ئیـسـلامی کـە ئێـمـەی کـوردیش پشکێکمـان لەم کەلەپوورەدا هەیە و بەگۆڕینی ئەلفوبێ لە مێژووی کەونارای خۆمان بیان و نامۆ دەبین و ئاینەکەشمان لاواز دەبێ. جگە لەمـەش هەندێک کەس دەڵێن "ئەو خۆشنووسییەی لە پیتەیلی عارەبیدا هەیە لە لاتینیدا نییە".

بەکورتی و بەپوختی، ئەلفوبێ یەکێکە لە کێشەکانی کورد. ئێمە کێشەمان ئەوەندە زۆرە ناتوانین سەرژمێریشیان بۆ بکەین. لە سـەدەی بیستـەمدا کە سەدەی گەشەکردنی خوێندەواری بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کورد بەلایەنی کەمەوە سێ ئەلفوبێی بەکار هێنا. یەکەمیـان عارەبی کە زۆر لەمـێژە لەناو کورددا باوە و مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ دوای گرتنی کوردستان لەلایەن سـوپای ئیـسـلامـەوە. پێش ئـەمـە ئـەلفـوبێـیـەکی تر لەناو کـورددا بەکارهاتووە کـە هەندێک ژێدەر ئاماژەی بۆ دەکەن و ئێرە جێی باسکردنی نییـە. ئـەلفـوبێی دووەم ئەلفـوبێی لاتینیـیـە کـە پێنج سـاڵ دوای دامـەزرانی کـۆمـاری تورکـیـای نوێ "واتـە لە سـاڵی ١٩٢٨"، لەو وڵاتەدا بەکـار هات و کوردەیلی باکوریش بەهـۆی ژیانیـان لەژێر دەسـتی ئەو فـەرمـانڕەواییـیـەدا ناچاربوون ئەم ئەلفـوبێ تازەیە بەکـاربێنن هەرچەندە تا کـۆتاکـانی سـەدەی بیستـەم دەلیڤەیەک نەبوو بۆ نووسـینی کوردی لە تورکیا و شـتێکی ئەوتۆی پێ نەنووسرا. ڕاستییەکی زانراوە کە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٤دا بەڕەسمی

له تورکیا قەدەغە کرا. سێیەمیش ئەلفوبێی کیریلییە کە کوردەیلی سۆڤیەت بەکاریان هێنا و زۆر شتیان پێ چاپ کرد، بەڵام بەهەڵوەشانەوەی سیستەمی ئەو وڵاتە ئیتر ئەوانیش چوونە پاڵ بەکارهێنانی لاتینییەوە. تۆسنێ رەشید کە بنووسێکی ناسراوی کوردەیلی سۆڤیەتی هەڵوەشاوەیە، پیش ماوەیەک لە کوردستان بوو گوتی "نێزیکەی ٧٠٠ کتێبی کوردی لەسەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا چاپ کراون"، هەڵبەتە زۆربەیان بەم ئەلفوبێیەن.

ئاشکرایە ئەم سێ ئەلفوبێیە "کە ئێستە تەنیا دوانیان بەکار دێن" هیچیان لە بنەڕەتی خۆیاندا بۆ زمانی کوردی گونجاو نین. پیتەیلی عارەبی و پیتەیلی لاتینی زۆر گۆڕانیان تێدا کراوە تا گەیشتوونەتە ئەوەی بۆ نووسینی زمانی کوردی دەست بدەن، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاڵۆزی و کێشەشدا کە هێشتا ماونەتەوە و چارەسەریان نییە. لایەنگرانی بەکارهێنانی هەردوو ئەلفوبێیەکە کەم نین. من بۆ خۆم لەگەڵ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینیدام لەبەر دوو هۆ. یەکەم: گەورەترین بەشی کوردستان "لە رووی فرەوانیی زەوی و ژمارەی دانیشتوانەوە" ئەم ئەلفوبێیە بەکار دەهێنێ، جگە لەمە کوردستانی باکور بۆ نەتەوەی کورد "کوردستانی دایکە". دووەم: دنیای پێشکەوتوو کە رۆئاوایە ئەلفوبێی لاتینی بەکار دێنێ. بۆیە ئەلفوبێ گۆڕین، بۆ ئێمە هەنگاوێک دەبێ لەبواری خۆ ڕاپسکاندن و دوورکەوتنەوە لە رابردوو و لە کولتوورێک کە هیچ خێرمان لێی نەدی. نەک تەنیا ئێمەی کورد وا بیر دەکەینەوە، بگرە هەندێک لە رۆشنبیرانی عارەب خۆشیان کە خاوەنی ئەم ئەلفوبێ و رابردوو و کولتوورەن، باس لە گۆڕینی ئەلفوبێی عارەبی دەکەن و ئەم ئەلفوبێیە بەیەکێک لە ماکە و سەرچاوەگەلی کوێرەوەریی خۆیان دەزانن. ئەمە جگە لەوەی ئێمەی کورد کاتێ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکار دەهێنین دووچاری زۆر کێشە دەبین لە نووسینی پیتەیلی عارەبیدا. عارەب دواکەوتوون و زمانەکەیان فریای پیشکەوتنە زۆر و زەوەندەکانی دنیای تەکنیک ناکەوێ. بۆچی ئێمە خۆمان بەخەڵکانێکەوە هەڵبواسین کە خۆیان و زمانەکەیان هیچ لە ئێمە پێشکەوتووتر نین، یان رەنگە مەودایەکی زۆرمان لە نێواندا نەبێ.

بەڵام وەنەبێ گۆڕینی ئەلفوبێش کارێکی ئاسان بێ، ئەمە کارێکە هێندەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی "بەهەموو بناخە و باڵەکانیەوە" زەحمەتە و کات و کاری دەوێ. گۆڕینی ئەلفوبێ لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری باڵی بەسەردا کێشابێ "تورکیای ساڵی ١٩٢٨" ئاسانترە لە وڵاتێک کە قوتابخانە لە زۆربەی گوندەکانیشدا هەن و چەندان زانکۆ و پەیمانگەی تێدا کراوەتەوە و پڕە لە نۆینگەلی راگەیاندنی فرەجۆر "کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤دا". جگە لەوە دەبێ ئەم کردەوە مێژووییە لە چاخی تەناهی و ئارامیی وڵاتدا روودبات کە هەموو شت رۆنیشبێ و گرژی و مەترسییەک لە ئارادا نەبێ. ئاشکرایە کوردستانی لەمەڕ خۆمان هێشتا ئەم کژەی بەخۆوە نەدیوە و ئێمە کێشەی لەپێشترمان یەکجار زۆرە. هەروەها دەبێ ئەمە کردەوەیەکی بەرەبەرەیی بێت و هەموو شت بەجارێک نەگۆڕێ، نابێ لە نێوان بەرشەو و پارشەوێکدا میللەتێک بکەین بەخوێندەوار و بێ سەواد. بەیانی هەڵسین نەزانین دنیا چ باسە.

دەشێ لەم قۆناغەی ئێستەدا دەست بکرێت بەهەڵهێنانی نیوە هەنگاوێک بەم رێگەیەدا، ئەویش بەدانانی بابەتێک بۆ فێربوونی نووسینی کوردی بەئەلفوبێی لاتینی لە هەموو قۆناغەیلی خوێندندا. هەروەها دەرکردنی هەندێک بڵاوکراوە بەئەلفوبێی لاتینی و زاراوەی کرمانجیی ژووروو. لە ساڵانی پێشوودا دوو سێ ئەزموونی لەم جۆرە کرا، بەڵام کرچ و کاڵ بوون بۆیە هیچ سوودێکیان نەبوو و شوێنەوارێکی ئەوتۆیان بەجێ نەهێشت. ئەم نیوەی هەنگاوەی باسی دەکەم، لەم کاتی ئێستە کارێکی فرە گرینگ و پێویستە. ئێمە رۆژانە لە نووسینی e-mail ی ئینتەرنێت و message ی مۆبایلدا ناچار دەبین ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنین. هەندێک جار نامەی وامان بۆ دێت تووشی ژانەسەر دەبین لە خوێندنەوەیاندا، هێندە ناپوخت نووسراون زۆرجار تووشی خراپ حاڵیبوونیش دەبین.

خاڵێک هەیە ناشێ فەرامۆشی بکەم، ئەویش ئەوەیە لە "یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق"دا هیچ ئاماژەیەک بۆ پرسی ئەلفوبێ نەکراوە. وەک دێتە

بیـرمـان لە سـەردەمی ڕێژیمی بەعـسـدا بەکـارهێنانی ئەلفـوبێی لاتینی قەدەغەبوو. لە بیرمانە ڕاگەیاندنی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ باسی ئەوەی دەکرد کەوا شـاعیـر "دڵشـاد مـەریوانی" لەسـەر ئەوە هەڵواسـرا چونکە ئەلفـوبێی لاتینیی لە کاتی وانەگوتنەوەدا بۆ قوتابییەکانی شرۆڤە کردبوو. ئێستەش مەترسیی ئەوە هەیە دوای چەسپانی دەستووری یەکجارەکیی عێراق، "برایێل عارەبمان" لێمان هەڵبگەڕێنەوە و ڕێمان نەدەن ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنین بەبیـانووی ئەوەی وڵات دوو لـەت دەکـات و دەبێ بـەهۆی جیـابوونەوەمـان. وا چاکە لە ئێستەوە ئەو یاسـاناسـە کوردانەی لەدانانی دەسـتووردا کـار دەکـەن ئەمـەیان لە یاد بێت و لە دەسـتووردا ئەو مـافـەی گەلی کورد پشـتگوێ نەخـەن کەوا لە داهـاتوودا هـەر ئەلفوبێیەکی بەگونجاوی بزانێ بۆ نووسـینی زمـانی خۆی بەکاری بێنێ.

کورد لە ئەلفوبێشدا بێ بەخت بوو. نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عارەبی کـە زۆریشـی پێ نووسـراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ئەلفـوبێیـە مـەرگـەسـاتی دواکـەوتوویی و بەشـخـورانی ١٥٠٠ سـاڵمـان وەبیـر دەخـاتەوە و بە تیـرۆری سەدەی بیست و یەکەممان دەترسێنێ، هیچ مایەی خۆشحاڵی و خۆشەویستی نییە. نەوەگەلی داهاتوو حەز لـە چارەی ناکەن و دەیانەوێ لێی دوور کـەونەوە. ئەلفوبێی لاتینیش ئەو بەشەی کوردستان بەکاری دەهێنێ کە لە سۆنگەی بێ دەرفەتی، بەدرێژاییی سەدەی بیستەم ئەدەبیاتێکی سـەرنج ڕاکێشی وەبەرهەم نەهێنا. زاراوەی کرمـانجـیی سـەروو کـە لە سـەدەگەلی کـۆندا ئـەدەبیـاتێکی خـورتـی پێ نووسـرا: عـەلی حـەریری و مـەلای جـزیری و فـەقێ تـەیران و ئەحمەدی خانی، تەنانەت یەکەمین ڕۆژنامـەی کوردیش "کوردستان ١٨٩٦" بەم زاراوەیە دەرچوو، بەڵام دوای هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە لە ساڵی ١٩٢٣، ئەدەبیات بەم زاراوەیە کەوتە کزی و گلۆڵەی کرمانجیی ژووروو کەوتە لێژی. ئەوە نەبێ کە لە دەمی شەڕی دووەمدا چەند کۆوارێکی وەک "ڕۆژا نوو" و "هاوار"ی پێ چاپ بوو، ئەگینا تا دوادوای سـەدەی بیـسـتـەم شـتێکی هێـژای پێ نەنووسـرا. ئەمـەش وای کـرد کێـشـەی

جیاوازیی ئەلفوبێ و کێشەی زاراوە لەناو کورددا ببن بە دووانەیەکی ئاسێی لە چارەسەرنەهاتووی کورد. دەبینین ئەمڕۆ هەردووکیان ڕێگرن لە پێش دروستبوونی زمانی یەکگرتوو و ئینجاش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا.

میدیا ١٧٦ لە ٢٠٠٤/١٢/١٥

## بەرگرییەک لە کوردی

زمانی دایک یان زمانی زگماک، زمانی دایکی هەر یەکێک لە ئێمە نییە. ئەگەرنا، دەبوو مرۆگەلی هەر نەتەوەیەک بەهەزاران هەزار شێوەزاری جیاجیا بخوێنن. ئاخۆ بۆ نموونە بنووسێکی وەک نەوال سەعداوی بەهەمان ئەو زمانەی دەدوێ، دەشنووسێ؟ تا کوڕەکەی یان کچەکەی مافی ئەوەی هەبێ بڵێ ئێمە بەزمانی دایە نەبێ ناخوێنین؟ ئەمە واتە زمانی زگماک زمانی نەتەوەییە نەک زمانی دایکی هەر یەک لە خۆمان. من باوەڕ ناکەم عارەبێک هەبێت بەو زمانە بدوێ کە پێی دەخوێنێ و دەنووسێ.

زمانی ئاخاوتن و نووسین دوو زمانی جیان لەلای زۆربەی نەتەوەکاندا؛ هەر یەکە و بەڕادەیەک. بۆ کورد هۆکارێک هەڵنەکەوت لە مێژوودا بیکات بەخاوەنی زمانی یەکگرتوو. ئەمە ڕاستە، بەڵام با وا دابنێین زمانی یەکگرتوومان هەیە و پێش سەدان ساڵ دیالەکتی ناوچەیەک بووە بەزمانی سەرتاسەریمان، ئاخۆ ئەمڕۆ ئەم زمانە یەکگرتووە لە زمانی ناوماڵی زۆربەی خەڵکی کوردستان جیا نەدەبوو؟

ئەمڕۆ سەردەمێکە زۆر جیاکەرەوەی هەیە؛ وەک پارێزراویی مافی مرۆڤ و خێراییی گەیاندن و بەردەستبوونی هۆیەلی نووسین و بڵاوکردنەوە. لە سایەی ئەمانەشەوە سەپاندنی زمان یان دایەلێکت بەسەر خەڵکدا بووەتە کارێکی ئەستەم و نەگونجاو. بەڵام وێڕای ئەمانەش دەشێ کورد هەوڵ بدات بۆ دانانی یەکەمین ریزە خشتەیلی بناخەی زمانێکی یەکگرتوو لەپێناو داهاتوویێکی گەش و سارێژکردنی ئەو برینانەی کەوتوونەتە قەبرغەی کولتوورەکەی کە

پێناســـەیەتی، نەک بێ و ئەوەی دوێنێش دروست بووە هەڵی تەکــێنێ. دروستکردنی زمانی یەکگرتوو کارێکی سەختە بەڵام خۆ رزگارکردنی کوردستانیش هەر کارێکی سەختە کە بێ وچان بۆی تێ دەکۆشین. ئەو هەوڵ و کارانەی ئەمڕۆ بۆ زمانی کوردی لە گەڕدان، بەپێچەوانەی خواستن، خشت دەردەهێنرێن نەک دادەنرێن. بمانەوێ یان نا ئەمە زەبرە لە بنیاتی نەتەوایەتی. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا نیم کە دەڵێ ئیتر زمان، یەکێک نییە لە مەرجەکانی بوونی نەتەوە. ئەگەر زمانی کوردی بنەوێی نەتەوایەتیی کورد نەبێت ئەی کورد نەتەوایەتییەکەی لە چیدایە؟

وەک گوترا، کورد زمانی یەکگرتووی نەبووە و ڕۆشنبیرانی کورد لە مێژوودا بەچوار زاراوەیان نووسیوە. کەڵهوڕی: بۆ نموونە بابەتایەر پێی نووسیوە؛ گۆرانی: خانای قوبادی؛ کرمانجیی سەروو: مەلای جزیری؛ کرمانجیی خواروو: نالی. لە هەر سەردەمێکدا یەکێک لەم زاراوانە زمانی نووسین بووە و ئەوانەی لە دەرەوەی زاراوەکەش بوون پێیان نووسیوە. مەولەوی جاف بووە و بەگۆرانی "هەورامی"ی نووسیوە. نالیش جاف بووە و بەسۆرانی "کرمانجیی خواروو"ی نووسیوە. ئەمانە هەر یەکەیان خۆی بەستووەتەوە بەستاندارێک نەک شێوە ئاخاوتنی جافەتیی لادێیەکەی خۆیان. مەستوورە لە سنە کە پایەتەختی ئەردەڵانییەکان بووە و زمانی ئاخاوتنی ئەردەڵانی بووە کە لکێکە لە سۆرانی، بەهەورامی شیعری نووسیوە. تەنانەت بەلای لێتوێژەوانی ئەدەبی کوردییەوە شیعرە سۆرانییەکانی مەستوورە هەر جێی گومانن. ئەحمەدی خانی و مەلا مەحموودی بایەزیدی هەردووکیان بۆتانی نەبوون؛ بەڵام وەک مەلای جزیری بەزاراوەی جزیرەی بۆتان نووسیویانە.

ئەمە مێژووی ئێمەیە و وا هاتووە؛ ئەمڕۆش دەبێ درێژەدەری دوێنێ بێت نەک جیابوونەوە لێی. کەواتە بناخەی ئەو بۆچوونە چییە کە دەڵێ زاراوەی نووسینی کرمانجیی سەروو لە کوردستانی باشووردا دەبێ بادینی بێت نەک بۆتانی؟ ئەمە کارێکی بێ پاساوە و دەبێ ڕۆشنبیرانی کورد رێگری بن، نەک رێخۆشکەری. لە کۆندا ڕۆشنبیرانی کۆنی کورد لە هەستێکی سەرهەڵداو لە

هەڵكەوتی ژیانەوە خۆیان بەستووەتەوە بەستاندارد و ناوەندەیلی زمان نەک شتی تر. هیچ ڕێی تێ ناچێ میرێکی کورد داوای لە ئەحمەدی خانی و مەلا مەحموودی بایەزیدی و نالی و مەولەوی کردبێت وا بنووسن وا مەنووسن. کەچی ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی کورد لە جیاتی ئەوەی کێشە زۆر و زەوەندەکانی زمانی کوردی کەم بکەنەوە، دێن زیادی دەکەن. ئەم کارە هیچ پاساوێکی نییە. من لەو باوەڕەدام دووریی نێوان ئاخاوتنی دهۆک و جەزیرە، کەمتر بێت لە دووریی نێوان ئاخاوتنی هەولێر و گەرمیان و بۆکان و سنە لەگەڵ شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیدا، کە هەموویان پێی دەنووسن.

ئەمە کێشەیەک. کێشەی دووەم و سێیەم ئەوەیە زازایی و هەورامیش دەیانەوێ بەزاراوەی خۆیان بنووسن و بخوێنن کە لە بنەڕەتدا یەکێکن و دوو زاراوە نین. لەم کارەشدا هیچ ناوەندێک نییە جێی پرس و راوێژ بێت. هەر تاخم و گرووپێک بۆ خۆی بڕیار دەردەکات و لە چ بەرژەوەندێکیشەوە بڕیار دەردەکات ئەمە هەر خوا دەزانێ، ناوی کۆڕی زانیاری کوردستان لە کوولەکەی تەڕیشدا نایە. ئەم کارەش پچڕپچڕکردنی زمانی کوردییە و سەر دەکێشێتەوە بۆ لەباربردنی ئەوەی هەشە. وا پێ دەچێ ئەگەر وا بڕوات، لە ئەنجامدا تەواو لە دەسەڵات دەربچێ و سەمەرەیەک بێتە کایەوە کەس نەزانێ ناوی لێ بنێ. حاجی قادری کۆیی قسەیەکی هەیە دەڵێ: "لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو – وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو". زمانی کوردی کە لە بنەڕەتدا چوار زاراوەی سەرەکی بووە – بەگوێرەی دابەشکردنی زانایان و هەر چواریشیان لەسەردەمی جیاجیادا پێی نووسراوە، وا چاکە لەم سەردەمەدا هەندێکیان ڕێگە چۆڵ کەن بۆ ئەوانی تر، نەک شێوەزارە ناوچەییەکانیش بۆ نووسین و خوێندن زیندوو بکرێنەوە، ئەمە مەلەکردنە بەپێچەوانەی ڕێژەنی ئاو.

کورد وەک نەتەوە دەبێ کولتووری هاوبەشی خۆی هەبێت؛ ئەگینا نابێ بەنەتەوە. ئاشکراشە کە زمان بڕبڕەی پشتی کولتوور و لەیەک حاڵیبوون و گواستنەوەی زانین و شارەزاییە لە نێوان مرۆگەلێکی سەر بەیەک نەتەوەدا.

کورد کە زمانی نەبێت کولتووریشی نابێت. ماوەی چەند ساڵە زۆر هەوڵ لەو دیوی پەردەدا روو دەدەن و دواجـــار دەبن بەمـــایەی لەدایکبـــوونی ئەو سەمەرەیەی لە "چێشتی مجێور" یان "گراری گاوانان" دەچێت و بەهیچ کلۆجێک بەیەکەوەمان نابەستێتەوە.

ناحەزانی کورد زۆر بەزمانی یەکگرتووی کوردی قەڵسن. کاربەدەستانی هەندێ وڵات دەڵێن پێمان ناخۆش نییە باسی زمانی کوردی بکەن، بەڵام با سنەیی بەسنەیی و مـــەهابادی بەمـــەهابادی بنووسێ. بەهاری رابردوو، کۆنفرانسی زاراوەی کرماشان و ئیلام دەماری ئەوانی گرت کە باسی زمانی یەکگرتوو کرا. ئەوان دەزانن بەدابڕدابڕبوونی زمانی کوردی زەبری گەورە بەمـیللەتی کورد دەکەوێ. لەمـەوە دیارە ئاوی هەندێک کەس دەڕژێتە چ رێژگەیەکەوە و خزمەتی چی دەکات. من ناڵێم زمانی یەکگرتووی کوردی سبەی یان دووسبەی لە دایک دەبێت و با چاوەڕوان بین؛ ئەمە کارێکی ئاڵۆزە. بەتایبەتیش کە زمانەوانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ ئەم بوارە پێویستن و ئێمەش هیچمان نییە، بەڵام دەکرێت هەنگاوەکان بەئاراستەی دژایەتی نەبن. با بەرژەوەندی تەنیاکەسی و دەستەبەندی رێنیشاندەر نەبن لەم کارەدا. سەیر ئەوەیە ئەم کێشەیە کە کێشەیەکی چارەنووسی و مەترسیدارە، تا ئێستە کەس خۆی لێ بەخاوەن ناکات و ئاماژەی ئاشکرای بۆ ناکات. هەموو هەوڵەکان لە پەنا پەردەوە بەرێوە دەچن. خێری تێدایە.

هەرێمی کوردستان ٣٨٨ لە ٢٠٠٦/١١/١٤

## زمانی گرد بۆ هەموو کورد

هەندێک جـار سـەرم لەم گـوتەیەی حـاجی قـادری کـۆیی دەسـوڕمـێ کـە گوتوویەتی: "لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو، وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو" ئاخۆ دەبێ چ شتێک هانی حاجیی دابێ وا بڵێ. مەبەست لە گردبوونی زمانی کوردی چییە؟ کەی زمانی کوردی گرد بووە؟ هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ راستیی

ئەمـە. تەنیـا دەشـێ ئەوە بگوترێ کـە ئەم قـسـەیە لە دوا چواریەکی سـەدەی نۆزدەیەمدا کراوە. ئەو دەمـە ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەستـانبـۆڵ کەوتبـوونە بەر شـەپۆلی کولتووری ڕۆئاوا، لەژێر کاریگەریی ئـەو کولتـوورەدا خـەریکی دانانی ڕێکخـراوی سـیاسـی و دەرکردنی ڕۆژنامـە و بەلاڤـۆکی سـەردەمـییـانە بوون. لەناو ئەمـانەدا ڕۆشنبیر و هەڵسـووڕاوی هەموو دەڤـەرێکی کوردسـتـان و سـەر بە شـێـوەزاری جیـاجیـا دەبینران. لەوە دەچێ کێـشـەی زمـانی یەکگرتوو لەو دەمـەوە سـەری هەڵدابێ و دەمـەتـەقـەی هێنابێـتـە کـایە. ڕێشی تێ دەچێ وەک ئێسـتـا هـەریەک بەلایەکدا رای کێشـابـێ. بێگومـان ڕۆشنبیـرانی سـیـاسـی و ڕۆژنامـەوانـانی ئەو دەمـە، هەسـتـیـان کـردووە بەبێ زمـانێکی یەکگرتوو کـاری نەتەوەیی ئەنجـام نادرێ. وەک بینیمـان، لەوەش بەدواوە و لـەسـەر دەستـی ئەم ڕۆشنبیـرانە، غـەزەتەی "کوردسـتـان" بەکرمـانجیی سـەروو دەرچوو لە قـاهیـرە ١٨٩٨، پاشـانیش "کـورد تەعـالی و تـەرەقی" ١٩٠٨، "هـەتاوی کـورد" و "ڕۆژی کورد" ١٩١٣ بەکرمانجیی خواروو و سەروو واتە بەدوو شێوەزار دەرچوون لە ئەستانبۆڵ. ئیتر زمانی کوردی بڵاو بوو.

لەو دەمەی کێشەی زمانی ستاندارد دەستی پێ کرد هەتا ئەمڕۆ، نێزیکەی سەد سـاڵ یان زیاتریش بەسـەر چووە، بەڵام کێشەکە وەک خۆیەتی و گـۆڕانی بەسـەردا نەهاتووە، بچووکترین هەنگاو نـەچووەتە پێش، هیـچیش لە ئاسـۆدا نـابینرێ جگە لـە پێـــشنیـــازی رواڵەتـی و نابـەجێ، وەک داوای ســـەپاندنـی دیالەکتێک بەسـەر هـەموو کورددا. ئەمـە پێشنیـازێکی سـادەیە، داوایەکیشـە شـیـاوی جـێبـەجـێکردن نـییـە، راسـتـت دەوێ جـۆرێکیـشـە لە گـاڵتـەکـردن، لەبەرئەوەی بۆ چارەسـەری هـەر کێشـەیەک بەبڕیاری سیاسـی، بەر لە هـەر شت دەسـەڵاتێکی فـەرمـانڕەوای زەبر بەدەست پێـویسـتـە، کە ئەمـە لە کوردسـتـاندا نـەبووە و رەنگـە تا داهـاتـووێکی دووریش نەبـێ. لـە مـــاوەی ئـەو ســـەدەیـەی پێشـوودا دەسـەڵاتی کوردی لە باشـترین حاڵیدا حزبێک بووە، یان شـۆڕشێکی چەکداری بووە وەک شـۆڕشـی ئەیلول، یـان سـەرکـردەیەک بووە وەک بـارزانیی باوک، ئەگەر بڕیاریشی بووبێ، میکانیزمی جێبەجێکردنی نەبووە.

له دوای ساڵی ١٩٧٠وه، واته لهوهتهی ڕۆشنبیری و خوێندنی کوردی له کوردستانی باشووردا بهبڵاوی دهستی پێ کردووه، ڕۆشنبیر و خوێندهواری سهر بهزاراوهی خواروو پاڵهپهستۆی خستووهته سهر سهرکردایهتیی سیاسی تا بهبڕیارێکی بوێرانه(!) ئهم کێشهیه یهکلا بکاتهوه. ههڵبهت مهبهستی بووه بۆ کرمانجیی خوارووی یهکلا بکاتهوه و بیسهپێنێ نهک شتێکی تر. بهڵام سهرکردایهتیی سیاسی نهچووهته ژێر باری ئهمه، یان بڵێین ئهم وێرانهی له خۆیدا نهبینیوه لهبهرئهوهی زانیویهتی ئهگهر بڕیارێکی وا بۆ کوردستانی باشووریش شیاوی جێبهجێکردن بێ، ئهدی چی له باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکات؟ بهلای سهرکردایهتیی سیاسییهوه پرسی زمان پرسێکی نهتهوهییه نهک پارچهیی، وهک چۆن پرسێکی ڕۆشنبیرییه نهک سیاسی. ئهم پاڵهپهستۆیهی ڕۆشنبیری کورد جگه له خۆدزینهوه له بهرپرسایهتیی ئهرکی سهرشان و ئۆباڵی ئهستۆ، شتێکی تر نهبووه. له ههمان کاتدا جۆرێکیش بووه له سهغڵهتکردنی سیاسی، که ههموومان دهزانین بۆچییه و ئێستاش دهیهوێ بهردهوام بێ.

سهرکردایهتیی سیاسی، هێمنتر و هێورتر بووه له ڕۆشنبیری کورد له پرسی ئاخاوتن لهبارهی زمانی یهکگرتووهوه. بهردهوام ئاماژهی ئهوهی داوه که یهکلاکردنهوهی ئهم کاره تهنیا بهبڕیاری سیاسی ناکرێت. ئهوه کاری ڕۆشنبیرانی کورده خهم بۆ چارهسهری کێشهی زمان بخۆن، ئهمه کێشهیهکه بڕبڕهی ئهرکی ئهوانه، بهڵام بێگومان سهرکردایهتیی سیاسی دهتوانێ له داهاتوودا پشتیوان بێ بۆ ههر بڕیارێکی گشتی و بهرژهوهندییهکی سهرتاسهری. له ماوهی ساڵێکدا ئهوه چهندهمین جاره گوێمان له بهڕێز سهرۆکی کوردستان دهبێتهوه داوای چارهسهری ئهم کێشهیه له ڕۆشنبیران دهکات، بهڵام چارهسهرێکی زانستی و بهجێ و شیاوی جێبهجێکردن. گومان لهوهدا نییه، که بهدیهێنانی زمانێکی "گرد" بۆ ههموو کورد کارێکی ئاسان نییه و بهپێشنیازی ساده و بڕیاری سهرپێیی له پشت دروشمی یهک نهتهوهبوونهوه، نایهته دی، وهک بهردهوام له ههندێک له ڕۆشنبیرانهوه گوێمان لێ دهبێ.

ئەوەش قسەیەکی کرچوکاڵە کە دەڵێ: لەبەرئەوەی نالی و سالم و کوردی بەکرمانجیی خواروویان نووسیوە، ئیتر کرمانجیی خواروو بووە بەستاندارد و بڕاوەتەوە. ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن ئاگایان لە ئەدەبیاتی گشتیی کورد نییە. ئەدەبیات بەزاراوەکانی تریش نووسراوە و ئێستاش پێیان دەنووسرێ. ئەگەر مێژووی ئەدەبی کوردی هەڵبدەینەوە گومان نامێنی لەوەی خورتترین ئەدەبیاتی کلاسیک بەزاراوەی کرمانجیی سەروو نووسراوە. لە سەدەی پازدەیەمدا مەلای جزیری و فەقێ تەیران و عەلی حەریری، ئەدەبیاتێکی بەرزیان بەم زاراوەیە پێشکێش کردووە. دوای ئەوانیش ئەحمەدی خانی شاکاری مەم و زینی نووسیوە. سەیر نییە ئەگەر بزانین دەوری ساڵی ١٧٧٤ مەلا جەرجیسی ئەربیلی لە هەولێرەوە چووە بۆ ئامێدی و کتێبی داناوە لە شرۆڤەکردنی قەسیدەی مەلای جزیریدا، قەسیدە بەکوردی و شرۆڤە بەفارسی. ئەمە مامەڵەی ڕۆشنبیری کۆن بووە لەگەڵ زمانی کوردیدا. وا دیارە مەبەستیش لە گردبوون ئەم مامەڵە کوردانەیە بووە لەگەڵ زماندا، نەک گردبوونی زمانەکە خۆی. حاجی قادر لە ستایشی مەم و زیندا دەڵێ: "ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە، لە دنیا ئێستەکێ هەمتای نەماوە". لە دوای ئەمە ئینجا ئەدەبیاتی خواروو دێ، کە لە نالییەوە دەست پێ دەکات ئەویش لە چواریەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا.

تەنانەت لە ڕۆژنامەوانی و ڕێزمان دانان و ئەلفابێ دروستکردن و زاراوەسازیشدا، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تەواو دەبێ، ڕۆناکبیرانی سەروو لە پێشەوە بوونە و بەرهەمی گرینگیان داهێناوە. ڕەنگە هەر ئەم بەهێزییەی ئەدەبیاتی سەروو بێ، وای کردبێ یەکێکی وەک مەلا مەحموودی بایەزیدی ساڵی ١٨٥٨ لە کتێبی بەناوبانگی "عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە"دا بڵێ: کرمانجی "قەویترین" زاراوەی کوردییە. بەڵام ئەوەی بینیمان، بارودۆخی سیاسیی کورد بەجۆرێک بوو هیچ دیالەکتێک نەسەپا و نەبوو بەزمانی نووسینی گشتی. لە دنیای هاوسەردەمیشدا کاتی ئەوە بەسەرچوو زمان بسەپێ تا میللەتێکی بڵاوەی وەک کوردی پێ گرد ببێتەوە.

هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم کە مەلا مەحموود دەڵێ وشەی کورد لە "گرد"ەوە هاتووە لەبەرئەوەی کاتی خۆی گردبوونەتەوە واتە کۆبوونەتەوە. وا دیارە ئەمە زۆر کۆنە ئەگینا لە سەردەمانی تازەدا کورد بەگردی نەبینراوە.

بەکورتی، بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی پتەو و زمانێکی گرد و ڕۆشنبیرییەکی پوخت، پێویستیمان بەچارەسەری زانستییانە و پێشنیازی بەڕێوجێ هەیە، دەبێ کارنامەمان هەبێ، دڵسۆزانە و بەیەکەوە کار بکەین و ماندوو ببین. ئەمە ئەرکی ڕۆشنبیرە نەک سیاسی. نابێ ڕۆشنبیری کورد ئەم ئەرکە لە کۆڵی خۆی بکاتەوە و ناوەناوە هەر بۆ گاڵتە تۆپەکە فڕێ بداتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و بڵێ کوا ئەم کێشەیە بۆ چارەسەر ناکەن؟ لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم نەخۆشییەی سەپاندنی یەک دیالەکت کە لە باشووردا سەری هەڵدابوو، باکوریشی گرتووەتەوە و هەندێک لەوانیش داوای سەپاندن دەکەن. هەڵبەت ئەمە پێشنیازێکی ئاسان و بێ ئەرک و بێ ماندووبوونە، بەڵام زۆریش نابەرپرسیارانەیە بۆ ڕۆشنبیر. کاری بەرپرسیارانە گردبوونەوەیە بۆ چارەسەری ژیرانە کە دەبێ بۆی بگەڕێین.

بزاو ١٥ لە ٢٠٠٧/٩/١٦

## نەتەوایەتی، زمانی یەکگرتوو نییە

باسی زمانێکی تاکانە بۆ ئەوەی هەموو کورد پێی بنووسن و بخوێنن باسێکە نابڕێتەوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەمە پرسێکە چارەسەری بۆ نییە بەو شێوە خەیاڵییەی هەندێک کەس بیری لێ دەکەنەوە. ئەگەر یەکێک پێی وابێ دوای بڕیارێکی سیاسی، کورد هەموویان مل کەچ دەکەن بۆ یەک دیالەکتی کوردی و پەسندی دەکەن بۆ خوێندن و نووسینی خۆیان، ئەوا با دڵنیابێ خەیاڵێکی پووچی بۆ هاتووە. بەر لە هەموو شت کوردستان یەکگرتوو نییە تا ناوەندێکی سیاسی هەبێ بڕیاری وا بدات، ئەگەر یەکگرتووش بێ، ئەم سەردەمەی دنیا

سەردەمی ئەوەیە خەڵک دەستیان هەیە لە بڕیارەکانی دەسەڵاتدا، بۆیە بەهیچ جۆر رێگە نادەن شێوەزارێک بەتەنیا بسەپێنرێ بەسەر نەتەوەیەکی فرەشێوەزاردا. سەرکردەیەک یان ناوەندێکی سیاسیش نییە لە چاخی دیموکراسیدا بوێرێ چارەنووسی خۆی بخاتە گرەوێکی وا مەترسیدارەوە و پێچەوانەی ویستی گەلەکەی بڕیارێکی رادیکالانە بدات. خۆکوژییە بۆ سەرکردەیەکی سیاسی ئەگەربێو پڕکێشی بۆ کارێکی وا چەوت بکات. دوواجار بڕیاری لەمجۆرە، سەپان و سەرکەوتنی لە چارەدا نانووسرێ و ئەنجامەکەی هەر فەشەلە.

پرسیارێکی تر، با بڵێین کوردستان ئازاد بووە، بەڵام کێ دەڵێ یەک پارچە دەبێ و چوار نابێ؟ یان دوو پارچە نابێ؟ باشە ئەو دەمە چۆن دەمڕاستانی کرمانجیی سەروو و خواروو با بڵێین، بیردەگۆڕنەوە لە پرسێکی وا ئاڵۆز و چارەنووساویدا؟ ئاخۆ هیچ لایەکیان کە بچووکەکەی دە ملیۆن مرۆڤ زیاتر دەبێ، دەست لە شێوەزمانی نووسینی خۆی هەڵدەگرێ بۆ ئەوی تر؟ بێگومان نا کەواتە راستییەکی زۆر سادەیە، نەسیاسیی کورد و نەڕۆشنبیری کورد ئامادە نین لەبارەی سەپانی دیالەکتێکی یەکانە بەسەر هەموو نەتەوەی کورددا دانوستاندن بکەن. دەبێ دەست لەمە بشوورێ و واز لەم خەیاڵ بڵاوییە بهێنرێ. بەداخەوە دووبارەبوونەوەی ئەمە وەک نێرە بەڵام بیدۆشەی لێ هاتووە. سەمەرەی گەورەش لەوەدایە ئەوانەی داوا دەکەن ملیۆنان مرۆڤ فێری دیالەکتێکی تر ببن، رۆژێک بیریان لەوە نەکردووەتەوە خۆیان فێری دیالەکتەکەی بەرامبەر بکەن. بۆیە بەلای منەوە ئەم هەڵوێستە لە نابەرپرسیارەتی بەولاوە، هیچی تر نییە.

با واز لەم بۆچوونانە بێنین کە زۆرجاریشمان دووبارە کردووەتەوە. ئەری ئێمەی کورد بۆ وا هەست دەکەین ئەگەر زمانێکی تەواو یەکگرتوومان نەبێ بۆ خوێندن و نوسین، ئەوا لە داهاتوودا لەتوپەت دەبین و نەتەوایەتیمان دەکەوێتە مەترسییەوە؟ بێگومان ئەمە گەورەتر نییە لەو مەترسییەی تێیدا ژیاوین و یەکەتیی نەتەوایەتیشمان لەدەست نەداوە. سەیرکە لەتوپەتی و ژێردەستەیی و

قەدەغەکردنی زمان لە مێژووی درێژماندا، نەبوونە هۆی هەڵوەشانەوەمان. لەبەرئەوەی یەکەتیی نەتەوەیی بەر لەوەی زمان بێ، هەست و هۆشیارییە، یان یەکگرتوویی دۆخی سیاسییە. زۆر جار دوو گرووپ بەیەک زمانیش دەدوێن بەڵام خۆیان بەیەک نەتەوە نازانن، بۆ نموونە ئیرلەندی و ئینگلیز، یاخۆ قیبتی و عەرەب لە میسر کە یەکێکیان زمانە بنەڕەتییەکەی خۆی ون کردووە. پێچەوانەی ئەم دۆخەش هەیە، نەتەوەی سویسرا چوار زمانی هەیە واتە چوار رەگەزی جیاوازن لە بنەڕەتی خۆیاندا بەڵام یەک نەتەوەیان پێک هێناوە ئەویش نەتەوەی سویسرایە، هیچ کێشەیەکیشیان لە هەست و هۆشی وڵاتپارێزیدا نییە. بڕیارگەلی ناوەندی یاسایی و سیاسیش لەو وڵاتەدا، بەهەر چوار زمانەکە دەردەچن. لە پیاوێکی سویسراییم پرسی ئاخۆ خەڵکتان هەیە بەهەر چوار زمانەکە بدوێ، پێکەنینی بەپرسیارەکەم هات لەبەرئەوەی شتی وا دەگمەن روو دەدات، واتە زمان یان حاڵیبوون لە یەکتر هیچ پێوەندییەکیان نییە بەیەکەتیی نەتەوایەتییەوە. بەشێک لە خەڵکی سویسرا بەشێوەزارێکی ئەڵمانی دەدوێن، بەزمانی ستانداردی ئەڵمانیش دەنووسن و دەخوێنن کتومت وەک ئەڵمانی ئەڵمانیا بێ هیچ جیاوازییەک، بەڵام ئەگەر لە ئەڵمانی زمانێکی سویسرایی بپرسی ئاخۆ تۆ بەنەتەوە ئەڵمانیت؟ بەپرسیارەکەت نارەحەت دەبێ لەبەرئەوەی خۆی بەنەتەوایەتیی سویسرایی دەزانێ نەک ئەڵمانیا. دوور نییە بەم پرسیارەت برینداریش ببێ.

هەبوونی زمانێکی یەکانە و تاکانە بۆ کورد، دەبێ بەهۆی پتەوبوونی نەتەوایەتییەکەی، دەبێ بەهۆی دەوڵەمەندیی زمان و کولتوورەکەی، ئەمە راستە، بەڵام ئەگەر ئەمەش رووی نەدا، یان لە بارێکدا کوردستانی داهاتوو بوو بەیەک وڵاتی سەربەخۆ بەڵام چەند دیالەکتێکی جیاوازی تێدا بەکار هات بۆ کاروباری فەرمی، هیچ شتێک لە نەتەوایەتیی کوردی ناگۆڕێ. مەرج نییە ئێمە هەمان کۆپیەی عارەب و تورک و فارسی دراوسێمان بین لە پرسی زماندا. حاڵ و باری ئێمە ئەنجامی مێژووی خۆمانە: نەبوونی کولتووری بەهێز، نەبوونی قەوارەی سیاسی لە رابردوومان وای بەسەر هێناوین. وەک

گوتمان نەتەوایەتی هەستی مرۆڤگەلە نەک حاڵیبوون لە یەکتر. هاوەڵێکی هەورامیم هەبوو، بۆ یەکەمجار بینیم بەدیالەکتی هەورامی قسەی لەگەڵ خزمێکیدا کرد، پێ کەنیم و بەگاڵتە گوتم یان ئێوە کورد نین یان ئێمە؟ تووڕە بوو گوتی ئێوە کورد نین.

ڕۆشنبیرانی کورد دەیانتوانی لە زووەوە بۆ پرسی زمانی یەکگرتوو کار بکەن، هەنگاوی باش بنێن لەم بوارەدا و دیالەکتە کوردییەکان لە یەکتر نێزیک بکەنەوە، ئەویش لە ڕێی هەڵبژاردنی زاراوەی یەکگرتوو بۆ زمانی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و یاسا و زاراوەگەلی قوتابخانەکان. دەکرا بە هەنگاوی بچووک دەست پێ بکرێ و لە ئەنجامدا هەزاران زاراوە ببن بە هاوبەش، بۆ ئەوەی کاتێ کرمانجێک لەوپەڕی باکوردا گوێ لە بەلاڤۆکی دەنگوباسی کەناڵێکی خواروو بگرێ، تەواو لێی حاڵی ببێ. ئەمە کارێکی هێندە سەخت نەبوو، تەنیا هەستی بەرپرسیارەتی و هۆشی نەتەوایەتیی دەویست. ئێستاش کات ماوە بەم ڕێگەیەدا کار بکەین، لەمەش زیاتر شێوازێکمان نییە.

بزاو ٢٣ لە ٢٠٠٧/١١/٢٥

## سەروتاری کۆواری شین

«ئەمانە بۆچی شتێک ناڵێن ئێمە لێی تێ بگەین، یان بەرهەمێک پێشکێش ناکەن مرۆڤ لێی حاڵی ببێ؟» کاتێ وەرگر لەئاست تێگەیشتنی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا سەرسام دەبێ و دۆش دادەمێنێ ئەمە دەڵێ. هەندێک جاریش وا دەبێ سەر بادەدا و بزەیەکی پڕ لە توانج و گاڵتە بەڕوویدا دەکشێ. بەڕاست ئەم نامۆیی و لاتەریکییە چییە کەوتووەتە نێوان بەرهەمە ئەدەبییە نوێکارەکان و وەرگرەکانیان؟ بۆچی کەسێک نییە هۆی ئەم لالووتییە ڕوون بکاتەوە؟

ئەمە کاری من نییە و دەستیشم بەسەریدا ناڕوا. هەر تەنیا بۆ پاکانە لە دەرکردنی ئەم کۆوارە و ناوەڕۆکەکەی دەمەوێ وشەیەک بنووسم. بەڵام بۆ

وەڵامی ئەوەی کە دەڵێ بۆچی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئێستە ئاڵۆز و تێکهاڵاون دەتوانین بڵێین: ئەم بەرهەمە هونەری و ئەدەبییانە ئەمڕۆ بوونەتە کۆگەیەک بۆ تێکەڵکردنی بوارگەلێکی بەرفرەوانی کولتوور. دەبینین فەلسەفە و کۆمەڵناسی و مێژوو و ئەفسانە و خواناسی و چەندان بواری تر هەموویان لەم بەرهەمانەدا تێکچڕژاون و بوونەتە تێکەڵەیەکی تایبەت و بەرهەمێکیان هێناوەتە کایە کە تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتنی سانا نییە. ئەم حاڵەتەش ناوبڕەیەکی ستووری لە نێوان داهێنەر و وەرگردا هەڵچنیوە و لە یەکتری دابڕیون و لووتەلای کردوون.

گومانی تێدا نییە کە شیعر و ڕۆمان و شێوەکاری و داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکانی تر خۆیان فەلسەفەیەکن بۆ دۆزینەوە و ناسینی دیوەکەی تری شتگەل، واتە دیوە نەدیو و خەیاڵی و پێوارەکەی دنیا. داهێنەر لە بنەڕەتەوە مرۆڤێکی سەرسامە، ئەم سەرسامییەشە دەبێ بەهۆی لەدایکبوونی فەلسەفە و لەدایکبوونی شیعر و ڕۆمان و میوزیک و تابلۆ. کەواتە بەبێ هەبوونی کولتوورێکی بەرهەڵدا و هەمەجۆرە، داهێنان بەدی نایەت. لەوەتەی ئەدەب و هونەر سەریان هەڵداوە ئەمە وایە. بەتایبەتی بۆ سەردەمی ئەمڕۆ کە ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەدەب و هونەردا زۆر بەتۆکمەیی بەیەکەوە گرێ دراون، ئەگەر داهێنەر زانست و فەلسەفە و سیاسەت و ئاین و ئەفسانە نەزانێ ئەوا گەورەترین ئامێری داهێنانی لەدەست خۆی داوە، کە ئەمانەشی زانی ئەوا شێوازێکی وا دینێتە کایە دەبێ بەهۆی ڕوودانی جۆرێک لە سەمەرە و ئاڵۆزی لە بەرهەمەکانیدا و ناهێڵێ خوێنەر و وەرگر بەئاسانی لێیان حاڵی بن.

کەوابێ داهێنەر مافی خۆیەتی بەرهەمەکانی ئاڵۆزبن، ئەمە ئەنجامی پێشکەوتنی بیر و کولتوور و زانستە، وەرگریش لەم سەردەمی پێشکەوتن و زانست و تەکنۆلۆجیایەدا مافی ئەوەی نەماوە داوای سادەیی بکات یان جۆرێک کەلەپووری میللی و فۆلکۆر لە ئەدیب و شاعیر و شێوەکار بخوازێ.

بنووس و داهێنەر لە بەردەم ڕووبارێکی گاڕفێنی ڕۆشنبیریدان. ئەم ڕووبارە چەندان جۆگە و جۆبار و جۆگەلەی لە زانست و ئەفسانە و مێژوو و

ئاین و فەلسەفە و بوارەکانی تری زانیاریی هاوچاخەوە هاتووەتە سەر. بۆ ئەوەی دانەمێنێ دەبێ لەم روبارە هەڵێنجێ و بەرهەم بێنێ. بە واتەیەکی تر بەرهەمەکانی ئەمڕۆ کولتووری مرۆڤایەتی بەگشتی و سەرتاسەر دەگرنەخۆ. لەم چاخەی ئێستەدا هاتنەجۆشی بیر و سیاسەت و زانست گەییونەتە لوتکە. مرۆڤ چەندی دەکات ناتوانێ تۆزی پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا بشکێنێ. جێی سەیر پێهاتنە داوای سادەیی لەسەردەمی ئاڵۆزیدا بکرێت.

ئەمڕۆ بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لەوە تێ پەڕیون وەک سەردەمانی بەرێ، تەنیا دەنگدانەوە و زایەڵە و خۆشخوانییەک بن، ئەم بەرهەمانە چوونەتە قۆناغی رامان و رۆچوون و بنکۆڵکردنی ناخی مرۆڤ و شتگەل. ئەدیب و هونەرمەند بەبێ رۆشنبیرییەکی قووڵ و فرەوان و هەمەلایی، ناتوانێ بەم رامان و رۆچوون و بنکۆڵکارییە بگات. ئەمە مافی رەوای خۆیەتی و دەبێ خوێنەر بەخۆیدا بچێتەوە و چارەسەرێک لە خۆی بکات کە بۆچی تێ ناگات و هەستی چێژی نەماوە.

کۆواری شین ١ ئادار ٢٠٠٤

## نا بۆ قیرەی بۆقەکان

ئاوێکی ڕوون بەوێنەی زەنگوڵ، دەتتوانی وردە چەو و بەردەکانی ژێرەوەی ببینی. لەگەڵ شنەی بایەکدا وردە شەپۆڵ و لەرزینێک دەکەوتە سەر ڕووی، لەم کاتانەدا دەتگوت وردە بەردەکانی ژێرەوەش دەلەرزن یان سەما دەکەن. لە زۆر لاوە چۆڕەی ئاوی دەهاتە سەر و لە زۆر لایشەوە وردیلە جۆگەلەی لەبەر دەڕۆیی. بۆنێکی خۆشی لێ دەهات. دەتتوانی ببینی چۆن لەبەر تیشکی زێرینی هەتاودا هەڵمێکی لێ بەرز دەبووەوە و بەناو تیشکە زێرینەکاندا ون دەبوو. شەوانیش لەبەر تریفەی مانگەشەودا هێندە مەند و سەنگین خۆی دەنواند، سامێکی هەبوو، شەوان گەرمییە شلەتێنەکەی ئاوەکەی ڕۆژگارانی دەگۆڕا بۆ فێنکاییەک کە ختووکەی لەشی دەدا و موچرکی پێدا دەهێنای.

پەڕەسـێلکە لە دوورەوە بەتاو دەهاتن و سـەری دەنـووکیـان لێی دەخشـاند، بەچەند جارێک هاتن و چوون، تێرئاو دەبوون و دەڕۆیشتنەوە. چەند مراوییەک بەیەکەوە خـۆیان لێی هەڵدەکێشا و و پەڕەکانیـان لـە دوورەوە دەبریسکانەوە. منداڵانیش لەو نێـزیکانە یارییـان دەکـرد. ناوبەنـاوێک بەری ئاسـمـان تاریک دەبوو و بایەکی سـارد هەڵی دەکـرد. تاوە بـارانێک دای دەدا و ئاو لە کـەند و جۆبارەکان هەڵدەستا. گۆمـەکەی لـەمەڕ خۆیشمـان بەشی خـۆی لەم باراناوە تازەیە وەردەگرت.

گـوێ ئاوەکــە پڕبوو لـە وردە گـوڵی بۆنخــۆش، دەتتــوانـی دەست ببــەیە ژێرەوەیان و بنج و باڵا ناسکەکانیـان بەپەنجە بگری. ئەگەر بەئاستـەم ئازارت بدایەن ڕەنگە هەڵدەوەرین. لە نێوان بنجی ئەم گیا و گوڵە ناسکانە و تەنکاییی ئاوەکـەدا، سـەرەمێکوتە بزێوەکان دەهـاتن و دەچوون، کۆدەبوونەوە و خـۆیان دەدایە بەر گـەرمیی هەتاو، پاشان کتوپڕ بڵاو دەبوونەوە و لە تروکەی چاودا هەریەکە بەلایەکدا دەڕۆیشتن و کەس ئاگای لەوی تر نەدەما. هەندێک جاریش ئەم سـەرە مـێکوتە کلک بزوێنانـە لەگـەڵ جـووڵەی ئاوە ناسکەکـەدا پـەرتەیان دەکـرد دەتگوت هەست بەمـەترسی و هـەڕەشـەیەک دەکـەن بۆیە وا وشت و وریان.

ئاوەکـە هێندە پاک بوو، وێنەی خـۆتت تێدا دەبینی، مـرۆڤ دەیتـوانی وەک مراوی و پەڕەسێلکەکان لێی بخواتەوە. سەرەتا بەپارێز و ڕێزەوە دەست و پلی جوان بشـوات و پاشـان بەگۆلم لێی بخـواتەوە و چەند شـەپێک بکات بەسـەر و چاویدا. کـەس بەردی نەدەخـستـە ئەم ئاوەوە، ئەگەر منداڵ و مـەزن کـارێکی نابەجـێیـان لـە بارت ئەم ئاوەدا بکردایە، ڕەخنەیان لێ دەگیـرا و سـەرکـۆنە دەکران. ئەم ئاوە سەرچاوەی ژیان و فێنکی و خاوێنی بوو، هەموو کەس ڕێزی بۆی هەبوو، تەنانەت گیـانلەبەرە مـاڵییـەکانیش ڕێزیان لێی دەگرت و تخـوونی نەدەکەوتن.

جاران وابـوو، بەڵام ئێسـتە وا نییە، ئێستە جۆرێکی ترە، لەمێژە وەستاوە. ئاوی تـازەی تێ نـاڕژێ و لـەبـەریشـی ناڕوات. لە جـــیـــــاتی ڕەنگە ڕوون و

ساوێنەکەی، ڕەنگێکی بۆزی تاریک دەنوێنێ لە ڕەنگی هیس و دۆرنجی بەری سێڵ دەچێ. نە بەڕۆژ و نە بەشەو هەست بەڕەنگە دڵگرەکەی جارانی ناکەی. چوار دەوری و تەنانەت نێرینەی ئاوەکەش، زەڵ و قامشەلانێکی چڕە. هەموو ئەمانە دیمەنێکی پڕ لە مەترسییان دروست کردووە، مرۆڤ ناتوانێ لێی نێزیک ببێتەوە. هەنگاوێک بچیتە پێش، نقوم دەبیت. ڕەنگە پێ و بەلەکت بریندار بێن و پاشان تووشاری نەخۆشی و دەردێک ببی.

بۆنێکی ناخۆش لەم ئاوەوە هەڵدەستێ، بۆنی سیان و گەنیو سەرت گێژ دەکەن. مراوییەکان لێی ڕەویونەتەوە. هیچ مەل و باڵندەیەکیش سەری دەنووک لەم ئاوە گەنیوە ناخشێنێ، وا دیارە شوێنێکی تریان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە. لەوانەیە لەوە بترسن دووچاری نەخۆشی بێن یان بەبۆنە گەنیوەکەی هێڵنجیان بێ. منداڵان وردە بەرد و دار و شتی تری تێ فڕێ دەدەن. هەندێک جاریش ئەوانەی لەو نێزیکانە دەژین زبڵ و پاشماوەی خۆراک ڕوو دەکەنە کەنارەکانی.

ڕۆژان و شەوان دەنگی بۆق گوێی مرۆڤ کەڕ و کاس دەکات. بێ بیانوو تا بەیانی دەقیرێنن. یەکێک دەیبڕێتەوە ئەوی تر تێ هەڵدەکات. لەوانەیە هیچ دەنگێک نەبێ لە دەنگی ئەم بۆقانە ناخۆشتر، ڕەنگێکیش نەبێ لە ڕەنگی ئەوان دزێوتر. چاوە زەق و دەرپەڕیوەکانیان دیمەنێکی ترسناکی هەیە. دیمەنی قاچەکانیان وات لێ دەکەن هێڵنج بدەی. هەندێک جار ئەم بۆقانە سەرئاو دەکەون و هەندێک جاریش دەچنە ژێر ئاوە ڕەنگ بۆزە گەنیوەکە و خۆیان دەشێرنەوە. کەنارەکانی ئاوەکە قەوزەیەکی ئەستووری ڕەنگ سەوزی تاریک گرتوونی، دەڵێی سەردەمانێکی درێژە ئەم قەوزەیە دەقی نەشکاوە. بەڵام تاو نا تاوێک بۆقەکان بەدوای یەکدا دێن و دەچن و دەقی قەوزەگرتووی کەنارە پڕ لە قامیش و دەوەنە دڕکاوییەکان دەشکێنن. تۆ ناتوانی بزانی ئەم سەر لە دوای یەکترنانەی ئەوان ئەویندارییە یان شەڕ و گێچەڵ، بەڵام زیاتر لەوە دەچێ کە شەڕ بێ چونکە ناشێ باری ڕۆشنبیریی ئەمانە خۆشەویستیی تێدا هەبێ. ئەم بۆقانە لە بەعسییە فایلدارەکان دەچن، شەرم و باکیان بە هیچ نییە و لە هیچ شتێک ناپرینگێنەوە. ڕاستیان گوتووە: ئابڕوو جارێک دەڕژێ و

تەواو. ئەم زەلکاوە ژینگەی بۆقەکانە، هەموو کەس لێی سڵ دەکات و بووە بەسۆنگەی بێز و بێزاری.

کۆواری شین ٢ نیسان ٢٠٠٤

## هەست و بیر

هونەر تەنیا ئاوێنەیەک نییە تاوەکو وێنەیەکی وردی ژیان بنوێنێ یان ئەزموونگەلێک لەنێوانی مرۆیێلدا بگوازێتەوە. بگرە کانیاوی شکاندنی تامەزرۆیی و تێنووەتیی جوانیخوازیی مرۆڤیشە. مەرج نییە مرۆڤ هەر پەنا بۆ ئەم و ئەو ببات تا لە مەبەست و نیازی شاراوەی کارێکی هونەری بگات ئینجا چێژ و تامی لێ وەرگرێ. کارە هونەرییەکان لە خۆیانەوە خۆشحاڵی و بەختەوەرییەک دەخەنە دەروونی مرۆڤەوە کە ڕەنگە ئەو هەستەی کارەکە ورووژاندوویەتی هیچ پێوەندییەکیشی بەناوەڕۆکی ئەو کارە هونەرییەوە نەبێ. بۆیە پەنا بردن بۆ ئەم و ئەو داد نادات، دەبێ سەرنجدەر خۆی خاوەنی هەستی جوانیخوازیی خۆی بێت.

ڕاستە تام و چێژ وەرگرتن لە هەر کارێکی هونەری بۆ کارەکە خۆی و ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو کارە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم پرسە بە مگێز و چەشکەی سەیرکەر و پاشینە کولتوورییەکەشیەوە بەندە. دەبینین زۆربەی خەڵک هەست بەئەزموونێکی دڵخۆشکەر لە کارە هونەرییەکان ناکەن، بگرە هەندێک جار لێشیان پەست دەبن و بە مڕ و مۆنییەوە لێیان دەڕوانن. یان هیچ نەبێ بایەخیان پێ نادەن و بەبێباکی بەتەنیشتیاندا ڕادەبوورن. ئاخۆ هۆی ئەمە چییە؟

پێش چەند ڕۆژێک لە پێشانگەکەی دەزگای ئاراس بۆ هونەری شێوەکاری و کتێب، بەچاوی خۆم ئەمەم دەبینی. لە ناوەڕاستی هۆڵی پێشانگەی شێوەکاریدا وەستابووم، چوار دیوارەکەی دەوروپشتم بریتی بوون لە ڕیزێک – هەندێک جار دوو ڕیزی بەسەر یەکەوە هەڵواسراوی – کارە هونەرییەکان.

هۆڵەکە بەهەشتێک بوو لە ڕەنگ و خەیاڵ و هەستی کوردانە، "بەهەشتێکی بزرە" بوو لەوێ دەدۆزرایەوە. هەرچەندە هونەرمەندەکان هەریەکە و خاوەنی شێواز و مۆرکی جیاجیابوون بەڵام لە نێوان خۆیاندا تەبا و هاودەنگ. ئەم تەباییە هەمووی بەسەر یەکەوە پێناسەیەکی دەدا بەپێشانگەکە کە دەشێ ناوی بنێین نەتەوایەتی یان خۆماڵیەتی. بەڵام ژمارەیەکی کەمی سەیرکەر لە هۆڵەکەدا دەبینران. ئەوانەی دەشهاتن زۆریان بەپەلە بەبەردەم تابلۆکاندا ڕەت دەبوون.

لە هۆڵەکەی ئەو دیویش، پێشانگەی کتێب هەبوو. زیاتر لە ٢٠٠ ناونیشانی جیاجیا لە هەموو بوارەکانی کولتوور و ئەدەب و زمان و مێژوو، لە نێوانی نووسراو و وەرگێڕاو. هۆڵەکە جمەی دەهات لە هات و چۆ و پەلەپرووزەی کڕیارانی کتێب. تەنانەت ئەو هونەرمەندانەش کە دەهاتن بۆ پێشانگەکە، یەکڕاست و بێ گرێ، بەرەو هۆڵی کتێب ملیان دەنا. هەندێکیان لە دەرچوونیشدا فریای سەر لێدانی هۆڵی پێشانگەی شێوەکاری نەدەکەوتن.

لە یەک کاتدا خۆشحاڵیش و ناڕەحەتیش بووم. خۆشحاڵ بووم کە لە ماوەی تەنیا پێنج ساڵ و نیودا دەزگاکەم توانیبیەتی ئەم هەموو بەرهەمە دانستە و نایابە بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم هەموو مامۆستا و قوتابی و ڕۆشنبیرە، بەپیاو و ئافرەتیانەوە بەبارکۆڵەی کتێبەوە دەردەچن و شادییەک بەسەر لێویانەوە خۆی دەنوێنێ. شادمانییەک کە نیشانەی سەرفرازی و پەرینەوەیە بەرەو دنیای ڕووناکی و هۆشیاری. ئاراس خەرمانێکی ئەوتۆی لە کتێبی جۆرەوجۆر هەڵداوەتەوە کە ببێ بەمایەی شانازی و ڕێز بۆ ئەزموونی سیاسیی کوردستان.

بەڵام چاوگەی ناڕەحەتییەکەم ئەوەبوو، وەک گوتم هۆڵی پێشانگەی هونەری شێوەکاری و شێوەکاریی منداڵان هەردووکیان خاڵی بوون یان ژمارەیەکی کەم لە مێوانان ڕوویان تێ دەکردن. هەڵبەتە ئەمەش بارودۆخێکی کۆمەڵگەی کوردەواری و توێژی ڕووناکبیرانی ئەم کۆمەڵگەیە پێشان دەدات.

وا دیاره هێشتا له کۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌دا که‌س به‌دوای تێرکردنی هه‌ست یان پڕکردنه‌وه‌ی به‌تاڵاییه‌کانی ڕوحدا ناگه‌ڕێ، یاخۆ ئه‌وانه‌ی به‌دوای تێرکردنی هه‌ست و ڕوحیاندا ده‌گه‌ڕێن ژماره‌یان که‌مه. ئێمه هه‌موومان ئه‌وداڵی تێرکردنی بیر و هزرین یان ئه‌وداڵی فێربوونین. له منداڵییه‌وه پێمان ده‌ڵێن "فێربه، تێربه". ده‌مێکه هه‌ستم کردووه که‌وا پێوه‌ندییه‌کی توندوتۆڵ له نێوان بیر و گیرفاندا هه‌یه، ئه‌مه‌ش ته‌نیا بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه که هه‌ردووکیان چه‌ند قووڵ بن باشتر و په‌سندترن. ئه‌مه ڕاستییه‌که. مرۆڤ دوای تێربوونی گه‌ده ئینجا به‌دوای فێربوون و پڕکردنی مێشک و پاش ئه‌وه به‌دوای تێربوونی هه‌ست و ڕوحدا ده‌گه‌ڕێ.

ئێمه کۆمه‌ڵگه‌یه‌کین زۆرمان پێویست به‌گه‌شه‌ی هه‌ست و ڕوح هه‌یه. زانایان ده‌ڵێن ئه‌وه‌ی مرۆڤ جیا ده‌کاته‌وه ئه‌وه‌یه گیانله‌به‌رێکه توانای بیرکردنه‌وه‌ی هه‌یه. به‌ڵام بیر به‌بێ هه‌ست دیسانه‌وه مرۆڤ له مرۆڤایه‌تی ده‌تۆرێنێ.

کۆواری شین ٣ ئایار ٢٠٠٤

## با ماڵی زمانه‌وانیمان ڕێکوپێکتر بکه‌ین

یه‌کێک له زاناکانی زمان ده‌ڵێ: "زمان ماڵی مرۆڤه"، له‌به‌رئه‌وه‌ی زمان بنه‌ڕه‌تی پێوه‌ندیی نێوان تاکه‌یلی مرۆڤ له کۆمه‌ڵگه‌دا پێک دێنێ. زمان، هۆی ده‌ربڕینی خه‌ون و خولیای مرۆڤه، بیروڕێی پێ ده‌گۆڕێته‌وه و زانیاریی پێ کۆ ده‌کاته‌وه و ڕایه‌ڵی پێوه‌ندی و تێکه‌ڵییه‌کانی خۆی پێ داده‌مه‌زرێنێ، هه‌روه‌ها ده‌بێ بەمایه‌ی په‌ره‌پێدانی بیر و تاقیکردنه‌وه‌کانی و به‌شداریکردنی له دانانی بنیاتی ژیانێکی شارستانییانه‌دا.

ده‌وڵه‌مه‌ندیی گه‌نجینه‌ی زمانه‌وانی له‌لای مرۆڤ، وای لێ ده‌کات باشتر له‌و شتانه تێ بگات که ده‌وترێن یان ده‌نووسرێن. له هه‌مان کاتدا لاوازیی توانی زمانه‌وانی له زۆربه‌ی کاتدا به‌ڵگه‌یه بۆ سستی یان لێڵی و شێواویی

تێگەیشتنی مرۆڤ. دەوڵەمەندبوون و فراژووتنی گەنجینەی زمانەوانی دەبێ بەمایەی باشتر گۆڕینەوەی زانیاری و پسپۆڕی لە نێوان تاکەیلی کۆمەڵدا و زیادبوونی بەروبوومی هزری و کولتووریيان.

سەرچاوەی هەرە گرینگی دەوڵەمەندبوونی گەنجینە و سامانی زمانەوانی لەم سەردەمەدا برێتییە لە هۆگەلی راگەیاندن کە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی و تاقیکردنەوە زۆر و زەوەندەکانی، بە پەلە و خێرایی دەگوازنەوە، هەر یەکێک لەم تاقیکردنەوە و پێشکەوتنانە، گەنجینەی زمانەوانیی مرۆڤ دەوڵەمەندتر دەکەن. دەشێ ئەم باسە زۆرتری لەسەر بدوێم بەڵام لە کورتی دەیبڕمەوە و دێمە سەر مەبەست. گەنجینەی زمانەوانیی سەردەم لە زمانی ئاخاوتنی کوردیدا دەوڵەمەند نییە. ئەوانەی لە بوارە جیاجیاکانی کولتووری کوردیدا کار دەکەن زۆر جار پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کەمترین ژمارەی زاراوە بەکار بێنن. دەتوانم لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە، لە زمانی ئاخاوتنی باپیرانی ئێمەدا بۆ چەندان مەبەست و واتای لەیەکەوە نێزیک و لە هەمان کاتدا جیاواز، زاراوەی تایبەتی وەک (لووتکە، کەپک، گەوە، لاپاڵ، یاڵ) بەکار هاتوون. لە هزری مرۆڤی کورددا هەر یەک لەم زاراوانە مەبەستێکی تایبەتی گەیاندووە کە جیابووە لەوانی تر.

بەڵام لە زمانی ئاخاوتنی هاوسەردەمی کوردیدا زاراوەیەکی وەک "نووسەر" بۆ چەندان مەبەستی لەیەکەوە جیاواز بەکار دێت. بۆ نموونە نووسەر لە یەک کاتدا writer و editor یشە، هەروەها بۆ زۆر شتی تریش بەکار دێت کە ئەم وتارە کورتە ناتوانێ هەموویان بگرێتە خۆ.

ئەوەی پێوەندیی بێرەوە هەبێت زاراوەکانی "سەرنووسەر" و "دەستەی نووسەران"ە کە بەهەڵە لە کاری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەکار هاتوون. editor یان وەک بە عەرەبی دەڵێن "محرر" نووسەر نییە بگرە ئەو کەسەیە کە لە کۆوار و ڕۆژنامەدا بەنووسینی خەڵکی تردا دەچێتەوە و بڕیاریان لەسەر دەدات ئاخۆ بۆ بڵاوکردنەوە دەشێن یان نا، هەروەها ئەگەر پێویست بێت کاری راستکردنەوە و دارشتەوە و پاکنووسکردنی بابەتە بڵاوکراوەکانیش ئەنجام

دەدات. ئەمە جیایە لە writer کە کەسێکە کاری نووسینی کردووە بە پیشەی خۆی، لەوانەیە ڕۆمان بنووسێ یان لێکۆڵینەوە یان هەر شتێکی تری ئەدەبی و هزری. بۆیە لەم ژمارەیەی گۆواری "شین"ەوە دەست پێ دەکەم زاراوەی سەرنووسیار بۆ "رئیس التحریر" و دەستەی نووسیاران بۆ "هیئە التحریر" بەکار بێنم. لەبەرئەوەی نووسیار لە رووی زمانەوە لەو واتایە نێزیکترە کە "محرر editor" دەیدات نەک "کاتب writer". بێگومان ئەمە واتای ئەوە نادات کە نووسیار لە هەمان کاتدا نووسەریش نەبێت، بگرە مەبەست لێی، ئەنجامدانی پیشەی نووسیارییە لە بڵاوکراوەیەکدا.

کارکردن لە بواری زاراوەدا وێڕای شارەزایی، بوێریشی پێویستە. کاتی خۆی لە دەسپێکی کاری ڕۆژنامەوانیم لە "گوڵان"دا زاراوەگەلی "دیمانە"م لە جیاتی چاوپێکەوتن و "تەنگژە"م لە جیاتی قەیران و "جێگرەوە"م لە جیاتی ئەلتەرناتیڤ و "ساڵوەگەڕ"م لە جیاتی ساڵڕۆژ و ساڵگەرد بەکار هێنا کە ئەمڕۆ وا دەبینم بە فرەوانی بەکار دێن. هەروەها چەندان زاراوەی تریشم خستە ناو زمانی ڕۆژنامەوانییەوە کە هەموویانم لە گەنجینەی دەوڵەمەندی زمانی کوردییەوە وەرگرتبوو و ئەو زاراوانەی لام بردن یان جێم پێ لێژ کردن هیچیان گونجاو نەبوون. کێ دەزانێ زاراوەی "گۆوار" بۆ یەکەمین جار سەید حوسێن حوزنی موکریانی بەکاری هێناوە و ڕەنگە هەر خۆشی دای تاشیبێ؟ ئەویش لە ساڵی ١٩٢٦ لە بڵاوکراوەی "زاری کرمانجی" کە لە شارۆکەی رەواندز دەری کردووە. زۆر جار وەک زۆر کەسی تر سەرم سوڕدەما ئاخۆ دەبێ "گۆڤار" لە چییەوە هاتبێ؟ تا پاشان بۆم دەرکەوت کە حوسێن حوزنی زاراوەکەی بەشێوەی "کۆڤار" بەکاری هێناوە نەک "گۆڤار". ئەم زاراوەیەشی لە دوو وشەی "کۆ" و "وار"ەوە پێک هێناوە. وا دیارە لە بریتی "وار" کە شوێن و جێگەیە "ڤار"ی بەکار هێناوە. پاشان زاراوەکە لە "کۆڤار"ەوە بە هەڵە لەلایەن خەڵکی ترەوە کراوە بە"گۆڤار". بەڵام ئەو زاراوەکەی لە چییەوە وەرگرتووە؟ ئەمە سەیرە.

لەم ماوەیەدا لە فەرهەنگێکدا خوێندمەوە کەوا زاراوەی magazine کە

"کۆوار"ەکەی لەمەڕ خۆمانە، لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزی بۆ کۆگەی کەلوپەل بەکار هاتووە. وا دیارە واتای زاراوەکە لە شوێنی کەلوپەلەوە بووە بە شوێنی وتار و هەواڵ و بابەتی جۆرەوجۆری ئەدەبی و سیاسی و هونەری و ئابووری. من وای بۆ دەچم "magazine" مەگازن" هەر "مخازن"ی عەرەبی بێت و شێوەی شێوا بێ. کەواتە "کۆوار" بەگوێرەی ئەم زاراوەیە "کۆگە"یە. من ئەم شێوازەی زاراوەسازیم پێ هەڵەیە لەبەرئەوەی حوسێن حوزنی واتای بنەڕەتیی زاراوەکەی وەرگرتووە نەک واتا هاوچەرخەکەی، هەرچەندە زۆریش لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە و دەبێ دەسخۆشیی لێ بکرێت. راستت دەوێ، لە ئاست ئەم ژیری و بوێرییەی حوسێن حوزنیدا مرۆڤ دادەچڵەکێ و شاش دەمێنێ. هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم کە ساڵی پار چەندان ژمارەی کۆواری "دەنگی گێتیی تازە"ی حوسێن حوزنیم کەوتە بەر دەست کە لە کاتی شەڕی دووەمی جیهان و دوای شەڕدا دەری کردووە. لەوێدا دەیان و سەدان زاراوەی راگەیاندن بەکار هاتوون کە زۆربەیان لەو زاراوانەی ئەمڕۆ لە راگەیاندنی کوردیدا بەکاردێن، چاتر و لەبارترن.

دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە زاراوەیەکی تریش بدەم کە ئەم ژمارەیەی کۆواری "شین" بۆ یەکەم جار دەیگرێتە خۆ، ئەویش زاراوەی "خاوەنی جیاوک"ە کە لە جیاتی "خاوەنی ئیمتیاز"م بەکار هێناوە. لە راستیدا من دژی وشە و زاراوەی بیانی نیم و ئەوەی هانم دەدات بۆ لابردنی زاراوەی "ئیمتیاز" بیانیبوونەکەی نییە. زمانی کوری وەک هەموو زمانان پڕە لە وشە و زاراوەی بیانی و هەر دەشمێنن بەڵام زاراوەی "ئیمتیاز" زاراوەیەکی زۆر نامۆیە و هیچ بەکارهێنانێکی تری نییە لە زمانی کوردیدا تەنیا ئەم بەکارهێنانەی نەبێ کە ئاماژەم پێی دا بۆیە با ئەمەش نەمێنێ و "جیاوک"ی رەسەن و خاوەن ماڵ بچێتەوە جێی کە کتومت هەمان واتا دەدات.

کۆواری شین ٤ ئەیلوول ٢٠٠٤

## قانیع چیت بەسەر هێنام؟

لە دەسپێکی دەرکردنی ئەم کۆوارەوە حەزم کردووە جارێک لە جارەکان بیر و بۆچوونی خۆم لەمەڕ شیعرەوە دەربڕم. بەڵام هەمووجار سڵم کردووەتەوە، ئاخۆ چۆن دەبێ لە کۆوارێکی ئەدەبیدا کە شیعر بەشێکی گرینگی – لەوانەشە گرینگترین بەشی – پێک بێنێ، من هەڵوێستی دژوارانەی خۆم لە ئاست شیعردا بنووسم. وێڕای ئەوەش خۆشم بەرپرسی کۆوارەکە بم و زۆربەی دەستەی نووسیارانی کۆوارەکەش شاعیر بن. لە هەمووشی نالەبارتر زۆربەی هاوەڵ و دۆستە نێزیکەکانم و ئەوانەی بەردەوام هاموشۆم دەکەن و خۆشیان دەوێم، شاعیر بن.

نایشارمەوە، لە منداڵیمدا زۆرم حەز دەکرد ببم بە شاعیر. خەونم بە شاعیریەتی و هەبوونی دیوانی شیعرەوە دەبینی، وام دەزانی ئەو کاتە مرۆڤێکی کامڵ دەبم کە ببینم وا شاعیرم لە ریزی شاعیراندا. جاربەجاریش هەوڵم دەدا شیعر بنووسم.

نازانم تەنیا لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئێمەدا وایە یان لە کۆمەڵگەی وڵاتانی پێشکەوتووشدا هەر وایە کە زۆربەی ئەوانەی دەنووسن، لە دەسپێکدا، گڕوگاڵی نوسینیان بە شیعر دەست پێ دەکەن. بەمنداڵی هەندێک جار بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوانەی لە ژیانی خۆیاندا شیعریان نەنووسیوە "هەستی ناسک"یان نەبووە، یان هیچ ڕۆژێ ئەوین و خۆشەویستییەک نەیبزواندوون.

لەپڕ هەڵوویستم گۆڕا. چۆن گۆڕا؟ شاعیری گەلێریی کورد، "قانیع" گۆڕی. جارێکیان، دەشێ لە ڕۆژنامە و کۆوارێکدا خوێندبێتمەوە یان لە رادیۆ بیستبێتم، سەرپێهات و ژینامەی قانیعم زانی، شتێکی دەگوت لە جۆری ئەمە: "پیاوێکی ریوەڵەی لاواز، باریکەڵەی درێژ، برسی و ئێسک بەپێستەوە نووساو، هەموو ژیانی خۆی بە هەژاری بەسەر برد. لەم دێ بۆ ئەو دێ هەدای نەدەدا و

له هیچ شوێنێکدا نەدەگیرسایەوە. کە مرد تەنیا سێ سەد فلسی لە پاش بەجێ ما، دوو کوڕی هەبوو یەکێکیانی ناو نابوو خەنجەر و ئەوی تریانی ناو نابوو کوتەک"

لە شوێنی خۆمدا حەپەسام و وەک زاراوەی کوردی دەڵێ: دەمم بوو بەتەڵەی تەقیو. لە دڵی خۆمدا گوتم "چما شاعیری وایە؟ مرۆڤ بۆ خۆی بەدوای نەهامەتیدا بگەڕێ هەر هێندە بەسەر خۆی دێنێ". پاشان ژینامەی چەند شاعیری تریشم زانی، لەوانە "هێمنی موکریانی". ئەمیان ژینامەکەی بەدەستی خۆی نووسیوەتەوە و بەدەمی خۆی شتێک دەڵێ لە جۆری ژینامەکەی قانیعە، رەنگە خراتریش. بۆ نموونە دەڵێ: "کە باوکم زانیی شاعیرم، دەفتەری شیعرەکانی لێ سووتاندم و بەپرتە و بۆڵەشەوە دەیگوت: کوڕ بووە بەشاعیر دەیەوێ لە برسا بمرێ".

هەڵبەت، ئەو رووداوانە بۆ تافی منداڵیم دەگەڕێنەوە، ئەو کاتە من نەمدەزانی برسیەتی و لەڕیی قانیع و دەربەدەریی هێمن "باجی سەربەرزی"یان بوو کە دەیاندا. ئەو کاتە ئەو جۆرە چمکانە بۆ من بیان و نامۆ بوون و لێیان تێ نەدەگەیشتم. ئەمە ساڵی ١٩٧٤ بوو کە من لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم و هەر لەو ساڵەشدا دیوانی ئەو دوو شاعیرە بڵاوبوووبوونەوە.

هەر چۆن بێ، کەڵکەڵەی شاعیریم لە مێشک وەدەر نا. کەچی پاشان، لە تەمەنێکی گەورەتردا چەند جار خۆمم لەبیر چووەوە و یەک دوو شیعرم نووسی، بڵاویشم کردنەوە، بەڵام بەناوی خواستەنییەوە نەک بەناوی خۆم. ئێستەش ئەگەر ئەو کۆوارەی ئەو شیعرانەمی تێدا بڵاوبووەتەوە بکەوێتەوە بەرچاوم دادەچڵەکێم، لە دڵی خۆمدا شەرمێک دام دەگرێ. دەڵێم "ئەرێ ئەوە چۆن ئەو قەباتەم کرد". بەڵام دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە "کەس نازانێ ئەمانە شیعری منن". هەندێک جاریش دەڵێم "ڕۆژی ریسوابوونم ئەو ڕۆژەیە کە ئاشکرا دەبێ ئەم شیعرانە من نووسیومن". هەڵبەتە شیعرەکان زۆر بێ تام و پڕ و پووچ بوون، تەنیا کەف و سۆزێکی لاوێنی و هیچی تر.

باشە بۆ هێندە رکم لە شیعر دەبێتەوە؟ ئاخۆ لەبەر ژینامەکەی قانیع و هێمن-ە؟ یان لەبەرئەوەیە لە سەرەتای خوێندنەوە رووم لە بابەتە زانستییەکان بوو و هەر ئەمەش پاڵیان نام دواتر کۆلێجی ئەندازیاری تەواو بکەم؟ لە راستیدا دایکیشم زۆری پێ ناخۆش بوو شیعر بخوێنمەوە. هەرچەندە خوێندەواریشی نەبوو بەڵام ئەگەر کتێبێکم بەدەستەوە بوایە، بەهەست دەیزانی دیوانی شیعرە یان نا. رووی گرژ دەبوو کە بیزانیایە شیعر دەخوێنمەوە.

ئێستەش دوای ئەم هەموو ساڵانە هەڵوێستم بەرامبەری شیعر باش نییە، ئەمەش تووشی جۆرە سەغڵەتییەکی کردووم لە ئاست دۆستە شاعیرەکانمدا، بەڵام کاتێ لاپەڕەکانی کۆوارێک یان رۆژنامەیەکی ئەدەبی دەکەمەوە ئەگەر لە ریزی شاعیرەکاندا ناسیاو و دۆستەکانی خۆم هەبن، بێ سێ و دوو شیعرەکانیان دەخوێنمەوە، دەمەوێ بزانم گەیشتوونەتە کوێ. ئەمە دڵەڕاوکەی منە لەگەڵ شیعردا. ئەم بارە ناهەموارە وای لێ کردووم هەندێ جار لە ناخی خۆمدا بڵێم "قانیع چیت بەسەر هێنام؟ ئەگەر نەشتهێشت ببم بە شاعیر با رقم لێی نەبوایە".

کە دەزگای ئاراس دامەزرا بریارمان وابوو شیعر بڵاو نەکەینەوە. ماوەی پێنج ساڵ بەرخودانمان بەم رێبازەدا درێژەی کێشا. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا زۆر لە دۆستە شاعیرەکانم لێم لالووت بوون. دیوانەکانیان دەهێنا و منیش رەتم دەکردنەوە. تا دوا جار لە ژێر پاڵەپەستۆی بەهێزی ئەواندا بەزیم و کۆڵم دا. وا ئێستە چەندین دیوان نۆرەیان بەستووە بۆ بڵاوبوونەوە، هەروەها چەندانیشیان بڵاوبوونەوە.

پێش دوو ساڵ سەرجەمی شیعرەکانی "هێمن"م بڵاوکردەوە، کێ دەڵێ ئەمە لەگەڵ "قانیع"یشدا ناکەم. بەمنداڵی سەرسام بووم بە شیعرەکانیان و حەزم بەو ژیانە نەدەهات کە ژیابوون، وام دەزانی ئەم دووە بە شیعر "بەرز" و بەژیان "کڵۆڵ" بوون، بەڵام ئێستە بەپێچەوانەوە، وا دەزانم هەموو ئەوەی "قانیع" و زۆربەی ئەوەی "هێمن" نووسیویەتی ناچنە خانەی شیعرەوە، هۆنینەوەیەکی

ســـادە و رواڵەتكارانـەن و هـیـــچی تر، بـەڵام ئەو ژیانـە ســـەربـەرزانەیـەی هـەردووكیـان ژیان، مۆر و شوێنەوارێكیـان بەسەر دەروونمەوە بەجێ هێشتووە كە تا ماوم ناسڕێنەوە. هەردووكیان بوون بە چاوساغ و ڕێنوێن بۆ ژمارەیەكی زۆر لەوانەی سەر بە وەچەكەی ئێمە بوون، بەشێک لەو چەرمەسەرییەی بەسەر ئەواندا هاتبوو بەسـەر ئێمەشدا هـات. هەردووكیان بە ژیان "بەرز" و بە شیـعر "كڵۆڵ" بوون.

جارێكی تریش لە داهاتوودا دێمەوە سەر شیعر.

كۆواری شین ٥ تشرین (١) ٢٠٠٤

## دیسـانەوە شـیـعـر

لەم گۆشەیە و لـە درێژەی وتارەكەی ژمارەی پێشوودا، جـارێكی تریش دەرفەت بەخـۆم دەدەم بێـمـەوە سـەر "هێـمن" و شـیـعرەكـانی. ئەوەی سـەرنجی دیوانی "هێمن" بدات بۆی دەردەكەوێ "هێـمن" لە شیـعری خـۆیدا زیاتر بایەخی بەدوو پرس داوە: یەكـەمیـان – بابەتی ئەوین، ئەویش ئەوینێكی سادە و رووالەتی كە زیاتر لـە كـەفـوكـوڵی گـەنجـانـە دەچێ و تا رادەیەكی زۆر چەپاندنی زایەندی (الكبت الجنسي) بەسـەریدا زاڵە. شـیـعـرەكـانی "هێـمن" لە پرسی ئەوین بۆ ئافرەت، لە مـاچ، مـەمک، مژین، گوشین، رامـووسـان، هـامێـز تێ وەرهێنان و شەوڕاو و... هـتد، بەولاوەتر ناڕۆن. لەلای" هێـمن" خۆشـەویستی و ئەوین قووڵ نەبووەنەتەوە و نەبوونەتە هەستێكی مرۆڤانە، یان دیوە رووحییەكانی مرۆڤیان دانەپۆشیـوە. ئەوین لەلای "هێمن" بریتـیـیە لە تـامەزۆریی جەستـەی نێر بۆ جـــەســتـــەی مـێ نەک تـامـــەزرۆیی رووح بـۆ رووحـــێكی تر. ئـاشكرایـە كـــە بەتێربوونی جـەستـەش ئەم ئەوینە بەكۆتا دێت و دادەمركێتـەوە، بەڵام ئەوینی رووح تەواوبوونی نییە و تێنووەتی ناشكێنێ. مرۆڤ لە ئەوینی رووح تێر نابێ. ئەوەی سـەیری دیوانی "مـەلای جـزیری" یان "نـالی" لە سـەردەمی كـۆن یان لە سـەردەمی نوێدا "گـۆران" بكات دەزانێ ئەوینی گـیـانی لەلای ئەمـانـەدا چەند

قووڵە. لەلای کەسیان سێکس زاڵ نییە، هەشبێ لە پشت چەندان پەردەوەیە.

دووەمین پرس لە شیعری "هێمن"دا، پرسی نیشتمانپەروەری و تێکۆشانی سیاسییە بەڵام ئەویش کوردایەتییەکی دروشم ئامێزە کە قووڵی و فەلسەفەیەکی تێدا بەدی ناکرێت. تۆ سەیری ئەمانە بکە: "دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم - لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم" تا دەگاتە: "کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە" یان "مزگێنیم دەیە دەگەی بەئاوات - کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات - حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات" یان "خاین خوێڕی درۆزن سەرشۆڕ نامەرد دیکتاتۆر"، ئەمانە هێندە سادە و کاڵن ڕەنگە بۆ هوتاف کێشانی ڕێپێوانیش دەست نەدەن و زیاتر لە ئاخاوتنی کاتی تووڕەیی، یان لە نەڕەنەڕی رادیۆی شۆڕش دەچن، ئەوەندە هەیە کە کێش و سەروایان بۆ کراوە.

دیوانی "هێمن" لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ دەرچوو کە ئەو دەمە ئاگری شۆڕشێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا نێڵە نێڵی بوو و پاش ساڵێک بەهۆی نسکۆوە دامرکایەوە. دوای ئەمە بەدرێژاییی ساڵانی دوای ١٩٧٥ لە حەفتایەکاندا و پاشانیش هەموو هەشتایەکان ڕژێمی بەعس هەوڵی دەدا هەموو تروسکەیەکی خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەدا بکوژێنێتەوە. لەو سەردەمەدا شیعرەکانی "هێمن" هەم بەردەست بوون هەمیش نەینۆکی ڕەنگدەرەوەی هەلومەرجەکە بوون بۆیە زۆر لە هەرمێن و باو بوون. ئەم شیعرانە بەکەفوکوڵی گەرمی خۆیان تێنووەتیی لاوانیان دەشکاند و کوڵ و کۆی دەروونی دادەمرکاندنەوە، وەک چۆن لەو سەردەمەدا "لەتیف هەڵمەت"یش وەک دیاردەیەک لەباو بوو. پێشتریش لە دوای چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ و بەدرێژاییی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، مۆدەی "کامەران موکری" بوو. بەڵام لە حەفتایەکاندا مۆدەی "کامەران" دایە کزی و پووکایەوە.

جیاییی "هێمن" لەوانی تر ئەوەبوو کە بە "موکریانی"ی دەنووسی، ئاخاوتنی

دەوڵەمەندی ئەم شێوەزارە، تەڕی و پاراوییەکی زۆری بەشیعرەکانی دەدا. لە شیعری "هێمن"دا سیحری زمان باڵی بەسەر هەستی مرۆڤ و واتادا کێشاوە.

لە راستیدا، دوای ئەوەی "توحفەی موزەفەرییە"ی ئۆسکارمان کە "هێمن" هەر بۆ خۆی لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لە ١٩٧٦دا چاپی کردبووەوە، هەروەها "خەج و سیامەند"ی عەبدوڵڵا ئەیوبیان و چەند نامیلکەیەکی تری وەک "مێر و وەفا" و "بارام و گوڵەندام"ی قادر فەتاحی قازیم خوێندەوە و بەشێوەزاری دەوڵەمەندی موکریان ئاشنابووم، بۆم دەرکەوت هەموو ئەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆرییانە، وەک شیعری "هێمن" رەنگە هەندێکیان زیاتریش بەزمانی پاراویان، ختووکەی هەستی مرۆڤ بدەن.

لێرەدا جوانترین هەڵبەستی "هێمن" کە بەنموونە بیهێنمەوە "بەهاری کوردستان"ە. ئەم هەڵبەستە برێتییە لە وێنەیەکی فۆتۆگرافییانەی سادە بەئاخاوتنی موکریانی، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئەم هەڵبەستە و "گەشتی هەورامان"ی گۆران یان "بەرەو موکریان"ی هەژاردا بکرێت، دەردەکەوێ کەوا فەلسەفە و رووحێکی کەم لەم دەقەدا هەیە. تەنیا زمانە کە لە شیعرەکەی "هێمن"دا خۆی نواندووە.

هەڵبەتە "هێمن" کۆمەڵێک شیعری هەیە کە بەنەمرێ دەمێننەوە بەڵام ژمارەی ئەم شیعرانە لە ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە شیعری "بارگەی یاران" کە کاتی خۆی کردمان بەناونیشانی بەرگی دیوانەکەی. من وا دەزانم ئەمە جوانترین شیعرە کە هێمن نووسیبیەتی. هەروەها "ناسۆری تەشەنا" و "ناڵەی جودایی" و چەند شیعرێکی تر. بەڵام زۆر شیعری "هێمن" هەیە لەبەر بێکاری نووسراون.

من وا دەزانم رەواج و هەرمێنی دیوانی "تاریک و روون" لە کاتی خۆیدا زیاتریش بۆ ئەو ژینامەیە دەگەڕایەوە کە کەوتبووە پێشەکیی دیوانەکە و "هێمن" بۆ خۆی نووسیبوویەوە و ناوی نابوو "لە کوێوە بۆ کوێ". ژینامەی

مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکیدا، لە بیرمە ئەو کاتە ئەم ژینامەیە لە هەموو شتێکی تر سەرنج ڕاکێشتر بوو لەناو لاواندا.

کۆواری شین ٦ تشرین (٢) ٢٠٠٤

## میللەتی بێ کتێب

خەلاتکردن و ڕێز لێنان دیاردە و ڕووداوی شارستانییانەن. کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ڕێز لەو کەسانە دەگرێ کە لە بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا سەرهەڵدەدەن یان لە کەسانی تر جیا دەبنەوە و دەبن بەمرۆڤی سەرنج ڕاکێش، یان دەبن بەنموونەی بەرز لەلای تاکەیلی کۆمەڵەکەیان. بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگەی دواکەوتوو یان گۆران گوتەنی "قەومی بەسیت" ڕێز لە بەدەوکار و داهێنانکارانی خۆی ناگرێ. لەجیاتی ئەوەی وەک نموونەی بەرز و سەرمەشق چاویان لێ بکات، دەیانکات بە"عەکسی قەمەر لە ناو حەوزێکی لیخندا".

کورد "میللەتی بێ کتێب و نووسینە" حاجی قادر گوتەنی. لەناو گەلانی دراوسێدا وەک کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و خۆخۆر و پاشکەوتوو سەیرمان دەکرێ کە هیچ ڕواڵەتێکی شارستانیمان پێوە دیار نییە. هەرچەندە ئەگەر واش بێ، ئەوا خانی گوتەنی لەسۆنگەی "بێ مەجالی"مانە نەک "بێ کەمالی". ئێمە تازە بەتازە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا وا خەریکین پێ دەنێینە ناو پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەلایەتییەوە و داوونەریت و پێڕۆ و دامەزراوە و ڕێنوێنیی شارستانییانە دادەنێین. لە کۆمەڵگەی تازەی کوردیدا هەموو شتێک تازە و دەق نەشکاوە. پێش چەند ساڵێک کە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ژیاندابوو، جارێکیان لە دیمانەیەکدا گوتی: "ئەم کوردە ٢٧٠٠ ساڵە لە دەرەوەی مێژوودا دەژی". مەبەستی لە ماوەی نێوان ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە بوو تا ئەمڕۆ.

هەبوونی داوودەزگای ڕۆشنبیری لە سایەی ئەزموونی خۆماڵیدا، پەرە و تەکانی بەژیانی کولتووریمان داوە. ئەمە شتێکە هەموو کەس لەسەر کۆکە.

دەزگایێل کولتووری لە کوردستاندا وێڕای کەموکورتییان، بوونەتە چەتر و سیوانی ئەدیبان و بنووسان بەهەموو ئاراستەی جیاوازی هزری و سەنگەری دوور لە یەک یان دژبەیەکی سیاسییان. لە سێبەری ئەزموونی خۆماڵیدا وا خەریکە دەبین بەخاوەنی کتێب و کتێبخانەی نەتەوەیی.

هەر قۆناغێکی تازەش داوونەریتی تازە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. دەزگای ئاراس لە ڕۆژانی ٢٦ – ٢٧ کانوون (١) ٢٠٠٤ وەک داوونەریتێکی تازەی کولتووری لە کوردستاندا، ڕێوڕەسم و ئاهەنگێکی بەبۆنەی ڕێزلێنان و خەڵاتکردن و بەرزڕاگرتنی کتێبی کوردی ساز دا. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەندەرانەوە بۆ ئەم فیستیڤاڵە بانگهێشتن کرابوون. ئەوەبوو لە ماوەی دوو ڕۆژدا، وتار و پیرۆزبایی و کۆڕی ئەدەبی و ئاهەنگی میوزیک، بەبۆنەی ڕێز لێگرتنی ژمارەیەک قەڵەمی ناسراوەوە پێشکێش کران.

ئەو کاتە، لە وتاری کۆتای ڕێوڕەسمەکە و لە چەند دیمانەیەکی تایبەت و گشتیدا فرەپاتمان کردەوە کەوا ئەو بنووسانەی ڕێزمان لێ ناون تەنیا هێمان و بەس. مەبەستی ئێمە خەڵاتکردنی ئەو هەموو کەسانەیە کە لە جڤاکی کوردیدا ناسناوی "نووسەر" یان "ئەدیب" یان "دانەری کتێب"یان هەیە. هەروەها "سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی چەند بنووسێک بۆ خەڵات پێدان و ڕێز لێگرتن، پرسێکی ڕێژەییە". ناشکرێ لە بۆنەیەکی وادا خەڵات بدرێ بەدەیان کەس، ئەو کاتە پرسەکە نابێ بەخەڵات دەبێ بەپاداشت.

ئێمە پێنج کەسمان لەم بۆنەیەدا خەڵات کرد: حەمەسەعید حەسەن "ڕەخنەگری ئەدەبی". د. مارف خەزنەدار "لیتۆژەوەی ئەکادیمی". ئەحلام مەنسوور "ڕۆماننووس". فەلەکەدین کاکەیی "ڕۆژنامەنووس". د. مونزیر فەزل "یاساناس و لێکۆڵەوە". سێ بنووسی یەکەم لە لایەن سێ بنەماڵەی شەهیدانی (١)ی شوباتەوە خەڵاتیان پێشکێش کرا، ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی ئەم خەڵاتانە بەخوێنی شەهیدان نەخشاون و دەبێ لەمەولا خەڵات هەڵگران زیاتر

پەرۆشی وشـەی پیـرۆز و ڕاسـتیـوێژی کـوردی بن، جگە لەوەی نرخ و پایەی خـەڵاتەکـە بـەوە پتـر بوو کـە مـاڵبـاتی شـەهیـدان پێـشکێـشیـان کـرد. دوو بـنووســـەکـــەی دواییش لـە لایەن بـەرێزان ســـەرۆکی حکوومـــەت و وەزیری ڕۆشنبیرییەوە خەڵاتیان پێشکێش کرا، ئەمەش هێمای دەسەڵاتی کوردی بوو، ئەو دەسەڵاتەی لەسەر ئێسک و پرووسکی ونبووانی گۆڕستانە بەکۆمەڵەکان و خوێنی شەهیدان دامەزراوە و بەرهەمی ڕەنج و خەباتی میللەتەکەمانە.

بۆ خـەڵاتکردنی هەر یەکێک لەو بنووسـانە، ئێـمە بیـانوومـان هـەبوو. بۆ نموونە و بەکورتی: حـەمەسەعید حەسـەن لەسەر وشەی ڕەخنەگرانەی نەترس و د. مـارف خـەزنـەدار لە سـۆنگەی بێ وچانی و کۆڵنەدان لە خزمـەتی وشـەی ڕەسـەنەوە و ئەحلام مـەنسـوور لەسـەر وشـەی بوێری ئافرەتی بێ پشـتیوانی کورد و فەلەکەدین کاکەیی لەسەر وشەی بەرگری و پێشمەرگانە و د. مونزیر فـەزل لەســەر وشـەی برایەتی و تەبایی و پشـتیـوانی لە دۆزی کـورد، خـەڵات کران.

بەر لە خـەڵات دابەشـین و لە کـاتی ڕێوڕەسـمـەکـەدا، دڵەڕاوکـە و نیگەرانی سـەرتاپێی هەسـتی داپۆشـیـبـووم. نەمـدەزانی ئەم ڕووداوە تازەیە چۆن لە ناو خـەڵکدا بـەتایبـەتیش لە کـۆڕ و جڤـاتی ڕووناکـبیـراندا بـەدەر دەداتەوە و کاردانەوەی چی دەبێ. لە گەلێک لە ئامادەبووانم دەپرسـی "بۆچوونتان چییە؟". هەمــوویـان پەسنی ڕێوڕەسـمــەکـەیان دەدا و دەســخـۆشـیـی ڕێکخـستن و هۆنینەوەی فـیسـتیـڤـاڵەکەیان دەکرد. هەندێکیـشیـان لە هـەڵبـژاردنی خـەڵات پێـدراوەکـاندا دژ بـوون. ئەمـە نیگەرانی نەدەکـردم، لەبەرئـەوەی لە سـەرەتاوە دەمـانزانی کاردانەوە و لە دژ وەسـتانـەوە ڕوودەدەن، هـەر دەبێ واش بێ، دنیـا بەرەو فرەڕەنگی دەڕوات نەک یەکڕەنگی. بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردم ئەوەبوو هەندێک کەس لێیـان پرسـیم ئاخۆ ئەوان لە ریزی خـەڵاتکراوەکاندا دەبن یان نا، کـاتێ منیش بـە"نا" وەڵامم دانەوە، نەهاتن بۆ ڕێوڕەسـمــەکـە. هەندێکیش هۆڵەکـەیان بەجێ هـێـشت لەبەرئەوەی خـەڵات نەکـرابوون. هـەندێکی تریش بەرۆکیـان گرتم چونکە خـەڵاتیـان وەرنەگرتبـوو. هـەڵبـەتە زۆریش هـەبوون کە

خۆشحاڵ و شادمان بوون بەرێورەسمەکە.

لە ناو ئەم نیگەرانییەدا، کتوپڕ ئەوەی سەرسامی کردم، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئاهەنگ و ڕێورەسمەکە بوو لە دەرەوەی هۆڵەکەدا. لە هەموو سیلە و دەڤەرێکی کوردستان و ئەوروپاوە دەستخۆشی و پیرۆزباییمان بەسەردا باری. لە ئاست هەستی بەرپرسیارەتیی بەرزی تاکەیلی ئەم کۆمەڵگەیەی خۆماندا شادمان بووم. بوو بەمایەی شاگەشکەبوونم کاتێ بینیم ڕووداوێکی ڕۆشنبیری لە وڵاتەکەماندا بووە بەڕووداوێکی جەماوەری و خەڵک بەخۆشحاڵییەوە لێی دەدوێن. وا دیارە ئەمە تێنووەتیی خەڵکی کوردستانە بۆ داهاتووێکی گەش، داهاتووێک کە ئیتر "میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین" نابین.

کۆواری شین ٧ کانوون (١) ٢٠٠٤

## ئەو بیرەوەرییانەی کاڵ نابنەوە

هەموو جار کە وێنە و دیمەن و دەنگی ئەو دێنەوە بەر نیگای خەیاڵ و گوێم، کول و کۆڤانی کەسەرێک بیر و هەستم دەتەنێتەوە. ڕۆژانە یەکترمان دەبینی. ئەو بەردەوام هەواڵ و دەنگوباسی سەیر و سەرنج راکێشی لەلابوو. سەرچاوەی هەواڵی تازە و دەنگوباسی گاڵتەوگەپاوی بوو. ئەگەر بچوومایە ژوورەکەی و لەوێ نەبوایە، هەستم بەچۆڵی و بەتاڵیی شوێنەکە دەکرد، زۆر جار لەملا و لەولادا بۆی دەگەڕام تا دەمدۆزییەوە. بۆ من، ڕۆیشتن لەو شوێنە بەبێ دیمانەی ئەو وەک ئەوە وابوو شتێکی گرینگم لەدواوە لێ بەجێ مابێ. بەداخەوە، نەمدەزانی ڕۆژێک دێت، کتوپڕ و بۆ یەکجاری ئەو شوێنە چۆڵ دەکات و ئیتر تا هەتایە لێم ون دەبێ. دواکۆچی هەر کەسێکم بەخەیاڵدا بهاتایە، هی ئەوم بەخەیاڵدا نەدەهات، لەبەرئەوەی ئەو زۆر بەگەرمی و بەوردییەوە خەریکی هۆنینەوەی بناخەی ژیان بوو.

ئەو کەسە "هەڵمەت"ی هاورێ و هەڤاڵی خۆشەویستم بوو کە لە تاوانە تیرۆریستییە گەورەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤دا ڕۆیشت و بەری نەکردەوە دوا. لەو ساوە تا ئەمڕۆ هەر کاتێ بیرم دەکەوێتەوە خەمێک دامدەگرێ، خەمێکی پان و قووڵ، هەموو ڕۆژیش زیاتر لە جارێک دەبێتەوە بەمیوانی خەیاڵم. لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی ئەودا هەر هێندە دەزانم کەوا لە دوای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێجی ئەندازیاری "بەشی بیناسازی" لەساڵی ١٩٨٠دا بووبوو بەپێشمەرگە، بێ وچان و هەدادان بەردەوام بوو تا ئەو ساتەی سەری نایەوە. هەموو جار کە یەکترمان دەبینی و زۆریش یەکترمان دەبینی، زیاتر بەگاڵتەوگەپەوە خەریک دەبووین بۆیە هیچ ڕۆژێک فریا نەکەوتم پرسیاری شتێکی ژیانی لێ بکەم تا ئەمڕۆ لێرەدا بینووسمەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، داهێنانێکی تازەی لە گاڵتەوگەپەکانیدا کردبوو ئەویش ئەوەبوو هەڵبەستی پێکەنین و تەنزئامێزی دادەنا.

هەڵمەت لەسەرەتای خەباتەوە لەگەڵ شەهید سامی عەبدوڕەحماندا دەستی پێ کردبوو، تا دوا ساتیش هەر لەگەڵ ئەودا کاری کرد و بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بوو. بۆ یەکەم جاریش شیعرە تەنزاوییەکانی بەو دەست پێ کرد، کە هەندێک جار ڕەخنە و توانجی تیژیشیان لە ئاست کاک سامیدا گرتبووەخۆ، بەڵام ئەو کە دەیبیستنەوە بزەیەکی دەهاتێ، هەندێک جاریش گوێی پێ نەدەدا. لەم دواییانەدا کە شیعرەکانی هەڵمەت بە هەرمێن کەوتبوون و باس دەکران، هەندێک جار کە هەڵمەتم دەمبینی، پێ دەکەنی دەیگوت "کاک سامیش فێربووە پێم دەڵێ چیی تازەت هەیە؟".

جاری یەکەم کە هەڵبەستی دانا، لەوەوە دەستی پێ کرد کە پێشنووسی "قوتارس" ناوێک کە درابوو بەکاک سامی تا یارمەتیی بدات بۆ پرسی ژنهێنان، بەشیعر هۆنییەوە. نامەکەی قورتاس ناو تۆزێک سەیر و سادە بوو، ئەمەش هانی "هەڵمەت"ی دابوو بیکات بەشیعر، شیعرەکە وابوو:

کاکە سامی بمناسە، من حەزرەتی قورتاسم
راستە تۆ من ناناسی، بەڵام من تۆ دەناسم

له ئیدارەی کاک وریا، من سەردەستەی کەنناسم
رووت و پێخواس و برسی، وەک دەسکی خاکەناسم
هانام بۆ تۆ هێناوە، موحتاجی ئەسکەناسم
عیشق لە کەللەی داوم، بۆیە وا گێژ و کاسم

ئەمە دەسپێکی گاڵتەوگەپە شێوە تازەکەی بوو. پاشان شیعرێکی گەپئامێزیشی بە شەهید شەوکەت شێخ یەزدیندا هەڵگوت، کۆپلەیەکی لێرەدا دەنووسمەوە:

ئەوا هات سەرچاوەی ژین
کاکە شەوکەت شێخ یەزدین
قەندیل و گارە و سەفین
ئەتۆ هەبی ئەوان چین؟

شەهید شەوکەت ئەم شیعرەی بیستبووەوە، بەدەسخەتیش پێی گەیشتبوو، زۆرجاریش ئێمە بۆمان دەخوێندەوە، بەڵام هەموو جار زەردەخەنەیەکی دەهاتێ. شیعرەکە درێژبوو، من تەنیا بەشێکی دەزانم، وەک دێتەوە بیریشم ناوبانگی هەڵمەت لە شیعردا لەمەوە دەستی پێ کرد. هەروەها شیعرێکی بۆ کاک عەلی عەبدوڵڵاش نووسیبوو، ئەم سێ دێرەیم لە بیرماوە:

دووربێ لە دەرد و بەڵا – کاکە عەلی عەبدوڵڵا
خوایە عومری درێژ کەی – هەزار ساڵ ئینشائەڵڵا
لە دەوری سەری گەڕێن – ئێزگە و سەباح بەیتوڵڵا

کەس لەم شیعرانەی هەڵمەت نیگەران نەدەبوو چونکە گاڵتەوگەپ بوون. زۆربەشیان بەخاوەنەکانیان گەیشتبوونەوە.

لەم دواییەدا شیعرێکی لە بارەی بەرپرسان و بایەخدانیان بە ئۆتۆمۆبێلی جوان و نایابەوە نووسیبوو:

لەناو ئێمەدا ئەوەی مەغدووره
عیلاج ئەرنەب و شەبەحی سووره

دەرمـــانی زەغت و قـــورحـــە و قـــەڵەوی
تـەنیـــا عـــیـــفـــریتـــە و لـەیلا عـــەلـەوی
مـــەســـئـــوولی دامـــاو بەبێ مـــۆنیکا
لـە پـەژارە و خـــــەم دائیـم شـــــەریکـە
ئـەمـــــانـە هـەمــــــووی بـەڵگـە و دەلیـلـە
ســـەرئەنجـــام بەشی مـــیللـەت پاسکیلـە

شـیـعـرێکی تریشـی وەک مـەتەڵ نـووسـیـبـوو کـە ئەویش هەر لـەبارەی بەرپرسانەوە بوو:

دەقی گـرتووە بەکـورسی – بەس لە خـزمـان دەپرسی
هەمـوو کـەس لێی دەترسی – دەوڵەمـەند بی یان برسی
نـەکـــــەی نـاوی بـهـــــێنی – بـەبێ ئایـەتـەلکورسی
دەنا کــەوتیــە مـەترسی – لە ژیانی خـۆت "بـەرپرس"ی

هەروەها ئەم مەتەڵەشی نووسیبوو:

خـاوەنی کـورسی و مـێـزە – کـورتەبـالا و بەرێزە
لە ئافـــرەت بەپارێزە – تۆقـــیـــوە لە ئاوێزە
کێیە ئەو پەرەمێزە؟

پاشـان هەڵمەت دەسـتی پێ کرد جۆری شیعرەکانی بگۆڕێ. کەوتە دانانی شــیـعــری پەلامــاردان و تانە و تەشــەر لە بـەرپرســان، بـەڵام پێش ئەوەی بیـاننووسێ دەیپرسی ئاخۆ ئەو کەسە دەستی شیعرنووسینی هەیە یان نا. ئەگـەر هەیبـوایە نـەیدەنووسی نەوەکا وەڵامی بدەنـەوە. شـیـعـری لەم جـۆرەی لەسـەر زۆر لە بەرپرسان نووسـیبـوو کە هەندێکیـان لەلای من هەن بەڵام ناشێ بڵاویان بکەمـەوە تا داهـاتووێکی دوور. لەم دواییـیەدا زۆربەی ئەم شـیـعـرانـەی پێشانی من نەدەدا و لێی دەشاردمەوە، دەترسا دەیگوت: "تۆ پێیان دەڵێیەوە".

لەم جۆرە شیعرانەیدا تەنیا نموونەیەکی بچووک دەهێنمەوە:

بـەتـەورات و بـەئـيـنـجـــــــــيـل
بـــەهـــەزار بـــەڵـــگـــە و دەلـــيـــل
يـەكـــــــەمـين كـــــــەرە خـــــــەلـيل

هـەندێک جـار تەلەفـۆنی بۆ دەكـردم و بەدوای "قـافـيە"دا دەگـەڕا. دەمـزانی وا خەريكە يەكێک دەخاتە داوی رەخنە تەنزئامێزەكانيەوە.

بەداخـەوە بـۆ ئـەم كـۆچە ناوادەيەی شـەهـيد هـەڵمـەت و تێكڕای شـەهـيدانی يەكی شـوبـات، ئەوان بيـرەوەرييـەكن كـاڵ نابنەوە. وێنەيەكن، لە خـەياڵمـان ناسڕێنەوە.

كۆواری شين ٨ كانوون (٢) ٢٠٠٥

## كولتوور و گيانی بەرگری

ئەدەب و هونەر لەسـايەی جێگيری و تەناهيدا گەشـە دەكـەن. نەبوونی تەناهی لە كـوردسـتـاندا بەدرێژايی سـەدەی بيسـتـەم، كۆسپ بوو لـەپێش فـراژووتنی ئەدەب و هونەری كوردیدا. لەو سـەدەيەدا، كوردسـتـان نـەک تەنيـا هـەر ئـارامـی بەخـۆوە نـەبينـی بگرە رۆشنبير و ئـەديب و هونەرمـەندی كورد لە هـيچ كـوێيەكی دنيـاشـدا دەليڤـە و بوارێكی بـۆ نـەڕەخسـا تا گـەشـە بەهونەر و زمـان و ئـەدەبی مـيللەتەكـەی بدا. لە دەرەوەی كـوردسـتـاندا، ڕۆژنامـەيەک، راديـۆيەک، كـۆوارێک يان هيچ ناوەندێكی ڕۆشنبيريی كوردی نەبوو كە خاوەنی كاريگەری بێت.

وێڕای ئـەم هـەلومـەرجە سـەختـەش، لە زەويی رەقەن و قـڵشتـی شـاخ و رەوەز و شـكێری چيـايەكـاندا، وەک چـۆن داربـەڕوو سـەر دەردێنـێ و گـەشـە دەكـات و خـۆی رادەگرێ و بژێوی ژيانی خـۆی پەيدا دەكـات، كتومت ئـاوهـا زمـانی كـوردی مـايەوە و بەرگەی گرت. ئـەگـەر نەتەوەی كـورد بەدرێژايی مـێژوو، جـێ پەنجـەی ئـەوتـۆشـی نـەبـێ لە بواری شـارسـتـانـەتيـدا كـە شـانـازيی پێـوە بـكـات، ئەوا ئـەو شـانـازييـەی هـەيە كـە لەبەرامـبەر جـەور و سـتـەمی ڕۆژگـاردا خـۆی راگـرتـووە و بـاهـۆز و بـاگـەڕی زەمـانە پـشـتـيان بـەزمـانـەكـەی نـەچـەمـانـدووەتـەوە. زمـانـی كـوردی

له هەلومەرجە سەختەکاندا بژێوی ژیان و مانەوەی خۆی "وەک داربەڕووەکە" پەیدا کردووە و گەشەی کردووە.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لەدایکبوونی ئەزموونی حوکمی خۆماڵی، دەلیڤەیەکی لەبار لە رووی سیاسییەوە بۆ دەربڕینی هەست و بیری کوردی هاتەپێش. هەرچەندە باری دژواری ئابووری و داخراوەیی کوردستان و کێشەگەلی ناوخۆ نەیانهێشت ئەو تەناهی و جێگیرییەی بۆ گەشەسەندنی ئەدەب و زمان و هونەر پێویستن، تەواو لە دایک ببێ. ئەمە جگە لەوەی کە ئەدەب و هونەر وێڕای هەبوونی ئازادیی سیاسی و نەمانی سانسۆر و رەقیب، بەرقەراری و تێروتەسەلیی گوزەرانیشیان دەوێت کە ئەمەشیان هەر مەیسەر نەبوو. بۆیە سەرنج دەدرێ، گەشەسەندنەکە زیاتر بەپانتایی بوو نەک بەئەستوونی؛ بە زۆری و بۆری بوو نەک بە کەمی و جۆری. ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا دەبینرێ: رۆژنامەگەلێکی بەژمارە زۆر و بەتیرێژ کەم؛ کتێب و کۆواری نەفرۆشراوی لە کۆگە داکراو؛ رادیۆ و تەلەفزیۆنی کرچ و کاڵ؛ کۆڕ و سیمیناری سی کەسی یان بێ کەسی؛ جاری وا بووە هیچ کەسیان بۆ ئامادە نەبووە و کۆڕگێڕ بەپەلە خۆی پێچاوەتەوە و لە شەرمانا بۆی دەرچووە و پاشان "بێ شەرمانە" بابەتی کۆڕەکەی کردووە بەکەرەستەی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی.

ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە نەبوونی هەلومەرجی تەناهی، هێشتا کۆسپە لە پێش پەرەسەندنی کولتووری کوردیدا. بۆیە مرۆڤی کورد هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی رامان و وردبوونەوە لەو کارەساتانەی روویان دا و هێشتا نەتاساوین بەو رووداوانەی بەسەرمان هاتن. کەمتەرخەمییەک لە لای ئەدیب و بنووسانی کورد لە ئاست ئەو کارەساتانەدا هەست پێ دەکرێت. ئەوەتا کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکان نەیانهەژاندووین، بۆیە لە ئەدەبەکەماندا رەنگیان نەداوەتەوە. هەروەها سی ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتیی گەلی کورد نەبووە بەهەوێنی رۆمانێکی بەپێز. کاتی خۆی شەڕی دووەمی جیهان و بەرگریی گەلانی سۆڤیەت بوون بەمایەی لەدایکبوونی

سـەدان ڕۆمـان. سـۆڤـیـەتەکـان ناویان لەم شـەڕە نابوو "شـەڕی گـەورەی نیشـتمانـی". دەیان لەم ڕۆمـانانە کـران بەعەرەبـی و لە حەفتـایەکانی سـەدەی رابردوودا خـوێندنـەوەیان لەنـاو هەوادارانـی کـولتـووری چەپدا زۆر بـاو بوو. هەندێک لەمـانە شـاکـاری جیـهـانین و هەر بەنـەمـری دەمـێنن. کـەچـی ئەو کـارەسـاتە زل و قـەبانەی بەسـەر کورددا هاتن هێشـتـا جێ پەنجـەیان نەناوە بەسـەر ئەدەب و هونەری کوردییەوە. هونەرەکە هێشتـا باشـترە و جوولەیەکی تێدا هەیە بەڵام ئەدەبەکە وەک ماستی مەییوە.

ناوبەناوێک تاک و تەرا بەرهـەمی بەپێز بۆ دەربڕینی ئەو کـارەساتانە، گۆمە مەندەکە دەشـڵەقێننەوە. شێرکۆ بێکەس هـاوینی رابردوو لەو کۆڕە شیـعرییەی کە دەزگـای ئاراس لە هەولێر بۆی سازدا قـەسیدەیەکی درێژی پێشکێش کرد. ئەو کەش و هەوا پڕ لە ڕامـانەی ئەو قـەسـەیدەیە لە هۆڵی ڕۆشنبـیـریدا بەرپای کـرد و ئەو هەیبـەتەی شـیـعـر سـەپاندی، تاسـی پـێ بردینەوە. لـەم ڕۆژانەدا ڕۆمـانـی "خـاکـەکە مـاچ کـە"ی ئەلیـزابێت لایاردم خـوێندەوە کـە وەرگێـڕێکی دەسـتـڕەنگین کـردوویە بەکـوردی. ئەم ڕۆمـانـە کـە بـاس لە خـەبـاتـی بەرەنگاربوونەوە و ئاوارەبوونی خێزانێکی کورد دەکات، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگـەڵ هەندێک بـەرهـەمی خـۆماڵی، جیـاوازییـەکە ئـاسمـان و ڕێسـمـانە. لە هەندێک لەم بەرهەمـە خـۆمـاڵیـیـانەدا، بخـوێنەوەی کـورد "بەداخـەوە" هەست بەپیرۆزیی خەباتی پێشمەرگایەتی ناکات. پێویست نییە ناویان بێنم.

سـاڵـی پار، گـەرمـاوگـەرم لەگـەڵ کـارەسـاتەکـەی ١ی شـوباتدا، شـیـعـر دەسـوەکـەریی خۆی کرد. ئەو چەند بەرهەمە بەنرخەی ئەو کاتە لە ڕۆژنامـەی "خـەبات"دا خـوێندمـانەوە، بوون بە مـایـەی ئۆخـەی کـردن. وەک چۆن لە فـیـسـتـیـڤـاڵی مـیـوزیک لە هەولێـر لـە کـانوونـی یەکـەمی ٢٠٠٤دا گـرووپە هونەرییەکانی کوردستانی ئێران لـە چەند بەرهەمێکی ئاست بەرزی هونەریدا شـار و خـەڵکی هەولێریان بەبۆنەی ئەو کارەسـاتەوە لاواندەوە. ئەم بەرهـەمـانە دەتگوت برینەکان سارێژ دەکەن.

ئەوەی من سـەرنجـم دابێ، هـونەر (شـێـوەکـاری و مـیـوزیک و تەنـانەت

ســینەمــاش ســەرەڕای تازەییــیــەکــەی لەناو کــورددا)، زیاتر تـوانیـویەتی کــارەســاتەکــانمان لە بەرهەمـی هونەریدا هـەوێن بکاتـەوە. کــەم وا دەبێ پێـشـانگەیەکی شـێـوەکـاری ببـینم و تـیـایدا بەرهەمم نەکـەوێتـە بەرچاو کـە خـاوەنەکەی ویستبێتی چەند دیمەنێک لەو کارەساتانە بنوێنێ. شێوەکارانی کورد بەشێوەی جیاجیای هونەری، هەریەکە و بەستایلی خۆی "وەک دەڵێن" چەند دیمەنێکیان لەو رووداوانە رەنگاندووە کە تەماشاوانی خۆیی و بیانی لە ئاستیاندا بتاسێ. کەم ساڵ تێپەڕ دەبێ، گۆرانی و میزیک و شێوەکاریی کوردی یادی هەڵەبجە نەکەنەوە. بەڵام رۆمان و شیعر مێشیان میوان نییە. شێوەکارانی کورد چەندان پێشانگەش لە وڵاتانی جیاجیای دنیا دەکەنەوە و دەرد و کولی نەتەوەکەیان دەگەیەنە بەچاوی گەلان. پێشی ماوەیەکی کەم، لە ٢٠٠٥/٢/٢٥ هونەرمەندی گەورە ئیسماعیل خەیات لە فەرەنسا لە شاری لیل پێشانگەیەکی شێوەکاریی کردەوە. هونەرمەند لەم پێشانگەیەدا ٦٠ تابلۆی بۆ پێشاندانی کارەساتی ئەنفالەکان خستەڕوو. ئیسماعیل خەیات لەوێ گوتی: «تابلۆکانی ئەم پێشانگەیە روخسار و لاشەی ئەنفالکراوەکانن، هەرچەند وێنەیان بکێشم ناتوانم ژمارەیان تەواو بکەم چونکە ١٨٢٠٠٠ کەسن».

بەڵام زمانی ئاخاوتنی کوردی نەیتوانیوە لە بەرگی ئەدەبدا ئەم کارەساتە زلانە بنوێنێ و پێشان بدات. وا دیارە شانۆش لەبەرئەوەی پێویستی بەهەمان زمان هەیە بۆیە ئەویش بەو دەردەوە تلاوەتەوەتەوە. ئێمەی کورد ئێستا پێویستیمان بەوە هەیە بە کولتووری رۆحی بەرگری لەبوونمان بکەین. ئەمەش هەر تەنیا ئەدەب و هونەر دەتوانێ لە ئێمەیدا بخوڵقێنێ.

کۆواری شین ٩ شوبات ٢٠٠٥

## کۆواری شـین و یادی مەستوورە

کۆواری شین لەم ماوەیەدا کەوتووەتە خۆسازدان بۆ یادکردنەوەی کەڵەئافرەتی ناوداری کورد "مەستوورەی کوردستانی" و هیواداریین ئەم یادکردنەوەیە لەناو

چەند مـانگی داهاتوودا بێـتـە دی. ئەمـە رچە شکاندنێکی کـۆواری شـینە، لەبەرئەوەی یەکەمین جارە لە دوای راپەڕینەوە رێز لە ئافرەتێکی ناوداری کورد بنرێ و یادی بکرێتەوە. تا ئێستا یادکردنەوە و رێزلێنان هەر بۆ پیاوان بووە.

مـەسـتـوورە لەناو کولتـووری هاوچەرخی کوردیدا وەک ناوێکی رووت زیاتر ناسـراوە نەک وەک ناوێکی بەرهـەمدار. تەنیـا پێش دوو سـاڵ بوو کـە "مێـژووی ئەردەڵان"ەکەی لەلایەن دەزگای ئاراسەوە و لە وەرگێڕانی کەڵەنووسـەری نەمر هەژاری مـوکـریانی، بڵاوکـرایەوە. لـە هەشـتـایەکـانی سـەدەی رابردووشـدا، هەمان کتێب جارێکی تر لەلایەن مامـۆستای هێژا شوکور مستەفاوە کرابوو بەکوردی. بەڵام شیعرەکانی مەستوورە نەکەوتبوونە دەست، بەتایبەتی شیعرە کوردییەکانی، تا لـەم دواییەدا مامۆستای مـاندووێتی نەناس سدیق بۆرەکەیی دیوانێکی خنجـیلانەی مـەسـتـوورەی پێـشکێش کردین کـە نێـزیکەی بیـست شیعری کوردیی ئەم تـەوارە شاعیرەی گرتووەتە خـۆ. وا دیارە ئافرەتی کـورد لەمـەشدا بەختی یار نەبووە کە بەرهەمـەکانی پارێزراو بن، ئەگینا "نالی" کـە هاوسـەردەمی مـەسـتـوورە بووە و ململانەی لەگەڵدا کردووە، دیوانـەکـەی قەبە و قەوارە زلە و بەشێوەیەکی رێکوپێکتر لە دیوانی مەستوورە لە بەردەستدایە.

تۆ بڵێی بەشێکی ناوبـانگی مەسـتوورە لە قـەسیدە بەناوبانگەکەی نالییـەوە نەهاتبێ کە تا ئـەمرۆ ئەم قـەسـیدەیـە کێشەیـەکی گەورەی لەسـەرە و هەندێک کـەس دژین و هەندێکی تر لایەنگری. تەنـانەت لێکۆڵەوانـی ئەدەب هێــشــتــا نەیانتـوانیـوە لە ژێر دەرگـایەکی ئـەدەبدا شـوێن بۆ ئەم قـەسـیـدەیە بکەنەوە. هەندێکیـان بە هیجا و فرِ تێهاوێشتنی لە قـەڵەم دەدەن، هەندێکی تر بە پەسن و پێدا هەڵگوتن و هەندێکی تریش بە ئەدەبی بێ تۆرە و ئیرۆتیکیی دەژمێرن.

هەندێک کـەســیش، لەمــانە مــامــۆســتــا هـەژار پێــیــان وایە پرســەکـە بەپێــچـەوانەوەیە. ئەو لای وایە کـەوا نالیـیـە بـەهۆی ئەم چەکـامــەیەوە خـۆی بردووەتە رێزی مـەستوورەوە نەک مـەسـتـوورە بەهۆی ئەم قەسـیدەیەی نالییـەوە ناسرابێ. لە پێشەکیی وەرگێڕانی مێژووی ئەردەڵانەکەدا، هەژار دەڵێ: «نالیی نەمر، پێغەمبـەری وێژەی کوردی، ئەگەر سوور نەیزانییـایە مەسـتوورە بۆ ئەوە

دەبێ خـۆبەرێتـە ڕێزی نالی، کەڵلەی لە کەڵلەی نـەدەدا. دیارە شـێـرێکی وەک نالی پـەلامـار ناداتـە ڕێوی؛ غـەنـیـمـی ئەو ئـەشـێ پڵـنگ بێ. پیـاو بە وردی لەو شیعرە فرنامەی نالی وردبێتەوە، تێ دەگا کە لەم بارەوە چەندی خـۆی ماندوو کـردووە؛ ئەم هـەمـوو کـەرەسـتـە جـوانـە و ئەم هـەمـوو وشـە ڕەقـانـەی هـەر بۆیە دەکار هێناوە، کە ئەو خانمە وێژەوانەی خۆی لەو بە کەمتر نازانێ، بترسێنێ و بیبـەزێـنـێ و خـۆی بنوێنێ کـە: «منی خـاوەنـی دیوان، جـوانـێکی وا وێژەوانی دەم پاراویشم بۆڕداوە».

با جارێ واز لە نالی بهێنین و هـەوڵ بدەین باشتر مەستوورە بناسین. دواتر دێینەوە سـەر باسـی قـەسـیدە بەنـاوبانگەکەی نالی و وەڵامـە تەڕ و پاراوەکەی مەستوورە کە لە دیوانە تازە چاپکراوەکەی مـامۆستا بۆرەکەییدا هاتووە و ئەم وەڵامـە هێشـتا لـە ئەدەبیاتی کوردیدا، نرخ و بایەخی خـۆی پێ نەدراوە و باس نەکراوە.

وەک لە سـەرچـاوەکـاندا هاتووە، مـەسـتـوورە نازناوی شـیـعـریی مـاهـ شـەرەفـخـانم بووە. سـاڵی ١٨٠٤ لە بـنـەمـاڵەیەکی خـانەدان و ئەریسـتـۆکراتی شـاری سنـە لە دایک بووە. "ئەولەسـەن بـەگ"ی باوکی ئەو کـیـژە نـاودارە کە لە پیـاوە ڕەسـەنەکانی سنە بـووە؛ بە مـاهـ شـەرەفی خوێندووە تا وای لێ کردووە پێ بگات و ناو دەربکات. مەستوورە خۆی لە مێژووەکەیدا لەبارەی سەرپێهاتی خۆیەوە دەڵێ: «منـی وا بێ نـرخ و هـەژار مەستوورە ناو – کە کیـژی ئەولەسەن بەگ و نەوەی خوا بەخشیو حەمـاغای کوردستـانیم – چونکە باوکم زۆر حەزی لە خـوێندن بووە و مـنیش کـیـژی نۆبەرەی بووم، خـۆشـی ویسـتـووم و پێی خـوێندووم. منـیش زۆرم خـوو دابووە سـەر کـتـێب، هەمـوو جـۆرە کـتـێـبـێکم دەخوێندەوە».

ئەم کارەی باوکی مـەستوورە و وێران و نەترسیی مەستوورە و دەستکردنی بە شـیـعـردانان و ئەوجـا ناوبانگ دەرکـردنـی و هـەروەها دەسـتکردنی بە نووسـینەوەی مـێـژووی بنـەمـاڵەی ئـەردەڵانیـیـەکـان، لەو سـەردەمـەدا بە ڕچەشکاندنی گەورە دەژمێردرێن. دوو سـەد ساڵ لەمـەوبەر و لەم کوردستـانە

وێرانەیەدا ئافرەتێکی کورد شیعری هۆنیبێتەوە، دەبێ بەرووداوێکی گەورە دابنرێ. نەرێتی ئەو سەردەم و چاخە، وەک بۆرەکەیی دەڵێ: ئەوەبووە کە «ژن چیی داوە بەسەر هۆنراوەوە؟ ژن ئەگەر دەیەوێ بهۆنێتەوە با بچێ بۆ خۆی گوریس بهۆنێتەوە». بەڵام مەستوورەی رچەشکێن و باوەڕ بەخۆ لەو سەردەمەدا بووە بە سەرمەشقی ئافرەتانی کورد و ئەوەتا خۆی دەڵێ: «سوپاس بۆ خوای گەورە و گران، کە لەناو ژناندا من دەتوانم بەخۆم بنازم». دانەری "حەدیقەی ناسری" کە ناوی میرزا عەلی ئەکبەرە، لەبارەی مەستوورەوە دەڵێ: «لە بنەماڵەی ئیمەدا کچێکمان لێ هەڵکەوتووە کە ئامۆزای منە، ناوی ماهـ شەرەف خانم و نازناوی شیعریی مەستوورەیە. ئەم دۆتمامەی من لە زانست و هونەردا، لە خۆشنووسی و نووسیندا، بەتایبەتی لە شیعر داناندا بلیمەتێکە بۆ خۆی. ئەوەی لێم روونە ئەوەیە کە لە مێژووی شیعر و هونەر و زانستدا رووبەرێک بۆ خۆی تەرخان دەکات. نێزیکەی بیست هەزار شیعری هۆنیوەتەوە کە یەک لە یەک جوانتر و تەڕ و پاراوتر و شیرینترن».

لە چاخی خوسرەوخانی ئەردەڵانیی والیی سنەدا کە بە خوسرەوخانی ناکام ناو براوە، خان و ماڵەباوانی مەستوورە لێک ڕەنجاون. پاشان خوسرەوخان، ماهـ شەرەفی لە باوکی خواستووە، بەم شێوەیە ئاشت بوونەتەوە و بوونەتە خزم و مەستوورە بووە بە خێزانی خوسرەوخانی ئەردەڵانی، کە خانیش لە شیعر داناندا دەستێکی باڵای هەبووە. سەرچاوەکان دەڵێن لە دیوانی هەر دووکیاندا شیعر بەیەکدا هەڵدانیان زۆر بەرچاوە. خوسرەخان لە تەمەنێکی زوودا چووەتە بەر دڵۆڤانیی خوا. مەستوورەش دوای دواکۆچی خوسرەخان و لە سوێی ئەودا، لە تەمەنێکی زوو "٤٤ ساڵی" دوا کۆچی کردووە و لە سلێمانیدا چاوی لێک ناوە.

مەستوورە بە ماوەیەکی کەمی چەند ساڵانە بەر لە دواکۆچی خۆی، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا بەهۆی هەڵوەشانەوەی میرەکایەتیی ئەردەڵانییەکان لە سنە، ناچاری گواستنەوە بۆ شاری سلێمانی بووە. واتە مەستوورە چەند ساڵێک لە سلێمانی ژیاوە بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە چاوی بە نالیی "ناحەزی"

بکەوێتەوە. ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم، سەردەمی هەرەس و رووخانی یەک لە دوای یەکی میرنشین و دەوڵەتۆکە کوردییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بووە "ئەردەڵان و بابان و سۆران" کە نالیش هەر لە سۆنگەی ئەم کارەساتانەوە لە ڕێی گەڕانەوەی خۆی لە حەجەوە رووی لە کوردستان نەکردووەتەوە و چووە بۆ ئیستەنبووڵ. واتە تەمەن و ژیانی مەستوورە لەسەردەمی گەشە و ناوبانگی میرەکییە کوردییە فیۆداڵەکانی ئەو دەمەدا بووە کە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ گەشەی ئەواندا گەش بوو و لەگەڵ هەرەسی ئەواندا پووکاوەتەوە.

ئەمە نموونەیەکە لە شیعرەکانی مەستوورە:

گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بەتیری سینەسۆزی نێشی موژگانت
بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنخەندانت
جەنابا ئەمڕۆ عاشقان هەمو هاتوونە پابۆست
منیش هاتم بفەرموو بمکوژن بمکەن بەقوربانت

ئەمەش نموونەیەکی تر لە شیعرەکانی بە دیالەکتی هەورامی:

فیدات بام کەسم، هامڕاز رازم
ئیتر کێ چوون تۆ مەکێشۆ نازم
پەی نەوحەت ئەر لەیل، ئەگەر نەهارەن
تووتیی مەقالم هەر نەگوفتارەن
مەواچۆ خەسرەو خەسرەوانم ڕۆ
ساحێب تالار و شکۆ و شانم ڕۆ
بەور بێ ئەندێش کوردسانم ڕۆ
هوژەبر بێشەی ئەردەڵانم ڕۆ

وا دیارە مەستوورە ئەم شیعرەی سەرەوە و زۆر شیعری تریشی بەبۆنەی کۆچی ناوادەی خوسرەوخانی هاوسەریەوە نووسیوە. لەم شیعرانەدا هەست دەکرێت عیشق و ئەوینێکی گەورە مەستوورە و خوسرەوخانی بەیەکەوە

بەستووەتەوە کە ئەم عیشق و ئەوینە تەنانەت دوای مردنی خوسرەوخانیش هەر لە دڵی مەستوورەدا کڵپە و بڵێسەی هەبووە.

با بێینەوە سەر باسی نالی و مەستوورە بەیەکەوە، چونکە ئەم دوو ناوە زۆر کات لە سەر زاری خەڵکدا بەیەکەوە دێن، ئەویش تەنیا سەبارەت بەو شیعرەی کە نالی بۆ مەستوورەی نووسیوە. بەڵام وەڵامە بەدرەنگەوە بەدەست گەیشتووەکەی مەستوورە بۆ نالی، هێشتا ئەو ناوبانگەی نەداوەتەوە کە شایانیەتی.

ئاخۆ هۆی نووسینی ئەو قەسیدەیە لەلای نالی چی بووە؟ هەندێک کەس وای بۆ دەچن کەوا نالی چووە بۆ سنە و لەوێ لەگەڵ مەستوورەدا چاویان بەیەکتر کەوتووە و لەبەرئەوەی نالی بابایەکی هەژار و فەقێ یان مەلایەکی رووتە بووە و مەستوورەش شۆخێکی خانەدان و شاعیر، ئەمە هەستی چاوهەڵنەهاتنی لای نالی دروست کردووە و بەم شیعرە پەلاماری مەستوورەی داوە و کۆڵی دڵی خۆی پێ رشتووە.

راستت دەوێ: دوور نییە نالی و مەستوورە هەر چاویشیان بەیەکتر نەکەوتبێ و تەنیا ململانە و کێشەگەلی ئەو سەردەمەی نێوان بابانی و ئەردەڵانییەکان بووبێتە هۆی نووسینی ئەم قەسیدە ریسواکەرە. یان هۆیەکی تر هەبێ کە بەلامانەوە روون نییە چییە.

نالی لە دەسپێکی قەسیدەکەیدا دەڵێ:

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو، بەچ نازێک و عیتابێ
«هاتووم،» وتی، «عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وا بێ
هیی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بەجەوابێ
هەر مەسئەلە بیکرێ کە بەتۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخڵی بکا، چین و خەتابێ»

تا پاشان لە زمانی مەستوورەوە مەتەڵ و گرێیەکە روونتر دەخاتەڕوو و دەڵێ:

نوکــتــێکی زەریفـــە بەنەســـیـــبی زورەفـــا بێ
تـەعـــریفی دەکـــەم بەڵکو لـە بۆ دەرد شـــیـــفـــا بێ
ئەم ســیـــڕە چییـــە مــیـسلی ســوها بێ نەســووابێ
دوڕی کـــە وەکـــو دوڕی ســـــەمـــابێ نـەســــمـــابێ
دوکــانـی توحـــەف، کــانیـی حــەیا، کـانیـی بەقــا بێ
قـــوبـبـــەی لـە قـــیـــبـــابی نوقـــەبابێ، نەقـــۆپابێ
وەک خــــەیمـە بەپەردێکی دوو ئەســــتـــوونە بەپابێ
ســــەرتیلـەکی نەخـــتێ بەنـەزاکـــەت قـــڵـــەشـــابێ

نالی لەم قـەسـیـدەیـەدا تا دێ زیاتر پێی لێ هەڵدەبڕێ و زۆرتری بەتاندا دەڕوات. بەلای زۆر کەسەوە ئەمە یەکێکە لە لوتکە زۆر و زەوەندەکانی شیعری نالی. ئـەم قـەسـیـدەیە بـەتـەنیـا دەتوانێ ناوبـانگ و پایە و جـێـیـەکی گـەورە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ خاوەنەکەی دابین بکات ئەگەر ئەم خاوەنە لەمە بترازێ هیچ بەرهەمێکی تریشی بەئێمە نەگەیشتایە. هەرچەندە زۆر کەس "ئەویش لە روانگەی داوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە" ئەم کارە بە لەکە و شـەرمـەزارییـەکی گەورە دەزانن بە تەوێڵی شیعری نالییەوە.

لەم ڕۆژانـەدا و بەبۆنـەی بڵاوبوونـەوەی دمگۆی بـەسـتنی فـیـسـتـیـڤـاڵی مـەستووره خاتوونەوە، زۆر کـەس پرسیار دەکەن و پێشنیاز دەنێرن. زۆر لەم پێشنیازانـە جێی سـەرنج و بایەخ پێدانن. ئەمـە نامـەیەکە کە بـەم بۆنەیەوە ڕێزدار دایکی مـێـرخـاس لە "سـۆران"ەوە نـاردوویەتی. بێ ئەوەی بـاس باسی نالی بێ، دایکی میرخاس لەنامەکەیدا هێرشێکی توندی کردووەتە سـەر نالی و دەڵێ:

«ئازیزان، خۆشـەویستـان: لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێکی رەشی دنیای شیعری شاعیرێکی کورد بکەم کە ئەویش نالییە، نالیی شاعیری دەرباری "حەبیبە خاتوون". وەک دەزانین نالی و مەستوورەی کوردستانی لە یەک چاخ و سـەردەمدا ژیاون، نالی هەڵەیەکی مێژوویی گەورەی کردووە کە هیچ کەس

ناتوانێ نکوولّیی لێ بکات. نالی ئێرەیی بەشیعر و شاعیریەتیی مەستوورە خاتوون بردووە، بۆیە هەڵساوە خەونێکی رەش و نەگریسی پێوە بینیوە لە شێوەی شیعر و بە چل و هەشت دێر دای ڕشتووە کە خۆی لە ٥٠٠ – ٦٠٠ وشە دەدات. نالی بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و دوور لە رەوشتی کوردانە ئەسپی خەیاڵی خۆی تاوداوە بەنێو پاوانی شەرەف و کەسایەتیی ئەو ژنە مەزنەدا کە ئەم جۆرە کارانە لە نێو کورددا بەسووکایەتی و ئەتککردن دادەنرێن. جا لێرەدا من رووی پرسیار و رەخنەم ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەم کە نیو سەدەیە لە شیعر و رەوانبێژیی نالییان کۆڵیوەتەوە، ئەو نالییەی دوو بەندی بۆ زێد و نیشتمان و سروشتی ئەم کۆمەڵگە بەشخوراوە نەگوتووە.»

قسەکانی ئەم خاتوونە زیاترن بەڵام من لێرەدا بڕیمەوە. خوا لێخۆشبوو گیوی موکریانیش هەڵوویستێکی هاوشێوەی هەیە و لە چاپی دیوانی نالیدا و لەسەرووی قەسیدەکەوە سەرنجێکی نووسیوە، دەڵێ: «نالی لەو بەندەی خوارەوەیدا پەلامارێکی زۆر ناشیرین و نارەوایانەی بردووەتە سەر بوێژی ناودار و وێژەوانی پایەبەرز کە ماه شەرەف خانم "مەستوورە"ی کوردستانیی خێزانی والیی سنەیە».

سدیق بۆرەکەیی لە هەموویان پتر پرسەکە تیر دەکاتەوە و دەیخاتە چوارچێوەی ململانەی خێڵەکایەتیی نێوان خیڵی جاف و گوندییەکانی دەوروپشتی شاری سنەوە و دەڵێ: «لەبەرئەوەی بابەنەکان و ئەردەڵانییەکان بەیەکەوە لە قڕە و کێشە و شەڕ و هەرادا بوون و جافەکانیش هەموو ساڵێک لە دەوروبەری سنەدا قشلاخ و ئێلاخیان دەکرد و دەبوون بەهۆی رەنج و ئازاری خەڵک، ئەوەبوو ئەردەڵانییەکان لە هێرشێکدا چەند کەسێکیان لێیان کوشت و ئەمانە هەمووی بووە هۆی ئەوە کە نالی بۆ بەدناوکردنی ئەردەڵانییەکان و ئابڕووبردنی مەستوورە، بەپارچە هەڵبەستێک پەلامارێکی زۆر ناشیرین و نارەوایانە بباتە سەر مەستوورە تا تۆڵەی هۆزەکەی لێ بکاتەوە و بەم چەشنەش خۆی بنوێنێ».

بەڵام مامۆستای هێژا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی: فاتیح و

محەمەد، لە شرۆڤە و لێکدانەوەی دیوانی نالیدا بۆچوونێکی پێچەوانەیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە و دەڵێن: «وتنی شـــیـــعـــری وا لەلایەن خـــوێندەوارێکی مزگەوتەوە و پتر لە ١٥٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ "دیوانی نالی چاپی ساڵی ١٩٧٦" و لە شارێکی لە رادەبەدەر داوونەریت راگر و سەرپۆش لەسەری وەک سنەدا و بەرامبەر بە میرکچێک، نیشانەی چاونەترسان و بزێوی و جەسارەتێکی بێ سنووره لە نالییەوە و بەڵگەی ئەو ئاگری یاخیگەرییەیە کە لە سینەیدا کڵپەی ســـــەندبوو. بۆیە بەڕای ئێـــمـــە، دەبێ لەم ڕووەوە بەچاوی ڕێز لێگرتن و قەدرزانینەوە سەیری بکرێ و وا دابنرێ شتێکی نوێ و گرانبەهای خستووەتە سەر گەنجینەی ئەدەبی کوردی». ماڵتان ئاوابێ.

بەم بۆچوونە رچەشکێنەی مامۆستایانی بنەماڵەی مودەڕیس کۆتایی بە نووسینەوەی بۆچوونەکان دەهێنم و دێمە سەر هەڵوێست و کاردانە و بەرتەکی مەستوورە خانم لە ئاست ئەو قەسیدە مێبازییە بێ شەرمانەیەی نالیدا. خوا کاری بۆرەکەیی راست بێنێ کە دیوانە کوردییەکەی مەستوورەی لە چاپ دا. لەوێدا و لە لاپەڕە ٨٣ دا "وەڵامی مەستوورە بەنالی" دەکەوێتە بەرچاو. لێرەدا تەنیا بەشێکی دەگوازینەوە. مەستوورە دەڵێ:

نالی جـــافـــەنی، نالی جـــافـــەنی
چێش واچۆن وەتۆ، تۆ کـــە جـــافـــەنی
چون ژەن بەدکـــار وەگـــەزافـــەنی
پەوکـــە هەر خـــجڵ پووچی و لافـــەنی
چون مـــووریێ نەبەر قـــوڵڵەی قـــافـــەنی
دوور لە رســـتـــەک عـــێل و نافـــەنی
دیارەن ئەنێـــــــری، بێ ناف و دوودەی
بۆیە هەر خـــەرکـــاو قـــســـەی بێ هوودەی
هەی هەی تۆ جـــەکـــۆ و راگـــەی من جـــەکـــۆ
ســـا واچە قـــولێ چۆن مـــەبۆ وەکـــۆ

لەبەرئەوەی دەقەکە بەزاراوەی هەورامییە و رەنگە زۆر لە بخوێنەوان باش

لێی حاڵی نەبن، وا لە ژێرەوە واتاکانیان دەنووسمەوە، لەمەشدا سوودم لە واتا لێکدانەوەکانی بۆرەکەیی وەرگرتووە بەکەمێک دەستکارییەوە:

«ئەی نالییە جاف، ئەی نالییە دەم هەراش، چیت پێ بڵێم کە تۆ وەک ژنی سۆزانی وایت و خەریکی چەنەبازییت. هەروەک ژنی بەدکار فشەکەر و بەگەزافیت، بۆیە هەر خەریکی قسەی پووچ و لاف لێدانی. هەروەک مێرووێک وایت لە بەر کێوی قافدا و دوور لە نەریتی خێڵ و بنەماڵەیت. دیارە نارەسەن و بێ بنەماڵە و هۆزیت بۆیە هەر خەریکی قسەی بێ سوودی. هەی هەی تۆ لە کوێ و پایەی من لە کوێ، دەسا بڵێ تەپۆلکە چۆن دەبێ بەکێو؟»

تا پاشان مەستوورە رووی قسە لە خۆی دەکاتەوە و دڵی خۆی دەداتەوە و دەڵێ:

سا وەسەن ئیتر وەس گوفتوگۆکەر
کۆتاکەر باست چێش ماچی وەهەر
پشتیوان تۆ عەلی و بەتوولەن
دوژمنت دوژمن ئال رەسوولەن
با شەرمەسار بۆ نەدنیای بێ پۆ
هەر ئینە بەسەن "مەستوورە" پەی تۆ

واتە: «دەسا بەسە و ئیتر بەس گفتوگۆ بکە، باسەکە بەکۆتا بێنە و چی بە کەر دەڵێی. پشتیوانی تۆ عەلی و بەتوولە "واتە فاتیمەی زەهرایە" و دوژمنی تۆ دوژمنی ئال و بەیتی پێغەمبەرە. با ئەو کەسەش لە دنیای بێ نرخ و پۆدا شەرمەزار ببێ، هەر ئەمەش بۆ تۆ بەسە ئەی مەستوورە.»

سەیر لەوەدایە نالیش چەکامەکەی خۆی هەر بەهەمان شێوەی مەستوورە بەکۆتا هێناوە و زانیویەتی کەوا بەپێی داوونەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری کارێکی نابەجێی کردووە. ئەوەتا دەڵێ:

"نالی" وەرە هەزەلێکی کە عاری شوعەرابێ
رووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

واتە: ئەی نالی تۆ وەرە گاڵتەوگەپێک کە مایەی شەرمەزاریی شاعیران

بێت، لاپەڕەی کتێبی پێ ڕوورەش مەکە.

وەک گوتم مەستوورە دوا ڕۆژەکانی ژیانی خۆی لە سلێمانیدا بەسەر بردووە و هەر لەوێش دوا لاپەڕەکانی مێژووی ئەردەڵانی نووسیوە. بەداخەوە ئەو کاتە نالی لەوێ نەبووە ئەگینا لەوانەبوو چاویان بەیەکتر بکەوتایەوە. کێ دەڵێ، ڕەنگە ئاراستەی ڕووداوگەل بەجۆرێکی تر نەدەبوو و ئەمڕۆ بوویەر و بۆچوونی تر لە کایەدا دەبوون؟

دەبا بابزانین لەو دوو ڕۆمانەی کە تۆسنێ ڕەشید "کوردی ئەرمەنستان کە ئێستا لە ئوسترالیا دەژی" و جەمال ئەحمەدیی "سنەیی" لەبارەی ژیانی مەستوورەوە نووسیویانە چۆن چارەسەری ئەم پرسانەیان کردووە. ئەم دوو ڕۆمانە و دیوانەکەی مەستوورە "سدیق بۆرەکەیی" بۆ فیستیڤاڵی ڕێز لێنان لە مەستوورە لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ دەکرێن وێڕای چەندان کتێب و بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پێوەندیدار بەدۆزی ئافرەتانەوە. ئیتر تا ئەو کاتە.

کۆواری شین ١٠ ئادار ٢٠٠٥

## لە خەمی کەرکووکدا وشەیەک

گرینگیی کەرکووک بۆ کورد تەنیا دەوڵەمەندییە نەوتییەکەی نییە، ئەم قسەیە زۆرجار گوتراوەتەوە و قسەیەکی ڕاستیشە. کەرکووک شاری ڕۆشنبیری و هونەری کوردی بووە بەر لەوەی نەوتی تێدا بدۆزرێتەوە و ببێ بەکێشە لەسەری. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا چەند بەرهەمێک لەبارەی پێناسەی کولتووریی کەرکووکەوە بڵاوکرانەوە، لەوانە بەرهەمێکی محەمەد عەلی قەرەداغی لە دەزگای ئاراسدا، هەموویان شایەدیی ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەدەن. تەنانەت دەشێ بڵێین لە دەوڵەمەندیی کولتووریدا کەرکووک و گەرمیان بەگشتی، هیچ شار و ناوچەیەکی کوردی نییە شان لە شانیان بدات. ئەم ناوچەی گەرمیانە وشک و برینگە هەر دەڵێی کانیاوی هەڵقوڵیوی زمان و

کـولتووری رەسـەنی کـوردییـە لە هەر بوارێکدا بیگری. لەبەرئەمـە کـۆڵدان لە پرسی کەرکووکدا، بۆ کورد کۆڵدانە لە پرسی پێناسەی نەتەوایەتیش.

دامەزرانی دەزگای شەفەق لە هاوینی ٢٠٠٣ واتە یەکڕاست دووای کەوتنی ڕێژیمی بەعس بەماوەیەکی کەم، تەنیا بـۆ ئەوە نەبوو خۆمـان ئامادە بکەین بۆ شـەڕێکی گـرینگی سـیـاسی لەبارەی داهاتووی شـارەکەوە، هـەرچەندە ئەمـە ئامـانجـێک بوو بەڵام ئامـانجی راسـتـەقـینە کـردنەوەی بـوار بوو لە پێش ڕۆشنبـیـرانی کەرکـووکدا بـۆ ئەوەی تەپ و تۆز لە پـرۆژەکـانیـان بتـەکێنن و بەتەواوی ئازادیی خـۆیانەوە بێنە ناو گۆڕەپانەکە لەپێناو زیندووکردنەوەی ئەو پێناسەیەی کە بەعس بەهەزار و یەک شێواز ویستبووی بیشێوێنێ.

ڕۆڵی هەردوو ڕۆشنبیری ناسراو د. مستـەفا زەنگەنە و کاک یوسف لـەتیفم لەم دەست پێشـخـەرییـەکدا لە یاد ناچێ. هێشـتـا شـەڕ دەسـتی پێ نەکردبوو بەڵام دیاربوو دەست پـێ دەکات، هاتن بۆ لام و گـوتیـان حـەزدەکەین بیـر لەوە بکرێتـەوە چی بۆ کەرکـووک بکەین کاتـێ ئازاد بوو. هەرچەندە دیمەنێکی روون لە سـەرەتای ئاخـاوتنـی هەرسـێکمـاندا نەبوو، بەڵام بیـرگـۆڕینەوە و دەمـەتەقـێ گەیاندینی بەبیرۆکەی دامەزراندنـی دەزگایەکی ڕۆشنبیری دوای ڕزگاربوونی شـارەکە و کـەوتنی ڕێژیم. بڕیارمـان دا جـارێکی تریش دانیشـینەوە و ئەگەر بکرێ چەند ڕۆشنبیـرێکی تری کـەرکووکیش بهێنینە ناو پرۆژەکـە. ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژ کاک حـەمەکەریم عـارفیش کەوتە پاڵیـان و بووین بەچوار کەس لە دانیشـتنەکەدا. بیرۆکەکان پەرەیان سەند و زیاتر روون بوونەوە، تەواو ڕێک کـەوتین بۆ دانانـی دەزگـایەکی ڕۆشنبـیـری لە کـەرکـووکی دووای رزگـاری. ئەوەبوو دووای مـــاوەیەکی کـــەم، هەر ســـێکیـــان هاتنەوە و رەشنووسـی پرۆژەیەکەیان هێنایەوە. ئێمەش لەلای خـۆمـانەوە خسـتمـانە بەردەسـتی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیار لێدانی.

بەڕێز نێـچـیـرڤـان بارزانـی دەمـودەست پـەسندی کـرد و گـوتی ئـەم پرۆژەیە هەڵگرن، کاتی خـۆی هات بەبیرم بێننەوە تا کاری لەسـەر بکەین. زۆری لەسـەر نەڕۆم هەمـوو شـت وەک چاوەڕوان دەکـرا دەرچوو. ڕێژیم کـەوت و دەزگـامـان

کردەوە. جگە لەو سێ بەڕێزەی ناوم بردن چەند کەسێکی تریش کەوتنە پاڵی، ئەحمەد تاقانە و جەلیل کاکە وەیس و حەمە سەعید زەنگەنە و چنوو نامیق و تاریق کارێزی و سەباح ئیسماعیل و نەبەز و هوشیار و کۆمەڵێکی تر لە ڕۆشنبیران. کاک فەلەکەدین کاکەیی وەک ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد و کەسایەتییەکی دیاری کەرکووکی، کرا بەخاوەن جیاوکی هەردوو بڵاوکراوەکەی دەزگا: باسەڕە و نەوشەفەق.

ئەو هێز و گوڕەی لە سەرەتادا دەستمان پێ کرد، وا بڕۆیشتینایە ئێستا بارمان لە هەوارێکی تربوو. کاتێ دەزگای شەفەقمان لە کەرکووک کردەوە ڕۆشنبیرانی هەولێر و سلێمانی، سەرەڕای شێواویی دۆخەکە ئامادەبوون. "مەهدی خۆشناو"ی لەیادنەکراو ڕۆڵی بینی لە قەرەباڵغی و گەرموگوڕییەکەدا. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لەو هەلومەرجە پڕ لە مەترسییەدا و بەژمارەیەکی کەمی پاسەوانەوە، لە کۆبوونەوەیەکی وا جەماوەریدا ئامادەبوو و وتاری دا و زیاتر لە دوو سەعات لەگەڵ ڕۆشنبیرانی شارەکەدا مایەوە و سەردانی چەند ماڵە شەهیدێکیشی کرد.

هیوامان گەش بوو بەچارەنووسی کورد لە کەرکووک و هێز و گوڕی پڕۆژەکانمان سنووری نەبوو، بەداخەوە ئەوەی دامانابوو وا دەرنەچوو. سیاسەتی ئەمەریکا لەلایەک، دەستێوەردانی ئەملا و ئەولا لەلایەکی تر و خاوەخاوەی سیاسەتی کوردیش لە دواوە، هەموو وایان کرد کەرکووک ڕۆژ بەڕۆژ بکەوێتە تەنگژەی خۆیەوە، ئێمەش و پڕۆژە و هیوا و ئاواتەکانیشمان لەگەڵیدا وردە وردە کزبینەوە.

ڕاستت دەوێ، تەنیا ئەو لایەنانەی لە سەرێ ناوم بردن گوناهبار نین لە کزیی پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکانی کەرکووک. ڕۆشنبیرانی کورد بەگشتی بەتایبەتیش کەرکووکییەکان لەم پرسەدا سست و کەمتەرخەمن. من ئەم قسانە لە دڵسۆزی و پەرۆشیمەوە بۆ شاری کەرکووکی دێرین و رابردووە پڕ شانازییەکەی لە کولتوور و هونەری کوردیدا دەکەم، ئەگینا مەبەستم نییە شانی کەس تۆزاوی ببێ. ناشارێتەوە کەوا دۆزی کەرکووک تەنیا دۆزی

کەرکووکییەکان نییە و قوربانیدانیش تەنیا لەوان ناویستریّ، لەم قسانەمدا تەنیا دەمەویّ هانیان بدەم زیاتر هاوکاریی بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایە و دەزگاکانی تریش بکەن. وا کۆواری نەوشەفەق گەیشت بەژمارە پەنجای. ئێستا ئەم کۆوارە وەک بڵاکراوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی رەسەنی کوردی خۆی پێشان دەدات و شایەنی ئەوەیە زیاتر پشتیوانیی لیّ بکریّ. چەپڵە بەیەک دەست لیّ نادریّ، ئەم چاپە جوان و دەرهێنانە نایابە، دەبێ بەبابەتی شایانی خۆی پڕ بکرێنەوە. پێناسەی کوردبوونی کەرکووک لەسەر ئەم لاپەڕانەدا دەردەکەویّ و هەر بۆ ئەم بەرنامەیەش نەوشەفەق هاتووەتە ژیان.

کۆواری نەوشەفەق ٥٠ تشرین (٢) ٢٠٠٧

## وتەیەک بۆ واتە

خوێنەران لە هەڵبژاردنی بابەتگەل بۆ خوێندنەوە جیاوازن، هەیە سیاسەت دەخوێنیتەوە، هەیە ئابووری، هەیە زانست، هەشە تەنیا لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا دەخوێنێتەوە بۆ نموونە پزیشکێک. بەڵام هەموو خەڵک سەرەڕای جیاوازییان لە ئاستی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان تەمەن یان هەر شتی تر، لە خوێندنەوەی یەک جۆرە بەرهەمدا ناوکۆ و هاوبەشن ئەویش بەرهەمە ئەدەبییەکانە. مرۆڤ لە هەر بارێکدا بێت تەندروست یان نا، دڵخۆش یان دڵ بەبار، دەتوانیّ دەست بداتە کتیبێکی ئەدەبی، بۆ نموونە رۆمانێک و تا تەواوی نەکات لە کۆڵی نەبێتەوە.

هۆی ئەمە چییە؟ ئاخۆ تەنیا ئەوەیە کە بەرهەمە ئەدەبییەکان: شیعر یان چیرۆک بابەتگەلی چێژبەخشن و خوێنەر دەبنە ناو جیهانێکی ئەفسوناوییەوە؟ رەنگە ئەمە هۆیەکی راستەوخۆ بێت بەڵام هۆی گرینگتر ئەوەیە کە جیهانی ئەدەب جیهانێکی راستەقینە و راستگۆیانەیە و هەموو مرۆڤێک، هەر یەک بەجۆری خۆی، رۆحی خۆی لە ئەدەبدا دەدۆزێتەوە. ئەدەب ئەو جیهانەیە کە مرۆڤ ئەگەر نووسەر بیّ، دەتوانیّ بەوپەڕی درێژی و پانی، بیّ ترس و لەرزە

تیایدا بگەڕێ و ڕاستییە شاراوەکانی ناخی بخاتە ڕوو. بەهەمان شێوەش خوێنەر دەتوانێ خۆی یان کەسە نێزیکەکانی، لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بناسێتەوە و بڵێ ها ئەوەتا خۆم یان ئەوەتا تۆ.

هەر ئەمەشە وای کردووە تا بەرهەمە ئەدەبییەکان باشترین بواری گونجاوی پەرەگرتن و ڕسکانی زمان بن. مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەیی و ڕواڵیدا، یان پێش ئەوەش، واتە لە تەمەنی منداڵیدا، پێویستیان بەخوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانە بۆ ئەوەی زمانیان گەشە بکات و لە ڕووی گەنجینەی زمانەوانییەوە دەوڵەمەند بن. ئەوە ئاشکرایە کە زمانی نەتەوەییی گەلان لە شاکارە ئەدەبییە نەمرەکانەوە پێ گەیشتووە و خەملیوە.

هەڵبەت ئێرە بەشی ئەوە ناکات بتوانرێ نرخی کارە ئەدەبییەکان تەنانەت بەسەرپێییش بێ، بزانرێ. ئەمە کارێکە دەرفەتی زۆر و بێنفرەیی و لە هەمان کاتدا زانیاریی قووڵیشی دەوێت. ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین تەنیا ئەوەیە کەوا خوێندنەوەی ئەدەب کارێکە بۆ هەموو مرۆڤێک یەکجار گرینگە، تەنانەت ئەم کارە هیچ جێگرەوەیەکیشی نییە. مرۆڤی هاوسەردەم ئەدەب نەخوێنێتەوە ئەگەر سەد ساڵیش بژی، چێژی تەواوی لە ژیان وەرنەگرتووە یان هەر ڕەنگە ژیانی نەناسیبێ.

کۆمەڵگەی کوردستان ماوەی دوو دەیە دەبێ، ڕووداوە سیاسییەکان وا لوولیان داوە و هەڵیان پێچاوەتە سەر یەک، ڕۆڵی کارە ئەدەبییەکان لە دروستکردنی جیهانبینیی مرۆڤەکانیدا کەم و سنووردار بووەتەوە. بەتایبەتیش ڕاگەیاندن بەو ڕواڵەتبازی و سەرپێیەتی و تەنکاوییەی خۆی، توانیویەتی کاتە بەتاڵییەکانی مرۆڤی کورد بەبەرهەمی هەرزەکارانە و بێ نرخ پڕ بکاتەوە. فرۆشی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە شیعر و چیرۆک زۆر کەم بووە هەرچەندە ڕێژەی خوێندەواری باشترە و داهات بەرزترە و هەموو شتێکی کوردستان ڕوو لە پێشە. بەئاسانی دەبینی کە نەخوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکان بە ژیانی خەڵکەوە دیارە، بۆ نموونە ڕۆچوونی مرۆڤ بەناخی بێهیواییدا و هەستکردن بەبێ چارەسەری و بێ سەرەودەری لە تەنگژە

وردەکانی ژیاندا، لەسەرینی ئەوەیە کە مرۆگەل ئەدەب ناخوێننەوە، یان کە دەبینی زمـــانی نووسین لەلای لاواندا هەرەسی بردووە، لە خـــوێندنەوەی ڕۆژنامەکاندا هەست بەکاڵی و کرچییەی زمانی داڕشتن دەکرێ، کاریگەریی ئەوەیە کارە ئەدەبییەکان ڕەواجیان لەناو لاواندا کەمە.

ئێمە لە دەزگای ئاراس بایەخێکی زێدە بەکارە ئەدەبییەکان دەدەین، چ بەرهەمی کۆن و کلاسیک بن چ بەرهەمی تازە و نوێباو، یاخۆ داهێنانی خۆماڵی بن یان وەرگیراو لە گەلانی ترەوە. ساڵانە دەیان کتێبی ئەدەبی لە شاکار و گەداکاردا بڵاو دەکەینەوە. بڕوای تەواومان هەیە کەوا پێشوەچوونی خەیاڵی کورد بڕێکی گەورەی بەندە بە کارە ئەدەبییەکانەوە. لە دەزگادا زۆرجار ناچار دەبین بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن لاوانەوە دەنووسرێن، بەخۆڕایی بەقوتابخانەکاندا بڵاوبکەینەوە، ئامانجمان ئەوەیە هەرچۆن و بەهەر نرخێک بێت لکانێک لە نێوان لاوان و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دروست بکەین.

لە ئاراس، ئەم جارە و جاری تریش هەوڵمان داوە کۆوار و بڵاوکراوەی تایبەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەربکەین. بەر لە ئێستا کۆواری "شین"مان دەرکرد. دەتوانین بڵێین شین تاکە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بوو لە کوردستاندا کە سەرتاسەری، جیهانی روون و ئەفسوونایی ئەدەب بوو بێ ئەوەی شتێکی تر ئەو جیهانە لە خوێنەر شێلوو بکات. ئێستەش وا "واتە"مان دەست پێ کرد. واتە بەرنامەیەکی تر و هێز و گوڕێکی ترە. هیواداریین نووسەران و خوێنەران ئەم بڵاوکراوەیە بقۆزنەوە و پشتیوانیی بکەن. تاکە ئامانج لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیەدا بڕێتییە لە کراندنەوەی ئەو توێژە ئەستوورەی کەڕوو، کە نیشتووەتە سەر هەستی چێژی خوێنەری کوردی و هیوای بەژیان و گەشییەکانی دنیا داپۆشیوە.

کۆواری واتە ٢ کانوون (١) ٢٠٠٨

## حەیران

حـەیران جـۆرێکە لـە ئاوازی کـوردی، بە دەنگ هـەڵکردن و ئـای ئایەکی پڕ لە گەرووەوە دەگوترێ و لە چەند ڕستەیەکی کورت پێک دێ کە تیایدا هەست بە ئەوینێکی گەرم و پڕ لە کوڵ دەکرێ. حەیران، یان هەستی عاشق "کە زۆربەی جار حەیرانبێژەکە خۆیەتی" بەرامبەر ئەویندارەکەی دەردەبڕێ یان باس لە ڕووداو و بەسەرهاتێک دەکات. حەیران، زۆر لە کورتی دەبڕێتەوە و هەستێکی بروسکە ئاسا بە دەمارەکانی مرۆڤی گوێگردا سەر دەکات و دەیهەژێنێ.

زۆر کـەس لەوانەی لە حـەیران دواون، هەروەها گـوێگرانی حـەیرانیش، حـەیران بە ئاوازێکی فـۆلکلـۆری تێ دەگەن. وا دەزانم ئـەمـە زۆر ڕاست نییـە لەبەر ئەوەی هەر حەیرانبێژێک حـەیرانی خۆی هـەیە و بە "نازدار"ی خـۆیدا هەڵدەڵێ، یان باسی ڕووداو و بەسـەرهاتێک دەکـات کـە بەسـەر خـۆی هاتووە یان بۆیان گێڕاوەتەوە. جاروبار لەوانەیە هەندێک لە حەیرانبێژان حەیران لە ئەوانی تر وەربگرن و بیڵێنەوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حەیران لەو جۆرە ئاوازانـەیە کـە وەکـو دەق دەمـاودەم ناکـەن و لـە نەوەیەک بۆ نـەوەیەکی تر ناگوازرێنەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی پێناسەی فۆلکلۆرە کە دەماودەم دەکات و لە زارێکەوە دەپەڕێتە سـەر زارێکی تر. هەر حەیرانێکیش باس و بەسـەرهاتی ناوچەی حەیرانبێژەکە خۆیەتی کە تیایدا ژیاوە یان پیایدا تێ پەڕیوە. واتە لە ناوچەیەکـیـشــەوە ناپەڕێتــەوە بۆ نـاوچەگـەلی تر. گـۆرانی و ئاوازی تری کوردەواری زۆربەی زۆریان هەر نازانرێ لە کوێدا سـەریان هەڵداوە. گۆرانیی هەڵپەڕکێ و بەزم و گۆڤەند، یان لاوک "کە لە کرمانجیی ژووروودا (کلام)ی پێ دەگـوترێ" لە ســەرتاســەری ناوچەکـەندا دێن و دەچن و لە هەر شـوێنێکدا مۆرکی شێوەزمان و ئاخاوتنی ناوچەیی بەسـەریاندا زاڵە و جیاواز دەبنەوە لەیەکتر، بەڵام زێدی سەرهەڵدانیان دەست نیشان ناکرێ مەگەر مێژوو پێمان بڵێ ئەو ڕووداوە لە فــلانە شــوێن ڕووی داوە. بۆیە بە بۆچوونی من دەبێ حەیران بچێتە خانەی ئەو جۆرە سامانە گەلێرییەوە کە پێی دەگوترێ "میللی".

ئەمەش هەر سامانێکی نەتەوایەتییە و دەوڵەمەندیی کەلەپووری کورد نیشان دەدات.

حەیران لە بنەڕەتی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەرمیان و کوێستانکردنی مەڕداران. بەتایبەتی ئەوانەی لە ژیانی نیوەکۆچەری و نیوە دێمانی "گوندنشینی و مانەوە لە دێ"دا دەژیان. لە نیوەی بەهارێوە لە دەشتە گەرمێنەکانەوە بە خۆیان و پەز و مەڕوماڵاتیان لەگەڵ هەڵکشانی وەرزی بەهاردا ئەوانیش بەرەو ژوور، بەرەو چیا و لەوەڕگە و زەنوێرەکانی ژووروو هەڵدەکشان و پێ بەپێ لەگەڵیدا دەڕۆیشتن هەتا بەهاریان لە هەموو شوێنێکدا تەواو دەکرد، ئەوجا لە ناوەندی هاوین بەدوواوە، بەرەو ژێر دەگەڕانەوە و دەستیان لە ژیانی کۆچەرایەتی و ڕەشماڵ نشینی هەڵدەگرت و پایز و زستانی داهاتوویان بە نیشتەجێیی لە خانوو و گوندەکاندا بەسەر دەبرد.

سەرنج دەدرێ کە حەیران خۆشی دوو جۆرە، جۆرێکیان کە ناوی نراوە "سەرچیایی"، لەمەیاندا حەیرانبێژ بەهەموو فرەوانیی گەرووی تێ هەڵدەکا و بانگ رادەهێڵێ، بۆ ئەوەی کاتێک کە بەڕێوەن و لە کۆچدان، دەنگی بگات بە گوێی خەڵکەکە، یان لە هۆبە و رەشماڵەکاندا کە دوور لە یەکتر هەڵدەدران و خەڵکەکە پەرت و بڵاو و لەیەک دوور کاریان دەکرد، یان پشوویان دەدا. دیارە ئەمەیان لە کۆچ و کۆچباری کوێستان و گەرمیانکردندا گوتراوە. دوور نییە زۆربەی ئەوینە گەرم و گوڕەکان لەمەیاندا هاتبنە سەر زار. شوان و مەڕلەوەڕێن، ئەوانەی حەیرانیان دەچڕی و بە تەنیا بە دەشت و کەژانەوە دەمانەوە و گڕی ئەوینی گراوییەکانیان، بە حەیرانی "سەرچیایی" و دەنگ هەڵبڕین و هاوار و ناڵەیەکەوە دەردەهێنا.

جۆرەکەی تری کە ناویان ناوە "مەجلیسی"، ئەمەیان لە ماڵان و کۆڕ و کۆبوونەوەی پیاوان و ماقوولان یان لە دیوەخانی ئاغا و بەگاندا بە دەنگێکی نەرم و هێور گوتراوە. هەڵبەتە حەیرانبێژان کە دەنگیان خۆشە، گەروویان گونجاوە بۆ گوتنی هەردوو جۆرە ئاوازەکە بەڵام لەوانەشە هەندێکیان هەر

جۆری "مەجلیسی"یان بەلاوە پەسند و گونجاو بوو بێ بەتایبەتی هەندێک لەو حەیرانبێژانە کە پیاوی ناوسەرە و ماقووڵ بوونە و شایەنی ئەوە بوونە لە جڤات و ناو پیاواندا دانیشن و گەرمیی ژیان و ئەوین و بەسەرهات و رووداوە کۆمەڵایەتی و قارەمانەتییەکان بەردەنەوە ناو دڵی دانیشتووان و دەروونیان بەجۆش بێنن.

هەڵبەتە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە حەیران تەنیا پاوانی پیاوان نەبووە. زۆر ئافرەتیش هەن حەیرانیان گوتووە، بە تایبەتی لە پرسە و تازیمانەدا کە بە کۆچکردووانیاندا هەڵداوە و بە حەیران شینیان بۆ گێڕاون و کۆڕی گریان و فرمێسک باراندنیان بۆ گەرم کردوون.

بە بۆچوونی من، مەفتەن و شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بۆ دەشتی هەولێر و بەتایبەتیش ناوچەکانی کەندیناوە و قەراج دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی کۆچی مەڕداران و هەوار گواستنەوەیان بۆ کوێستانان لەوێوە دەستی پێ کردووە. هەرچەندە دەشتەکانی ئەو ناوچانە هەتا بڵێی بە پیتن و بڕیاری دەغڵ و دانیان لەوپەڕیدایە، بەڵام لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا مەڕداری بڕبڕەی پشتی ژیانیان بووە. ئەو ناوچانە لەچاو ناوچەکانی سەرەوەتر، گەرمن. بەهار زوو دێ و زووش بەجێیان دەهێڵێ. ئیتر تا بەهار هەڵدەکشا لەوەڕگەکانیش کەم دەبوونەوە بەتایبەتیش کە هەموو ئەو دەشتانە دەچێندران و شوێنی لەوەڕی مەڕومالات نەدەما. بۆیە ڕوویان لە بەرپاڵی چیاکان و زەنوێرەکانی کوێستان دەکرد. هەتا بەهار بەبەرەوە دەچوو و دنیا گەرمتر دادەهات ئەوانیش پێ بەپێ سەرەو ژوورتر دەبوون و ئەوجا لەوسەرەوە کە بەهار لە هیچ شوێنێ نەدەما، ئەوانیش دەستیان بەگەڕانەوە دەکرد. لەم جێگۆزی و هەوار گواستنەوەیەدا، داوونەریت و هونەرەکانیشیان جێگۆزی دەکرد و شەقڵ و مۆرکی خۆیان بەسەر خەڵکی ناوچە و ڕێپێڵگەکانەوە بەجێ دەهێشت. بۆیە دەبینرێ کە حەیران لە ناوچەکانی قەراج و کەندیناوەوە دەست پێ دەکات و لە ناوچەی موکریاندا بەکۆتا دێت. ئەمەش ڕێگەی کۆچ و کوێستان و گەرمیانکردنی مەڕدارانە. لەم کۆچ و هەوار گواستنەوەیەشدا مەڕدارەکان دوو

ڕێگەیان گرتووەتە پێش یەکەمیان لە قەراج و کەندیناوەوە دەست پێ دەکات و بەرەو سەفین و ڕەواندز و لەوێشەوە بەرەو ئەودیو. ئەویتریان لە قەراج و کەندیناوە یان دەشتەکانی خوارووی هەولێر بە گشتییەوە بەرەو کۆیە و ناوچەکانی بیتوێن و پشدەر ئینجا ئەودیو، واتە ناوچەی موکریان.

ڕێگەی یەکەمیان سەرەکیتر بووە لەوەی دووەم لەبەرئەوەی کۆچەرەکان بە ماوەیەکی کەمتر گەیشتوونەتە چیا و ناوچەی زۆزان و کوێستانەکان. هەر لەبەرئەوەشە کە سەرنج دەدرێ حەیران لەم ڕێگەیەدا جۆرێکی ڕەسەنترە. هەروەها زیاتریش باوە و ژمارەی حەیرانبێژەکانیشی زیاتر و بەرفرەوانترن. بەڵگەیەکی ترم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، لە حەیرانی حەیرانبێژەکانی ناوچەی هەولێردا بەردەوام ئەم ناوانە بەرگوێ دەکەون: دەشتی کاولە قەراجی، جۆگەی مەخمووری، بازاڕگەی خۆمان، کەڵکی حوسێنی غازی، زوورگەزراوی خۆمان، قەڵاتی پیرە هەولێرێ، سەربەن و داری شەکران، سەرێ سەفینی، چیای بنی هەریرێ، زینەتیر و پردی رواندزێ و... هتد.

کۆمەڵە حەیرانێکی حەیرانبێژی ناودار "حەسەن حەیران" هەیە، ڕووداو و بەسەرهات و پێداگوتنەکانی لەسەرتاسەری ئەم ناوچانە دێن و دەچن. هەڵبەتە وەک لە پێشەوە گوتم ئەمە ڕێپێڵگەی ماڵە کۆچەر و کوێستان و گەرمیان کەرەکانی دەشتی هەولێر بووە. لەبەری ڕۆئاوای ئەم ڕێگەی کۆچەرییەدا حەیران نییە لەبەرئەوەی خەڵکەکەی بەزاراوەی کرمانجیی سەروو دەدوێن. لەبەری ڕۆهەڵاتی، حەیران هەیە بەڵام وەک گوتمان تۆزێک کاڵترە و ئەو گەرموگوڕییەی نییە.

ژمارەیەکی زۆر لە حەیرانە کۆنەکان، ئەوانەی تۆمار کراون، باسی کۆچ و باری وەرزی بەهاران و بەرە و کوێستان ڕۆیشتن دەکەن، بەڵام هەندێک حەیرانیش هەن باسی گەڕانەوە لە کوێستان دەکەن.

نابێ خوێنەر لەم قسانەی سەرەوە وا تێ بگات کە حەیران تەنیا باس لە کوێستان و گەرمیانکردن دەکات. نەخێر مەبەستم ئەوە نییە هەرچەندە

ناوەڕۆکی بەشێک لە حەیرانەکان ئەم باسانەن. بگرە مەبەستم ئەوەیە کە زێدی سەرهەڵدانی حەیران لە دەشتی خوارووی هەولێر بووە بەتایبەتی کەندیناوە و قەراج، پاشانیش بەهۆی ماڵگواستنەوە و کۆچکردن، بەرەو ناوچەکانی سەروو ڕۆیشتووە و لەو ناوچانەدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام وەک گوتمان بەشێوەیەکی کەمتر و کاڵتر.

حەیران بەرهەم و زادەی ژیانێکی گوندەکییانە و کۆچەرییانە بووە. زۆربەی فۆلکلۆر و سامانی زارەکیی نەتەوایەتیمان هەر وایە بەڵام حەیران جیاوازییەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەباشی لەگەڵ ژیانی شاراندا هەڵی نەکرد. بە شێوەیەکی گشتی حەیران دوای نەمانی ئەو جۆرە ژیانە و کوێربوونەوەی گوندەکانی دەشتی هەولێر، ئەویش بەرەو نەمان و فەوتان ملی نا. هەرچەندە "ڕەسوول بێزار گەردی" زۆر حەیرانی خۆشی گوتووە بەڵام دوای ئەو هونەرەکە بە یەکجاری فەوتا. هەندێ لە گەنجە گۆرانیبێژەکانی وەک "عارەب عوسمان" تاک و تەرا حەیرانیان گوتووە بەڵام وەک گوتم حەیران لەگەڵ ژیانی شاراندا هەڵی نەکرد و ئەو بایەخەی جارانی نەما. هەڵبەتە زۆر جۆری سامانی زارەکی لە لاوک و قەتار و ئەڵڵا وەیسی و... هتد، ئەمانەش هەر بەرەو فەوتان دەڕۆن. ڕەنگە لەمەدا گلەیی لە دەنگخۆشان و مۆسیقاژەنانی کورد بکرێ کە روویان دایە جۆرە ئاسانەکانی گۆرانی و پشتیان لەم هونەرە ڕەسەنانە کرد کە سەروەت و سامانێکی گەورەی نەتەوایەتیمان بوون.

لە بارەی مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم هونەرە زارەکییە لەناو کوردەواریدا، ناتوانرێ شتێکی بڕاوە و یەکجارەکی بگوترێ. وەک گوتم حەیرانبێژان هەریەکە و حەیرانی تایبەت بە خۆیان هەبووە، حەیرانبێژان تەنیا هونەرەکەیان لەیەکتر و پشتاوپشت وەرگرتووە ئەگینا حەیرانی حەیرانبێژانی کۆن هەمووی ون بووە و لەگەڵ خۆیاندا چووەتە ژێر گڵ. پیشەی نووسین و خوێندەواری و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی زۆر درەنگ لەناو کورددا بڵاوبووەوە، بەشی هەرە زۆری سامانی زارەکی و زمانی کوردی فەوتا و نووسین و کۆڤار و کتێب تەنیا بە بنکرێکی ڕاگەیشتن. حەیرانیش لە سامانە

فەوتاوەکانە و کەمێکی لەم دووا دووایییانە نووسراوەتەوە یان تۆمارکراوەتە سەر کاسێت.

بە بڕوای من، مێژووی لە دایکبوونی ئەم هونەرە زۆر کۆن نییە و ڕەنگە بۆ ٢٠٠–٢٥٠ ساڵێک لەمەوبەر بگەڕێتەوە. بۆ ئەمەش ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە بەبەڵگە دەهێنمەوە.

زستانی ١٩٧٦ لە مانگی شوبات، ئەوکاتە کە قوتابیی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم. شەوێکیان کۆوارێکی "ڕۆشنبیری نوێ"م بەدەستەوە بوو. باپیرم مێوانی ئێمە بوو، گوتی ئەم کۆوارە چیی تێدا نووسراوە، منیش هەندێک سەرباس و باسەکانی ناو کۆوارەکەم بۆی خوێندەوە. یەکێک لەوانە وتارێک بوو لە بارەی حەیرانەوە نووسرا بوو، بە بیرم نایە کێ نووسیبووی بەڵام بابەتی نووسینەکەی ئەوە بوو ئاخۆ حەیران لە کەندیناوە سەری هەڵداوە و چووە بۆ موکریان یان بەپێچەوانەوە. لەم بارەیەوە باپیرم شتێکی گێڕایەوە، کە دوای ئەوە بە دوو هەفتە یان کەمتر باپیرم کۆچی دوایی کرد و وەک دەڵێن: چووە بەر دڵۆڤانیی خوا، پوختەی قسەکانی باپیرم ئەمانە بوون:

مام برایم هەبوو لە گوندی ئێمە. گوندەکەمان ناوی دوشیوان و لە کەندیناوە بوو. ئێستە ئەو گوندە نەماوە و کوێر کراوەتەوە. من خۆشم "مام برایم"م دیبوو، ئەو کاتە پێش ساڵی ١٩٧٠ تەمەنی گەیشتبووە سەرووی سەد ساڵ. خەڵک دەیانگوت تەمەنی لە سەد زیاترە. ئەم مام برایمە یەکێک بوو لە مێژووزان و بیرەوەری گێڕەوەکان، بیرێکی یەکجار تیژی هەبوو. لەوانەیە دەنگوباس و بەسەرهات و ڕەگ و ڕەچەڵەکی ٢٠٠–٣٠٠ ساڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەی زانیبێ. زۆر ڕووداوی مێژوویی و بەسەرهاتی کۆمەڵایەتیی دەگێڕایەوە، یان خەڵکی دەبردەوە سەر بنەچەکە و بناوانیان. وا دیارە خەڵکی تریش هەبوون لە جۆری مام برایم و پێشی ئەو ژیابوون و قسەکانیان جێی متمانە بوون چونکە هەندێک لە بەسەرهات و ڕووداو و قسەکانی خۆی دەخستە پاڵ خەڵکانی تر کە لێی بیستبوون، هەڵبەتە ئەو خەڵکانەش پیاوی بیرتیژ و لێزان و جێ باوەڕ بوون، ئەمانە مێژووزان و ڕەچەڵەکناسی

سەردەمی خۆیان بوون و کۆڕ و دیوەخانی گوندانیان بەم باس و بەسەرهاتانە گەرم دادێنا. جا با بێینە سەر مەبەست.

لە بارەی پەیدابوونی حەیران و جێگەی سەرهەڵدانیەوە، مام برایم گوتبووی لە فلانەکەسم بیستووە "کە بەداخەوە من ناوی ئەمەیانم لە بیرنەماوە" یەکەمین حەیرانبێژ کە حەیرانی داهێناوە یەکێک بووە بە ناوی "حەمەد حەیران" و شوانی گوندی گاوەرە بووە. ئەم حەمەد حەیرانە شوانە، مێگەلی خۆی لە بناری قەرەچووغ و لە داوێنەکانی گوندی مەلاکاغا و گردەشینەدا لەوەڕاندووە و دوای رۆئاوابوون و دەمەدەمی شێوان مێگەلەکەی بەرەو گوندەکەی خۆیان گەڕاندووەتەوە. لەو کاتانەدا تێی هەڵکردووەتە حەیران و دەنگێکی هێندە پڕی هەبووە کە لە گوندی دووشیوانەوە خەڵک گوێیان لێی بووە.

مام برایم گوتبووی: "ئەم حەمەد حەیرانە یەکەمین کەس بووە کە حەیرانی گوتووە و ئەم هونەرەی هێناوەتە ئەم ناوچەیە". زیاتریش وا پێ دەچێ خۆی داهێنەری ئەم هونەرە بووبێ. بە قسەی مام برایم ئەمە یەکەمین کەس بووە کە حەیرانی گوتووە.

قسەکانی مام برایمیش زۆر جێگەی باوەڕ بوون. وەک گوتم، ئەو مێژووزان و ڕەچەڵەکناسی سەردەمی خۆی بوو. وا دیارە ئەو کاتەش پرسیار هەبووە ئاخۆ کێ یەکەمین جار و لە کوێ حەیرانی گوتووە؟ مایەوە ئەوەش بڵێم کە گوندی "گاوەرە" لە زۆر حەیراندا ناوی دێ و گوندێکی ناسراوە. دوور نییە کە ئەمەش هەر بۆ یەکەمین حەیرانبێژ بگەڕێتەوە کە خۆی خەڵکی ئەوێ بووە و لە زۆر حەیراندا ناوی گوندەکەی هێناوە و لەوانەیە دڵبەر و "حەیران"ەکەی لەوێ بووبێ.

هەندێک بۆچوونی ترم ماوە لە بارەی ئەم هونەرە زارەکییە. چەند جارێک ئەم بۆچوونانەی خۆم لەلای بەڕێزان مامۆستا شوکور مستەفا و د. کوردستان موکریانی و کاک غەفوور مەخمووری و هونەرمەند کاک خەلیل لۆقا باس کردووە. هەموویان پەسندیان کردووە و هانیان داوم بیاننووسمەوە.

سوپاس بۆ کاک غەفوور مەخمووری کە لە پێشەکیی ئەم نامیلکەیەدا دەراو و دەلیڤەیەکی بۆ ڕەخساندم ئەگینا لەوانەبوو هەرگیز نەیاننووسمەوە.

ئەو هێڵەی لە قەراجەوە دەست پێ دەکات و بەرەو کەندیناوە و دەشتی هەولێر و سەفین و دەشتی هەریر و خۆشناوەتی دەڕوا تا دەگاتە ڕەواندز و ئینجا کوردستانی ئەودیو واتە بەری موکریان، وەک گوتمان حەیران بەم هێڵەدا لەگەڵ کوێستان و گەرمیانکردنی کۆچەری و مەڕداراندا سەر و خواری کردووە، هەروەها هێڵەکەی تریش کە دەچێتەوە دەشتی کۆیە و هەیبەت سوڵتان و پشدەر و بیتوێن و ئینجا ئەودیو، ئەم دوو هێڵە بریتین لە هێڵی گەواڵەی بارانی بەهاران کە ئەو کاتانە خەڵکەکە لە کۆچدا دەبوون یان لە تاوڵ و ڕەشماڵاندا دەژیان و مەڕیان دەلەوەڕاند. ئەگەر گوێ لە حەیرانەکان بگرین گەلێک جار گەواڵەیەک لە ئاسمانی قەراجەوە دەیهێنێ و بازاڕگە و کەڵکی حوسێنی غازی دەگرێتەوە "کە گۆڕی پیاوچاکێکە لەو شوێنە و مەزارگەی نیازگرتنەوەی عاشقان بووە"، ئەم گەواڵەیە هەندێک جار لە دەشتەکانی ئەم دیوەی زوورگەزراو دەیرژێنێ و هەندێک جاریش لە بناری سەفین یان لە بنی هەریر یان لە زینەتیر "کە کلکەی چیای بەنی هەریرە و لەوێوەوە کۆچەرەکان بەرەو دۆڵی بالیسان ئاودیو دەبوون" و هەندێک جاریش گەواڵەکە بەرە و ئەودیو بردوویەتی و لەوێ بارانەکەی باراندووە.

بۆ هێڵەکەی تریش هەر وایە. هەڵبەتە گەواڵەی بەهار ڕووداوێکی فیزیایی و جوگرافییە و ئەم هەورە ئاوسانە بە باران بە هۆی باوە لە باشوورەوە بەرەو باکور و باکوری ڕۆهەڵات ملیان دەنا.

هێڵی گەواڵەی باران هەمان هێڵی بڵاوبوونەوەی حەیرانە. گەواڵەکان لە خوارەوە بەرەو ژوور دەڕۆن. حەیرانەکەش هەر وا بووە. سەیرە، لەم ڕێکەوتە جوانەی سروشت و کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە کەمجار بەدی بکرێت و ئاوها تێک بکاتەوە.

گوێگری حەیران سەرنج دەدات، حەیرانبێژ زۆرجار کتومت وەک گەواڵەی

هەوری بەهاران چۆن لە جێگەیەک شریخە و گرمەی لێ هەڵدەستێ و دەست پێ دەکات و بەرێوە بەرەو باکور نمەبارانێک دەبارێنێ، بەڵام رەهێڵە و رێژنە بەخورِوتاوەکە لە شوێنێکی زۆر دوورتر دادەکات. هەندێک جار حەیرانبێژیش وا دەکات، دەسپێکی قسەکانی لە شوێنێکە و دەڕوا هەتا لە شوێنێکی دوور، مەبەست دەپێکی، کە ئەمە خۆشی و بزە و سەرسامییەک بە گوێگرەکە دەبەخشێ و گەلێک جار لە کۆڕ و دانیشتنان "ئووو..."ەکی دوور و درێژ لە دەمی گوێگر دێتە دەرەوە. ئەم هونەرەی حەیرانبێژیش شان بەشانی هونەر و ڕووداوە سەیرەکەی سروشتە.

پێشەکی بۆ کتێبی "حەیران"
بڵاوکراوەی ئاراس ٢٠٠١

دیمانەگەل

## بەداخەوە، لە کوردستانی عێراقدا سەلەفییەت وا خۆی قایم کردووە و سەنگەری لێ داوە بەتەمایە تا هەتایە بژی و بیخوا

بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بەدەزگا کولتووری و ڕووناکبیرییەکان کە ئەمڕۆ گەلێک داوودەزگا دروست بوون لە دهۆک سپیریز و لە هەولێر ئاراس و لە سلێمانی سەردەم و لە کەرکووک هەواڵ و چەندانی تر، دیمانەی ئەمجارەمان لەگەڵ بەڕێز "بەدران ئەحمەد حەبیب"ە، کە بەڕێوەبەری بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسە لە هەولێر، چەندین پرسیاری ئاراستە کرا، لە بەرامبەر پرسیارەکاندا ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە وەڵامی سەرجەمیانی دایەوە. شایەنی گوتنە دەزگای ئاراس ساڵی ١٩٩٨ لە هەولێر دامەزراوە و تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کتێبی جۆراوجۆری چاپ کردووە.

مانگنامەی "بەدرخان" ژمارە ٥٨ لە ٢٠٠٦/٦/٢٢

سازدانی: حەمید ئەبووبەکر

* بۆچی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس؟

- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزرا. من بۆ خۆم خەونم بەدانانی دەزگایەکی واوە دەبینی، لەبەرئەوەی لە منداڵییەوە ئاشقی کتێب بووم. حەزی خوێندنەوە لە حەوت هەشت ساڵیی تەمەنمەوە لەگەڵمدا ژیا و گەورە بوو، پاشان بوو بەحەز و خولیای نووسین و ئینجا بوو بەخەونی دانانی دەزگایەک.

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی پشتیوانییەکی بێ ڕادە لە بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی دەکات. لە دوا دواکانی ساڵی ١٩٩٦ەوە من لەگەڵ بەڕێزیاندا کار دەکەم. هەر لەو کاتەوە ئەرکی ئەوەی پێ دەسپاردم فلان کتێب بۆ فلان نووسەر چاپ بکەم، پاشان ئەم ئەرکانەمان لە دەزگایەکدا ڕێک خست کە

کەلوپەلی پێویستی تێدا بێ و کارمەندی شارەزا کاری تێدا بکەن. ئەوە بوو ئاراس هاتە دنیاوە. لە سایەی بەڕێز کاک نێچیرڤاندا ئەو خەونە بەدی هات بۆ ئەوەی خزمەتێکی ڕۆشنبیری کوردی بکرێت و بتوانم بەشێک لەو پرۆگرامە فراوان و زۆر و زەوەندی ئەوان ڕاپەڕێنم.

* ئامانج لە دامەزراندنی دەزگای ئاراس؟

– سەرەتا بۆ چاپی کتێب، پاشان وردە وردە پەرەی سەند: ئێستە کۆواریش دەردەکەین، خەڵاتمان داوە بەنووسەران. چەندان یاد و بیرئانینمان ئەنجام داوە. بۆ داهاتووش پرۆگرامی تێروتەسەلترمان بەدەستەوەیە. ئێستە دەزگای ئاراس چەندان دەزگای تری پێوە بەندە وەک دەزگای شەفەق لە کەرکووک، هەروەها دەزگایەکی ترمان لە سۆران داناوە بەناوی زاری کرمانجی، چەندان ناوەندیش لە هەولێر و شوێنانی تر بۆ لاوان و ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن دەکەینەوە. دەزگای ئاراس لە داهاتوودا دەبێ بەدامەزراویەکی کولتووریی زەبەلاح.

* بەمەبەستی نیشاندانی کولتووری هەر نەتەوەیەک خۆی لە دەزگا هونەری و ڕۆشنبیری و مەدەنییەکاندا دەبینێتەوە، پێتان وایە، دەزگاکانی کوردی بەو ئەرکەی هەستا بن؟

– دەزگای کولتوورییە کوردییەکان بەگشتی کاری باش ئەنجام دەدەن، ڕۆشنبیری و زمان پێناسەی هەرە کۆنی گەلانن، ئێستە ئابووری و زانست و تەکنیکیش بوونەتە پێناسە و جیاکەرەوەی گەلانن بەڵام ڕۆشنبیری هەر نرخ و بەها و کۆنەکەی خۆی وەک جیهانی ڕوحی لە دەست نەداوە. ئێمەی کوردیش زمان و ئەدەبیاتێکمان هەیە و وا ئێستا لە ڕێگەی ئەم داوودەزگایانەوە تۆمار دەکرێت. جاران کورد، وەک میللەتێکی قارەمان و شەڕوان لە پێناوی مافگەلی خۆیدا دەناسرا، ئێستە وا خەریکە دەبێتە خاوەنی کتێبخانەش، بەڵام ئەو کێشەیەش هەیە کە سەرجەم دەزگاکانی ئێمە بێ بەرنامە و کارنامە کار دەکەن. تا بەرنامە دانەنرێ، داوودەزگای ڕۆشنبیری ناتوانن ئەو ڕۆڵە

کاریگەرە بگێڕن کە پێویستە بیگێڕن. بۆ نموونە ئێمە کەسمان (لە دەزگاکانی چاپ و وەزارەتەکـانی ڕۆشنبـیـری تەلەفـزیـۆن و ڕۆژنامــەکـان و... هتـد) بەرنامەمان بۆ ساڵەکانی داهاتوو (بۆ ساڵی ٢٠٠٦) نییە. ئێمە نازانین سبەی چی دەکەین. ئەمە کەموکورتیی هەرە گەورەمانە.

* لە کـوردسـتـان بـۆ (کوردسـتـان). کـوردسـتـانی کـوردان و ڕۆژنامـەی (کوردستان)ی دایک لە قاهیرە چاپ کرا، دەتانەوێ بڵێن چی؟

– "ڕۆژنامەی کوردستان"ی قاهیرە، ڕووداوێکە تا کورد مابێ شانازی پێوە دەکـات. یەکـێکە لـە بەڵگەنامـەکـانی لە دنیـائاگـاداری و زیندوویی کـورد. ڕۆشنبـیـری کـورد دەتوانـێ ئەوپەڕی شـانازی بەم ڕووداوە بکات، چونکە ڕۆژنامەوانیی کوردی پێش زۆر لە گەلانی تر لە دایک بووە. مایەی دڵخۆشییە کە لە دوا دواکانی سەدەی نۆزدەیەمدا و لەگەڵ یەکەمین دەسپێکی بزووتنەوەی هاوسـەردەمی نەتەوایەتیی کـورد، فیکر و قەڵەم لە پێـشـەوە دابوون، ئـەمـەش بیرەوەرییەکی تری کوردە لەگەڵ شاری قاهیرە و وڵاتی میسر. هەڵبـەتە ئێمە بیرەوەریی تری وەک سـوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبیمـان لەگەڵ ئەم وڵاتەدا هەیە. هـەروەها بارزانیش لە ڕێگای مــیــســرەوە دوای دوازدە ســاڵ دەربەدەری گەڕایەوە نیشتیمان.

* لە حەفتاکان و هەشتاکاندا دەگوترا، لە میسر بنووسرێ و لە لوبنان چاپ بکرێ و لە عێراقدا بخوێندرێتەوە. ئەمڕۆ ئەو سێ دەستەواژەیە چۆن چۆنی بەراورد دەکەیت؟

– ئێــســتــا لە هەمــوو شـوێنێک دەنووســرێ و لـە هەمــوو شــوێنێکیش دەخـوێندرێتـەوە. لە پێشـانگەی هەژدەیەمـینی نێـو دەوڵەتیی کـتـێب لە تاران بەشداریمان کرد و زانیمان وەک چۆن لە هـەموو شار و شـارۆچکە و لادێیەکی کوردستانی باشووردا کتێب دەخوێندرێتەوە، بەهەمان شێوەش ڕێوشـوونەکە لە کوردستانی ڕۆهەڵاتدا وایە. ئەگەر سـەیری لیسـتی چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس بکەی، نووسـەرەکان سەر بەشوێنی جیا جیان، من لە تاران هەندێک

وەرگێڕ و نووسەری کوردم ناسی کە پێشی سێ ساڵ کتێبیان لە ئاراس بڵاو کردووەتەوە. ئێستە کولتوور تاپۆ و پاوانی هیچ شوێنێک نییە. جارانیش هەر وا بووە. حاجی قادری کۆیی باسی ئەو کوێرەدێیانەی کردووە کە خۆی و کەیفی و نالی لێیان هاتوونەتە دنیاوە، بەڵام خۆیان بوون بەپیاوی ناسراو و خاوەن ڕۆڵ.

* چۆن بەراورد لە نێوان کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و کۆمەڵگایەکی داخراو دەکەیت، لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانگردا جەنگێک لە ئارادایە لە نێوان "کۆن و نوێ، عەلمانی و سەلەفی، هۆشیاری و ناهۆشیاری، کراوە و داخراو... هتد"؟

– کۆن و سەلەفی و ناهۆشیاری و داخراو و... ئەمانە، هەموویان دەدۆڕێن. ئەگەر بێتو بەخۆشیی خۆیان گۆڕەپان چۆڵ بکەن ئەوا بەڕێزەوە بەڕێ دەکرێن، ئەگەر بەناخۆشیش چۆڵی بکەن ئەوا فڕێ دەدرێنە دەرەوە. بەداخەوە لە کوردستانی عێراقدا سەلەفییەت وا خۆی قایم کردووە و سەنگەری لێ داوە بەتەمایە تا هەتایە بژی و بیخوا. داوودەزگاکانی حکومی و حزبی و ڕۆشنبیریش پشتیوانی لە کۆنەکان دەکەن لەسەر حسێبی لاوان و نەوەی نوێ. ئەمە کاردانەوەیەکی خراپی کردووەتە سەر کۆمەڵی کوردەواری. ژمارەیەکی زۆر لە لاوان دەبینم کە گەشبین نین بەپاشەڕۆژی خۆیان. هەندێک جار بەتەواوی تەسلیمی ئیرادە و ویستی کۆن و کۆنەکار و کۆنەپارێزان دەبن. لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر لاوە کوردستان بەجێ دێڵێ و هەر پیرە لەو لاوە دێتە جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست. لاوی کورد باوەڕی بەخۆی نەماوە و زۆر جار لە داوودەزگا و دەسەڵات بێ هیوا بووە. مرۆڤیش کە بێ هیوا بوو بەمردوو دەژمێردرێ، نابێ لاوان وا بەم ئاسانییە بوار بەر بدەن و ڕێگە چۆڵ بکەن. لە ژیاندا ماندووبوون و ململانە و ڕووبەڕووبوونەوە شیرین و بەتامن. نابێ ئەوان چاوەڕوان بن شت بێتە بەردەمیان.

* بەدران بەوە ناسراوە کە زمانێکی پوختە لە نووسین و کاراکتەری یەکەمە لە نێو ئاراس "مەبەست نەخشەسازی و نووسین و

پێوەندییەکانی و باسەرە و شین و کۆڕی زانیاری کوردستان ئینجا کارەکانی کاک نێچیرڤان".

– خۆشم نازانم چۆن فریای هەموو ئەمانە کەوتووم. هەڵبەتە بەشێکی زۆری لەسەر حسێبی تەندروستی و ماڵ و منداڵ و پشووودان خۆشییەکانی ژیانە. بەڵام من لەو باوەڕە دام کەوا مرۆڤ تا لاوە یان لە هەرەتی کارکردندایە با کار بکات و تەواو ماندوو ببێ. کە پیریش بوو با بچێ پشوو بدات. چەند ناشیرینە لاو بەدەستی بەتاڵ بسووڕێتەوە و پیریش ڕاکەڕاکە بکات. ئەمەش یەکێکە لە سیما ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری. دامناوە زوو بوار چۆڵ بکەم بۆ ئەوانەی لە دوای منەوە دێن.

* زۆر لە برادەران بەتایبەتی "د. عیزەدین و د. بەدرخان سندی و عەبدوڕەقیب یوسف و... هتد" گازاندەی ئەوە دەکەن کە دەستکاری نووسینیان دەکەیت یان پێشکەکیان لادەبەیت یان شەڕ دەکەیت، ئەمەیان ڕاستە یان بوختانە؟

– وەڵڵا وەبیللا من هیچ کێشەیەکم بۆ ئەم بەڕێزانە نەبووە. بەپێچەوانەوە خزمەتم کردوون. هەموو ئەوەی بڵاوبووەتەوە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە. بەداخەوە، کاتم نییە وەڵامی قسە و قسەڵۆک بدەمەوە، باوەڕیشم بەوە نییە.

* دامەزراندنی هەر دەزگایەک مەبەستدارە، ئایا تاکو ئێستا ئاراس مەبەستەکانی پێکاوە، چونکە لە زۆربەی دەزگاکانی دیکە کتێبەکانی لە ڕووی هونەری جوانترە و پێم وایە پڕفرۆشترین جۆری کتێب لای ئێوەیە. ئایا مەبەست فرۆشتنە، یان مەبەستەکانی دیکەی، هێشتا ماوە زامن ببێ؟

– من بۆ خۆم پێم وانییە گەیشتبم بەو شتەی مەبەستمە. بەتەواوی وەک کاک فەلەکەدین کاکەیی بیر دەکەمەوە کە گوتی "ئەوەی نووسیومە هیچ نییە و بەتەمام سبەی لە نوێ دەست پێ بکەمەوە". جاران کتێبی کوردی زۆر "جەلەبی" و ناپوختە بوو. لە ئاراسدا ئاستی کتێبمان لە ڕووی بەرگ و شێوازی دەرهێنانەوە برد بۆ سەرەوە. دەزگاکانی تریشمان بەدوای خۆماندا

ڕاکێشاوە. وای لێ هاتووە پێشبڕکەی یەکتر بکەین.

لە ڕووی داراییيەوە ئاراس هەمووی زەرەرە. چەندی زیاتر دەفرۆشین هێندە زیاتر زەرەر دەکەین. بەڵام من هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان تیرێژی کتێبی کوردی زۆر بەرز ببێتەوە و زەرەر نەکات. ئەوە سیستەمی وڵاتانی سۆسیالیزمە کە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان زەرەر بکەن و مایەی خۆیان دەرنەهێننەوە. ئەم جۆرە سیستەمە ناتوانێ تەکان بەباری ڕۆشنبیری و هونەری بدات.

* هەموو شەڕەکان ڕووی لە تۆیە، یان خۆت شەڕاویی، ئەدی ئەو شەڕانە لە پای چی؟

– تا ئێستا یەک وشەی نابەجێم لە بارەی یەک کەسەوە نەنووسیوە. ڕێز لە هەموو ئەوانەش دەگرم کە بۆ هەر مەبەست و نیازێک دێن بۆ لام. ئەوەی لە نزیکەوە دەمناسێ دەزانێ من چۆنم. ئەگەر شەڕاوی بوایەم دەچوومە مەیدانی ئەوانەوە کە لاپەڕەی ڕۆژنامەم لەسەر پڕ دەکەنەوە. با حەواڵەی خوا بن. ڕۆژێک هەر دێ ڕووی ڕاست بەدیار دەکەوێ.

من یەک چەکم هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە کەسانە، ئەویش چەکی کارکردن و بەرهەمە. ئەمەش بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و پارتی و بارزانی خەرج دەکەم. باوەڕیشم وایە کەوا هەر ڕاستی سەردەکەوێ با درێژیش بخایەنێ. بەعس ڕەوشتی زۆر کەسی تێک داوە. تا دەیان ساڵی تر ئێمە بەدەست ئەو ڕێوشوونەوە دەناڵێنین.

* ئاراس دەزگایەکە لە دوور و نێزیک کتێبەکانی دەناسرێتەوە بەرنامەی داهاتوو و گۆڕانکارییەکانی دەزگای ئاراس کەی دەست پێ دەکات؟

– باڵەخانەی دەزگای ئاراس تەواو ببێ و چاپخانەی هەرە تازە و مۆدێرن بکڕین ئەو کاتە پێت دەڵێم چیمان بەدەستەوەیە.

* دەڵێن لە وەتەی لای کاک نێچیرڤان کار دەکات. شەڕەکان گەرمتر بوون. یا گلەیی لە ڕاگەیاندن دەکەیت. بەوەی کە لا لە چالاکییەکان

ناکەنەوە. یا هەواڵ نانووسن، ئاخۆ ئەمە میزاجە یا مەبەسدارە؟

– کارکردنم لەگەڵ بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی هێز و گورێکی بێ سنووری پێ داوم بۆ گەشبینی و خزمەتکردن. بەڵام ناتوانم بیشارمەوە کەوا لە لایەکی ترەوە لاوازیشی کردووم. زۆر جار بۆ ئەوەی خۆم لە گێچەڵ و شەڕی لابەلا لابدەم دەبێ "دەست بەکڵاوەوە بگرم" یان وەڵام نەدەمەوە. بەڕێزیشیان ئەم ڕاستییە دەزانێ.

هەموو جار داوام لێ دەکات کەوا پێویستە پێوەندیم لەگەڵ هەموو کەسدا باش بێ. هەندێ جار سەرناکەوم، هەندێ جاریش ئەم پێوەندییانە لەسەر حیسێبی من تەواو دەبن. بەڵام من ڕازیم لەبەرئەوەی من خۆم بەلاوە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە چیت لە پاش بەجێ دەمێنێ. هەیە گێچەڵت پێ دەکات تا لەم ڕێگایەوە ناو بۆ خۆی پەیدا بکات. تۆش بیت لە شوێنی من لەو حاڵەتانەدا خۆتیان لێ لادەدەی.

ئەوانەی چالاکییەکانی دەزگای ئاراس لە ڕاگەیاندن پشتگوێ دەخەن، باشترین بەڵگە دەدەنە دەستەوە کەوا چەند لاوازن. چەندیش لە ڕاگەیاندن نەشارەزا و نابەڵەدن. ئەمانە مەبەستیانە بەری هەتاو بەبێژینگ بگرن. سانسۆری کەسانی تەنیا لە ناو کورددا هەیە. لە ناو کوردیش تەنیا لە داوودەزگا ڕۆشنبیرییەکانیدا هەیە. من بۆ خۆم بەپێچەوانەی ئەم جۆرە کەسانە کار دەکەم. هەڵسەنگاندنی کتێب لە لای من لەسەر بناخەی باشی و خراپیی بەرهەمەکەیە نەک پێوەندیی خاوەن بەرهەم لەگەڵ بەندەدا. سانسۆری کەسانی زۆر مەترسیدار و خەتەرە. لە هەفتەنامەی گوڵانیشدا گوتبووم و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر سانسۆری فیکری وەک سەرکوتینەوە یان کوژاندنەوەی ڕووناکی بژمێردرێ ئەوا سانسۆری کەسانی وەک تەسفیەی جەسەدی و جینۆساید وایە. ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن ڕیسوا دەبن با ئەمڕۆش نۆکەر و ئەڵقە لە گوێکان لە دەوریان هەڵپەڕن.

* بۆچی ڕاگەیاندنی کوردی ئازاد نابێ. لەگەڵ ئەوەی زەمینەسازییەک

هەیە بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن؟

– کـــوا زەوینـە بـۆ ئـازادیـی ڕاگـــەیـانـدن؟ ئـەوانـەی پـێش ئـەوەی ڕێگـە لـە بیـرکردنـەوەت بگرن ڕێگە لە وێنە و ناوەکەت دەگـرن. ڕاگـەیاندنی کـوردی تا مـاوەیەکی زۆری تـریش هـەر دیل و کۆیلەی نـەبوونی شـارەزایی و پسـپۆڕی لە ڕاگـەیاندن دەبێ. ئـەگـەر مـرۆڤی ڕاگـەیـاندن وەک "پیـشـەوەری" ئەم کـارەی وەرگرتبێ، دەبێ بەعاشق. زۆر کەس لەوانەی لە ڕاگەیاندن کار دەکەن بڕوایان بەئازادیی خـۆیان نیـیـە، باشـە ئەمـانە چۆن بڕوایان بـەئازادی کـەسـێکی تر دەبێ؟ ئەوان بـۆ خـــۆیان بانگەشـــەی شـــتـــێک دەکـــەن کـــەچی لە ژێرەوە هەڵسوکەوتێکی پێچەوانە دەکەن. تۆ چاوەڕوانی چی دەکەیت لەمانە؟

* ئایا باوەڕت بـەسانسـۆر هەیە؟ یان هیچ کـتێـبێک سـانسـۆر کـردووە، بەئەرێ و بەنەرێ، بەڵام زۆرێک لە نووسەران گلەیی دەکەن؟

– من باوەڕم بەسـانسـۆرکردنی فـیکر نیـیـە. نەمکردووە و ناشیکەم. بەڵێ هەمـوو کـتێـبـەکان سـانسـۆر دەکـەم بەڵام لە ڕووی فـیکرەوە نا، بگرە لە ڕووی زمان و ڕێنووسـەوە. پێشەکییەکەی بەڕێز د. عیزەدین لە کتێبی "قـەدری جان" من لام نـەداوە با ئەویش وا تێ گـەیشـتـبێ. من ناچار نیم پێی بڵـێم چۆن لادراوە. خۆشیش نییە ئەو وا گوللە بەتاریکییـەوە دەنێ. من زۆریش ڕێزی لێ دەگرم و لە هەر کوێ پێی گەیشتم چاکی و چۆنیی لەگەڵدا دەکەم. هەروەها لە کتێبـەکەی بەڕێزەکەی تردا هەندێک ڕسـتـە و دەسـتـەواژەمـان لادا لەبەرئەوەی بەگـوێرەی یـاسـای چاپەمــەنی بەناوزڕانـدن دەژمـێـردران. من ڕێز لە یاسـا دەگـــرم، ڕێز لـە ئابڕوو و ناوی خـــەڵکیش دەگـــرم. نـاشێ وا بـەئاســـانی لە بڵاوکـراوەیەکی ئێـمـــەدا بەخـــەڵک بگوترێ (دز) و (خـائین) و منیش بڵاوی بکەمـەوە. ئـەمـە فیکر نیـیـە تا لادانی ببێ بەسـانسـۆری فیکری. بەداخـەوە لە ڕاگەیاندنـی کوردیدا ئەم جۆرە قـسـانە بەلێشـاو دەکرێن و ئەگەر یەکـێکیش لەسـەر خـۆی بکاتەوە و بیـەوێ بەرگـری لە خـۆی بکات و بچێ لە دادگـا داوا تۆمـار بکات و سـوپایەک "قـەڵەم بەدەست" لە سـایتـە کـوردییـەکـاندا لێی ڕادەپەڕن و دەکەونە تەقەی کوێرانە. پێویستە واز لەم شتانە بهێنرێ. ئەوانەی

وا دەکەن ئەمرۆش حیسابیان لەگەڵدا نەکرێ، سبەی یان ڕۆژێک دێت دەکەونە بەر ڕەخنەی توندی مێژوو. زۆر سەیر و سەمەرەیە ڕۆشنبیر دژی یاسا بێت. ئەمە بەس لە کوردستان هەیە.

* بەدران لە شیوعیەت تا زەحمەتکێشان و ئەمرۆ پارتی هەست ناکەیت لە نێو حزب ماندوویت؟

– بەڵێ زۆر زۆر ماندووم. حزب ماڵێکی خۆش نییە. خەڵک تەڵە بۆ یەکتر دەنێنەوە. دەبێ هەمیشە ئاگات لە خۆت بێ بەتەڵەوە نەبیت یان مینێکت لە ژێر پێدا نەتەقێتەوە. لەم وڵاتەی ئێمەدا دەتوانی هەموو شتێک تێک بدەیت و کەس دەستت ناگرێت، بەڵام وەرە شتێک دروست بکە بزانە چۆن گەمارۆت دەدەن. تۆ ئەگەر مرۆڤێکی "سەرکەوتوو" بیت زۆر سەخت و ئەستەمە بەردەوام بیت بەڵام ئەگەر "فاشل"ی، ئەوا بێ خەم پاڵ بدەوە چونکە زۆر ڕێز لێ گیراوی. فاشیل هێندە زۆرن دەورت بدەن و پێت بڵێن: مامۆستا.

* ئەگەر ماڵ و منداڵەکەت لە هەولێر بژیابانە تۆ دەتتوانی ئاوا کار بکەیت و ئازاد بیت؟

– لە ڕاستیدا، ژن و منداڵەکەم و خوشک و برا و گۆڕی دایک و باوکیشم باجی ئەم شێتییەی من دەدەن. چونکە ئاگام لە هیچیان نییە.

* بەدران شانازی بە د. مارف دەکات بەڵام دژایەتیی د. عیزەدین دەکات؟

– بەڵێ، د. مارفم خۆش دەوێ. پیاوێکی باش و ڕێزدارە. د. عیزەدینیش ڕۆشنبیرێکی کوردە و ڕێزی لێ دەگرم. من هیچم لەگەڵیدا نییە. ئەو خۆشی دەزانێ من ڕێزی لێ دەگرم. خەڵک لەو نێوانەدا دێن و دەچن و شت دروست دەکەن. منیش کاتم نییە ڕوونکردنەوەی پێشکێش بکەم. پێویستە د. عیزەدین لەوە گەورەتر بێت و گوێ نەگرێت. حەزیش دەکەم ئاشت ببینەوە تا ئێمەش لە ناو ئەم تەپوتۆزە دەربچین. حازریشم بۆ ئەم مەبەستە کار بکەم.

* بۆچی دەزگای و چاپ و بڵاوکردنەوەکانی کوردستان لە دەستەیەکی ئازاد ڕێک ناخرێن، لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان خۆیان بەئازاد دەزانن؟

– ئێـمــە لە کــوردســتــان تا ئەوپەڕی ئازادی ئازادین بەڵام لەبەرئەوەی بەکۆیلەیی و دیلی ڕاهاتووین، ناتوانین خۆمان ڕێک بخەین.

* ئایا لە هیچ کتێبێک قازانجتان کردووە، بۆچی؟

– نا، حــەرام بێ. باوەڕ ناکـەم کـتـێـبی کــوردی هەبێ قــازانجی کـردبێ، لەبەرئەوەی کتێبی کوردی کەم دەفرۆشرێ. خەڵکیش پارەیان نییە تا کتێب بەنرخی گران بکڕن.

* بەدران بەڕۆژ ناخەوێ بەردەوام لە جووڵەیە؟

– ئەگەر ساڵی ٣٦٥ ڕۆژ بێ و ٣٦٤ ڕۆژی کار و پڕۆگرامم هەبێ و تەنیا یەک ڕۆژ پشووم پێ بدرێت نازانم چی بکەم. ئەمەش لەبەرئەوە نییە کە ناتوانم وەک مرۆڤ پشوو بدەم. بگرە لەبەرئەوەیە ئەم وڵاتە شوێنی پشوودانی نییە. من "ئیدمان"م لەسەر کار کردووە چونکە کاتێ بەهۆش خۆم دێمەوە دەزانم ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە زیندانێکی چەند سەختە. حوسێن عارف لە کۆتای چیرۆکی گەلە گورگدا و لە دوا ڕستەیدا باسی "گورگە دوو پێیەکان" دەکات.

* هەولێر و سلێمانی و دهۆک کامیان مقەدەسن؟ بۆ؟

– هەرسێکیان موقەدەسن، کەرکوکیش. بۆ من هەموو بستێکی کوردستان وەک یەکە. هەولێر پیرۆزتر نییە لە هیچ شوێنێکی تری کوردستان، هیچ شوێنێکیش لە هەولێر پیرۆزتر نییە. خەڵکی بوودەڵە و نەزۆک خەریکی ئەم مەسەلانەن. من هیچ گرێکوێرەیەکی دەروونیم نییە لەم بارەیەوە. خەڵکی هەولێریش بەزۆری وان.

* پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتیی ئێران لە تاران چۆن بوو؟

– زۆرباش بوو، لە هەفتەنامەی گوڵاندا باسم کردووە. ئەم قسانەش درێژیان کێشان بۆیە با زیاتر شوێن و کات نەگرم.

* دوا وتەت بۆ بەدرخان؟

– سوپاسی دەکەم. من حەزم لە چاوپێکەوتن نییە. زۆریش کەم دەردەکەوم.

ڕاگەیاندنی کوردی لەو ڕاگەیاندنانە نییە کە ئەگەر مرۆڤ زۆر دەرکەوت سوود وەربگرێ. بەڵام هەست دەکەم زۆر تەموومژیان لە دەور دروست کردووم بۆیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم دایەوە.

# بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بزاڤێکی نەزۆکە

بڵاوکراوەی "هاواری نوێ" ژمارە ١٤ لە ٢٠٠٦/٢/٥
ئامادەکردنی: خالید ئەحمەد

پرسیار: کاک بەدران، ئەگەر لە خۆی بدوێ چۆن باسی خۆی دەکات؟

وەڵام: بۆ مرۆڤ چۆن دەشێ پێناسەی خۆی بکات؟ کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە. بەڵام ڕەنگە بتوانم وەک گۆرانی شاعیر بڵێم: "ڕێبواری ئامانجێکم پیرۆزە" ڕێبواری کاروانێک کە هەندێک جار ئاوڕ دەداتەوە بزانێ داخۆ شوێن پێیەکی بەجێ هێشتووە یان نا. یان بەزاراوەی کاک مەحموود زامدار "جێ سمێکی بەجێ هێشتووە".

پرسیار: تۆ پێشتر وەک نووسەرێک ناسرابووی، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین تەنیا خەریکی کاری سیاسی بوویت. ئێستاش خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگای ئاراسیت.

وەڵام: لە ژیانی خۆمدا حەزم نەکردووە ببم بەنووسەر، هەروەها جاران بیریشم لەوە نەدەکردەوە کەوا ڕۆژێک بێت لە سیاسەت کار بکەم، هیچ حەزیش ناکەم خەڵک وا بزانن ئێستا لە سیاسەت کار دەکەم. من کاری ڕۆشنبیری دەکەم. کاتی خۆی بەدڵێکی خۆشەوە بەشی ئەندازیاریم تەواو کرد و هیوا و ئاواتم ئەوە بوو ببم بەئەندازیار، بەڵام هەلومەرجی نالەباری وڵات فرێی دامە ناو سیاسەت و شەپۆلانی سیاسەتیش فڕێیان دامە ناو کاری ڕۆژنامەوانییەوە. هەر ئەم حەزنەکردنەشمە وای کردووە لە ناو بزاڤی ڕۆشنبیریدا وەک دڵەڕاوکەدار یان (قلق)ێک بژیم. جارێک وەرگێڕ و جارێک ڕۆژنامەوان یان لە تەلەڤزیۆن و دەزگای چاپکردنی کتێب. سیاسەتیش لەمەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، وەکو سەربازی لەشکرێک لە کامە (بەرە) پێویستی پێت هەبێ دەتنێرێ بۆ ئەوێ.

لە منداڵی و تەمەنی هەرزەیی و سەرەتای لاویدا زۆرم حەز لە خوێندنەوە

بوو. بەڵام سەیروسەمەرە لەوەدایە، کارکردن لە بواری ڕۆشنبیری لە خوێندنەوەت دادەبڕێ. ڕەنگە من بەختەوەرتر بم لە هەندێک هاوەڵی تر، لەبەرئەوەی ئێستا لە دەزگای چاپی کتێب کار دەکەم بەناچاری هەندێک کتێب دەخوێنمەوە. ڕەنگە ئەم کتێبانەش کە دەیانخوێنمەوە دڵخوازی خۆم نەبن.

پرسیار: تا ئێستا دەزگاکەتان دەیان کتێبی چاپ کردووە کەچی جەنابت خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەشی، چۆن بواری ئەم هەموو کارەت هەیە؟

وەڵام: ئێمە وەکو دەزگای وەشاندن (دار النشر) دەتوانین لە هەمان کاتدا کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریش بڵاو بکەینەوە. ئەمە شتێکی ئاساییە و کاری خۆمانە. بەڵام من بۆ خۆم چۆن پێ ڕابگەم هەموو ئەم کارانە بکەم، وەڵامەکەی ئەوەیە هیچ کاتێکم تەرخان نەکردووە بۆ پشوودان و ژیانی کەسانی. هەندێک جار بڕیار دەدەم کە بەیانی ڕۆژی هەینییە، بۆ خۆم پشوو بدەم. بەڵام ناگاتە نیوەڕۆ توانای بەرگەگرتنم نامێنێ و دەچم بۆ سەر کار. من ئیدمانم کردووە لەسەر کارکردن بۆیە فریا دەکەوم.

پرسیار: دەنگۆی ئەوە هەیە کە بەنیازی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانیت؟

وەڵام: تەلەڤزیۆنی ئاراس هێشتا هەر دەنگۆیە و نەبووە بەڕاستگۆ.

پرسیار: لە ناو ڕۆشنبیرانی کوردستاندا هەمیشە ململانێ و ڕەتکردنەوەی ئەوی بەدی دەکرێ، بابزانین هۆکارەکانی چین؟

وەڵام: ململانە باشە و پێویستیشە، بەڵام ڕەتکردنەوەی ئەوی تر کارێکی چەوت و نابەجێیە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەوا ئێمە هەر بۆ بانگەشە و خۆهەڵکێشان باسی دیموکراسی دەکەین. زۆربەی خەڵکەکە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بچووکترین ڕادەی دیموکراسی پەیڕەو ناکەن. ڕۆشنبیرانیش هەر زادەی ئەم میللەتەن، خۆ لە هەسارەیەکی ترەوە نەهاتوون. مێژووی ئێمە لەگەڵ دوژمناندا بریتییە لە سەرکوتینەوە و سەربڕین و دەمبەستنەوە. لە ناو

خۆشماندا، واته له ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، باس هەر باسی ڕاونان و گرتن، یان خۆبەدەستەوەدانی بەرامبەر و پەشیمانبوونەوەیەتی. نەمبیستووە یەکێک باسی گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون، یان گوێ شلکردنی کردبێ بۆ بەرامبەرەکەی. قەبووڵکردنی بەرامبەر، له ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ڕێکوپێکەوە دێتە دی، واته دەبێ قوتابخانەیەک هەبێ تا ئێمە ئەم سەرەتا گرینگە مرۆڤایەتییەی هاوسەردەمی لێوه فێر ببین کە برێتییە له گوێگرتن و قەبووڵکردنی بیری خەڵکانی تر، بەڵام کوا ئەم قوتابخانانە؟ ماڵ و خوێندنگه و زانکۆ؟ یان کۆڵان و کۆمەڵگە؟ یان دامەزراوەی سیاسی و داوودەزگا؟ کامیان قوتابخانەن بۆ داوودەزگای پەروەردەی دیموکراسی؟ بێ گومان هیچیان.

سەیر لەوەدایە، له بزاڤی ڕەفزکردنەوەی موقابیلدا شمشێری ڕۆشنبیر له هەمووی بڕاتر و تیژترە.

پرسیار: بزاڤی ڕۆشنبیری کوردستان چۆن دەبینیت؟

وەڵام: بزاڤی ڕۆشنبیری کوردستان زیاتر بەباری ئاسۆییدا تەشەنەی کردووە نەک بەباری شاوڵی و ستوونی. واته هەر لێشاوی بەرهەمە فڕێ دەدرێتە بازێڕەوە بەڵام کەم لەم بەرهەمانە ئاژاوە دەنێنەوە. مەگەر یەکێک جنێوی دابێ و تانە و تەشەری بەخۆڕایی دابەش کردبێ ئەگینا نەمبیستووە بەرهەمێک یان وتارێک لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی هەژاندبێ.

بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بزاڤێکی نەزۆکە. ڕۆشنبیران و داوودەزگاگەلی ڕاگەیاندنیش جێ پەنجەیان دیار نییە. هەندێک جار جێ پەنجەی نەرێنی و نالەباریشیان هەیە بەسەر بیر و هزری لاوانەوە و چەواشەیان دەکەن. ڕاگەیاندنی کوردی پڕە له نموونە بۆ ئەمە.

## زمانی حاڵیبوون

### لە نێوان زانایانی ئاینی و ڕۆشنبیراندا نەماوە

زانایانی ئاینی ئیسلامیی کورد، هەروەها ڕۆشنبیرانی کوردستانیش بەشێکی ئەو خاک و وڵاتەن، هەردووک لا پێکەوە، کۆمەڵێک ئەشکەنجە و ئازاریان دووچار بووەتەوە، هەردووکیان وەکو کورد قوربانییان داوە، هەروەها ڕۆڵی زۆر مەزنیشیان دیوە، کەچی دوای ڕاپەڕین، نەخاسمە دوای ئازادکردنی عێراق، بۆشاییيەکی گەورە لە نێوان زانایانی ئاینیی کورد و بەشێک لە ڕۆشنبیران دروست بووە، بەڵام ئایا ئەوە خزمەتی واقیعی ئەمڕۆی کوردستان دەکات، باشتر نەبوو لێک نزیک ببنەوە، لەبری هەست و سۆز بریندارکردن گفتوگۆ بکەنەوە و یەکدی بخوێننەوە؟ بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخەینە سەر ئەم خاڵە و ئەو تەوەرە، هەوڵ دەدەین هەر جارە و ڕۆشنبیرێک یان زانایەکی ئاینی بدوێنین، تا ئەوەی لە هەگبەدا هەیە و هەردوو لا بۆ یەکتری بەگرێکوێرەی دەزانن بەدیار بکەوێت، مەبەستیش لێک نزیک خستنەوەیە، نەک خوانەخواستە یەکتری تۆمەتبارکردن و تەشهیرکردن.

بۆ ئەم جارە بەڕێز مامۆستا بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگای ئاراسمان دواندووە، ئەویش بەوپەڕی سنگفراوانی و خۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

بڵاوکراوەی پەیام ٢٧ لە ٢٠٠٦/٣/٩١

دیمانە: هەڤاڵ سەعید

پ: پێتان وانییە وەک ڕۆشنبیرێک کەوا زانایانی ئاینی ڕۆڵێکی ئیجابییان لەمەڕ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیوە؟

* لە کۆنەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، مەلا مرۆڤێکی ڕێز لێ گیراو بووە، لەبەرئەوەی خوێندەوارێکی زمان شیرین و ئاشتی و تەباییخواز بووە. لە یەکلاکردنەوەی پرسی سەر بەئایندا مەلا چاوگە و مەرجەع بووە. زۆر جاریش

بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و دووبەرەکیی کۆمەڵایەتی و بنەبڕکردنی ململانەی ناو خەڵک و ڕێگرتن لە تەشەنەکردنیان، پەنایان بۆ ئەو بردووە. دەوڵەت لە کوردستان نەبووە و کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی خێڵەکیی دوور لە شارستانیەتی بووە، لەبەرئەمە سەرچاوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە هەر شەرعی ئیسلام بووە و مەلاش دەسڕۆییوو بووە تیایدا. لەبەر ئەم هۆیە کۆمەڵی کوردەواری لە کۆندا، زۆر پێویستی بەمەلا هەبووە. تەنانەت گوندێک یان خێڵ و تیرەیەک کە مەلایان هەبووە کەسایەتییان باشتر و بەهێزتربووە لەو شوێنانەی مەلایان نەبووە. مەلا تاکە خوێندەواری لادێ و تاکە مرۆڤی هۆشیاری ئەو سەردەمانە بووە و ئاستی زانین و هۆشیاریی ئەو لەسەرووی خەڵکەوە بووە.

گۆران لە شیعرێکدا دەڵێ:

لەژێر مێزەرا مەلای نووشتاوە
ڕیشی بۆ سەر سنگ پرش و بڵاوە
قیافەت پەڕپووت وەک کتێبی کۆن
زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن
بازی ڕۆحی چەش بەشیعر و ئەدەب
بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب
بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا
لە کۆڕی شەوا، مەلایە و مەلا
تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام
گوێ ڕاگرتنی تاوتاوی عەوام
بەبێ زیاد و کەم دێنێتە پێش چاو
سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو

ئەو قوتابخانەیەی کە مەلای تێدا پێ گەیشتووە، هەمان بنکە بووە بۆ پێگەیشتنی زانا و ڕۆشنبیرانی وەک: مەلای جزیری و خانی و نالی و خانای قوبادی و حاجی قادری کۆیی، کە ئەمانە وێڕای ڕۆڵی ڕۆشنبیرییان، لە

بزووتنەوەی نەتەوەییشدا ڕۆڵیان هەبووە. مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی کۆندا بەشێکە لە مێژووی مەلایەتی لە کوردستان.

وێڕای ئەمە، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شێخ سەعید و قازی محەمەد هەموویان دەرچووی قوتابخانەی مەلایەتی بوون کە ئەمانە ڕێبەری بزووتەوەی نەتەوەیی و لە خەوهەڵسێنی گەلی کورد بوون.

لە سەردەمی نوێشدا، مەلای کورد ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گەورەی بینیوە: مەلا فەندی و مەلا محەمەدی کۆیی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. ئەمە پێناسەی رابردووی گەلی ئێمەیە و دەشێ زۆرتری لەسەر بدوێین. بەڵام ئەمرۆ دنیا گۆڕاوە، ناتوانم لێتانی بشارمەوە کە مەلا مرۆڤەکەی جاران نییە. هەمووشیان نەبێ، زۆریان. من ناتوانم بەیەک چاو سەیری عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و هەژاری موکریانی بکەم لەگەڵ ئەو مەلایانەی کە فتوای کوشتنی عەبدولخالیق مەعرووفیان دا و بەکوشتیان دا. عەبدولخالیق مەعرووف زانیار و ڕۆشنبیر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو. کەڵەپیاوبوو. لەو کاتەوە کە عەبدولخالقیان بەکوشت دا، کۆمەڵی کوردەواری بەچاوی گومان لێکراو سەیری مەلا دەکات. پێتان خۆش یان ناخۆش بێت ئەمەیە وێنەکە.

پ: چۆن دەبێ قیاسی هەموو زانایانی ئاینی یان وتارە هەینییەکان لەسەر زانایەک یان وتارێک بکرێت؟

* ئەوە کاری مەلاکانە کە خۆیان لەیەکتر جیا بکەنەوە و بڵێن ئێمە دوو جۆرین، تا خەڵک بەیەک چاو سەیریان نەکات. ئەمە کاری وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زاناکانە ئەو جۆرە مەلایانەی گومانیان لێ دەکرێت دوور بخەنەوە. ئاخۆ بۆ هەموولایەک شتێکی ئاشکرا نییە کەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە، هەندێک لە مەلاکان زۆریان تێ پەڕاندووە و بۆشیان چووەتە سەر. هەفتە نەبووە مەلایەک لە وتاری ڕۆژی هەینیدا سەرئێشەیەکی نەنابێتەوە و هانی خەڵکی نەدابێ بۆ دژایەتیی ئەم ڕەوشە ناسکەی کوردستان. یان فتوایان نەدابێ بۆ

کـافرکـردنی ڕۆشنبـیرێک. یان ڕێگەیان نەدابـێ کە مـزگەوت ببـێ بەمـەکـۆی تیـرۆریسـتـان. ئەمـە وێنەی مـەلای گـۆڕیوە. کەچی دەشیـەوێ کـەس پێی نەڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە.

باشـە بۆچی لەسـەر هەڵەیەکی تەکنیکی تەلـەفزیۆن دادەخـرێ، یان لەسـەر بۆچوون ڕۆشنبیر لە کار دەردەکرێ و نانی دەبڕێ، یان کۆوارێک دادەخـرێ و لاوان هەناسـەسـارد دەبن، مەلاش دەسـتی لە هەموو ئەمانەدا هـەیە، بەڵام ئەمە لەگـەڵ خـۆیدا نـاکـرێت. کـێ ڕێگەی پـێ داوە بـەخـەڵک بـڵێ کـافـر؟ ئەم دوو پێـوەریـیـە وێنەی مـەلای گـۆڕیوە. تەنـانەت هەڵوێسـتـی دەسـەڵاتـیـشی لاواز کردووە لەبەردەم خەڵکدا لەبەرئەوەی دەسەڵات لای مەلا دەگرێ.

ڕاسـتـیـیـەک هەیە زۆر بەرچاوە، ئەویش ئەوەیە کـە مـەلای کـورد لەدوای ڕاپەڕینەوە، هەندێکیـان بەئاشکرا و زۆربەشـیـان لە ژێرەوە لە نێـوان دوو هەڵبـژاردنی: حزبی نەتـەوەیی کوردی کە دیموکراسـی و عەلمانییە (سـەرەڕای هەموو کەموکورتییەکی) لەلایەکەوە و حزبی سەلەفی و وەهابی و تیـرۆریستی ئیسلاماویدا لەلایەکەی ترەوە، بەلای دووەمیاندا تاشیوە. چاویان لەوە پۆشیوە کە ئەم گرووپ و وردەگرووپە ئیسلاماوییانە بەکوێ بەستراونەتەوە و لە کوێوە بژێو دەدرێن. من وا دەزانم مـەلای کـورد بەهۆی کـەمـزانـیـیـەوە (زویر مـەبن تکایە) ئەم هەڵویسـتـەی وەرگـرتووە و بەرژەوەندی خـۆی لەگـەڵ جـەهالەت و دواکەوتندا بینیوە، لە کاتێکدا کە دەبوایە پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێ. کۆمەڵی کوردەواری لە سایەی پێشکەوتن و دیموکراسیدا پێویستی بە مزگەوت هەر هەیە بۆ خواپەرستی و پێویستی بەمەلا هەیە وەک مرۆڤێکی خوێن شیرین و لایەنگری ئاشتی و تەبایی و هاندەری تەساموح و خۆشەویستی، بەڵام حزبی ئیسلاماوی دەیکات بەتیرۆریست و قاتیل. دەبێ مەلای کورد وریا بێتەوە لەو هەڵوویستـە ترسناکـە، با نەهێڵـێ تیـرۆریسـتـان ڕای بماڵن و لەو ڕابردووە جـوانە دای بڕن کـە لە سـەرەتا ئاماژەم بۆ دا. با مـەلا خـۆی لە کـێـشـە ناوەکییـەکانی کۆمەڵی کوردی دانەبڕێ. کۆمەڵگە پێویستیی پێیان هەیە، با وا تێ نەگەن پێشکەوتنی ژیان لە کەڵکیان دەخات و ئیتر ببن بەکۆسپ لە ڕێگەی

پێشکەوتندا.

پ: ئەگەر کتێبێکی فکری ئیسلامی (نەک ئیسلامی سیاسی) بنووسرێتەوە ئایا دەزگای ئاراس چاپی دەکات؟

* زۆریشمان چاپ کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێوە ناخوێننەوە ئاگاتان لێ نییە. ئەمەش نموونەی هەندێکیانە:

(١) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.

(٢) زریزەی زێڕین. دانانی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی.

(٣) الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية. تأليف: عبدالمجيد بن محمد الخاني.

(٤) إحياء القلوب - شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.

هەروەها (٦) کتێبمان تەنیا بۆ بەڕێز محەمەد عەلی قەرەداغی چاپ کردووە کە هەر هەموویان باسی بەرهەمەکانی مەلایانی کوردستان دەکەن لە سەدەکانی کۆندا جا چ لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و مێژوو بووبێ یان لە بواری ئاینیدا.

هەروەها دەزگای ئاراس چەندان هەزار دانەی لە قورئانی پیرۆز بڵاوکردووەتەوە. جارێکیان وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژاریشی لەگەڵدایە کە دیاریی بەڕێز سەرۆک بارزانییە. جارێکی تریش چاپێکی نایابی قورئانی پیرۆزە کە دیاریی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار هەر لە ڕێگەی یەکێتیی زانایانی ئاینییەوە بەسەر مەلا و پیاوە ئاینییەکاندا دابەش کرا، واتە لە ڕێگەی خۆتانەوە. مامۆستا مەلا محەمەد ئاکرەیی و شێخ موحسین موفتی هەردووکیان ئاگەدارن و یارمەتیشیان داین.

حەز دەکەم ئەوەش بزانن کە کاتی خۆی من پێشنیازم بۆ بەڕێز سەرۆکی حکوومەت کرد تاوەکو دەستوبرد بکرێت و وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار لە فەوتان ڕزگار بکرێت. ئەوەبوو بەزوویی چاپ کرا. دەشمانتوانی خۆمان لە

ئاراس چاپی بکەین بەڵام لەبەر مەلاکان نەوێراین کارەکە بکەین نەوەکا بڵێن "تەرجومەی قورئان کوفرە". ئەوەبوو لە ئێران و لە دەزگای چاپکردنی قورئانی پیرۆز چاپ کرا و کەسیشتان قسەی نەکرد. چەندان بەرهەم و کاری تریشمان کردووە کە ئێستا بەبیرم نایەنەوە.

پ: ئەی ئەگەر وەڵامی کتێبێکی چاپکراوی دەزگای ئاراس بێت بەتێڕوانینێکی ئیسلامییانە؟

* دەزانم وەڵام نادەنەوە لەبەرئەوەی ناتوانن. خۆزگە مەلاکان بەکتێب وەڵامی بیروبۆچوونی جیاوازیان دەدایەوە و وازیان لە هاندانی خەڵکی ڕەمەکی دەهێنا، کە بۆ خواپەرستی دێن بۆ گوێگرتن لە وتاری ڕۆژی هەینی کەچی سەریان پڕ دەکرێت لە بیری شێوە تی ئین تی. سەردەم سەردەمی گفتوگۆ و وەڵامی شێنەییيە. ئەگەر مەلاکان دەیانەوێ ڕاستی ساغ ببێتەوە با بەنووسین وەڵام بدەنەوە تا بۆیان چاپ بکەین. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم من ناوی مەلام پێ جوانترە لە ناوی زانای ئاینی. ئەمەی دووەم مەرام و مەبەستێکی سیاسیی لەدواوەیە لە کاتێکدا ئەوەی یەکەم پڕ بەپێستترە. جگە لەمە داروین و ئەنیشتاین و ئەدیسۆن زانان نەک مەلای کوردی.

پ: ڕۆشنبیرانی نائیسلامیی کورد (مەبەستم عەلمانییەکانە) باشتر نییە لەگەڵ زانایانی ئاینیدا گفتوگۆ بکەن لەمەڕ ئەو مەسەلانەی ئەوان هەیتیان لەجیاتی ئەوەی لە دوورەوە تانەو تەشەنەیان لێ بگرن؟

* ئەوەی من ئاگام لێی بێت مەلاکانن کە دایەڵۆگ ناکەن. شتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە دایەڵۆگ تۆزێک زەحمەت بووە. زمانی حاڵیبوون لەنێوانیاندا نەماوە. مەلا و ڕۆشنبیر بەدوو زمانی جیاواز دەدەوێن. زمانی ڕۆشنبیری کورد زمانێکی هاوسەردەمانە و مۆدێرنە بەڵام زمانی مەلای کورد سەلەفییەتە هەر بۆیەش نایەتە پێشەوە. مەلا حەز دەکات بۆ خەڵکی ڕەشۆکی و ڕەمەکی بدوێ نەک بۆ ڕۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆ. دەیەوێ لە باسی ئیمامی هەمزە و فەتحی قەڵای خەیبەر دوور نەکەوێتەوە. ڕۆشنبیری کوردیش

لەوانەیە هەوای ڕۆئاوا زۆر لە کەللەی دابێ و لەخۆی بایی بووبێ بۆیە بەزمانی سادە و هەژارانە نادوێ، پۆست مۆدێرنە. من پێم باشە بێن دایەلۆگ بکەن تا هەرکێ چی لە هەگبەکەیدایە رووی بکات.

پ: پێت وا نییە کەوا ئەم ڕەوتە لێک جیاواز و دژ بەیەکە خزمەتی قۆناغی ئێستای نەتەوایەتیمان ناکات؟

* نا پێم وایە، ئەگەر توندوتیژی بەکار نەیەت، ئەگەر لە وتاری ڕۆژی هەینیدا وشەکان نەبن بەمایەی لەدایکبوونی تی ئێن تی و ڕستەکان نەبن بەقایشی خۆتەقاندنەوە (حزام ناسف) ئەوا ڕەوتی جیاواز و بۆچوونی جیاواز زۆر خزمەتی ئێستای نەتەوایەتیمان دەکەن. دەبێ جیاوازی هەبێ بۆ ئەوەی تێ بگەین چی راستە. کولتووری مرۆڤایەتی زۆر لە مێژەیە مشتومڕ و جەدەلی بەبنەمای پێشکەوتنی بیر داناوە. دیموکراسیش هەر ئەمەیە. من شایەدم ڕۆشنبیر داوای گفتوگۆ دەکات. قەتیش نەیگوتووە مەلا بکوژن.

پ: زۆر لە نووسەرانی ئێستا لە کاتی باسکردنی حزبە ئیسلامییەکاندا دادەبەزنە سەر ئاین خۆیشی، ئەم تێکەڵاوییە بۆچی؟

* حزبە ئیسلامییەکان ئاین دەکەن بەپاساودەر بۆ کارە تیرۆریستییەکانیان. دەبێ ئێوە بێن بڵێن ئاین وا نییە و وای لێ مەکەن. ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی کە ئاینەکە لەم نێوانەدا زەرەر بکات و لەکە بگرێت. ئەوە ئیسلاماوییەکانن شتەکەیان تێکەڵاو کردووە نەک ڕۆشنبیران. لە پرسی کاریکاتێرەکانی ڕۆژنامەکەی دانیمارکیشدا، کاردانەوەی وڵاتانی ئیسلام بوو بەمایەی لەکەدارکردنی ئیسلام نەک بەرگریکردن لێی. ئێمە دەڵێین ئاینەکەمان ئاینی تەسامحە. پێغەمبەر خۆی پیاوێکی موتەسامیح بووە. باوەڕیشی بەدایەلۆگ هەبووە، چەندان جار دانوستاندنی لەگەڵ قورەیشەکاندا کردووە و بەڵێنی لەگەڵ خوانەناساندا مۆرکردووە. ئەدی بۆ کە سەرۆک وەزیرانی دانیمارک دەڵێ وەرن با گفتوگۆ بکەین، ئیسلاماوییەکان دەڵێن نا. کەواتە ئەوان بوونەتە نوێنەری ئاینەکە. ئێ ڕۆشنبیرانیش دێن ئەم ئاینە دەگرنە بەر

ڕەخنە. ئەم هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێ. با لێی گەڕێین.

پ: ئایا لەو کاتەی تەلەفزیۆنەکان ئامادە نین گفتوگۆ لەگەڵ زانایانی ئاینیی کورددا بکەن، یان تەنیا چەند مەلایەکی دیاریکراو بانگ دەکەن، چۆن دەتوانرێت مەلا بەکەمتەرخەم دابندرێت؟

* مافی خۆتانە گلەیی بکەن کاتێ ڕاگەیاندن بەیەکسانی دەرفەت نەدات بەهەموو کەس، یان دەرفەت بۆ چەند کەسێک پاوان بێت. بەڵام ئێوە وەزارەتێکتان بەتایبەتی بۆ داندراوە "وەزارەتی ئەوقاف". هەروەها یەکێتیی زانایانیشتان هەیە. چەندان کۆوار و بڵاوکراوەشتان هەیە. قسەکانی خۆتان لەوێ بکەن. لە ناو شاری هەولێردا "وەک زانیومە" نێزیکەی ٢٠٠ مزگەوت وتاری هەینیی تێدا دەرێ. ئەگەر لە هەر کۆبوونەوەیەکی نوێژی هەینیدا لەهەر مزگەوتێک ٣٠٠ کەس بەتێکڕایی ئامادە بن ئەوا بەگشتی دەکاتە ٦٠,٠٠٠ کەس کە هەر یەکەی لەماڵێکەوە هاتووە. وابزانم هەموو کەس گلەییی هەبێت لە نەبوونی سەکۆی ئاخاوتن نابێ مەلاکان هەیانبێت. مینبەری مزگەوت باشترین سەکۆی بیروباوەڕە لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

پ: کە مەلا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕێگای پێ نەدرێت قسە بکات، تاوانی هەیە لە مزگەوت پارێزگاری لە موسڵمانانەتیی خۆی بکات؟

* یەکێک لە کارەکانی مەلا ئەوەیە پارێزگاری لە پاکیی ئاینی ئیسلام بکات و ئێمەش هەر ئەوەمان لێی ویستووە. ئێمە دەڵێین: «مامۆستا خواری مەکەوە». شتی ترمان نەویستووە.

پ: ئەی پێشت وا نییە لەگەڵ ئەوەی ئەگەر وتاری هەینی ئەوەی لێ دروست ببێت کە بەڕێزتان وەسفی بۆ دەکەن، بەڵام سووکایەتیکردن بە شتگەلێکیش کە بەشێکن لە هەست و سۆزی هاوولاتیان هەمان شت بێت؟

* بەڵێ من لەگەڵ تۆدام. نابێ سووکایەتی بەئاین بکرێت، نابێ سووکایەتی بەقورئان بکرێت، نابێ سووکایەتی بەپێغەمبەر بکرێت، بەڵام ناشبێ ڕێگە لەوە

بگیرێ شرۆڤەی جیاجیا بۆ مێژوو بکرێت یان سەرلەنوێ باسی رووداوگەل و کەسایەتیگەل و دامەزراوە ئیسلامییەکان بکرێتەوە. ئێمە زۆر شتمان لە مێژووی رەسمی خوێندووە کە ئێستا لە سەرچاوەکاندا شتی تری جیاواز دەخوێنینەوە. نووسینەوەی جیاجیای مێژوو زیان بەئاین ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە رەنگە خزمەتی بکات. لە کۆمەڵگەدا زۆرجار ئاین و داوونەریت تێکەڵ دەبن، بۆ نموونە ئێمە خوومان بەشتێکەوە گرتووە و لەباووباپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە و حەز دەکەین هەر واش بمێنێ، ئەمە داوونەریتە، حەز ناکەین کەس دەسکاریی بکات، پێمان وایە ئەمە ئاینە. کەچی لە راستیدا ئەگەر دەسکاریش بکرێت زیان بەئاین ناگات. ژیان لە گۆڕاندایە. ئێوە ناتوانن رێگە لە بیرکردنەوەی خەڵک بگرن و نەهێڵن شتی جیاواز بنووسن. دەبێ گفتوگۆی شارستانییانە هەبێت بۆ ئەوەی راست و چەوت لەیەکتر جیا بکرێنەوە. تکایە پەنا بۆ هەڕەشە و خوێن حەڵاڵکردنی خەڵک مەبەن. بۆ وا بەئاسانی بەیەکێک بگوترێ کافر یان هەڵگەڕاوە، لە کاتێکدا پرسیاری لێ نەکراوە و نەیگوتووە من وازم لەم ئاینە هێناوە یان باوەڕم پێی نەماوە. ئەگەر وا نەکرێت ئەوا دەبێ لە هەموو وڵاتانی ئیسلامدا تاقیکردنەوەی جەزائیر دووبارە بکرێتەوە کە نیوەی رۆشنبیرەکانیان لە شەڕی لەیەک حاڵینەبووندا لە خوێناوی خۆیاندا گەوزین. من دەڵێم نابێ مەلاکانی کوردستان کە ئێمە خۆشمان دەوێن بکەونە داوی گرووپگەلی تیرۆریستی کە ئیسلامیان کردووە بە چارشێو و رووبەندی خۆیان. ئەمانە ئیسلامی نین، ئیسلاماوین.

## ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە کوردستان،
## هەر ئەوەندە هەیە کە قەرەباڵغ و دەنگە دەنگە
## ئەگینا شتێکی بیستراو و سوودمەند لە گۆڕێدا نییە

بەدران وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی ماندووی کوردستان و دەنگێکی هەمیشە دیار و پاڵپشتێکی بەهێزی ڕۆشنبیری گەنج و لاو و کەسێکی خاوەن هەڵوێست و ئەوتۆی دەسەلات کە هەمیشە هەقبێژ و بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت، بۆیە بەباشمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین.

گێژاو ٢ لە ٥/٢٠٠٦

دیمانە: محەمەد فەریق

پرسیار: سەرەتای دەستکردنت بەخوێندنەوە، چۆن سەری هەڵدا؟

وەڵام: لە سەرەتاوە منداڵێکی گۆشەگیر و دوورەپەرێز بووم. تێکەڵاویم کەم بوو لەگەڵ مندالانی دەوروپشتم، لەبەرئەمە کتێب زۆر زوو بوو بە هاودەم و هاوەڵم. تەمەنم زۆر بچووک بوو کاتێ یەکەمین کتێبم خوێندەوە. لە پۆلی دووەمی سەرەتایی دەچووم بۆ سێیەم، پشووی هاوین بوو، ماڵمان لە گوند بوو، برا گەورەکەم لە شار دەیخوێند، بۆ پشووی هاوینە هاتەوە لامان، کۆوارێکی کوردیی هێنابووەوە، چیرۆکێکی ئەفسانەیی لە کۆوارەکەدا هەبوو. خوێندەوارییەکەم بەشی ئەوەی نەدەکرد باش بیخوێنمەوە. سەرەتا بە حینجە، ئینجا ڕەنگە دەیان جار خوێندبمەوە. بۆ من ئەمە یەکەمین ئەزموون بوو. تام و چێژێکی هەبوو لە گێڕانەوە نایەت. ئەو هاوینە هەمووی سەرگەرمی ئەو چیرۆکە بووم.

پاشان کە هاتین بۆ هەولێر، لەگەڵ منداڵێکی ئاوزای خۆم پارەی ڕۆژانەمان کۆ دەکردەوە و دەچووین لە "چاپخانەی کوردستان" دیوانی شاعیرانمان دەکڕی: حاجی قادر، ئەحمەد موختار جاف و ئەمانە. گیو موکریانی کەیفی بەم هاتوچۆیەی ئێمە دەهات و هەموو جارێ بەزەردەخەنەوە پێشوازیی

دەکردین. جارێکیان دیوانی وەفایی بەدیاری دامێ. جارێکی تر، هاوەڵەکەم کۆوارێکی بەدەستەوە بوو ناوی (ئۆتۆنۆمی) بوو، مام گیو گوتی: «ئەمە مەخوێننەوە باش نییە».

سەرەتا وامدەزانی کتێب و بڵاوکراوە تەنیا دیوانی شاعیرانە. جارێکیان هاوپۆلێکم کە تورکمانی هەولێر بوو، وا دیارە سەرنجی ئەم سەرگەرمییەی منی بۆ خوێندنەوە دابوو، کۆوارێکی کوردیی بۆ هێنام، گوتی: ئەگەر دەخوێنییەوە ئەمە بخوێنەوە. خوێندمەوە، ئەمە یەکجار زۆر جیا بوو لە دیوانەکان. شیعر هەست و جۆش و خرۆش بوو بەڵام بابەتەکانی کۆوارەکە بیرکردنەوە بوون. ئێستاش چەند ساڵ جارێ هاوپۆلە ئازیزەکەم دەبینمەوە، ناوی (وەیسی)یە، یادی بەخێر. هەموو جارێ بەبیری دەهێنمەوە و سوپاسی دەکەم.

پرسیار: لە ساڵی چەند و چۆن دەستت دایە نووسین؟

وەڵام: یەکەمین بابەتم لە پۆلی پێنجەم یان شەشەمی سەرەتاییدا نووسی. مامۆستای وانەی کوردیمان ناوی ئەحمەد بوو. دیوانی پیرەمێردی هێنابوو، ژیاننامەی پیرەمێردی لەسەر کتێبەکە بۆمان خوێندەوە و ئێمەش نووسیمانەوە.

پاشان فەرمانی دا گوتی: بۆ وانەی داهاتوو هەر کەسە و بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆی ئەم ژینامەیە دارێژێتەوە. چوومەوەماڵێ، زۆر بیرم لێ کردەوە چی بکەم، پاشان بە شێوازێکی تر و پوختە و کورتتر نووسیمەوە. مامۆستا ئەحمەد لە پۆلدا بەدەنگی بەرز دەیگوت: «ئەوەی تۆ نووسیوتە لە هی کتێبەکە باشترە». زۆر شانازیم بەخۆم هات. قوتابییەکانی تر کەسیان هیچی نەکردبوو.

پرسیار: ئەو بابەتانەی لە سەرەتای نووسیندا دەستت پێ کرد چ جۆرە بابەتێک بوون؟

وەڵام: من زیاتر وێڵی خوێندنەوە بووم نەک نووسین. بیرم نەدەکردەوە ببم

بەنووسەر، یان کاری ڕۆشنبیری بکەم. هیوام ئەوە بوو ببم بەئەندازیار. بەڵام تێکەڵاویم لەگەڵ سیاسەتدا ڕای کێشامە ناو دنیای نووسین و ئەویش فڕێی دامە ناو دنیای ڕۆژنامەوانییەوە کە تا ئێستاش لەم دنیایەدا بەسەری دەبەم. کۆمەڵێک بابەتم نووسی یان ئامادە کرد یان وەرگێڕا، ناردمن بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ. هەموویان بڵاوبوونەوە.

ئەمانە لە نێوان ١٩٨٢ – ١٩٨٣دا بوو. بەڵام یەکەم بابەتم لە بڵاوکراوەی ڕێ پێدراودا بابەتێک بوو لە کۆواری کاروان، بەشێک بوو لە ڕۆمانێکی جنگیز ئایتاتۆف. بەشی زۆریم وەرگێڕابوو بەڵام هەر ئەوەیم لێ بڵاو کردەوە لە ساڵی ١٩٨٣دا.

میوانێک لەم ساڵانەدا گوتی لە یەکەمین بابەتی تۆوە تا ئەوانەی ئێستا دەیاننووسی، هەموویانم خوێندووەتەوە چ وەرگێڕان چ نووسین بەڵام هیچیان ناگەنەوە ئەوەی یەکەم.

ڕەنگە ئەم بۆچوونە بەهۆی زمانەکەوە بێ، ئەو کاتە من لە ژێر سێبەری زمانی مەلا شوکوردا دەمنووسی. پاشان وازم لێ هێنا و بووم بەخاوەنی زمانی داڕشتنی خۆم.

پرسیار: لە ئێستادا چۆن دەڕوانیتە ڕۆشنبیرانی کورد؟

وەڵام: من زۆر پێوەندیم بەڕۆشنبیرانی کوردەوە هەیە، ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ بەرهەمیان بۆ بڵاو دەکەمەوە و ڕۆژانەش چەندانیان دەبینم، وای دەبینم کە ڕۆشنبیری کورد لە دنیای پێشکەوتوو دابڕاوە. ئاگای لە دوا بەرهەمەکانی هزر و داهێنانی دنیا نییە. جگە لەمەش بەردەوام خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردن یان خۆ نوێکردنەوەی هزری نییە. ئەم قسەیەم بۆ وەچەی کۆنە، بەڵام وەچەی نوێ هەندێک باشترە، تەنیا ئەوە هەیە زمان نازانێ. زمانی کوردی زمانێکی دواکەوتووە و هیچی پێ نەنووسراوە، تۆ بەتەمای کتێبخانەی کوردی بی بتکا بەڕۆشنبیر، ماڵت وێران دەبێ.

زۆربەی ئەو بەرهەمانەی بڵاویان دەکەمەوە لە دەزگای ئاراس، تێنووەتیی

خوێنەری کوردی ناشکێنن. وەچەی نوێ لە ڕێگەی تی ڤی و ئینتەرنێتەوە هەست بەدنیایەکی پێشکەوتووتر دەکات لەوەی لە کتێبە کوردییەکاندا دەبینرێ، بۆیە پشتیان تێ دەکات.

پرسیار: ئایا ئاستی ڕۆشنبیریی تاکی کورد وەک پێویستە؟

وەڵام: لە کوردستان، بەرهەمە کولتوورییەکان وەک: کتێب، سایتی ئینتەرنێت، ڕادیۆ، تی ڤی، ڕۆژنامە و کۆوار و هەموو جۆرەکانی تری هۆیەلی گەیاندنی زانیاری، بەشدارییەکی کارا ناکەن لە پێگەیاندنی ڕای گشتیدا. ئەمەش وای کردووە دوای شازدە ساڵ لە ئەزموونی کوردستان، ڕایەکی گشتیی پتەو و تۆکمە نەبێ کە ببێ بەپاڵەپەستۆ بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە لە پێناو باشترکردنی ئەزموونەکەدا. ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی کوردستان، هەر ئەوەندە هەیە کە قەرەباڵغ و دەنگە دەنگە، ئەگینا شتێکی بیستراوی سوودمەند لە گۆڕێدا نییە، یان زۆر کەمە. ئەمەش وای کردووە کە ئاستی ڕۆشنبیریی تاکیی کوردی، لە خوارەوە بێت. تاک چی بکات؟ ڕۆژانە لەجیاتی بەرهەمێکی ڕێکوپێکی بەسوود کۆمەڵێک زبڵ دێتە بەرچاو و گوێ و زەینی.

پرسیار: هەندێک لەو نووسەرانەی کە زیاتر لە یەک کتێبیان هەیە زۆر لە ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیان ڕازین و پێیان وایە گەیشتوونەتە لووتکەی ڕۆشنبیری، ئایا لەم بارەیەوە چ بۆچوونێک هەیە؟

وەڵام: مەرج نییە ئەمە ڕاست بێ. هەیە کتێبی نییە بەڵام ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزە. هەڵسەنگاندنێکی ڕواڵەتییانەیە ئەگەر یەکێک تەنیا ئەو کەسانە بەڕۆشنبیر بزانێ کە کتێبیان زۆرە یان کتێبەکانیان گەورەیە. سەیرە زۆر نووسەر نارەحەت دەبن لە دەزگای ئاراس کە بەرهەمەکانیان بەفۆنتی بچووک چاپ دەکرێ، سەیر دەکات کتێبەکەی لەجیاتی ٥٠٠ لاپەڕە بووە بە ٢٠٠ لاپەڕە. ئاگر لە کەوڵی بەر دەبێ. ئەمە ڕواڵەتبازییە.

عەباس عەبدوڵڵا یوسف ڕۆشنبیرە بەڵام وابزانم کتێبی نییە. هەشە کتێبی زۆرە و "هیچی پێ نییە"، وەک دەڵێن.

پرسـیـار: بەڕێزت بەهۆی چاپخـانەی ئاراسـەوە دەسـتێکی بـاڵات هەیە لە دەوڵەمـەندکردنی کتێبخـانەی کوردی، ئایا ئـاستی ئـەو کتێبـانەی کە بەچاپی دەگەیەنیت چۆنە؟

وەڵام: دەزگـای ئـاراس بـەر لەوەی چاپخــانەی خـۆشی هـەبێ، کـتـێـبی زۆر بەچاپ گەیاندووە، بۆیە بەشـێوەیەکی گشـتی، نیـوەی بەرهـەمـەکانـی ئێمـە زۆر باشن. ئەوی تریش ئاسـاییـیە کە لەم پلەیەدا نەبن. خـوێنەری کورد لە سـاڵانی زوودا پشـتی بە کـتێبـخـانەی عـەرەبی و فارسی و زمـانانی تر بەسـتـووە، بەڵام ئێسـتە وەچەیەک هـەیە تەنیا کوردی دەزانێ بۆیە دەبێ کـتێبخـانی کوردی پڕ بکرێ لە کـتێـبی هـەمـەجۆرە، تا فریـای داخوازەکـانی خـوێنەری ئـەم سـەردەمـە بکەوێت، بەتایبەتی بۆ خوێنەری لاو ڕۆمان زۆر گرینگە.

ئێمە دەتوانین پرۆژەیەکی وەرگێڕانی هەرەوەزی ئەنجام بدەین. من زۆر بیرم لەوە کـردووەتەوە کـە پرۆژەیەکی وا لە ئـاراس جـێـبـەجێ بکەم، ئەویش ئەوەیە داوا لە ڕۆشـنـبـیـران بکەم هـەر کێ چ شــاکـار یان چ کـارێکی ئەدەبیی بەلاوە گرینگە بیکات بۆ کوردی. ڕەنگە بەم هۆیە بتـوانین سـەدان کتێب لە زمـانانی ترەوە بکەین بە کـوردی. بـا وەرگـێـڕانـەکـە لـە زمــانـی یەکـەمــەوە نەبێـت لەم قۆناغەدا. گرینگ لەم قۆناغەدا ئەوەیە بەرهـەمی کوردیمان زۆر بێت.

پرسـیـار : لە ڕووی دیزاینەوە ئەو کتێبانەی ئێسـتـا بەچاپ دەگەیەنرێن، تا چەند بۆ خوێنەر گونجاوە؟

وەڵام: دیزاینـی بـەشـی نـاوەوەی کـتـێبـەکـانمان باشـە. گـەورەیـی و بچـووکـیی فـۆنت، دووریـی ڕسـتــە لە یەکــتــرەوە، مــاوەی دووریی نێــوان دوو پەرەگـراف، ناوونیشـانەکـانی ناوەوە، هـەموو ئەمـانە گرینگن. ئێمە لە ئاراس زۆر بایەخ بەم شـتـانە دەدەین. بەڵام بـەرگ هێـشـتـا مـاویەتی بەرەوپێش بچێت. لەم سـاڵانەی دواییدا لە کوردستان ئەوە پەیدا بووە کە بایەخ بە بەرگ و شـێوەی دەرهێنانی کتێب بدرێ ئەگەر نا جاران کتێبی کوردی زۆر پەڕپووت بوو.

پرسـیـار: زۆر لـە نووسـەرەکـان ئەو گلـەییـیـە دەکـەن، مـاوەی چاپکردنی

کتێبەکانیان زۆر دەخایەنێت، ئایا هۆی ئەمە چییە؟

وەڵام: ژمارەیەکی زۆر کتێبمان لە لایە، ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ بەرهەم لە ئاراس ئامادەن بۆ چاپ. خۆ ناشێ هەموویان بەیەکەوە بدرێن بەچاپخانە، هەر دەبێ لە دوای یەکدا بێن، ئەمەش دوایان دەخات. کێشەکە ئەوەیە کەس ناتوانێ دان بەخۆیدا بگرێ تا نۆرەی دێ، ئەگەر بتەوێ دادپەروەر بی دەبێ هەر کتێبە و بخەیە نۆرەی خۆیەوە. جار بەجار وا ڕێک دەکەوێ پەلە دەکەین لە دەرچوواندنی بەرهەمێک، ئەگینا هەر کەسە و مافی خۆی چییە ئەوە دەبێ.

پرسیار: دەزگای ئاراس پاڵپشتی لە کۆمەڵێک ڕۆژنامە و چاپەمەنی دەکات و هاوکارییان دەکات، ئایا دەزگای ئاراس لەم هاوکاریکردنەدا چ ئامانجێکی هەیە؟

وەڵام: ئێمە هاوکاریی هیچ ڕۆژنامە و چاپەمەنییەک ناکەین لە دەرەوەی سیستمی خۆمان. دەزگای ئاراس کۆمەڵێک لق و پۆپی لە هەولێر و شارەکانی تردا هەیە. ئەمانەش بڵاوکراوە دەردەکەن. دیارە یان ناوی من لەسەر ئەو بڵاوکراوانە هەیە یان ناوی دەزگا، ئەمەش واتە بەرهەمی خۆمانن نەک یارمەتیمان دابن. پرسی کردنەوەی لق و پۆپی دەزگای ئاراس لە شارەکاندا ئەوەیە من پێم وایە لەم سەردەمەدا داوودەزگای لۆکال و ناوچەیی بایەخ و پلەی شایانی خۆیان هەیە، خەڵک لە خەمی کێشەکانی ژیانی خۆیاندان بۆیە بڵاوکراوەکانی شارۆکەیەک، یان ڕادیۆ و تی ڤیی ناوچەیەک بایەخی زۆری هەیە بۆ خەڵکەکەی. ئەم داوودەزگا ناوچەییانە باشتر بە کێشەکانی خەڵک ڕادەگەن وەک لە دەزگا ناوەندییەکان، هەر لە سۆنگەی ئەمەوەیە کە دەزگای ئاراس کەوتووەتە دوای کردنەوەی لق و پۆپی خۆی لە شار و ناوچە دوورەکاندا، یان لە گەڕەکەکانی شارێکی گەورەدا.

## ئەرێ کۆنە شیوعیی نەبڕایەوە
## ئێستا کۆنە پارتیم

بڵاوکراوەی راوێژ ٢ لە ٢٠٠٦/٦/٦

* ئایا ئێوە وەکو گەورەترین دەزگای چاپ لە کوردستان، پرۆژەی داهاتووتان چییە لە کاتێکدا لەماوەی داهاتوو دەبنە خاوەنی باڵەخانەیەکی مەزن و ئایا هەر بەو ژمارە کەمەی فەرمانبەرانتان کارەکانتان بەڕێوە دەچێت؟

–راست دەکەن ئێمە لە دەزگای ئاراس ژمارەیەکی کەم کارمەندمان هەیە ئەویش لەبەرئەوەی کە شوێنەکەمان بچووکە و تەنیا تێری ئەو ژمارەیە دەکات. لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا دەگوازینەوە بۆ باڵەخانەی نوێ کە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمیی تێروتەسەلە. ئەمە جگە لە شوێنی چاپخانەی ئاراس کە شوێنێکی شیاوە و سەربەخۆیە. لەگەڵ گواستنەوەمان بۆ ئەوێ هەم ژمارەی کارمەندمان زیاد دەبن و هەم پرۆژە و پلانی نوێش دێنە کایەوە بەڵام جارێ زووە بۆ قسەکردن لەسەر کارێک کە هێشتا نۆرەی نەهاتووە.

* ئێوە کە خاتوو مەباهادتان هێنایەوە کوردستان و بردتانە لای سەرۆکی حکوومەت، دەڵێن بەدەست لە کارکێشانەوەکەی زۆر دڵخۆش بوون؟

– کێ دەڵێ؟ ئاخۆ لە هیچ شوێنێک هەڵوێستێکی وام نووسیوە یان شایەتێک هەیە بۆ خۆشحاڵبوونی من لەم پرسەدا؟ یان ئامێرێک پەیدا بووە بۆ پشکنینی هزری خەڵک تا بزانرێ چی لەناو سەریاندا هەیە؟ ئەوانەی بەکەموکورتی و شکستی خەڵکی تر دڵخۆش دەبن گرێیان هەیە. خۆشبەختانە من لەم جۆرانە نیم. جگە لەمەش مەهاباد هاتووەتەوە بۆ وڵاتی خۆی و بەئارەزووی خۆیشی هاتووەتەوە. هیچ دڵخۆش نەبووم بەسەرئەنجامی ئەو.

* ئەی چۆنە تا ئێستا دوای بانگێشتنکردنی حەمەسەعید بۆ کوردستان هیچ کارێکی رۆشنبیریتان بۆ نەکردووە؟

– کـاک حـەمـەسـەعـیـدیش بەهەمـان شـێـوە و لەسـەر ئارەزووی خـۆی گـەڕاوەتەوە ولاتی خـۆی. نە من و نـە کـەسـی تر بەڵێنی هیـچ پۆسـتـێکی پێ نەداوە و خـۆیشـی بـۆ ئەمـە نەهاتووەتەوە. ئەم جـۆرە پرۆپـاگـەندانە زۆر سـەیرن گـوایە مـن فـلان و فـسـارم هێنـاوەتەوە و کـردوومن بە وەزیر و راوێـژکـار یان ئەوەتا هـەر کێ دۆسـت و نزیکی من بێ دەبێ پۆسـتـێکی بـالا وەربگرێ. ئەمـانە هەمووی دەردوای دەروونە نەخۆش و نەزۆکەکانە. هـەرکێ فەشـەل دێنێ دەڵێن: ئەها ئەمەش بەدران هێنابوویەوە.

* ئەندامـانی نـووسـەرانی "پەیامی ئیسـلام" کە بڵاوکراوەیەکی یەکـێـتـیی زانایانی کـوردسـتـانە، هـێرشی توندیان کـردە سـەرت بەتایبـەتی مـەلا جەعفەر گوانی، ئەو کێشەیە چۆن سەری هەڵدا و بەچی گەیشتووە؟

– من هیـچ کـێـشـەیەکم لەگـەڵ مـەلاکـاندا نیـیـە. چـەند سـاڵێکە لـە نێـوان ژمـارەیەک مەلا و رۆشنبیراندا کێشـە و پێکدادان هەیە بەڵام منی تیا نەبووم. دۆسـتی زۆر نزیک و خـۆشـەویسـتـم هـەیە کـە مـەلان و بـەردەوام بیـروبۆچوون دەگـۆڕینەوە. بەکورتـی کێشـەمان نەبووە تا لەم مـاوەیەدا بڵاوکـراوەی "پەیام"ی یەکـێـتـی مـەلاکـان فـێـڵـێکی لێ کـردم، گـوایە دەیانەوێ دایەڵۆگ لەگـەڵ رۆشنبـیـراندا بکەن و منیـان هەڵبـژاردووە بۆ دەسـپـێک. منیش بەدەنگیـانەوە چووم و وەڵامی پرسـیـارەکـانم دانەوە. خـوا هەڵناگـرێ هەمـوویان وەک خـۆی بڵاوکـردەوە تەنیـا لـەیەک شـوێن نەبێ کـە ڕسـتـەیەک پەڕیبـوو، منیش ئەمـەم گەڕاندەوە بۆ هەڵەی چاپکردن.

پاشـان و لە ژمـارەی دواتری ئەو بڵاوکراوەیەدا، لە جـیـاتـی ئەوەی دایەڵۆگ بکەن هێرشـێکی بەربڵاویان کردووەتە سـەرم و لە وەڵامی رەخنە بەجێیـەکانی مندا چـەندان قسـەی نابـەجێـیـان پێ گـوتووم. ئەوەی من بزانم مـەلای کـورد باسی هـەرچی بکات، تەنانەت باسی هـەسـارەیەکی تریش بکات هـەر بەئایەت و حـەدیس بەڵگە دەهـێنێـتـەوە. ئەم دوو بەناو مـەلایە دوو لاپەڕەی رۆژنامـەیان لەسـەر نووسـیـوم بێ ئەوەی یەک ئایەت و یەک حـەدیس لە ئاخـاوتنەکانیـاندا هەبێ، بۆیە من گومانم هەیە ئەمانـە مەلا بن. من بەهێمنی دواوم و ئەوان ئاگر

دەکەنەوە. رەوتە ئیسلامییە توندڕەوە تیرۆریستەکان رقیان لە من و هەرچی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەری کوردە. بەدووری نازانم پەنجەی ئەم رەوتە بەکافرزانانە لەم پرسەدا هەبێت. جا نازانم مەلا جەعفەر گوانیش تێوەی گلاوە یان نا. هەرچۆنێ بێ کورد گۆتەنی قەرز کۆنیش بێ نافەوتێ.

* ئێوە لەگەڵ سەلام عەبدوڵلا رۆڵی سەرەکیتان هەبوو لە سوڵحی نێوان حەمەسەعید و د. عەبدوڵلا ئاگریندا، ئەی بۆ کێشەکەی خۆتان چیتان کردووە لەبارەی ئەو داوا یاساییایەی کە داواکاری گشتی لەسەرتانی بەرز کردووەتەوە لەسەر ئەو کتێبەی د. جەمال رەشید کە لە دەزگاکەتان چاپ کراوە؟.

– بەڵێ من و مامۆستا سەلام کەوتینە نێوان هەردوو دۆستی خۆشەویستمان د. عەبدوڵلا ئاگرین و کاک حەمەسەعید حەسەن. خۆشبەختانە هەردوولا دڵیان نەرم بوو و کێشەکە بڕایەوە. بەڵام لەبارەی ئەو کێشەیەی گوایە داواکاری گشتی لە ئاست من و د. جەمال رەشیددا بەرزی کردووەتەوە سەبارەت بە کتێبی "سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا"، بەڕاستی هیچ ئاگادار نیم و تا ئێستا هەر وەک بانگەشە بیستوومە. سەرم سوڕ دەمێنێ داواکاریەتیی گشتی لە کوردستاندا (الادعاء العام) دەیان پرس و کێشە هەبووە لەم ساڵانەدا دەبوایە لێیان بەدەنگ بێ، کەچی دەنگی نەبووە، ئێستا بێ بەرۆکی من و د. جەمال رەشید بگرێ و دۆزی ئەوانە بگرێتە ئەستۆ کە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کێن و سەرچاوەیان لە کوێوە هەڵقووڵیوە، ئەمە جێی سەرنج و رامانە. بەداخەوە کەس بەکەس نییە و بەکافرزانەکان بۆ خۆیان تەڕاتێن دەکەن. کورد گوتەنی تا خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی گرت.

* پێوەندیتان لەگەڵ دەزگای چاپی سەردەمدا چۆنە و لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەدا، ئێوەش بەنیاز نین هەماهەنگیتان هەبێت؟

– ئاراس و سەردەم دوو دەزگای رۆشنبیرین، هاوئاهەنگی و هاتوچۆمان هەیە. هەندێک هەنگاویش بەرێوەن بۆ کار و پرۆژەی پێکەوەیی. بەڵام ئەمە

هیچ پێوەندییەکی نییە بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، خۆ ئێمە یەک ناگرینەوە، من لام وایە دەبێ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ژمارەیان زیاتر ببێ بۆ ئەوەی بەهەمووڵا بتوانین بەدەم داواکارییە رۆشنبیری و هونەرییەکانی خەڵکەوە بچین.

* ئەو قسەیە تا چەند ڕاستە کە گوایە جەنابتان سەرۆکی فیعلی ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردین، نەک دکتۆر کوردستان موکریانی، تەنانەت دەڵێن تۆ ئەوت لەوێ داناوە؟

– ئەمەش هەر دەرداوی دەروونە سەقەتانە. ئەنجوومەنی کۆڕ و دەستەی سەرۆکایەتیی کۆڕ هەموو پرس و بڕیارێکیان بەگشتی و بەپێکەوەیی قسەی لەسەر دەکرێ. سەرۆکی کۆڕ و جێگری سەرۆکی کۆڕ هەموو دەسەڵاتەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن و بەردەوامیش گلەیی دەکەن کە من کەم دەچم بۆ هاوکاریکردنیان. ئەوانەی ئەم بانگەشانە دەکەن یان وا بیر دەکەنەوە زۆر دوورن لە واقیعەکە و ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواڵ نییە. د. کوردستان بەهەڵبژاردن بووە بەسەرۆکی کۆڕ و منیش ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیم. هەر بۆ زانینتان دەنگیشی لە من زیاتر هێناوە.

* دەڵێن شیوعییە کۆنەکان دەستیان بەسەر ڕاگەیاندنی پارتیدا گرتووە بەڵام ئەوان لە نێوان خۆیاندا پێوەندییان باش نییە، بۆ نموونە جەنابتان پێوەندیتان لەگەڵ سەرۆک قادردا باش نییە؟

– ئەرێ مەسەلەی کۆنە شیوعی هەر نەبڕایەوە؟

با بەکورتی پێت بڵێم، ئەوانەی بەڕێزتان پێی دەڵێن کۆنە شیوعی و گوایە دەستیان بەسەر ڕاگەیاندنی پارتیدا گرتووە، ماوەی ١٤ ساڵە ئەندامی پارتین. ئەمەش تەمەنێکی زۆرە. وا من بووم بەکۆنە پارتی. لەناو بەرپرسانی دەزگا رۆشنبیرییەکاندا جا هەر کێ بن، جیاوازیی بۆچوون و بیرکردنەوە ڕوودەدات. ئەمە نیشانەی گۆڕان و بەدیموکراسیبوونی حزب و داوودەزگاکان و کۆمەڵگەی کوردستانە. ئەگەر هەموومان وەک یەک بیرمان بکردایەوە و لە

هەموو شت یەکگرتوو بوایەن رەنگە رەخنەیەکی خراپتریان لێمان بگرتایە. لە بارەی کاک سەرۆشەوە. من و ئەو لە سەرەتای یەکترناسینەوە تا ئێستا لە هەموو دوو کەسێکی تر زیاتر بیروبۆچوونمان لە یەکتر نزیک بووە. ئەگەر رۆژێک جیاوازییەکان هەبووبێ دڵنیابە هۆی ئەم جیاوازییە بەرژەوەندی دژبەیەکی من و ئەو نەبووە، بگرە بەرژەوەندی دژبەیەکی ئەو کەسانە بووە کە سوود لە ناکۆکیی نێوان ئەم و ئەو وەردەگرن و لەسەر ئەم شتانە دەلەوەڕێن.

* ڕات چییە بەرامبەر ئەو ناوانە؟

* شێرکۆ بێکەس

– کاک شێرکۆ لەناو ئێش و ئازارەکانی میللەتی خۆیدا ژیاوە. ئەمە مایەی ڕێز لێگرتنە. رەنگە منیش و تۆش لەگەڵ هەڵوێستی هەر کەسێکی تر جیاواز بین. هەموومان مافی خۆمانە چۆن بیر دەکەینەوە و چ هەڵوێستێک هەڵدەبژێرین. بەڵام دەبێ چاومان ڕاستییەکانی یەکتر ببینێ. پیاو هەیە بانگەشەی شتی گەورە دەکات و ئامادەش نییە یەک رۆژ لەگەڵ خەم و خەفەتەکانی ئەم میللەتەدا بژی.

* ئاسۆس هەردی

– پێش سێ ساڵ لە ژووری دادگا یەکترمان بینی. من ئەوکات و ئێستاش ڕێزی لێ دەگرم وەک هاوکار و هاوپیشە. کێشەیەکی کەسیم لەگەڵیدا نەبووە. من کێشەکەم لەگەڵ هەواڵێکدا هەبوو کە لە هەفتەنامەکەی ئەودا بڵاو بووبووەوە، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا کێشەکە دەکەوتە نێوانی من و ئەو "وەک سەرنووسیار". هیوادارم ئەویش وەک من بیری کردبێتەوە.

* فەلەکەدین کاکەیی

– رۆژنامەنووس و رۆشنبیرێکی گەورەی کوردستانە. من و دەیان کەس بەنموونەی سەرمەشقی دەزانین لە کاری رۆژنامەوانیدا. پیرۆزباییی لێ دەکەم بۆ وەرگرتنی پۆستی دووبارەی وەزارەتی رۆشنبیری. هیوادارم ئەمجارە باشتری بەڕێوە ببات.

* فەرهاد عەونی

– دۆستێکی نزیک و خۆشەویستمە. سەرۆکی سەندیکاکەمانە. رووبەڕووش و پاشملەش زۆر رێزی لێ دەگرم. بەڵام با بەراستی پێت بڵێم: لەگەڵ کاک فەرهاد عەونیدا کاتێ گفتوگۆ دەکەین لە زۆر شتدا یەک دەگرینەوە تەنیا کە باسی رۆژنامەوانی دەکەین جیا دەبینەوە.

## کوردستانی گەورەش یەک بگرێتەوە
## ڕێنووسی کوردی یەک نابێت

دەزگای ئاراس، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆش ڕۆڵێکی وەها بەرچاوی هەیە کە هەقە شانازی بەبەرهەمەکانی بکرێت، بەرهەمی بەبرشتی ئەو دەزگایە هەموو لایەنێکی ڕۆشنبیریی گرتووەتەوە و کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردووە، لە کاتێکدا کە دەزگاکە سەرقاڵی خۆسازدانە بۆ گواستنەوە بۆ باڵەخانەیەکی نوێ. هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان وێڕای دەستخۆشی لەم دەزگایە، تیشکی خستە سەر کار و بەرهەمە بەپێزەکانی و لەگەڵ هاوکارمان بەدران ئەحمەد ئەم دیمانەیەی ساز دا.

هەرێمی کوردستان ٣٨٢ لە ٢٠٠٦/٩/٢٦

دیمانە: سەباح شێخانی

* بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگای ئاراس کەی و لە چ کەسێکەوە سەری هەڵدا؟

– زۆرجار وەڵامی ئەم پرسیارەم لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا داوەتەوە. بەر لە دامەزراندنی دەزگای ئاراس بەچەند ساڵێک، زۆرجار من و بەڕێز کاک سەرکیس ئاغا جان باسی دانانی دەزگایەکی وامان دەکرد. ئەوەبوو زنجیرەیەک کتێبمان بەناوی "زنجیرەی هەڵۆ"وە خستەڕێ و چەند کتێبێکی لێ دەرچوو؛ بەڵام خەونەکە بەتەواوی نەهاتە دی. پاشان لە پایزی ١٩٩٨دا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی منی ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی لێژنەیەک بۆ ئامادە و چاپکردنی "فەرهەنگی کوردستان"ی گیو موکریانی بکەم؛ بۆ ئەمە، شوێن و کەرەستە و ئامێرمان پێکەوە نا و چەند کەسێک بەسەرۆکایەتیی خاتوون کوردستان موکریانی کەوتنە کار. هێشتا کارەکە تەواو نەبووبوو هەلەکەم لە کیس نەدا و داوام لە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کرد تاوەکو ئەم شوێن و کەرەستە و ئامێرانە بکرێن بەبناخەی دانانی دەزگایەک بۆ چاپ و

بڵاوکـردنەوەی کـتـێب. ئەوانیش سێ و دوویـان لە پشـتـیـوانیی ئەم پـرۆژەیە نەکرد. دوای ئەمـە زۆر دەزگـای تر بـۆ لاسـاییکردنەوە یان رکـابەریی ئاراس هاتنەکــایە. هـەرچۆن بێ، ئەوەی دەبێ ئـامــاژەی پـێ بدرێ؛ ئـەوەیە کـــە ئەم پرۆژەیە، بەشـێکە لە بەرنامـەی بەڕێز نێـچـیـرڤـان بـارزانی بۆ ڕۆشنبـیـریی کوردی. کاک نێچیرڤان خەمخۆرێکی بێ وێنەی ڕۆشنبیری و هونەری کوردییە و پشتیوانیی لە دەیان پڕۆژەی گەورە کردووە کە یەکێکیان ئاراس بووە.

* لەم چەند ساڵەی تەمەنی جوانیی ئاراسدا چ بەخششێکی بەهاداری لە هەموو بوارەکان پێشکێش بەبزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە؟ کەی دەگوازنەوە بۆ باڵەخانەی نوێ؟ بناخەی تازەی ئاراس چۆنە؟

– ئەمە سێ پرسیارە و یەک یەک وەڵامیان دەوێ:

یەکەم– بۆ کتێب دەوری ٥٠٠ ناونیشـان چاپ کراوە، بۆ کۆواریش "شین"، هەروەهـا چەندان فـیـسـتـیـڤـاڵ و بیـرئانـین، خـەڵاتی ئاراس و ڕێزلێنـانی نووسەران؛ کردنەوەی چەندان لقی وەک زاری کرمـانجی و شەفەق و سەنتەری لاوانی میدیا و بەعشیقە و لەم ماوەیەشدا دەزگای "هەرمـان" لە بلێ کە هەر یەک لەمانە چەندان کار و چالاکیی ڕۆشنبیری و هونەری پێشکێش دەکەن لە وێنەی رادیۆ و ڕۆژنامـــە و کـۆوار و گـرووپی مـیـوزیک و هـونەری مـیللیی هەڵپـەرکێ و فـوتبۆل و کـتـێبخـانەی گـشـتی و ئینتـەرنێت و کـۆڕ و چەندان چالاکیی تر؛ هەروەها کردنەوەی چەندان پێشـانگەی کتێب و شـێوەکاری و ناردنی شاند و سازدانی ئاهەنگ و بۆنە.

دووەم– تا دوو مـانگی تر لە ئێسـتـاوە (٩/٢١) دەگـوازینەوە بۆ باڵەخـانەی نوێ کە باشترین باڵەخانەی ڕۆشنبیرییە تا ئێستا لە کوردستاندا. دەزگای ئاراس و دەزگای سـەردەم هاوکات دەگوازنەوە بۆ باڵەخانەی تازەیان. لەم دوو دەزگایەش پێوە هیچ دەزگایەکی تر ئەمڕۆ لە کوردسـتـان خـاوەنی باڵەخـانەی شیاوی خۆی نییە.

سـێـیـەم– پڕۆژەی تازەی دەزگـای ئاراس لە بـاڵەخـانـەی تازەدا هێـشـتـا

بیرۆکەن و کاریان بۆ دەکرێ؛ دێنە دی یان نا؟ نازانم. بۆیە حەز ناکەم لە ئێستاوە بۆ خۆپێشاندان و خۆدەرهێنان قسە بکەم. کارکردن لە کوردستان و کۆمەڵی کوردەواریدا ئاسان نییە. بۆ کاری باش ناحەز زیاترە لە دۆست و پشتیوان، بەتایبەتی لەناو گۆڕپانی ڕۆشنبیریدا پاشقول لێگرتن هەیە پشتگرتن نییە.

* چ پڕۆژەیەکی بەنرخ لە کارەکانی دەزگای ئاراس بەدڵی بەدران ئەحمەدە و لەبەرچی؟

– با جارێ باسی ئەوانە بکەم کە بەدڵم نین. زۆربەی کتێبەکانی دەزگای ئاراسم بەدڵ نییە. نووسەر و ڕۆشنبیر هەیە هەر ٥٠٠ کتێبەی ئاراسی لە ماڵ ریز کردووە بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە. من لەم هەمووە، کەمتر لە ٢٥ کتێبی دەزگای ئاراسم هەیە لە کتێبخانەی خۆم.

ناشارێتەوە کەوا کتێبی کوردی بێ ئاستە؛ تیراژەکەی لە ١٠٠٠ دانە تێ ناپەڕێ. لەمەش چواریەکێکی نافرۆشرێ. لە راستیدا کارکردنم لەگەڵ ڕۆشنبیراندا زۆر بیرکردنەوە و هەڵوێستی گۆڕیم. زۆر لەوانەی کە لە تەمەنی ڕواڵی و هەرزەییمدا بۆم بووبوون بەنموونەی سەرمەشق، لەم ساڵانەدا ناسییانم و بۆم دەرکەوت تەنیا سەرابن. دانەری کورد کاتێ کتێب دادەنێ بیر لە دەیان هەزار مرۆڤ ناکاتەوە کە پێویستە بخوێننەوە، بگرە بیر لە چەندان کەس دەکاتەوە لە دۆست و ناحەزەکانی خۆی. ئەمانەش بەدوای کتێبدا ناگەڕێن مەگەر بەدیاری بۆیان بچێت. لە کۆمەڵی کوردەواریدا نووسەر و مەلا مشەخۆرن. تاک و تەرایەکیان نەبێ، زۆربەیان هیچ شتێک پێشکێش ناکەن و زیانیان زیاترە لە سوود. کوردستان ئەمڕۆ لە جوانترین ڕۆژانی مێژوویی خۆیدا دەژی، بەڵام نووسەر هەر بۆڵەی دێ، وەک مەلای مزگەوت.

من لە کارەکانی دەزگای ئاراس فیسیڤاڵی مەستوورە و پەیکەری مەستوورە و یازدە کتێبەکەی ئەو بیرئانینەم زۆر لا جوان بوو؛ هەروەها کتێبی «بارزانی: لە مەهابادەوە بۆ ئاراس» لە وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین

شاکارە. ئەلبوومەکەی هونەرمەند ڕۆستەم ئاغالە بەرهەمێکی بێ وێنەیە. باڵەخانەی تازەی دەزگای ئاراس و چاپخانەکەشی، لەو شاکارانەن کە شانازییان پێوە دەکەم. ئەم کارانە، گۆڕانکاریی جۆری بوون؛ بۆیە ئاماژەم پێ دان. هەروەها خەڵاتی ئاراس کارێکی نوێ بوو لە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیدا چونکە بێ ڕەچاوکردنی حزبایەتی و ناوچەگەری و پارچەگەری پێشکێش کراوە. کاک مەحموود زامدار گوتەنی ئەمانە «جێ سەم»ن و ناسڕێنەوە.

دواجار، بەرهەمێک کە دەزگای ئاراس ئەرکی لەگەڵدا کێشابێ و شاکارێکی بەرز و بێ وێنە بێ لە کتێبخانەی کوردیدا کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد – شۆڕشی ئەیلوول"ە لە دانانی سەرۆک بارزانی. هەردوو چاپەکەی "واتە عەرەبی و کوردییەکەی" جێی شانازین. بەتایبەتی چاپە کوردییەکەی – کە بەتەواوی واتای وشە – بەرهەمێکی بێ وێنە و بێ میناکە لە کتێبخانەی کوردیدا.

* کاک بەدران وەک وەرگێڕێکی دەست باڵا، یان وەک بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس؟

– هیچیان، لەبەرئەوەی هەردووکیان نۆکەری و کۆڵکێشین بۆ خەڵک. بەرهەمی من لە ئاراس تەنیا رەنجکێشان و ماندووبوونێکی بێ سنوورە. شەو و ڕۆژ کار دەکەین بۆ دەرکردنی کتێب، ئەویش چ کتێب؟ نەکەس دەیکڕێ و نەکەس دەیخوێنێتەوە. کتێب لە ئاراس دەرچووە شاکارە، بەڵام لە کەسم نەبیستووە خوێندبێیەوە. هیچ ڕۆژنامە و کۆوارێکیش باسی ناکات. ئێستا چاخی کڵۆڵیی کتێبە لەناو کوردا.

جوانترین ئەزموونی ژیانم ئەو تاکە ساڵەیە کە بەڕێوەبەری نووسینی هەفتەنامەیەکی کارا بووم. ڕۆژنامەنووسی جوانترین و بەدەوترین پیشەیە لام. هەرچەندە ئەمڕۆ ئەم پیشەیە بێ لەزەت بووە و خەڵکی ئاوارە و غەوارەی زۆر تێ خزاوە کە هیچ بنەمایەکیان نییە لە کارکردن. گرینگ بۆیان ناوبانگە جا با لەسەر حسێبی هەرچی و هەرکێ بێ.

* بۆ ڕێنووسە تایبەتییەکەی دەزگای ئاراس نهێنی لەچیدایە؟

– مامۆستا مەسعوود محەمەد قسەیەکی هەیە دەڵێ: هەرکاتێ چەند ڕۆشنبیرێکی کورد کۆبوونەوە و بڕیاریان دا دەنگی خۆیان بکەن بەیەک لە پرسێکدا، ئەگەر ڕێکیش کەوتن، ئەوا لە یەکەمین رستەی ڕێککەوتنەکەیاندا کە دەینووسنەوە، بەهۆی جیاوازیی بۆچوونیان لە بارەی ڕێنووسەوە، جیا دەبنەوە.

کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کوردستان منی راسپارد بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕێنووسە؛ منیش ئامادەم کرد. دەیان جاریش لە بڵاوکراوەکانی کۆڕ و ئاراس بڵاوکرایەوە، لە کۆوار، لە پاشکۆی کتێب یان بە نامیلکە، بەڵام کەس کاری پێ نەکرد. هەرچەندی هەوڵم دا نووسەران لەسەری بڕۆن، بێ سوود بوو. هەوڵم دا هەڵەگرەکانی دەزگای ئاراس تەواو فێری بن؛ بەداخەوە ئەوانیش فێری نەبوون. ئەندامەکانی کۆڕی زانیاریش لەسەری ناڕۆن. ئیتر منیش وزەم نەما و کۆڵم دا. بۆیە لەو باوەڕەدام کوردستانی گەورەش یەک بگرێتەوە ڕێنووسی کوردی یەک نابێت.

* کاک بەدران و داڕشتنی فەرهەنگ بۆ زاراوەکان، ئەم عەشقە لە کوێ ئەو هەوڵانەی کردووتە چین؟

– وەک ئەرکی سەرشانم لە کۆڕی زانیاری کوردستاندا دوو نامیلکەم بۆ زاراوە، ئامادە و بڵاوکردەوە؛ یەکەمیان حەوت هەزار زاراوەیە "زاراوەکانی کۆڕ". کاتی خۆی شەهید سامی عەبدوڕەحمان تەواوی دانە چاپکراوەکانی ئەم بەرهەمەی کڕییەوە و بەسەر داوودەزگانی حکوومەتدا دابەشی کرد؛ تاوەکو لە کاروباری ڕۆژانەدا لەسەری بڕۆن. ئەو ساڵە زۆر خۆشحاڵ دەبووم کاتێ فەرمانبەرانی حکوومەت دەستخۆشییان لێ دەکردم؛ یان رەخنەیان دەگرت؛ یان گلەییان لە کەمیی زاراوەکان دەکرد. بەرهەمەکەی تریش بەناوی "فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن"ە و ئەمەش هەر چاپکراوی کۆڕە. وابزانم قوتابیانی بەشی راگەیاندن سوودی لێ وەردەگرن. رەوشی زاراوەسازیی کوردی لەوپەڕی وێرانەماڵیدایە. زۆرم حەزدەکرد دەرفەتی زیاترم هەبێت و خزمەتێکی باشتر لەم بوارەدا بکەم.

**ئێستا سەیری هەر تێزێکی ماستەر و دکتۆرا بکەی**

**لەبارەی هەر بابەتێکی کوردییەوە،**

**ڕستێک لە چاپکراوەکانی ئاراس لە ڕیزی سەرچاوەکاندا دەبینی**

دەزگای ئاراس یەکێکە لەو دەزگا گرینگ و بەرچاوانەی بواری بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کولتووری، کە لە مەیدانی ئەدەبیدا ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی گێڕاوە لە گەیاندنی پەیامی نووسەران و ڕۆشنبیران و هۆزانڤانانی کورد و تەنانەت بیانیشدا، لە هەمان کاتدا بۆ پڕکردنەوەی کتێبخانەی هەژاری کوردی و دەوڵەمەندکردنی، هەوڵ و تێکۆشان و تەقەلایەکی ئەوتۆی داوە و زەحمەتێکی بێ وچانی کێشاوە.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە توانیویەتی زۆرێک بەرهەمی بەهێز و نایابی نووسەرانی کورد بەچاپ بگەیەنێت و ڕازییان بکات، جگە لەوەش زۆرێک بەرهەمی بیانیی لە چاپ داوە تاکو زیاتر خوێنەری کورد خۆی ڕۆشنبیرتر و شارەزاتر بکات لە فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و کولتوور، دیارە هیچ شتێک بێ کەموکورتی نابێ و ناتوانرێ تەواوی خەڵکی لە خۆت ڕازی بکەیت، بەڵام لەم سەروبەندەشدا بۆ زیاتر ئاشناکردنی خەڵک و خوێنەر و ڕۆشنبیران لە شاری هەولێر، سەردانی ئەم دەزگایەمان کرد و تەواوی گلەییی ڕۆشنبیران و نووسەرانمان ئاراستەی بەدران ئەحمەد حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراس کرد و ئەم هەڤپەیڤینەمان ساز کرد.

هەفتەنامەی ڕێبازی ئازادی ٤٧٥ لە ٢٠٠٧/٦/٢٦

ئا: زانیار سەردار قرگەیی

* سەرەتای دامەزراندنی دەزگاکەتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە و بیرۆکەی کێ بوو؟

– سەرەتای دامەزراندنی دەزگای ئاراس بۆ پایزی ساڵی (١٩٩٨)

دەگەڕێتەوە. ئەو کاتە بەڕێنوێنیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لێژنەیەکمان پێکەوە نا بۆ سەرپەرشتیی چاپکردنی فەرهەنگی کوردستان لە دانانی گیو موکریانی. فەرهەنگەکە کەموکورتی تێدا بوو، دەبوایە کەموکورتییەکان چاپ بکرێنەوە و وردە وردەش بدرێ بەچاپ. بۆ ئەمە شوێن و کۆمپیوتەر و خەڵکمان دابین کرد. کارەکە درێژەی کێشا، گوتمان با هەندێ کتێبی تریش ئامادە بکەین بۆ چاپ. وردە وردە بیرەکە گەڵاڵە بوو و ناومان نا "دەزگای ئاراس". بۆ ناوەکەش، بارزانی نەمر دوای بەشداریکردنی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و بەرگریکردنی لە کۆمار، سنووری چەند وڵاتێکی بڕی و پاشان بەدەم شەڕەوە لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا لە چەمی ئاراس پەڕییەوە. وێڕای ئەمە دەزگاکەمان ناو نا ئاراس لەبەرئەوەی ئاراس رووبارێکی ناوداری کوردستان و بریتییە لە سنووری باکور و رۆهەڵاتی کوردستان. دروشمی دەزگاکەشمان کرد بە"ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی".

* ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەزگایە چییە؟

– بێگومان ئامانج لەم دەزگایە خزمەتکردنی کولتووری کوردییە، لە رابردوودا کورد دەرفەت و دەلیڤەی نەبووە بۆ بایەخدان بەکولتوور و کەلەپووری خۆی. دوژمنان هەموو رێگەیەکیان لێ بەستووە. بۆیە کە دەرفەت هاتە پێشەوە، بەر لە هەموو شت ئێمە لە بواری کولتووریدا بووژاینەوە. لە دوای راپەڕینەوە سەیر بکەی دەبینی هێندەی بایەخ بەراگەیاندن و رۆشنبیری دراوە بایەخ بەهیچی تر نەدراوە، ئەمەش نیشانەی تینووەتییە.

* چ جۆرە کتێبێک چاپ دەکەن؟

– ئێمە هەموو جۆرە کتێب و بۆ هەموو جۆر و کەس بۆ خەڵکی هەموو شوێن و نووسەرانی سەر بەهەموو رێبازێکی بیرکردنەوە چاپ دەکەین. بەهەر چوار زاراوەکەش کتێبمان چاپ کردووە، کرمانجیی سەروو و خواروو، گۆرانی و کەلهوڕی، بەڵام راستت دەوێ بایەخی دەزگای ئاراس بۆ دوو جۆر بەرهەمە:

یەکەم: ئەو بەرهەمانەی پێناسەی نەتەوایەتیمانن وەک: مێژوو، ئەدەبیاتی

کلاسیک، زمان، فەرهەنگ، لەم بوارەدا یەکجار زۆرمان چاپ کردووە. خەڵک رەخنە لەمە دەگرێ گوایە ئێمە بایەخ بەشتی کۆن دەدەین بەڵام چار نییە ئێمە دەبێ مێژووی خۆمان و کولتووری رەسەنی خۆمان بناسین و شوێنەوارمان زیندوو بکەینەوە. ئەوەی دووەم وەرگێڕانە، وەرگێڕانەکەش زۆربەی لە زمانی یەکەمەوە نییە. جگە لەمەش زۆر لەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن لەم زەمانەدا سەردەست نین. دەیان کتێبی وەرگێڕانم بینیوە کە دەزگاکانی تر بڵاویان کردووەتەوە. زمانەکەیان بەڕادەیەک کرچ و کاڵە نەمتوانیوە دە لاپەڕەیان لێ بخوێنمەوە، ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن دەبێ بەرهەمە کوردییە رەسەنەکان زۆر بخوێننەوە لە زماندا سەردەست بن.

هەر چۆن بێ، دەزگای ئاراس لە هەموو بوارێکدا کتێب بڵاو دەکاتەوە. ناشزانم تاکەی وا دەبێت. دەبێ ڕۆژێک دەزگاکان پسپۆڕی وەربگرن و هەریەکە بایەخ بەجۆرێک بەرهەم بدات.

* ماوەیەک بەبێ پاداشت بەرهەمتان چاپ دەکرد هۆی چی بوو؟

– ئێمە لە سەرەتاوە پاداشت نادەین بەکتێب ئێستاش نایدەین. کتێبی کوردی لاوازە. زۆر کەمی لێ دەفرۆشرێتەوە. جگە لەمە نرخی کتێبەکانمان هەرزانە. ئێمە لە چاپی کتێبدا زۆر زەرەر دەکەین. ئەگەر قازانجمان بکردایە دەبوایە پارە بدەین بەنووسەر یان دانەر و وەرگێڕ.

ئەمە سیستمێکی سۆسیالیستییە کە دەزگاکانی تر پاداشت دەدەن بەکتێب. دەبێ نووسەر لە قازانجی کتێب بەشدار بێ و مافی خۆی وەربگرێ نەک بەهیوای پاداشت بێ. ئەمەش بەدوو هەنگاو دێتە دی. یەکەم دەبێ نرخی کتێب زیاد ببێ و بەرزتر بێ لە تێچوونەکەی و زۆریشی لێ بفرۆشێتەوە. ئەمەش کاتێک دەبێ کە داهاتی هاووڵاتی بەرز بێ و خەڵک بتوانن بایەخ بەرۆشنبیریی خۆیان بدەن. ئێستا رۆشنبیری بۆ هەڵبژاردەکەیە کە توێژی لاوان و قوتابیانی زانکۆ دەگرێتەوە. دووەم دەبێت دەزگاکان ناچار نەبن کتێبی خراپ چاپ بکەن، من لە ژێر هەزار پاڵەپەستۆدام بۆ چاپی کتێب، کتێبی خراپ و بێ کەڵک، ئەوەی نافرۆشرێ، ئەوەی دەیەوێ فۆنتەکەی درشت

بێ تا قەبارەی کتێبەکە گەورە بێ و لە ناو خەڵکدا شانازی بکات کتێبی زلی هەیە. ئینجا من بێم پارەشی پێ بدەم ئەوە زیاتر تەنگژەکە گەورە دەکەمەوە. دەبێ پارە بدرێ بەو کتێبەی کە ئێمە خۆمان داوامان کردووە جا چ نووسین بێ چ وەرگێڕان.

* ئەی لە ڕووی پاداشتی نووسەران ئێستا دەزگاکەتان چۆنە؟

– وەک لە پێشەوە گوتم ئێمە خۆمان ناو بەناو هەندێک کتێب دەستنیشان دەکەین بۆ وەرگێڕان. ئەمانە ئەو بەرهەمانەن کە بەپێویستیان دەزانین بۆ خوێنەرانی کورد. هەڵبەتە دەبێ بۆ ئەمانە پاداشت بدەین. ئەم جۆرە کتێبانە فرۆشیان باشترە لەوانی تر هەرچەندە لەمانەشدا هەر زەرەر دەکەین.

* زۆرێک لە نووسەران گازندەی ئەوەیان دەکرد کە دەزگای ئاراس بەرهەمەکانیان بۆ ناگەڕێننەوە لە پاش تایپکردندا تا ئەمان تێبینی و سەرنجی لەسەر بدەن؟

– باوەڕ ناکەم "زۆر" بێ. ئێمە وەک نەریت پێش ئەوەی کتێب بدەین بەچاپخانە پیشانی نووسەرەکەی دەدەینەوە. ئەمە بۆ خۆمان باشترە لەبەرئەوەی دڵنیا دەبین کە هەڵە و کەموکورتیی نەماوە. ڕەنگە جارێک دووجار ڕووی دابێ کە خاوەن بەرهەمەکە پێش چاپ بەبەرهەمەکانیدا نەچووبێتەوە. ئەویش بەهۆی ئەوەی نەماندۆزیوەتەوە، بەڵام بەگشتی نووسەران پێش چاپبوونی بەرهەمەکانیان لە ئاراس، ئاگەدارن کە کتێبەکە ئامادە بووە.

نووسەر هەیە لاپەڕە لاپەڕە پێمان ئیمزا کردووە کە ڕازییە بەچاپبوونی بەرهەمەکەی بەم شێوەیە، تاوەکو پاشان گلەیی نەکات. ئێمە وەک دەزگا شارەزاییمان هەیە لە ئامادەکردنی کتێب و هەڵەچنی و دەرهێنانی هونەری و ئەم جۆرە شتانە. ڕێوشوێنی تایبەتیشمان هەیە و دەمانەوێت کتێبمان وەک یەک و بەگوێرەی نیزامێکی یەکگرتوو بێ. ئەگەر گوێ بەخاوەن کتێب بدەین ئەوا هەر کتێبێک بەجۆرێک دەردەچێ، ئەمەش نابێ. نووسەر هەیە سوورە لەسەر جۆری فۆنت و قەوارەی و بەرگەکەی و ڕێنووسەکەی، باشە ئەگەر وا بێ ئەی ڕۆڵی ئێمە چییە لە مەسەلەکەدا؟ جگە لەمە ئێمە بەنووسەر ناڵێین

کتێبەکەت دراوە بەچاپخانە تا تەواو دەبێ، نووسەر هەیە چووە بۆ چاپخانە و لەسەر مەکینەکان وەستاوە و تەدەخولی کردووە و شەڕی لەگەڵ کارمەندانی چاپخانەدا کردووە. جارێکیان مامۆستا شوکور مستەفا چوو بۆ چاپخانە بۆ سەرپەرشتیی کتێبەکەی. لەوێ زانی کە فەسڵێکی تێدا نییە و خۆی نەیهێناوە بۆ ئێمە کە بریتی بوو لە شەست لاپەڕە. کتێبەکەش تەواو بووبوو، ناچار بووین بەرگەکەیمان هەڵوەشاندەوە و جارێکی تر لێمان دایەوە. ئەمە حاڵ نییە لەگەڵ هەندێک لە نووسەراندا.

* لە رووی هەڵەی چاپەوە، بەباشی کۆنترۆڵ نەکراوە، بۆ؟

– وا دیارە بەڕێزتان باسی دەزگایەکی تر دەکەن ئەگینا ئاراس باشترین دەزگایە بۆ مەسەلەی هەڵەی چاپ. هەڵە هەر دەبێ بەڵام کتێبی ئاراس لە چاو دەزگاکانی تردا خاوێنە. ئێمە تایپیستی وامان هەیە لە چاپکردنی هەزار لاپەڕەدا دە هەڵە ناکات. کارمەندمان زۆر شارەزان. هەڵە لە ڕێنووسی نووسەران و زمان و داڕشتنی خۆیاندایە. ئێمە ناچارین بۆیان ڕاست بکەینەوە ڕاستت دەوێ ئەوە ئەرکی دەزگای ئاراس نییە بەکتێبدا بچێتەوە، بەڵام لە ناچارییەوە دەیکەن. کتێب هەیە ئەوەندەمان بۆی ڕاست کردووەتەوە بەجۆرێک یەک ڕستە نەماوە دەستکاری نەکرێ. نووسەریش هەیە بەرهەمەکانی زۆر ڕێکوپێک ئامادە کراون. لەمانە دووانم لە بیرە: د. مارف خەزنەدار و د. ئەحمەدی مەلا، هەڵبەت زۆری تریش. خۆزگە نووسەر لەم مەسەلانەدا نەدەبوو بەباری گران بەسەر دەزگای چاپەوە. نووسەر هەیە لە لای ئێمە کتێب دادەنێ، چۆن؟ کە جاری یەکەم دەیهێنێ بۆ نموونە سەد لاپەڕەیە، کە دەردەچێ سێ سەد لاپەڕەیە. بۆ هەر هەڵەچنییەک سی چل لاپەڕەیەک زیاد دەکات. ئەمەش کارمەند بێزار دەکات و شێواوی پەیدا دەبێ، لە ئەنجامدا دەبێ بەهۆی ڕوودانی هەڵەش.

* تا ئێستا چەند بەرهەمتان بەچاپ گەیاندووە و کامانەن؟

– تا ئێستا شەش سەد بەرهەممان چاپ کردووە. لە ناویاندا باش و خراپ هەیە. باش و خراپیش ڕێژەییە. کتێب هەیە بەلای منەوە باشە، بەڵام هیچی

لێ نەفرۆشراوە، کتێبیش هەیە هیچ نییە یەک دانەی نەماوەتەوە.

ئێمە حەز ناکەین بۆ میزاجی خوێنەر دابەزین، من لێرەدا گلەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەم کە ڕیکلام بۆ کتێب ناکەن، هانی خوێنەر نادەن بۆ ئەوەی کتێبەکانمان بکڕن، خۆ ئێمە دەزگای بازرگانی نین تا سوود وەربگرین، ئەمە بەشێکە لە ئەزموونی کوردستان، بەشێکە لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەی بیری دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا. دەزگای ئاراس و زۆربەی ئەوانی تریش لە کارەکانیان زیان دەکەن، ئەم کارەی ئێمە دەشێ ناو بنرێ "خزمەتگوزاری ڕۆشنبیری".

لەم دەمودەستە ناتوانم پێتان بڵێم چیمان چاپ کردووە. ئێمە شەش سەد ناونیشانی کتێبمان فرێ داوەتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئێستا سەیری هەر تێزێکی ماستەر و دکتۆرا بکەی لە بارەی هەر بابەتێکی کوردییەوە، ڕستێک لە چاپکراوەکانی ئاراس لە ڕیزی سەرچاوەکاندا دەبینی.

* زیاتر گرنگی بەچ بەرهەمێک دەدەن؟

– وەک گوتم گرنگی بەهەموو بابەتێک دەدەین. هێشتا پسپۆڕی جیا نەبووەتەوە. کتێبخانەی کوردی پێویستی بەهەموو جۆرە کتێبێک هەیە. کتێبخانەیەکی لاوازە و خوێنەری کوردی ناتوانێ پشتی پێ ببەستێ. جگە لەمە وەچەیەک پەیدا بووە تەنیا زمانی کوردی دەزانێ، ئێمە پەلەمانە بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەم بخەینە بەردەستیان، بۆیە زۆر چاپ دەکەین و لە هەموو بوارێکیشدا چاپ دەکەین. ڕاستت دەوێ نامانەوێ بایەخ بەدوو جۆر بەرهەم بدەین: یەکەم تێزی ماستەر و دکتۆرا لەبەرئەوەی ئەمانە کتێب نین، ئەمانە بەشێکن لە پێداویستییەکانی خوێندن. چاپکردنیان سوودی نییە بۆ خەڵک. زۆریش پاڵەپەستۆمان لەسەرە بۆ ئەم مەسەلەیە. هەر کاتێ نامەیەکی ماستەر و دکتۆرام بۆ دێ دڵم دادەچڵەکێ، من پێم باشە زانکۆکان خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدەن.

جۆری دووەمیش: دیوانی شیعرە. داد لە دەست شیعری کوردی. من حەز دەکەم دیوان چاپ بکەم بۆ ئەو کەسانەی لە گۆڕەپانەکەدا ناو و جێ پەنجەیان

هەیە، بەڵام ئەگەر دەرگا بەڕووی شیعردا دانەخەین ئەوا دەبێ هەموو دەزگاکەی بۆ تەرخان بکەین. ڕەنگە ئەو کاتە فریاش نەکەوین. شیعر خوێنەریشی نییە. کۆگای ئاراس پڕە لەو دیوانانەی چاپمان کردوون.

* بەنیازی کردنەوەی لقێک یان بنکەیەک نین لە شاری سلێمانی تا زیاتر گرنگی بدەن بەبەرهەمی ئەو شارە و نووسەرانی بێ بەش نەبن لەو ئەرکەی ئێوە؟

– ئێمە حەز دەکەین و هەوڵیش دەدەین لە هەموو شارەکاندا لق یان نووسینگە بکەینەوە، بەڵام بەڕێوەبردنی ئەم لقانە زەحمەتە لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە. ئەگەر مەبەست لە بایەخدان بێ بەنووسەرانی شاری سلێمانی، ئەوا ئێمە درێغیمان نەکردووە و لێیان دوور نین. باشترین پێوەندیمان لەگەڵ نووسەرانی ئەم شارەدا هەیە. زۆریش کتێبمان بۆ چاپ کردوون، ئەگەر سەیری لیستەکە بکەی دەبینی بەشی شێریان بەرکەوتووە.

## بەرپرسیار و دەسەڵاتدار بەهیچ جۆر مافیان نییە
## دەمی ڕۆژنامەنووس دابخەن یان بیگرن

لەبارەی پرسی کارکردنی دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و کێشەکانی گەنج و هەندێ پرسی دیکەی پێوەندیدار بەکار و بەرنامەکانی دەزگای ئاراس و دەزگاکانی دیکەی سەر بەو دەزگایەوە، هەفتەنامەی زاری کرمانجی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بەدران ئەحمەد حەبیب ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت بۆ کاروباری ڕاگەیاندن و سەرۆکی دەزگای ئاراسدا ساز کرد.

زاری کرمانجی ١٢٢ لە ٢٠٠٧/١١/١٢

ئامادەکردنی: زاری کرمانجی

* سەرەتا لە دەزگای ئاراسەوە دەست پێ دەکەین، ئەگەر بەکورتیش بێت، شێواز و ئاراستەی کارکردنی دەزگای ئاراسمان بۆ باس بکەیت؟

* دەزگای ئاراس لەمێژەیە کار دەکات و بەرهەم پێشکێش دەکات. وا پەسندترە خەڵکی تر پێناسەی بکەن نەک ئێمە. بەڵام لەبەرئەوەی ویژدان لەم سەردەمەدا باوی نەماوە، بۆیە دەبێ هەموو جار خۆمان پێناسەی خۆمان بکەینەوە و پەسنی خۆمان بدەین. بەکورتی: ئاراس دەزگایەکی کولتووریی بێلایەنە، وەک بنکەیەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ کار دەکات. هەوڵ دەدەین هەموو ئەوانەی کاری تێدا دەکەن بەم شێوەیە بیر بکەنەوە و وا هەڵسوکوت بکەن. من بۆ خۆم بەرنامەکانی ئاراس بەو گوێرەیە دادەنێم. وەک پرەنسیپێکی گشتی، لەبەرئەوەی ئێمە پاڵپشتی لە حکوومەتی هەرێم وەردەگرین، دەبێ دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن بین لە ڕووی هەڵسوکەوتی سیاسییەوە نەک لایەنگر.

* ئەو دەزگایانەی سەر بەدەزگاکەتانن، چەندن و پێت وایە تا چەند ئەو ئامانجەی پێکاوە کە ئێوە مەبەستتان بووە؟

* کۆمەڵێک دەزگا سەر بەدەزگای ئاراسن وەک زاری کرمانجی لە سۆران و شەفەق لە کەرکووک، هەروەها کۆمەڵێک بنکە و سەنتەری وردیلەشمان هەیە لە ناوچە دوورەدەستەکاندا. هەر یەکە و لە ئاستێکدا شوێن پەنجەی دیارە لە دەڤەرەکەی خۆیدا. بەڵام ئامانج پێکان چییە بەلای تۆوە؟ من لەو باوەڕەدام لەم سەردەمەدا کە دەڵێن دنیا بووە بەگوندێکی گەورە، لە هەمان کاتیشدا گوندێکی گەورەش بووە بەدنیایەکی سەربەخۆ. کاریگەریی ناوەندی سەرەکیی وڵات، خاوبووەتەوە بەسەر ناوچە دوورەکاندا. بۆ نموونە کوردستانی خۆمان لەم ساڵانەی دواییدا لە هەڵچوونێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی، ئەمە ڕووداوێکی گشتییە و وەنەبێ تەنیا پایەتەختی گرتبێتەوە. دەزگا ناوەندییەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر واتە ئەوانەی لە هەولێر یان شارە گەورەکانی تردان، بەتەنیا تێنووەتیی خەڵک ناشکێنن، یان هەموو خەڵک خۆیان و کێشەکانیان تێدا نادۆزنەوە. لەبەرئەمە هەبوونی ناوەند و دەزگای لۆکاڵ پێویستییەکی ناچارییە بۆ ئەم دەمە.

* زۆر جار باس لە پشتگوێ خستنی کارمەندی دەزگاکانی سەر بەدەزگاکەتان دەکرێت، هەم لە ڕووی پێداویستی هەمیش لە مووچە و ئیمکانیاتی ماددییەوە، ئەو قسەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت لە کاتێکدا مووچەی کارمەندانی ئەم دەزگایانە کەمە؟

* زۆر سوپاس بۆ درکاندنی ئەم ڕاستییە. مانگانەی دەزگای شەفەق و زاری کرمانجی و ئەوانی تریش، هەروەها دەزگای ئاراس خۆیشی، کەمە لە چاو دەزگاکانی کوردستان. بەڵام دەنگۆی ناو خەڵک ئەوەیە کە چالاکیی ئەم دەزگایانە بەزەبری پارە بەڕێوە دەچن. من لام وایە پارەڕژاندن، بەژیانی خۆی نەبووە بەهۆی داهێنان، سیستەم و ڕێکوپێکی لەکارکردندا بنەمای داهێنانن. ئەم بانگەشانە، کاری فاشیلەکانە بۆ داپۆشینی فەشەلی خۆیان. جارێکی تر سوپاس بۆ درکاندنی ئەم ڕاستییە.

* دەنگۆیەک هەیە کە جەنابت زۆر توندی لەگەڵ کارمەندان، هۆکاری ئەو توندییە چییە؟

* هەڵسوکەوتی من وەک بەڕێوەبەر دوو لایەنی هەیە. لایەنێک بیر و باوەڕگۆڕینەوە و گوێگرتن لە بۆچوون یان رەخنەی هاوکارانم، یاخۆ هەڵسوکەوتی دۆستانە لە نێوان بەڕێوەبەر و کارمەندەکانیدا، لەمەیاندا گرەو دەکەم لەم کوردستانەدا کەس وەک من هەڵسوکەوت بکات یان گوێ شل بکات. من بۆ خۆم ئۆفیسەکەم شووشەبەندە. کارمەندەکان لەو دیو شووشەکانەوە دەستم بۆ هەڵدەشەقێنن و سڵاوم لێ دەکەن یان زەردەخەنەم لەگەڵدا دەگۆڕنەوە. هەر کارمەندێکم دەتوانێ ڕۆژانە چەندان جار چاوی پێم بکەوێ. ئەسڵەن دیوارێک نییە لە نێوانمان. لایەنەکەی ترم دیسپلین و زەپتورەبتە، بەڵێ لەمەیاندا توندم، کوردستان پێویستی بەیەک شت هەیە ئەویش سیستەمە. کارمەندی دەزگای تر دەڵێ مانگێک دەوام نەکەم بەڕێوەبەرەکەم نازانێ. من ئاگام لە ورد و درشتی کارەکانی دەزگا هەیە. میوان کاتم لێ دەگرن ئەگەرنا دیسپلینم زیاتریش دەبوو.

هەرچەندە کاری بابایەکی وەک من بەتەنیا لەم بوارەدا وەک ئەوە وایە ئاسنی سارد بکوتم. پێ لە دەزگا بنێ بەو دیودا، بێ سیستەمییە و کەس هانت نادات ڕێز لە یاسا بگریت. هەموو کەس پێت دەڵێ بۆ خۆت ماندوو دەکەی؟ هەرچی ڕۆژانە من دەیخەمە مێشکی کارمەندەکانم، لەودیو دەرگا بەیەک چرکە و بەیەک قسە بەتاڵ دەکرێتەوە. لەم وڵاتەدا ئەگەر سیستەم دانەنێین، ئەوەی بەدیشمان هێناوە ڕۆژێک دێت لەگەڵ یەکەمین رەشەبادا هەڵدەکەنێ، چونکە بەرهەڵدایە و بەزەوییەوە نەبەستراوەتەوە.

* دەزگاکەتان چەندین لقی لێ بووەتەوە، کۆمەڵێک کەسی بەتوانا لەو بڵاوکراوانەی دەزگاکەتان دەری دەکات کۆبوونەتەوە، بیرتان لەوە نەکردووەتەوە هەموویان لە نێو پرۆژەیەکی گەورەدا کۆ بکەنەوە؟

* بەڵێ، لە وەڵامی پرسیاری پێشووترتدا ویستم ئەوەش بڵێم هەبوونی دەزگای لۆکاڵ دەلیڤە دەکاتەوە بۆ ناساندنی توانای دەرکەوتوو لەو شوێنە دوورانەدا. بۆ نموونە دەزگای زاری کرمانجی چەندان وزەی داهێنانی لە دەڤەری سۆراندا تەقاندەوە و پێشکێشی راگەیاندنی کوردستانی کردن.

هەروەها هەنگاوی لەمجۆرە دەرفەتی بەشداریی دادپەروەرانە بۆ خەڵکی ناوچەکان دەکاتەوە تا بەشێوەیەکی راستەقینە لە بەرهەمی راگەیاندن و رۆشنبیریی گشتیی وڵاتدا بەشداری بکەن. ئەمە بناخەی یەکەمی یەکسانی و دیموکراسییە. لە دەزگای ئاراسدا پرۆژەیەکمان هەیە زۆر لەمێژە باسی دەکەین، ئەویش پرۆژەی رۆژنامەیەکی رۆژانەیە. ئەگەر کێشەی دارایی و کێشەی قاتوقڕیی کادیری رۆژنامەوانیی شارەزا نەبووایە، دەمێک بوو دەستمان پێ کردبوو. بۆ پرۆژەیەکی وا ستراتیجی، ئەو دەزگایانەی ئاراس داینـاون لە شارەکاندا، سەروەت و گەنجینەیەکی بێ وێنەن هەم لە رووی هەبوونی بنکەیەک کە لە زووەوە وەک گوتمان چەندان کەسی لێهاتووی گرتووەتەخۆ و ئامادەن لە پرۆژەیەکی وادا بەشدار بن، هەمیش لە رووی کەڵەکەکردنی ئەزموونەوە.

* جگە لە دەزگای ئاراس چەند دەزگایەکی دیکەش هەن کە کاری راگەیاندن و رۆشنبیر دەکەن، لە نێو رۆژنامەڤانان و رۆشنبیران باس لە بوونی جۆرێک لە ململانێی ناتەندروست دەکرێت لە نێوان ئەو دەزگایانەدا، ئەمە تا چەند راستە و ئەگەر وایە هۆکاری چییە؟

* من خۆم بەگەورەترین ململانێکار دەزانم بۆ هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا کار دەکەن. ململانە و پێشبڕکێ مافی یاریکەرانە. متمانەشم بەخۆم هەیە و یاسا و پرەنسیپەکانی یارییەکەش دەزانم و هەوڵ دەدەم پشتی بەرامبەرەکانم لە زەوی بدەم، بۆ پێت سەیرە وا دەڵێم؟ مەگەر ململانەی وەرزشی رەنگدانەوەی هەقیقەتی ژیان نییە؟ ئەدی پێشبڕکە و کێبەرکێی نێوان خەڵک بناخە و بنەڕەتی پێشکەوتنی ژیان نین؟ بەڵام دەبێ مرۆڤ لەگەڵ پرەنسیپەکانی ململانەدا راستگۆ و مەردانە بێ، پاشقول لە خەڵک نەگرێ، رێز لە کار و داهێنانی بەرامبەرەکەی بگرێ و دان بەهەڵەی خۆیشیدا بنێ. هەروەها یاریکار دەبێ مرۆڤێکی ساغ و تەندروست و باوەڕبەخۆ بێ نەک نەخۆش و گەندەڵکار و خۆپەرست. ململانە لە کوردستان زۆربەی زۆری بەهۆی نەخۆشییەوەیە. چاو هەڵنەهاتنی کەسانی فاشیل بەکاری

سەرکەوتووتر لە هی خۆیان، ئەمە هاندەری ئەو شتەیە تۆ پێی دەڵێی ململانە.

ئەم جۆرە ململانەیە من نایکەم و کاتیشم نییە بۆی. جاربەجار گوێم لە دەنگی ئەو تەقانە دەبێ بەمن و کارەکانی ئاراسەوە دەنرێن، گوێیان نادەمێ تەنیا ئەگەر یەکێک بەنووسین بیەوێ راستییەکان چەواشە بکات، بۆ ئەمجۆرە رووقایمیيانە دێمە دەنگ ئەویش بێ ناوهێنانی کەس. بەڵام ئەوەش هەیە، رەنگە دەنگۆی ناو خەڵکیش زۆریان راست نەبن کە باسی ململانەی نادرست بەم شێوە بەرفرەوانە دەکەن. جەماوەر وا فێر بووە مێش بکات بەگامێش. ئەمەی لە کوردستان هەیە لە نێوانی دەزگاکاندا ململانە نییە، ئەمە چاوچنۆکییە، بەخیلییە.

* پێت وا نییە بەهەبوونی ئەو هەموو دەزگایانە، ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری کەم کراوەتەوە و ئێوە کارەکانی ئەو وەزارەتە دەکەن؟

* نا وا نییە. هەردوو بۆچوونەکە چەوتە، یەکەم: وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری دەزگاکان دەکات نەک دەزگاکان کاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەن. دووەمیش وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆی ڕۆڵی خۆی کەم دەکاتەوە نەک خەڵک کەمی کەنەوە. پێت بڵێم چۆن؟ دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری دەست لە کردەوەی بەرهەمهێنانی راگەیاندن و هونەر و ڕۆشنبیری هەڵگرێ لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کارانە لە سەردەمی تازەی دنیادا کاری کەرتی تایبەتن یان کاری ئەو دەزگا ناحکومییانەن کە حکوومەت پاڵپشتییان دەکات و زەوینەی کاریان بۆ دەڕەخسێنێ. حکوومەت ئیتر ناتوانێ کاری ڕۆژنامەوانی و مووزیک و کتێب چاپکردن و ئەم جۆرە شتانە بکات. ئەمانە کاری داوودەزگای ترن وەک باسم کرد. وەزارەتی ئێمە گرووپی مووزیکی فاشیلی هەیە، تەلەفزیۆنی فاشیل دادەنێ، کۆواری منداڵانی هەیە بێ ئاستە، کۆوار و رادیۆ و هەموو شتێکی هەیە بێ کوالیتین. ئەگەر هەمان ئەو خەرجییانەی بۆ ئەم کارانە دەیکات لەناو وەزارەتدا، بیداتەوە بەهەمان ئەو خەڵکانەی خۆی لە دەرەوەی وەزارەت، کارەکە زۆر سەرکەوتوو دەبێت و ئەوەندە خەرجییەشی ناوێت.

کـاری وەزارەتی ڕۆشـنبـیـری بـەوە کـەم نەبووە ئـاراس یان مـوکـریـانی یان سـەردەم کتێب چاپ دەکەن، یان یەکێک سیدی بەرهەم دێنێ، یان دەزگـایەک فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری دەکات، بەوە کەم بووە کە وەزارەت بەرێکخستنی ئەم کـارانە هەڵناسـتێ و ئاگاشی لێ نیـیـە و یاسـا و ڕێنوێنیـشـیـان بـۆ دانانێ. بەلامـەوە سـەیرە وەزارەتی ڕۆشـنبـیـری لە کـوردسـتـان ئاگـای لە کـردنەوەی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب نییە کە دوو ساڵە لە هەولێر دەکرێتەوە. یان دەستی نییە لە "هەفتەی دەزگای مەدا" کە ئەویش دوو جار کراوە. یان ئاگای لە دانانی یاسـای ڕۆژنامـەنووسـان نـیـیە کە خـەریکە پەرلەمـان بڕیاری لەسـەر دەدات. ئەمانە کاری وەزارەتن کە خۆی لێیـان نـەبان کردووە. دەبێ وەزارەت سـەرپەرشـتـیی ڕێکخـسـتنی کـاری ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن بکات لە وڵات نەک خـۆی بەرهـەمـیـان بێنـێ. حکوومــەت لە دنیـای نوێدا دەزگـایـەکی بەرهەمـهێن نیـیـە. باشـە، تەلەفزیۆن دەکاتـەوە؟ لە پاشـان دەبینین چۆن دەبێ. ئەرکی وەزارەت نیـیـە تەلەفزیۆن دابنـێ، ئەرکی ئەو ئەوەیە ئەم تەلەفـزیۆنانەی کوردسـتـان بەسیسـتـەمێکەوە ببەسـتێتـەوە. کێشە ئەوەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕۆڵی سـەرشانی خۆی بەجێ ناهێنێ و بیانووش بەم و بەو دەگرێت.

* مـاوەیـەکە باس لە زۆری ڕۆژنامـە و بڵاوکـراوەکان دەکرێت، تۆش پێت وایە بوونی ئەو هەموو بڵاوکراوەیە، سلبیاتی زۆرتر بێت لە ئیجابیاتی؟

* لەبەرئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری یان حکوومەت بەگشـتی، یان پەرلەمانی کـوردسـتـان یاسـایـەکی نیـیـە بـۆ ڕێکخـسـتنی کـاری ڕۆشنبـیـری و هونەر و ڕۆژنامـەوانی وەک گوتمان، ئیتر کارەکە ئەوەیە کە دەیبینی. زۆرجار گوتمان دەبێ حکوومەت بەپێی یاسا و ڕێنوێنیی دیاریکراو و چەسپاو، مۆڵەت بدات بە کـردنـەوەی دەزگـای ڕۆشنبـیـری و پارەیان بـەسـەردا دابەش بکات. هـەروەها لێـپێـچـینەوەیان لەگـەڵدا بکات کـاتێ لە یاسـا دەردەچن، بـەڵام ئەمـانە هیـچی نەکراوە. زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامانەی لە کوردستـان هەن، دیار نییـە پارە لە کوێوە وەردەگرن. هەیە لە حـزبی وەردەگرێ، هەیە لە کەسێکی باڵادەستی ناو حزبی وەردەگرێ، هەیـە لە بەغداوە بۆی دێ. هەیە لە وڵاتـانی دراوسـێوە بۆی

دێ. هەیە کەس نازانێ لە کێی وەردەگرێ. باشە ئەوەی پێی دەدا دۆستە، دوژمنە؟ دیار نییە.

لەلایەکەوە یاسا نییە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی یان کاری ڕۆشنبیری بەگشتی، ئەمە ئاشکرایە. لەلایەکیش دیار نییە لە کوێوە پارەیان پێ دەدرێ و مەبەست چییە لەم پارەپێدانە. سەیر و سەمەرەی دنیایە کە ڕۆژنامەوانی لە کوردستان لەسەر لووتکەی گەندەڵی دانیشتووە و باسی گەندەڵیش دەکات. بەلای منەوە ئەوەی پارە لە حکوومەت وەرنەگرێ و بەڕەسمی و بەحیساب و بەکیتاب وەری نەگرێ گەندەڵکارە. پێش چەند ساڵێک ڕۆشنبیرێکی گەورەی میسر کە دۆستی کوردیشە لەبەرئەوەی پارەی لە دەرەوە بۆ هاتبوو بۆ کاری ناوەندەکەی، هەرچەندیشە بۆ پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی خەرجی کردبوو، بەڵام سزای توند درا و چووە زیندان.

* ئێستاش زۆر جار نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەکەونە بەر هەڕەشەی بەرپرسانی حکوومی و سەربازی و زۆر جاریش حزبی، پێت وا نییە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی بەرپرسان ڕووی ئەو دەسەڵاتە ناشیرین دەکات؟

* ئەرکی ڕۆژنامەوانی ئەوەیە زۆرترین رووبەری کۆمەڵگە بگرێتەوە، زانیاری بگەیەنێ، ڕاستی روون بکاتەوە، دەرفەت والا بکات بۆ خەڵک تا داخواز و بۆچوونی خۆیان دەربڕن. ئەمانە مافی ڕۆژنامەوانین و هەر کەس یان هەر یاسایەک کۆتوبەندی بخاتە سەر، کارێکی کردووە پێچەوانەی بزاڤی دیموکراسییە، لەبەرئەوەی ئازادیی کاری ڕۆژنامەوانی شارستانیانەترین شێوازە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە. بەڵام دەشبێ ڕۆژنامەنووس ڕاستگۆ و روون و ئاشکرا ئەم کارە بکات و بەدەستپاکییەوە ئەنجامی بدات. نابێ جڵەو بۆ مگێزی کەسانی شۆڕ بکات و ڕاستی بشێوێنێ. ڕاستت دەوێ ئەرکی سەرنوسیار و تەواوی نووسیاران لە ڕۆژنامەیەکدا ئەرکێکی مەترسیدارە و دەبێ وریابن زانیاریی چەوت بڵاو نەبێتەوە. ئەگەر بڵاویان کردەوە دەبێ زوو روونکردنەوە بدەن و داوای لێبووردن بکەن. دەبێ ڕێگە

نەدەن ئەوانەی ستوون و گۆشەیان بۆ دەنووسن ناو و ئابڕووی خەڵک لەکەدار و بریندار بکەن، یان ئەوانەی هەواڵیان پێ دەدەن هەواڵەکانیان شێواو بێ. بەکورتی دەبێ ڕۆژنامەوانی بەپێی بنەمایەکی پاک بڕواتە ڕێوە نەک ئاژاوە بنێتەوە. ڕۆژنامەوانی کارێکە لە لوتکەی هەستیاری و بەرپرسیارەتیدا. ئاخۆ ڕۆژنامەی ئێمە ئەمە دەزانێ؟

ئەمە ڕۆژنامەوانی وا، بەڵام بەرپرسیار و دەسەڵاتدار بەهیچ جۆر مافیان نییە دەمی ڕۆژنامەنووس دابخەن یان بیگرن، لەبەرئەوەی داخستنی دەمی ڕۆژنامەنووس بەهەر شێوەیەک، بەگرتن بێ بەهەڕەشە بێ، واتە دەست بەسەرداگرتنی ئازادیی دەربڕین و نەهێشتنی گەیشتنی راستی بە خەڵک. بەڕاستی زۆرن، ئەو بەرپرسیار و کاربەدەستانەی ژێر بەژێری کار دەکەن و نایانەوێ کەسیش لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، وەک بڵێی ئەم وڵاتە میراتی باوکیان بێت و خەڵکیش میوان بن تیایدا. کاربەدەستی دژ بە ئازادی نەک هەر ڕووی دەسەڵات، بگرە ڕووی تەواوی وڵاتیش دزێو دەکات تا خەڵکەکەی نەفرەتی لێ بکەن.

* زۆر جار ڕۆژنامەنووس بەوە تاوانبار دەکرێت کە تەشهیری کردووە، یان هەواڵی نادروستی بڵاو کردووەتەوە لە کاتێکدا هیچ دەزگایەک ئامادە نییە وەک پێویست هاوکاریی ڕۆژنامەوانێک بکات کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە گەندەڵییەک سەردانی کردبێت، بەبۆچوونی تۆ ئەو کێشە تا کەی بەردەوام دەبێت؟

* من لام وایە نەبوونی دیودەری (یان شەفافیەت) بووە بەهاندەری یەکەمی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن. لێرە لەم ناوچەیەی دنیادا پرەنسیپی شاردنەوەی زانیاری لە خەڵک، پرەنسیپێکی کار پێکراوە لەلایەنی بەرپرسانی دەسەڵاتەوە، ئەمە پرەنسیپێکی گشتییە و کولتوورێکی کۆنی ناوچەکەیە. دەسەڵات دەیەوێ شت لە خەڵک بشارێتەوە لەبەرئەوەی پێی وایە گەیشتنی زانیاری و راستی بەخەڵک، کورسییەکەی دەخاتە لەقولۆق. باشە دەسەڵات بۆ وا بیر دەکاتەوە؟ ئاخۆ متمانەی بەخۆی نییە و دەزانێ خەڵک لەم کارەی رازی نابن ئەگەر

زانییان؟ یان لای وایە خەڵک لەو ئاستەدا نین زانیارییان پێ بدرێ، یاخۆ لێی تێ ناگەن. دەسەڵاتێکی ئاوەها، لە بیری دەچێتەوە کە خۆی بەدەنگی هەمان ئەو خەڵکە هاتووەتە سەر کار کە متمانەی پێیان نییە. باشە تۆ متمانەت بەو نەبێ و شتی لێ بشاریتەوە، ئەی جاری داهاتوو ئەو چۆن متمانەت پێ دەکا و دەنگت پێ دەداتەوە. ئەمە پرسیارێکی سادەیە، وا نییە؟

ئەم کێشەیە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی حزبییە. تا ئێستا بەگوێرەی تەزکییەی حزبی و وەلائی حزبایەتی و "تۆ کوڕی کێیت" کار دەکات. دەڵێ "بنەماڵەکەتان چەند قوربانیی داوە؟" وەک بڵێی ئەوەی قوربانیی نەدابێ مافی نەبێ لەم وڵاتەدا ڕۆڵی هەبێ. باشە ئاخۆ مەرجە ئەوەی دوێنێ قوربانیی داوە، ئەمڕۆ شیاوی ئەوەبێ کاربەدەستی کارگێڕییەک بێ، کە ئەم کارە ڕەنگە وەک مەرج، لێهاتوویی و شارەزاییی پێویست بێ. ئەم جۆرە شێوازە چەوتە لە هەڵبژاردنی کەسان بۆ گرتنی شوێن لەمێژەیە وەک خۆی بەردەوامە. لێرە لە کوردستان پێسپاردنی ئەرک، بۆ وەرگرتنی دەسکەوتە نەک بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارەتی. کە بنەماش وا بێ ڕواڵەت ئەوە دەبێ کە دەیبینی. کێشەکە هەر ئەوە نییە کە بەرپرسێک یان کاربەدەستێک تەنانەت بەڕێوەبەری کارگێڕییەکی بچووکیش یارمەتیی ڕۆژنامە نادات بۆ پێدانی زانیاریی ڕاست و دەبێ ئەم کولتوورە نادیموکراسییە بگۆڕێت، پرسەکە هەر ئەوەندە نییە، ئەوەیە لێک ترازانێک کەوتووەتە نێوانی میللەت و دەسەڵات. وا لەم ڕۆژانەدا باسی "پرد" دەکەن بۆ بەستنەوەیان بەیەکتر.

* زۆر جار لە نووسینەکانتدا ڕەخنەی توند لە حکومەت و سیستەمی بەڕێوەبردن دەگری، بەڵام ئەگەر کەسێک هەمان جۆرە ڕەخنە بگرێت تۆ دڵگران دەبی، بۆ؟

* کەی وایە و بەڵگە چییە و لە کێ دڵگران بوومە و لەسەرچی؟ ڕاستی ئەوەیە من دژی ناوزڕاندنم، دژی ئەوەم بێ بەڵگە قسە بکرێت و جنێو و تۆمەت دابەش بکرێ. ئەوەی کاری وا دەکات یان ئەوەتا ڕێز لە پیشەی ڕۆژنامەوانی و ئۆباڵی ئەستۆی خۆی ناگرێت، یان ئەوەیە لە بنەڕەتەوە پێناسەی پیشەکەی

بەچەوتی وەرگـرتووە. دەزانی کـێـشـە لە چیـدایە؟ کـێـشـە لە پێناسـەی ڕۆژنامـەنووس خـۆیدایە. داوونەریتـی باو دەڵێ ئەوەی لـە ڕۆژنامـەدا بـنووسێ ڕۆژنامەنووس حسێبە. ئیتر ئەو کەسـە بەپێی ئەم پێناسـەیە دەبێ بەئەندامی سـەندیکا، کە بووش بەئەندام یاسا ناتوانێ بەئاسانی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات لەبەرئەوەی ئازادیی دەربڕین لـە گۆڕێدایە. کەواتە کێشەکە لێرەدایە کە دەبێ ڕۆژنامـەنووس مـەردبێ و ویژدانی بـەهێز بێت ئـەگینا هیچ ڕێچارەی تر نییە. من کـاتێ پێچەوانەی ئەمە دەبینم لە کوردستان رقم لە خۆم دەبێتەوە کە ئەم پیشەیەم هەڵبژاردووە.

جگە لـەوە من لە نووسـینـی خـۆمـدا ڕەخنە لە دیاردەیەی دزێو دەگـرم نە لە کەسـێکی دیاریکراو. من لەسـەر دیاردەیەک دەنووسم کە لە بـەرچاوی هەمـوو خـەڵکە و دەتوانم زۆریش توند دژی ئەم دیاردەیـە قـسـە بکەم. ڕێک و ڕەوان قسـەی خـۆم دەکەم و هـەزار حـسێـبیش دەکەم ئاخـۆ یاسا لە کام ڕسـتـەدا خافڵگیرم دەکات، بۆیە هـەوڵ دەدەم نەکەومە داوی یاساوە. ئەگەر ڕۆژێک پێوە بووم مـەرج بێ نەپاڕێمـەوە تا لێم خـۆش بن. ئەوانەی ناوی خـەڵک لەکـەدار دەکـەن، ببـینـە کـە تووش دەبن چەند بێ کـێش و سـەنگن، وەک پشـیلـە پایزە بەفووی منداڵێک دەچن بەئاسماندا.

* بەهـۆی ئەوەی بەڕێزت جگە لە سـەرۆکی دەزگـای ئاراس ڕاوێژکـاری سـەرۆکی حکوومـەتیشی و نزیکی لە ڕووداوەکـان و ئاگەداری ڕەوشی بەڕێوەبردنی حکوومـەت و سیستـەمی پەرلەمانیت، ڕات چییە بەرامبەر ئەندام پەرلەمـانەکان، بەتایبـەتی کە هاووڵاتییان پێیان وایە هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکان ئەو کارامەییەیان تێدا نییە؟

* لەبەرئەوەی لەم دوو سێ سـاڵەدا زیاتر بەکاری ئاراسەوە خـەریکم، کەمـتر ئاگـام لە کـاری حکوومـەت یان دەسـەڵاتە. ڕاسـتـت دەوێ مـن خـۆم زیاتـر لە نزیکی مـیللەت دەبینم نەک دەسـەڵات. ئەمـە جـۆری پیـشـەکـەمـە کـە ڕۆژانە چەندان نووسـەر و ڕۆشنبیر دەبینـم نەک چەندان وەزیر و پەرلەمـانتار. بەڵام ئەگـەر بـۆچوونـی منت دەوێ لەبارەی پەرلەمـانەوە ئـەوا بەئاشکرایی دەڵێم

هەمان ئەو سیستەمەی پێشتر باسم کرد لەبارەی وەلائاتەوە هەر ئەو سیستەمەیە کە لیستی ناوەکانی بۆ پەرلەمان دیاری کردووە. حزب تا خەباتی پێچەوانە دەکات لە میللەت نزیکە، کە چووە سەر تەخت لە میللەت دەترسێ، بۆیە دەیەوێ چەپڵەلێدەر بنێرێ بۆ پۆستە گرینگەکانی وەک پەرلەمان.

من پێچەوانەی ئەوەی هەیە بیر دەکەمەوە. هەبوونی پەرلەمانێکی بەهێز بۆ کورد زۆر گرینگە، پەرلەمانێک کە ڕۆژانە دەسەڵاتی کارگێڕی لە قاف بکێشێ و بیهێنێتە بەردەم پرسینەوە. ئەگەر پەرلەمانێکی وات هەبووایە بێگومان نەگەندەڵی دەبوو، نەبیرۆکراسی دەبوو، نەبێ سیستەمی دەبوو نە ئەم هەموو سکالایەی خەڵک. کوردستان لە سایەی پەرلەمانێکی بەهێزدا دەتوانێ ببێ بەهەوارگە و پانکی دیموکراسی نەک لە سایەی پەرلەمانێک لە هاوشێوەی دیوەخانی پیاوماقوولاندا.

* پێت وا نییە ئەو سیستەمەی کە پەرلەمانی کوردستانی پێک هێناوە هۆکارێک بێت بۆ بوونی هەندێک کەسی نەشیاو بەئەندام پەرلەمان؟

* بەڵێ بێگومان وایە. دەیانەوێ یەکێک بنێرن بەدۆخەکە رازی بێ و کڵاوی خۆی بگرێ و مووچەی خۆی وەربگرێ. پەرلەمانێکی بەهێز هەبووایە کەرکووک وای بەسەر نەدەهات.

* دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە گازەندەی هاوولاتییان لە بوونی گەندەڵی زیادی کردووە بەجۆرێک کە لە هەندێک ناوەندی ڕۆشنبیری باس لە نەتوانینی زاڵبوونی حکوومەت دەکەن بەسەر ئەو گەندەڵییەدا، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

* خۆ گەندەڵی شتێک نییە لە ئاسمانەوە هاتبێ، گەندەڵی بەرهەمی شێوازی کارکردنی دوو ئیدارەکە یان باشتر بڵێین دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەیە، کە وەک قیر و بنێشت ئەم شێوازە کارکردنە چەوتەیان گرتووەتە خۆ و بەری نادەن بگرە پەرەشی پێ دەدەن. تۆ سەیری ئەم چیرۆکە بکە: بۆ ئەوەی گەندەڵی نەبێ، پێویستە یاسا و ڕێنوێنی بەتەواوی جێبەجێ

بکرێن و هەموو شت لێپێچینەوەی بەدوادا هەبێ. بۆ ئەوەی ئەمەشت هەبێ دەبێ کەسانی لێهاتووی شیاو لە کارگێڕیدا بن و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن پۆستیان خرابێتە ئەستۆ نەک بۆ قەرەبووکردنەوەی ماندووبوونی دوێنێ یان قوربانییانیماڵباتەکەیان یان لەبەرامبەر وەلائی حزبی. بۆ ئەوەی ئەمەشت هەبێ دەبێ پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ حکوومەتدا بکات نەک حزب لێپێچینەوە بکات. بۆ ئەوەش کە پەرلەمان کارا و لێهاتوو بێ دەبێ حزب ریفۆرمی جدی لە خۆیدا بکات و شێوازی کاری خۆی سەرلەبەر بگۆڕێ تا لیستێکی باشتر دابنێ. کورد دەڵێ: هایهوو توایهووا ئەم شیردا بۆ داپیردایە چۆن دێتە دی؟

* زۆر جار گەنج رەخنە لە حکوومەت و پەرلەمان و سەرکردایەتیی سیاسی دەگرن و پێیان وایە وەک پێویست گوێ لە گەنجان ناگرن و پێشوازی لە پرۆژەکانیان ناکەن، رای تۆ چییە؟

* من تا ئێستە پرۆژەیەکم لە گەنجانەوە نەبینیوە تا بڵێم وایە. من زۆر گلەیی لە گەنج ناکەم چونکە ئەویش دەرداوی ئەو زەلکاوەیە کە باسم کرد، زەلکاوی کۆمەڵی کوردەواری. دەسەلات و داوودەزگا، باوک و دایک هەموویان گلەیی لە گەنج دەکەن کە هەستی دڵسۆزی و حەزی کارکردن و نیشتمانپەروەری و هیچ شتیان نەماوە و وەک مەڕی گێژ دێن و دەڕۆن. گەنجانیش دەڵێن ئاوڕمان لێ نادەنەوە و کەس خێرێکمان پێ ناکات بۆ پرۆژەیەک.

من وا تێ دەگەم لەم نێوانەدا کەس لە خۆی نەگەیشتووە. یەکەم: بۆ ئەوەی دەسەلات نەوەیەکی باش و بەرپرسیار پەروەردە بکات بۆ وڵات، دەبێ پرۆژەی ستراتیجیی هەبێ و لاوان بخاتە کاری بەرهەمهێنانەوە، نەک وەک ئێستا کاری بەرماوەخۆری و وەرگرتنی مووچەی گەندەڵی. ئەوەی لاوی پەرێشان کردووە ئەوەیە خۆیان لە ناو کاری بنیاتنەردا نادۆزنەوە، نەک هەر خۆیان بگرە تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان لە ناو کاری بنیاتنەردا نابینن و هەمووی وەرگری مووچەی گەندەڵییە. دووەم: لاوان پرۆژەی جدییان نییە، هەرچیی

باسی دەکەن و داوای دەکەن، ئەگەر لێی بکۆڵییەوە دەبینی ئەگەر جێبەجێ بکرێ قوڕی گەندەڵی زیاتر خەست دەکاتەوە. پڕۆژەکانی لاوان زیاتر تەرفیهی و رابواردنن نەک کار و ماندووبوون و فێربوون و بنیاتنان. راگەیاندنی کوردستانیش لەولاوە بووەستی، بایەخ بەداهێنان و کاری لاوان نادات کە لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانیدا ئەنجامی دەدەن و لەوێ تواناکانیان دەردەکەوێ. راگەیاندن وا دەزانێ خەمی لاو تەنیا شایی و هەڵپەڕین و سێکس و بەدواداچوونی خەبەری پڕوپووچی هونەرمەندانە، کێ شووی کرد و کێ تەڵاقی خوارد.

* گەنجان پێیان وایە دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی گرینگی بەپیاوی ئاینی دەدات نیو ئەوەندە گوێ لە گەنج ناگرێت؟

* وا بزانم دەسەڵاتیش پێی وایە ئەوەندەی گەنج گوێ لە پیاوانی ئاینی دەگرن ئەوەندە گوێ لە دەسەڵاتی کوردی ناگرن. لەوانەیە هەردووکیشان راست بکەن. گوێگرتن لە پیاوی ئاینی بۆ کاروباری ژیانی سەر زەوی هەڵەیەکە لە خۆی گەورەتر نییە. دەسەڵات و گەنج کەسیان پێویستیان بەشیرەت و ئامۆژگاریی پیاوی ئاینی نییە لەبەرئەوەی پیاوی ئاینی دەبێ رێی چوونە بەهەشت پێشانی خەڵک بدات نەک رێی چوونە سەر کورسیی دەسەڵات. دیارە ئەمانە پیاوی ئاین نین، ئەوانیش وەک ئێمە پیاوی دنیان بەڵام دنیاداری بەعەقڵێکی کۆنەوە دەکەن.

وەک گوتم گەنج و دەسەڵات هەر یەکە و ئاشیان لە دۆڵێکی جیادا دەگەڕێ. تا لە یەک حاڵی نەبن هیچ کارێک ناکرێ. کارەکەش وەک گوتم ریفۆرمێکی دەوێ و دەبێ لە نووکەوە پێیدا بێینەوە، باڵەخانەیەکی رزیومان هەیە دەبێ هەڵی وەشێنینەوە و چاکی بکەینەوە ئەگینا کە رەشەبا هات بەسەرماندا دەتەپێ.

* گەنجان دەڵێن حکوومەتی کوردستان تەنیا بەهوتاف قسە لەسەر کێشەی گەنجان دەکەن بەڵام مەیدانییەن هیچ هەنگاوێک ناهاوێژێت؟

* وەک لەمەوپێش گوتم حکوومەت و گەنج تەکولۆ کەوتوون. کەسیان لەوی تر حاڵی نابێ. حکوومەت لە بەرنامەی گشتیی خۆیدا هەنگاوی ناوە و شتیشی کردووە لە بواری رۆشنبیری و خۆشڕابوێریدا وەک کردنەوەی پارک و ئینتەرنێت و سەنتەری گەنجان و سەدان تیپی وەرزشی و وەزارەتی گەنجان، کە گەنجان داوای دەکەن. کێشە ئەوەیە نە گەنجان و نەئەوانەی بەرپرسیارن لە کاروبارِیان، بەدوای پرۆژەی جدیدا ناگەڕێن. وەزیر هەیە پسپۆڕییەکەی بۆ گەنجانە، بەڵام بەرنامەکانی لە گەڕەلاوژەی هەرزەکاران دەچێ، راوێژکار هەیە هیچ ئەزموونێکی نییە، هەر راویژێکی پێ بکەی دەسخەڕۆت دەکات و ماڵت وێران دەبێ. بۆ چارەسەر، من لەو باوەڕەدام راوێژکاری بیانی بێنین بۆ کوردستان باشترە. با لە پاڵ هەر وەزیرێکدا دوو سێ دانە راوێژکاری خۆیی و بیانی هەبن و بڕیارەکانی بۆ بنووسنەوە ئینجا ئیمزای پێ بکەن.

> * هەردەم هەست بەکێشە و یەکتر قبووڵنەکردنی نووسەر و کەسانی رۆژنامەوان و پیاوانی ئاینی کراوە، تۆ هۆکاری ئەو کێشەیە بۆ چی دەگێڕییەوە؟

* کێشەکە بەکورتی ئەوەیە: رۆشنبیر مرۆڤێکی گۆڕاوە، لەگەڵ هەموو گۆڕانێکی دەوروبەردا ئەویش دەگۆڕێت، رۆشنبیر تا دەمرێ بەیەک جۆر بیر ناکاتەوە و لە یەک قالبدا زیندان نابێ. لەوانەیە رۆشنبیر لە ژیانی خۆیدا چەندان جار بیروبۆچوونی لەمەڕ پرسێک بگۆڕێت و تەنانەت دژی هەڵوێستی دوێنێی خۆشی بیر بکاتەوە. هەروەها رۆشنبیر وا ناسراوە گوێ لە هەموو کەس دەگرێ و دایەلۆگیان لەگەڵدا دەکات. بەڵام پیاوی ئاینی چەقیوە و نابزوێ. کێشەکە ئەوەیە ئەقلی پیاوی ئاینی لە پرسە کۆمەڵایەتییە گۆڕاوەکاندا ئەقلێکی نەگۆڕە. موجتەهیدێک پێش هەزار و ئەوەندە ساڵە چیی گوتووە دەبێ من لەم چاخی پێشکەوتنەدا بەقسەی ئەو بکەم و بەموو لێی لا نەدەم، ئەمە گەوجکردنی خەڵکە. نموونەیەکی تر، منداڵ بووین مێژووی عەرەب و ئیسلاممان دەخوێند، لەوێ کەسانی وەک حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، یان زیادی کوڕی سومەییە بەسەرکردەی فتووحاتی ئیسلامی دەژمێردران،

بەڵام پاشان لە خوێندنەوەی ئەم ساڵانەدا بۆم دەرکەوت ئەمە مێژووی ڕەسمیی ئیسلامە کە وا دەڵێ، ئەگینا ڕاستییەکە شتێکی ترە. حەجاج و زیاد دوو خوێنڕێژ و بێ ڕەوشتی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتین. یان خەلیفەی ئەمەوی هەیە مولحید بووە و پێشی گوتراوە ئەمیرولموئمینین. لەلای پیاوی ئاینی ئەم قسانە بکە بێ لێکۆڵینەوە دەڵێ کافر بووی. بەکورتی پیاوی ئاینیش پیاوێکی ڕۆشنبیرە بەڵام ڕۆشنبیرێکی کات بەسەرچوو. وتارەکانی خۆی ئاراستەی خەڵکی دوواکەوتوو دەکات. بۆیە لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی نوژەندا دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێ.

* هەست دەکرێت هەم سەرکردایەتیی سیاسی هەمیش حکوومەت زیاتر گوێ لە پیاوانی ئاینی دەگرن تا کەسانی دیکە، بۆ؟

* وەک پێشتریش باسم کرد، بۆ ئەوانەی کاری وڵاتیان بەدەستەوەیە گوێگرتن لە پیاوی ئاینی بەواتای ئەوەی بەقسەی بکەن، هەڵەیە. پیاوانی ئاین بۆ کاری دنیا ڕێی باش پێشانی پیاوانی دەسەڵات نادەن. پیاوی ئاینی سوورە لەسەر هێشتنەوەی عەقڵی کۆمەڵگە وەک خۆی، وەک هەزار و چوار ساڵ لەمەوپێش. بەڵام پیاوی سیاسی دەبێ شەو بخاتە سەر ڕۆژ بۆ گۆڕینی عەقلی کۆمەڵگە تا فریای پێشکەوتنەکانی سەردەم بکەوێت. چۆن ئەم دوو شتە دژە یەک دەگرنەوە، باوەڕ ناکەم سەرکردەی سیاسی گوێ لە پیاوی ئاینی بگرێت، ڕەنگە ڕێزی لێ بگرێ لەبەرئەوەی نوێنەری ئاینە و ئاینیش پرسێکی هەستیاری کۆمەڵگەیە. لە بیریشمان نەچێ پیاوانی ئاینی تەنیا کاری ئاین ناکەن، کە لە ژوورێک دابنیشن و بیر لەو دنیا و پاداشت و سزاکانی بکەنەوە. نەخێر، ئەوانیش وەک پیاوانی ڕاگەیاندن وان و کەناڵی خۆیان هەیە کە سەکۆی مزگەوتە، بەرژەوەندیی ژیانی خۆیان هەیە، شتێک عەقڵیان نەیبڕێ پاڵەپەستۆ دروست دەکەن لە کەناڵەکانی خۆیاندا و دەسەڵات تەنگەتاو دەکەن، بۆیە دەسەڵاتیش ناچارە ڕێزیان لێ بگرێ و نەهێڵێ بورووژێن و بەرژەوەندیان ڕەچاو دەکات.

* لە نێو خەڵکدا هەست بەلاوازییەکی زۆری ئینتیما بۆ حکوومەت و

دەسەڵات دەکرێت "مەبەست کێشە سیاسییەکان نییە"، تۆ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕییەوە؟

* ئەگەر تۆ سەیری دوای ڕاپەڕین بکەیت، ئەو کاتە لێشاوێکی گەورەی کۆچ هەبوو بۆ دەرەوە کە نیشانەی بێزاری و بێ هیوایی بوو، ئێستاش هەمان لێشاو هەیە، نەختێک کەمترە. ئەو کاتە هۆیەکەی برێتی بوو لە باری ئابووریی خراپ، هەروەها لێڵیی ئاسۆی سیاسی. بەڵام ئێستا باری ئابووری باشترە لەو کاتە، زۆریش باشترە، گوزەرانی خەڵک پێوەی دیارە کە باشترە لە جاران. ئاسۆی سیاسیشمان تا ڕادەیەکی زۆر روون و خاوێنە. کەواتە هۆیەکە چییە؟ بەبۆچوونی من دوو هۆ هەیە، یەکێیان ئەوەی پێی دەگوترێ گەندەڵی. گەندەڵیش هەر دەستپێسی نییە لە سەروەت و سامانی گشتیدا کە هەردەم باسی ئەمە کراوە، بگرە نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیشدا گەندەڵییە. ئەگەر یەکێک بناسیت دەتوانی مەرامت بەدی بێ تەنانەت ئەگەر ئەو مەرامەت پێشێلکردنی یاساشی تێدابێ. ترافیک سیستەمی نییە ئەمە گەندەڵییە. زانکۆیەک لە کۆیە دەکەیەوە بۆ ئەوەی زانکۆی سەلاحەدین لەبار ببەی لە کاتێکدا کۆیە هەزار و یەک پێویستیی تری هەیە پێش زانکۆ، لەم لایەشەوە هەروا، نەبوونی جدییەت لە بەڕێوەبردنی کاروباردا وای کردووە خەڵک متمانە و ورەیان لاواز ببێ.

لە کارگێڕییەکاندا سستی و بیرۆکراسی فەرمانڕەوان، لە زانکۆکاندا ئاستی خوێندن دابەزیوە، لە ڕاگەیاندندا هەست بەنەبوونی بەرنامە و بوونی فشەکەرییەکی بێ وێنە دەکەی، کولتووری باوی ناو خەڵک برێتییە لە بەرژەوەندپەروەری و دوورینەوەی دەسکەوتی ڕۆژانە. ئەمانە هەمووی ئینتیما بۆ وڵات لاواز دەکەن و وڵاتپارێزی لە دڵی خەڵکدا دەمرێنن. هەموو ئەمانەش بەوە چارەسەر دەکرێن کە یاسا سەروەر بێت و هەر کەس مافی خۆی وەربگرێت، بێ جیاوازیی حزبی، بێ جیاوازیی ناوچەیی، بێ ناسین و نەناسینی کەسێکی بەرپرس. تەنیا یەکسانی و بەس.

## ناوەندە کولتوورییەکانی کوردستان
## هەمووی بۆنی ناخۆش بووە

یەککگرتوو ٦٦٥ لە ٢٠٠٧/١١/٢٠

دیمانە: زیاد ڕەشاد

* بزاڤی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردی چۆن دەبینی، بەتایبەت لە کاتی تەنگژە و پەشێوییەکاندا؟

* ناشارێتەوە کە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بزاڤێکە کاریگەریی کەمە بەسەر کۆمەڵی کوردەوارییەوە، بگرە هەندێک جاریش کاریگەریی نەرێنیی هەیە. ناوەندەکانی ڕۆشنبیری لە هەر وڵاتێکدا چەند جێگایەکن: بواری پەروەردە و فێرکردن تا دەگات بەزانکۆ، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، ئینجا دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. ئەگەر سەیری ئەم ناوەندانە بکەی لەم وڵاتەی خۆماندا، دەبینی هەموویان ناوەندی داخراون و پێوەندییان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا کەمە، پێوەندیشیان هەبێ زیاتر بۆ ڕواڵەت و لاساییکردنەوەیە نەک وەرگرتنی ئەزموون. هەر ناوەندێک کراوە نەبێت بەسەر ئەزموونی جگە لە خۆیدا، وەک ژوورێکی داخراوی لێ دێ و بۆنی ناخۆش دەبێ. ناوەندە کولتوورییەکانی کوردستان هەمووی بۆنی ناخۆش بووە، دووبارەکردنەوە و بێ ئاستی بەسەر ئەوەی پێشکێشی دەکەندا، زاڵە.

بۆ نموونە لە بواری وەشانکاریدا، ساڵانە هەزاران کتێب لە دنیا بڵاودەبنەوە لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و زانیاری، چەندان ناوی نوێ سەرهەڵدەدەن و شاکاری نوێ لە کولتووری مرۆڤایەتیدا پەیدا دەبن. کورد لە هەموو ئەمانە بێ ئاگایە. نەک هەر خوێنەری کورد لەمانە بێ بەشە، نووسەرانیش بەهۆی زمان نەزانین یان بەهۆی کەمتەرخەمییەوە دابڕاون. ئەمە وای کردووە ژووری کولتووریمان بۆگەن بکات. یەکێک خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێ، کورد تەقەی سەری دێ، کەچی هەموو دنیا بەپەلە بەرهەمەکەمانی

وەرگـرانی نۆبڵ یان هەر خـەڵاتێکی تر وەردەگـێـڕنە سـەر زمـانی خـۆیان. ڕۆژنامـەوانیمـان خـراترە و نەشـارازایانەتر بەڕێوە دەچێ. یەک ڕۆژنامـە نییـە سـەرتاسـەری بێ بۆ هەرێمی کـوردسـتـان. بۆیە زاراوەی مـیلیـشیـاگـەری زۆر لەبارە بۆ ناونانی ئەم بارودۆخـە. بەکورتی، سـەرلەبـەری کارکردنمان لە بزاڤی ڕۆشنبـیـردا سـەرکـەوتنی باشی بەدەست نەهێناوە، لە کـاتێکدا "کـوردی بەدۆ مردی"، لە هەمـوو شت زیاتر لەم قۆناغەدا، پێویسـتی بەکولتوور و هۆشیـارییە بۆ ئـەوەی ئەزمــوونەکــەی بـاش بەڕێوە ببــات و ڕزگــاری بکات لـە هەڕەشــە و مەترسی، یان وەک تۆ دەڵێی لە کاتی تەنگژە و پەشێوییەکاندا بەکەڵکی بێ.

* کـتـێب و چاپکراوی کـوردی لـەمـڕۆدا، لـە کـوێی گـۆڕانکارییـەکـانی کۆمەڵگەدایە و چیی کردووە و چی ماوە بیکات؟

* لەبـەر ئەو هـۆیانەی باسـمـان کـرد، کـتـێـبی کـوردی لاوازە. ئەوەی نووسـەرانی خۆمـاڵی دایاندەنێن بابەتەکانیان دووبارە و سـوواون، پێوەندییـان بەژیانی سەردەمییانەوە نییە. بـۆ نموونە ڕۆمـانی کوردی، چەند جـارێک هەوڵم داوە ڕۆمـانێکی کوردی بخـوێنمـەوە پێم تەواو نەکـراوە، تەکنیکی تەواو نیـیـە، بابەتەکەی گرینگ نییە و زمانەکەی لەڕە و زۆر شتی تر. لە بواری وەرگێڕاندا، حـاڵمـان زۆر خـراپـە. زۆربەی ئەوانەی وەردەگـێـڕن بـابەتی بیـر هەڵدەبژێرن، کەمتر شاکارەکانی ئەدەب وەردەگرن لە کاتێکدا کتێبخانەی کوردی بێ ئەم شـاکـارانـە کـتـێـبـخـانە نیـیـە. ئێـمـە دەبێ بزانین ڕۆمـان لـەم سـەردەمـەدا گرینگنترین لقی ڕۆشنبـیرییە و زۆرترین فرۆشیـشی هەیە لە هەمـوو دنیـادا. کـورد لەمـەدا دەنگی نییـە نەدانان و نەوەرگـێـڕان. دەنگێک هەیە بەڵام کـزە و نابیـستـرێ. بۆیە ئەوەی چاپ دەکرێ فرۆشی باش نییـە. تیـرێژی هەزار دانە چییـە بۆ کتێب؟ کـە لای بیـانییـەک باسی تیـرێژی کتێبی کوردی دەکەم سـام دەیگرێ، خـەریکە هەڵستێ و بڕوا. جگە لەمـە ئێمـە داوونەریتی خوێندنـەوەمان نیـیــە. نەراگـەیاندن، نـەمـاڵ نەقـوتابـخـانە و نەزانکۆ هـانی قـوتابی نادەن بۆ خوێندنەوە. سەد قـوتابیی ئامادەیی بگرە یەکێکیان کتێبێکی نەخوێندووەتەوە. زۆربەی قـوتابـخـانەکان کـتـێبـخـانەیان نییـە. پرسی دابەشکـردن باس ناکرێ

چەند نیگەرانین بەدەستییەوە. ئەمە هەمووی بەسەر یەکەوە کارەساتێکی دڵتەزێنە، ئیتر باسی چ کاریگەرییەک بکەین لە گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵگادا کە کتێبی کوردی کردبێتی. کردوویەتی بەڵام یەکجار کەم.

* دەزگـای ئاراس مـاوەیەکـە جگە لە بایەخ بەلایەنی کـولتـووری و ڕۆشنبیری، "کە زیاتر خۆی لە چاپکردنی کتێبدا دەبینێتەوە" لای لە قسەکردن لە مەسەلەکانی ڕۆژنامەوانی و گەنجان و ئافرەتان و... هتد، کردووەتەوە. ئەمە بۆ؟

* دەزگاکەمان فرەوان بووە. ئەم باڵەخانەیە و ئەم چاپخانەیە و ئەم سەد و ئەوەندە کەسە بۆ کتێب چاپکردن زۆرە. بۆیە گوتمان با بەختی خۆمان لە ڕۆژنامەوانیشدا تاقی بکەینەوە، وەک کورد گوتەنی: سەرمان نایەشێ بۆ خۆمان پەڕۆی تێوە دەپێچین. بۆمان دەرکەوت کاری ڕۆژنامەوانی سەختترە لە کاری وەشاندنی کتێب. کتێب نووسەری دەوێ، ئەوەی تر نووسیار (محرر)ی دەوێ. نووسیار واتە ئەو نووسەرەی نووسینی خەڵکی تر چاک بکاتەوە و پێیدا بچێتەوە و ڕێنووس و زمانی باش بکات یان پوختی بکاتەوە، لە کوردستاندا ئەمە کەمە، هەر نییە. نووسیاری پیشەیەکی تازەیە لە دنیا و هێشتا کورد باش نایزانێ، زۆریش تازە نییە بەڵام ئێمە نەمانبیستووە. کاری نووسیاری پیشەیەکە تەنیا بەهرە و ڕۆشنبیریی کەسایەتی بەشی ناکات، دەبێ پێوەندیی کۆمەڵایەتیی گونجاو، لێهاتوویی لە هەڵسووڕان، ماندووبوونی بێ ئەنداز، گوێ شلکردن بۆ هەواڵ و دەنگوباس و دەست پێشخەریی بەردەوام، ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایی، هەموو ئەمانە و زۆر شتی تریش لە کەسێکدا هەبن بۆ ئەوەی ببێ نووسیار یان ڕۆژنامەوان. بەکورتی کارکردن لە کتێبدا ئاسانترە وەک لە ڕۆژنامەوانی، هەڵبەت مەبەستم لە ڕۆژنامەوانیی ئێستای کوردستان نییە، ئەمەیان تەنیا پارەی پێویستە و ئیتر چی دەکەی بیکە.

* ئامانج لە دەرکردنی ئەو هەموو بڵاوکراوەیە چییە کە ئاراس دەیکات، لە کاتێکدا لە ڕووی چەندایەتییەوە بۆشاییەک نابینرێ، ئایا ئێوە لە ڕووی چۆنایەتییەوە هەنگاوتان ناوە؟

* له رووی چەندایەتییەوە نەک تەنیا بۆشایی نابینرێ بگرە ئەوەندە زیادە وا لێی دەڕژێ. بەڵام ئەو چەندایەتییەی تۆ باسی دەکەی زۆروبۆرە، تێروتەسەل نییە. لەبەرئەوەیە کە دەبینی تیریژی کەمە، ئاستی نزمە، ناتوانێ رووداوە گرینگەکان بەتەواوی دابپۆشێ. بۆ نموونە لە هەڕەشەی ئەمجارەی تورکیا و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستاندا، دەبوایە لە رۆژنامەکانی دەرەوە و لە ئینتەرنێت زانیاری وەرگرین، ئەوەی خۆمان دەتگوت لەگەڵ ئەویشیان نییە. هەروەها پرسی زمانی راگەیاندن کە زۆر گرینگە، لە راگەیاندنی کوردیدا بایەخی پێ نەدراوە، زمان زبرە و زانیاری کەمە. ئەمە هەمووی هاندەرن بۆمان تا هەوڵی کارێک بدەین جیابێ لەوانی تر، دیاریش نییە بۆمان دەکرێ یان نا. لەبەرئەوەی هەموو کردەوەکە لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ لای توانا و لێهاتوویی رۆژنامەنووسانی گەنج، ئەگەر توانیمان ژمارەیەک لەمانە لەگەڵ خۆماندا بخەینە پرۆسەکەوە، بەمەرجێ هاندەری کارکردن ئەشقی پیشەکە بێ نەک دەسکەوت و پلە و پایە، ئەوا سەردەکەوین، ئەگەرنا ئەوا ناچار دەبین ئێمەش بەپێی کیسەڵ برۆینە رێوە تا رۆژێک دێ دەگەینە ئامانج.

* ئاراس وەک زانیومانە سەر بەسەرۆکی حکوومەتە، کەوا بێ دەزگایەکی حکوومییە، ئێوە فەرمانبەر لەسەر چ بنچینەیەک وەردەگرن؟

* راستە ئاراس سەر بەسەرۆکی حکوومەتە، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ ئەوەی دەزگایەکی حکوومەتی بێ. راستی ئەوەیە ئاراس دەزگایەکی کەرتی تایبەتە و لەلایەن حکوومەتەوە پشتیوانی دەکرێ. باشتر بڵێم، ئەم جۆرە دەزگایانە پێیان دەگوترێ کەرتی تێکەڵاو، بەشێکی حکوومەتییە و بەشێکی سەربەخۆ. بەشێک لە کادیرانمان فەرمانبەری حکوومەتن و لە دەزگاکانی حکوومەتەوە هاتوونەتە لامان، بەشێکیش کارمەندی خۆمانن و ئێمە مووچەیان پێ دەدەین.

دەزگاکانی تریش وەک ئێمەن. چۆن؟ هەموو دەزگا سەربەخۆیەکان هەروەها حزبییەکانیش زۆر لە کارمەندەکانیان مووچەخۆری حکوومەتن بەڵام لە شوێنی راستەقینەی خۆیان دەوام ناکەن، تاک و تەرایەکیان تەنسیب کراون

یان دەوامی خۆیان بەڕێکی دەکەن، ئەوانی تر زۆربەیان وەک دەڵێن "تەرتیبیان کردووە". مووچەکەیان لە شوێنی رەسمیدا بووە بەگەندەڵی و لە دەزگا سەربەخۆ یان حزبییەکەش مووچەی دووەم وەردەگرن. ئەمەی ئاراس وا نییە، کارمەندانی ئاراس بەلیستێکی رەسمی و لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە مووچەی مانگانە وەردەگرن. بەڵام لەبەرئەوەی زۆر کاریان پێ دەکەین و مووچەکەی حکوومەتیش کەمە و دەرماڵەش نایانگریتەوە لەبەرئەوەی لەدەرەوەی حکوومەت کار دەکەن، ئێمە ناچارین لەلای خۆمان پاداشتێکیان پێ بدەین بۆ هاندان. بەلامەوە سەیرە، مووچەی گەندەڵی کە کارمەندانی دەزگاکانی تر وەری دەگرن کەس باسی ناکات، ئەوەی ئاراس کە رێزدارانەیە بووە بەجێی پرسیار.

* ئەی چ پێوەرێکتان هەیە بۆ چاپکردنی کتێب و زیاتر بایەخ بەنووسین و وەرگێڕان لە چ لایەنێکەوە دەدەن؟

* ئێمە لە هەڵبژاردنی کتێبدا دوو لایەنمان لەلا گرینگە، یەکەمیان ئەو بابەتانەن کە پێناسەی کولتووریی نەتەوەیەک دروست دەکەن وەک ئەدەبیاتی کلاسیک، فەرهەنگ، بابەتی زمانەوانی، مێژوو، فۆلکلۆر، کەلەپوور، شوێنەوار، ئابووری، جوگرافیا، ئەدەبیاتی نوێ و هونەر و هەر شتێک کە پێناسە بێ بۆ کورد و کوردستان جا چ کورد نووسیبێتی چ بیانی. بەلای هەندێک خەڵکەوە ئەمە جۆرێکە لە سەلەفییەت، وەک ئەوەی گرینگ نەبێ بزانی نالی کێیە و گرینگ بێ بزانی کافکا کێیە. کوردستان نەناسیت و شارەزاییت هەبێ لە فەرەنسا.

لایەنی دووەمیش بابتگەلی نوێیە، وەک کتێب لەبارەی مۆدێرنیزم و دیموکراسی و فەلسەفە و سیستەمی کارگێڕی و کۆمەڵناسی و ئەدەبیاتی تازەی دنیا. ئێمە لەوەی دووەمدا کەمێک سست کار دەکەین، بەرهەممان هەیە بەڵام رێژەکەی کەمترە لە لایەنی یەکەم، هۆیەکەشی ئەوەیە وەرگێڕی لێهاتوو کەمن، زۆربەشیان لە زمانی یەکەمەوە وەناگێڕن، باسی دانەری کوردی بکەی بۆ ئەم بابەتانە ئەوا پێت دەڵێم هەر نییە. دەبوایە مامۆستایانی زانکۆ ئەم

کتێبانەیان دابنایە. ئێمە لە دەزگای ئاراس پەسندایەتی و لایەنگریی زیاتر دەدەین بەو کارانەی لە زمانی یەکەمەوە دەکرێن بەکوردی نەک لە دووەمەوە.

خاڵێکی تر هەیە وێڕای ئەمە، تۆ بچی بۆ هەر وڵاتێکی دنیا لێت ناپرسن چی دەزانی لەبارەی مۆدێرنیزمەوە یان لەبارەی ئەدەبیاتی گەلانەوە، دەڵێن کولتووری نەتەوەکەت چییە و جێ پەنجەتان چییە لەم دنیایەدا؟ لەبەرئەمە ئێمە وەک دەزگا بایەخی زۆر بە رابردووی کورد و کوردستان و ئێستاکەشیان زیاتر دەدەین. ئەمە ئەو لایەنەیە کە دوژمن قەدەغەی کردبوو جا ئێمەش بێین جارێکی تر قەدەغەی بکەینەوە، ئەویش بۆ خۆ هەڵکێشان گوایە زۆر هاوسەردەمین، کە واش نییە. بۆ نموونە ئێمە لە هەموو دەزگاکانی تر زیاتر فەرهەنگمان چاپ کردووە، نێزیکەی دە فەرهەنگی دەوڵەمەند، زۆری تریشمان لەبەردەستدایە، جا ئەمە سەلەفییەتە دۆزەخە، چی ناو دەنێی بنێ.

* ئایا ئاراس تەنیا لە هەولێرە؟ ئەگەر وایە بیرتان نەکردووەتەوە لقی ئەم دەزگایە لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا بکەنەوە؟

* ئاراس هەتا ئێستا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە. ئەم جۆرە دەزگایانە لقیان نییە، خۆ ئێمە وەزارەت نین، حزبیش نین لق بکەینەوە لە شارەکاندا. رەنگە لە داهاتوودا بتوانین بۆ ئاژانس یان بۆ رۆژنامە چاوەڕوانکراوەکەمان بنکە و ئۆفیس بکەینەوە. دەزگامان زۆرە لە شارەکانی تر بەڵام وەک لق کار ناکەن. دەزگای سەربەخۆن و بڵاوکراوەی سەربەخۆیان هەیە، رادیۆیان هەیە، کاری هونەری دەکەن یان بەرنامەی لاوانیان هەیە، وەک دەزگای شەفەق لە کەرکووک و دەزگای زاری کرمانجی لە سۆران، دارایی لە ئێمە وەردەگرن بەڵام لە بەرنامە و کاری خۆیاندا سەربەخۆن، ئێمە جاربەجاری رێنوێنییان دەکەین. واتە پرس و رایەکی بچووک هەیە لە نێوانماندا.

* ئەدی جگە لە میدیای نووسراو بەتەما نین دەزگای ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراویش دابمەزرێنن؟

* بەتەماین لە داهاتوودا تەلەفزیۆنی ئاراس دابمەزرێنین. بەڵام لەبەرئەوەی

بودجەیەکی زۆری دەوێت و باڵەخانەکەشمان هێشتا دەست پێ نەکردووە بۆیە ئەم کارە رەنگە دوا بکەوێت. راستت دەوێ نامانەوێ ئەزموونێکی فاشیل ئەنجام بدەین یان لاساییکردنەوەی ئەوانی تر بێت. ئەگەر وەک ئەوانی تر بێت بۆ چییە؟ خۆ وا زۆرمان هەیە لە کوردستان. ئێستا پێوەین ئاژانسی دەنگوباس دابمەزرێنین و ئەمەش کاریکی سەختە و مژوولبوونی زۆری دەوێت. لە رووی چەندییەوە وەک گوتمان لە کوردستاندا قسوور نییە، پرسی گرینگ پرسی چۆنایەتییە. ئەگەر نەتوانین هەنگاوێک لە خەڵکی تر بچینە پێش، خەرجی و کاتی خۆڕایی بۆ من و ئاراس مایەی شەرم و شوورەییە.

* دەگوترێت دروستکردنی ئەو باڵەخانەیە بۆ ئاراس و تەرخانکردنی ئامێری گەورە و ئەو بایەخە زۆرەی لە رووی مادییەوە دەکرێ، بۆ موونافەسە پێکردنیەتی لەگەڵ دەزگای سەردەمی سلێمانی، ئایا ئەمە ڕاستە؟

* دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس لە یەک کاتدا دامەزراون و بەراستیش نازانم کامیان پێش ئەوی ترە، بەڵام هەردووکیان دووای رێککەوتنی واشنتۆن کە کاتی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٨ بەسترا، دامەزران، واتە ئەو کاتەی رەوشی سیاسیی ناوخۆ لە کوردستان هێور بووەوە. ئەو کاتە کەسمان ئاگامان لەوی تر نەبووە، پاشانیش کە باڵەخانەمان دەست پێ کرد ئاگامان لە یەکتر نەبووە، چاپخانەشمان کڕی هەر ئاگامان لە یەکتر نەبوو. وا دیارە وەک یەک بیرمان کردووەتەوە، بیرکردنەوەیەکی راست و کوردانە، هەنگاوەکانمان کە لە یەک دەچن نیشانەی ئەوەیە ئەوەی کار دەکات دەزانێ چی پێویستە. نە لاساییکردنەوە هەبووە، نە ململانە هەبووە و نەهەیشە. پێوەندیشمان زۆر خۆشە، من رێم بکەوێتە سلێمانی یەکەم شوێن سەردانی بکەم دەزگای سەردەمە و ئەو برادەرانەی ئەوێشم زۆر خۆش دەوێ لە سەرووشیانەوە کاک شێرکۆ بێکەس.

بەداخەوە ئەوەندە کاری چەوت و چەوێڵ بۆ دژایەتیی یەکتر کراوە لەم کوردستانەدا، گومان لە هەموو شتێک دەکرێ. بۆیە ناهەقتان ناگرم لە کردنی

ئەم پرسیارەدا. ئێمە دەبێ کاتێکی زۆر و کارێکی زۆر بەفیرۆ بدەین تا ئەو کولتوورە دەسڕینەوە. ئەوانەی ئەم کولتوورەیان داهێنا بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێوەش وا باجەکەیتان لە ئاراس دەوێ. با دڵنیابیت ئاراس ململانەی کەس ناکات، ئێمە پێشبڕکەی دەزگاکانی تری چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەین نەک ململانە. لە منداڵیشەوە مرۆڤ وا رادێ پێشبڕکەی هاوشێوەکانی خۆی بکات. ژیان لە یەکەمین ساتیەوە تا دووا ساتی هەمووی پێشبڕکەیە، بەڵام دەبێ پێشبڕکە بوێرانە و مەردانە بێ، بۆیە لەگەڵ سەردەمیش بیکەین و ئەوانیش بیکەن لەگەڵ ئێمەدا، مافی هەردوو لامانە و بۆ ئەوەیە هەردوو لا کاری خۆمان باشتر بکەین.

## نازانم ڕێککەوتنی ستراتیجی چییە
## پێمان وتراوە ڕەخنە لە بەرپرسانی یەکێتی نەگرین

١ – ٢

لە دیدارێکدا کە ڕۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ بەدران ئەحمەد حەبیبی ساز کردووە، ناوبراو باس لە کارەکانی دەزگای ئاراس و چاپکردنی کتێب و هەنگاونانیان بەرەو دەرکردنی بڵاوکراوە و پەرەپێدانی بواری ڕاگەیاندن دەکات و تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی کتێب و ڕۆژنامە لە کوردستان.

ئاسۆ ٥٨١ لە ٢٠٠٧/١١/٢٠

دیداری: عەلی سدیق

* پێداچوونەوەیەک بەکارەکانی دەزگای ئاراس لە چەند ساڵی ڕابردوودا؟

* دەزگای ئاراس ساڵی ١٩٩٨ دامەزرا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٧٠٠ کتێبی بڵاوکردووەتەوە، جگە لە چەندان چالاکیی ڕۆشنبیری. هەروەها کردنەوەی لقوپۆپ لە شار و شارۆکەکاندا کە مەرج نییە هەمان کاری ئاراس بکەن، هەیانە تەنیا کاری راگەیاندن دەکات یان بەچالاکیی ڕۆشنبیری هەڵدەستێ. نازانم کەموکورتیی پێشوومان چی بووە تا باسی بکەم لەبەرئەوەی بەردەوام هەر کارێک پێشتر بۆمان نەلووابێ بیکەین یان نەمانویستبێ بیکەین، هەرکات دەرفەت بوو دەیکەین. خاڵێکی ئەرێنی لە کاری ئەو ساڵانەدا شانازیی پێوە بکەین ئەوەیە لاریمان نەبووە لەگەڵ هەر کەسێکدا کار بکەین، نەجیاوازیی بیری سیاسی نە جیاوازیی ناوچە نەجیاوازیی دیالێکت و نەجیاوازیی تەمەن، هیچ شتێک کۆسپ نەبووە، ئامانج برێتی بووە لە دانانی کتێبخانەیەکی کوردیی دەوڵەمەند تا فریای پێویستییەکانی ئەم نەوەیە بکەوێ. نەوەی دووای راپەڕین زۆریان تەنیا کوردی دەزانن، ئەرکی ئێمەیە بەپەلە کەرەستەی ڕۆشنبیرییان بەزمانی خۆیان بۆ دابین بکەین. وەک دەبینی خەرمانێکمان لە کتێبی کوردی هەڵداوەتەوە،

خۆزگە دوو ئەوەندە یان دە ئەوەندە بوایە.

* ئێوە هەڵبژاردنتان بۆ چاپکردنی کتێب و وەرگێڕان چۆنە، ئایا ئێوە خۆتان کتێب هەڵدەبژێرن یان لێژنەیەکتان داناوە، یاخۆ ئەو خەڵکانەی کتێب دەهێنن یەکسەر بۆیان چاپ دەکەن؟

* هەمـوو ئەم قـسانە تەواوە واتـە کارکـردنمان بە یەک شـێوە نییـە. بەڵام زۆربەی کـتـێب خـۆم بڕیاریـان لەســەر دەدەم، وەک بـاسم کـرد ژیانێکی تێروتەسەل لەگەڵ کتێبدا ژیاوم و دەتوانم خۆم بەکتێبناس دابنێم. جاری وا هەیە لە یەکەمین سەرنجدا بۆم دەردەکەوێ کتێبێکی چۆنە. ناشتوانرێ هەموو کـتـێب بدرێ بەپسپـۆڕ و لێـژنە، دەردی پسـپۆڕ و لێـژنەی کـوردی دەردێکی گەورەیە، پێوەندیی کەسایەتی ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەگێڕێ. ئەم شـێوازە زوو تاقـیـمان کـردەوە و دەسـتـمـان لێ شـوشت. راسـتـە هەندێک کـتـێب دەدەین بەیەکـێک بۆ سـەرنج پێـشـانـدان، هەندێک جاریش دەینێـرین بۆ پسـپـۆڕ بەڵام بەدەگمەن وەڵام دێتەوە ئەرێنی بێ، بەردەوام دەڵێ چاپی مەکە.

بەشـێک لە دانەرانی کتێب ناوی ناسـراون، بۆ نموونە: شـوکـور مسـتـەفـا، مـارف خـەزنەدار، جـەرجـیس فـەتحـوڵڵا، مـەسـعـوود مـحـەمـەد، ئەمـانە چ پێویستییەکیان هەیە بەهەڵسەنگاندن. یان ئەم ناوانە: حەمەی حەمەباقی، محەمەدئەمین هەورامانی، محەمەد عەلی قەرەداغی، جەمال رەشید و دەیانی تر، ئەمـانە لای من بەرهەمیـان یەکسـەر بۆ کـۆمـپیـوتەر دەڕوات، لەبەرئەوەی خۆیان بەرپرسیـارن لە ئاستی بەرهەمەکانیـان. هەرچی ناوی نەناسـراویشـە هەنـدێکیــان پێش چاپ دەخــوێنرێنەوە، یاخــۆ دووای تایپکردن و لـە کــاتی هەڵەگریدا برادەران دێن دەڵێن ئەم بەرهەمە زمانەکەی کرچوکاڵە یان ئاستی نزمـە، ئیـتر بەیـەکەوە بڕیارێک دەدەن. بەکورتی بڕیاردان لای ئێـمـە پرسـێکی ئاڵۆز نییە و گیری بەدەستەوە ناخۆین. ئەوەی خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی بێ دەبێ سینگیشی فرەوان بێت.

خـاڵێکی گـرینگ دەمـەوێ ئامـاژەی پێ بدەم ئەوەیـە سـاڵانی رابردوو زۆربەی

بەرهەمەممان ئەوانەبوون نووسەران خۆیان دەیانهێنا. دوو ساڵ دەبێ خۆمان بەرنامە دادەنێن. ئێستا نێزیکەی سێیەکی کتێبمان هەڵبژاردەی خۆمانە. ئەم ڕێژەیە ساڵ بەساڵ زیاد دەکەین تا ئەوەی زۆربەی کتێبمان بەپێی بەرنامەی خۆمان بێ نەک کتوپڕ لە دەرگا هاتبێتە ژوورەوە.

* ئێوە زۆر بایەخ بەچاپکردنی کتێبی مێژوویی دەدەن، کەمتر ئەو کتێبانە چاپ دەکەن کە بابەتی ئەمڕۆیین، ئەمە بۆچی؟

* وا دیارە کەمتر ئاگاتان لە بەرهەمە تازەکانمان هەیە. وەک گوتم ئەم دوو ساڵەی دوایی ئێمە خۆمان بەرنامە دادەنێین و بابەتی ئەمڕۆییشمان زۆرە. لە سەرەتاشەوە هەمانبووە. بۆ نموونە ئەم بەرهەمانە لەم ماوەیەی دووایی‌دا دەرچوونە و تەنیاش چەند نموونەیەکن: ئوسامەی جۆناسان راندل، بەفری ئۆرهان پاموک، کۆتاییی عێراقی پیتەر گالبریت، دە هەزارەکە: ڕۆمانێکی تازەیە و لە بارەی گەشتەکەی زینۆفۆنەوە نووسراوە، مەسیح لە خاچ دەدەنەوەی کازانتزاکی، تیۆری سیاسی، گەندەڵی و حکوومەت، فەیلەسووفەکانی مۆدێرنیتە و چەند کتێبێک لەبارەی ڕۆنامەوانییەوە کە بەرهەمی تازەن لەم بوارەدا و لاوی ڕۆژنامەوانی کورد زۆر پێویستی پێیانە. هەشە دانانە وەک وڵاتی بێ پایەتەخت، نووسینی محەمەد مەسعوود محەمەد، ئەمە شاکاری کتێبخانەی کوردییە، کێ ئاگای لێیە؟

لەلایەکی تر بۆ پێت وایە بایەخدان بەمێژوو یان بابەتی کۆن کارێکی نەرێنییە؟ ئاخۆ نالی و مەحوی و ئەدەب کۆن دەبن؟ یاخۆ کورد جارێکی تر شەرەفنامە و مێژووی ئەردەڵان و بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی و شاکیر فەتاح و شێخ محەمەدی خاڵی ناوێتەوە؟ ئێمە بڵاوکردنەوەی ئەم کارانە و بەشێوەی تازە بەئەرکی سەرشان دەزانین، پێشم وایە لە هەڵبژاردنی بابەتی تازەدا دەبێ هۆشیار بین هەر نەبێ لەبەر پرسی زمان. زۆر بابەتی وەرگێڕاو دەبینم زمانەکەی بەرادەیەک شێواوە تێی ناگەم، کتێبێک تێی نەگەم بۆ چاپی بکەم؟ بەشێک لەو پاشاگەردانییەی زمانی کوردی لە ڕۆژنامەوانیدا بۆ ئەو کتێبانە دەگەڕێتەوە کە زۆر بەفراوانی بڵاودەکرێنەوە و گوایە بابەتی

ئەمرۆیین. هەندێکیان زبڵن نەک کتێب. بەڵێ بابەتی ئەمرۆیی پێویستە بەلام بەزمانێکی خاوێن، جگە لەمەش کورد توانای لێشاوی نییە لە وەرگێڕاندا. دەبێ هەنگاو ورد و ژیرانە بێ تا ئامانج بپێکێ.

* هیچ هەڵبژاردنێکی سیاسی دەور دەبینێ لەو کتێبانەی ئێوە هەڵی دەبژێرن یان ئەو کارە هەر خۆتان دەیکەن؟

* هەندێک خەڵک پێیان وایە داوودەزگای حزبی چ کارێکیان نییە دێن کتێب بۆ من هەڵبژێرن و بڕیاری چاپی دەدەن، یان پێیان وایە من دانیشتووم خەریکی ئەوەم کێ پارتییە و کێ پارتی نییە تا کتێبیان بۆ چاپ بکەم یان نەکەم. ئەگەر پرسێکی وا لە گۆڕێ بێ ئەوا بێگومان لە ئەنجامەکاندا بەدەردەدەنەوە و ئاشکرا دەبێ. من پرسیار دەکەم ئاخۆ کەس خۆی ماندوو کردووە بێ خشتەیەک بکا بۆ لیستی بەرهەمەکانمان تا لە رووی سیاسییەوە ئەنجامێکی بۆ دەرکەوێ؟ یاخۆ بزانێ ئەم ساڵە چەند بەرهەمی مێژوویی و چەندی ئەمرۆیی چاپ کراوە، یان لە رووی بایەخدان بەناوچە جیاوزەکان، یان بایەخدان بەنووسینی ئافرەت، بێگومان کەس وای نەکردووە.

ئاراس دەزگایەکی سیاسی نییە، دەزگایەکی رۆشنبیریی سەربەخۆیە و هاوکاری لە حکوومەتەوە وەردەگرێ، بۆیە هیچ شیاو نییە دەزگایەک هاوکاری لە حکوومەت وەربگرێ کار بۆ لایەنێکی سیاسی بکات. هەڵبەت سیاسەت هەیە بەلام سیاسەتێک بۆ خزمەتی کولتوور و زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی ئەزموونی کوردی نەک حزبایەتیی کوردی. حزبی کوردی کەناڵی راگەیاندن و رۆشنبیریی خۆی هەیە و کارێکی هەبێ بەوانی دەسپێرێ.

* تا رادەیەک ئەوە بەرچاو دەکەوێت ئێوە وەک دەزگای ئاراس جۆرێک لە هاوکاریتان هەیە لەگەڵ دەزگاکانی دیکەی وەک ئەنستیتۆتی کورد، دەزگای سەردەم، ئایا کارکردنتان لەگەڵ ئەوانەدا پێ باشە یان هۆکاری سیاسیی لە دواوەیە بەهۆی نزیکیی یەکێتی و پارتی و تا رادەیەکیش ئەو رێککەوتنە؟

* لەمێژەیە لەگەڵ دەزگای سەردەمدا هاوکاری و هاوئاهەنگی دەکەین بۆ کردنەوەی پێشانگە، یان بۆ بەرەوپێشبردنی کتێبی کوردی. نازانم بۆ هەر حەز دەکەن بمخەنە خانەی کارکردن بۆ حزبەوە. ئێمە کار بۆ ڕۆشنبیریی گشتی دەکەین و شتێک نییە ناوی ڕۆشنبیریی حزبی بێ. باشە، ئەگەر هاوکاری نەبێ دەڵێن ئەمە دەستی حزبی تێدایە و نیشانەی ململانەیە، هەبێ دەڵێن ئەمە پرۆگرامە. ڕاستە من پارتیم و دەزگاکەشم لە پارتی نێزیکترە وەک لە لایەنی تر بەڵام ئەو کارانەی دەیکەین بۆ کوردە. جێی داخە رەوش وای لێ بێ نیشانەی پرسیار بخرێتە پاڵ هەر شتێکی نێزیک بەحزبەوە. هەرچۆن بێ دەبێ بزانین حزبی کوردی رووی خەباتکاریی زیاترە لە چەوتییەکانی.

لەگەڵ دەزگاکانی تریش: بنکەی ژین، ئەنستیوتی کەلەپووری کوردی و دەزگای خاک، هاوکاریمان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕێککەوتنی ستراتیجی. ڕاستت دەوێ باش نازانم ڕێککەوتنی ستراتیجی چییە، هەر ئەوەندەیە پێمان گوتراوە رەخنە لە بەرپرسانی یەکێتی نەگرین. هەڵبەت ئەوانی ئەولاش وایان پێ گوتراوە. ئێمە دەزگایەکی ڕۆشنبیرین و کەمتر کاری ڕاگەیاندن دەکەین، زیاتر کتێب دەردەکەین. بڵاوکراوەیەکی هەفتانەمان هەیە بەناوی "بزاو"، بڵاوکراوەیەکی سیاسییە، ئەگەر ڕێککەوتنی ستراتیجیش نەبوایە هەر خەریکی ئەو جۆرە رەخنانە نەدەبووین کە یەکێتی یان لایەنێکی تر سەغڵەت بکات. ڕاستی بڵێم بەبۆچوونی من باش نییە ڕێککەوتن هەبێ بۆ ئەوەی رەخنە نەگیرێ. ئەمە توندکردنی گەمارۆی ئازادیی ڕادەربڕینە. بەڵام کە گوتیان ئەمە خزمەتی پرۆسەیەکی گشتی دەکات، گوتمان باشە بەسەرچاو.

> * ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ماوەی چەند ساڵی کارکردنی دەزگای ئاراسدا دەبینرێ ئاستی هەندێ کتێب زۆر بەرزە و هەندێکیش هەیە زۆر نزمە، ئایا هیچ پاڵەپەستۆیەکتان لەسەر هەیە بۆ ئەم شتانە کە ڕوودەدات؟ ئایا لێژنەیەک هەیە بۆ پێداچوونەوەی ئەم کتێبانە؟

* تۆ دەچی بۆ کتێبخانەیەک لەناو هەزران کتێبدا یەک کتێب هەڵدەبژێری. ئاخۆ ئەمە واتای ئەوەیە هەموو ئەوانی تر لاوازن. ئەو سەردەمە بەسەرچوو

کتێب بۆ بژاردەی خەڵک چاپ بکرێ، یان خوێندنەوە بەشێک بێ لە خەباتی سیاسی و کاری ئەدیبان بەتەنیا. کتێب ئێستا کاڵایەکی جەماوەرییە و لە ناو هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا خەڵک هەن بەدوایدا دەگەڕێن. ئەوەی تۆ پێت لاوازە، بۆ کەسێکی تر شاکارە. فشار و مشار لە گۆڕێدا نییە، ئێمە بۆ خۆمان بەرنامەیەکی رادیکالمان هەیە و دەمانەوێ زۆرترین کتێب چاپ کەین و فرەوانترین پانتایی داپۆشین. بەرهەمی لاواز هەیە، بەڵێ. باشترین نووسەری ئەمڕۆ، بگەڕێیەوە سەر بەرهەمەکانی جاری یەکەمی، دەبینی سادە بوون تەنانەت نووسەر هەیە نایەوێ باسی بەرهەمەکانی پێشووی خۆی بکا. بەڵام بێگومان ناشێ بێ دانانی ریزە خشتی یەکەم لە دیواردا، ریزی دووەم دابنرێ. دەبێ پشتی لاوان بگیرێ و دەرفەتیان پێ بدرێ، ئەمە پرەنسیپی ئاراسە.

بەرز و نزم چییە؟ کتێب هەیە وامان زانیوە لاوازە، دەرکەوتووە هەرمێنی زۆرە. هەشە پێمان وابووە باش دەڕوات، وا دەرنەچووە. ئاستی خوێنەران جیاوازە، دەبێ ئاستی کتێبیش جیاواز بێت. ئێمە خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسین بۆ کاری ڕۆشنبیری، بۆ نموونە دەمانەوێ زۆرترین بەرهەم بۆ نووسەرانی ئەودیو چاپ بکەین تەنانەت ئەگەر کەسانی ناسراویش نەبن لەم دیوەدا، لەوانەیە بەرهەمەکانیان "هەڵبەت هەموویان نا هەندێکیان"، بەرزیش نەبن. لەبەرئەوە دەشێ مەبەست لە پرسیاری هەندێک کەس لەبارەی بەرزی و نزمییەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە بێ کە نایانناسێ، بەڵام وا باشترە دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن قسە بکرێ نەک لە خۆڕا، تاوەکو ئێمەش سوود لە ڕەخنەکان وەربگرین. کە دەڵێن لاواز هەیە نازانم مەبەست لە کام بەرهەمە؟

راستە هەندێک جار مشار هەیە دەستمان دەبڕێتەوە. پاڵپەستۆی بێ ویژدانانەی دۆست و برادەران زیاتر لە ناوەندی ڕۆشنبیرییەوە دێ نەک لە ناوەندی حزبی و سیاسییەوە. تەنگەتاوکردن و سەغڵەتکردن هەیە، تەلەفۆنکردن و پاڕانەوە هەیە، ئێمەش مرۆڤین و هەندێک جار خۆمان بەدەستەوە دەدەین، دڵ بەرد نییە نەرم نەبێ. ئەمەیە فشار و مشاری

کوردەواری و ناخۆشترە لە پاڵەپەستۆی سەرووتر لە خۆمان. پاڵەپەستۆی سەرووی سیاسی هەر نییە، هەشبێ زۆر کەمە، ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەت ئەوە بێ.

بەڵێ بێگومان ئێمە کتێب دەخوێنینەوە بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندن، دەبێ بزانین چی چاپ دەکەین و چی چاپ ناکەین. بەڵام ناتوانین بەکتێبدا بچینەوە بۆ گۆڕین و دەستکاری، مەگەر بۆ پرسی زمانەوانی و ڕێنووس بێ. لە وڵاتانی تردا نووسیار هەیە (محرر: ئیدیتۆر)، لەناو کورددا ئەم پیشەیە پەیدا نەبووە. ئیدیتۆر ئەو کەسەیە بەکتێبدا دەچێتەوە و لەگەڵ دانەر یان وەرگێڕەکەیدا دادەنیشێ، ڕەنگە بۆی چاک بکاتەوە یان ئامۆژگاریی بکات بۆ هەندێک دەستکاری. زۆرجار هەوڵمان داوە ئەمە بکەین، بەڵام لە کوردستانی باشووردا کەس لەمە تێ ناگا و نووسەر نییە رازی بێ بەئامۆژگاریی کەسێکی تر، یان ڕێگە بدا دەستکاریی بەرهەمەکەی بکرێ. جگە لەمە ئەگەر لێرە یەکێک کاری ئیدیت بکات دەڵێ ناوم لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسن، ئەمەش نابێ. جارێکیان بەرهەمی نووسەرێکمان دا بەیەکێک بۆ نووسینەوە لەبەرئەوەی دەستنووسەکە باش نەدەخوێنرایە، پاشان (نووسەرەوە)کە دەیگوت دەبێ ناوی منیش لەسەر بەرگ بنووسن، تا لەم کێشەیە دەرچووین ساڵێکی ویست.

> * بەبڕوای خۆتان چاپخانەکەتان کەی دەچێتە قاڵبی قازانجەوە بۆ ئەوەی تەکالیفی دەزگایەکی وەک ئاراس دابین بکات، کە دەزانرێ دەزگایەکی ڕۆشنبیریی گەورەیە و دەبێت بەردەوام بێت ڕەنگە چەند ساڵی دیکە پێوەندی بەحکوومەتەوە نەمێنێت، پێتان وایە کەی دەچێتە ئەو قۆناغەوە کە دەزگاکە خۆ بۆ خۆی بەرهەمهێن بێت؟

* هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە کوردستان ناتوانێ داهاتێکی ئەوتۆی هەبێ بەشی پێویستییەکانی بکات. ڕەنگە بتوانین بەشێکی پڕ بکەینەوە و ئەرکمان بۆ حکوومەت کەم ببێتەوە بەڵام بۆ یەکجاری، کاتی دەوێ. حکوومەت دەتوانێ بەشێوەیەکی تر پاڵپشتیمان بکات، بۆ نموونە کتێبی

قوتابخانەکانمان پێ بدەن بۆ چاپکردن. ئەویش بەپێی ڕێککەوتن نەک بەپێی تەندەر کە ئێستا کاری پێ دەکرێت. ئێمە ناتوانین پێشبڕکەی چاپخانەکانی لبنان و میسر بکەین لە تەندەردا. ئەوان کاغەز و کەرەستەی هەرزانتر لە هی ئێمە بەکار دەهێنن، کرێیاڵەی تەکنیکارانیش لەوێ کەمترە، خۆتان دەزانن کوردستان گرانییە.

لێرە دەرفەتە شتێک بڵێم، کەرەستەی چاپەمەنیی هەرزان کە لە بازاڕی ئەم ناوچەیەی خۆماندا هەیە، دەسکردی وڵاتی چینە زۆربەی. زۆربەشی عەمبارەپۆیە و بەکەڵک نایەت، ئەگەر سەیر بکەی مەرەکەبەکەی کاڵ دەبێتەوە. کەرەستەکانی چاپیش وەک مەرەکەب و ئەلکهوڵ و فاونت و شتی تر، ئاشکرایە کەرەستەی کیمیاوین، لێچوونەوەیان لەگەڵ پەنجەی قوتابیدا کاتێ بەزمان پەنجە تەڕ دەکەن بۆ پەڕ هەڵدانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی شتێک لە جۆری ژەهر بچێتە گەروویانەوە. بەڵام ئەوەی ئاراس هەمووی لە ئەڵمانیاوە دێ و کەرەستەی رەسەنە، لەبەرئەوە گرانترە. ئێمە بەهۆی گرانیی کەرەستەکانمانەوە ناتوانین پێشبڕکەی نرخی هەرزانی بازاڕ بکەین، ئێمە نرخمان لە سەرووی هەموانەوەیە. بەڵام کێ حسێبی جۆر یان کوالیتی دەکات، هەمووی هەرزانی دەوێ و کەسیش هەقی نییە چەند کەس بەهۆی ماڵی قەڵپ و کات بەسەرچوو، دووچاری شێرپەنجە و نەخۆشیی تر دەبن. ئەگەر رەوش وا نەبووایە دەمانتوانی بەشێک لە مایەی خۆمان دەربێنین و باری گران نەبین بۆ حکوومەت.

## ڕاگەیاندنی ڕەسمی لەمێژە تۆپی هاویشتووە پارەیەکی لێ خەرج دەکرێ، فیرۆیە

٢ – ٢

لە دیدارێکدا کە ڕۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ بەدران ئەحمەد حەبیبی ساز کردووە، ناوبراو باس لە کارەکانی دەزگای ئاراس و چاپکردنی کتێب و هەنگاونانیان بەرەو دەرکردنی بڵاوکراوە و پەرەپێدانی بواری ڕاگەیاندن دەکات و تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی کتێب و ڕۆژنامە لە کوردستان.

ئاسۆ ٥٨٢ لە ٢٠٠٧/١١/٢٢

دیداری: عەلی سدیق

* لە ماوەی ڕابردوودا تێبینیی ئەوە دەکرێت ئێوە لە دەزگایەکی چاپکردنی کتێب بەرەو ڕێڕەوێکی دیکە دەڕۆن، پێتان وایە بوارەکەی دیکەتان پڕ کردووەتەوە یان هەست دەکەن بازاڕی کتێب لە کوردستان لە کزییە کە ئێوە بەو ڕێڕەوەدا بڕۆن؟

* ئێمە وەک دەزگا فرەوانبوونێکی گەورەمان بەخۆوە بینیوە. پێشتر لە خانووێکدا بووین ئێستا باڵەخانەیەکی گەورەمان هەیە، چاپخانەمان نەبوو هەمانە، دە کۆمپیوتەرمان هەبوو سیمان هەیە، بیست کارمەندمان هەبوو سەدمان زیاتر هەیە. ئەمە فراوانبوونی لە کاروکردەوەش دەوێت لێمان. دڵنیابە بواری کتێب بەهیچ دەزگایەک پڕ نابێتەوە و تا هەتایەش بەردەوام دەبێت. بازاڕی کتێب لە کوردستان کزە بەڵام بازاڕی ڕۆژنامەش هەر کزە ئەگەر پرس پرسی بازاڕ بێت. بۆیە پرسەکە ئەوە نییە کە ئێوە بۆی دەچن، ئێمە بۆ خۆمان بڕیارمان داوە بڵاوکراوەی ناوبەناویش دەربکەین و بەرنامەی دەزگاکەمان فراوان بکەین، ئێستا سێ هەفتەنامەمان هەیە: بزاو، گەشبین، وەرزین. هی تریشمان بەڕێوەیە.

* ئێوە کۆوار دەردەکەن و بیستوومانە پرۆژەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەشتان

هەیە، کەی دەست بەرۆژنامەکە دەکەن، ئایا خەڵکتان بۆ ئامادە کردووە؟ هەروەها ئێوە پێشبینیتان بۆ کارکردن لە رۆژنامە چۆنە؟

* کارکردن بۆ بڵاوکراوەی ناوبەناو چ هەفتانە بێ چ رۆژانە کارێکی سەختە، من نەمدەزانی وایە. لە پرۆژەی دەرکردنی رۆژنامەکەدا، پار زۆر گەرموگوڕ بووین ئێستا ساردبووینەتەوە. ساردبوونەوە نەک بەواتای وازهێنان، بەواتای پەلەنەکردن. وردە وردە خەڵک ئامادە دەکەین و پەلەمان نییە، کەی ئامادبووین ئەو کاتە دەست پێ دەکەین. بۆم دەرکەوت ئەو کەسەی یان ئەو لایەنەی دەیەوێ خۆی لە قەرەی کاری وا بدات دەبێ باش خۆی ئامادە کردبێ. زۆربەی ئەو گەنجانەی لە بواری رۆژنامەوانیدا کار دەکەن نەزمان باش دەزانن نەرێنووس، نەزانینی پیشەکەش لەولاوە بووەستێ. بۆیە نامەوێ خۆم و دەزگاکە ریسوا بکەم بەکارێکی کرچوکاڵ. رۆژنامەنووسیی کوردی، ئەوەی هەیە جۆرێکە لە گەندەڵی، هەرنەبێ گەندەڵیی زمان. ئێستا خۆمان ئامادە دەکەین بۆ کاری ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس. "دوو گندۆرەش بەدەستێک هەڵناگیرێ"، وەک دەڵێن.

* دەزگاکەی ئێوە کتێبێکی زۆری چاپ کردووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم کتێبانە کەم رەواج دەکرێت، لە زۆربەی بازارەکانی کوردستاندا نابینرێت و هەروەها لە میدیاکانیش دیار نییە ریکلامی بۆ بکرێت تا بەجەماوەر بناسرێن، ئایا هۆکاری ئەوەیە خۆتان هەوڵتان نەداوە ئەم کارە بکەن یان داوودەزگاکان لەگەڵتاندا نین؟ بۆ ئێوە هەوڵی ئەوە نادەن بەشی ریکلامتان هەبێت بەپارە ریکلام بۆ بەرهەمەکانی ئاراس بکەن لە دەزگاکانی دیکەی کوردستاندا؟

* دەزگای ئێمە دەزگایەکی بازرگانی نییە تا بچین بەپارە ریکلام بۆ کتێب بکەین. ئەگەر تەلەفزیۆنی سۆنی و ئێلگیمان بفرۆشتایە ئامادەبووین پارەش بدەین بەریکلام. کـــتـــێب لە بنەڕەتەوە هەمـــووی زەرەرە، بچین پارە بۆ ریکلامەکەشی پەیدا بکەین؟ دەزگاکان هاوکاریمان ناکەن بۆ پرسی شاباش و ریکلام. ئێستا وا لە بڵاوکراوەکانی خۆماندا ریکلام دەکەین. جاری وا هەیە

کتێبێکی گرینگ دەردەچێ، پێویست وایە ڕۆژنامەکان بیکەن بەهەواڵ بۆ خۆیان، بەڵام دەزانن ئەگەر وا بکەن یارمەتیی ئێمە دەدەن، لەبەرئەوە نایکەن.

ڕاستە لە زۆر شوێندا کتێبەکانمان دەست ناکەون، هەر حاڵی ئێمەش وا نییە، ئەوانی تریش وان. کێشە ئەوەیە کۆمپانیای دابەشکردنی لێهاتوو لە کوردستاندا نییە. دووکان و کتێبخانەی بچووک بەم کارە هەڵدەستن، کاری بڵاوکردنەوە لە سنوورێکی تەسکدا دەکەن و دەستیان کورتە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و کێشەی هەموو دەزگاکانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییە.

* ئێوە فیستیڤاڵی ساڵانەتان هەیە لە پاڵ ئەوەشدا کۆنگرە دەکەن، ئایا ژمارەی کۆنگرەکانتان تا ئێستا چەندە و لە داهاتووشدا چ کۆنگرەیەک دەکەن؟

* ئێمە فیستیڤاڵی ساڵانەمان نییە، کۆنگرەشمان نییە. هەندێک جار بۆ نموونە بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان، یان بۆ زاراوەی کەڵهوڕ، یادمان سازکردووە یان کۆڕێکی چەند ڕۆژیمان گرێ داوە. بەڵام بەردەوام و ساڵانە ئاهەنگی خەڵاتی کتێب ساز دەدەین و خەڵات دەدەین بەچەند نووسەرێک. جۆری یەکەم بەپێی پێویست دەکەین و بەگوێرەی توانای دارایی کە دەستمان بڕوا، جۆری دووەم ساڵانەیە و بەر لە کۆتای ئەم ساڵەدا بۆ جاری چوارەم دەیکەینەوە.

* ئێوە چاپخانە و بینایەکی گەورە و ئیدارەیەکی تەواوتان هەیە، بەڵام هەست ناکەن لە ئیشەکانتان کەلێن هەیە، بۆیە کارەکان زیاتر تاکەکەسین، ئایا هۆکاری ئەوەیە کە خەڵکی ئیشکەر و جدی لە پرۆژەی ئاوادا کەمە یان بەدران نایەوێ هەموو کەسێک بێتە ئاراس بۆ کارکردن، یاخۆ سیستەمێکی نوێیە لە کارکردن؟

* دەرگا کراوەیە هەر کەس بیەوێ کارمان لەگەڵدا بکات. ئەوە من نیم نامەوێ کەس کارم لەگەڵدا بکات، خەڵک خۆیان کاریان زۆرە و هەریەکەی دوو سێ شوێنی هەیە. جگە لەمە کارکردن لە دەزگای ئاراس دیسپلینی تێدایە و

هەموو کەس ئامادە نییە شانی خۆی بخاتە ژێر باری قورسەوە. خەڵک لەم وڵاتەدا لەگەڵ مووچەی گەندەڵیدا ڕاهاتوون. خەڵکی ئیشکەر کەم بووە و ئەوەی دێ بۆ لامان پاش ماوەیەک ڕا دەکات، جا یان دەڵێ ناتوانم بەردەوام بم، یان کێشەیەک دەنێتەوە تا بیکات بەبیانووی بەردەوام نەبوون. هەشە ڕێز لە سیستەمەکەمان ناگرێ و بەکەڵکی ئێمە نایەت. بۆ من یەکێک هەرچیم بۆ بکات و ڕێز لە سیستەم نەگرێ سوودی نییە. کوردستان بێ سیستەم و نیزام نابێ بەهیچ. جگە لەمە تێ ناگەم مەبەست لە کەلێن چییە؟ کێ ئەوەندەی دەزگای ئاراس بەرهەم و ئامادەیی هەیە لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیدا. ئێمە خوێنەری کوردی فریامان ناکەوێ کارەکانمان بژمێرێ چ جای خوێندنەوەیان.

> * ئەو مەبەست و کاریگەرییانەی کە ڕۆژنامە و کۆوار لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا دەیانپێکێ، لە ڕێگەی کتێبەوە کەمتر بەرچاو دەکەوێت، ئایا هەر ئەو هۆکارە بوو کە لەم دواییەدا ئێوەش ئاراستەکەتان گۆڕی بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەی جۆراوجۆر؟

* بەپێچەوانەوە، ئەوەی کتێب دەیپێکێ باشتر و بەسوودترە لەوەی ڕۆژنامە دەیپێکێ. کتێبی کوردی کە ئێمە چاپی دەکەین ڕۆشنبیری دەدات بەمرۆڤی کورد، گەشبینی دەدات بەداهاتوو، ئاستی خوێنەر بەرز دەکاتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی کوردی بەو شرە زمانەی دەینووسێ و خنکان لەناو هەڵەی ڕێنووس و چاپدا، ئاژاوەی ناوەتەوە لە کولتووری کوردیدا. وێڕای ئەمە کتێبی کوردی زانیاریی ڕاست دەدات، ڕۆژنامەی کوردی هەیە پڕی زانیاریی چەوتە، پڕی ناوزڕاندنە، هەیە هیوای لاوانی دابەزاندووە بەدوواڕۆژی وڵات. خەڵک کتێب کۆ دەکاتەوە بەڵام ڕۆژنامە فڕێ دەدات، لە باشترین حاڵدا دەیکات بەسفرە. ئێمە ئاراستەمان نەگۆڕیوە بگرە فرەوانمان کردووە، لە پاڵ لێشاوی کتێبدا چەند کۆوارێکیش دەردەکەین. هیچ ساڵێکیش هێندەی ئەمساڵ کتێبمان چاپ نەکردووە. تا کۆتای ساڵ ژمارەی چاپکراومان دەگاتە نێزیکی دوو سەد ناونیشان. دەزگایەکی گەورەی وەک ئاراس دەبێ چەندان جۆر چالاکیی تری

هەبێ لەپاڵ دەرکردنی کتێبدا.

* باس لەوە دەکرێت بیرۆکەی ئاژانسێکی کوردیتان هەیە، ئەگەر ئەم هەواڵە دروستە، کەی ئەم ئاژانسە دەستبەکار دەبێت و چۆن دەبێت لە رووی ستاف و کارکردنەوە؟

* ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس قۆناغێکی گەورەی بڕیوە. لە سەرەتای ساڵدا شاندەکەمان دەچێ بۆ ئەڵمانیا بۆ بینینی خولی مەشق و فێربوون. سێ مانگ دەمێننەوە و ئینجا دێنەوە بۆ دەست پێکردنی کار، ئەمە هەنگاوی یەکەم. دووەم: لە سەرەتای ساڵی نوێدا ژمارەیەکی زۆر پەیامنێر و رۆژنامەنووس وەردەگرین بۆ ئەوەی ئەوانیش لە کوردستاندا خولی فێربوون ببینن. واتە دوو خولە یەکێکیان لە ئەڵمانیا بۆ بژاردەیەکە، ئەوی تریان بۆ چل کەس کە هێشتا تەواو دیار نەکراون کێن، ئەمانەی دوایی مامۆستای بیانی دێن بۆ راهێنانیان. زۆر حەزدەکەین دەزگاکانی تریش بەشدارمان بن لەم پڕۆژەیەدا بەتایبەتی دەزگا راگەیاندنییەکان. پرۆژەکەمان تا ئێستا پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداریی هەر دەزگایەکی راگەیاندن و رۆشنبیریی کوردی. ئاژانسی دەنگوباس کارێکی سەختە و چەندی لایەن تیایدا بەشدار بن، بنەمای سەرکەوتنی پتەوتر دەبێ. راستی بزانە من زۆر لەم کارە دەترسم.

* پێت وایە تا چەند سەرکەوتن لە رەوتی ئیشکردنی دەزگای ئاراسدا بەدەست هاتووە لە رابردوودا، هاوکات لە داهاتوودا بەو گۆڕانەوە چی بەسەر دێت و تا چەند دەتوانن لەسەر بارودۆخی کوردستان و هۆشیارکردنەوە سەرکەوتوو بن؟

* گۆڕینی کولتوور کارێکی هێور و شێنەییە لە کۆمەڵگدا. ساڵ دەڕوات و هەست بەگۆڕانی بیرکردنەوە و رەفتاری خەڵک دەکەین بەڵام کەمکەم. هەڵبەت هەموولا بەشدارن لەم پرۆسەیەدا. تەلەفزیۆنەکانی خۆیی و جیهانی، ئینتەرنێت، کتێب و رۆژنامەی کوردیش هەیە. راگەیاندن بەگشتی بەکتێب و سینەماشەوە، فاکتەرێکی گەورەیە لە گۆڕانی کولتووری خەڵکدا، بەڵام زانکۆ هەیە، یاسا هەیە، داوودەزگای کارگێری هەیە، رێکخراوگەلی جڤاکی

شارستانیش هەیە، هەموویان بەشدارن لە پرۆسەی گۆڕانی کولتووردا. لەناو ئەو بازارە گەرمەدا دەتوانم بڵێم ئاراس سوپەرمارکێتیکی باشی کولتوورییە و جێ پەنجەی بەتەواوی کولتووری کوردییەوە دیارە. دروشممان لە سەرەتاوە ئەمە بووە: "ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی"، واتە دەرچوون لە ناهۆشیاری و کۆیلەبوونی مێشک. برۆ سەیری پێشانگەکانی کتێب بکە، فرۆشی ئاراس یەکەمە. تێزی ماستەر و دوکتۆرای کوردی ببینە سەرچاوەی زۆر لە ئاراس وەرگیراوە. لە رووی کتێبخانەکاندا کتێبەکانمان بەرسینگەیان گرتووە. هەڵبەت نابێ رۆڵی دەزگاکانی تریش پێشان نەدرێ، کتێبی ئەوانیش بەنرخن، بەڵام باسەکە لێرەدا باسی ئاراسە.

* ئێوە تا چەند دەبنە هاریکاری دروستبوونی رەوشێکی رۆژنامەوانی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستاندا، ئایا راگەیاندن توانیویەتی سەربەخۆیی لە ئێستادا بەدەست بێنێ؟

* راگەیاندن لە کوردستان ئازادە بەڵام دەست و پێی بەستراوە بە پێوەند و کۆتەوە. بەڵام چۆن ئەو کۆت و بەندانە لێ دەکرێنەوە؟ ئەمە کار بۆکردن و شارەزاییی دەوێ. ئێمە لەم ماوەیەدا دەستمان کردووە بەدەرکردنی زنجیرەیەک کتێب لەبارەی پیشەی رۆژنامەوانییەوە کە دەشێ رێنوێن و رێشاندەری باش بن بۆ رۆژنامەنووسان. نەزانینی پیشەکە بەلای منەوە گەورەترین کۆتوبەندی کاری رۆژنامەوانییە و دەبێ دەزگاکان کار بۆ راستکردنەوەی ئەمە بکەن. کردنەوەی خولی رۆژنامەنووسی و ناردنی شاند بۆ دەرەوە، یان بەرزکردنەوەی ئاستی رۆژنامەنووس بەهەر شێوەیەک بێ ئەمە هەنگاوی یەکەمە. هەنگاوی دووەم: ئێمە لە دەزگای ئاراسدا بڵاوکراوەیەکی سیاسی و یەکێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە: بزاو و گەشبین. لەم بڵاوکراوانەدا هەوڵ دەدەین خۆمان لە بابەتی وروژاندن بدەینە لا، هەوڵ دەدەین ناوی ئەم و ئەو لەکەدار نەکەین. ئەمە کارێکی گرینگە بۆ دروستکردنی متمانە و پردی پێوەندی لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاریدا. بێ ئەم پێوەندییانە، بێ ئەم متمانەیە، پێشوەچوون لە کاری رۆژنامەوانیی ئازاددا نایەتە دی.

واته هەنگاوی یەکەم کارکردن بۆ فێربوون و زانینی پیشەکە بەشێوەی زانستی لە ڕێی خوێندنەوە یان مەشق. دووەم بەپراکتیک، واتە دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕێزدارانە و بوێرانە، بێ ناوزڕاندن بێ شێواندن بێ ورووژاندن و بێ فەرتەنە نانەوە. لە ئاراسدا کار بۆ ئەم دوو بنەمایە دەکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بڵاوکراوەیەکی ڕێزدارانەمان هەبێ.

* ڕاگەیاندن تا چەند ڕۆڵی دەبێت لە بەدەستهێنانی مافە گشتییەکاندا، ئایا ڕاگەیاندنی کوردی توانیویەتی کار لەسەر هەندێ پرسی چارەنووسسازی گەلی کورد بکات وەک فیدراڵی و سەربەخۆییی کوردستان و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان؟

* ڕاگەیاندنی کوردستان دوو جۆرە، جۆری ڕەسمی لەمێژە تۆپی هاوێشتووە، پارەیەکی لێ خەرج دەکرێ فیڕۆیە، دابەش دەکرێ لە داوودەزگای حکوومەت، بچێتە بازاڕی ئازادەوە تیرێژی نامێنێ، ئازادیی نووسین لەم بڵاوکراوانەدا کەمە. تەلەفزیۆنەکەی زیاتر گۆڤەند و عیشقبازییە نەک هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنیی بەسوود. ئەوانەی کار لەم جۆرە ڕاگەیاندنەدا دەکەن یان خۆیان باوەڕیان بەئازادی نییە یان نایانەوێ کاری بۆ بکەن، واتە مەرج نییە کێشەکە هەر لە سەرووی خۆیانەوە بێ و ئەوان بێدەسەڵات بن. جۆری دووەمی ڕاگەیاندن ئەوەیە ناونراوە سەربەخۆ، ئەمەش هەر لە قەراغی حزبەکانە. ئەمانە زیاتر لەلایەن هەندێک کەسایەتی یان هەندێک دەزگاوە پاڵپشتی دەکرێن، هەناسەیەکی ئازادی هەیە لەمانەدا نابێ نکووڵیی لێ بکرێ، بەڵام ئەویش تا ئێستا ئامانجی نەپێکارە. بەکورتی و بەم جلە شڕەوە، ڕاگەیاندنی کوردستان ناتوانێ ڕۆڵێکی کارا بگێڕێ لە کۆمەڵی کوردستاندا لە پێناو مافە گشتییەکانی خەڵک وەک تۆ دەڵێی، یان بۆ کێشە سیاسییە چارەنووسییەکان لە وێنەی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی و چەندان کێشەی تر.

بەلای منەوە دەبێ سیستەمێک هەبێ بۆ دروستکردنی ڕۆژنامەوانیی ئازاد لە کوردستاندا. دەبوایە وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان

ئەم كارە بكەن، سەنديكا خەريكی ياسايە زياتر، بەلای منەوە كارەكە بەرەواژ وەرگيراوە، دەبێ جاری يەكەم سيستەمێك هەبێ بۆ يارمەتيدان ئينجا ياسايەك هەبێ بۆ ڕێكخستنی كارەكە. باسی پاراستنی چ مافێك دەكەی بۆ كاری ڕۆژنامەوانی كە ڕۆژنامەوانييەكە خۆی بوونی نييە. دەبێ جاری يەكەم لە دايك ببێ ئينجا پێی بڵێی وا بكە وا بڕۆ. بۆچوونی من ئەوەيە دەبێ حكوومەت بەگوێرەی ياسايەكی ئاشكرا پاڵپشتی بدات بەڕۆژنامەوانيی ئازاد و بۆ هەموو كەسيش كراوە بێت سوودی لێ ببينێ.

* بۆچی كورد تا ئێستا نەيتوانيوە ببێتە خاوەنی ئاژانسێكی ڕاگەياندنی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەوە بەدەست بێت پێتان وا نييە لەسەر ئاستی جيهان كاريگەريی لەسەر ناساندنی دۆزی كورد دەبێت؟

* دانانی ئاژانسی دەنگوباسی سەربەخۆ هەنگاوی يەكەمە بۆ پەرەپێدانی ڕۆژنامەوانيی ئازاد لە كوردستاندا، واتە دەزگايەك بەگوێرەی بنەمای شارەزايی و پيشەيی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوگەلدا بكات، بێلايەن بێت و هەموو لا متمانەی پێ بكەن و زانياريی پێ بدەن. دروستكردنی كەناڵێكی وەك دەڵێن پرۆفيشينال بۆ كوردستان زۆر گرينگە، تا هەم لە ناوخۆ متمانەی پێ بكەن و خەڵك كێشەكانی خۆيانی تێدا بدۆزنەوە، هەميش بۆ دەرەوە نيشانەی بوونی وڵاتێك بێت نەك ميليشياتی حزبی و ناوچەگەری. تا ئێستا كێشەگەلی كوردی يان زانياری و هەواڵ لەبارەی كوردستان لە ڕێی ئاژانسەكانی وڵاتانی دراسێوە دەگەن بەجيهانی دەرەوە. خۆمان كەناڵمان نييە و ڕوومان شێواوە لە ئاوێنەی خەڵكدا. ڕاگەياندنی كوردستانيش لەبەرئەوەی لايەندارە، بيانی پشتی پێ نابەستن.

ئێمە خەريكی ئاژانسی دەنگوباسی كوردستانين، پێمان باشە هەركەس و بەگوێرەی توانای خۆی بەشداريی تێدا بكات، چ مادی چ واتايی. ئێمە وەك دەزگای ئاراس كارەكە بەڕێوە دەبەين لەڕووی ماديیەوە. با دەزگاكانی تر بەتايبەتی ئەوانەی قەراغ كە نەختێك ئازادييان زياترە، با بێن لەم پرۆژەيەدا بەشداربن. بەهەڵبژاردنی كەسان بۆ نووسياری و پەيامنێری، يان هەرنەبێ

هاوکاریمان بکەن بە راوێژ و بیرگۆڕینەوە. ئەمانەش ناکەن، هیواداریین لە داهاتوودا مامەڵەی رێکوپێک لەگەڵ ئاژانسەکەدا بکەن تا سەربکەوێ. دوواجار هەر ئێمە بەشدار نین لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم کارە یان هەر کارێکی تردا، بێگومان رۆڵی خەڵکیش گرینگە.

## ناتوانم بیر لە دایکم بکەمەوە

دایک پێگە و سەنگێکی بەرچاوی لە ژیانی تاکەکاندا هەیە، ڕۆڵی دیار لە پێگەیاندن و دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا دەگێڕێ، لەو گۆشەنیگایەوە "هەرێمی کوردستان" هەوڵ دەدات لە هەر ژمارەیەکدا ڕا و بۆچوونی ڕۆشنبیر و سیاسەتوان و هونەرمەندان تۆمار بکات، بۆ ئەو ژمارەیەش نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەدران ئەحمەد حەبیب باس لە دایکی دەکات.

هەرێمی کوردستان ٤٣٩ لە ٢٠٠٧/١١/٢٧

ئامادەکردنی: محەمەد شکاک

ماوەی چەند مانگێک دەبێ ڕۆژنامەنووسێکی لاو تەنگی پێ هەڵچنیوم بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیار لەبارەی بیرەوەریم لەگەڵ دایکمدا. دەیان جار پێوەندیم پێوە دەکات چ لە کاتی کار یان لە کاتی پشووداني شەواندا. منیش هەر ئەمڕۆ سبەی پێ دەکەم، یان وەڵامی نەرێنیی دەدەمەوە و دەڵێم کاتم نییە. بەهیوای ئەوەی سارد ببێتەوە و واز لەم دیمانەیە بێنێ. سوودی نییە و دەست لەم داوایە هەڵناگرێ. من ئەوەندە سست نیم لە نووسین تا بڵێی بەهۆی پڕکارییە وەڵامی نادەمەوە، لەم ماوەیەی ئەو ڕۆژنامەنووسە لاوە گەمارۆی داوم، دەیان وتارم نووسیوە و چاوپێکەوتنم وەڵام داوەتەوە. ڕاستی ئەوەیە نەمدەویست لەبارەی دایکمەوە هیچ بنووسم. لەناو ئەم سەر ئاڵۆزی و پڕکارییەدا ڕەنگە نەتوانم بە وشە پێناسەی ئەو مرۆڤە بکەم کە هیچ کەسێک لەم سەرزەوییەدا ناتوانێ شوێنی ئەو بگرێتەوە. دامنابوو لە ڕۆژانێکی داهاتووی تەمەندا دەستم بەتاڵ ببێ بۆ ئەمە. بەهەر حاڵ وا نووسیم. با ڕاستییەک بدرکێنم، ئەوانەی زرووفێکی نالەبار لە منداڵییاندا ژیاون، با بڵێین باری ئابووریی خراپ وەک من، ناتوانن وێنەی دایکیان لەبەر چاو لابدەن. ئەو مرۆڤەی لە هەورازگەلی سەختی ژیاندا چنگەڕنەی دەکرد بۆ ئەوەی ئاواتەکانی من و خوشک و برایەکانم بێنە دی.

* کەسایەتیم لە منداڵیدا

منداڵێکی گۆشەگیر بووم، حەزم لە یاریی ناو منداڵان نەبوو. دایکم دەیگوت کە زۆر بچووکیش بووم هەر تەنیا بووم. ئەم خووە لە ژیانی داهاتوومدا ڕەنگی دایەوە، لەبەر ئەم بێ کەسی و بێ هاودەمییەی خۆم لە تەمەنی منداڵی و لاویدا، خولیام بوو بەخوێندنی دەرسی قوتابخانە و خوێندنەوەی کتێبی کولتووری. ماڵێکی بچووکمان هەبوو، خۆشمان خێزانێکی گەورەبووین، میوانیشمان زۆر دەهات، تا شەوان درەنگ قسەیان دەکرد و چرەدووکەڵ ژوورەکەی پڕ دەکرد، منیش لە گۆشەیەکدا دوو پەنجەم توند دەنا بەکونی گوێمەوە تا تێ بگەم چی دەخوێنمەوە. کە ڕۆژ دەبووەوە، ئەگەر باران و سەرماش بووایە هەر دەچوومە دەرەوەی ماڵ بۆ دەرس خوێندن. لە پەنایەک کە ڕۆژ یان باران نەیگرێتەوە، دەمخوێند.

* ئاخۆ هی جارێک بووم بەهۆی کێشە و سەرئێشە بۆیان؟

بەمنداڵی شەڕە منداڵ و ناڕەحەتیم کەم بووە، یان ڕەنگە هەر نەمبووبێ، بۆیە نەبوومەتە هۆی سەرئێشە بۆ دایکم. تەنیا جارێکم لەبیرە شەڕێکم کرد و بەردێکم هاوێشتە منداڵێک، کات دوای ڕۆئاوابوون بوو، ئەویش بەهەمان شێوە وەڵامی دامەوە و بەردەکەی ئەو بەدەرگای ماڵی ئێمە کەوت، ئەمەش ئەو ڕۆژە بوو ئەنجامی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم وەرگرتبووەوە، یەکەمی هەولێر و سێیەمی هەموو عێراق بووم، تێکڕای پلەکانم نەوەت و حەوت بوو لە سەدا، وێنەم لە ڕۆژنامەیەک درابوو. باوکم زۆری پێ ناخۆش بوو کە شەڕم کردووە، شەقازلەیەکی لێ دام. منیش گریام و دایکم زۆر خەمی خوارد لەبەرئەوەی باوک و دایکم لە ئێمەیان نەدەدا. تا ساڵانیکی زۆر ئەو ڕووداوە بووبووە مایەی پێ ڕابواردنم لەلایەن برا گەورەکەمەوە، دەیگوت: "ئەو ڕۆژەی یەکەم بووی خەڵاتەکەت شەقازلەیەک بوو". ماڵێکی هەژار و لادێیی بووین، نەیاندەزانی چۆن ئەو ڕۆژەم بۆ بکەن بەڕۆژێکی مێژوویی لە تەمەنمدا، بەو شێوەیە کردیان. دەستیان خۆش بێ چونکە شەڕم کردبوو.

* یادگارییەکانم لەگەڵ دایکمدا

هەزاران یادگاریم هەیە لەگەڵ دایکمدا بەڵام مەرج نییە لە یەک کاتدا بێنەوە بیرم. تەنیا دووانیان لەم ساتەدا لە خەیاڵم ئامادەن. ئەو کاتەی لە قۆناغی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، زۆر ماندووبووم وەک هەر قوتابییەک کە دەیەوێ پلەیەکی بەرز بێنێ. بەدرێژاییی ئەو ساڵە پشووم نەدا، باریک و لاواز بووبووم. نەدەچووم بۆ هیچ شوێنێک و نەساتێکم بەفیڕۆ دەدا، بەتایبەتیش یەک مانگی پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی، تەنیا لە کاتی نان خواردنی سێ جەمەکەدا دایک و باوک و خوشک و برایەکانم دەبینی. دووای ئەوەی تاقیکردنەوەکان تەواو بوون، دایکم بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە پارەیەکی پێ دام، لە چاو ئەو کاتە و لە چاو دۆخی ئابووریی ماڵی ئێمەدا پارەیەکی زۆر بوو، هەستم کرد ماوەیەک خەریک بووە تا ئەم بڕە پارەیەی پاشەکەوت کردووە. گوتی بڕۆ جلوبەرگ بۆ خۆت بکڕە. چووم کڕیم. پاش چەند ڕۆژێک یەکێک لە جلەکانی جارانم ویستەوە، گوتی: هەموویانم سووتاند. گوتم: بۆ؟ گوتی: ئەوەندە لە ناو ئەو جلانەدا تۆم بەماندووەتی بینیبوو، نەمدەتوانی جارێکی تر چاوم پێیان بکەوێتەوە.

ڕاستی دەکرد، منیش وام، شتومەک دەبن بەهۆی تۆمارکردنی بیرەوەری لە خەیاڵمدا. شتێک بیرەوەرییەکی ناخۆشم لەگەڵیدا دیتبێ حەزناکەم بیبینمەوە. لەبەرئەم هۆیە زۆر کەلوپەل یان کتێبی خۆمم فەوتاندووە. جاریکی تر، کاتی کۆچەکەی ساڵی ١٩٩١ بوو، ئێمەش تەبای ئەو خەڵکە دەرچووبووین. ماندوو و بێزار و بێ هیوا لە هەموو شت. دایکم نەخۆش بوو. چەندان ساڵ بوو شەپڵە لێی دابوو و نیوەی لەشی مردبوو. بەشێکی خەمی ئێمە لەو کۆچە ناوەختەدا نەگونجاویی ئەو بوو بۆ ئەو بارودۆخەی خۆراک و ئاوهەوا و بێ جێگەیی. ڕەمەزانیش بوو و ئەو بەڕۆژوو بوو. گوتی زۆر خەمبارم. گوتم: بۆ؟ گوتی دەڵێن کە هەولێر چۆڵ بووە، هەندێک کەس پەیدابوونە ماڵی خەڵک تاڵان دەکەن. زۆر پێ کەنیم، گوتم باشە ماڵەکەت چیی تێدایە وا بۆی بەپەرۆشی؟ یاخوا ڕاست بێ و تاڵان کرابێ ئەمجارە بۆ خۆمان لەگەڵ خەڵکدا یەکسان

دەبین. گوتی: "ئـا خەمی کتێبەکانی تۆمە." کتێبخانەیەکی بچووکم هەبوو لەو ماڵەدا رەنگە دوو تا سێ سەد کتێبی تێدا دەبوو. دایکم خوێندەواریش نەبوو بەڵام زۆر رێزی لە کتێبەکانی من دەگرت، دەیزانی ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ژیانی ئەو خێزانە هەژارەدا روو بدات، بەهۆی ئەو کتێبانەوە روو دەدات. هەر واش بوو.

* چەند منداڵ بووین و کاممان زۆرتر خۆشەویست بوو؟

هەشت خوشک و برا بووین و بەداخەوە من لە هەموویان خۆشەویستتر بووم لەلای دایکم، یان هەر نەبێ من وام هەست کردووە. ئەمەش نیشانەی بەختەوەری نەبوو بۆم، لەبەرئەوەی بەردەوام لە ژێر چاودێری و سانسۆری ئەودا بووم. ئەو کاتەش و ئێستاش وام، کە تەندروستیم خراپ دەبێ حەزناکەم کەس قسەم لەگەڵدا بکات و دەمەوێ کەس نەبینم تا چاک دەبمەوە، واتە دەبێ لە پەنایەکدا پشوو بدەم. لەبەرئەمە کە تەندروستیم تەواو نەبووایە دەبوایە دانێ پێدا نەنێم و نەڵێم تەواو نیم، ئەگەرنا ئەوەندە بەملا و بەولامدا دەهات و دەچوو، هەردووکمان پەرێشان دەبووین. ئەو کاتە سەردەمی رێژیمی بەعس بوو، دەبوایە لە دەرەوە نەمێنمەوە نەبادا خۆی و باوکم نیگەران بن، بەتایبەتی ئێواران ئەگەر لەگەڵ هاوەڵەکانمدا تۆزێک دووا بکەوتمایە، دەگەڕامەوە دەمبینی وا هەردووکیان لە پاڵ دیوارێک لە دەرەوەی ماڵ لە تاریکییەکدا دانیشتوون، زۆر ناڕەحەت دەبووم، یان چاکتر بڵێم ویژدانم ئازاری دەدام کە بەو جۆرەم دەبینین، بەناڕەحەتییەوە دەمپرسی بۆ لێرەن؟ لەبەر من؟ لە شەرمانە نکووڵییان دەکرد، دەیانگوت بۆ خۆمان هاتووینەتە دەرەوە و لە ژوورەوە دڵتەنگ بووین. ناهەقیان نەبوو، دەنگۆی ناو خەڵک دەیگوت چەندان لاو چوونەتە دەرەوە و نەگەڕاونەتەوە.

* چی لە دایکمەوە فێربووم؟

بێ ژمار خوو و رەوشتی مرۆڤانەی لێوە فێربووم. نازانم چەندیان لە هەڵسوکەوتی ژیانی مندا رەنگیان داوەتەوە؟ بەڵام هەست بەهەندێکیان دەکەم.

گرینگترین ڕەوشت ئەوەیە کە بەڵێن بدەم بۆ شتێک دەبێ بیکەم، یان هەر کات خۆم لە دۆخێکی باشدا ببینم خوشک و برایەکانم بێنەوە بیر. شتێکی تر لە دایکمەوە فێربووم ئەویش زمانی کوردیی پەتییە. من نازانم ئەم ژنە ئەو زمان پاراوییەی لە کێ بۆ مابووەوە. بەڵام وا بزانم لە دایک و پووری. وشەی کوردی کەم هەیە، یان پەند و قسەی نەستەق نییە لە زمانی دایکمەوە نەمبیستبێ. لەوانەیە هەزاران دایکی تریش وابووبن بەڵام بۆ من کە بایەخم بەزمانی کوردی و نووسینی کوردی دەدا، دایکم مایەی سەرنج بوو. بیری زۆر تیژ بوو لەم بوارەدا، جارێکیان واتای قسەیەکی نەستەقم لێی پرسی، گوتی نازانم واتای چییە، بەڵام بۆی گێڕامەوە چۆن بەگەنجی لە پیرەژنێکی گوندی خۆمان هەمان قسەی بیستبوو، باسی کرد ئەو پیرێژنە بۆ چ بارێک ئەو قسە نەستەقەی بەکار هێناوە تا یارمەتیم بدا بەیەکەوە تێی بگەین. زۆر کەیفی دەهات کە دەیبینی دەفتەرێکی بچووکم هەیە لە ماڵ، وشە کوردییە ڕەسەن و پەتییەکانی ئەو دەنووسمەوە. خوشک و برایەکانیشم فێربووبوون وشەی زمانی دایکمیان لە دەفتەرەکەدا بۆ تۆمار دەکردم ئەگەر خۆم لەوێ نەبووایەم.

* چۆن قەرزی دایکم دەدەمەوە؟

ئەگەر زیندوو ببێتەوە ڕەنگە بتوانم کەمێکی بدەمەوە، بەڵام من کاتێک گەیشتم بەداهاتووی خۆم، ئەو لەپێ کەوتبوو. بەداخەوە نەمتوانی قەرەبوویەکی ئەو هەژاری و قاتوقڕییە بکەمەوە کە لە ژیانی خۆی و بەخێوکردنی ئێمەدا بینیبووی. ناتوانم هیچی بۆ بکەم بەداخەوە، هەموو شت تەواو. خوشکێکم دەڵێ جارێکیان لە باسی مندا گوتوویەتی خۆزگەم لە ژیانی خۆم دەخواست تێر لەگەڵیدا دانیشم، واتە لەگەڵ مندا. ڕاستی دەکرد، من لە منداڵییەوە وەک ئێستا بووم، هیچ کاتێکم نەبوو بۆ کەس تەنانەت بۆ ئەویش. دوای کۆچی دوایی ئەو، هەندێک جار ئەگەر لە خوشک و برایەکانم تووڕە بووبم وێنەی ئەوم هاتووەتەوە خەیاڵ، پێی گوتووم نەکەی پشتیان لێ بکەی.

* دوا وتە لەبارەی دایکمەوە

دوای کۆچی دوابیبیان، واته باوکم و دایکم. نەمتوانیوە سەیری وێنەکانیان بکەم. ناشتوانم بیریان لێ بکەمەوە. یەکێک لەو هۆیانەی هیچ پشووێک بەخۆم نادەم ئەوەیە کاتێ بێ کار دابنیشم و بیر بکەمەوە، هەردووکیان دێنەوە بەرچاوم. منیش نامەوێ هەست بکەم مردوون و نەماون. وا چاکە هەر زیندووبن لە خەیاڵی مندا، باشترە وا تێ بگەم لەمێژە نەمدیون.

## بنمیچی دیموکراسی له کوردستاندا زۆر نزمه

بۆچی کۆواری "بزاو" نەیتوانی شەش مانگەی تەمەنی تێ پەڕێنیت، ئایا چۆن دەکرێت داخستنی تەنیا کۆوارێک بکرێتە پێوەر بۆ نەبوونی دیموکراسی لە کوردستان، لە کاتێکدا ڕۆژانە چەندان ڕۆژنامەنووس لە کوردستان دەکەونە بەر لێدان و زیندانیکردن، پاشان بەرپرسی دەزگای ئاراس پەنجەی تۆمەت بۆ کێ ڕادەکێشێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و زانینی پتری وردەکارییەکانی تایبەت بەم داخستنە و ئاستی داهاتووی دەزگای ئاراس، "چاودێر" ئەم دیالۆگە تایبەتەی لەگەڵ بەدران ئەحمەد حەبیب، بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوبراودا ساز دا.

چاودێر ١٥٥ لە ٢٠٠٧/١٢/١٠

سازدانی: ستار باقی کەریم

چاودێر: بۆچی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا، داخستنی کۆواری "بزاو"ت کردووەتە تاکە پێوەری نەبوونی دیموکراسییەت؟

بەدران ئەحمەد: دیموکراسی هەیە، وەنەبێ نەبێ، بەڵام یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی ئازادیی ڕا دەربڕینە لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەمەیان لە کوردستاندا بنمیچی زۆر نزمە. سەرۆکی کۆمار یان سەرۆکی هەرێم دوو پۆستی گەورەن، تۆ ئەگەر لە یەکێک لە دوو حزبەکە بیت و ڕەخنە لە یەکێک لەم سەرکردانە بگری کە لەم پۆستانەدان، ئەگەر لە حزبێکی جیا بێت، بەگومانەوە سەیرت دەکرێ، لە حزبەکەی خۆی بیت بەدڵسۆزی حسابە. ئەمە مامەڵەکردنی خێڵەکییانەیە لەگەڵ دیموکراسییەتدا. نموونەیەکی تر، ڕۆژنامەکانی بەغدا سەرەڕای شێواویی باری ئەمنی و کەس بەکەس نەبوونی ئەو شارە، باشتر ڕەخنە دەگرن و کەسیش بیر لەوە ناکاتەوە سزایان بدات. لێرە ئارامی هەیە بەڵام حزبی کوردی لە جیاتی ئەوەی ئارامی بکەن بەهەل و دەرفەت بۆ گەشەپێدانی ئازادیی ڕا دەربڕین، دێن یەک دەگرن بۆ کەمکردنەوەی. لە کوردستاندا هەزار و یەک بیانوو هەیە بۆ بچووککردنەوەی

سنووری ئازادیی دەربڕین: ئاشتیی ناوەخۆ، تەبایی، ڕێککەوتنی دووقۆڵی... هتد.

چاودێر: کێ لە پشتی داخستنی بزاوەوە دەبینی؟

بەدران ئەحمەد: خۆمان کە بینیمان لە ژێر پاڵەپەستۆداین بڕیارمان دا دای بخەین. کەسێکی دیاریکراو هەشبێ زۆر گرینگ نییە لەبەرئەوەی ئەم کەسەش نەبێ کەسێکی تر لە جارێکی تردا سەرهەڵدەداتەوە. کێشەکە کەشی نالەبار و چەوتی دیموکراسییە لە کوردستاندا، بەم حاڵەوە کوردستان نابێ بەمۆدێل بۆ عێراق وەک چاوەڕوان بووین.

چاودێر: بەفەرمانی کێ بزاوتان ڕاگرت؟

بەدران ئەحمەد: بەفەرمانی خۆم.

چاودێر: دەبێ شتێکی هەڵە نەکرابێت، بۆیە "بزاو"تان ڕاگرت؟

بەدران ئەحمەد: سەیرکە، ئێمە لە نێوان دوو هەڵبژاردندا بووین، یان ئەوەتا ڕێبازی کارکردنمان دەگۆڕین یان دەست لە کارەکە هەڵدەگرین. برادەرێک بە ئی مەیل نامەیەکی بۆم ناردووە لە جیاتی هاوخەمی، پیرۆزباییم لێ دەکات. دەڵێ: "قەڵەمی شکاو بەنرخترە لە قەڵەمی دۆڕاو". ئەمەیە ڕاستییەکەی. تامی ژیان لە ماناکەیدایە نەک لە بەردەوامبوونی ژیان خۆی.

چاودێر: پێت باش بوو دای بخەیت نەوەکو داوای لێبووردن بکەی؟

بەدران ئەحمەد: نەک تەنیا داوای لێبووردن، دەبوایە سەرلەبەری مێتۆد و شێوازی کارکردن بگۆڕین. ئەم بڕیارە بۆ یەک جار و یەک هۆ ناگەڕێتەوە تا بمتوانیایە چارەسەری بکەم، شت زۆر کەڵەکە بووبوو، هەستمان کرد سەغڵەتبوون زۆر ڕوو دەدات. ئێمە پێمان خۆش بوو کە لە ناو یەکێتییەوە زیاتر دەسخۆشانەمان لێ دەکرا، بەڵام سەیرە، کەشی کوردستان لە کەشی بەهار دەچێ، گۆڕانەکەی کتوپڕە. خەڵکی سیاسی لە کوردستان زۆر باسی دیموکراسی دەکات بەڵام کە باس هاتە سەرخۆی، لە بچووکترین شتدا هەڵدەچێ و ڕاست و چەپی خۆی لێک جیا ناکاتەوە. بەبۆچوونی من پڕۆژەی

ڕاگەیاندنی ئازاد لە کوردستان، بەداخستنی بزاو ساتمەیەکی گەورەی کرد.

چاودێر: بۆ تەنیا بەداخستنی بزاو؟ لە کاتێکدا ڕۆژانە ڕۆژنامەنووسان دووچاری لێدان و جنێوپێدان سەرکۆنەکردن دەبنەوە، هەڵوێستی ئێوە لەم بارەیەوە چۆن بوون؟

بەدران ئەحمەد: بەڵێ ڕاستە، ئازادیی ڕا دەربڕین لە کوردستان بەردەوام لەبەردەم مەترسیدایە و هەنگاوی بەرەوپاش زۆرترە لە هەنگاوی بەرەوپێش. بۆ نموونە من نۆ ساڵە لە ئاراس کتێب بۆ نووسەران چاپ دەکەم بێ ڕەچاوکردنی سەنگەری حزبایەتیی نووسەر، یان بۆچوونی سیاسی، یان ناوچەیی یان دیالەکت یان هەرشتێکی تر. بەداخەوە ئێستا و دوای ئەم هەموو ساڵە، یەکێک دێ و دەمگرێ و دەمباتە خانەی حزبەوە وەک پێش دە ساڵ یان زیاتر. حزبەکان خۆیان دەڵێن وا ئێمە لە حزبایەتی دێینە دەرێ بەڵام ڕۆشنبیری ناو حزب دەتخاتەوە ناو چوارچێوەی تەسکی حزبایەتی بۆ ئەوەی دەرفەتی داهێنان و نوێکاریت لێ بگرێ. سەرکردەکانی حزب مامەڵەیان لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕدا باشترە وەک لە ڕۆشنبیرانی ناو حزب. بەداخەوە ئەوانەی لە بەرنامە و کۆڕەکان دەردەچن و بەردەوام باسی جیاوازیی بۆچوون و ئازادیی دەربڕین کاوێژ دەکەنەوە، ئەوان خۆیان سەرکوتکەری ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕینن، ئەو پۆستانەی هەیانە کردوویانە بەپۆستی سەرکوتینەوەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان. یەکێکی تر بوایە هەوڵی دەدا زیاتر سەرکردایەتی و کادیرانی حزب لەگەڵ ئازادیی بۆچوون و ڕۆژنامەنووسیدا ڕابێنێ، بەمەش شانازی بۆ خۆی و حزبەکەی تۆمار بکات. ڕاستە سەحاف پیاوێکی درۆزن و خۆهەڵکێش و فشەکەر بوو بەڵام عەنتیکە و خوێن شیرینیش بوو بۆیە ڕەنگە من زوڵمم لە سەحاف کردبێ کە ئەمانەم بەو چوواندووە.

چاودێر: واتە پێت وایە ئەمانەی خۆمان خوێن شیرین نەبن؟

بەدران ئەحمەد: نەخێر. بەڵام لە یەک شتدا لە سەحاف دەچن، لە هەرزانی و بێ نرخیدا. ئەمەریکا دەیان هەزار کادیری درشت و وردی بەعسی گرت

کـــەچی ئامـــادە نـەبوو بـە لاچاوێکیش ســـەیری ســـەحـــاف بکات. ئەوەی لە کوردســتاندا بەدی هاتووە بەرهەمی بزووتنـەوەیەکی ڕزگاریخوازی میللییـە کە تەمـەنەکەی لە نیـو سەدە زیاترە، کەس بۆی نییـە بۆ خـۆی پاوانی بکات و بڵێ ئەمـە مـوڵکی منە. لە کوردسـتـان میللەتێک قوربانیی داوە بـۆ ئازادی، کەس بەکـودێتـای سـەربازی ڕزگـار نەکـردووە تا دەمـامـک و دەمـبـێـن بخـاتـە دەمی خەڵکەوە.

چاودێر: "ئاسـایشی نەتەوەیی" و "داوونەریت" و "سیستـمی گشتـی"ی نێو یاسای ڕۆژنامەنووسان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

بەدران ئەحـمـەد: دەبێ ئەمانە پێناســەی وردیان بۆ بکرێت ئەگینا لەوانەیە کوشتن لەسـەر شـەرەفیش بەدابی گشتی بژمێردرێ، یان کـاریکاتێرێک ببێ بەهۆی شڵەژانی ئاسایشی نەتەوەیی، وەک بینیمان.

## تەنیا لە ساڵی ڕابردوو ١٦٠ کتێبمان چاپ کرد

ئەو هەمیشە لە ئۆفیسە خۆشە بەکتێب ڕازاوەکەی خۆیدا دانانیشێ بگرە لە ژوورێکی شووشەبەند دادەنیشێ کە گشت کارمەندەکانی دەیبینن و ئەویش ئەوان دەبینێ و بزە و سڵاو لە یەکتری دەکەن. لەگەڵ میوانەکانیدا زۆر بەڕێزە و کەمیش حەزی لە کات بەفیڕۆدانە، زۆریش دەخوێنێتەوە و کڕیارێکی باشی کتێبە لبنانییەکانە. کەسێکە زۆر خاوەن دیسپلینە بۆیە دوژمنداری دەکرێ لە لایەن هەندێک ڕۆشنبیر و نووسەرەوە. ئەو ماوەی ١٢ ساڵە ڕاوێژکاری "نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی حکوومەتی کوردستانە بۆ کاروباری ڕاگەیاندن، دۆستێکی زۆر لەیەکەوە نزیکن. ئەو بەڕێزە، بەدران ئەحمەد حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراسە لە دیدارێکی تایبەت بەریفۆرم چەند لایەنێکی شاراوەی ژیانی باس دەکات و تیشک دەخاتە سەر کار و پرۆژەی داهاتوو و ڕەوشی ڕۆشنبیری و جیاوازی لەگەڵ سەردەمی گەنجی ئەم نەوەیەدا.

ریفۆرم ٤ لە ٢٠٠٨/١/١٢

دیمانە: مەحموود یاسین کوردی

* سەرەتایەک لە ژیانی بەڕێزتان؟

– ساڵی ١٩٦١ لەدایک بووم، ئەویش لە لادێ. لادێیەکی دواکەوتوو، هەژار، بێ خزمەتگوزاری. نە قوتابخانەی هەبوو نە ڕێگەی خۆش نە ئاوی خواردنەوە. بەڵام وێڕای ئەمانەش، خەڵکەکە ڕوویان لە پێشکەوتن بوو، منداڵی خۆیان دەنارده گوندێکی دراوسێ بۆ خوێندن. هەموو بەیانیان زوو دەکەوتینە ڕێ، دەمەدەمی ئێوارە دەگەڕاینەوە. ڕێگەکە ئەوەندە دووردرێژ نەبوو بەڵام بۆ منداڵ زۆر بوو.

منداڵێکی لەڕ و لاواز بووم، بێ جلوبەرگ و بێ بژیویی باش، بەڵام وێڕای ئەمەش درێژەم بەم کاروانە بچووکەی خۆم دا. چاکەی ئەمەش بۆ دایک و

باوکم دەگەڕێتەوە، ئەوان لایان وابوو خوێندەواری تاکە ترووسکەی ئەو شەوەزەنگەی هەژاری و دواکەوتنەیە کە میراتی سەدان ساڵەی ئەو گوندانە بوو.

* لە کاتی منداڵی زۆر حەزت لە یاریکردن و کات بەفیڕۆدان نەبووە بگرە حەزت لە خوێندنەوە بووە، ئەم خولیایەت لە کوێوە بۆ هات؟

– بەمنداڵی گۆشەگیر بووم. حەزم بەگاڵتەوگەپ و یاریکردن و شەڕەشەقی منداڵان نەدەکرد. هەرچەندە منداڵ لەو سەردەمەدا بەگشتی شەرمن و بێ کێشە بوون بەڵام ئەوەش بۆ من زۆر بوو. دایکم تا مابوو بۆی دەگێڕامەوە کەوا بەمنداڵی بەتەنیا یاریم کردووە. حەزم لە جڤات و دانیشتنی گەورانیش نەبوو، ئەو کاتە وەک ئێستا تەلەڤزیۆنیش نەبوو تا منداڵ خووی پێوە بگرێ و کاتی لەگەڵدا بەسەر ببات. لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا کتێبم دۆزییەوە. لە هاوینی ساڵی یەکەمی قوتابخانە بۆ پۆلی دووەم، یان لە پۆلی دووەمەوە بۆ سێیەم بوو، یەکەم جار کتێبی خوێندنەوەی ڕۆشنبیریم کەوتە بەردەست. چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەبوو لەو کتێبەدا، وابزانم لەو هاوینەدا دەیان، ڕەنگە سەدان جارم خوێندەوە. ئەو چیرۆکە بووبوو بەجیهانی منی گۆشەگیر و دابڕاو.

* سەردەمی گەنجیی ئێوە بەتاڵترین ژیان ناوزەد دەکرێ، مامەڵەت لەگەڵ ئەو سەردەمەدا چۆن بوو؟

– ڕەنگە تاڵترین بووبێ لە ڕووی بژێوی و گوزەرانەوە، یان لەو ڕووەوە کە هیچ ئازادییەکی سیاسی نەبوو، دەبوایە لەو تەمەنەدا لە هاویناندا کار بکەین، هەر کارێک بوایە، دانیشتن بۆ ئێمەمانان مایەی شەرم بوو. کارەکانیش هێندە گرینگ و گەورە نەبوون بەڵام هەر چۆن بێ کاربوون. لە ڕووی سیاسیشەوە هەرزەکار و گەنج زۆر پێویستییان بەکەشی ئازادی هەیە. بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا بەندە بە پرسیارکردن یان خوێندنەوە یان ئاخاوتن لە هەموو شتێک، ئەمانەش ئەو کاتە زۆر سنووردار بوون. خێزان بەردەوام بەدوامانەوە بوو نەوەکا هەڵەیەک لە دەممان دەربچێ و ببین بەمایەی کێشە و سەرئێشەی

سیاسی بۆیان.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئازادی نەبوو. کاری دڵداری لە کاری سیاسەت قەدەغەتر بوو. هەموو شت لە خەباتی ژێرزەوینیدا دەکرا. بەڵام لێتی ناشارمەوە بەختەوەرتربووم لە ئێستام.

* چ کتێبێک ژیانی بەڕێزتانی گۆڕی؟ بۆ؟

– زۆر کتێب کاریان لە ژیانی مندا کردووە. ڕەنگە سەدان، بەڵام ئەوەی بۆ یەکەمین جار سەری سوڕماندم کتێبێک بوو لە بارەی فەلسەفەی مارکسیزمەوە. بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە هەموو شت لە بەرچاوم قەڵپ بووەوە و دنیا گۆڕا. ئەو دنیایەی پێشتر بەتەمومژاوی و لێڵی ناسیبووم، ئەو کتێبە بۆی کردم بەڕۆژی ڕووناک و گەش. هەموو ژیانی من لەسەرینی ئەو کتێبەوە گۆڕا کە لە قۆناغی چوارەمی ئامادەییدا خوێندمەوە.

* سەرەتای نووسینت بۆ کەی دەگەڕێتەوە و بەچی دەستت پێ کرد؟

– یەکەم جار کە نووسینم بڵاو کردبێتەوە، ساڵی ١٩٨٣ بوو. ئەو کاتە لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا بووم. بەشێک لە ڕۆمانێکی چنگیز ئایتماتۆڤم لە زمانی عەرەبییەوە کرد بەکوردی و لە کۆواری کارواندا بڵاو کرایەوە. لەو ماوەیەشدا یەک دوو شیعری خوێڕیلەم دانا کە ئێستاش خواخوامە کەس نەیانبینێ. دوای ئەو مێژووە چەندان نووسین و وەرگێڕانم لە بڵاوکراوەکانی شار و شاخدا بڵاو کردەوە.

بەڵام یەکەمین جار لە ژیانمدا شتم نووسیبێ، ساڵی ١٩٧٣ بوو. ئەو کاتە قوتابیی شەشەمی سەرەتایی بووم. جارێکی تریش باسم کردووە، مامۆستای زمانی کوردیمان ناوی ئەحمەد بوو. لەسەر تەختەڕەش ژینامەی پیرەمێردی بۆمان نووسییەوە، پاشان داوای کرد هەموومان بینووسینەوە و لە ماڵەوە هەوڵ بدەین ئەو ژینامەیە بەجۆرێکی تر دابڕێژینەوە. هەموومان منداڵەکان بەلایانەوە سەیر بوو، منیش هەر وا. زۆر بیرم کردەوە و دەیان جار ئەو نووسینەم خوێندەوە تا دواجار هەستم کرد ئەگەر ئەو نووسینە بەجۆرێکی تر و کورتتر بنووسرێتەوە، ڕەنگە باشتر و خۆشتر بێ. وام کرد و بۆ وانەی

داهاتوو، کە مامۆستا ئەحمەد لێمانی پرسییەوە. کەس هیچی نەکردبوو تەنیا خۆم نەبێ، نووسینەکەم لە پێش قوتابییەکاندا خوێندەوە.

مامۆستا بەجۆرێک گەش بووەوە باوەڕ نەکرێ. دەیگوت: ئەوەی تۆ کردووتە زۆر باشترە لە ئەسڵییەکەی. نازانم ئەو ئەسڵییەکەی لە چی وەرگرتبوو. هەر چۆن بێ ئەو ڕووداوە وای کرد زۆر متمانەم بەلێهاتوویی خۆم ببێ. مامۆستا ئەحمەد بێ وێنە بوو، پاش چەند مانگ لێمان ون بوو، شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا و ئەو چوو بۆ شاخ. کە هاتەوە ئێمە چووبووین بۆ ناوەندی و نەماندیتەوە.

* ئەم نەوەی نوێیە کەم کتێب دەخوێنێتەوە بەبڕوای ئێوە چ کارەساتێک چاوەڕێ دەکرێ؟

– هۆش و ژیریی مرۆڤ لە ئەزموونی ژیانەوە دێ. واتە لە ئەزموونی ژیانی خۆی و ژیانی خەڵکی تر. هەڵبەتە کتێب و شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن، ئەزموونی ژیانی خەڵکی تر زۆر کورت دەکەنەوە و بەپوختی و ڕێکوپێکی دەیخەنەوە بەردەستمان. بەتایبەتی کتێب کە هەم ئەزموون و هەم زمانپاراوی پێشکێش دەکات، هەمیش لە کەشێکی هێمن و ئارامدا. کتێب مرۆڤ دەخاتە ناو جیهانی ڕامان و بیرکردنەوە، کتێب مرۆڤ دادەبڕێ لە هەرا و زەنای کۆمەڵگە و قەرەباڵغیی بێ واتا. کۆمەڵگەیەک کتێب نەخوێنێتەوە عەقڵ میوانی نابێ.

زۆرم بەلاوە سەیرە، نە ماڵ نە قوتابخانە نە زانکۆ نە تەلەڤزیۆن نە حزب نە هیچ دامەزراوەیەکی تری کوردەواری هانی خەڵک نادەن بۆ خوێندنەوە. گەنج ئەگەر تۆزێک لامل و نەگونجاوبێ یان سەرکێش و هەرزەکارانەبێ لە ڕەفتاردا، پێوەی شیرینە چونکە شێوەی خۆی و جلەکانی و هەڵسوکەوتی و هەموو شتێکی لێ شیرین دێ بەبۆنەی تەمەنەکەی. هەندێک جار بێ عەقڵی بۆ تەمەنی گەنجی دەبێ بەنەخش و نیگاری جوانی. بەڵام تۆ پیری گەوج بێنە بەرچاوی خۆت، ئەوجا تێ دەگەی ئەگەر ئەم وەچەیە پیر ببێ چۆن دیمەنی ناشیرین دەبێ. بەداخەوە، من گەشبین نیم بەداهاتووی ئەم وەچەیە، یان خۆت

گوتەنی "چاوەڕوانی کارەسات دەکرێ".

* ئەزمـــوونی کـــارت لەگـــەڵ ســـەرۆکی حکوومـــەتی هـەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

- مـاوەی دوازده سـاڵ دەبێ لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا کار دەکەم. ئەو کـاتەی بۆ یەکـەمین جـار لە نـزیکەوە ئاشنـای بووم، سـەرسـام بووم، ئەو تەمــەنی سی سـاڵ بـوو بەڵام هەڵسـوکـەوت و بیـرکـردنەوەی زۆر لەو تەمــەنە هەڵکشـاوتر بوو. لە مـاوەی ئەو دوازده سـاڵەدا کە ئەو لە حکوومـەتی هەرێمدا سـەرۆک یان جـێگری سـەرۆک بووە، ڕۆژ بەڕۆژ بەشـێوەیەکی سـەرنجـڕاکێش ئاسـۆی بیرکردنەوە و مـامـەڵە و هەڵسوکەوتی بـەرەوپێش چووە، تا ئەوەی کە بووە بە پیاوێکی دەوڵەتی بەپلەی نایاب.

* کەسـایەتیی کاک نێچیرڤان بارزانی لە چ دەچێ؟ جـوانترین سیفـەتی ئەو چییە؟

- کاک نێچیرڤان سیحر و کاریزمـایەکی سەیر لە کەسایەتییدا هەیە. تا لە نـزیکەوە ئـەو بـەڕێزە نـەنـاسی ڕەنگە بـاوەڕ بـەمــــە نـەکــــەی. من لام وایـە داوودەزگـای حکوومـەتی هەرێم کـەمـوکـورتیـیـان زۆرە بەڵام ئەو سـیـحـر و کاریزمایەی ئەو بووە بەپەردەپۆش بۆ کەموکورتییەکانی حکوومەت.

خــوو و ڕەوشـــتی ســەرنجـڕاکـێش "یان وەک تۆ دەڵێی جــوان" لە کـاک نێچیرڤاندا زۆرە، من نـامەوێ پەسنی ئەوە بدەم یان سـتـایشی بکەم، بەڵام بۆ من ئـەم خـاڵانە زۆر گـرینگن لـە کـەسـایـەتیی ئـەودا: سـینگ فـراوانی، زوو حـاڵیـبوون لە نیـاز و مـەبەسـتی کـەسی بەرامبـەر، کـە بەعەرەبی بەمـە دەڵێن (سـورعـەی بـەدیهـە). جگە لـەمــانە: پیــاوێکی کــراوە و دیموکــراسـی، لە بیـروبۆچـوونی بەرامـبـەرەکـەی نـاڕەحـەت نابێ و هـەڵناچێ. لە بـەیانیـیـەوە تا ئێوارە ڕووی گەشە. زۆر شتی تریش.

* تۆ وەکو کەسێکی ئەکادیمی ڕەوشی ئێستای کوردستانت پێ چۆنە؟

- من کەسێکی ئەکادیمی نیم هەرچەندە مـاوەی حەوت ساڵ ئەندامی کارای

کۆڕی زانیاری کوردستانیش بووم. من وەک ڕۆژنامەنووس یان ڕۆشنبیر زیاتر ناسراوم. ڕاستیت دەوێ هەموو کەس لە کوردستان، گەورە و بچووک، ئەوەی دوور یان نزیکە لە ناوەندی دەسەڵات، وابزانم هەموو خەڵکیش نزیکن لەو ناوەندە، هەموویان هەست بەپاشەکشە و گەڕانەوە دەکەن لە ڕەوت و بزاوتی ئەم ئەزموونە خۆماڵییەدا. لەوە دەچێ داوودەزگای کوردستان هەست بەماندووەتی بکات یان پشووی سوار بووبێ دوای ١٧ ساڵ کارکردن. من لام وایە ئێمە بەردەوامین لە ڕۆیشتن بەڕێگەی چەوتدا، ڕێگەی نەبوونی بەرنامەی کارکردن.

ڕاستە حزبی کوردی ماوەی نیو سەدە یان زیاتری لە کاری سیاسەت و شۆڕشگێڕیدا بەڕێ کردووە، بەڵام ئەوە ١٧ ساڵیشە دەوڵەت بەڕێوە دەبات. بۆیە بەهیچ شێوەیەک کەموکورتییەکانی ئەمڕۆی داوودەزگاکان، پاساویان بۆ نادرێ و بیانوویان نییە. ئەگەر گۆڕان لە شێوازی بیرکردنەوە و کارکردنی بەرپرسیارەتیی کوردستاندا ڕوو نەدات، زۆر ئاوات نایەنەدی ڕەنگە زۆر دەسکەوتیش لە دەست بچنەوە.

* دوای داخستنی کۆواری "بزاو" دەزگای ئاراس چی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟

– لە ماوەی ئەم بەهارەدا ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس دەکەوێتە سەر پێی خۆی و دەست بەکار دەکات. ئەمە هەنگاوی یەکەمە لە بناخەدانان بۆ ڕاگەیاندنی ئازاد لە کوردستان. ئەمە کارێکی سەختە و ڕەنگە هەموو ساڵی ٢٠٠٨ خەریکی ئەم پرۆژەیە بین. ئەمە وێڕای چاپی کتێبیش کە لێی بەردەوام دەبین. ئێمە لەم ساڵەدا واتە (٢٠٠٧) زیاتر لە ١٦٠ کتێبمان چاپ کرد. لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا وا بەردەوام دەبین. پرۆژە ڕۆژنامەوانییەکانی تریشمان هەر بەردەوام دەبن ئەگەر باری دارایی کۆسپی گەورە نەخاتە سەر ڕێگەمان.

## زۆر کەس هەن فەشەلی خۆیان
## لە بەرامبەر سەرکەوتنەکانی مندا
## بەوە پاساو دەدەنەوە کە بودجەی ئاراس زۆرە

هەرکە تەلەفۆنمان بۆ کرد بەخۆشحاڵییەوە قبووڵی چاوپێکەوتنەکەی کرد. پێشی باش بوو بەزووترین کات پرسیارەکانی بۆ ببەین، کە پرسیارەکانیشمان بۆ برد لە پرسگەی دەزگای ئاراس چاوەڕێی وەڵام بووین، گوتی با بێن بیانبینم. لەو دیدارە کورتەدا بەدران ئەحمەدی سەرۆکی دەزگای ئاراس زۆر گلەیی لە ڕۆژنامەنووسان بوو کە پرسیاری بێ بنەما دەکەن و دەیانەوێت تووڕەت بکەن، بەڵام ئاماژەشی بەوە دا کە سەرەڕای ئەوەش من هەر ڕەتی چاوپێکەوتنەکان ناکەمەوە. باسی لەوەش کرد کە زۆر بەشەفافی وەڵامی هەموو پرسیارەکانتان دەدەمەوە چونکە دەزگای ئاراس شتێکی نییە شاراوە بێت، لەبەرئەمەش لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکاندا بەشەفافی وەڵامی هەموو پرسیارەکانم داوەتەوە.

کوردستان راپۆرت ٤٠٨ لە ٢٠/٥/ ٢٠٠٨

سازدانی: سۆران عەزیز. ڕابەر فایەق

کوردستان ڕاپۆرت: ئەمڕۆ ئەوەندەی کتێب چاپ دەکرێت، بەقەد ئەوە خوێنەر نییە، هاوکات ڕێژەی زۆری دەزگاکانی وەشاندن تەنیا گرنگی بەنووسەرانی ناسراو دەدەن، دەزگای چاپ و وەشاندنی ئاراسیش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر کتێب چاپ دەکات، پێت وایە خوێنەرانی ئێمە جوابەزن. واتە کەسانێک هەن ڕێژەی زۆری کتێبەکانتان بخوێننەوە؟ هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەوەی بەرهەمی گەنجەکان "ئەوانەی وەکو ناو نەناسراون" بڵاو بکەنەوە؟

بەدران ئەحمەد: تیرێژی چاپ بۆ کتێبی ئاراس بەشێوەیەکی ئاسایی هەزار دانەیە. جاران دوو هەزارمان چاپ دەکرد. ئەو بڕەی چاپی دەکەین، لە بازێڕ

دەڕوا. ڕاستە ئێمە هەندێ جار گلەیی دەکەین ئەویش لەبەرئەوەیە کە یەک هەزار دانە بۆ کتێبی کوردی کەمە، پێمان وایە دەبوایە بازێڕی کتێب بۆ گەلێکی تازە ڕزگاربووی وەک کورد باشتر بوایە. بەڵام بۆ پرسی بڵاوکردنەوەی کتێب بۆ گەنجان، وابزانم ئەگەر لیستی ئەو ناوانە بینی کە ساڵی پار و ئەمساڵ لە ئاراس کتێبیان بۆ چاپ بووە، زۆربەی ناوەکانت نەبیستووە یان وەک خۆت دەڵێی "نەناسراون". کتێب بەناسراوی یان نەناسراویی دانەرەکەی نییە، ئێمە پرەنسیپی ترمان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێب.

کوردستان ڕاپۆرت: ئەوەی بیەوێ کتێبێک لە دەزگای ئاراس بڵاو بکاتەوە. پێویستە هەڵگری کام تایبەتمەندی بێت؟

بەدران ئەحمەد: دەبێ کتێبەکە گونجاو بێ بۆ ئەوەی پێشکێشی بکەین، یان شایەنی ئەوە بێ ناوی دەزگاکەمانی بچێتە سەر.

کوردستان ڕاپۆرت: ماوەیەک لەمەوبەر ئاگادارییەکانتان بڵاو کردەوە، مەبەستتان ئەوە بوو کۆمەڵێک وەرگێڕی تازە بدۆزنەوە، لە پاڵ ئەم کارەدا هەوڵتان داوە بەم شێوەیە نووسەری تازە بدۆزنەوە و هاوکارییان بکەن، لە ڕێگەی وەشاندنی بەرهەمەکانیان؟

بەدران ئەحمەد: ئەوەتا خۆت بەڵگە دەهێنییەوە کە ئێمە چۆن دەمانەوێ دەرفەت بدەین بەنووسەر و وەرگێڕانی لاو. پرۆژەیەکی وامان بەدەستەوەیە کە هەندێک کتێب لەوانەی سەرنجی گەنجان ڕادەکێشن، لە زمانانی ترەوە بکەین بەکوردی. چەندان جار بانگەوازیشمان بۆ ئەمە بڵاو کردەوە. زۆر کەسیش بەدەنگەوە هاتن و ئێستا وا کار دەکەن. ڕەنگە چەند مانگی تر هەندێک بەرهەمی ئەم پرۆژەیە بخەینە بەرچاو.

کوردستان ڕاپۆرت: بەرێژەیەکی کەم کتێبی شیعری چاپ دەکەن، هۆکارەکانی کامانەن؟ ئەگەر خوێنەری شیعر کەمە بۆچی هەوڵ نەدەین زۆریان بکەینەوە؟

بەدران ئەحمەد: بەڕاستی من خۆم نازانم بۆچی بازاڕی شیعر وا نابووتە.

زۆریشمان هەوڵ دا بازاڕی شیعر گەرم بکەینەوە، سەرکەوتوو نەبووین. ڕەنگە کەم خوێندنەوەی لاوان بۆ کتێب هۆیەکی کاریگەر بێت لەم پرسەدا. وەک نەریت، لاوان زیاتر بایەخ بەدنیای ڕۆمانسییەت و خەیاڵی شاعیرانە دەدەن. بەڵام دابەزینی ڕێژەی خوێندنەوە لە ناو لاواندا وای کردووە بازاڕی شیعریش لاواز ببێ، ڕەنگە ئەمە هۆیەک بێ لە هۆیەکان.

> کوردستان ڕاپۆرت: باشترین کتێب کامەیە لای ئێوە؟ ئەوەی تا ئێستا چاپ کراوە تیریژی چەند بووە؟ ئەوەی زیاتر لە جارێک چاپ کراوەتەوە، ڕێژەکەی چەند بووە؟

بەدران ئەحمەد: بەشێوەیەکی گشتی ئێمە یەک هەزار دانە لە کتێبێک چاپ دەکەین، پێش چەند ساڵ دوو هەزارمان چاپ دەکرد. بەڵام ئەمانە بەرزترین تیریژ نین، بەرزترین تیریژ دیوانی "هەژار بۆ کوردستان" بوو، هەروەها "بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس"، وەرگێڕانی شەهید شەوکەت شێخ یەزدینە. بۆ یەکەمیان پێنج هەزار و دووەمیش حەوت هەزارمان چاپ کرد. لەم ماوەیەدا لە ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموک و وەرگێڕانی بەکر شوانی دوو هەزارمان چاپ کرد، پێنج هەزاریشمان چاپ بکردایە تەواو دەبوو. لیستێکمان هەیە بۆ چاپکردنەوەی هەندێک لەو کتێبانەی کە خەڵک داوایان دەکەن، ئێمە کەمجار چاپی دووەم دەکەینەوە.

> کوردستان ڕاپۆرت: لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکاندا هەمیشە ڕووبەڕووی کەسانێک دەبینەوە کەوا زمانێکی زۆر هەژاریان هەیە لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە تا دەگاتە داڕشتن، کەچی کاتێک بەرهەمی ئەو نووسەرانە لە دەزگاکەی ئێوە چاپ دەکرێت، دەبینین بۆشاییەکان نەماون و هەڵەکانیشیان بۆ ڕاست کراوەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە کەسانی پسپۆڕتان هەیە بۆ چاکردنی ئەو هەڵانە؟

بەدران ئەحمەد: ئەوا جارێکی تر خۆت بەڵگە دەهێنییەوە کە ئێمە چەند بایەخ بەو نووسەرانە دەدەین کە کەموکورتی لە نووسینیاندا هەیە. ڕاستت دەوێ ئێمە وەک دەزگای ئاراس خۆمان بەبەرپرس دەزانین بۆ پاراستنی

زمـانـی کـوردی و یـەک دەسـتـی لـە ڕێنووسـدا. کـۆمـەڵێک هـەڵەگـێـڕەوە و ڕاسـتکەرەوەی زمـانمان هـەیە. من خـۆشـم زۆر بایەخ بەم پرسـە دەدەم و بەردەوام چەند کتێبێکم لە بەردەستە کە هەڵەبژێرییان تێدا دەکەم. ئەوا تۆ وا دەڵێی و سوپاست دەکەین کە نرخی کارەکەمان باش هەڵدەسەنگێنی، بەڵام لەو ماوەیەدا وتار "بەناوی خوازراوە" بڵاو کراوەتەوە و چەندان تیر و توانجی گرتووەتە ئاراس، کەوا چۆن ڕێگە بەخۆی دەدا ڕێنووس یەک بخات.

کوردستان ڕاپۆرت: سەربارى گرانیی نرخی کتێبەکان، بەڵام ئەوەی گرفتە ئەوەیە تا ئێستا نرخ لەسەر کتێبەکان نانووسرێت، ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی بازرگانی بەکتێبەکانەوە بکرێن لە لایەن فرۆشیارانەوە؟

بەدران ئەحمەد: یەکەم، کتێب گران نییە. بەگشتی نرخی کتێب زۆر هەرزانە و بەتایبەتیش چاپکراوی ئاراس. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەردەوام پێشانگە دەکەینەوە. پێش هەفتەیەک لە سلێمانی پێشانگەیەکمان کردەوە، دوای نەورۆزیش لە هەولێر دەیکەینەوە. داشکاندن لەم پێشانگەیانەدا بەڕێژەی ٤٠٪ە. بەپارەیەکی کەم دەتوانی کتێبخانەیەک دابنێی بەکتێبی ئاراس، بەڵام خۆ مەرج نییە هەرچی ئێمە چاپی دەکەین تۆ هەموویان بکڕی. لە پارەوە تا ئێستا دوو سەد کتێبمان چاپ کردووە، سەیرم دێ یەکێک هەمووی دەوێ. ئەمە نیشانەی ئەوەیە دیکۆر دادەنێ. ڕاستە بازرگانی بەکتێبەوە دەکرێ و یاری بەنرخەکان دەکرێ، بەڵام ئێمە دەسەڵاتمان نییە لەمەدا. خۆمان پێشەنگەیەکی بەردەواممان لە دەزگای ئاراس هەیە و هەرکەس دەتوانێ لەوێ کتێب بکڕێ، پێشانگەی ناو دەزگای ئاراس لە بەیانی تا ئێوارە کراوەیە.

کوردستان ڕاپۆرت: باسی ئەوە دەکرێت بۆ دوایەمین ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی "غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ" ئێوە وەک دەزگای ئاراس لەو نرخەی چاپخانەی ڕەنج زێترتان دابێت ئەمە تا چەند ڕاست بێت؟

بەدران ئەحمەد: بەختیار عەلیم خۆش دەوێ و هەمـوو جاریش کە دەچم بۆ ئەوروپا چاوم پێـی دەکەوێ. جارێکیـان پێـشنیـازم بۆی کرد بەرهەمـەکانی لە ئاراس چاپ بکەین، خـۆشحـاڵیی خـۆی پێـشـان دا، بەڵام پاشـان قـسـەمـان نەکـردەوە. دەزگـای ئاراس کـراوەیە بۆ هەمـوو نووسـەر و وەرگـێڕێکی کورد، بەتایبـەتیش کاک بەختـیار کە نووسـەرێکی ناسـراوە. بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێی بەهیـچ شـێـوەیەک ڕووی نەداوە. خـاوەنی چاپخـانەی ڕەنجیـش هەر دۆست و برادەرمـە، بەڵام تا ئەو کتێبـە دەرنەچوو هەر نـەشمـزانیـوە کە بەختـیار عـەلی بەرهەمێکی بەو ناوەوە هەیە.

> کوردسـتـان ڕاپۆرت: ئایا ئێـوە قـازانج دەکەن لە چـاپکردنی کتێبـەکان یان تا ئێـستـاش هـەر زەرەر دەکـەن، ئەگـەر زەرەر دەکەن هۆکارەکانی چییە؟

بەدران ئـەحـمــەد: هـەر زەرەر دەکــەین، هۆیەکــانیـش ئاشکران: خــەرجـیی چاپخـانە و کـەرەسـتـەی چاپەمـەنی لە کـوردسـتـاندا گرانە. تیـرێژی کتێب لە خوارەوەیە، ئەویش لەبەر خراپیی دابەشکردن. شاباش و ڕیکلام بۆ کتێب نییە و کـۆمـەڵگە بایەخ بەخـوێندنەوە نادات. نرخی کـتێب کـەمـە لەبەرئەوەی داهـاتی خەڵک کەمە، ئەمانە بەشێکن لە هۆیەکان، هۆی تریش هەیە.

> کوردستـان ڕاپۆرت: دەکرێت بەشەفافی پێمان بڵێیت بودجەی دەزگای ئاراس چەندە و چەند کارمەندتان هەیە و مووچەکان چۆن چۆنییە؟

بەدران ئەحمـەد: لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا باسـی ئەمـەم کردووە و چی تر دووبارەی ناکـەمـەوە. ئـەگـەر حـەز دەکـەی بەبـەڵگەنامـەوە بیـزانی، دوو ڕێت پیـشـان دەدەم، یەکەم: لـە پرسگەی ئاراس سـەیرکـە چەند کـەس ڕۆژانە وەک کـارمـەند ئیـمـزا دەکـەن و دێن بۆ دەوام. دووەم: دەتـنێـرم بـۆ بانک تا سـەیری ژمـارەی حسـێبـەکەمـان بکەی و بزانی مـانگانە چەنـد وەردەگرین. زۆر کـەس هەن فـەشـەلی خـۆیان لە بەرامـبەر سـەرکەوتنەکانی مندا بەوە پاسـاو دەدەنەوە کە بودجـەی ئاراس زۆرە، وەک بڵێی هیـچ جیـاوازییـەک لە نێوان لێـهاتووییدا نەبێ، سەیرە وەک نالی دەڵێ: "پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا".

## لە کوردستان ئەوەی بێ نرخ بێ ڕاوێژکارە

بەدران ئەحمەد حەبیب، کە ئێستا بەرپرسی دەزگای ئاراس و ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری ڕۆشنبیری، ئەزموونێکی چەندین ساڵەی هەیە لە بواری ڕاگەیاندندا و خاوەنی بۆچوون و لێکدانەوەی جوایەز و تایبەت بەخۆیەتی بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. لە سەروبەندی یادی ١١٠ ساڵەی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا چەند پرسیارێکم لەلا گەڵاڵە بوو، پێم وابوو ئەگەر ئاراستەی بەدران ئەحمەدیان بکەم وەڵامێکی جدی وەردەگرم. ئەم دیمانەیە وەڵامی ئەوە بۆ پرسیار و سەرنجەکانم.

بارزان ٦٦ لە ٢٠٠٨/٥/١١

ئەنتەرڤیو: بڵند مستەفا

* ئێوە بەکۆمەڵێک پرۆژەی ڕۆژنامەنووسی کە خۆی لە دامەزراندنی ئاژانسێکی هەواڵ و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و چەند کۆوارێک دەدۆزییەوە، بڕیار بوو گۆڕانێکی زۆر لە بواری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بکەیت، بەڵام کاتەکان بەسەرچوون و بەرهەمەکان نەبینران، ئایا کێشەکەی "بزاو" پرۆژەکانی پەک خستی یان کێشەی ترت هاتە ڕێ؟

– بۆ گۆڕانکاری لە کاری ڕۆژنامەوانیی کوردستاندا دوو مەرج پێویستە لە هەر پرۆژەیەکدا هەبێ، یەکەمیان دابینکردنی پشتیوانیی دارایی لە سەرچاوەیەکەوە کە بەردەوام بێ و نەبڕێ، دووەمیشیان بەردەستبوونی ژمارەیەک ڕۆژنامەوان کە هەم لێهاتوو بن و هەمیش لە خەمخۆریدا بۆ گۆڕانکاری یەک بگرنەوە لە پرۆژەکەدا. ئێمە لەوەی یەکەمدا تا ئێستا سەرکەوتوو نین. حکوومەتی هەرێم هیچ یاسایەکی نییە بۆ پشتیوانی لە کاری ڕۆژنامەوانی یان بزاوی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی. نەبوونی سەرچاوەیەکی بێ لایەنی دارایی گەورەترین گرفتە لەپێش کاری ڕۆژنامەوانیی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستاندا. لە بارودۆخی ئێستادا ئەوەی پشتیوانیت لێ دەکات، داوا دەکات بەقسەشی بکەی، بۆیە بزاو و باوکی

بزاویش دەوەستێ.

لە لایەکی تریشەوە وەک گوتم نەبوونی ڕۆژنامەوانی شارەزا و لێهاتوو کە بەشێوەی پیشەییانە کار بکەن و بەدڵسۆزییەوە پرۆژەکە لە مەترسی بپارێزن، هۆیەکی ترە. جگە لەمانەش هەمووی، لە بەرامبەر هەر پرۆژەیەکدا کە بۆنی گۆڕانکاریی لێ بێت، هەرچی فاشیل و ماشیل هەیە یەک دەگرن و ڕووبەڕووت دەوەستنەوە.

* ئەگەر ڕۆژنامەوانیی کوردی لە تەنگژەدا بێت و بەپێی یاساش ڕێک نەخرێت، چۆن دەتوانین لەم تەنگژەیە ڕزگار بین؟

– تەنیا ڕۆژنامەوانی لە تەنگژەدا نییە، هەموو شت لە تەنگژەدایە. کێشەی ڕۆژنامەوانی بەشێکە لە کێشەی دیموکراسی. دیموکراسی بەدابینکردنی دوو بنەما هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ، یەکەمیان چوارچێوەی یاسایی کە ماف و ئازادییەکان بپارێزێ، دووەمیشی گۆڕانکاری لە کولتووری سەرجەم کۆمەڵگەدا. لە کوردستاندا ڕەنگە کێشەی گەورە لە یاسادا نەبێ، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کە پەرلەمان هەیە یاسا بەردەوام بڕیار دەدرێن و ئەم یاسایانەش لە پێناو گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەچن. یاسای کوردستان بەگشتی یاسای کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییە بەڵام کولتووری کۆمەڵگە لەیەک چوارچێوەدایە و ناگۆڕێ، نەک هەر ناگۆڕێ بگرە بەپێچەوانەوە دەتوانین بڵێین کولتووری کۆمەڵگەی فیوداڵ و کولتووری پاشوەڕۆی ئاین ئێستا باویان گەڕاوەتەوە و پەرەیان پێ دراوە. لەم ڕەوشەدا یاسا نرخی چییە؟ هەبێ یان نەبێ، جیاوازیی چییە؟

* کاتێک ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێکی ڕادیۆیی یان تەلەڤیزیۆنی دەکەوێتە تەنگژەوە، لەو دەزگایانەدا ئەنجوومەنێک هەیە کە سەرلەنوێ بەکارەکانی ڕۆژنامەکەدا بچێتەوە، ئاستەنگەکان دەستنیشان بکات و خۆی ڕێک بخاتەوە؟ بوونی ئەم ئەنجوومەنە چەند گرینگە؟

– نیشانەی داوودەزگای پێشکەوتوو هەبوونی ئەم جۆرە ئەنجوومەنانەیە کە وا دەکات زیاتر لە یەک مێشک کار بکەن بۆ دانانی بەرنامە یان

پێداچوونەوەی بەرنامە. دامەزراوەی هاوسەردەم بەم شێوەیە کار دەکات، بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا ئەم شێوە کارکردنە زۆر زەحمەتە. جارێ بەر لە هەموو شت "کۆبوونەوە" واتە "وەستانی کار"، لە لایەکی تر، ئەوانەی لە ئەنجوومەنێکدا کۆ دەبنەوە شێوازی بیرکردنەوەیان زۆر دوورە لەیەک بۆیە بەهیچ ئەنجامێک ناگەن ئەگەر هەموو ڕۆژیش کۆ ببنەوە. بەکورتی هەبوونی ئەنجوومەنی کارگێڕی و لێژنە و ئەم جۆرە دەستانە واتە لەباربردنی هەموو پرۆژە و بەرنامەیەکی رادیکال و ریشەیی. تا ئێستا دوای هیچ کۆبوونەوەیەک هەستم بەسەرکەوتن نەکردووە، جگە لەمەش کاری بەکۆمەڵ و بڕیاری بەکۆمەڵ دوا جار بەوە دەشکێنەوە کەس خۆی بەخاوەنی نەزانێ و بەدوایدا نەکەوێ. تکایە وا تێ نەگەی من دژی هەبوونی ئەنجوومەن و لێژنەم، نەخێر من لەگەڵیدام بەڵام ڕەوشی کوردستان ئەوەیە کە باسم کرد. ئەندامانی لێژنەیەک هەر یەکەی لە ئاوازێک دەخوێنێ و بەدوای ئامانجێکدا وێڵە. ئەگەربێتو ئەو ئەندامانە لەسەر بناخەی شارەزایی و پسپۆڕی دامەزرابن و ئامانجیان هەمان شت بێ، بێگومان وا نابێ.

* لێژنەی پسپۆڕی و شارەزا و ڕاوێژکاری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەیە؟

– لە کوردستان ئەوەی بێ نرخ بێ "بەداخەوە" ڕاوێژکارە. نەخۆی بیر لەوە دەکاتەوە لێکۆڵینەوەیەکی باش پێشکێش بکات تا پشتی پێ ببەسترێ، نە بەرپرسی یەکەمی دەزگایەکیش پرس و ڕاوێژ بە ڕاوێژکار دەکات. بەبۆچوونی من کێشە لە ڕاوێژکار خۆیدایە یان لەو کەسەدایە کە دای دەنێ. زۆربەیان شارەزایی یان پسپۆڕیی تەواویان نییە، هەندێکیان هەر نیانە. دەبوایە ئەم جۆرە پۆستە لە سەرەتاوە نەبێ. لەبەرئەوەش کە پۆستێکی بەتاڵە و هیچ ئەرک و ماندووبوونی تێدا نییە، هەموو کەس دەیەوێ ببێ بە ڕاوێژکار. من لەگەڵ تۆدام دەبێ ڕاوێژکار هەبێ بەڵام لە ئاستێکدا بێ شایەنی ئەوە بێ ڕاوێژی پێ بکرێ. من بۆ خۆم زۆر سوود لە ڕاوێژکاران وەردەگرم، ڕۆژانە خەڵکی شارەزا دێن بۆ لام و هەر یەکەی هەندێک سەرنج و ڕەخنەم ئاراستە دەکات، یان بیری

پرۆژەم پێشکێش دەکات، بێ ئەوەی خۆیان ئاگایان لێ بێ سوودیان لێ وەردەگرم بەڵام دڵنیام ئەگەر ئەمانە بەفەرمی ڕاوێژکارم بوایەن ئەم سەرنجە جوانانەیان نەدەبوو.

* پسپۆڕی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا "پرۆفیشناڵی" لە چ ئاستێکدایە؟

– ئەمە کێشەی هەرە گەورەیە. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان خوێندن و خولی زانستییان نەبینیوە. ئەوەی دیزاین دەکات هەروا، ئەوەی بەزماندا دەچێتەوە هەروا، ئەوەی کاری کارگێڕی و ژمێریاری دەکات هەمان شت. ڕاستە زۆربەی جار ئەزموون بەخوێندن نییە و خوێندن تەنیا بنکەیەکی ڕۆشنبیری و لێهاتوویی دابین دەکات و هەرچی ئەزموونە بەکارکردن و تێپەڕینی کات و گەڕان بەدی دێ، بەڵام وێڕای ئەمەش زۆربەی کار لەم وڵاتەی ئێمەدا لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێن دوورن لە زانینی کارەکەوە و لەبەر هۆی تر نەک پسپۆڕییان، لەو شوێنانە دانراون. ڕاگەیاندن لە هەموویان ترسناکترە لەبەرئەوەی پێوەندیی بەژیانی سەرجەم کۆمەڵگەوە هەیە، ڕاگەیاندن کولتوور دەگۆڕێ و داهاتووی سیاسیی کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەکات، هەڵبەت ئەمەش خەڵکی لێهاتووی دڵسۆزی لێوەشاوەی ماندووەتی نەناسی دەوێ نەک ئەوانەی تەنانەت زمان و ڕێنووس و خاڵبەندیش نازانن چ جای پسپۆڕی لە پیشەکەدا.

* چی هاووڵاتییانی بەرامبەر میدیا بێ متمانە کردووە، لەبەرچی هاووڵاتییان بێزاربوونە لەوەی چی تر گوێ لەو ڕاپۆرت و هەواڵانە بگرن، کە ئێمەی ڕۆژنامەنووس شەونخوونییان بۆ دەکەین؟

– ڕۆژنامەوانی کارێکی تایبەت و سەربەخۆیە. ئەوەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکات دەبێ پلانی بۆ ژیانی داهاتووی ئەوە بێ هەر لەم کارەدا بمێنێ و بەردەوام بێ و بەرەو پێش بڕوات تیایدا. زۆربەی ئەوانەی لە ڕۆژنامەوانیی کوردستاندا کار دەکەن ئەگەر کارێکی تریان دەست کەوێ و هەندێک داهاتی زیاتر بێ، واز لە ڕۆژنامەوانی دەهێنن. دەتوانم دەیان نموونەت لەمبارەیەوە پێشان بدەم چۆن وازیان هێناوە. ئەم جۆرە هەست یان بیرکردنەوەیە وای کردووە ڕۆژنامەوان دڵسۆز نەبێ بۆ پیشەکەی و بەشێوەی زانستییانە

ئەنجـامی نەدات و خـەمـی داهـاتووشی نـەبێ. بۆ زۆربە، ئەم کـارە کـاتیـیـە و پردێکە بـۆ گـەیشتن بەکـاری بەرزتر. جگە لـەمـە ڕۆژنامـەنـووس لە کوردسـتـان خـــۆی بـەرکـــابەری بـەرپرســـیـــاری ســـیـــاســی دەزانـێ نەک هـاوبەش لـە بەرپرسیارەتیدا و بەردەوام تۆمەتباری دەکات و هۆی هەموو کەموکەسرییەکی دەخـاتە ئەسـتـۆوە. لە کـاتێکدا ئـەگـەر بارودۆخی سـیـاسی یان کـۆمـەڵایەتی بەگـشـتی لە شـوێنێکدا نـاڕێک و پڕ کـێشـە بێ، هـەر تەنیـا سیاسـەتوان یان دەسـەڵاتی سـیـاسـی و کـارگێڕی بـەرپرس نین بگرە ڕۆژنامـەوانیش بەرپرسـە، لێرەدا مـەبەسـتـم لە کۆمەڵگەی دیموکـراسـییـە کە کۆمـەڵگەی کـوردسـتـان لە سـەرەتـای قـۆناغـی دیموکـراسـیـدایە. ڕۆژنامـەنووسی کـوردسـتـان داوا لە دەسـەڵاتی سـیـاسـی دەکات واز لە کورسـی بێنێ و خـۆی بچێتـە شـوێنی، بیر لەوە ناکـاتەوە کـە دەسـەڵاتی سـیـاسـی کورسـیـیـەکـەی بە هـەر کـەس بدات بە ڕۆژنامـەوانی نـادات. ڕۆژنامـەوان پیـشـەکـەی چـاودێریکردنی دەسـەڵاتە نەک خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێ بەجێگرەوەی دەسەڵات.

بەکورتی هـەر کـارێک ئەگەر ئامانج و نیشـانەکانـی بۆ مرۆڤ دیار و ئاشکرا و ڕەچاوکراو نەبێ، ئەو کارە لە نیوەی ڕێگەدا هـەقیـقـەتەکـەی ئاشکرا دەبێ و خـەڵک بڕوای پێ ناکـەن. بەبیـرکـردنەوەی و هـەڵسـەنگاندنی خـۆم، لەمـێـژە گـەیشـتـوومـەتە ئەو باوەڕەی کـاری ڕۆژنامـەوانیی کـوردسـتـان وردە وردە متـمـانەی خـەڵک لەدەست دەدات. راسـتت پـێ بڵێم ئەم ڕۆژنامەوانییـە زیاتر یارمەتیدەرە بۆ دروستـبوونی سیسـتـەمێکی سـتـەمکار نـەک سیسـتـەمێکی دیموکرات.

* لەبەرچی ڕاگـەیاندن نەیتـوانیـوە ئاوێتـەی ژیانی ڕۆژانـەی خـەڵکی کوردستان بێت؟

– پێشـتریش لە وەڵامی پرسـیارەکانی تردا باسـم کـرد ئەم ڕۆژنامەوانییە لە خـەمی ژیانـی کـۆمـەڵگەدا نـیـیـە. زۆر بەئـاشکرا دەبینرێ کـە ڕۆژنامــەوانی کوردسـتـان بـازرگانی بەکـێشـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان و بارودۆخی سـیـاسـی و کـارگێـڕی و خزمـەتگوزارییـەکان دەکات. تەنیـا مـەبەسـتی ئـەوەیە دەسـەڵاتی

سیاسی لە گۆشەیەکدا گەمارۆ بدا و پێی بڵێ: "کوا بەشی من؟"

بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس کە گلەیی لە گەندەڵی دەکەن لەبەرئەوە نییە کە چارەسەریان دەوێ، بگرە لەبەرئەوەیە بەشیان نەدراوە. لەم ڕۆژانەدا چاوپێکەوتنێکی شاعیری ناسراو عەباس عەبدوڵلا یوسفم لە بڵاوکراوەیەکدا خوێندەوە، جوانی بۆ چووبوو کە ناوی لەم کێشەیە نابوو "گەندەڵی بەیەکسانی". واتە داواکراو ئەوەیە گەندەڵییەکە بەیەکسانی دابەش بکرێ.

* بەپێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ٣٠٠٠ ڕۆژنامەنووسی ئەندامی کارا هەیە جگە لەو هەزارانەی کە ئەندام نین لەم سەندیکایەدا، ئەم سوپا گەورەیەی ڕۆژنامەنووسان چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– لە کوردستان هەر تەنیا ڕۆژنامەنووسان ژمارەیان زۆر نییە تا گلەیی بکەی و بڵێی ئەم ژمارە گەورەیە لە کوێ و ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆی کوردی لە کوێ؟ هەموو شتێک وایە و خراتریشە. بەسەدان وەزیری خانەنشینت هەیە و یەک وەزیری باشت نەبینیوە. هەڵبەت هەموویان وەزیر نین بەپلەی وەزیر خانەنشین کراون، هەزاران ئەندازیارت هەیە و یەک باڵەخانە یان شەقامی بێ کێشەت نەدیوە. دەیان هەزار پێشمەرگەت هەیە و گوێت لە تەقەیەک نەبووە لەم هەموو سنووربەزاندنانە. هەزاران پزیشکت هەیە و خەریکە بۆ چارەسەری بچووکترین نەخۆشی خەون بەپزیشکی دەرەوەی وڵاتەوە ببینی. بەکورتی: کوردستان وڵاتی ژمارەی بەرز و ناوەڕۆکی نزمە، بەداخەوە.

* تیراژی زۆربەی ڕۆژنامەکان ٣٠٠٠ تێ ناپەڕێت؟ کەمی تیراژ واتای چی دەگەیەنێ؟

– ماوەی چەند ساڵێکە ئەگەر یەکێک بیەوێ تیرێژی ڕۆژنامەکەی و هەر بڵاوکراوەیەکی تر لە کوردستان بەرز بکاتەوە دەبێ پڕی بکات لە ناوزڕانردن و زانیاریی چەواشە و هەواڵی پروپووچ. ئەمە پەروەردەیەکی چەوت بوو کە ماوەی دە ساڵێکە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژنامەوانییەوە وەری دەگرێ.

خۆشبەختانە خەڵک وا لەمەش تێر بوو و وردە وردە پشت لەم جۆرە بڵاوکراوە هەرزانانە دەکەن. ئەمە ئەزموونێکی چەوت و نابەرپرسیارانە بوو. ئەمە درێژەی ڕاگەیاندنی شەڕی ناوەخۆیە و وا خەریکە دەبڕێتەوە. لەمەودوا دەبێ ئەو جۆرە بڵاوکراوانە سەر هەڵبدەن کە بۆ تیریژی بەرز پەنا بۆ شێوازی هەرزەکارانە نەبەن و بەدوای ناوی بێ ناوەرۆکدا نەگەڕێن. بەلای منەوە سەرنووسیاری بوێر ئەوەیە بیر لە تیریژی بەرز بەڵام بەشێوازی مەردانە دەکاتەوە.

* لەبەرچی دەسەڵاتی سیاسی بەبێ بایەخ سەیری هەواڵ و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانی و بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن دەکات؟ کە ئەم حاڵەتە هەم ڕۆژنامەنووسانی بێ تاقەت و هەم خەڵکیشی بێ متمانە کردووە؟

– وەک گوتم ئەو ڕۆژنامەوانییە کە وردە وردە متمانەی خەڵکی لە دەست داوە، تەنانەت ئەگەر جار بەجار زانیاریی راستیش لەبارەی کەموکورتیی پرۆژەیەک یان خزمەتگوزارییەکەوە بڵاو بکاتەوە، خەڵک ئەوەندە گوێی پێ نادەن و هەموو لا وادەزانن وەک هەمیشە زۆری پێوە نراوە. ئیتر بەرپرسیار و داوودەزگاکانیش سوودیان لەم دۆخە وەرگرتووە و هەست دەکەن ئەوەی دەنووسرێ، لەبەرچاو خەڵکدا هەمووی بڵقی سەر ئاوە و تەمەنی کورتە و بەکزەبایەک دەپووکێتەوە. تۆ بۆ ئەوەی بەرپرسیار جا چ دەسەڵاتی سیاسی بێ یان کارگێڕی یان کەرتی تایبەتی لە گۆشەیەکدا گەمارۆ بدەی، دەبێ زانیارییەکانت ڕاست و دروست بن، دەبێ بۆچوون و شیکردنەوەکانت واقیع بینانە و جێ بڕوا بن، دەبێ خوێنەر هەست بکات جگە لە دڵسۆزی هاندەرێکی تر لەپشت ئەم هەواڵ و شرۆڤانەوە نییە. کە ئەمە بەدی هات، هەم تیریژ هەڵدەکشێ، هەم متمانە زیاد دەبێ و هەمیش خەڵک پشتیوانی لە ڕۆژنامەوان دەکەن و وردە وردە ڕای گشتیی ساغ و سەلیم دروست دەبێ. ڕۆژنامەوانیی کوردستان باشترین یارمەتیدەری دەسەڵاتی سیاسی بووە لە دروستکردنی ڕایەکی گشتیی شێواو و لەرزۆک و خۆشداکەنە. ئەو خەڵکەی بەوتاری مەلایەک ئاگر دەگرن، هەر خۆیان بەچاوپێکەوتنی بەرپرسێکی سیاسی

دادەمرکێنەوە و دەبن بەماستی مەیبو. ڕۆژنامەوانی بەرپرسی یەکەمە لەم ڕەوشە ڕەش و پڕ خەوشەدا، هەی ماڵی وێران بێ.

* لەبەرچی خەڵک ئامادە نییە هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان بکات، لە گەیاندنی ڕووداو و کێشەکانی ناو کۆمەڵگەدا؟

– لەبەرئەوەی وەک گوتم دەزانن مەسەلەکە ڕاستگویی و ئامانجی بەرز و باڵا نییە. حەز دەکەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یەک شت بزانن کە خۆمیش یەکێکم لەوان، بەتایبەتیش ئەوانەی خۆیان بە بەرهەڵستکاری دەسەڵات دەزانن، ئەگەر لایان وایە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان متمانەی خەڵکی پێ لاواز بووە و لەقیوە، با بزانن حاڵی ڕۆژنامەنووس سەد جار خراترە.

* زۆر جار دەگوترێت کە کارەکانمان کەموکورتن و بنەمای کاری ڕۆژنامەنووسییان تێدا نییە، هەروەها ئامانج لێی زیاتر ورووژاندنە نەک چارەسەرکردن، ئەمە لایەنێکی گرینگی تەنگژەکەیە، بەچی ئێمەی ڕۆژنامەنووسان دەتوانین بارودۆخەکە ڕاست بکەینەوە؟

– کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی لە تەنگژەیەکی ئەخلاقیدایە. ڕەنگە تاکە تاکەی کۆمەڵ بەرپرس نەبن لەم مەسەلەیەدا و ڕێژەی هەرە زۆری خەڵک قوربانین. ئێمە بێ ئەوەی هەست بکەین، یان لەوانەیە هەندرێک جار بەئاگاش بین و هەستیش بکەین، لە دوای ڕاپەڕینەوە پەرە بەکولتوورێک دەدەین کە ناومان ناوە کولتووری بەعس. ڕەنگە بەعس تۆوەکەی چاندبێ و ئێستا هاتبێتە بەر. ئەمە ئێستا خۆی بووە بەکولتووری کوردی. کورد ئەوەندەی داهێنانی لەم کولتوورە گەندەڵەدا کردووە، لە مێژووی خۆیدا ئەوەندە داهێنانی لە هیچ شتێکدا نەکردووە.

من لەو باوەڕەدام ئێمە خۆمان وەکو دەسەڵاتی کوردی چ داوودەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن چ ئەحزاب چ ڕێکخراو و سەندیکاکان یان کۆمپانیاگەلی بازرگانی، هەمووبمان بەرپرسین لەم کولتوورەدا: کولتووری ڕووتاندنەوەی میللەت، جا یەکێک لە کولتووری بنیادەمانە دەیڕوتێنێتەوە و یەکێکی تر لە سەروەت و سامان و یەکێکی تر لە شتێکی تر. بێ گەڕانەوەی

کولتـووری بنیـادەمـانە، ناکرێ هیـچ شـتێکی بنیـادەمـانە لەم خـاکەدا بـنیـات بنرێ. بـاشـە من پرسـیـارێکت لێ دەکـەم: بۆچی ورووژاندن نـەک چارەسـەر؟ ئامانج لەم گەڕەلاوژەیە چییە؟

## ڕۆژنامەوانی، خەریکە رای گشتی بەلاڕێدا دەبات

چاپەمەنی لە کوردستاندا هەیە بەهەردوو باردا "پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ" ڕۆڵ دەبینێ، زۆر جار هەندێ لە چاپەمەنییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی دۆخەکە ئاڵۆز دەکەن و بەئاراستەی تەندروستدا ناچن، هەروەها بوارەکانی تری چاپەمەنیش تا ئەندازەیەک بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی پێشوودا کەلێنیان پڕ کردووەتەوە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی کوردی بەتایبەتی کتێب لە "نووسین، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە... تاد"، یەکێک لەو دەزگای چاپەمەنییانەی کە توانیویەتی کارایی خۆی لەم مەیدانەدا دەربخات دەزگای ئاراسە، تایبەت بەمانە و ڕۆڵی خوێندنەوە و نووسین و ڕەوشی چاپەمەنییەکانی کوردستان، بەدران ئەحمەد بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس میوانی ئەمجارەی لاپەڕەی گفتوگۆیە.

کۆمەڵ ٣٢٣ لە ٢٠٠٨/٥/١٧

گفتوگۆی: ئارام عەلی سەعید- سەلاح سالار. هەولێر

* بەشێوەیەکی گشتی چۆن لە ڕەوشی بەڕێوەچوونی چاپەمەنی دەڕوانیت؟

- بزووتنەوەی چاپەمەنی لە کوردستان چ کتێب یان ڕۆژنامەوانی، بزووتنەوەیەکی پان و بەرهەڵدایە. خۆت دەبینی بەلێشاو کتێب دەردەچێ. بڵاوکراوەی ناوبەناوی ڕۆژانە و حەفتانە و مەهانە لە ژمارە نایەن. ئەمە لە سەرەتاوە دیاردەیەکی باش بوو، واتە پێش دە ساڵ ئەم کەفوکوڵە نیشانەی ڕاپسکان بوو لە چەوساندنەوە، بەلاّم پێویست بوو وردە وردە دامرکێتەوە و ڕۆگەیەکی ئاسایی وەربگرێ. ئەم فرەوانبوونەی ئێستەی رووبەری چاپەمەنی لەسەر حسێبی جۆرایەتی، وەک لافاوێکی پڕ لە زبڵ و ئاومالّک وایە. ئەم هەڵڕژانە فرەیە کە چەندایەتی تیایدا زاڵە بەسەر جۆرایەتیدا، ئەگەربێو داوونەریتێکی بۆ دانەنرێ و یاسایەک نەبێ ڕێنوێنیی بکات، زیاتر لەوەی هەیە

دەیکات بە گــێــژاو. دارایـیــیــەکی زۆر بەفــیــڕۆ دەڕوات لەبەرئەوەی هـیـچ سـیـسـتـەمـێک نـیـیە تا هـەر ناوەند و دەزگـایـەک بەگوێرەی بـەرپـرسـیـارەتی و لێـهـاتوویی، بەش وەربگرێ. چاپەمـەنی لە بواری کـتـێـبـدا رەوشی باشـتـرە و کـەمـتـر گلەیی لەسـەرە لەچاو ڕۆژنـامـەوانی، کـاریگـەریشی زیاتـرە بەسـەر ئاسـتی ڕۆشنبـیـریی کـۆمـەڵگەوە، هەرچەنـدە کـاریگـەرییـەکی هێـدییـە، بەڵام ڕۆژنامەوانی خەریکە رای گشتی بەلاڕێدا دەبات.

بەرپرسـانی سـیـاسی گلەیی دەکەن لـە بێ نەریتیی ڕۆژنامـەوانیی کوردی و دەڵێن تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتێنی، ئەمە راسـتـییەکی رووداوە. بەڵام کێ لێی بەرپرسـە؟ دەبێ دەسـەڵاتی سیاسی بەخـۆیدا بچـێتـەوە، لەبەرئەوەی خـۆی بەرپرسی ئـەمـەیە. نـاشـارێتـەوە کـە ئەم هەڵڵایە لە بێ سـیـسـتـەمـییـەوە سـەری هەڵداوە، نەخـۆشـیـیـەکـە لە سـیـاسـەتەوە پەڕیوەتـە ناو ڕۆشنبـیـری. لـەوانەیە پاشـان سـەری هـەمـوو شـتـێکیش بخـوات. ئەوەی ڕۆژنامـەوانیی کـوردسـتـان دەیکات ئازادیی رادەربڕین نییە، ئازادیی رادەربڕین کـارێکی ڕێزدارانەیە، بەر لە هـەمـوو شت ڕێزگـرتنە لـە ناوبانگ و مـافی بەرامـبـەر. ئەوەی لێـرەدا روو دەدات سـڕینەوەی بەرامـبـەرە بەتەواوی، سـووکـایـەتیکردنە بەهـەموو کـەس و بەهـەمـوو پرەنسیپێک. ئەمـە شەڕی ناوەخـۆیە لە شـێوازێکی تردا. بەرپرسـانی حزبیش خـۆیان لە پشـتـەوەی ئەم شـەڕە ناوخـۆیەن. هـەر ئەوانن داوودەزگا بۆ خــەڵکی نەخـوێندەوار و بێ پـرەنسـیـپ دادەمـــەزرێنن. ئەمــەیـە بۆچوونـی من لەبارەی رەوشی بەرێوەچوونی چاپەمەنییەوە بەگشتی.

* تا چەند چاپەمەنییەکانی کوردستان توانیویانە تەجاوزی ئەوە بکەن کە لە دەزگـایـەکی خـاوەن داهات و پـەیداکـردنی پارەوە، ببنە دەزگـایەکی خـزمـەتگوزاری لە بواری ڕۆشنبـیـری و پاشـخـانی مـەعـریفـیـدا بۆ خوێنەران و خاوەن قەڵەمەکان؟

– دەبێ تۆ ئەم پرسـیـارەت بەپێچـەوانەوە ئاراستە بکەی لەبەرئەوەی دەزگای چاپەمـەنی لە کوردسـتـان زیاتر دەزگایەکی خزمەتگوزارییـە نەک بازرگـانی و داهات. لـەم خـزمـــەتـەشــدا زەرەر دەکــات. ئەگــەر لایـەنێکی سـیــاسـی یان

حکوومەت، پشتیوانیی داراییان بۆ دابین نەکات یەک دەزگا نییە لاپەڕەیەکی پێ چاپ بکرێ. هۆی ئەمەش زۆرە، یەکەم: ڕێژەی داهاتی تاک لە کوردستان نزمە و خەڵک ناتوانن پارەی زۆر بەچاپەمەنی بدەن. بۆیە تۆ ناچاری ئەوەی چاپی دەکەی بەهەرزان و بەکەمتر لە مایەی خۆی بیفرۆشیتەوە. دووەم: خوێندنەوە کەمە، لەبەرئەمەشە تیرێژی چاپ نزمە. سێیەم: گەیاندنی چاپەمەنی بەخوێنەر زۆری تێ دەچێ و دابەشکاری پرۆفیشناڵ لە کوردستاندا نییە، ئەمەش زەرەرێکی تر. هەموو ئەمانە وایان کردووە دەزگاگەلی چاپ چاویان لە دەستی ناوەندی سیاسی و حکوومەتی بێت بۆ پشتیوانی لە کارەکانیان. کێشەی سەرەکیش ئەوەیە حکوومەت یارمەتیی دەزگای چاپەمەنی دەدات وەک مەبەستێکی خزمەتگوزاری نەک وەک ئەوەی پرۆژەیەک هەبێ بەئامانجی ئەوەی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا پێ بگات. باوەڕی من وایە نابێ چاپەمەنی بۆ خزمەتگوزاری بێت، چونکە ئەگەر وابێ کولتوور پێشکەوتن بەخۆوە نابینێ.

بەکورتی، چاپەمەنیی کوردستان ناتوانێ داهات پەیدا بکات و خۆی بەڕێوە ببات. ئەم بارودۆخەش جگە لەوەی بارگرانییە بەسەر بودجەی گشتییەوە، لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی نزمیی ئاست و ناوەڕۆکی چاپەمەنی چ کتێب بێ چ بڵاوکراوەی ناوبەناو. بەپێچەوانەوە، ئەگەر کارەکە بازرگانی دەبوو، هیچ دەزگایەک کتێبی ئاست نزمی بۆ خاترانە چاپ نەدەکرد و هەر لایە مایە و سوودی لەبەرچاو دەگرت. هەروەها لە بڵاوکراوەکانیشدا ئەم هەموو نەزانە نەدەبوون بەڕۆژنامەنووس. لە کوردستاندا ژمارەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس خەریکە دەگاتە ژمارەی جووتیاران.

* تا ئێستا وەک چاودێرێک تێبینی ئەوەتان کردووە کە لە کوردستاندا بەوێنەی هەر هاووڵاتییەکی وڵاتێکی تر کڕین و خوێندنەوەی کتێب، وەکو هەر بوارێکی تری ژیان بووبێتە خەمی خەڵکی؟ یاخود هێشتا پێویستمان بە زەمەنە بۆ گەیشتن بەو قۆناغە؟

– وەک ئاماژەم پێ دا لەم بارودۆخەی جۆری ئێمەدا چاپەمەنی بۆ پێشەوە

ناچێ و خـوێنەریشی زۆر نابێ. لە کـۆمـەڵگەدا هەمـوو شت بەیەکتـرەوە گرێ دراون بۆ نموونە: دەبێ چاپەمـەنی قـازانج بکات، بۆ ئەمـەش دەبێ خـوێنەر زۆر بێ، بۆ ئەوەی خـوێنەریش زۆر بن دەبێ داهـاتیـان باش بێ و چاپەمـەنی بکڕن، بۆ ئەوەی داهـاتیـان باش بێ دەبێ سـیـسـتـەم سـەرمـایەداری بێ و خـەڵک پشت بەکارکردن و مـاندووبوونی خـۆیان ببەسـتن نەک مـووچەی بەلاشی حکوومـەت، بۆ ئەوەش کە دەرفـەتی کاریان دەست کـەوێ دەبێ شـارەزا و لێـهـاتوو بن، بۆ ئەوەش کـە ڕۆشنبـیـر و لێـهـاتوو بن دەبێ بخـوێننەوە. جـارێکـی تر: بۆ ئەوەی بچن بۆ سینـەما و شانۆ یان کتێب بکڕن دەبێ پارەیان هـەبێ و ئیـتر بەردەوام بە.... سـەیرکـە یەک بازنەیە و هـەر دەسـووڕێـیـەوە. دەرچوون و چارەسـەری تر نییە. واتە بەرزبـوونەوەی ئاستی ڕۆشنبـیـری پێوەندیی بەگۆڕینی سـیـسـتـەمی ئابوورییـەوە هـەیە. لە سیـسـتـەمی تازەی دنیـادا تەنیا ڕۆژنامـە هەرزانە ئەویش لەبەرئـەوەی ریکلام قـەرەبووی بۆ دەکـاتەوە و خـاوەن ڕۆژنـامــە زەرەری خـۆی بەقـازانج لە شـاباش و ریکلام پڕ دەکاتەوە. لە کـۆمـەڵگەی ئێمـەدا، مـووچەی بندیوارانـە و نانی بێ ئارەقی نێـوچەوان، وای کـردووە مـرۆڤ بەگـشـتـی پێویستی بەڕۆشنبیری و لێهـاتوویی نەبێ، بۆیە خوێندنەوە و هونەری بەلاوە گـرینگ نیـیـە. بەلای زۆربەی کـۆمـەڵگەوە ئەمـانە بۆ بژاردەی خـەڵکن نەک بۆ تێکڕایی. بـەلای منەوە ڕۆشنبـیری و هـونەر دوو لایەنیـان هـەیە، لایـەنی یەکەم: پێویستـیـیـەکە بۆ هـەر تاکـەیەکی مرۆڤ تا لە کـۆمـەڵگەی هاوچەرخـدا جێی ببـێـتـەوە و کـاری دەسـت کـەوێ وێڕای پسـپـۆڕییـەکـەی خـۆی. دووەمـیش بۆ پشـوودانـی دوای مـانـدووەتـیـیـە. خـوێندنەوە مـاندووەتـی لە لەش مـێـشـک دەردەکات. ئەمـانەش هیچی کۆمـەڵگەی ئێمـە ناگرێتەوە. بۆ کورد خـوێندنەوە خۆماندووکردنە.

* زۆر جـار دەبینین لە بازاڕەکـاندا بازرگـانی بە نرخی کـتـێـبـەکـانەوە دەکـرێت، دەزگـایـەکی چاودێریش تا ئێـسـتـا لـە هـەرێمـدا نیـیـە، ئایا پێویستـیمان بـەو دەزگایـە نییە، لە کاتێکدا خوێنـەران گلەیی ئەوەیان هەیە کتێب و چاپکراوەکانی تر لە ئاستی گیرفانی ئەواندا نییە؟

– کـتـێب لەمـە هـەرزانتـر نابێ کـە هـەیـە. تۆ برۆ بۆ پێشـانگەی نێـودەوڵەتیی

کتێب کە ساڵانە لە هەولێر دەکرێتەوە. نرخی کتێبی کوردی چواریەکە لەچاو کتێبی عەرەبی، دە یەکیشە لەچاو کتێبی بیانی. ئەوانەی وا دەڵێن بەدوای بەلاشاوەدا دەگەڕێن. خەڵک ناچارن دەبێ پارەیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن شت بکڕن، بۆ ئەمەش دەبێ داهاتیان هەبێ. کەسێک هیچ لە خەمی ئەمەدا نەبێ بۆچی گلەیی دەکات. مرۆڤ هەیە وا دەزانێ بۆ ئەوەی زیاتر ڕێز لێگیراو خۆی پێشان بدا، دەبێ زۆرتر گلەیی بکا. ئەگەر یەکێک بەڕاستی سکاڵای هەیە لە گەمەکردن بەنرخ، با بێت بۆ دەزگا، ئێمە لە ئاراس فرۆشگەی بەردەواممان هەیە و نرخی کتێبەکان چەسپاون. بێ لەمەش زوو زوو پێشانگە دەکەینەوە و کتێب بەنرخی نان پێشکێش دەکەین. ئەم گلەییانەی تۆ باسیان دەکەی تەنیا بۆ خۆ پێشاندانن ئەگینا کتێبی کوردی زۆر هەرزانە. ڕاستە زۆر کتێبخانە گەمە بەنرخ دەکەن، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی دابەشکاری پیشەدارە کە پێشتر باسم کرد.

* ئێوە بەرپرسی دەزگایەکی گەورەی چاپەمەنین لە کوردستاندا، ئەو پێداویستییە بنچینەییانە کامانە بوون، کە بیرکردنەوە لە دروستکردنی دەزگای ئاراس بهێننە کایەوە؟

* کورد وەک نەتەوە دەرفەتی نەبووە، یان کەم دەرفەتی هەبووە تا بایەخ بەتۆمارکردنی داوونەریت و مێژوو و کولتووری نەتەوایەتیی خۆی بدات. زمانی کوردی هەردەم دووچاری سەرکوتینەوە بووە و ڕێی پێشکەوتنی لێ گیراوە. واتە لەباری پێناسەی خۆماڵییەوە زۆرمان پێویستە کتێبی کوردی چاپ بکەین. لەباری دنیای دەرەوەش، ئەو زیندانەی بەعس دروستی کردبوو، گەلی کوردی دابڕاندبوو لە هەموو پێشکەوتنێکی کولتووری دنیا. سەیرکە ڕەوشی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دنیا گەیشتووەتە کوێ و ئێمە لە کوێ تەکان دەدەین. بۆیە ئێمە وەکو کورد کتێبخانەمان زۆر هەژارە یان هەر نیمانە و دەبێ کاری بۆ بکەین.

من بۆ خۆم لە منداڵییەوە سەوداسەری کتێب و دنیای خوێندنەوە بووم، خەوم بەوە دەدەی ڕۆژێک بێ دەزگای وا هەبێ. هەڵبەت بیرم نەدەکردەوە خۆم

ئەم کــارە بکەم. ئەوە بەرێکەوت بوو کــە ببم بە دامــەزرێن و بەڕێوەبەری دەزگـایەکی وا. پاش ئەوەی لە سـاڵی ١٩٩٧ لەلای بەڕێز نێچـیرڤـان بارزانی وەک راوێژکاری رۆژنامەوانی دەستم بەکار کرد، پێشنیازی دانانی دەزگایەکی وام بۆیان کرد و ئەوانیش دریغییان لە پشتیوانی بۆ ئەم پرۆژەیە پێشان نەدا. خۆشبەختانە ئێستە وا دەبینی ئاراس دەزگایەکە لەناو چەندانی تردا.

* تا چەند لە ئیش و کــارەکــانی دەزگــای ئاراس رازیت؟ تۆ هەست بەکـەلێنـێک دەکـەیت کـە تا ئەمـڕۆ نەتانتـوانیـبێ پڕی بکەنەوە، یان هەوڵتـان داوە داهێنانی زیاتر و خـزمـەتی بزووتنەوەی رۆشـنبـیـریی کوردی بکەن بەبێ جیاوازی؟

– پرسـیارەکەت دوو بەشە، یەکەمیـان پرسی لە خۆرازیبوونە، ئەگەر مرۆڤ لە کاری خۆی رازی بوو، هاندەری بەرەوپێشچوونی نامێنێ. بەتایبەتی من، لە کاری دوێنێی خۆم هـەر رازی نیم، زۆرجار ناتوانم سـەیریشی بکەمەوە لەبەر کەموکورتییە زۆرەکانی. بەردەوام هەوڵم داوە ژێرخانی کارەکەم پتەوتر بکەم تا دوای منیش هەرەس نەهێنێ. بەڵام پێـشکەوتن هەر بەئامـێـر و تەکنیک و باڵەخانە نایەتە دی، ئەمانە نیوەی پێداویستییەکانن. دەبێ بەرنامەت هەبێ و مرۆڤیشت هەبێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەت. ئێستـە چاپخانەی هەرە باش و کـۆمـپـیـوتەری تازەباومــان هەیە، بەڵام ئەوانەی بەکـاریان دێنن زۆربەیان مێشکیان لەلای داهێنان نییە. بەرنامەش دادەنێین، بەڵام خەڵکمان دەست ناکەێ بۆ جێبەجێکردنی، سەد جار ریکلاممان کرد بۆ پرۆژەی کتێبی لاوان، کێ هات؟ دوو سێ کەس.

بۆ پرسی خزمەتی بێ جیاوازیش، نازانم دروست مەبەستتان چییە، بەڵام لە دەزگای ئاراس جـیاوازیی تەمـەن، یـان نێر و مێ، یان ئاین، یـان بۆچوونی سیاسی، هەروەها سەنگەری حزبی، دیالەکت، خاوەن بەرهەم لە کام پارچەی کوردستانەوەیە، من دەیناسم یان نا، ئەمانە هیچیان لە گۆڕێدا نین. من ئەگەر شـانازیم هەبێ لە ژیانی خـۆمدا یەکەمیـان ئەوەیە بێ جیـاوازی مامـەڵە لەگەڵ هەمــوو کــەسـدا دەکــەم. ئەگــەر گــومــانت لە وەڵامــەکــەشم هەیە سـەیری

بەرهەمەکانی ئاراس بکە. کتێبمان بۆ دەیان کەس بڵاوکردووەتەوە هەر ناشیانناسم. ئەم بێ جیاوازی سەیرکردنە زۆرجار بووە بەمایەی ئەوەی رەخنەشمان لێ بگیرێ. سروشتی ئەم قۆناغەی کوردستان وایە و دەبێ دەزگایەکی وەک ئاراسماڵی هەموو رۆشنبیران بێ نەک بۆ هەندێک کراوە و بۆ هەندێک داخراو.

* کتێبی ئاینی کەمتر دەبینرێت لە نێو چاپکراوەکانی ئێوەدا، لە کاتێکدا ئاین بەشێکی گەورەی کولتووری و رۆشنبیریی کوردی پێک هێناوە؟

– دەزگای ئاراس دەزگایەکی رۆشنبیریی گشتی و لیبراڵە نەک کارکردن بەئاراستەیەکی دیاریکراوی بیرکردنەوەدا. لەم چوارچێوەیەدا کتێبی ئاینیش چاپ کراوە خۆ ناتەوێ لێرەدا لیستەت پێشکێش بکەم. ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی نیوەی بریتییە لە مەولوودنامە و میعراجنامە. دەتوانی سەیر بکەی چەند کەشکۆڵ و دەفتەری کۆنمان چاپ کردووە. بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کار بۆ بیروباوەڕی ئاینی بکەین، بەراستی دەزگای ئاراس حزبی ئیسلامی و وەزارەتی ئەوقاف نییە.

بەگشتی کتێب دوو جۆری هەیە، یەکەمیان کەلەپوورە دووەمیش بیری هاوسەردەمانەیە. لە ئاراسدا دەیان کتێبی کەلەپووری کوردی و بیانی چاپ کراوە و هیچ کێشەشمان نییە زیاتر بکەین. هەرچەندە زۆر جار گلەییشمان لێ دەکرێ لەلایەن لاوانەوە لەبەرئەوەی ئەمانە بە"کای کۆن" دەزانن. بەلای منەوە کەلەپوور بەشێکە لە سەرچاوەی کولتووری ئەمڕۆ و سبەینێ و ناکرێ پشتی تێ بکرێ. بەڵام کتێبی کۆنی ئاینی قەبووڵ ناکات وەک کەلەپوور مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. بۆیە ئەمە بووە بەمەترسی و ئێمە ناوێرین خۆمانی لێ بدەین. لە کوردستاندا کەس ناتوانێ شرۆڤە و خوێندنەوە لە مێژووی کۆندا بکات یان خوێندنەوە لە کتێبە کەلەپوورییەکاندا ئەنجام بدات وەک ئەوەی هەموویان لە ئاسمانەوە دابەزین. پیاوانی ئاین بوونەتە رێگر لە پێش بیرکردنەوەی رۆشنبیریی نوێ. سەدان ئیمزا کۆ دەکرێتەوە دژی قسەیەکی هاکەزایی کە لە کتێبێک یان لە شیعرێکدا هاتووە گوایە ئاین سووک کراوە،

بەڵام بازاڕ پڕە لەو کتێبانەی کە بیری توندوتیژی بڵاو دەکەنەوە. سووکایەتیکردن بەهەموو شت بەناوی خوا و پێغەمبەرەوە، بەشی زۆری لەم کتێبانە وەرگیراوە. کەس باکی نییە لەمەی دوایی.

* ئەو مەرجانە کامانەن کە لە بەرانبەر چاپکردنی هەر کتێبێکدا دای دەنێن؟

– مەرجمان نییە بۆ کتێب. کتێبی باش خۆی دەسەپێنێ بەسەر ئەو کەسەدا کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. بۆچوونی ئەریێنێش لەبارەی هەر شتێک لە کەسێکەوە جیاوازە بۆ کەسێکی تر. ڕەنگە ئەو کتێبەی لە ئاراس چاپ بووە تۆ لە شوێنی من بوایەی چاپت نەدەکرد، ئەمە جیاوازیی بۆچوونە. بەڵام من دەتوانم بەرگری لە هەموو ئەو کارانە بکەم کە کردوومن. کارنامەی ئێمە گۆڕینی کولتووره لە کۆمەڵگەی کوردستاندا تا بگاتە ئاستێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نامۆ نەبێ و بەبیانی نەژمێردرێ. هەر کتێبێک ئەم مەرجەی تێدا هەبێ، لاری نییە لە بڵاوکردنەوەی. زۆر کتێب بەلای تۆوە نرخی نییە بەڵام خەڵکی تر بەدوایدا دەگەڕێ. هەروەها بەپێچەوانەش.

* هۆشیاری و ڕۆشنبیریی هەموو نەتەوەیەک پەیوەستە بەئاستی خوێندەواری و ڕووناکبیریی تاکەکانیەوە، تا لەوێوە لە مێژووی خۆیان بگەن و لە دنیای پێشکەوتوو دانەبڕێن، ئاراس تا چەند لەو مەیدانەدا ڕۆڵی بینیوە؟

– ئەو قسەیەی دەیکەی دەق بۆچوونی منیشە. دەبێ تاکی کورد تاکێکی هۆشیار و خوێندەوار بێ تا هەست بکات لەم سەردەمەدا دەژی نەک هەزار و پێنجسەد ساڵ پێش ئێستە. ئێمە لە مێژووی کۆندا هیچی ئەوتۆمان بۆ نەماوەتەوە ناوی کولتووری کوردی بێ، ئەوەی هەیە سادە و هەژارانەیە. گەلانی تری دراوسێ بەتایبەتی عەرەب سامانێکی گەورەیان هەیە و پێناسەیەکی تێروتەسەلی خۆیان هەیە لە مێژوودا، بەڵام ئێمە هیچمان نییە. بۆیە کورد لەم دنیا تازەیەدا بەدوای پێناسەیەکدا بۆ خۆی وێڵە. هەڵبەت مرۆڤ بەدوای شتێکدا دەگەڕێ کە نییەتی. بۆ گۆڕین لە داوونەریت و

دەسکەوتنی پێناسەیەکی مرۆڤانەش، پێویستیمان بە بژاردەیە (واتە نوخبە) وەک هەموو گەلانی تر لە قۆناغە چارەنووسییەکاندا. کێشەی ئێمە لە کوردستاندا کێشەی بژاردەیە. دوو بژاردە لە کوردستان هەیە. یەکیان گوایە هاوسەردەمانەیە، ئەویش پەڕپووت و دنیانەدیتەیە، تەنیا شتێکی بیستووە لە ژیانی ئێستەی ڕۆئاوا، خۆشی زۆر بڕوای پێ نییە و تەنیا بۆ ڕواڵەت بەرزی کردووەتەوە. هەر چۆنێ بێ ئەمەیان شتێک هەر دەکات بۆنی ئەم دنیایەی لێ بێ، بەڵام بەشی دووەم کە بژاردەی ئاینییە، ڕاستت پێ بڵێم دەستوپێگرە. زیانی بەکۆمەڵی کوردی و بەئاینەکەش گەیاندووە، هەڵبەت هەموویان نا، بەڵام زۆربەیان. دەڵێ باران نەباریوە بەهۆی گوناهی فیسارە کەسەوەیە. ئەمە چییە لە غەیری گاڵتەکردن بەمێشکی تاک و بازرگانیکردن بەئاین؟ ئیمزا کۆدەکەنەوە و دەسەڵات سەغڵەت دەکەن ئاخۆ دەچێتە سەنگەری باوەڕداران یان سەنگەری بێ باوەڕان. ئەمە تەنیا تەنگژەی ڕۆشنبیری نییە، تەنگژەی شتی گەورەترە. بۆ قسەی خۆت ناکەی؟ بۆ ئیمزا کۆ دەکەیەوە؟ دەڵێی یەکێک هانی داوی بۆ ئەمە یان هیچت پێ نییە؟

لەناو ئەم هەلومەرجەدا چۆن گۆڕین لە بیرکردنەوەی تاکدا ئەنجام دەدرێ؟ کێشەی مێشکی تاکی کورد لە نێوان ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی نامۆ لەلایەک و بازرگانی ئاین لەلایەکی ترەوە، وەک لنگەفرتەی نێچیری گیراو وایە. بێگومان نابێ سووکایەتی بەباوەڕی خەڵک بکرێ ئەو باوەڕە هەرچییە بێ بەڵام کەسیش بۆی نییە خۆی بکات بەدەمڕاستی ئاسمان و زەوی و دەبێ و نابێت بۆ دابنێ. ئێمە مێژوویێکمان هەیە ماوەی هەزار و پێنجسەد ساڵە جێ پەنجە دەخاتە سەر بیرکردنەوە و رەفتارمان، وازمان لێ بێنن با لێی بکۆڵینەوە بزانین چۆن ڕزگارمان دەبێ لەم ریسواییە کە هەموو ڕۆژ دەخوێنینەوە ئافرەت کوژراوە.

* تایبەتمەندییەکانی جیاکردنەوەی دەزگای ئاراس لە دەزگا چاپەمەنییەکانی دی لە کوردستان کامەیە، لە ڕووی ناوەڕۆک، هونەر، ڕێنووس، نرخی دیاریکراوی کتێب و بڵاوکراوەکانیەوە؟

– له هەموو ئەو شتانەی باسیان دەکەی ئێمە جیاوازین و هەوڵیشمان داوە دەزگاکانی تریش لە هەندێک شتدا بۆ نموونە ڕێنووس لەگەڵماندا یەک بگرنەوە. نامەوێ لێرەدا من پەسنی کارەکانی خۆمان بدەم، با خەڵک سەرپشک بن لە هەڵسەنگاندندا.

* سامانێکی زۆری دەستنووسی زانایانی کۆنمان هەیە، تا ئەمڕۆ چاپ نەکراون، ئێوەش لەو بوارەدا کەمتەرخەمیتان پێوە دیارە، بۆچی ئاوڕیان لێ نادەنەوە؟ مەگەر ئەوانەش کولتووری ئەم نەتەوەیە نین؟

– وەچەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد دەستێکی بالایان هەبوو لە زیندووکردنەوەی کەلەپووری زانایانی سەدەکانی رابردوو، وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شێخ محەمەدی خاڵ، عەلائەدین سەجادی، مەسعوود محەمەد، مەلا شوکور و چەندانی تر. بەداخەوە وردە وردە ژمارەیان کەم بووەوە و کۆچیان کرد. کورد ئەگەر گەنجینەیەکی کۆنی هەبێ ئەمانە بۆیان کۆکردەوە. بەرنامەیەکمان هەیە وردە وردە بەرهەمەکانی ئەمانەی ناوم بردن کە وەچەی تازە نەیبینیون، سەرلەنوێ چاپ بکەینەوە. هەوڵ دەدەین بەرهەمی تازەش لەم بوارەدا چاپ بکەین، زۆریشمان کردووە، بۆ نموونە چەندان بەرگ مێژووی ئەدەبی کوردی لەلایەن د. مارفە خەزنەدارەوە، هەمان شت بۆ سدیق بۆرەکەیی، چەندان بەرگ لەبارەی دەسخەتی کۆنی کوردییەوە لەلایەن محەمەد عەلی قەرەداغی. سێ چاپی دیوانی شێخ رەزا، دوو چاپی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، دیوانی مەلای جزیری، دیوانی ئەدەب، دیوانی مەستوورە، خەلیل منەوەری کاکەیی، چەندان لێکۆڵینەوە لەبارەی نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزا و چەندانی ترەوە کە ئێستە بەبیرم نایەنەوە. تۆ لەم پرسەدا گلەیی لە ئێمە مەکە کە زۆر کارمان کردووە، گلەیی لەوانە بکە کە توانج دەگرن گوایە ئەمە سەلەفییەتە. ئێمە لە هەردوو لاوە تۆمەتبارین. پیاوانی ئاین ئەوانەی دەم لە ڕۆشنبیری وەردەدەن و خۆیان وەک نالی و حاجی و مەحوی و خانی دەژمێرن، ئەگەر راست دەکەن و شتێک دەزانن، با بێن وەک ئەو کەڵەپیاوانەی لەسەرەوە ناوم هێنان کارێک بکەن.

## وەستاندنی بزاو گێچەڵێک بوو بەمن کرا

بەدران ئەحمەد حەبیب، بەرپرسی دەزگای ئاراس، لە دیدارێکی تایبەت و کراوەدا سەبارەت بەئاراس و پرۆژەی نوێی و ئەو گرفتانەی کە تووشی دەبێتەوە هەروەها چەندین پرسیاری دیکە، زۆر ئازادانە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە. ئەگەر قسەش لەسەر دەزگای ئاراس بکەین دەتوانین بڵێین کە ئاراس کتێبەکانی لە رووی دیزاین و هونەرییەوە، لە پێش هەموو دەزگا چاپەمەنییەکانی دیکەی کوردستانەوەیە.

بەدران ئەحمەد رۆژانە ١٦ سەعات لە ئاراس کار دەکات و هەر بەخۆشی سەرپەرشتی کارەکان دەکات، لەبەرئەوە بڵاوکراوەکان کەمترین هەڵەی تێدایە و لە رووی کارگێرییەوەش دەتواندرێ بەباشترین دەزگا ناوزەد بکرێت، بۆیە "کالا بەقەد بالا"یە، هەر لەسەرەخۆ و لە نزیکەوەش گوتمان:

بەدرخان ٩٦ لە ٢٠٠٨/٥/٢٢

دیدار: بەدرخان

* دەزگای ئاراس تاوەکو ئێستا چەند ناونیشانە کتێبی بەچاپ گەیاندووە؟ هەروەها لە ساڵی رابردوودا ئێوە لە دەزگای ئاراس وتتان کە رۆژانە کتێبێک چاپ دەکەین، ئایا ئێوە ئێستا رۆژانە کتێبێک چاپ دەکەن؟

– دەزگای ئاراس لە رۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ئەمرۆ زیاتر لە ٧٥٠ ناونیشانی بەچاپ گەیاندووە. راستە، لە رۆژی کردنەوەی باڵەخانە و چاپخانەی دەزگای ئاراسدا لە ٢٠٠٦/١٢/٥ من بەڵێنی ئەوەم دا کەوا لەبەرئەوەی کێشەی چاپخانە و باڵەخانەمان نەما، ئیتر لە ساڵی داهاتووەوە رۆژێ کتێبێک دەخەینە بازارەوە، بەڵام ئەمە نەچووە سەر و کێشەی ترمان بۆ پەیدا بوو. نەک کێشەیەک چەندان کێشە لە جۆری کەمیی پشتیوانەی دارایی، گرفتی سووتەمەنی و زۆر شتی تر. بۆیە ساڵی ٢٠٠٧ توانیمان تەنیا ١٦٥

کتێب چاپ بکەین، ئەمەش واتە نێزیکەی دوو ڕۆژ کتێبێک. خەونی ڕۆژەی کتێبێک هەر دەبێ بەدی بێ و دەبێ کتێبخانەی کوردی هێندە دەوڵەمەند بێ لاوان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕۆشنبیری پەکیان نەکەوێ.

* چەند جار بووە کەوا کتێبەکتان چاپ کردبێ و پاشان لێی پەشیمان بوونەتەوە، یان بەپێچەوانەوە کەسێک کتێبی هێنابێ و بۆتان چاپ نەکردبێ؟

– لەبەرئەوەی کتێب پێش چاپکردنی دەخوێنرێتەوە، پەشیمان بوونەوە ڕوو نادا. من خۆم تەنیا فریای خوێندنەوەی هەندێک کتێب دەکەوم و ئەوانی تر هاوکارانم دەیانخوێننەوە، بۆیە جاری وا هەیە جیاوازیی بۆچوون لە هەڵسەنگاندندا بڕیاری جیاواز دروست دەکات. بۆ نموونە دووسێ جار لە ماوەی ١٠ساڵی پێشوودا کتێب هەبووە بەهەموو قۆناغەکانی ئامادەکردندا ڕۆیشتووە تا گەیشتووەتە بەردەمی چاپخانە، لەوێ یەکێک ئاگەداری کردوومەتەوە لە هەندێک کێشەی ناو ئەو کتێبە، ناچار خۆم سەیرم کردووە و بڕیاری چاپکردنمان هەڵوەشاندووەتەوە، دواتر دانەری کتێب لەم بڕیارە و هۆی بڕیارەکە ئاگادار کراوەتەوە.

هەندێک کتێب کە بۆنی مەترسیی لێ بێ خۆم پێش چاپ دەیانخوێنمەوە. لەگەڵ خوێندنەوەشدا هەڵەچنییان دەکەم. کێشەیەک هەبێ لەگەڵ خاوەنی کتێبدا وتووێژی لەسەر دەکەین. هەتا ئێستاش یەک کتێب لەم ٧٥٠یە بێ خوێندنەوە چاپ بووە، ئەویش بوو بەمایەی کێشەیەک. ئەمە هەڵەیەک بوو بەسەرماندا تێ پەڕی. بۆ پرسی ئەوەش کە یەکێک کتێبی هێنابێ و بۆمان چاپ نەکردبێ، ئەمە بەردەوام ڕوو دەدا.

* بزاو بۆ وەستا، کۆواری گەشبین بۆ؟ ئەگەر هۆکاری وەستانی بزاو سیاسی بووبێ، ئەی هۆکاری وەستانی گەشبین چ بووە؟

– هۆی ڕاستەقینەی وەستانی بزاو سیاسی نەبوو. ڕاوەستانی بزاو لە ڕواڵەتدا بەهۆی ئەوە بوو "گوایە" لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی

دەرچووە. بەڵام ئەمە گێچەڵێک بوو پێمان کرا. لەبەر چەند هۆیەک وا دەڵێم، یەکەمیان هیچ شتێکی شایەنی سەغڵەتبوون لە بزاودا بڵاو نەکرابووەوە. تۆ سەیرکە ئێستە ڕێککەوتنی ستراتیجی وەک خۆی ماوە و ڕۆژانەش چەندان بڵاوکراوە لەو چوارچێوەیە دەردەچن و کەسیش دەنگ ناکات. ئەگەر ڕاستت دەوێ وەستانی بزاو گێچەڵێک بوو بە من کرا، سەیریان کرد بڵاوکراوەیەکی باشە و جێی سەرنجی خەڵکە و لە شێوە و ناوەڕۆکدا ئەوانی تری بەزاندووە بۆیە چەند کەسێک بەخیلی و حەسادەت پاڵی پێوە نان پیلانی لێ بگێڕن. ڕۆژێک دێ ئەمانە هەمووی بەوردی بۆ خەڵک باس بکەم.

جگە لەمانە، من پرسیار لە تۆ دەکەم بۆچی ڕێککەوتنی ستراتیجی ئێمە بگرێتەوە و دەیان بڵاوکراوە و دەزگا نەگرێتەوە کە بەئارەزووی خۆیان دەنووسن؟ ئاخۆ بانێکە و دوو هەوایە یان تەنیا پاشقول لێگرتنی پرۆژە سەرکەوتووەکانی ئاراس بوو؟

ئیتر بزاو وا وەستا، بەڵام گەشبین و بڵاوکراوەکانی تر بەهۆی کەمیی پشتیوانەی داراییەوە وەستان. ئێمە بۆ چاپکردنی گەشبین کاغەز و کەرەستەی تری چاپمان لە کۆگەی چاپخانەی ئاراس دەردەهێنا، چاپخانەش هی خۆمانە، واتە خەرجییەکی زۆری نەبوو، بەڵام دواجار ئەمەشمان بۆ نەچووە سەر و بڕیاری ڕاگرتنیمان دا.

* زۆر کەس دەڵێ: هەموو ئەو دەزگا و بڵاوکراوانەی کە لە شار و شارۆچکەکان ئاراس سەرپەرشتییان دەکات کاری پوخت و جوان دەکەن، بەڵام دەزگای شەفەقی کەرکووک لاوازیی پێوە دیارە، ئێوە دەڵێن چی؟

– سوپاس بۆ ئەم بڕوا و متمانەیە بە ئاراس. بەڵام دەزگای شەفەقیش وەک ئەوانی ترە و دەزگایەکی بەبڕشتە. چوار بڵاوکراوەی نایابمان لە کەرکووک هەیە: باسەڕە، کانیاو، نەوشەفەق و باوەگوڕگوڕ. باسەڕە لە زۆر بڵاوکراوەی تری کوردستان بەهێزترە کە بانگەشەیان بۆ دەکرێ. من چی بکەم ئەگەر

پێوەری هەڵسەنگاندن لە ناو کوردا بووبێ بە جنێودان و ناوزڕاندن و هەواڵی چەواشە. ئێمەش دەتوانین باسەڕە و ئەوانی تر پڕ بکەینەوە بە درۆ و دەسەلە، بەڵام بۆ ئێمە پەیامی ڕۆژنامەوانی ڕاستگۆییە تەنانەت ئەگەر لەم ڕۆژەدا ڕاستی گوێشی لێ نەگیرێ. جگە لەمە، هەموو ئەوانەی لە باسەڕە و بڵاوکراوەکانی تری دەزگای شەفەقدا دەنووسن کارمەند و هاوکاری خۆمانن، یان خەڵکی ناو شاری کەرکوکن. ئەمە جیاوازە لەوەی بڵاوکراوەت هەبێ بەناوی کەرکووکەوە لە شوێنی تر دەربچێ. هەروەها سیاسەتی ئێمە لە شەفەق ئەوەیە لەسەر کەرکووک کار بکەین نەک لەسەر کوردستانی سەر بەحکومەتی هەرێم، ئەمەش هۆیەکی ترە لەوەی تۆ دەڵێی بۆچی لاوازە. وایە بەهێز لە کوردستان ئەوەیە پاشقول لە حکومەتی هەرێم بگیرێ. جگە لەمانە کەرکووک خۆی پەرپووتە و هەموو پرۆژەیەک لەم شارەدا لەوپەڕی پەرپووتیدایە، دەزگایەک لە هەلومەرجێکی وادا هەر ئەمەی لە دەست دێ.

* بۆچی وەڵامی مۆبایل و ئی مەیل نادەنەوە؟

– زۆریش وەڵام دەدەمەوە. ڕەنگە ئەو کاتانەی خەڵکم لەلایە نەتوانم وەڵام بدەمەوە لەبەر ڕێزگرتن لە میوان. جاری واش هەیە لە کۆبوونەوەدام یان دەستم بەکارێکەوە گیراوە و ناتوانم وەڵام بدەمەوە، بەڵام پاشان هەر وەڵام دەدەمەوە ئەگەر ڕۆژی دواتریش بێ. بۆ ئی مەیلیش هەندێک جار لە هەفتەیەکدا یەک جار یان دوو جار دەرفەتم دەبێ وەڵام بدەمەوە بۆیە وا دوا دەکەوێ. بۆ پێشوازی لە خەڵکیش، هەموو میوانێک دەبینم جا بیناسم یان نەیناسم، گوێشیان لێ دەگرم تەنانەت ئەگەر داواکانیان پێوەندیی بەکاری منیشەوە نەبێ.

* ڕۆژنامەوانیی کوردی ١١٠ ساڵەی تەمەنی خۆی تەواو کرد، بەبۆچوونی ئێوە ڕۆژنامەوانیی کوردی و ئازادیی ڕادەربڕین بەقەد تەمەنەکەی خۆی ڕێگەی بڕیوە؟

– ڕۆژنامەوانیی هاوسەردەمانەی کوردستان لە ١٩٩١ەوە دەست پێ دەکات

و ئەوەی پێشتر پێوەندیی بەئازادیی دەربڕینەوە نییە وەک ئەو چمکەی تۆ ئێستە مەبەستتە. پێش ڕاپەڕین، ڕۆژنامەوانیی کوردی ڕۆژنامەوانیی کێشەی کوردستان و دۆزی نەتەوەیی بوو. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە کە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن لە کوردستاندا دەستی پێ کردووە، ڕۆژنامەوانیش بەواتا هاوسەردەمەکەی سەری هەڵداوە. کێشەی ڕۆژنامەوانی لەم قۆناغەی دووەمدا یەک شتە ئەویش کێشمەکێشی ئازادیی ڕادەربڕین لە نێوان ڕۆژنامەنووس و دەسەڵاتدا. سەیر دەکەی لە لایەکەوە: ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆی کورد بێ ئەزموونە، هەڵەشەیە، ئامانجی دیاریکراوی نییە، تەنیا دەیەوێ هاوار و گازی بکات و خەڵک لەخۆی کۆ بکاتەوە، لە پەیامەکەی خۆی نەگەیشتووە، لەم ڕۆژنامەوانییەدا هەواڵی پڕوپووچ زۆرە، قسە هەڵبەستن هەیە، تانە و تەشەر و ناوزڕاندن بەلێشاوە. من بۆ خۆم ناچارم هەموو چاوپێکەوتنێک بەنووسین وەڵام بدەمەوە نەوەکا شتم بەدەمەوە هەڵبەستن. دواجار ئەم دۆخەی ڕۆژنامەوانیی کوردی کارێکی نەرێنیی کردووەتە سەر هۆشیاریی خەڵک و بردنیان بەلاڕێدا.

لەولاشەوە دەسەڵات وەستاوە، دەسەڵاتی کوردستان ماوەی شەست ساڵ زیاترە بانگەوازی دیموکراسی دەکات نەک هەر بۆ کوردستان بگرە بۆ تەواوی عێراق، بەڵام ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ کە وڵات بەڕێوە دەبات کێشەی زۆرە لە پرسی دیموکراسیدا، بەتایبەتی لەگەڵ ئازادیی ڕۆژنامەوانی، شەفافیەتی کەمە و نایەوێ ڕۆژنامەوانی ئاگادار بێ لە وردودرشتی هەموو شت. بۆیە کاتێ ڕۆژنامە شتی چەواشە دەنووسێ دەسەڵات نارەحەت دەبێ. واتە کێشەکە لە هەردوولاوەیە و دیوارێک لەو نێوانەدا دروست بووە، وا بڕوات نە ئەو دەسەڵاتە دروست دەبێ کە خەونمان پێوە دەبینی و نە ئەو ڕۆژنامەوانییەی کەوا لە داهاتوودا شانازیی پێوە بکەین. ناشارێتەوە دەسەڵاتی کوردی لە بەڕێوەبردنی کێشەی سیاسیی کورد لە ناوەخۆی عێراق یان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا لێهاتووە و شایەنی ئەوپەڕی ڕێزگرتنە، ئێمە وەک کورد دەزانین سەرکردایەتیی سیاسیی لێوەشاوەمان هەیە بۆ پرسە نەتەوەییەکان، بەڵام لە

پرسی کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان و کێشەگەلی تری ناوەخۆدا کەموکورتیی هەیە و سەرجەم کەموکورتییەکانیشی پێوەندییان بەپرسگەلی دیموکراسییەوە هەیە. ئەم دوو لایەی دەسەڵاتی کوردستان، نابێ هیچیان ئەوی تر داپۆشێ.

بەکورتی ڕۆژنامەوانی و دەسەڵات، هەردوولایان لە پرسی دروستکردنی ڕای گشتیدا بەرپرسیارن و ڕۆڵی خۆیان بەچاکی نابینن. ئەمەیە بۆچوونی من لەبارەی ڕۆژنامەوانیی ئێستەی کوردییەوە.

* ماوەیەک وتتان کەوا دەزگای ئاراس جگە لە دەرکردنی کتێب، گرینگیی زۆریش بەبڵاوکراوەی وەکو ڕۆژنامە و هەفتەنامە دەدات، ئایا بەنیازن ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەربکەن؟

– بەنیازبووین بەڵام وەک گوتم کێشەی دارایی هاتە پێشەوە، هەروەها بۆم دەرکەوت ئەو ژمارە باشەم لە ڕۆژنامەوانی لێهاتوو و هەست بە بەرپرسیاریکەر دەست ناکەوی لەم هەلومەرجەدا، بۆیە پرۆژەکانمان نەختێک دواخست. ئێستا زیاتر وزەی خۆمان داوەتە دروستکردنی "ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس". ئەم ئاژانسە دەبێ بە بناخەیەکی پتەو نەک هەر بۆ پرۆژەکانی داهاتووی ئاراس بگرە بۆ سەرجەم پرۆژەگەلی ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا. هیوادارم هەر کەسەو "هەر نەبێ" لە ڕوانگەی سوودوەرگرتنی خۆیەوە هاوکاریی ئەم ئاژانسە بکات، با واز لە پیرۆزیی دۆزی کورد و کوردستان بێنین و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کەسییەوە لێی بڕوانین: ئەم ئاژانسە سوودی دەبێ بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم داوودەزگا ڕۆشنبیرییەکان و هەموو بەرپرس و بەڕێوەبەرێک. ئێمە خزمەتگوزارییەکانی خۆمان ڕۆژانە بەخۆڕایی و بەدیاری دەخەینە بەردەمیان و تەنیا ڕازیبوونی ئەوانمان دەوێ.

* دەڵێن بەردەوام لە نووسینگەکەی خۆتدا سەرقاڵی و ماندووبوون نازانیت، ئەم هەموو ئیشکردنەت لە چییەوە سەرچاوە گرتووە، گەیاندنی زانیاری و وشیاربوونەوەی کۆمەڵگە، یان هەر خۆت بەبێ

ئیشکردن هەڵناکەی؟

– باشە کار نەکەم چی بکەم؟ لە کوردستان چی هەیە کاتێکی پشووی لەگەڵدا بەسەر ببەی؟ با هەر کار بکەین باشترە تا خۆمان و گێچەڵەکانی دەوروبەرمان لە بیر ببەینەوە. خۆت بینیوتە چۆن کار دەکەین و لە بەیانی تا ئێوارە لە دەزگا دەرناچین و هەقمان بەسەر کەسەوە نییە، ئەوجاش ببینە چ بەزمێک دەگێڕن لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا؟ بەداخەوە تەنگژەی ڕەوشتە لەم چاخ و لەم دەڤەرەدا.

* ئەگەر پرسیاری ئەوەت لێ بکەن، بەبۆچوونی تۆ باشترین کتێب کامە بووە کە دەزگای ئاراس چاپی کردبێ، تۆ کامیان هەڵدەبژێریت؟

– ناتوانم یەک کتێب هەڵبژێرم، ڕەنگە پەنجا کتێب یان زیاتر بژمێرم کە بەلامەوە باشترین کتێبی کتێبخانەی کوردین کە ئاراس پێشکێشی کردوون. جگە لەمە، ئەوەی بۆ من باشترینە ڕەنگە بۆ تۆ وا نەبێ. هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە باشترین شت دەستنیشان دەکات.

# پێڕست

**بابەتگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی** 5
با خۆمان ساغ کەینەوە عەلمانین یان سەلەفی 7
شاری بێ کولتوور 15
حەماس بە ئاراس تێ ناپەڕێ 24
نەرمونیانی 33
ڕۆژنامەوانیی ئازدا 35
کێشەی هاتوچۆ لە کوردستاندا 38
فاشیل 40
حزبی لینینی 42
قەومی کورد 44
ئەی بەرپرسیار هەی ریسوا 47
کەرکووک لەم پێچدانەوە تیژەدا 49
ئەو چوو ئێمە ژیاین 51
با بچینە بەغدا 54
حیجاب 58
متمانە 60
خراپی کەن با چاک ببێ 63
داهاتووی کورد لە چیدایە؟ 66
هەی بەنەفرەت بن 71
کەرکووک ڕۆییوە یان ماوە؟ 73
باخی گشتی 76
ئاژانسی دەنگوباس، هەنگاوی یەکەم 78
مەلا شوکور 81
دەردە کورد 84
پێوەنان لە ژمارەی کوردیدا 86
رای گشتی 89
کوردستان ئارام نییە 92

باجی ئازادی ..... 94
شنەبای بەهەشت ..... 97
گۆڕان و نیگەرانی ..... 99
لە هاتوچۆوە دەست پێ بکەین ..... 101
هاوینێکی گەرم و زستانێکی شلەتێن ..... 104
سەرپێچی و گونجان ..... 107
کورد کورد ..... 109
متمانە نەما ..... 112
یەک قسەی ستراتیجی ..... 114
کتێبی گەنجان ..... 117
دیموکراسی خەیاڵە و مەحاڵ ..... 119
بەهەشتی ڕازاوە لە کەلاوە ..... 122
کولتووری وەرزشی ..... 126
هەندێک قسەی بەمەترسی ..... 129
بنیاتنانەوەی کەلاوە ..... 132
ماڵی کورد لە بەرد ..... 137
کێشەی کولتوور لە کەلاوە ..... 140
ئیسلامی سیاسیی ناکوردی و کوردی ..... 147
لە کەلاوەدا کڕی نییە کەڕییە ..... 151
هەمووی نەک تەنیا ڕاگەیاندن ..... 158
لە کەلاوەدا خەیاڵ جوانە وڕێنە ناشیرینە ..... 161
گرینگترین کتێب ..... 168
کولتووری کوردی لە نێوانی ڕەشە و گەشەدا ..... 172
ژیان بۆ کورد گەشبینییە ..... 183
کورد گەلێکی ئاخرخێر ..... 187
ڕۆژنامەنووس ترسنۆکە دانی پێدا دەنێ ..... 190
ژیان بەچاوی ژن گەشبینییە ..... 193
لە ڕۆژی مێژوووییدا سەرکردەی شەرمن ..... 196
ماڵت وێران بێ بازرگان ..... 199
بۆ کێی دەکەی؟ ..... 203

باجی کەس نەدەین 206
بەرپرسی کورد نازانێ بدوێ 209
کولتووری خواردن لە کاولگەدا 212
کوردە چیت دەوێ؟ هەڵوێستێکی نەتەوەیی 215
وەڵامی کوردانە بۆ بیانووی سەرەڕۆیانە 218
لاوی دوێنێ لاوی سبەینێ 221
بۆ ئەوەی کورد پتەو بێ 224
خاڵێک بۆ خاوبوونەوە، سەرگەیەک بۆ داهاتوو 227
محەمەد ئۆزوون: واتایەک بۆ ژیان 230
چارەنووس لە چیدایە؟ 232
بۆ ئەوەی هەر پێشمەرگە بین 235
خەمەکانی کۆمەڵگەیەکی خەمبار 238
لاوان و بەرنامەی دیموکراسی 241
ئەڕای کوردەیل فەیلی 244
یاسا نەبێ ئازادی نییە 247
یاسای ڕۆژنامەوانی 250
چی ماوە بیکەین بۆ کەرکووک؟ 252
گیانی وەرزشی، بنەمای دیموکراسی 256
هەڵکەوتێکی کڵۆڵ 258
بزاو بۆ داخرا؟ 259
دنیای کتێب 261
لە بەرپێکردنی ٢٠٠٧دا 263
ڕەخنە بێ ماریفەتی نییە 266
جارێکی تریش رەخنە بێ ماریفەتی نییە 270
ساتێکت بۆ چەوتی، ساتێکت بۆ راستی 276
ئیمزا بۆ سزا 281
ڕۆشنبیرێک بەئاراستەی پێچەوانەدا 285
مەلایە یان بەڵایە؟ 297
شەڕێک لە کاتی خۆیدا نییە 301
بێ تورکمان کەرکووک بۆ کوردستان نابێ 305

## بابەتگەلی زمانەوانی و ڕۆشنبیری


بابەتگەلی زمانەوانی و ڕۆشنبیری ..... 311
زمانی کوردی و دیموکراسی ..... 313
پرسی ئەلفوبێی لاتینی ..... 327
بەرگرییەک لە کوردی ..... 332
زمانی گرد بۆ هەموو کورد ..... 325
نەتەوایەتی، زمانی یەکگرتوو نییە ..... 339
سەروتاری کۆواری شین ..... 342
نا بۆ قیرەی بۆقەکان ..... 344
هەست و بیر ..... 347
باماڵی زمانەوانیمان ڕێکوپێکتر بکەین ..... 349
قانیع چیت بەسەر هێنام؟ ..... 353
دیسانەوە شیعر ..... 356
میللەتی بێ کتێب ..... 359
ئەو بیرەوەرییانەی کاڵ نابنەوە ..... 362
کولتوور و گیانی بەرگری ..... 366
کۆواری شین و یادی مەستوورە ..... 369
لە خەمی کەرکووکدا وشەیەک ..... 379
وتەیەک بۆ واتە ..... 382
حـەیران ..... 385


## دیمانەگەل


دیمانەگەل ..... 395
بەداخەوە، لە کوردستانی عێراقدا سەلەفییەت وا.. ..... 397
بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بزاڤێکی نەزۆکە ..... 408
زمانی حاڵیبوون لە نێوان زانایانی ئاینی و... ..... 411
ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە کوردستان... ..... 420
ئەرێ کۆنە شیوعیی نەبرایەوە ئێستا کۆنە پارتیم ..... 426
کوردستانی گەورەش یەک بگرێتەوە ڕێنووسی کوردی یەک نابێت ..... 432
ئێستا سەیری هەر تێزێکی ماستەر و دکتۆرا بکەی لەبارەی... ..... 427
بەرپرسیار و دەسەڵاتدار بەهیچ جۆر مافیان نییە.. ..... 444
ناوەندە کولتوورییەکانی کوردستان هەمووی بۆنی ناخۆش بووە ..... 460

نازانم ڕێککەوتنی ستراتیجی چییە... 468

ڕاگەیاندنی ڕەسمی لەمێژە تۆپی هاویشتووە.. 476

ناتوانم بیر لە دایکم بکەمەوە 485

بنمیچی دیموکراسی لە کوردستاندا زۆر نزمە 491

تەنیا لە ساڵی ڕابردوو ١٦٠ کتێبمان چاپ کرد 495

زۆر کەس هەن فەشەلی خۆیان لە بەرامبەر... 501

لە کوردستان ئەوەی بێ نرخ بێ ڕاوێژکارە 506

ڕۆژنامەوانی، خەریکە رای گشتی بەلاڕێدا دەبات 515

وەستاندنی بزاو گێچەڵێک بوو بەمن کرا 525